**هەرێمی کوردستان - عێراق**
**پەرلەمانی**
**کوردستان - عێراق**

# پرۆتۆکۆلەکان

# ١٢٥

سالّی/ ٢٠٢٢ – بەرگی سەدو بیست و پێنج

---

چاپی یەکەم/ سالّی ٢٠٢٣

له بڵاوکراوەکانی پەرلەمانی کوردستان - عێراق

ناوی کتێب: پرۆتۆکۆلەکانی ساڵی(٢٠٢١)ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق
بەرگی: ١٢٥
چاپی یەکەم: ٢٠٢٣
تیراژ: ٢٥٠
پێداچوونەوەونەخشەسازی: سنوبر صابر حسن
ئینصات کردن: نەورۆز شێرزاد،، شوان محمد، کۆڤان خسرو، تارا رشاد، رێبین رشاد، شیلان ملاعباس، رەنجدەر رقیب.
ژمارەی سپاردنی بە کتێبخانەی نیشتمانیی هەرێمی کوردستان:
چاپخانەی شەهاب - هەولێر

# پێڕیست

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١) ی خولی پێنجەمی هەڵبژاردن – شەممە ٢٠٢٢/٣/١ ل ٥
پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢) خولی پێنجەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە ٢٠٢٢/٣/٢ ل ٦٣
پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣)ی خولی پێنجەمی هەڵبژاردن – پێنج شەممە ٢٠٢٢/٦/٢ ` ل١٨٥

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١)ی**
**سێ شەممە رێکەوتی ١\٣\٢٠٢٢**
**خولی پێنجەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١)
# سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٣/١

کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٣/١ پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی د. ڕێواز فائق حسێن سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز هێمن هەورامی جێگری سەرۆك و، بەڕێز منى نبى قهوچى سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (١)ی ئاسایی خولی پێنجەمی ساڵی (٢٠٢٢) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمی ماددەی (٥) بڕگەی یەکەم لە ماددەی (١٦) و بڕگەی (٣) لە ماددەی (١٨) و بڕگەکانی (١، ٢، ٣، ٤، ٥) لە ماددەی (٢٠) و ماددەکانی (٤٧، ٤٨) و بڕگەی یەکەم لە ماددەی (٥٥) و ماددەکانی (٥٤، ٥٥، ٥٦، ٥٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە یەکی ئاسایی خولی بەهارەی ساڵی چوارەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کاتژمێر (١٢) ی نیوەڕۆی ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی (٢٠٢٢/٣/١) بەو شێوەیە بێت:

١- دەقیقەك بە بێدەنگی وەستان بۆ ڕێزلێنان لە گیانی شەهیدانی کوردستان و عێراق لەگەڵ مارشی نەتەوەیی.

٢- کردنەوەی خولی بەهارەی ساڵی چوارەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردن لەلایەن سەرۆکی پەرلەمان بەپێی حوکمی بڕگەی یەکەم لە ماددەی (٧) ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

٣- وتەی بەرێز سەرۆکی پەرلەمان بە بۆنەی کردنەوەی خولی بەهارەی ساڵی چوارەم لە خولی پێنجەمی هەلبژاردنی پەرلەمانی کوردستان.

٤- وتەی بەرێزانی سەرۆك فراکسیۆنەکانی پەرلەمان بە بۆنەی کردنەوەی خولی بەهارەی ساڵی چوارەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە (٥) خولەك کەمتر بێت.

٥- دەنگدان لەسەر ئەو پرۆژە پێشنیازە یاساییانەی خوارەوە بەپێی حوکمی ماددەکانی (٩٠، ٩١، ٩٣، ٩٦، ٩٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

١- پێشنیازە یاسای پاراستنی ئەرشیف لە هەرێمی کوردستان.

٢- پرۆژە یاسای چەك لە هەرێمی کوردستان.

٣- پرۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای وەزارەتی کارەبا لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٦) ی ساڵی ٢٠٢١.

٦- خوێندنەوەی دووەم بۆ پرۆژە یاسای بەرێوەبردنی پاراستنی ئاو لە هەرێمی کوردستان بەپێی حوکمی ماددەکانی (٨٧، ٨٨، ٨٩) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

بە ناوی گەلی کوردستان دانیشتنی ژمارە (١) ی ئاسایی وەرزی بەهارەساڵی چوارەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەست پێ ئەکەین، سەرەتای دانیشتنەکەشمان بە دەقیقەیەك وەستان بۆ گیانی پاکی سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان و عێراق دەست پێ ئەکەین، فەرموو، بەڕێزان دەرەفەت بە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان ئەدەین بۆ خوێندنەوەی بەرنامەی کاری ئەو دانیشتنە.

**بەڕێز منی نبی نادر/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەن.**

بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمی ماددەی (٥) بڕگەی یەکەم لە ماددەی (١٦) و بڕگەی (٣) لە ماددەی (١٨) و بڕگەکانی (١، ٢، ٣، ٤، ٥) لە ماددەی (٢٠) و ماددەکانی (٤٧، ٤٨) و بڕگەی یەکەم لە ماددەی (٥٥) و ماددەکانی (٥٤، ٥٥، ٥٦، ٥٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە یەکی ئاسایی خولی بەهارەی ساڵی چوارەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کاتژمێر (١٢) ی نیوەڕۆی ڕۆژی سێشەمە ڕێکەوتی (١-٣-٢٠٢٢) بەو شێوەیە بێت:

١- دەقیقەیەك بە بێدەنگی وەستان بۆ ڕێزلێنان لە گیانی شەهیدانی کوردستان و عێراق لەگەڵ مارشی نەتەوەیی.

٢- کردنەوەی خولی بەهارەی ساڵی چوارەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردن لەلایەن سەرۆکی پەرلەمان بەپێی حوکمی بڕگەی یەکەم لە ماددەی (٧) ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

٣- وتەی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان بە بۆنەی کردنەوەی خولی بەهارەی ساڵی چوارەم لە خولی پێنجەمی هەلبژاردنی پەرلەمانی کوردستان.

٤- وتەی بەڕێزانی سەرۆك فراکسیۆنەکانی پەرلەمان بە بۆنەی کردنەوەی خولی بەهارەی ساڵی چوارەم لە خولی پێنجەمی هەلبژاردنی پەرلەمان لە (٥) خولەك کەمتر بێت.

٥- دەنگدان لەسەر ئەو پرۆژە پێشنیازە یاساییانەی خوارەوە بەپێی حوکمی ماددەکانی (٩٠، ٩١، ٩٣، ٩٦، ٩٧) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

١ پێشنیازە یاسای پاراستنی ئەرشیف لە هەرێمی کوردستان.

٢- پرۆژە یاسای چەك لە هەرێمی کوردستان.

٣- پرۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای وەزارەتی کارەبا لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٦) ی ساڵێ ٢٠٢١.

٦- خوێندنەوەی دووەم بۆ پرۆژە یاسای بەرێوەبردنی پاراستنی ئاو لە هەرێمی کوردستان بەپێی حوکمی ماددەکانی (٨٧. ٨٨. ٨٩) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بڕگەی دووەم خوێندنەوەی دووەمە بۆ پێشنیازە یاسا بۆ ئەوەی لە پرۆتۆکۆل تەسجیل بێ، بەرێزان ئەمڕۆ (٣/١) وەرزی بەهارە لە ساڵی چوارەم لە خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان ئەکەینەوە، ئەندامان و هاووڵاتییانی هەرێمی کوردستان ئەمڕۆ ڕێکەوتی (٢٠٢٢/٣/١) وەرزی بەهارەی یاسا دانان لە ساڵی چوارەمی خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەست پێ ئەکەین، دەستپێکی ئەم وەرزە لە کاتێکدایە جیهان و ناوچەکە بە گشتی و عێراق و کوردستان بە تایبەتی بە قۆناغێکی هەستیار تێدەپەرن، جیهان و ناوچەکە لەبەردەم چەند ئاڵۆزییەکی گەورە دان، پرۆسەی سیاسی لە عێراق لە بارێکی چەق بەستوودایە و هەلبژاردنی سەرۆك کۆمار و پێکهێنانی حکومەتی ئیتیحادی دواکەوتووە، ئومێدەوارین لەبەر رۆشنایی لێك تێگەیشتنی نێوان لایەنە سیاسیەکان هەرچی زووە بگەنە رێککەوتن و دامەزراوە دەستوورییەکانی عێراق بکەونە سەر رێچکەی کاری خۆیان و لەم میانەش خواستی پەرلەمانی کوردستان ئەوەیە کە بەرژەوەندی باڵای هەرێمی کوردستان ودۆسیە هەڵپەسێردراوەکانی لەگەڵ حکومەتی عێراق لە ئەولەوییەتی کاری ئەو هێزە ولایەنە سیاسیانە بن کە براوەی هەلبژاردنەکانن، هاوکات بڕیاری دادگای باڵای ئیتیحادی سەبارەت بە دۆسیەی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان یەکێکە لەو بابەتە گەرمانەی لە ئێستادا زۆرترین باسی لەسەرە و قەوارەی هەرێمی کوردستانی خستۆتە دۆخێکی نوێوە، ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان پێمان وایە ئەو بڕیارە پێچەوانەی رۆحی دەستووری عێراق و بنەماکانی سیستەمی فیدرالییە کە هەموو هێز و پێکهاتەکانی عێراق لە چوارچێوەی دەستوور لەسەری رێکەوت بوون، بۆیە پەرلەمانی کوردستان وێرای مکوور بوونی لەسەر پاراستنی قەوارەی دەستووری هەرێمی کوردستان لە هەمان کات پێداگیری ئەکات لەسەر مافە دەستووریەکانمان و جەخت ئەکەینەوە لە بەکارهێنانی ئەو دەسەڵاتانەی کە بەپێی دەستووری عێراق بە دامەزراوە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان دراوە، پشتیوانی سیاسی خۆمان بۆ بژاردەی گفتوگۆی بەردەوام و بونیاتنەرانە لە نێوانی حکومەتی هەرێم و حکومەتی ئیتیحادی بە ئاراستەی چارەسەری لۆژیکی و واقیعی گشت کێشە هەلپەسێردراوەکان بەپێی دەستوور و لەنێوانیان دۆسیەی نەوت و غاز دووپات ئەکەینەوە، بە جۆرێك بەرژەوەندی گەلانی عێراق و شکۆی هەرێمی کوردستانی تێدا پارێزراو بێت و ببێتە مایە سەقامگیری سیاسی و ئابووری و ئەمنی بەردەوام، بەرێزان لە نێو ئەو هەلومەرجە پرۆسەی هەلبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بۆ خولی شەشەم یەکێکی ترە لەو ئیستیحقاقانەی لەبەردەم هەرێمی کوردستانە، سەرجەم هێزە سیاسیەکان و فراکسیۆنەکانی ئەو پەرلەمانە بەرێزە هاوڕان لەسەر ئەوەی هەڵبژاردن لە وادی یاسایی خۆی ئەنجام بدرێ، پرۆسەی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان ڕێرەوی راستەقینەی خۆی وەرگرێ، بۆیە ئەرکێ پەرلەمانی کوردستانە کاری لێبڕاوانە بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەو هەلبژاردنە لە کاتی خۆیدا بکات، لە رێی نەهیشتن و چارەسەر کردنی سەرجەم ئەو ئاستەنگانەی ئەبنە لەمپەر لەبەردەم پرۆسەکە و بە دیاری کراوی ئاستەنگە یاسایی و تەکنیکیەکان، بۆ ئەم مەبەستە داوا ئەکەین کار بکەن و هاوکاری یەك بین بە لێکتێگەیشتنی هاوبەش لە نێوان لایەنەکان و گەیشتن بە سازانی نیشتیمانی لەو پێناوە بە ئاراستەی ئەنجامدانی هەلبژاردنیك کە متمانەو زەمینەی گیانی

پێکەوەیی و کارکردنی ئایندەیی بڕەخسێنی، ئەندامان بەرێز سەبارەت بە ئەرکەکانی پەرلەمان بە دیاری کراوی پرۆسەی یاسا دانان و چاودێری ئەرکیّ دەستەی سەرۆکایەتی و لێژنەکانی پەرلەمانە ئەو وەرزەی یاسادانان کە دوا وەرزی ئەو خولەی پەرلەمانە بە جۆرێك دابەش بکەن ببێتە مایەی جیّ بەجیّ کردنی پلانی یاساکاری و ئەو پێشنیاز و پرۆژانەی پەیوەستن بە کەرتە خزمەتگوزاری و ئابوورییەکان بکەینە کاری لە پێشینە و پەسندیان بکەین، لە هەمانکاتدا ئەرکیّ پەرلەمانتاران و لێژنەکانە کاری چاودێری و جیّ بەجیّ کردنی یاسا و بڕیارەکان چڕ بکەنەوە و چاوپۆشی لە کەم و کوڕییەکان نەکەن و کار لەگەڵ دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم بکەن بە ئاراستەی خزمەتی زیاتر و بەدیهێنانی بەرژەوەندی گەلی کورد و دابین کردن و رەخساندنی دەرفەتی ژیان و گوزەرانی باشتر بۆ هاووڵاتیان، لە کۆتایی داواکارین سەرجەم پەرلەنتاران و فراکسیۆنەکان هاوکار و هاوئاهەنگی یەکتر بن، بۆ ئەوەی پەرلەمانی کوردستان لەو وەرزەی یاسادانان لە کەشێکیّ لەبار و و ئارام ئەرکی خۆی جیّ بەجیّ بکات، سەرکەوتوو بن، بەرێزان دەست بە جیّ بەجیّ کردنی بڕگەی چوارەم لە بەرنامەی کاری دانیشتنەکە ئەکەین کە بریتییە لە وتەی بەرێزان سەرۆك فراکسیۆنەکانی پەرلەمان بە بۆنەی کردنەوەی خولی بەهارەیساڵی چوارەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لەماوەیك لە پێنج خولەك کەمتر بیّ، فەرموو سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان.

**بەرێز زانا خالد سلمان:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمڕۆ (١-٣-٢٠٢٢) هاوکات لەگەڵ کردنەوەی وەرزی بەهارەی ساڵی چوارەمی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان (٤٣) مین ساڵیادی کۆچی دوایی ژەنەراڵی مەزن بارزانی نەمر بەرز رائەگرین، سڵاو بۆ گیانی پاکی سەرجەم شەهیدانی گەلی کوردستان ئەنێرین و پەیمانی سۆز و وەفا بۆ رێبازە پیرۆزەکەی دووپات ئەکەینەوە، لەکاتێکدا دەست بە کردنەوەی وەرزێکی تازەی یاسادانان ئەکەین هەرێمی کوردستان وەك بەشێك لە عێراقی فیدرال بیّ بەش نەبووە لە کاریگەریکانی ئەو ناسەقامگیرییەی لە عێراق ئەگوزەرێت و بەداخەوە جاریکی تر و بە رێگەیەکی جیاوازتر ئەیانەوی قەوارەی هەرێمی کوردستان بکەنە ئامانج، بۆیە ئەخوازیّ بەرژەوەندی باڵای گەلی کوردستان لە سەرووی هەر بابەتێکیّ تر دابنێین و رایە جیاواز و ناکۆکیەکان هەرچی بن پارێزگاری لە دامەزراوە دەستوورییەکان و ئەزموونی هەرێمەکەمان ئامانجی هەموو لایەك بێت، بۆ ئەو مەبەستە پشتیوانی فراکسیۆنی پارتی بۆ هەر هەنگاوێکی یاسایی و پەیڕەوی لە پەرلەمانی کوردستان دەرئەبڕین و پشتیوانی لە راگەیەندراوی کۆبوونەوەی دوێنیّ هەرچوار سەرۆکایەتییەکەی هەرێمی کوردستان ئەکەین، لە ئەرکیّ یاسادانانمان وێرای ئەوەی بەشێکی پرۆژەکانمان حکومەتی هەرێم بوو، بەشێکی پێشنیازەکانی فراکسیۆنە جیاوازەکان وەك یاسا لە وەرزی رابردوو درچوونرا و بەشێکی لە ئێستادا لە پرۆسەی یاسادانان و یاسای پێویستن بۆ پڕ کردنەوەی یاسا لە بوارە جیاجاکان بۆ وەرزی ئێستا وەکو فراکسیۆنی پارتی پێشنیازە یاسامان ئامادەیە و هاوکار و هەماهەنگیش ئەبین بۆ ئەو پێشنیازە یاسایانەی لەلایەن فراکسیۆنە بەرێزەکانی تر پێشکەش ئەکرێن لە چوارچێوەی ئەرکیّ بە یەکەوەییمان لە پەرلەمانی کوردستان، دڵنیاین لەوە حکومەتی هەرێم بۆ بەردەوامیدان لە

پرۆسەی ناردنی پرۆژە یاساکان کاری جدی ئەکەن، بۆ ئەوەی ئەو پرۆژە یاسایانەی پێویستن لە ئێستا رەوانەی پەرلەمانی بکەن گە گرنگترنیان پرۆژە یاساکانی هەمواری یاسای وەبەرهێنان و پرۆژە یاسای خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و پرۆژە یاسای کاری دەستەبەرایەتی کۆمەڵایەتی و پرۆژە یاسای بێمەی تەندروستی و چەندین پرۆژە یاسای تر کە پەیوەندی راستەوخۆی بە گوزەرانی خەڵکی کوردستان هەیە، لە چوارچێوەی ئەرکی پەرلەمانی لە بواری چاودێری کردن هەڤالانی فراکسیۆن بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەندامانی فراکسیۆنەکانی تر لە لێژنەکانی پەرلەمانی پێشەیییانە بەم ئەرکە هەلساون و داتای بەسەر کردنەوە و ئەنجامدانی کۆبوونەوەکانی لێژنەکان بە ئامادەبوونی بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان گەواهیدەری ئەو راستیەن و بەردەوامیدان بەو پرۆسە تەندروستە بە ئەرکی خۆمان ئەزانین، لەو وتاری ساڵێك بەر لە ئەمرۆ داوامان لە بەرێزتان لە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کرد چارەسەری گرفتی یاسایی دەستەکانی چاودێری دارایی و دەستپاکی و مافی مرۆڤ و کۆمیسیۆنی هەلبژاردنی راپرسی لە هەرێمی کوردستان بکەن، ئامادەیی فراکسیۆنمان بۆ هەماهەنگی لەگەڵ بەرێزتان و فراکسیۆنە بەرێزەکان دەربری، وێرای دەستخۆشی بۆ چارەسەری هەر گرفتی دەستەی چاودێری دارایی و دەستەی سەربەخۆیی مافەکانی مرۆڤ، بەلام تا ئێستا دەستەی دەست پاکی کۆمیسیۆن لە بۆشاییدان، لە ئێستا نزیك ئەبینەوە لە کۆتایی ئەو خولەی پەرلەمان و لە فراکسیۆنی پارتی پێشوازی لە بریاری سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەکەین بە دیاری کردنی رۆژی (١-١٠) ئەم ساڵی (٢٠٢٢) بۆ هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان و دەست خۆشی لە بەرێزی سەرۆکی حکومەتی هەرێم ئەکەین بۆ راسپاردنی لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەت بۆ دابین کردنی بودجەی پێویست بۆ هەلبژاردن، ئەوەی ماوە هەڵسانە ئە ئەرکی یاسایی و پەیرەوی لە پەرلەمانی کوردستان بۆ لادانی بەربەستە یاساییەکان بۆ ئەوەی هەلبژاردن لە کاتی دیاری کراوی خۆی بەرێوە بچێت، بۆ ئەم مەبەستە دوای (٥ ) کۆبوونەوەی سەرۆکی فراکسیۆنەکان سەرەرای بوونی رای جیاواز هاورا بوونی هەموولایەك بۆ ئەنجامدانی هەلبژاردن و بوونی چەندین خاڵی هاوبەش گەشبینمان ئەکات کە بە یەکەوە ئەتوانین ئەو گرفتە یاساییانە ماون چارەسەری بکەین و پرۆسەی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان بەردەوامی هەبێت، هەلبژاردن وەك مافی هاووڵاتیان سەیر بکرێ، نەك مافی لایەنی سیاسی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو فراکسیۆنی یەکێتی.

**بەرێز زیاد جبار محمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ناوی خوای گەورە، ئەمرۆ دەستپێکی وەرزی نوێی یاسادانانە، ئاشکرایە لە ئێستا هەرێمی کوردستان و ناوچەکە بە دۆخێکی هەستیاری سیاسی و ئابووری ئەچێت، بۆیە لە روانگەی فراکسیۆنی یەکێتی کوردستان بۆ ئەم وەرزەی یاسادانان بە ئەرکی لە پێشینەی ئەزانین هەموو بە یەکەوە کار بکەین بۆ چارەسەر کردنی کێشە داراییەکانی خەڵك و دەستبەر کردنی خۆش گوزەرانی و ئارامی زیاتر بۆ خەلکی ماندووی کوردستان و وەکو ئەرکی نیشتیمانیش پێویستە

یەکێتی و یەکریزی خەلکی کوردستان و بەرژەوەندییە باڵاکانی لەسەر هەموو شتێکەوە بێت، بە یەکەوە ئەو دۆخە تێپەرینین و لەو وەرزەی یاسادانان جەخت ئەکەینەوە لەسەر ئەو خاڵانە:
١- وێـرای ئەوەی لە چەنـد رۆژی داهـاتوو کۆمەڵێـك پێشـنیازە یاسـا ئامـادەیە و پێشکەشـی سەرۆکایەتی ئەکەین.
٢- سەبارەت بە هەمـوار کـردنەوەی یاسـای هەلبـژاردن و کۆمیسـیۆن و دەسـتوور کە لە رابـردوو رێکەوتـن لەسـەری قسـە لەسـەر ئەوە ئەکەیـنەوە ئەو یاسـایانە رەهەنـدی نیشـتیمانیان هەیە وە پێویستە لە نێوان فراکسیۆنەکان سازانی لەسەر بکرێ، بۆ ئەو مەبەستە فراکسیۆنی یەکێتی داوا ئەکەین بە زووترین کات ئامادەکاری بکرێ بۆ ئەوەی بتوانین ئەوانە تێپەرێنین و کاتی هەڵبژاردن لە کاتی خۆی ئەنجام بدرێ.
٣- یاسای بوودجە لە هەرێمـی کوردسـتان پێویسـتە پەرلەمـان بەجـدی کـار بکـات کە حکـومەتی هەرێم پرۆژە بنێرێتە پەرلەمان، ئەزانـین هەمـوو ئەو نـاعەدالەتییەی هەیە دەلالەت لەوە ئەکـات ماوەی (٨) ساڵە هەرێمی کوردستان بودجەی نییە، لە کاتێکدا لە دوا راپۆرت کە لە کۆتایی سـاڵی پار لێرە پێشکەش کـرا بە پەسـند کردنـی زۆریـنەی ئەنـدامانی پەرلەمـان ئەو راسـپاردە دراوە بە حکومەتی هەرێم کە بە زوویی کار بکات لەسەر ناردنی پـرۆژەی بـوودجە تـا ئەو کێشـانەی هەیە چارەسەر بکرێن.
٤- چاکسازی لە سەرچاوەکانی داهات بە تایبەتی لە شەریکات و کۆمپانیا نەوتییەکان کە یەکێـك بـووە لە راسـپاردەکانی ئەو پەرلەمـانە بـۆ حکـومەتی هەرێـم لە رابـردوو و بە جـدی کـار بکـرێ لەسەری، ئەوەی بۆ خەرجی کۆمپانیا ئەروات برێکی زۆرە کە ئەزانین نرخـی نەوت چەنـد بەرزە، بەڵام کێشە ئەوەیە نەتوانی لە کاتی خۆی مووچە دابین بکات.
پێشنیازە یاسای خانەنشینی هێزەکانی ناوخۆ کە ماوەی دوو سـاڵە لەلایەن فراکسـیۆنەکەمانەوە پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلەمان کراوە، ماوەیەکی درێژە چـاوەرێین حکـومەت ئەو پـرۆژەیە بنێریتە پەرلەمان تا یاسایەك بۆ خانەنشینی هێزەکانی ناوخۆ دەرچـێ، مـووچەی مووچەخـۆران ئەزانین پاش ئەوەی لێبرین نەمـا بەردەوام مـووچە بە نـارێکی دابەش ئەکـرێ و لە مانگێـك (٢٥) رۆژی بۆتە هەواڵ، کار لەسەر ئەوەی بکەین حکومەت و وەزارەتی دارایی ئەگەر کێشەکە فەنییە رێکبخرێتەوە و هەوڵـی چارەسـەر کردنیـان بـدرێ، چەنـدین جـار رووبەرووی وەزارەتـی دارایـی بۆتەوە بریار دراوە بۆ چارەسەر کردنی، کار کردن لەسـەر بـیمەی تەندروسـتی و کـۆمەڵایەتی کە پێشتر پرۆژەی بۆ پێشکەش کراوە، بە هەمیشەیی کردنی فەرمانبەرانی گرێبەست و دامەزرانـدن و رەخساندنی هەلی کار، پەککەوتنی پـرۆژە خزمەتگوزارییەکـان لەرێـگە و بـان تـا ئەوانـی تـر لە شـارەکانی هەرێمـی کوردسـتان، هەمـوار کـردنەوەی یاسـای وەبەرهێنـان و پـلە بەرزکـردنەوەی فەرمانبەرانی مەدەنی و سەربازی و بەستنی مینحەی زیندانیانی سیاسی و رزگاربووانی ئەنفال، بۆ ئەم وەرزەی یاسادانان فراکسیۆنەکەمان ئەیەوێ لە ئەولەویەتی کارەکان بێ، سوپاس.
**بەرێز د. رێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**
فەرموو سەرۆکی فراکسیۆنی گۆران.

**بەڕێز گولستان سعید حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەری ڕێز بۆ سەرجەم شەهیدان، ئومێدەوارین کاری زیاتر بکەین لە خزمەتکردنی خەڵك و ئەرکی پەرلەمان بەهێزتر بکەین لە چاودێری کردنی دەزگاکان و ئەدای حکومەت لە پابەندبوونی بە هێلە گشتییەکانی بەرنامەی کاری خۆی کە لەو پەرلەمانە متمانەی پێدرا، لەسەر بنەمای هەنگاونان بۆ چاکسازی و کەمکردنەوەی ڕۆتین و پێشکەش کردنی خومەتگوزاری زیاتر، ئەزانین ئەو دەستکەوتانەی بەرئەنجامی تیکۆشانی خەڵکی کوردستان بە دەست هاتوون بە هۆی خراپی بەڕێوەربردن خستوویەتییە بەردەم لە ناوچوون، بۆیە ئەرکی گەورەی پەرلەمان پاراستنی کوردستانە، بەداخەوە هەموو وەرزێك ئەو راسپاردەیە پێشنیار ئەکەین بێ ئەوەی هەنگاوی کرداری بۆ بنرێ، ئاستەنگی بۆ دروست ئەکرێ، لەگەڵ ئەوەی لە هەلومەرجێکی گۆڕاوی جیهانی و ناوچەیی و ناوخۆین، وەکو فراکسیۆنی گۆڕان پێمان وایە بڕیاری دادگای فیدرالێ لەسەر پرسی نەوتی هەرێم سیاسیە و دژی بەرژەوەندی گەلی کوردە، هەر ناکۆکییەك لە نێوانی هەرێم و بەغدا دەرئەنجامی ناشەفافی گرێبەستە نەوتییەکان و داهاتەکەی بوو، کە بووە دەستپێکی خالی ناکۆکی درێژخایەنی هەردوولا کە ئەنجامەکەی مایەی نەهامەتی و قەیرانی دارایبە بۆ گەلەکەمان، لە رابردوو و ئێستاش بزووتنەوەی گۆڕان چەندین هەوڵی داوە داهاتی نەوت شەفاف بێت بە دادپەروەرانە بۆ بەرژەوەندی گشتی خەرج بکرێ، پرسی نەوت بە دامەزراوەیی بکرێ لە ڕێی دەمەزراندنی سەندووقی داهاتە نەوتییەکان کاراکردنی ئەنجومەنی هەرێمی بۆ نەوت و غاز کە زۆر خاڵی ناکۆکی نێوانی هەرێم و بەغدای چارەسەر ئەکرد کە نەکرا، بەمە هیچ پاساومان بۆ بەغدا جێ نەدەهێشت، داوا ئەکەین حکومەتی هەرێم بێ دواکەوتن ئەرکی خۆی جێبەجێ بکات و لەگەڵ دانووستانی چڕوپڕ بە مەبەستی دۆزینەوەی چارەسەری کێشەکان و پەرلەمانی کوردستانیش ئامادەکاری بکات بۆ یاسایەکی نوێ بۆ نەوت و غاز، درك بەوە ئەکەین دیاردەی تەخشان کردنی زەوی و موڵکی کشتوکاڵی زۆرە لە هەرێم کە پێویستە بە یاسا ڕێگری لێ بکرێ و هیچ کەس مافی داگیرکاری نەبێ، شوێنی پرۆژەی خزمەتگوزاری و سەوزایی نەکرێتە پرۆژەی بازرگانی و زەوییە گرانبەهاکان تالآن نەکرێن، خەلکی کوردستان ئەناڵێنی بە دەست گرانی نەوت و غاز، لە کاتێکدا کوردستان خاوەنی سامانی نەوت و غازە، ئەبێ هاووڵاتی سوودمەند بێ ئینجا هەناردە بکرێ، پێویستمان بە رەخساندنی هەلی کار و چارەسەر کردنی گرفتی کەرتی تایبەت بۆ گەنجان، سیمای دوو ئیدارایی و نەبوونی هێزی نیشتیمانی یەکگرتوو و نەبوونی دەزگای بەهێزی سیاسەتی دبلۆماسی هەرێمی لەبەرامبەر بەغدا لاواز کردووە، ئەبێ کۆتایی پێ بێ، پێویستە یاسای بوودجە بۆ پەرلەمان بنێردرێ تا پەسند بکرێ، نابێ لە ژێر هیچ بەهانەیەك نەنێردرێت کە زامنی شەفافیەت و دادپەروەرییە، لە رابردوو بڕیار درا هەژماری بانکی بۆ مووچە خۆران بکرێتەوە و پاشکەوتی مووچە بگەرێندرێتەوە، تا ئێستا هیچ راپۆرتێکی وردەکاری بە دەست نەگەیشتووە بۆ ئەو مەبەستە کە پێویستە پەرلەمان جەختی لەسەر بکاتەوە، نەبوونی دەزگای نیشتیمانی بۆ دانووستان لە نێوانی هەرێم و بەغدا پاراستن و بەدیهێنانی مافە دەستوورییەکانی خەلکی کوردستان کە چارەسەری کێشەی ناوچە دابڕێنراوەکان جێ بەجێ کردنی ماددەی (١٤٠) بکات، ئازادی رادەربڕین لە قەیراندایە، خەڵك

زیندانی ئەکرێ و هاووڵاتی زیندانی ئەکرێ کە ئەبێ مەودای ئازادی رادەربڕین فراوان بکرێ و مافی هاووڵاتی بوون پارێزراو پێ بۆ گەلەکەمان، داوای ئەکەین کۆتایی بهێنری بە قۆرغکاری و رێگری کردن و دەست تێوەردانی حیزبی لە کاروباری حکومەت لە دادگا و ئەنجومەنی دادوەری، بۆ ئەوەی بتوانین هەم پرۆژەکانی وەبەرهێنان و هەم دادگایەکی سەربەخۆ و لەگەڵیدا کوالێتی کۆنترۆڵی خۆراك و دەرمان و کەلوپەلی قاچاغ کۆتایی پێ بێت، پێویستە کۆکردنەوەی باج و رسوومات باشتر بکرێ و دەسەت بەسەر داگرتنی کۆمپانیاکانی خومەتگوزاری کاریگەری خراپی خستۆتە سەر داهاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەداخەوە ئێستا حکومەت ئەرکەکانی کۆمپانیاکان جێبەجێ ئەکەن ئەوەش گرفتە، هەمواری یاسای خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و یاسای داواکاری گشتی و ئەنجومەنی دادوەری و هەمواری یاسای وەبەرهێنان و نووسینەوەی دەستوور و هەمواری ئەو یاساییانەی رەهەندی نیشتیمانیان هەیە لە رووی یاسای هەڵبژاردنەوە بە گرنگ و پڕ بایەخ ئەزانین، سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵی دادگەری.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ناوی خوای گەورە، ئەوەی عەرزی ئەکەین تێڕوانینی فراکسیۆنی کۆمەڵە سەبارەت بە خولی یاسادانانی بەهارە، لەوە دەست پێ ئەکەین پەیوەندی بە ژیان و گوزەرانی خەڵکەوە هەیە، ژیانی خەلك لە پێشینەی کاری پەرلەمانی و دەسەلات بێ، ئێستا خەڵك بە ژیانێکی خراپ تێپەری، لە رووی مووچە هەمیشە مووچەخۆرانی هەرێم دەستیان لەسەر دڵیانە، ئایا ئەو مانگە مووچە دێ یان بە لێبڕینەوە دێت، سەبارەت بە پاشەکەوتی مووچە کاتی خۆی پرۆژەش پێشکەش کراوە چۆن ئەو پاشەکەوتە بگێردرێتەوە، لەگەڵ ئەوەین پلە بەرز کردنەوە دەست پێ بکرێتەوە، ئەوەی بەڵێنیان دابوو نەوتی سپی بۆ هەموو هاووڵاتیان دابەش ئەکەن ئەو بەڵێنە نەبرا سەر، هەندیکێ......

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێزان سەرۆکی فراکسیۆنێکی پەرلەمانی کوردستان قسە ئەکات تکایە با گوێمان لێ بێت.

**بەڕێز عبدستار مجید قادر:**

........ ئەو بەڵێنە نەچۆتە سەر کە بە هەموو هاووڵاتیان بدرێ، جگە لە گرانی بازار و نەبوونی هەلی کار، لەولاش باج و رسوومات زیاد کراوە، دووکاندار هەیە ئەڵێ شەش جۆر پارە ئەدەم بە حکومەت، لەوسەریش سەیری هێنانی کەلووپەل ئەکەی چەند تووشی زیان بووە، لەو خولەی یاسادانانە ئەوەی کاری پێ بکەین پەرلەمان لەسەر ئەو داواکارییانە بەتایبەت ئۆپۆزۆسیۆن کار لەسەر ئەوە بکەین بانگهێشتی ئەنجومەنی وەزیران بکەین و پرساندنیان کە یەکێکە لە ئەرکەکانی پەرلەمان، بەرای ئێمە ئەو بڕیارەی پابەندی دارایی حکومەتە سەبارەت بە کێشە داراییەکان ئەبێ کاری جدی پەرلەمان بێت، سەبارەت بە هەڵبژاردن رێکەوتین لەگەڵ فراکسیۆنەکانی تر لەگەڵ ئەوەین هەڵبژاردن لە کاتی خۆی بێ، بە رای ئێمە ئەبێ پێشیش بخرێ لەبەر ئەو قەیرانەی لە هەرێم تێداین، قەیرانی سیاسی و دارایی و لەگەڵ حکومەتی ناوەندیش

ئەگەر لە زووتر نەبێ لەکاتی خۆی بێ، بەڵام بەو شێوەی وتمان هەموار بکرێتەوە و خەڵك متمانەی بۆ بگەڕێتەوە کە دەنگی نافەوتی و دڵنیا بێ پەرلەمان و حکومەت بەپێی خواست و ئاواتی ئەوانە، سەبارەت بە حکومەت هەوڵ بدرێ بۆ لێپرسینەوە کارا بکرێتەوە، وردە وردە بەرەو ئەوە ئەچین حکومەت رێ لە پەرلەمان بگرێ کاری خۆشی بکات، نموونە، ئێمە لیژنەی کشتوکاڵ یەك دوو لیژنەمان دروست کرد سەردانی بکەین کۆمپانیای کەرتی تایبەت پێیان وتین پێویست ناکات ئێوە ئەرکتان نییە و مافی ئەوەتان نییە بەدواداچوون بۆ کەرتی تایبەت و کۆمپانیا بکەن، ئەپرسم ئەگەر لیژنەی پەرلەمانی نەتوانی بەداواداچوون بکات بە مانای موحاسەبە نا، بەمانای ئەوەی داخوا ئەو کەرتی تایبەتە لەگەڵ حکومەت رێکەوتووە هەستمان بە هەندێ گەندەڵی کردووە، چۆن بزانم ئەو کۆمپانیایە لە بەرژەوەندی خەڵکە؟ ئەگەر بمانەوێ پرسیار لە حکومەت بکەین رەنگە لەگەڵی شەریك بێ.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو فراکسیۆنی یەکگرتوو.

**بەڕێز د.شێرکۆ جودت مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە فراکسیۆنی یەکگرتوو قۆناغی داهاتوو زۆر بە مەترسیدار ئەزانین لەسەر قەوارەی هەرێم، هۆکار لە ئەستۆی بەرپرس و دەسەڵاتە لە هەرێم و ئەوەی تریش کەمتەرخەمی حکومەتی عێراق و بەرپرسانە لە عێراق کە زیانی گەورەیان لە هەرێم داوە، کۆبوونەوەی چوار سەرۆکایەتی هەرێم کە دوێنی ئەنجام درا بەداخەوە لەگەڵ ئەوەی مەحکەمەی ئیتیحادی ئەو بڕیارەی داوە، سەبارەت بە کەرتی نەوت لە هەرێم، بەڵام کۆبوونەوەی چوار سەرۆکایەتی هەرێم و بە بەرچاوی ئەو چوار سەرۆکایەتییە ئەبوایە کۆبوونەوە لە پێناوی دۆخی ئەو نیشتیمانە بوایە کە لە سەخترین حالەتن، قەت هەرێم لەو شڵەژاوی سیاسیە و لەو دۆخە ئابوورییە خراپتر نابێ و نەبووە، بە بەرچاوی هەر چوار سەرۆکایەتی هەرێم بوودجە نادیارە و پارە لە بانکەکان دیار نامێنی، بە نووسراوی فەرمی وەزارەتی دارایی ئەڵێ بانکەکانی هەرێم هەمووتان دەستکاری بانکەکان مەکەن، ئەوە بەڵگەیەکی سەریحە و ئیعتیرافە بە دەست کاری کردنی داهات کە وای کردووە مووچە دوا بکەوێ و ئەو گەندەڵییە لەسەر خەلکی کوردستان بێ، ئەو مەترسیە نیشتیمانیانە رووبەرووی هەرێم بۆتەوە بە بەرچاوی چوار سەرۆکایەتی هەرێم نادادی و جێ بەجێ کردنی ( ٣٠% ) یاساکانی پەرلەمانی کوردستان ئەنجام ئەدرێ و چوار سەرۆکایەتی هەرێم لە کوێن لە ئاست نا سەروەری یاسای لەو هەرێمە؟ تا بەغدا پەلامارمان نەدات کۆنابنەوە؟ ئەی کاتی ئەوە نییە زووتر کۆببنەوە لەسەر بژێوی و قوتی خەڵك، میللەتێك دەستی کردووە بە خۆکوژی و ژن ئەکوژێ بە ناهەق چوار سەرۆکایەتی هەرێم لەکوێن؟ کۆچی بە لێشاوی گەنجان، ئەو هەموو بێ کاری و چەوسانەوەی خەڵك، بۆ کۆبوونەوەی بۆ ناکەن و بڕیاری لەسەر نادەن، ئاستی ئەو هەموو گەندەڵکارە و ئەو هەموو ملیۆنێر و ملیاردیرانەی لە ماوەیەکی کەم هەڵکەوتوون لەسەر حیسابی لافاو و برسی کردنی ئەو میللەتە، یەکنەخستنی هێزی پێشمەرگە و ئاسایش و دارایی و دوو ئیداری، ئەو هەموو پرسە بە بەرچاوی چوار سەرۆکایەتییەکە روو ئەدات، بەڵام ئەنجوومەنی نەوت و گازی هەرێمیش لەو خولە کۆبوونەوەیەکی نەکردووە لەبەر

سیاسـەت کە هەمـوو کێشـەکان رووبەرووی ئەوان ئەبێـتەوە، لەولاش ئەتـانەوێ پشـتیوانی لەو فەوزایە بکەین، ئەوە مەسئولیەتی گەورەیە، هەلبـژاردن ئەبـێ لە کـاتی خـۆی بـێ، کۆمیسـیۆنی بـاڵای هەڵبـژاردن و دەسـتەی نەزاهەی ئەبـێ کـارا بکـرێنەوە بە پێـی یاسـا و هەمـواری یاسـای هەلبژاردن پێویستە بکرێ و میللەت بێزارە بە دەسـت ئەو دۆخە، یاسـایەکی هەڵبژاردرانـی ئەوێ هی ( ٣٠ ) ساڵ نەبێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك کاوە.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، ئەمڕۆ کەقسە ئەکەین ئەبێ ئەولەویەت لەسەر ژیانی خەلك بێ، بەداخەوە ئێسـتا سـەرەتایی مـانگی دووە دۆخـی هاووڵاتیـانی هەرێـم لەو پەری خراپـێ دایە، چ دۆخـی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی، ئەمڕۆ لە مانگی دووین تـا ئێسـتا حکـومەت مـووچەی مـانگی یەکـــی بەشـــێك لە فەرمـــانبەرانی نەداوە، لە ســـلێمانی بەشـــێك فەرمـــانبەران مووچەیـــان وەرنەگرتووە، لە کوێی دونیا هەیە تا نرخـی نەوت زیـاتر بەرز بێـتەوە مـووچە زیـاتر دوابـکەوێ، ئێستا بە (١٠٠) دۆلار زیاترە، بەڵام بە (٥٠) رۆژ و (٦٠) رۆژ دابەش ئەکـرێ، حکـومەت بەڵێنـی دا لە ماوەی هەموو (٢٥) مانگ مووچە دابەش بکات، وا مانگی دووش تەواو بوو تا ئێسـتا هـیچ بڕیـار نییە، داهاتی نەوت لە ئێستا سەرووی ملیارێکە، بەڵام (٣٥٠) ملیۆن دێـتەوە خەزیـنەی وەزارەتـی دارایی، رۆژانە (٢٢) هەزار بەرمیل نەوت ئەدرێتە پاڵاوگەکان، بەڵام داهاتی یەك دینار دیار نیـیە، (٣٠) بـۆ (٣٥) هەزار بەرمیـل نەوت رۆژانـە لە رێـگەی تـانکەر بـۆ ئێـران و وڵاتـانی تـر ئەڕوا یەك دینـاری دیـار نیـیە، ئەو هەمـوو دزی و تاڵانکـاریە هەیە، مەعقـولە حـزب دەسـت بەسـەر داهـاتی ناوخۆ بگرێت و نەیدات بە حکومەت، (٣١) ساڵە ئەو حزبانە تێر نەبـوون، تـاکەی بەردەوام ئەبـن، دووکاندارێك شەش جۆر باجی لـێ وەرئەگیـرێ، بـاجی سـاڵانە، قەتـعە، خـۆڵ و خاشـاك، ناچـارە دایبخـات، داهـاتی گـومرگ و نـاوخۆ بەبەرچـاوی هەمـوو پەرلەمـان دوو حـزب دەسـتی بەسـەر داگرتووە، بەراستی گرنگە پەرلەمان رۆڵی خۆی ببینی لە پـاڵ رۆڵـی یاسـادانان چـاودێری کـردنە، ئەگەر پەرلەمـانی کوردسـتان چـاودێری نەکـات و حکـومەت بانگهێشـت نەکـات ئەو پەرلەمـانە دابخەین باشترە، وەکو فراکسیۆنی نەوەی نـوێ یەکەم کەس ئەبـێن دەسـت لەکـار ئەکێشـینەوە، ئەگەر بڕیـارە پەرلەمـان بێهیـز بکـرێ، مەسـەلەی یاسـای کۆمسـیۆن و هەڵبـژاردن لەگەڵ ئەوەیـن کۆمسیۆنێکی نوێ سەربەخۆ و بێلایەن بـێ، دادوەریـش سـەربەخۆ بـێ نەك بە پشـك پشـکێنەی حزبی، یاسای هەلبژاردن حەوت جار هەموار کراوەتەوە، ئەو یاسـایە لە واقیعـی ئێسـتا بە کەڵـك نایەت، گرنگە ئەو یاسـایە نـوێ بـێ، بەڵام کـات لەبەر دەسـت نیـیە پێویسـتە هەمـوار بکـرێتەوە لەسەر کۆمەلێك بنەمـای سـەردەمی بە چـاودێری کـۆمەلگەی نێـودەولەتی کە بە شـێوەی عێـراق ئەنجـامی بـدەین، بـۆ ئەوەی خەڵـك بـاوەڕی بـۆ بگەرێـتەوە، دەیـان کێشـەی تـر هەیە هیـوادارم پەرلەمان بە ئەرکی خۆی وەکو مەرجەعی یاسایی هەڵسێ و کۆتایی بەو بارودۆخە بهێنێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك رۆمیۆ.

**بەڕێز ڕۆمیۆ حوزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو هاوپەیمانی یەکێتی نەتەوەیی پیرۆزبایی لە پەرلەمانتاران ئەکەین گەیشتینە وەرزی کۆتایی و ساڵێ کۆتایی، هیوادارین ئەو وەرزە پڕ بێ لە دەستکەوت و تایبەت بکرێ بەو یاسا و پرۆژانەی پەرلەمان دەریئەکات پەیوەست بە بژێوی خەڵکە، بە تایبەت ئاو وکارەبا وموچە وسەرجەم سووتەمەنییەکان، هیوادارین وەرزێك بێت بتوانین هێمنانەتر بەرێوەی ببێن، بۆ ئەوەی سەرجەم ئەو پرۆژانەی کە لە خزمەتی خەلکن جێ بەجێیان بکەین، پێمان وایە ئەبێ هەم هەرێم و بەغداش جدی تر بن، بۆ ئەوەی بتوانن کێشەکانی خۆیان چارەسەر بکەن، مەسەلەی بڕیاری دادگای فیدرالێ عێراق کە پەیوەست بوو بە ڕەت کردنەوەی یاسای نەوت و گازی هەرێم کە پەرلەمانی کوردستانی دەرچوواندووە لە خولی دووەمی پەرلەمان، پێمان وایە ئەگەر چارەسەر نەدۆزینەوە پێمان وایە یاسای تر و بڕیاری تر دەرئەکرێن کە دژی هەرێم بن، پێمان وایە ئەتوانین بە شێوەیەکی باش و سوود لە زۆرێك لە مادده و بڕگەکانی دەستووری عێراق وەرگرین کە پەیوەستە بەهەرێم، پێمان وایە کە لە رێگەی رێکخستنی جموجۆڵی حزبە کوردستانییەکان بە تایبەت لە بەغدا، بۆ ئەوەی یەکگرتووانە تر و باشتر بێ، بۆ مەسەلەی هەلبژاردن ئەبێ لە کاتی خۆی بکرێ، چونکە دواخستنی نەختی دوورکەوتنەوەیە لە دیموکراسیەت، پێمان وایە بارودۆخی هەرێم زۆر لە هی عێراق باشترە کە لە( ١٠ ) ی تشرین هەلبژاردنیان بەرێوە برد، مەسەلەی دەستوور پێمان وایە ئەبێ کوردستان دەستووری تایبەتی خۆی هەبێت، هیوادارین دەستووریش نەکرێتە قوربانی کێشە ناوخۆییەکانی حزبە سیاسیەکانی هەرێم کە لە خولی دووەم کە لە ساڵێ (٢٠٠٩) پەرلەمانی کوردستان دەنگی لەسەردا، بەڵام لەوێ خەلکی کوردستان دەنگی لەسەر نەدا، مەسەلەی کۆمسیۆن ناکرێ بە نیوەچڵی بەجێ بهێلدری، وەکو پێکهاتەکان پێمان وایە پێکهاتەی خوشك و برا تورکمانەکانیش هەمان بیرو بۆچوونیان ئەبێت، ناکرێ چیتر حیزبە سیاسیەکان نوێنەری پێکهاتەکان دیاری بکەن،........

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك سەعدەدین.

**بەڕێز محمد سعدالدین انور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە دەستپێکی وەرزی نوێ هەرێمی کوردستان و ئەزموونەکەمان بە قۆناغیکی زۆر هەستیار تێپەردەبێ، خەلکی کوردستان بەهۆی ئەو زمنیەتەی کە زۆرینەی حوکمی عێراق و دامەزراوە شەرعییەکان ئاراستە ئەکات رووبەرووی گەورەترین دژایەتییە، تەنانەت باڵاترین بنکەی دادوەری کە دادگای فیدرالیی عێراقە وەك ئالیەتێکی بەکارهێنراو لە ژێر چەتری ئەو دادگایە تەسفیاتی حیساباتی سیاسێ و بڕیاری سیاسێ درا، بۆیە وەکو فراکسیۆنی پارتی داد و گەشەپێدان پێش خستنەرووی هەر سەرنجێك بۆ وەرزی نوێ بەرامبەر ئەو تەحدیاتانە جەخت بە یەکرزی هیزە سیاسیەکان و تەبایی پێکهاتەکان ئەکەینەوە، بۆیە بۆ دانانی سنوورێك بۆ ئەو پێشیلکارییانە دژ بە خەلکێ کوردستان لایەنە سیاسیەکان یەکگرتوو بن و وەڵامێکی بەهێزیان هەبێت بەرامبەر ئەو پێشیلکارییانە، وەکو پەرلەمانی کوردستانیش لە تەك کاری پەرلەمانی و

تەشریعی و وەکو ئەرکێکی نیشتیمانی خۆی بەرامبەر هەر هەنگاو وکردارێکی ناڕەوا لە دژی هەرێم و خەڵکی کوردستان پێویستە هەڵوێستی سیاسی هەبێت کە تەعبیر لە گشت پێکهاتە سیاسی و نەتەوەییەکانی ناو پەرلەمان بکات، سەبارەت بەو پرسە ناوخۆییەکانی هەرێم زۆر بە کورتی.

یەك: بە زووترین کات کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن چالاك بکرێتەوە پێش کۆتایی هاتنی ماوەی یاسایی خولی پێنجەمی پەرلەمان، پەرلەمان بەرپرسیاریەتی یاسایی خۆی جێ بەجێ بکات بۆ هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمان، بۆ چارەسەر کردنی هەموو گرفت و نیقاش و بۆشاییە یاساییەکان و نەهێشتنی دروست بوونی ئیشتیهادات لە تەفسیر و شیکردنەوەی یاساکان، دەست بکرێ بە ئامادەکردنی پرۆژەی نووسینەوەی دەستووری هەرێمی کوردستان، سەبارەت بە پێکهاتەکانیش ئەکادیمیای تورکمانی و سریانی کە لەلایەن رۆشنبیران و ئەکادیمیای سریانی و تورکمانی چەندەها مسوەدە پێشکەش بە ئێمە کراون، لەو وەرزە ئەو پێشنیازە پرۆژەیە پێشکەش بە پەرلەمان ئەکەین، هیواداریـن پاڵپشتیمان بکەن بۆ بەدیهێنانی مافی نەتەوەیی و کەلتووری تورکمان و کلد و ئاشوورییەکان و بۆ ئەوەی کەلتوور و فەرهەنگە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان دەوڵەمەندتر بکرێ.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

موناخان وتاری پارتی چاکسازی ئەخوێنێتەوە.

**بەڕێز منى نبى قهوەچی/سکرتێری پەڕلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو هەموو لایەك ئاگادارن ئەو خولە نوێیەی یاسادانان کۆتای خولە لە خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان کۆمەڵێك بابەتی گرنگ و هەستیار لە بەردەم ئێمە دایە، وەکو بابەتی هەلبژاردن و پرسی کاراکردنەوەی هەموار کردنی یاسای کۆمسیۆنی هەلبژاردنی کوردستان کە هەرسێکی رەهەندی نیشتیمانی هەیە، پەرلەمان پێویستە کاری جدی لەسەر بکات بە ئامانجی بەرێوەچوونی هەلبژاردنەکان لەکاتی خۆیدا، جگە لەوە ئەبێت ئەوەشمان لە بیر نەچێت کۆمەڵێك پرۆژە یاسا و پێشنیازە یاسای گرنگ ماون کە راستەوخۆ پەیوەندی بە ژیان و گوزەرانی خەلکی هەرێمی کوردستانەوە هەیە، پێویستە لەو خولە زیاتر هەوڵ بدەین کاری جدی بکەین بە یاسا بە ئامانجی زیاتر و خزمەتکردنی هاووڵاتیان، وەکو فراکسیۆنی پارتی چاکسازی تورکمان داخوازین ئەو خولەی یاسادانانە بە ئارامی بتوانین بە سازان ئەم پرسە نیشتیمانییە کە رەهەندی نیشتیمانی هەیە بۆ بەرژوەندی باڵای هەرێمی کوردستان پەسند بکرێ، بە تایبەتی بە یەك دەست لە خزمەتی خەلکی کوردستان هەوڵ بدەین کار لەسەر کێشە و گیروگرفتە هەنووکەییەکانی ئێستای هەرێمی کوردستان بکەین، سەبارەت بە بڕیاری دادگای فیدراڵی عێراق پێویستە پەیوەست بە نەوت و گازی هەرێم وەکو پارتی چاکسازی تورکمان بە پێچەوانەی دەستوور هەژمار ئەکرێ، چونکە پێشهاتەیەکی مەترسیدارە بۆ ئەزموونی قەوارەی هەرێمی کوردستان، ئەم پێچەوانەیە لەو بڕیارە پێش نووسینەوەی دەستووری عێراق ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو ساڵانەی رژێمی بەعس، بۆیە ئەو بڕیارە رەت ئەکەینەوە وەکو پارتی چاکسازی تورکمانی و سازش بۆ ئەو حەقە دەستوورییانە ئەکەین کە لە ماددەکان دیاری کراوە، هەل و مەرج و ئەو

گۆڕانکارییانەی لە عێراق و ناوچەکەی گرتووە کاریگەری خۆی جێ دێڵێ، پێویستە لەمڕۆوە خۆمانی بۆ ئامادە بکەین بۆ ئەوەی لە بەرژوەندی خەلکی کوردستان بێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووو فراکسیۆنی پارتی چاکسازی.

**بەڕێز باپیر کاملا سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمڕۆ دەستپێکی وەرزی بەهارەی یاسادانان ساڵی چوارەمی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان تەنیا چەند مانگێك ماوە بۆ هەلبژاردنی داهاتووی پەرلەمان و خولی داهاتوو، لە کاتێکدا ناوچەکە و کۆمەڵگەی نیودەولەتی بە کۆمەلێك کێشە گرفتارە ڕووبەڕووبوونەوە و ئالۆزی گەورە لە ئارادایە، پێدەچێ کێشەکان زیاتر بن و دابەش بوونی گەورە هەیە لە کۆمەڵگەی نێودەولەتی و گومان ئەکرێ پرشکێ ئەو ئاگرە بڕژێتە ناوچەی ئێمەش، هاوکات لە عێراق تەگەرە و گرفتی زۆر هەیە لەبەردەم پێکهێنانی حکومەتی فیدرالێ عێراق کە ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر ژیانی عێراق ئەبێت و ئەبێتە گۆرانی دۆخی ئابووری و ئەوەی جێگەی هەڵوەستە لەسەر کردنە هێزە سیاسیەکان دابەش بوون بۆ سەنگەر بەندی سیاسی جیاواز، هیزە سیاسیەکانی کوردستانیش بەرشوبڵاون و بێ ئامانجن، لەو کاتەش دادگای فیدرالێ عێراق بڕیارێکی دەرکرد ئامانج لێی سەرجەم دامەزراوەکانی کوردستان بوو بە تایبەت دامەزراوەی یاسا دانان کە ڕەتکردنەوەی یاسای نەوت و غازی هەرێم بوو، بێگومان دادگای فیدرالی بە ئامانجی سیاسی ئەو بڕیارەی دەرکرد لەژێر فشار کە پاشگەز بوونەوەیە، هەنگاوی مەترسیدار تر چاوەری ئەکرێ هەرچەندە ئەو هەلومەرجە سیاسیە و ئەو بڕیارانە لە بواری کردەیی نایەتە دی، ئەو قۆناغە ئەخوازێ هاوهەڵوێست و یەکرێز بێن، بۆ ئەوەی بتوانین بەیەکەوە ڕووبەرووی ئەو مەترسیانە ببینەوە، پێشنیار ئەکەم دامەزراوەکانی هەرێم بە ئەرکی خۆیان لەمەر مافە دەستوورییەکان بە تایبەتی ماددەی (١٤٠) و هێزی پێشمەرگە لە مەنزومەی دیفاعی عێراقی و پێکهێنانی ئەنجومەنی فیدراڵی کار بکەن، پەرلەمانی کوردستان بە ئەرکی یاسایی خۆی هەڵسێ، بۆ ئەوەی هەلبژاردن لە کاتی خۆی بکرێ، ڕەشنووسی دەستوور ئامادە بکرێ بۆ ڕاپرسی و پەسند کردنی، لەو وەرزە هەوڵ بدەین یاسای بوودجە پەسند بکرێ بۆ هێنانەدی عەدالەت لە داهات و خەرجییەکان، یاسای خانەنشینی یەکگرتوو پەسند بکەین کە توێژێکی فراوانی خانەنشینان لە ژیانی کولەمەرگی دان، هەمواری یاسای وەبەرهێنان بکرێتەوە ئەوەی ئێستا گەندەڵی زۆری تێدا هەیە، دەرکردنی یاسای کار و دەستبەری کۆمەڵایەتی، دەرکردنی یاسای خانەنشینی هیزەکانی ناوخۆ، پێداچوونەوە بە باج و ڕەچاو کردنی ژیانی خەلك، بە هەڵکشانی نرخی نەوت پێویستە حکومەتی هەرێم پرۆژە ناتەواوەکان تەواو بکات و پرۆژە وەستاوەکان بەکار بخاتەوە، تەرخان کردنی بڕێك پارە بۆ پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی و پەروەردە، بەلێندەران گرفتی زۆریان هەیە و بۆتە کێشەی کۆمەلایەتی و دادگاکان و پێدانی بەشێك لە قەرزەکانیان بە ڕێژەیی، کێشەی ئاو و کارەبا و سووتەمەنی بۆتە گرفتێکی هەموو ماڵێك و پێویستە ڕێك بخرێت و نەبێتە بارگرانی کار بکاتە سەر ژیانی خەڵك، نەهێشتن و کاڵکردنەوەی دوو ئیدارەیی و ڕێکخستنەوەی داهاتی گومرگ کە گرفتی خەڵکە بە تایبەتی فەرمانبەران.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر محی الدین.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخۆشحاڵییەوە ئەمڕۆ وەرزێکی نوێی یاسادانان دەست پێ ئەکەینەوە، پەرلەمان ڕووبەڕووی چەندین پێشهات و بەرپرسیاریەتی ئەبێتەوە، لەوانە کار کردن لەسەر ئامادە کردنی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان خۆ ئامادە کردنە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن و هاوکات پرسی شەرعیەتی کۆمسیۆنی باڵای هەلبژاردنە، لە بارەی دەستوور پێویستە بە هەموولایەك کار بکەین بۆ ئەوەی پرۆژەی دەستوور لەو خولەی پەرلەمان تەواو بکرێ و بخرێتە ڕاپرسییەوە، ئەگەر ئەو پرۆژەیە گەیشتە ئەنجام یەکێکە لە ئامانجەکانمان، ئەوەی پەیوەندی بە هەلبژاردنی پەرلەمانەوە هەیە بۆچوونی ئێمە ئەوەیە کە لە ماوەی یاسایی خۆی ئەنجام بدرێ، لەبارەی شەرعەیتی کۆمسیۆنەوە کە ماوەی یاسایی تەواو بووە پێویستمان بە کۆمسیۆنیکی نوێ هەیە، بە مەرجی دروست کردنەوەی کاریگەری لەسەر وادەی هەلبژاردن نەبێت، ئەگەر بۆچوون هەیە یاسای هەلبژاردن دەستکاری بکرێ ئێمە لە فراکسیۆنی ئازادی لەگەڵ ئەوەی دەستکاری نەکرێت و چونکە یاسایەکی گونجاوە و بەشداری هەمووان مسۆگەر ئەکات، بابەتێکی تر ژیانی خەلکە بۆ ئەوەش بەرنامەی حکومەت بە بیر هەموولایەك ئەهێنینەوە کە لە ناوەرۆك خاڵی باشی تێدایە، بەڵام بەداخەوە بەهۆی سیاسەتی ئابووری پەیرەو کراو ژیانی خەلك ڕۆژ بە ڕۆژ خراپتر ئەبێت و کەمینەیەکێش دەوڵەمەندتر ئەبن و تەحەکوم بە زۆرینەی پرۆژەکانەوە ئەکات و هێزی کاری کوردستانیش لێی سوودمەند نەبووە، ئەو بەرنامەی حکومەتی لەسەر پێکهێنرا پێکاری زیاتر کردووە و سوپایەکی لە دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگا بەرهەمهێناوە بە تایبەت کچان کە لە ماڵ دانیشتوون پێ ئەوەی هەلی کاریان دەست بکەوێ، لەلایەکی تر فەرمانبەر و مامۆستایانی وانەبێژ کە گرێبەستن و بە مووچەیەکی کەم کار ئەکەن هەلی بە فەرمی بوونیان نییە و هاوکات دەرچووانی ددانسازی و دەرمانسازی کە بۆ ماوەی شەش ساڵ ئەچێت دانەمەزراون، کەچی ڕێگایان لێ گیراوە ببنە خاوەن نۆرینگە و دەرمانخانەی خۆیان و لە خزمەتی پیشەیش بێ بەش کراون، دەیان بابەتی تر لەوانە ڕاگرتنی پلە بەرزکردنەوەی فەرمانبەران و زیاد کردنی باج و رسووومات کە بەشێکی لە دەرەوەی یاسا بەسەر هاووڵاتی سەپێنراوە، جگە لە کێشە تەقلیدییەکان کە کەمی ئاو و کارەبا و خراپی ڕێگا و بان و تەندروستی و ناشەفافی داهات و دواکەوتنی مووچە و ترسی گەرانەوەی لێبرینی مووچە و سەرەرای دەیان کێشە و نەبوونی پرۆژەی یاسای بوودجە بۆ حەوت ساڵ زیاتر و بەردەوام بوونی ئەو قەیرانانە و چارەسەر نەکردنیان لێکەوتەی خراپێ ئەبێت و کاریگەری لەسەر یەکریزی نیشتیمانی ئەبێت، دواین قسە لە بارەی بڕیاری دادگای باڵای ئیتیحادیە لەمەر نادەستووری بوونی یاسای گاز و نەوتی هەرێم، بۆ چوونی ئێمە ئەو بڕیارە لەو تەوقیتە سیاسیە و هەوڵێکە بۆ بەرتەسك کردنەوەی فیدرالیەتی هەرێمی کوردستان و ناکۆکە لەگەڵ دەستووری عێراقی، پێداگیری لە ڕێکەوتنێکی هاوسەنگ ئەکەین لەگەڵ حکومەتی عێراقی کە مافە دەستوورییەکانی هەرێم بپارێزی، لەوەش ڕوو لە پەرلەمانی کوردستان ئەکەین وەکو مەرجەعی سیاسی ڕۆڵی کارای خۆی بگێڕی بۆ داکۆکی

کردن لە مافەکانی گەلی کوردستان بۆ پاراستنی دەستکەوت و مافەکانی خەلکی کوردستان، داوا ئەکەین هەرێمی کوردستان خۆی دوور بگری لە هەر ململانێیەکی نێودەولەتی، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك فەرید.

**بەڕێز فرید یعقوب ایلیا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەست پێکردنی وەرزی نوێ پیرۆزبایی بۆ هەمووان، ئەو وەرزە وەرزی کۆتایی ئەو خولەیە، داخاز کەین وەرزیکی رێك و پێك بچیت ب تایبەت بۆ تەواو کردنی یاسایەن گرنگ و تایبەت یاسای هەلبژاردنی کۆمسیۆن و یاسای بەرژەوەندی خەلکێ هەرێم تێدابێت، پرۆسەی دیموکراسێ و بجێ هێنانە عەدالەتین مافی خەلکێ هەرێم ب تایبەت مافی پێکهاتەکان پێدڤیت پتر گرنگی پێ بدرێ و بجێ هینانا ئەو پرۆژی یاسایی کومە تەرخان کری بۆ سەرۆکایەتیا پەرلەمان، پێگومان زۆر نەمایە، بەلام گرنگە پەرلەمان ئەو یاسا بێت، وەکو لێستەی بزاڤا ئاشووری و رافیدەین تایبەت بە هەلبژاردن داخاز دکەین پرۆژە یاسایی تەرخان کری (٣/٣٠) تایبەت ب هەموار کردنی یاسایی تایبەت ب کۆتا بەو شێوەیە، داناناتا تۆمارین تایبەت ب خەلکێ مە سەندوقی هەلبژاردنی تایبەت کو خەلکێ مە بتوانی دەنگی بدەنە کاندیدێت خۆ ب تنێ وەکو هەلبژاردنی (١٩٩٢)، زیاد کردنی کۆرسێین کۆتا بۆ (١٠) کورسێ وەکێ خەلکێ رەسەنی ئەو هەرێمە و نەتەوین دووین ل هەرێم، تایبەت ب شێوەی هەلبژاردنی بۆ کۆتا داخاز دکەین کو هەرێم ببێتە یەك بازنە، داخاز دکەین کۆرسێ کۆتا ب شێوەیەکێ عادل بێنە پرۆسەی هەلبژاردن، تایبەت ب کۆمسیۆنی هەلبژاردن دگەل نوێ کرنا ئەو کۆمیسیۆنە ب شێوەکێ زامنی تەمسێلێ خەلکێ بێتن و ئەندامەکێ سەربەخۆ و راستەقینە بهتێە هەلبژاردن، تایبەت بە بڕیاری دادگای فیدرالێ بێتە چارەسەر کرن دیڤ دەستووری ب شێوەیەکێ زامن کردنی خەلکێ هەرێم و ب شەفافیەت بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك هیمداد.

**بەڕێز هیمداد صباح جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر شەیدا هەپێنجێ سایکنیس یۆرم، ینی سۆزن بتون میلەتینا هایرلێ ئۆلسن، بە ناوی خوای گەورە، وەرزی بەهارەی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان دەست پێ ئەکات، ئەو خولە لە کاتێکدایە لەبەردەم دوو ئەگەری سەرەکی داین، یەك، نووسینەوەی دەستوور و کارا کردنەوەی کۆمسیۆنی هەلبژاردن و ئامادەکاری بۆ هەلبژاردن، دوو، ڕووبەڕوو بوونەوەی دادگای فیدراڵی عێراق، سێ، ئاشتەوایی گشتی لە نێوان سەرجەم هێز و لایەنە سیاسیەکان، سەبارەت بە خاڵی یەك زۆر گرنگە لەو خولە کار بکرێ، بۆ ئەوەی لێژنەی نووسینەوەی دەستووری هەرێم کارا بکرێ، هەبوونی دەستوور کێشەی یاسایی و ئیداری چارەسەر ئەکات، ئەرکی سەرشانی ئێمەیە کۆمسیۆنی هەلبژاردن کارا بکەینەوە و ئامادە کاری بکەین بۆ هەلبژاردنی خولێ شەشەمی پەرلەمان بە تەوافوق لە نێوان لایەنە سیاسیەکان، وەکو بەرەی تورکمانی لەگەڵ ئەوەین کورسێ

پێکهاتەکان بەپێی حەجمی خۆی دابین بکرێ، بۆ نموونە تورکمان لە هەرێم ژمارەیەکی دیاری کراوی هەیە و نابێ دەستکاری کورسی بکرێ، سەبارەت بە دادگای فیدراڵی عێراق ئەو بڕیارە سیاسیە، ئەبێ بەپێی دستوور وەڵامی بەغدا بدەینەوە، پێویستە مەلەفی نەوت و غازی هەرێم بۆ هەموو لایەك شەفاف بێ، بابەتی پێکەوە ژیان و ئاشتەوایی نێوان هێزە سیاسیەکانە لە بەرەی تورکمانی دەستی ئاشتەوایی بۆ هەموو لایەك درێژ ئەکەین، کاتی ئەوە هاتووە واز لە ململانی بێنین، خەلك ماندووە، بازار گرانە و باج زۆر بووە، مووچە لە کاتی خۆی نادرێ، بۆیە بەیەکەوە کاری پەرلەمانی بکەین، چۆك ساولو.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێزان کاتی سەرۆکی فراکسیۆنیك قسە ئەکات ئەبێ گوێتان لە قسەکانی ئەو بێت، فەرموو کاك فاهیك.

**بەرێز فاهیك کمال صوغومون:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو ئەم دزانین بڕیارا دادگاها بالا فیدرلا عێراقی ل سەر دۆسێا نەفتی ل ژێر فشارا سێاسێ پێ، مەبەستی وی سێاسێە نە دەستووریە، بۆچی ئەڤ بڕیارا ئێستا هاتە دان؟ چونکە ئارمانجا وی دروست کرنا کێشە ناڤ هەردوو حکومەتا هەرێمی و حکومەتا عێراقیە، هەروسا هیزا کوردا لاواز بکەت، ئەڤجا ئەم داخازین هەمی لایەنیت سێاسێا هەرێمت دکەین بۆ پارستنا مافین خەلکێ هەرێمی، ئەوی هاتیە جێگیر کرن ل دەستووری عێراقی، ل سەر بابەتا هەلبژاردنی خولا شەشا پەرلەمانی کوردستانی پێ باشە ل کاتی خۆ بێتە ئەنجام دان، یاسایی هەلبژاردنی ئێستا ل هەرێمی بەرکارە، دێتنامە هیچ پێویست ناکات ڤی قۆناغی بێتە هەموار کرن، ل سەر بابەتی ئەنجومەنی کومیسێارا داوای هەموار کردنی یاسا ئەکەین و زیاد کردنی ئەندامانی پێکهاتەکان لەو ئەنجومەنە، ل سەر بابەتی دەستووری هەرێمی پێ باشە پێکهێنانی لێژنەکێ تازە بۆ نووسێنەوەی دەستوور، پێویستە پەرلەمانی کوردستانی دەستوورەك ل سەر بنەماکانی مافی مرۆڤ و عەدالەتی کۆمەلایەتی بنڤیسێ، داوا ئەکەین لەو خولەی پەرلەمان هەرێم ببێتە خاوەنی دەستوور، سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك ئازاد.

**بەرێز ازاد کریم بهرام:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەین بەشقان پەرلەمان یۆلەری، بوجون کوردستاندا ....

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێزان یەکێ لە شانازییەکانی گەلی کوردستان و هەرێم ئەوەیە رێز لە هەموو پێکهاتەکان ئەگرێ، لێرە حزووریان هەیە ئەتوانن بە زمانی خۆیان بە ئازادی قسە بکەن، فەرموو.

**بەرێز ازاد کریم بهرام:**

........ بوجون پێز کوردستاندا ئەنجومەن دغ شەی پەرلەماندا تورکمان لەرن پێش تورکسوار، کلد ئاشوور ئەرمەنلەرن ئالت سچوار، بوجون پێر دشوار بو تورکلارە ئاز ئەتماخ، پێز پێنە قارجێخ، پێز بنون موجادەلە لەری ساولون تەشوکورئێدەرن بو دشونجەدەن واز گیجێن لەر، پشنیاری فراکسیۆنی میللەت بۆ پەرلەمان و حکومەت لە ئەولەویات کار بکرێ بۆ بەهێز کردنی داهات و زیاد کردنی سەر پرۆژەی کشتوکاڵ و گەشت وگوزار و پیشەسازی و سیستەمی شارەوانی بگۆڕدرێ، شارەوانی شار بەرێوە بات، پلان هەبێ ئاو بە فیرۆ نەچێت و سوود لەئاو وەرگرین، ببێتە بەدیلی نەوت، پاش (٢٠) ساڵ گرفتی دونیا ئاو ئەبێ، کار بکرێ مووچە لە کاتی خۆی بدرێ، کار کردن بۆ هەلی کار و ئاسانکاری بۆ کەرتی تایبەت، مافی ئەوانەی لەکەرتی تایبەت کار ئەکەن نەفەوتێ، گرنگی دان بە پەروەردە و چاك کردنی سیستەمی پەروەردە، ئەوانەی لە (٩١) ئەوە لە سایەی حکومەتی هەرێم دەوڵەمەند بوونە حکومەت لە (٥٠%) پارەیان لێ وەرگرێ بە بەهێز کردنی داهاتی هەرێم وەك چۆن لە مووچەی مووچە خۆران پارە پاشەکەوت ئەکرێ ئەوانیش وابێ، چارەسەری ئاو و کارەبا، گرنگی بدرێ بە داواکاری پێکهاتەکان بە تایبەتی لە پەروەردە و رۆشنبیری، بودجەیەکی جیا بکرێتەوە لە وەزارەتی دارایی بۆ پرۆژەکان و چالاکی نەتەوەیی پێکهاتەکان لە هەموو وەرزەکان داوا ئەکەین جێ بەجێ بکرێ، وازیش لە بیر کردنەوەی کەمکردنەوەی کورسی کۆتاکان بهێنین، چونکە شانازی پێ ئەکەین لە کوردستان، پشتگیری بڕیاری هەر چوار سەرۆکایەتی هەرێم ئەکەین، سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێزان لەو پێنج دەقەیە هیچ کەس بێ دڵی خۆی نەکردووە لە قسە کردن بەدڵی خۆی، هەمووش ئەبێ پابەند بن بە گوێ گرتن لە وەجهە نەزەری هاورێکەیان لە فراکسیۆنێکی جیاواز، بۆیە ئەو پێنج دەقەمان داناوە بە ئازادی خۆتان قسە بکەن، قسەشی تێدابووە نا پەیرەوی بووە، قسەشی تێدا بووە قسە بووە بە حزبی سیاسی، بە شەخسی سیاسی، بەڵام لەبەر ئەوەی کردنەوەی وەرزە پێکهاتەکان و ئۆپۆزۆسیۆن ئەوانەشی لە دەسەڵاتن بە ئازادی دڵی خۆتان چیتان حەز لێ بووە وتووتانە، لێرە مولزەمین بە پاراستنی حەقی هەموو لایەك، کێ قسەیەکی کێی پێ ناخۆشە ئەتوانێ موئتەمەرێکی سحوفی لە دەرەوە بکات بڵێ لەگەڵ ئەو رەئیە نیم، بەڵام ئەو تەعبیر لە خۆی ئەکات ئەوە ئەڵێ کە حزبەکەی ئەیڵێ، چۆن حزبێك یەك کەس بێ رێزی لێ ئەگرین، پێکهاتەیەکێش یەك کەسێ لە فراکسیۆنێکی جیاواز هاتووە رێزتان هەیە، دەرفەتی قسە کردن بە یەکتری بدەن، چی بۆ هەر کەس رەوایە بۆ بەرامبەریش رەوایە، فەرموو کلارا خان.

**بەرێز کلارە عودشو یعقوب:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەڤرۆ ( ٤٣ ) ساڵ ب سەر دوماهیی سەرکردە و رێبەر و نیشتیمان پەروەر دانەری بنیاتی پێکڤە ژیان و مافی پێکهاتان ل کوردستانی مەلا مستەفا بارزانی دەرباز بوویە، سلاڤ لە گیانی پاکێ پیرۆز و تەماهیا شەهیدن کوردستانی، گەلێ کلدانی و سریانی و ئاشووری وەکێ هەمی کوردستانیان دلگرانە ژ سیاسەتا حکومەتا عێراقی بەرامبەر هەرێما کوردستانی و بڕیارە دادگاها ئیتیحادیا عێراقی سەبارەت ب یاسایی گاز و غازا هەرێمی نەدەستووریە و بڕیارەکا سیاسیە و

هەڤ دژا دگەل دەستووری ئیتیحادی و سێستەمی فیدرالێ و پێشل کرنا ماف و سەلاحیاتا هەرێمی، دێتنا مە ئەڤ بڕیارە دگەل چەندین رەفتاری سیاسێن دی ڤی وەختی دا هەلدانە ژبۆ نەهیلانە سەرکەفتنا ئەزموونا کوردستانی ل دیف ئاوادان کرنا دا و پێش ڤەچوونا ئابووری پەیوەندین دەولەتی، ژبەر هندی ڤی دادگاهی فیدرالێ پێداچوونەوە کاری خۆ راستەقینە بکەتن و سەربەخۆیا خۆ بپاریزی و دوری بەرژەوەندی سیاسێ بێتن، دگەل ئەنجامدانە هەلبژاردن وەختی خۆ داینە هەر وسا کار دکەین بۆ هەموار کرنا یاسایی کۆمیسیۆنا بالا سەربەخۆ هەلبژاردن و پێدڤیا نوێنەری خۆ راستەقینا تێدا هەبێتن و ئەڤە مافی مەیە، بۆ نڤیسێنا دەستوور دخازین مە نوێنەری خۆ هەبێتن، سەبارەت ب کۆتا کو گەلێ مە (٥) کورسێ هەی مافی مە وەك گەلەکێ رەسەن ل کورستانیە، ب هیچ رەنگەکێ رێ نادەینە چ لایەن هەول دانێ بکەت بۆ کێم کرنا کورسێ مە، ئەڤە مافی مەیە، ژ دەستکەفتێن هەرە گرنگی بۆ گەلە مە پشتی سەرهەلدانە پیرۆز (١٩٩١) دامەزراندنا خاندنا سریانی بوویە، بڕیارە وەزارەتی پەروەردە ژمارە (٤) (١٩٩٢) و بێگومان مافی گەلێ مەیە، لەوما قوتابخانە هاتن دانان و ل هەولێر و دهۆکێ و دەهان قوتابی دەرچوون لێ، و ڤان سالا ئاستی خاندنی زمانی سریانی نە ل دیف ئاستی حەزی مەیە زۆر کێمە وەك بێ سەرو بەریا قوتابخانی سریانی و هەیکەلەیتیا رێڤەبەریا گشتی و بتنێ چار کەس لێ کاردکەن، ژ سالا ( ٢٠١١ ) تا نووکە چ کەس نە دامەزراندیە نە وەك مامۆستا چ وەکێ شارەزا و کادیرێ مامۆستاین زۆر کێمن، سەرەرایی قەیرانی دارایی ئیستیستانەئەك هەبێ بۆ پێکهاتان چونکێ ئەگەر نەهێتە چارەسەر کرن دەرگەهێ قوتابخانا دینە گرتن و رازی نین، لێژنێن تایبەت تەرجەما کرنا زمانێ، بۆ زمانێت کوردی ئیمتیازات هەی یین زمانیت سریانی هندەکێ کەسێ خۆ بەخش و بێ بەرامبەر کاری تەرجمەیت کەن ل سەر حیسابێ خۆ، لەوما دڤێت چاڤ خشاندنا ڤی بابەتی بێتە کرن حکومەت هاریکار بێت بی جیاوازی، ئەو کەسن هاتیە وانەبێژ مەعاشیت وان رێکخراوی خێرخوازیا گەلێت مە دەدەن، ڤی دامیدا با وەزارەت بدەتن، ڤێرە ب یاداشتەکێ تیر و تەسەل ددینە سەرۆکاتیا پەرلەمانی و داخازین جدی بکەن دگەل وەزارەتی پەروەردی بۆ چارەسەر کرنا ڤێ گرفتێ، ژ بۆ گرنگی دان ب زمانی دایکێ یێ سریانی ڤی وەرزیدا هەولدەین یاسایی ئاکادیمیا سریای تەشریع بکەین، پشتەڤانیا پەرلەمانتارین، وەك فراکسیۆنا مە ڤی وەرزیدا هەولدەین هەموار کرنا یاسای ژمارە (٥) ی سالێ (٢٠١٥) یاسای پاراستنا پێکهاتان کو چەندین ماددە پێتڤی بێتە زیاد کرن و چەندین ماددا پهینە هەموار کرن، هەر وسا زامان کرنا وان پێکهاتا، پەرلەمانی کوردستانی هەردەم پارێزگاری کریە ل مافین هاوولاتین کوردستانی، دیڤ چوونا مە دیڤ چوون کری ............

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك دیاری.

**بەڕێز دیاری انور حەمە رحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە فراکسیۆنی سەربەخۆ لەگەڵ هەردوو هاورێم کاك مەم قانع و کاك سیروان بابان، لەسەر پرسی هەلبژاردن، پێمان وایە ئەبێ لە کاتی خۆی بێ، هەلبژاردنی پەرلەمانی کوردستان یەکێکە لە پایەکانی دیموکراسی ئەبێ بکرێ لە کاتی خۆی، لەگەڵ ئەوەی تۆماری دەنگدەران پاك

بكرێتەوە لە ناوی دەنگدەران و نـاوی مـردوو، لەگەڵ ئەوەیـن كۆمسـیۆنی بـاڵای هەڵبـژاردن كـارا بكرێتەوە و لە خەلكـانی شـارەزا و دادوەری بـێ لایەن ئەو كۆمسـیۆنە كـارا بكـرێ و دوور بـێ لە حزبـی، لەگەڵ ئەوەیـن یاسـای هەڵبـژاردن بە جۆرێـك هەمـوار بكـرێتەوە كە لە خـزمەت دۆخـی ئێستای هەرێم دابێت، پرسی هەڵبژاردن رەهەندی نیشتیمانی هەیە بـۆ بڕیـار دان لەسـەر ئەوانە، پێویستە لایەنەكان كۆببنەوە و سازانی لەسـەر بكـرێ بـۆ ئەوەی بـگەنە بڕیارێـك، بـابەتی بڕیـاری دادگای فیدراڵی عێراق لەسەر پرسی نەوت و غاز لە هەرێمی كوردستان بابەتێكی چارەنووسـازە و پەیوەندی با ئایندەی هەرێمەوە هەیە، تاكە دامەزراوە لە هەرێمی كوردسـتانە و هەڵبژێـردراوی گەلە وئەتوانێ بە ناوی گەل قسە بكات پەرلەمانە، ئەبێ پەرلەمان مەرجەعی یەكەمی سیاسـی و یاسایی بێ، ئەبێ گفتوگۆ لەسەر ئەو بابەتە بكرێ و پەرلەمان ئەتوانێ بڕیار لەوە بدات، بۆیە داوا ئەكەین ئەو بابەتە لە نێوانی حكومەتی هەرێم و ناوەندی دەرچەیەكی یاسایی بۆ بـدۆزرێتەوە و بە زیـانی مووچەخـۆران و هاووڵاتیـان نەبێـت، هەر وەفـدێك دروسـت ئەكـرێ لە ژێـر چـاودێری پەرلەمان بێت، بەلامانەوە گرنگە ئەو بابەتە لە پەرلەمان بڕیاری لەسەر بدرێ، بابەتێكی تر پرسـی بوودجە و مووچە لە هەرێم، ماوەی هەشت ساڵە پڕۆژە یاسای بوودجە نەهـاتووە بـۆ پەرلەمـان، بۆ ئەوەی خەلك نەلێ ئایا مووچە وەرئەگرم یـان نـا وچـاوەرێی ئەوە نەبـێ لێببـڕین دەسـت پـێ ئەكـاتەوە، ئەبـێ پـرۆژە یاسـای بـوودجە بێـتە پەرلەمـان، لە پارێزگـای سـلێمانی گەورەتـرین نەخۆشخانەی سلێمانی كە نەخۆشخانەی شارە ئەڵێن دائەخرێ لەبەر بێ دەرمانی، زبڵ ئەو شارە ئەخوات، بەشێك لە فەرمانبەران تا ئێستا مووچەیـان وەرنەگرتـووە، بـۆ چارەسـەر كردنـی ئەبـێ پەرلەمـانی كوردسـتان رۆڵـی فیعلـێ هەبێـت، ئەو كێشـەیەك هەیە لە ژیـانی خەڵـك، پـێم وایە بەرپرسیارییەتی ئەكەوێتە سەر پەرلەمان، لەبەر ئەوەی نوێنەری خەلكێن، بابەتێكی تر رێز گـرتنە لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان، ئەوە ئەبەستمەوە بۆ ئەوەی خەڵك بـاوەری بە پەرلەمـان هەبێـت ئەبێ پەرلەمان كارا بێت و رێز لە پەیـرەوی نـاوخۆی پەرلەمـان و رێـز لە ئۆپۆزۆسـیۆن بگیرێـت، كۆتا وەرزی یاسادانانە لەو خولە ئایـا چەنـد پێشـنیاز و پـرۆژە یاسـای لایەنەكـانی ئۆپۆزۆسـیۆن خرایە بەرنامەی كارەوە و كاری لەسەر كرا؟ ئەگەرنا خەڵك زیاتر بێ ئومێـد ئەبێـت، ئەبـێ رێـز لە ئۆپۆزۆسیۆن بگیرێت و پێشنیارەكانیان بخرێتە بەرنامەی كارەوە، ناكرێ وەڵامی پرسـیارەكانمان وەرنەگـرین، ئێسـتا لەسـەر ئەو دۆخەی هەیە نرخـی نەوت (١٠١) دۆلاری تێپەرانـد لەگەڵ ئەوەی داهـاتی نـاوخۆش زیـاد بـووە، كێشـەی مـووچە هەیە، یاداشـتێكمان ئامـادە كـردووە ئاراسـتەی دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان كراوە كە وەزیری دارایی و وەزیری سامانە سروشـتییەكان بـێن روون كردنەوە بدەن لە پەرلەمان، بـابەتێكێ تـر هیـوادارم هەمـووان كـاری لەسـەر بـكەن پێشـتر پێشـنیازە یاسـا پێشـكەش كـراوە پرسـی دامەزرانـدە بـۆ ئەوانەی خوێنـدنیان تەواو كـردووە، بە هەمیشەیی كردنی گرێبەستەكان و خۆبەخشەكان، نەك بۆ هەندی هەبێت و هەندێك نەبێت.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن / سەرۆكی پەرلەمان:**

بەرێـزان دەسـت بە جـێ بەجـێ كردنـی بـڕگەی پێنجەمـی بەرنـامەی كـاری، بەرێـزان سـەرۆكی فراكسـیۆنەكان دنیـایەك قسـەیان كـردووە، رەئییەكانیشـیان بەجێـیە، جـاری بـا رەئـی سـەرۆكی فراكسـیۆنەكان بچێـتە نـاو رای گشـتی، (٢٤) سـەعات بـدەنە سـەرۆكی فراكسـیۆنەكان بەس بـۆ ئەوەی خەڵك بزانێ سەرۆكی فراكسیۆنەكان كە تەعبیر لە فراكسیۆنەكانتان ئەكات چـی ئەكـات،

سبەینێ دانیشتنی پەرلەمان بەردەوام ئەبێت و دڵنیا بن نوقتەی نیزامی وەرئەگرین، ئەمڕۆ دەنگدان لەسەر ئەو دوو پرۆژەیە ئەکەین، فەرموو لێژنەی یاسایی، دەنگدان لەسەر پێشنیازە یاسای ئەرشیف لە هەرێمی کوردستانی عێراق، فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەقی راپۆرتی هەردوو لێژنەیە، بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان.

بابەت/ راپۆرتی دەنگدان:

لێژنەی کاروباری یاسایی و لێژنەی رۆشنبیری و کۆمەڵگەی مەدەنی وەرزش و لاوان رۆژی یەك شەمە رێکەوتی (٢٠٢٢/٢/٢٧) کاتژمیر (١٢) نیوەرۆ کۆبوونەوەی هاوبەشیان ئەنجامدا بۆ تاوتوێ کردن و دارشتنەوەی ئەو پێشنیارانەی لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، سەبارەت بە پێشیازە یاسای پاراستنی ئەرشیف بە هەرێمی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی خوێندنەوەی دووەم، دوای گفتوگۆ کردن و تاوتوی کردن لێژنەکان گەیشتنە ئەو ئەنجامەی خوارەوە:

سەبارەت بە ناونیشان چوار پێشنیار هەیە:

١- پێشنیازە یاسای پاراستنی بەڵگەنامە و ئەرشیف لە هەرێمی کوردستانی عێراق.

٢- پێشنیازە یاسای پاراستنی ئەرشیف و بەڵگەنامەکانی گەلێ کورد لە هەرێمی کوردستاندا.

٣- وەکو خۆی، پێشنیازە یاسای پاراستنی ئەرشیف لە هەرێمی کوردستان-عێراق.

٤- پێشنیاری هەردوو لێژنەی تایبەتمەند، بەپێی ئەو دەستەڵاتانەی ماددەی (٩١) بڕگەی (٤) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان کە بە لێژنەی یاسایی و تایبەتمەند دراوە ئێمە لە کۆبەندی ئەو بژاردانەی پێشنیار کراون لە لایەن ئەندامانی پەرلەمان لە دانیشتنی خوێندنەوەی دووەم ئەم پێشنیارە ئەخەینەروو و داوا ئەکەین بخریتە دەنگدان، پێشنیازە یاسای پاراستنی بەڵگە نامەی نیشتیمانی لە هەرێمی کوردستان-عێراق.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

سەبارەت بە ناونیشان (٤) پێشنیاز هەیە، پێشنیازە یاسای پاراستنی بەڵگەنامە و ئەرشیف لە هەرێمی کوردستانی عێراق کێ لەگەڵە؟ کەس نییە، دووەم؟ سێیەم وەکو خۆی کێ لەگەڵە؟ چوارەم؟ پێشنیازی لێژنەی تایبەتمەند پێشنیازە یاسای پاراستنی بەڵگەنامەی نیشتیمانی لە هەرێمی کوردستانی عێراق؟ (٧٨) کەس، بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، فەرموو.

**بەڕێز سەلما فاتح تۆفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی یەك شەش پێشنیار هەیە:

١- ماددەکە وەکو خۆی تەنیا بڕگەی چوارەم بەو شێوەیە بێت:

٤- ئەرشیف زانیاری و بەڵگەنامەی تۆمار کراو لە شێوەی دەست نووس و چاپ کرا و دەنگی و وێنە و ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان یان هەر شێوازێکی گشتی بێت یان تایبەت دروست کرابێت یان بەدەست هێنرابێت کە پەیوەندی بە مێژوو کەلەپووری گەلی کوردستان هەبێت.

پێشنیاری دووەم: وەکو خۆی تەنیا بڕگەی (٣ و ٦) بەو شێوەیە بێت:

٣- ناوەند: ناوەندی گشتی پاراستنی بەڵگەنامەکان.
٦- ئەرشیفی تایبەتی ئەو زانیاری و بەڵگەنامانەی کە خاوەندارییەتییان بۆ کەسێك یان کۆمەڵە کەسێك یان ناوەندێك یان دامەزراوەیەکی ئەهلی ئەگەڕێتەوە و خەسڵەتی ئەرشیفی تێدایە.
پێشنیاری سێیەم: وەکو خۆی تەنیا ئەو گۆڕانکارییانەی تێدابێت:
بڕگەی ٤: بەڵگەنامەی زانیاری و بەڵگەنامەی تۆمار کراو لە شێوەی دەستنووسی دیجیتاڵی و فۆتۆگرافی یان هەر بەڵگەنامەیەکی داهێنراوی لەمەودواشە، هەروەها نامە گۆڕینەوە و قەواڵە و نەخشە و وێنەی روون کردنەوە و هێلکاری و هەر شتێکی مافی سەلمێنراوی تێدا جێگیر کرابێ.
٢- بڕگەی بە زنجیرەی حەوتەم زیاد بکرێ بەو شێوەیە:
ئەرشیفی تایبەت ئەو بەڵگە نامانەی پەیوەندیدارن بە چالاکییەکانی کەسێکی سروشتی یان مەعنەوی کەرتی تایبەت لە هەرێم.
پێشنیاری چوارەم: ماددەکە وەکو خۆی تەنیا بڕگەکانی سێیەم و چوارەم بەو شێوەیە بێت:
٣- بەرێوەبەرایەتی گشتی بەرێوەبەرایەتی گشتی ئەرشیف کردن.
٤- ئەرشیف: زانیاری و بەڵگەنامەی تۆمار کراو لە شێوەی دەستنووس و چاپکرا و دەنگی وێنە و ڤیدیۆ و یان هەر شێوازیکی دیکەی گشتی بێ یان تایبەت دروست کرابێ یان بەدەست هێنرابێ کە پەیوەندیدارن بە مێژووی گەلێ کوردستانەوە.
پێشنیاری پێنجەم: وەکو خۆی:
ماددەی یەك:
بەمەبەستی حوکمەکانی ئەو یاسایە ئەو دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانیان بەرامبەری ئەگەیەنێ:
١- هەرێم: هەرێمی کوردستان_عێراق.
٢- وەزیر: وەزیری رۆشنبیری و لاوانی هەرێم.
٣- ناوەند: ناوەندی ئەرشیفی کوردستان.
٤- ئەرشیف: زانیاری و بەڵگەنامەی تۆمار کراو لە شێوەی دەستنووس و چاپکراو و دەنگی و وێنە یان هەر شێوازێکی دیکەی گشتی بێت یان تایبەت دروست کراو یان بەدەست هێنراو بێت کە پەیوەندیدار بە مێژوو و کەلەپووری گەلێ کوردستان.
٥- ئەرشیفی گشتی: ئەو زانیاری و بەڵگەنامانەی پەیوەندیدارن بە چالاکییەکانی دامەزراوە فەرمییەکانی هەرێم یان لایەنی تایبەت راسپێراو بە خزمەتی گشتی یان ئەرشیفی تایبەتن و ناوەند بە دەستی هێناون.
٦- ئەرشیفی تایبەتی: ئەو زانیاری و بەڵگەنامانەی کە خاوەندارییەتیان بۆ کەسێك یان کۆمەلە کەسێك ئەگەریتەوە و خەسلەتی ئەرشیفی تیدایە.
پێشنیاری شەشەم: پێشنیاری هەردوو لێژنەی تایبەتمەندە: ماددەکە بەو شێوەیە بێت:
سەبارەت بە حوکمەکانی ئەو یاسایە ئەو زاراوانە و دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانیان بەرامبەریان ئەگەیەنن:
١- هەرێم: هەرێمی کوردستان_عێراق.
٢- وەزارەت: وەزیری رۆشنبێری و لاوانی هەرێم.

٣- وەزیر: وەزیری رۆشنبیری و لاوانی هەرێم.
٣- ناوەند: ناوەندی بەڵگەنامەی نیشتیمانی لە هەرێم.
٥- بەڵگەنامە: هەموو دەفرێکی پاراستنی زانیاری ئەلیکترۆنی و فۆتۆگرافی و دەستخەت و هەر داهێنانێکی کۆن و تازەی لەمەودواشە هەروەها نامە گۆڕینەوە و تۆمار و نەخشە و وێنەی روون کردنەوە و هێلکاری و هەرشتێکێش موڵکێکی سەلمێنراوی تێدا جێگیرکرابێ ئەگرێتەوە.
٦- ئەرشیف کردن: کۆمەڵێک تەکنیک و رێوشوێن و شێوازە بۆ کۆکردنەوە و پاراستن و رێکخستن و خستنەوە بەردەستی بەڵگەنامەکان بۆ سوودی زانستی و گشتی.
٧- بەڵگەنامەی گشتی: بەڵگەنامەی پەیوەندیدارە بە چالاکییەکانی دامەزراوە فەرمییەکانی هەرێم، لایەنی تایبەتی راسپێردراو بە خزمەتی گشتی و حوکمەتەکانی پێشووی دەوڵەتی عێراق لە کوردستان و دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق و هەر بەڵگەنامەیەك لە عێراق پەیوەندیدار بێت بە خاك و گەلی کوردستان ئەو بەڵگەنامە تایبەتیانەی ناوەند بەدەستی ئەهێنی خەسلەتی گشتیان پێ ئەبەخشێ ئەگرێتەوە.
٨- بەڵگەنامەی تایبەت: ئەو بەڵگەنامانەی کە خاوەنداریەتیان بۆ کەسێکی سروشتی یان مەعنەوی ئەگرێتەوە و خەسلەتی بەڵگەنامەیان تێدایە.
دوو: گۆڕینی دەستەواژەی ئەرشیف و بەڵگەنامە لە هەر بڕگە و ماددەیەکێ ئەم یاسایە هاتبێ.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێزان ماددەی یەکەم شەش پێشنیاز هەیە کێ لەگەڵ دایە؟ کەس نییە، دووەم؟ کەس نییە؟ سێیەم؟ کەس نییە. چوارەم؟ کەس نییە، پێنجەم؟ کەس نییە، شەشەم کە هی لێژنەی تایبەتمەندە؟ (٧٤) کەس، پەسند کرا.

**بەڕێز جلال محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی دوو چوار پێشنیار هەیە:
یەکەم: وەکو خۆی تەنیا بڕگەی سێیەم بەو شێوەیە بێت:
٣- گەرانەوەی سەرجەم ئەو بەڵگەنامە و نووسین و رێکەوتنامانەی لە ئەرشیفی وڵاتانی بیانی هەیە.
پێشنیاری دووەم: وەکو خۆی تەنیا بڕگەی دووەم بەو شێوەیە بێت:
٢- بەدەست خستنی ئەو بەڵگەنامانەی تایبەتن بە حوکمەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق و پەیوەندیدارن بە خاك و گەلی کوردستان بە تایبەتی بەڵگەنامەی ئەمنی و سەربازی و حیزبی و کەڵك لێ وەرگرتنیان لە بواری توێژینەوە و لێکۆڵینەوەدا.
پێشنیاری سێیەم: وەکو خۆی تەنیا بڕگەیەك بە زنجیرەی شەشەم زیاد بکرێ:
٦- رێکخستنی دەستنووسەکان بە مەبەستی سوود لێ وەرگرتن وەکو سەرچاوەیەکی زانستی.
پێشنیاری چوارەم وەکو خۆی:
ماددەی دوو:
ئامانجەکانی ئەو یاسایە بڕیتیە لە:
١- کۆکردنەوە و پارێزگاری کردن لە بەڵگەنامەکانی گەلی کوردستان بە شێوەیەکی زانستی.

٢- بەدەست خستنی ئەو بەڵگەنامانەی تایبەتن بە حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق و پەیوەندیدارن بە خاك و گەلی کوردستان.
٣- بەدەست خستنی وێنەی ئەو بەڵگەنامە بیانییانە و ئەرشیف کردنیان کە پەیوەندییان بە مێژووی گەلی کوردستانەوە هەیە.
٤- رێکخستنی بەڵگەنامەکان بە مەبەستی سوود لێوەرگرتنیان وەکو سەرچاوەی زانستنی
٥- پارێزگاری کردنی بەڵگەنامانەی دامەزراوەکانی یاسادانان و جێ بەجێ کردنی دادوەری و دەستە سەربەخۆکان کە بایەخی مێژوویان هەیە لە هەرێم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

چوار پێشنیار هەیە، کێ لەگەڵ یەکەمە؟ کەس نییە، دووەم؟ (٣) کەس، سێیەم؟ کەس نییە، چوارەم وەکو خۆی؟ (٦٠ ) کەس، پەسند کرا، فەرموو.

**بەڕێز گۆران عمر علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی سێ حەوت پێشنیار هەیە.
پێشنیار یەکەم: وەکو خۆی تەنیا خالی دوو لە بڕگەی دوو بەو شێوەی لێ بکرێ:
٢- گەڕانەوەی ئەو ئەرشیفانەی لە ئێستا لە دەرەوەی وڵاتن یان وێنەیەکی لەبەر گیراویان.
پێشنیار دوو: خالی دوو لە بڕگەی دوو بەو شێوەیە بێت:
٢- گەڕانەوەی ئەو بەڵگەنامانەی تایبەت بە مێژوو و جوگرافیای خاکی کوردستان و گەلی کوردستان و لە ئەرشیفی وڵاتانن.
٢ : بڕگەی (٣) بەو شێوەیە بێت.
٣- ناوەند بەشە بودجەیەکی تایبەتی ئەبێت.
٣یشنیاری سێیەم: وەکو خۆی تەنیا بڕگەی یەکەم بەو شێوەیە بێت:
١- ناوەندێك لە هەرێمی کوردستان بە ناوی ناوەندی ئەرشیفی کوردستان دائەمەزرێت وخاوەن کەسایەتی مەعنەوی و سەربەوەزارەتی رۆشنبیری ولاوان ئەبێت وبنکەی سەرەکی لە هەولێر ئەبێت و لە سەرجەم پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لقی ئەبێت.
پێشنیاری چوارەم: وەکو خۆی لەگەڵ ئەم گۆرانکارییانەی خوارەوە:
١- بەو شێوەی لێ بکرێ:
١- ناوەندێك لە هەرێمی کوردستان بە ناوی ناوەندی ئەرشیفی کوردستان دائەمەزرێت وخاوەن کەسایەتی مەعنەوی و سەربەوەزارەتی رۆشنبیری و لاوان ئەبێت و ئۆفیسی سەرەکی لە هەولێر ئەبێت و لە سەرجەم پارێزگاکان لقی ئەبێت.
٢- بەو شێوەی لێ بکرێ:
٢- گەڕانەوەی ئەو بەڵگەنامانەی کە لە بەرژەوەندی هەرێم دان کە لە ئێستا لە دەرەوەی وڵاتن یان وێنەیەکی لەبەر گیراو بێت.
پێشنیاری پێنجەم: وەکو خۆی تەنیا بڕگەی یەك بەو شێوەی لێ بکرێ:
١- ناوەندیك لە هەرێمی کوردستان بە ناوی ناوەندی ئەرشیفی کوردستان دائەمەزرێت وخاوەن کەسایەتی مەعنەوی و سەربەوەزارەتی رۆشنبیری و لاوان ئەبێت و بارەگای سەرەکی لە هەولێر

ئەبێـت و ئەكـرێ لە هەر پارێزگـایەك لقیكـێ هەبێـت ئەبێـت لقەكـانی خـاوەن پەیـرەو و بـۆرد وپرۆگرامـی تـایبەت و دەسـتەی بەرێـوەربردنی تـایبەت بە خۆیـان بـن، هەروەهـا لە بـودجەی ساڵانەی ناوەند بودجەیەكی تایبەت بە گوێرەی گرنگی پێداویستی بۆ لقەكان دابین بكات.

پێشنیاری شەشەم: وەكو خۆی.

ماددەی سێ:

١- ناوەندێك لە هەرێمی كوردستان بە ناوی ناوەندی ئەرشیفی كوردستان دائەمەزرێـت وخـاوەن كەسایەتی مەعنەوی و سەربەوەزارەتی رۆشنبیری و لاوان ئەبێت و بارەگای سەرەكی لە هەولێـر ئەبێت.

٢- ناوەند تایبەت ئەبێ بە:

١- كۆكردنەوە و پارێزگاری كردن وسەرپەرشتی كردن ورێكخستن وپـۆلێن كردنـی ئەرشـیفەكانی پەیوەندیـدار بە گەلـی كوردسـتان و چـۆنییەتی سـوود لـێ وەرگرتنـی بە پێـی حوكمەكـانی ئەو یاسایە.

٢- گەڕانەوەی ئەو ئەرشیفانەی كە لە بەرژەوەنـدی گشـتی هەرێمـدان كە لە ئێسـتادا لە دەرەوەی وڵاتن یان وێنەیەكی لەبەر گیراویان.

٣- هەماهەنگی كردنی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەكان.

٤- هەر ئەركێكی تری ئەنجومەنی پێ ئەسپێردرێ.

٣- ناوەند بەشە بودجەیەكی تایبەت لە چوارچێوەی وەزارەتدا ئەبێت.

پێشنیاری حەوتەم: پێشنیاری هەردوو لێژنەی تایبەتمەند بەو شێوەیە بێت:

١- ناوەنـدێك لە هەرێمـی كوردسـتان بە نـاوی ناوەنـدی بەڵگەنـامەی نیشـتیمانی لە هەرێمـی كوردستان-عێراق دائەمەزرێت و خاوەن كەسایەتی مەعنەوی و سەر بەوەزارەت ئەبێت، بەپێـی یاسای ژمارە (١٢) ی ساڵێ (٢٠١١) وەزارەت لقیشی لە پارێزگاكانی تری هەرێم ئەبێت.

٢- ناوەند ئەو ئەركانە لە ئەستۆ ئەگرێت.

١- كـۆكردنەوە و پارێزگـاری كـردن و سەرپەرشـتی كـردن و رێكخسـتن و پـۆلێن كردنـی ئەرشـف كردنی بەڵگەنامەكان و چۆنییەتی سوود لێ وەرگرتنیان بەپێی حوكمەكانی ئەو یاسایە.

٢- گەڕاندنەوەی رێنووسی نوسخە رەسەن یان وێنەیەكی لەبەر گیراو وەك بەڵگەنامە گشـتیانەی ئێستا لە دەرەوەی هەرێمن.

٣- هەمـاهەنگی كـردن لەگەڵ لایەنە پەیوەندیـدارەكان بـۆ جـێ بەجـێ كردنـی ئامانجەكـانی ئەو یاسایە.

٤- هەر ئەركێكێ تر كە ئەنجومەنی پێكهاتوو بەپێی ماددەی پێنجی ئەو یاسایە پێی ئەسپێدری.

٣- ناوەند بەشە بودجەیەكی تایبەتی ئەبێ لە چوارچیوەی بودجەی وەزارەت.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن / سەرۆكی پەرلەمان:**

حەوت پێشنیار هەیە، کێ لەگەڵ یەکەمە؟ کەس نییە، دووەم؟ کەس نیـیە، سێیەم، کەس نیـیە، چـوارەم؟ کەس نیـیە، پێـنجەم؟ (٢) کەس، شەشـەم؟ کەس نیـیە، حەوتەم؟ ( ٥٨) کەس، پەسـند کرا، فەرمووە.

**بەڕێز سەلما فاتح تۆفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی چوار شەش پێشنیار هەیە.

یەکەم: وەکو خۆی تەنیا بڕگەی یەکەم بەو شێوەیە بێت.

١- ناوەند بەڕێوەبەریکێ گشتی ئەبێت لای کەم هەلگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس بێت و پسـپۆر و شارەزا بێت لە بواری مێژوو و بەڵگەنامە مێژووییەکان و ئەرشیف کردن و لەو بەشانە پێك دێت:

١- بەشی کارگێری و دارایی.

٢- بەشی ئەرشیف و تۆمار.

٣- بەشی توێژینەوە.

٤- بەشی پەیوەندیەکان.

٥- بەشی تەکنیکی.

٦- بەشی شوێنەوار و مێژوو.

٧- بەشی بەدواداچوون و دەست خستنی بەڵگەنامەکان.

پێشنیاری دووەم : وەکو خۆی تەنیا زیاد کردنی خالێـك بە زنجێـرە ( ٦ ) بـۆ بـڕگەی یەکەم و بەو شێوەی خوارەوە:

٦- بەشی چاکردنەوە و سەخبێری کردن.

پشنیاری سێیەم : وەکو خۆی تەنیا بڕگەی یەکەم بەو شێوەیە:

١- ناوەند بەڕێوەبەریکێ گشتی ئەبێت لای کەم هەلگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس بێت و پسپۆر و شارەزا بێـت لە بـواری ئەرشـیف کـردن و بە مەرجـێ خزمەتـی لە (١٠) سـاڵ کەمتـر نەبێـت و لەو بەشانە پێك دێت:

١- بەشی کارگێری و دارایی.

٢- بەشی ئەرشیف و تۆمار.

٣- بەشی توێژینەوە.

٤- بەشی پەیوەندییەکان.

٥- بەشی تەکنیکی.

پێشنیاری چوارەم: وەکو خۆی تەنیا بڕگەی یەکەم بەو شێوەیە بێت:

١- ناوەند بەڕێوەبەریکی گشتی ئەبێت لای کەم هەلگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس بێت و پسـپۆر و شارەزا بێت لە بواری ئەرشیف کردندا.

پێشنیاری پێنجەم: وەکو خۆی.

ماددەی چوار:

١- ناوەند بەڕێوەبەریکی ئەبێت لای کەم هەلگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس بێت و پسپۆر و شارەزا بێت لە بواری ئەرشیف کردن لەو بەشانە پێك دێت:

١- بەشی کارگێری و دارایی.
٢- بەشی ئەرشیف و تۆمار.
٣- بەشی توێژینەوە.
٤- بەشی پەیوەندییەکان.
٥- بەشی تەکنیکی.
٢- ناوەند دەستەیەکی ئەبێت پێك دێت لە بەرێوەبەر و بەرپرسی بەشەکانی ناوەند.
پێشنیاری شەشەم هی هەردوو لێژنەی تایبەتمەند:
ماددەی چوار:
١- ناوەند بەرێوەبەرێکی گشتی ئەبێت لای کەم هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس بێت و پسپۆر و شارەزا بێت لە بواری ئەرشیف کردندا.
٢- ناوەند لەو بەشانە پێك دێت:
١- بەشی کارگێری.
٢- بەشی ژمێریاری.
٣- بەشی یاسایی.
٤- بەشی ئەرشیف و تۆمار.
٤- بەشی راگەیاندن و پەیوەندیەکان.
٥- بەشی تەکنیکی.
٦- هەر بەشێکی تر کە دەستەی ناوەند بە پێویستی بزانیت و دوای رەزامەندی وەزیر دروستی ئەکات.
٣- ناوەند دەستەیەکی بەرێوەبردنی ئەبێت کە لە بەرێوەبەر و بەرپرسی بەشەکان پێك دێت.
**بەرێز د. رێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**
کێ لەگەڵ یەکەمە؟ (١) کەس، دووەم؟ کەس نییە، سێیەم؟ چوارەم؟ کەس نییە، پێنجەم؟ کەس نییە؟ پێشنیاری شەشەم هی لێژنەی هاوبەش؟ (٥٣) کەس لەگەڵە، فەرموو.
**بەرێز سەلما فاتح تۆفیق:**
سەبارەت بە ماددەی پێنجەم هەشت پێشنیار هەیە:
یەکەم: وەکو خۆی تەنیا بڕگەی یەکەم خاڵێك بە زنجیرەی هەشت زیاد بکرێ بە ناوی وەزارەتی شەهیدان و ئەنفال کراون.
پشنیاری دووەم: وەکو خۆی تەنیا لە بڕگەی یەکەم خاڵێك بە زنجیرەی هەشت زیاد بکرێ بە ناوی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی هەرێم.
پشنیاری سێیەم وەکو خۆی تەنیا لە بڕگەی یەکەم لە خالی شەش بەو شێوەی لێ بکرێ (ئەکادیمیای کوردی).
پێشنیاری چوارەم: وەکو خۆی تەنیا بڕگەی دووم بەو شێوەی لێ بکرێ:
٢- ئەنجومەن لەسەر داوای وەزیر کۆ ئەبێتەوە و بۆی هەیە بانگهێشتی هەر کەسێك بکات کە بە پێویستی بزانیت لە کۆبوونەوەکە بەشدار بێت.

پێشـنیاری پێـنجەم: وەکـو خـۆی تەنیـا بـڕگەی یەکەم خاڵێـك بە زنجێـرەی هەشـت زیـاد بکـرێ وەزارەتی پلاندانان.
پێشنیاری شەشەم وەکو خۆی تەنیا خالێ پێنجەم لە بڕگەی یەکەم بەو شێوەی لێ بکرێ:
٥- بەرێوەبەری گشتی.
پێشنیاری حەوتەم: وەکو خۆی:
ماددەی پێنجەم:
١- ئەنجومەنێك بە سەرۆکایەتی وەزیر پێکدێت بـۆ رێکخسـتن و پلانـدانانی کارەکـانی دەسـتەی بەرێـوەبڕدنی ناوەنـدو ئەنـدامییەتی نـوێنەری ئەو لایەنـانەی خـوارەوە کە پـلەی وەزیفیـان لە بەرێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت:
١- وەزارەتی پەروەردە.
٢- وەزارەتی خوێندنی بالاو توێژینەوەی زانستی.
٣- وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار.
٤- وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی.
٥- بەرێوەبەری ناوەند.
٦- ئەکادیمیای کوردستان.
٧- فەرمانگەی رێکخراوەکانی کۆمەلگەی مەدەنی.
دووەم: ئەنجومەن لەسەر داوای سەرۆك کۆئەبێتەوە و بۆی هەیە بانگهێشتی هەرکەسێك بکـات بە پێویستی بزانی لە کۆبوونەوەکە بەشدار بێت.
سێیەم : ئەنجومەن ئەو ئەرکانە لە ئەستۆ ئەگرێت:
١- دارشتنی پلانی گشتی ناوەند.
٢- دانـانی سـتراتیجی هەمـاهەنگی نێـوانی لایەنەکـان بە مەبەسـتی کـۆکردنەوە و پاراسـتنی ئەرشیفی کوردستان.
٣- دیاری کردنی میلاکی فەرمانبەرانی ناوەند.
٤- رەزامەندی دان لەسەر پێشنیاری بودجەی ساڵانە و ژمێرەی کۆتایی ناوەند.
پێشنیاری هەشتەم پێشنیاری هەردوو لێژنەی تایبەتمەندە:
١- ئەنجومەنێك بە سەرۆکایەتی وەزیر بۆ رێکخستن و پلاندانان بۆ کار و چالاکییەکانی ناوەند و بە ئەنـدامیەتی نـوێنەری ئەو لایەنـانەی خـوارەوە پێکـدێت کە پـلەی وەزیفیـان لە بەرێـوەبەری گشتی کەمتر نەبێت:
١- وەزارەتی پلاندانان.
٢- وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی.
٣- وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار.
٤- وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی.
٥- وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفال کراوان.
٦- ئەکادیمیای کوردستان.
٧- فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومییەکان.

٨- بەڕێوەبەری گشتی ناوەند.
دووەم: ئەنجومەن (٣) مانگ جارێك و لە كاتی پێویستدا لەسەر داوای سەرۆكی ئەنجومەن كۆئەبێتەوە و بۆی هەیە بانگهێشتی هەركەسێك و لایەن و وەزارەتێك بكات كە بە پێویستی بزانی لە كۆبوونەوەكە بەشدار بێت.
سێییەم: ئەنجومەن ئەو ئەركانە لە ئەستۆ ئەگریت:
١- دارشتنی پلانی گشتی ناوەند.
٢- دانانی ستراتیجی هەماهەنگی نێوانی لایەنە پەیوەندیدارەكان بە مەبەستی كۆكردنەوە و پاراستن و ئەرشیف كردنی بەڵگەنامەكان.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆكی پەرلەمان:**
هەشت پێنشنیار هەیە، یەكەم؟ كەس نییە، دووەم؟ كەس نییە، سێیەم، كەس نییە، چوارەم؟ كەس نییە، پێنجەم؟ كەس نییە، شەشەم؟ كەس نییە، حەوتەم؟ كەس نییە، هەشتەم كە هەر دوو لێژنەی تایبەتمەندە؟ (٦٩) كەس، ماددەی شەشەم.
**بەڕێز گۆران عمر علی:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
ماددەی شەشەم: دوو پێشنیار هەیە.
یەكەم: وەكو خۆی:
ماددەی شەشەم:
سەرجەم دامەزاروە فەرمییەكانی هەرێم ئەرشیفی تایبەت بە كاروبارەكانیان رادەستی ناوەند ئەكەن دوای كۆتایی هاتنی كارەكانی مەگەر تایبەتمەندییەكانی بۆ پاشینە بمێنیتەوە.
دووەم: پێشنیاری هەردوو لێژنەی تایبەتمەند:
سەرجەم دامەزاروە فەرمییەكانی هەرێم بەڵگەنامە تایبەت بە كاروبارەكانیان رادەستی ناوەند ئەكەن مەگەر تایبەتمەندییەكانی بۆ پاشینە بمێنێتەوە.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆكی پەرلەمان:**
دوو پێشنیار هەیە، كێ لەگەڵ یەكەمە؟ كەس نییە، دووەم؟ (٧٥) كەس، پەسند كرا، فەرموو.
**بەڕێز جلال محمد عبدالله:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
سەبارەت بەماددەی (٧) چوار پێشنیار هەیە:
یەكەم: ئەم ماددەیە لابرێ.
دووەم: بەو شێوەی لێ بكرێ:
نابێت ئەرشیفی گشتی لەناو ببرێ مەگەر دوای هەڵسەنگاندنی لەلایەن لێژنەی پسپۆر و شارەزا بە رەزامەندی ئەنجومەن.
سێیەم: بەو شێوەی لێ بكرێ:
نابێ ئەرشیفی گشتی لەناو ببرێ.
چوارەم: وەكو خۆی:

نابێت ئەرشیفی گشتی لەناو ببرێت مەگەر دوای هەڵسەنگاندنی لەلایەن لێژنەی پسپۆر و شارەزا بە رەزامەندی دەستەی ناوەند.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

چوار پێشنیار هەیە، یەکەم؟ (٦٤) کەس، دووەم، کەس نییە، سێیەم؟ کەس نییە، چوارەم، کەس نییە، پەسند کرا، فەرموو.

**بەڕێز سەلما فاتح تۆفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٨) دوو پێشنیار هەیە:

یەکەم: وەکو خۆی:

ماددەی هەشت:

یەکەم: ئەرشیفی ناوەند بۆ مەبەستی زانستی سوودی لێ وەرئەگیرێت بە پێی یاسای مافی دەستکەوتنی زانیاری لە هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (١١) ی ساڵی (٢٠١٣).

دووەم: دەستەی بەڕێوەبردنی ناوەند بۆی هەیە هەر بەڵگەنامەیەك بۆ بەرژەوەندی گشتی بە نهێنی هەژمار بکات بە مەرجێك دەقێك یاسایی ڕێگر نەبێت.

پشنیاری دووەم هی هەردوو لێژنەی تایبەتمەندە:

یەکەم: ئەرشیفی ناوەند بۆ مەبەستی زانستی بەپێی یاسای مافی دەستکەوتنی زانیاری لە هەرێمی کوردستان -عێراق ژمارە (١١) ی ساڵێ (٢٠١٣) سودی لێ وەرئەگیرێت.

دووەم: دەستەی بەڕێوەبردنی ناوەند بە ڕەزامەندی وەزیر بۆی هەیە هەر بەڵگەنامەیەك بۆ بەرژەوەندی گشتی بە نهێنی هەژمار بکات بە مەرجێك دەقێکی یاسایی ڕێگر نەبێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

دوو پشنیار هەیە، کێ لەگەڵ یەکەمە؟ کەس نییە، دووەم؟ (٧٣) کەس، پەسند کرا، فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی نۆ چوار پشنیار هەیە.

یەکەم: بەو شێوەی لێ بکرێت:

ئەرشیف کراوێکی تۆمار کراو لە ناوەند نابێ ببرێتە دەرەوەی هەرێم تەنیا بە پێشنیازی دەستەی بەڕێوەبردنی ناوەند و بڕیاری وەزیر نەبێت.

پێشنیاری دووەم: بەو شێوەی لێ بکرێ:

ئەرشیف کراوێکی هەڵگیراو لە ناوەند ناپێ ببریتە دەرەوەی هەرێم تەنیا بە پێشنیازی دەستەی بەڕێوەبردنی ناوەند و بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران نەبێت.

پێشنیاری سێیەم: وەکو خۆی:

ئەرشیف کراوێکی هەلگیراو لە ناوەند نابێ ببرێتە دەرەوەی هەرێم تەنیا بە پێشنیازی دەستەی بەڕێوەبردنی ناوەند و بڕیاری وەزیر نەبێت.

پشنیاری چوارەم: هی هەردوو لێژنەی تایبەتمەندە:

هەر بەڵگەنامەیەکی هەلگیراو لە ناوەند نابڕدرێتە دەرەوەی هەرێم تەنیا بە پێنشیازی دەستەی بەرێوەبەردنی ناوەند و بڕیاری وەزیر نەبێت تەنیا بۆ مەبەستێکی رەواو و ماوەیەکی دیاری کراو.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ یەکەمە؟ کەس نییە، دووەم؟ (١) کەس، سێیەم؟ کەس نییە، لەگەڵ چوارەم؟ بەڵام ئەبێ یەکێ لەو دوو (تەنهایە) لابەین، (٧٢) کەس لەگەڵییەتی، پەسند کرا، فەرموو.

**بەڕێز سەلما فاتح تۆفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٠): چوار پێشنیار هەیە:

پێشنیاری یەکەم: وەکو خۆی تەنیا خاڵی یەك لە بڕگەی یەك بەو شێوەیە بێت:

لە ماوەی (١٨٠) رۆژ لە رۆژی ڕێکەوتی بەرکار بوونی ئەو یاسایە بە ژمارە و بڕ و داتای دروست لە ناوەند تۆماری بکات.

پێشنیاری دووەم: وەکو خۆی لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریانەی خوارەوە:

خالێ دووەم لە بڕگەی یەکەم بەو شێوەی لێ بکرێ:

وێنەیەکێ رەسەن یان لەبەر گیراوی ئەرشیف کراو رادەستی ناوەند بکات.

٢- بڕگەی دووەمی ماددەکە بەو شێوەی لێ بکرێ:

هەر کەسێك ئەشیفیکێ بەردەست پێ پابەندە بۆ گەرانەوەی بۆ ناوەند و پاداشتیکێ پێ ئەدرێت.

پێشنیاری سێیەم وەکو خۆی:

ماددەی (١٠):

هەر کەسێك ئەرشیفێکی تایبەتی لەبەر دەستدا بێت پێویستە:

١- لە ماوەی (١٢٠) رۆژ لە ڕێکەوتی بەرکار بوونی ئەو یاسایە بە ژمارە و بڕ و داتای دروست لە ناوەند تۆماری بکات.

٢- وێنەیەکێ رەسەن یان لەبەر گیراوی ئەرشیف کراوی مێژووییەکانی رادەستی ناوەند بکات.

٣- بەرپرسیاریەتی یاسایی پاراستنی ئەرشیفەکە بگرێتە ئەستۆ و هەماهەنگ بێت لەگەڵ ناوەند بە مەبەستی چاودێری کردن و سەرپەرشتی کردن.

دووەم: هەر کەسێك ئەرشیفێکی گشتی لەبەر دەستدا بێت پابەندە بەگەڕاندنەوەی بۆ ناوەند و پاداشتێکی پێ ئەدرێ.

پشنیاری چوارەم: هی هەردوو لێژنەی تایبەتمەندە:

هەر ناوەند و لایەنێك یان هەر کەسێکی سروشتی یان مەعنەوی بەڵگەنامەیەکی تایبەتی لەبەر دەست دا بێت پێویستە:

١- لە ماوەی (١٨٠) رۆژ لە ڕێکەوتی بەرکاربوونی ئەو یاسایە بە ژمارە و بڕو داتای دروست لە ناوەند تۆماری بکات.

٢- ئەبێت رێنووسێکی بەڵگەنامە مێژووییەکان لە حاڵەتی دەستداری زیاتر لە یەك رێنووسی رەسەن یان لەبەر گیراو رادەستی ناوەند بکات.

٣- ئەبێت بەرپرسیاریەتی یاسایی پاراستنی بەڵگەنامەکان بگرێتە ئەستۆ و هەماهەنگ بێت لەگەڵ ناوەند بە مەبەستی چاودێری کردن و سەرپەرشتی کردن.
دووەم: هەر کەسێکی سروشتی یان مەعنەوی بەڵگەنامەیەکی گشتی لەلابێت پابەندە بە گەڕاندنەوەی بۆ ناوەند و لەبەرامبەردا پاداشتیکی شایستەی پێ ئەدرێ.
سێیەم: هەر کەسایەتیەکی مەعنەوی کە لە چوارچێوەی دامەزراوەیەکی فەرمی ناحکومی یان نیمچە حکومی کە لە بواری پاراستن و ئەرشیف کردنی بەڵگەنامەکان کار ئەکات سەرپشکن بە رێکەوتن لەگەڵ وەزارەت بۆ ئەوەی ببن بە لقێك لە ناوەند.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (١٠) چوار پێشنیار هەیە، کێ لەگەڵ یەکەمە؟ کێ لەگەڵ دووەمە؟ کەس نیە، سێیەم؟ کەس نییە، چوارەم؟ (٦٨) کەس، پەسند کرا، فەرموو.

**بەڕێز جلال محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١١) سێ پێشنیار هەیە:
یەکەم: ئەو ماددەیە لابرێ.
دووەم: وەکو خۆی تەنیا بڕگەی یەکەم بەو شێوەی لێ بکرێ:
١- ئەرشیفی تایبەت یارای فرۆشتن یان دەستداری نییە بۆ کەسانی بیانی بەر رەزامەندی ناوەند نەبێت.
پێشنیاری سێیەم: وەکو خۆی.
ماددەی (١١):
١- هەر بەڵگەنامەیەکی تایبەت یارای فرۆشتن یان سوود لێ وەرگرتن یان دەستداری نییە بۆ کەسانی بیانی بە رەزامەندی ناوەند نەبێت.
٢- ناوەند مافی لێ پێشینەی هەیە لە کاتی فرۆشتنی بەڵگەنامەی تایبەت.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

سێ پێشنیار هەیە، یەکەم؟ (١) کەس، دووەم؟ (١) کەس، کێ لەگەڵ سێیەمە وەکو خۆی؟ (٦٧) کەس، پەسند کرا.

**بەڕێز سەلما فاتح تۆفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١٢) هیچ پێشنیار نییە وەکو خۆی:
ماددەی (١٢):
١- هەر کەسێك سەرپێچی حوکمەکانی بڕگەی یەکەم و دووەمی ماددەی (١٠) ی ئەو یاسایە بکات بە پێبژاردنێك کە لە (١٠) ملێۆن دینار کەمتر نەبێت و لە (٢٥) ملیۆن دینار سزا ئەدرێت، ئەگەر بەردەوام بوو لە سەرپێچییەکەی دەست بەسەر بەڵگەنامەکانی دا ئەگیرێت.
٢- هەرکەسێك بەڵگەنامەیەکی گشتی لە ناو ببات یان بگۆڕدرێت یان بیانباتە دەرەوە یان هاوکار بێ بۆ بردنە دەرەوەی بە پێچەوانەی حوکمەکانی ئەو یاسایە بە بەندکردنێك کە لە (٢) ساڵ

کەمتر نەبێت و بە پێبژاردنێك کە لە (٢٠) ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە (٥٠) ملیـۆن دینـار زیـاتر نەبێت سزا ئەدرێت.
٣- هەر کەسێك بەڵگەنامەیەکی گشتی بفرۆشێت بە بەندکردن بۆ ماوەیەك کەمتـر نەبێـت لە (٣) ساڵ و بە پێبژاردنیك کەمتر نەبێت لە (١٠٠) ملیۆن دینار سزا ئەدرێت.
٤- هەر کەسێك کار بکات بۆ گۆڕینی یان دەستکاری کردن بە مەبەستی تێکدان یان لەنـاو بردنـی بەڵگەنامەیەکی تایبەت بەپێ ڕێزگرتن لە مافی خاوەنداریەتی لە پێشینە بۆ ناوەند بە پێبژاردنیك کەمتر نەبێت لە ٢٠ ملێۆن دینار سزا ئەدرێت،
٥- هەر کەسـێك بە هەلە زیـان بە بەڵـگە نـامەیەکی گشـتی بگەیەنـێ بە پێبژاردنێـك کە لە ( ٥ ) ملێـۆن دینـار کەمتـر نەبێـت و لە ( ١٠ ) ملێـۆن دینـار زیـاتر نەبێـت سـزا ئەدرێـت و ئەگەر هـاتوو هەلەکە بووە هۆی لە ناو چوونی بەڵگەکە بە بەند کردن سزا ئەدرێ کە لە ( ٣ ) مانگ زیاتر نەبێت و بە پێ بژاردنێك کە لە ( ١٠ ) ملیۆن دینار کەمتر نەبێت.
٦- سەرپێچیەکانی هاتوو لەم ماددەیە ئەگەر هاتوو لەلایەن فەرمانبەری ناوەندەوە ئەنجام بدرێ بە باری توند هەژمار ئەکرێت.
٧- یاسـا سـزایە بەرکارەکـان بەسـەر هەر سـەرپێچی و تاوانێـك جـێ بەجـێ ئەکرێـت ئەگەر بە دەقێکی تایبەت لەو یاسایە سزای بۆ دانەنرابێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (١٢) هیچ پێشنیار نییە، فەرمووو.

**بەڕێز بهمن کاك عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەو ماددەیە (٣) ئەندام پێشنیارمان کردووە کە مەسـەلەی غەرامەی مـاددی کەمە وهەم بـۆ ئەرشیفی نیشتیمانی غەرامەی ماددی هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕدریت، چـونکە بەڵگەنـامەیە هەیە (٣) قات و (٤) قاتی ئەو بەڵگەنـامە نرخییەتـی، تـۆ بە (٢٠) ملیـۆن دینـار غەرامەی ئەکەی ئەچـی ئەیفرۆشـی و (٢٠) ملیـۆنەکەش ئەدات، پێمـان بـاش بـوو ئەو مـاددەیە بە عقـوبەیەکی قـانوونی قورس دابنرێ، یان غەرامەکە زۆر زیاتر بکرێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووو دکتۆر زێدان وەڵام.

**بەڕێز زێدان رشید خان اودل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منـیش تێبینـیم لەسـەر داوە، بە تـایبەت لە خـاڵی شـەش ئەڵـێ بە بـاری تونـدتر هەژمـار ئەکـرێ، تێبینیمان لەسەر ئەوەش هەبوو ئاماژەی پێ بکرێ، بارەکە چییە؟ ئەگەر پشتگیریش نەبێت بەڵام ئەو تێبینیانەی کە پێویستە پێداچوونەوەی بەسەر بکرێ لای خۆیان وەری بگرن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووو لێژنەکان.

**بەڕێز بژار خالد عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر کۆی ماددەکە دوو ڕەئی جیاواز هەبوو، سزاکان زیاد بکرێ، یەکیش سزاکان کەم بکرێت، بەڵام هیچ سیاغە و تەوزیحێکی دەقیق نەبوو کە پشتگیری هەبێت، لەسەر ماددەی (١٢و١٣) ئەندامی پەرلەمان قسەی کردووە، بەپێی ئەو نووسراوەی لای من هەیە کاك بەهمەن هەر بەشداری نەکردووە، سەبارەت بەدکتۆر زێدان بە تەسەلسولی (٦) قسەی کردووە، (٢) ڤیدیۆیە، ڤیدیۆی یەکەم دەقیقەی (٦) تا سانیەی (٤٦) جەنابت قسەت کردیە، کە تەوزیح نەبێت و پێشنیار سابیت نەبێت پشتگیری نەبێت ناتوانم بەپێی پەیرەو و بێنم جێگەی بکەمەوە، ملکەچی پەیرەوم کە پشتگیری هەبێت، کۆی قسەکانی تر مانای ئەوە نیە هیچ وەرناگرین، بەلام لەبەر دوو حالەت بووین، مەجموعەیەك ئەندامی پەرلەمان بە شێوەیەکی عام ئەڵێ سزاکان کەم بکەن، کێ کەم بکەن؟ وەکو هەردوو لێژنە لە (٢٠) ملیۆن بکەینە (١٧) ملیۆن ئەوە کافیە؟ دوایی نالێین مەبەستمان (١٧) نەبوو.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

لە مەسەلەی ڕەقەم ئەبێ بە ڕەقەم بێ و خەڵك پشتیوانی بکات، کێ لەگەڵ ماددەی (١٢)یە؟ (٦٩) کەس، پەسند کرا، فەرموو دواتر.

**بەڕێز گۆران عمر علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١٣) هیچ پێشنیارێك نییە وەکو خۆی.

ماددەی (١٣):

بەڵگەنامەی گشتی بەپێی حوکمەکانی ئەو یاسایە بە موڵکی گشتی هەژمار ئەکرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵە؟ (٧٤) کەس، پەسند کرا، فەرموو.

**بەڕێز گۆران عمر علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٤): دوو پێشنیار هەیە:

یەکەم: وەکو خۆی.

ڕەسمی پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری بواری ئەرشیف حوکمەکانی یاسای ڕەسمی پولی بەرکار بەسەردا جێ بەجێ ئەکرێت.

دووەم: پێشنیاری هەردوو لێژنەی تایبەتمەند:

ڕەسمی پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری بواری ئەرشیف کردنی بەڵگەنامەکان حوکمەکانی یاسای ڕەسمی پولی بەرکار جێ بەجێ ئەکرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ یەکەمە؟ کەس نییە، پێشنیاری دووەم؟ (٨٠) کەس، پەسند کرا، فەرموو.

**بەڕێز جلال محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١٥) هیچ پێشنیار نییە وەکو خۆی.

ماددەی (١٥):

پێویستە وەزیر ڕێنمایی بۆ ئاسان جێ بەجێ کردنی حوکمەکانی ئەو یاسایە دەربکات.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ دایە؟ (٧٥) کەس، پەسند کرا، فەرموو.

**بەڕێز جلال محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە مادەی (١٦) هیچ پێشنیار نییە.

ماددەی (١٦):

کار بە هیچ دەق و یاسایەك ناکرێ کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەو یاسایە ناکۆك بێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ دایە؟ (٧٥) کەس، پەسند کرا، فەرموو.

**بەڕێز جلال محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٧) هیچ پێشنیاریك نییە وەکو خۆی.

ماددەی (١٧): پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەو یاسایە جێ بەجێ بکەن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵدایە؟ (٧٨) کەس، پەسند کرا، فەرموو.

**بەڕێز سەلما فاتح تۆفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٨): هیچ پێشنیار نییە.

ئەو یاسایە لە دوای (٦٠) ڕۆژ لە ڕێکەوتی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقائیعی کوردستان دا جێ بەجێ ئەکرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵدایە؟ (٧٦) کەس، پەسند کرا، فەرموو.

**بەڕێز سەلما فاتح تۆفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هۆیەکانی دەرچوواندن: دوو پێشنیار هەیە:

یەکەم: بۆ دروست کردنی ناوەندیکێ نیشتیمانی بۆ ئەرشیف کردن و بەشێکی زۆری بەڵگەنامەکانی لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێمی کوردستاندا پەرشوبڵاون و مەترسی لە ناوچوونیان لەسەرە و بە مەبەستی سوود لێ وەرگرتنیان لە ئەرشیفی گشتی و تایبەتی کە سامانێکی نیشتیمانی و نەتەوەین ئەو یاسایە دەرچووێنرا.

دووەم: وەکو خۆی:

هۆیەکانی دەرچوواندن:
بەهۆی نەبوونی ناوەندێکی نیشتیمانی بۆ ئەرشیف کردن و بەشێکی زۆری بەڵگەنامەکانی لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێمی کوردستاندا پەرش و بڵاون و مەترسێ لە ناوچوونیان لەسەرە و بە مەبەستی سوود لێ وەرگرتنیان لە ئەرشیفی گشتی و تایبەتی کە سامانیکێ نیشتیمانی و نەتەوەین ئەو یاسایە دەرچووێنرا.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

دوو پێشنیار هەیە، کێ لەگەڵ یەکەمە؟ (١) کەس، دووەم؟ (٧٥) کەس، پەسند کرا، بەرێزان کێ لەگەڵ یاسای بەڵگەنامەی نیشتیمانی لە هەرێمی کوردستان-عێراقە دەست بەرز بکاتەوە؟ (٨٤) کەس، پیرۆزبایی لە خۆمان و گەلی کوردستان و هەموو ئەو بەرێزانەش ئەکەین لە بواری بەڵگەنامەکان کار ئەکەن، هیوادارین ببێتە مایەی ئەوەی زۆرترین بەڵگەنامە گرنگەکان کۆ بکرێنەوە، سوپاسی لێژنەی رۆشنبیری و لێژنەی یاسایی ئەکەین، داوا لە سەرۆکایەتی لێژنەی ناوخۆ ئەکەین بفەرموون، بۆ ماوەی نیو سەعات رێستێك و دێینەوە.

**دوای پشوو**

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست بە خوێندنەوە بکەن، فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکێ پەرلەمان.**

بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان.

بابەت/ دەنگدان:

لێژنەی کاروباری یاسایی و لێژنەی ئەنجومەنە خۆجێیەکان ڕۆژی (٢) شەمە ڕێکەوتی (٢٠٢٢/٢/٢٨) کاتژمێر (٢) ی پاش نیوەڕۆ کۆبوونەوەی هاوبەشیان ئەنجامدا بۆ تاوتوێ کردن و داڕشتنەوەی ئەو پێشنیارانەی کە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراون، سەبارەت بە پرۆژە یاسای چەك لە هەرێمی کوردستان-عیراق لە دانیشتنی خوێندنەوەی دووەم، دوای گفتوگۆ کردن و تاوتوێ کردن لێژنەکان گەیشتنە ئەو ئەنجامانای خوارەوە:

سەبارەت بە ناونیشان سێ پێشنیار هەیە، پێشنیاری یەکەم:

پرۆژە یاسای هەڵگرتنی چەك لە هەرێمی کوردستان-عیراق.

دووەم: پرۆژە یاسای ڕێکخستنی چەك لە هەرێمی کوردستان-عیراق.

سێیەم وەکو خۆی: پرۆژە یاسای چەك لە هەرێمی کوردستان-عیراق.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

سەبارەت بە ناونیشان دوو پێشنیار هەیە، کێ لەگەڵ یەکەمە؟ کەس نییە، کێ لەگەڵ دووەمە؟ (٣) کەس، کێ لەگەڵ سێیەمە وەکو خۆی؟ (٥٠) کەس، پەسند کرا.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکێ پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی یەك (١٠) پێشنیار هەیە.

یەکەم: ماددەکە وەکو خۆی تەنیا بڕگەی حەوتەم بەو شێوەیە بێت:

٧- تفاق تیشو و گولە فیشەکی بەکار هاتوو لە چەکی ئاگرین و هەر پارچەیەك لە پارچەکانی.

دووەم: وەکو خۆی تەنیا بڕگەی (١٠) بەو شێوەی لێ بکرێ:

١٠- دەسەڵاتی مۆڵەت دان وەزیر یان هەر کەسێك ڕاپەسپێرێ بە مەرجی پلەی لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت بۆ پێدانی ئەو مۆڵەتانەی لەو یاسایە هاتووە.

سێیەم: وەکو خۆی تەنیا برگەی (٥، ٧، ٨، ١٠) بەو شێوەی لێ بکرێ:

٥- چەکی ئاگرین هەموو ئەو چەکانە ئەگرێتەوە کە ئامادە کراون بۆ هاوێشتنی گولە و فیشەك بە هۆی هێزی پالنەری غازی کە لە ئەنجامی سووتانی باروت و مەودای تەقەمەنی دروست ئەبێت و ئەو چەکانە ناگرێتەوە کە لە یاریە ئاگرینەکان بەکاردێت و تفەنگی هەواین.

٧- تیشوو و تفاق و گولە و فیشەکی بەکار هاتوو لە چەکی ئاگرین و هەر پارچەیەك لە پارچەکانی.

٩- چەکی ئاسەواری یان یادگاری یان سیمبولی ئەو چەکانە ئەگرێتەوە کە بێ تفاقن و بۆ جـوانی یان یادگاری و سومبولی کە پێشکەش ئەکرێت لە نێوانیشیان چەکی وەقف کراو یان ئەوانەی لە شوێنە پیرۆزەکان و مۆزەخانە گشتیەکان یان تایبەتەکان دا هەن.
١٠- دەسـەڵاتی مۆڵەتـدان بە وەزیـر یـان هەر کەسـێك کەرایئەسـپێرێت لەپارێزگارەکـان یـان سەرپەرشتیارانی ئیدارە سەربەخۆکان بۆ پێدانی ئەو مۆڵەتانەی لەو یاسایە هاتوون.
پێشنیاری چوارەم: وەکو خۆی تەنیا بڕگەی (١٠) بەو شێوەیە بێت:
١٠- دەســەڵاتی مۆڵەتــدان وەزیــر یــان هەرکەســێك کە رایئەســپێرێ لە پارێزگارەکــان یــان سەرپەرشتیارانی ئیدارە سەربەخۆکان بۆ پێدانی ئەو مۆڵەتانەی لەو یاسایە دا هاتوون.
پێشنیاری پێنجەم: وەکو خۆی تەنیا بڕگەی (٧، ٨)،
٧- تەقەمەنــی عیتــادا گــولە و فیشــەکی بەکارهــاتوو لە چەکــی ئــاگرینی و هەر پــارچەیەك لە پارچەکانی.
٨- کەرەستەی جەنگی زەخیرەی بەکارهاتوو لە چەکی جەنگی و هەر پارچەیەك لە پارچەکانی.
١٠- دەسـتەلاتی مـۆڵەت دان وەزیـر یـان هەر کەسـێك کە ڕایئەسـپێرێت لە پارێزگارەکـان یـان سەرپەرشتیارانی ئیدارە سەربەخۆکان بۆ پێدانی ئەو مۆڵەتانەی لەو یاسایە دا هاتوون.
پێشنیاری شەشەم: وەکو خۆی تەنیا لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریانەی خوارەوە:
١- بڕگەی پێنجەم بەو شێوەیە بێت:
٥- چەکی ئاگرین دەمانچە و تفەنگی ئالی ڕیژنەکار گولە خێرا و تفەنگـی ڕاو و ئەو دەمانچـانە کە لە یـاریە وەرزشـیەکان بەکاردێـت ودەنگێـك دروسـت ئەکـات بـۆ دەسـت کـردن و دەسـتپێکی یارییەکان ناگرێتەوە.
٢- بڕگەی حەوت بەو شێوەی لێ بکرێ:
٧- تفاق (عیتاد) گولە و فیشەك یان هەر بەشێك کە بۆ چەکی ئاگرین بەکاردێت.
٣- بڕگەی هەشتەم بەو شێوەیە لێ بکرێ:
٨- تفاقی جەنگی ئەو زەخیرەی بۆ چەکی جەنگی یان هەر بەشێکێ بەکارئەهێنرێ.
٤- بڕگەی نۆیەم بەو شێوەی لێ بکرێ:
٩- چەکی هێمای ئەو چەکەی بێ تفاق و بۆ جوانی یان یادگاری یان وەك سـومبولی هەڵئەگیرێـت بەو مەرجەی شیاوی گولە هاوشێتن نەبێت لە نێوانیان چەکی وەقف کراو یان ئەوانەی لە شوێنە پیرۆزەکان و مۆزەخانە گشتییەکان یان تایبەتەکان دا هەن.
٤- بڕگەی دەیەم بەو شێوەی لێ بکرێ:
١٠- دەسـەڵاتی مۆڵەتـدان وەزیـر یـان پارێزگـار یـان هەرکەسێك کە ڕایئەسـپێرێ بـۆ پێـدانی ئەو مۆڵەتانەی لەو یاسایە دا هاتوون.
پێشنیاری حەوتەم: وەکو خۆی تەنیا بڕگەکانی (٥، ٦، ٨) بەو شێوەیە بێت:
٥- چەکی ئاگرین دەمانچە و تفەنگی ئالی ڕێژنەکـار گـولە خێـرا و تفەنـگ و ئەو دەمانچـانە کە لە یــاریە وەرزشــییەکان بەکاردێــت و دەنگێــك دروســت ئەکــات بــۆ دەســت کــردن و دەســتپێکی یارییەکان ناگرێتەوە.

٦- چەکی جەنگی چەکی بەکارهێنراو لەلایەن هێزەکانی پیشمەرگە جگە لەوانەی لە برگەی پێنجەمی ئەو ماددەیە هاتوون.
٨- تفاقی جەنگی کەرەستەی بەکارهاتوو لە چەکی جەنگی و هەر پارچەیەك لە پارچەکانی.
پێشنیاری هەشتەم: وەکو خۆی تەنیا بڕگەی (٩) بەو شێوەیە بێت:
٩- چەکی ئاسەواری یان یادگاری یان سیمبولی ئەو چەکەی بێ تفاقن و بۆ جوانی یان یادگاری یان وەك سیمبولی هەڵئەگیرێت بەو مەرجەی شیاوی گولە هاویشتن نەبێت کە لە مۆزەخانە گشتییەکان یان تایبەتەکان دا هەن.
پێشنیاری نۆیەم وەکو خۆی:
پێشنیاری دەیەم: هەردوو لیژنەی تایبەتمەند:
بە پێی ئەو دەسەلاتانەی مادده (٩١) لە برگەی چوارەم لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان کە بە لیژنەی یاسایی و تایبەتمەند دراوە ئێمە لە کۆبەندی ئەو بژاردانەی پێشنیار کراون لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان لە دانیشتنی خوێندنەوەی دووەم ئەو پێشنیارە ئەخەینەڕوو داوا ئەکەین بخرێتە دەنگدانەوە.
ماددەکە بەو شێوەیە لێ بکرێت:
بۆ مەبەستی حوکمەکانی ئەو یاسایە زارەوە و دەستەواژەکانی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریان ئەگەینن:
١- هەرێم- هەرێمی کوردستان-عیراق.
٢- ئەنجومەنی وەزیران- ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم.
٣- وەزارەت- وەزارەتی ناوخۆی هەرێم.
٤- وەزیر - وەزیری ناوخۆی هەرێم.
٥- چەکی ئاگرین- دەمانچە و تفەنگی ئالی ڕێژنەکار کە قەبارەی فیشەکی لە (٧.٦٢) لێکدانی (٣٩) ملم زیاتر نەبێت بەپێی حوکمەکانی ئەو یاسایە مۆڵەتی پیدراو بێت ئەگرێتەوە، جگە لەو دەمانچانەی لە یارییە وەرزشیەکان بەکاردێت و دەنگیك دروست ئەکەن بۆ دەست پی کردنی یارییەکە.
٦- چەکی جەنگی- چەکی بەکارهێنراو لەلایەن هیزەکانی پیشمەرگە و هیزەکانی ئاسایشی ناوخۆ جگە لەوانەی لە برگەی پێنجەمی ئەو ماددەیە هاتوون ئەگرێتەوە.
٧- تفاق (عیتاد) گولە و فیشەکی بەکارهاتوو لە چەکی ئاگرینی و هەر پارچەیەك لە پارچەکانی ئەگرێتەوە.
٨- تفاقی جەنگی زەخیرەی بەکارهاتوو لە چەکی جەنگی و هەر پارچەیەك لە پارچەکانی ئەگرێتەوە.
٩- چەکی هیمایی ئەو چەکەی بە بێ تفاق و بۆ جوانی یان یادگاری یان وەك سیمبولی هەڵئەگیریت لە نێوانیان چەکی وەقف کراو یان ئەوانەی لە شوێنە پیرۆزەکان و مۆزەخانە گشیتەکان یان تایبتیەکان دا هەڵئەگیرێت.
١٠- دەسەلاتی مۆڵەت دان وەزیر یان هەر کەسێك کە ڕایئەسپێرێت لە بۆ پێدانی ئەو مۆڵەتانەی لەو یاسایە دا هاتوون.

١١- مۆڵەت- ئەو ڕێگەپێدانەی کە بە پێی حوکمەکانی ئەو یاسایە ئەدرێت.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێزان ماددەی یەکەم (١٠) پێشنیار هەیە، کێ لەگەل یەکەمە؟ کەس نییە، دووەم؟ کەس نییە، سێیەم؟ کەس نییە، چوارەم؟ کەس نییە، پێنجەم؟ کەس نییە، شەشەم؟ کەس نییە، حەوتەم؟ کەس نییە، هەشتەم؟ کەس نییە، نۆیەم وەکو خۆی؟ کەس نییە، دەیەم؟ (٧١) کەس، پەسند کرا، فەرموو.

**بەرێز شاخەوان رؤوف مصطفى:**

**بەرێز سەرۆکێ پەرلەمان.**

ماددەی دووەم دوو پێشنیار هەیە:

یەکەم: بەو شێوەی لێ بکرێ:

١- هاوردە کردن یان هەناردە کردنی چەکی جەنگی پارچەکانی و شتوومەکی سەربازی و یان دەستداری ژێردەست بوونی هەڵگرتنی دروست کردنی و چاکردنەوەی و گواستنەوەی و ڕادەست کردنی و وەرگرتنی یان بازرگانی پێوەکردنیان تەنیا بە ڕێگە پێدانی هەردوو وەزارەتی ناوخۆ و پیشمەرگە ئەبێت بۆ پێداویستی دەزگاکانیان.

٢- هاوردە کردنی ئەو چەکانەی لە ئەسلدا بە بێدەنگ دروست کراون یان پارچەی بێدەنگن یان دروست کردن و بەردەست کردن و هەڵگرتنیان قەدەغەیە.

پینشیاری دووەم: وەکو خۆی.

ماددەی دوو:

١- هاوردە کردن یان هەناردە کردنی چەکی جەنگی پارچەکانی تفاقی یان دەستداری ژێردەست بوونی هەڵگرتنی دروست کردنی و چاکردنەوەی و گواستنەوەی و ڕادەست کردنی و وەرگرتنی یان بازرگانی پێوەکردنیان تەنیا بە ڕێگەپێدانی هەردوو وەزارەتی ناوخۆ وپیشمەرگە ئەبێت بۆ پێداویستی دەزگاکانیان.

٢- هاوردەکردنی چەکی بێدەنگی تفاقی یان دەستداری ژێردەست بوونی هەڵگرتنی دروست کردنی چاکردنەوەی فرۆشتنی گواستنەوەی ڕادەست کردنی وەرگرتنی یان بازرگانی پێەوە کردنی قەدەغەیە.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

دوو پێشنیار هەیە، کێ لەگەل یەکەمە؟ کەس نییە، دووەم؟ (٦٩) کەس لەگەلە، پەسند کرا، فەرموو.

**بەرێز حمکت محمد عبو زید:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سێ هیچ پێشنیار نییە وەکو خۆی.

ماددەی (٣):

یەك: دەستداریکردن فرۆشتن دەستاودەست کردن یان چاکردنەوەی چەکی ئاگرین تەنیا بە مۆڵەت ئەبێت.

دووەم:

١- کردنەوەی شوێنی تایبەت بە فرۆشتن یان چاکردنەوەی چەکی ئاگرین و تفاقیان یـان ئەوانەی هی هاوولاتیانن و لە ناوخۆدا هەم بە مۆڵەت ئەبێت.

٢- مۆڵەتدار بە دەستاوداری یان هەڵگرتنی چەکی ئـاگرین مـافی هەیە چەکە مـۆڵەت دارەوەکەی لە ئەو شوێنەی کە لە خالیَ یەکیَ ئەو برگەیە هاتوون بۆ فرۆشتن بخاتە روو.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی سیَ هیچ پێشنیار نییە، کیَ لەگەلدایە؟ (٦٥) کەس لەگەل دایە، پەسند کرا، فەرموو.

**بەڕێز رۆژان ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکیَ پەرلەمان.**

ماددەی چوار چوار پێشنیار هەیە:

یەکەم: خالیَ یەکەم برگەی دوو لابریت و بەو شێوەیە بێت:

١- بۆ ماوەی یەك سال بەرکار ئەبێت.

٢- ملکەچ ئەبێت بۆ خشتەی رەسمی هاوپێچی ئەو یاسایە.

دووەم: وەکو تەنیا لەگەل ئەو گۆڕانکارییانەی خوارەوە:

١ دەستەواژەی تفاق بکرێتە شتومەکیَ سەربازی لە هەر جیگەی ئەو ماددەی هاتبیَ.

٢- خاڵی چوار لە برگەی یەکەم بەو شێوەی لیَ بکریَ:

٤- مۆڵەتی کردنەوەی شوێنی کرین و فرۆشتنی چەکی ئاگرین و تفاق.

سێیەم: وەکو خۆی:

ماددەی (٤):

١- جۆرەکانی مۆڵەت:

١- مۆڵەتی دەستداری چەکی ئاگرین و تفاق.

٢- مۆڵەتی هەڵگرتنی چەکی ئاگرین و تفاق.

٣- مۆڵەتی چاکردنەوەی چەکی ئاگرین.

٤- مۆڵەتی کردنەوەی شوێنی فرۆشتنی چەکی ئاگرین و تفاق.

٢- ئەو مۆڵەتانەی لە بڕگەی یەکەمی ئەو ماددەیە هاتوون:

١- تەنیا ئەو کەسەی کە بە ناوییەوە دەرچووە بەکاری دینی.

٢- بۆ ماوەی یەك ساڵ بەرکار ئەبێت.

٣- ملکەچ ئەبێت بۆ رەسمی خشتەی هاوپێچی ئەو یاسایە.

٣- مۆڵەتەکـانی هـاتوو لە بـڕگەی یەکەمـی ئەو مـاددەیە و ریکارەکـانی پێـدانیان بە رێنمـاییەك ریکئەخرێن کە لەلایەن وەزیرەوە دەرئەچێت.

پێشنیاری چوارەم: هی هەردوو لێژنەی تایبەتمەندە وەکو خۆی تەنیـا لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییـانەی خوارەوە.

یەکەم- خاڵی چوارەمی برگەی یەکەمی ماددەکە بەو شێوەیە لیَ بکرێت:

٤- مۆڵەتی کردنەوەی شوێنی کرین و فرۆشتنی چەکی ئاگرین و تفاق.

دووەم: خاڵی دوو لە برگەی دووەم بەو شێوەیە بێت:

٢- بۆ ماوەیەك یەك ساڵ بەرکار ئەبێت جگە لە مۆڵەتی هاتوو لە خاڵی یەك لە بڕگەی یەکەمی ماددەکە کە بۆ دوو ساڵە.

سێیەم: خاڵی سێ لە بڕگەی یەکەم بەو شێوەیە بێت:

٣- ملکەچ ئەبێت بۆ رەسمی هاتوو لە خشتەی هاوپێچی ئەو یاسایە.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

چوار پێشنیار هەیە، کێ لەگەل یەکەمە؟ دووەم؟ کەس نییە، سێیەم وەکو خۆی؟ کەس نییە، چوارەم؟ (٦٧) کەس، پەسند کرا، فەرموو.

**بەڕێز رۆژان محمد کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٥) نۆ پێشنیار هەیە:

یەکەم: ماددەکە وەکو خۆی تەنیا خاڵی دوو لە بڕگەی یەك بەو شێوەی لێ بکرێ:

٢- تەمەنی لە (٢٥) ساڵ کەمتر نەبێت.

پێشنیار دووەم: وەکو خۆی تەنیا بڕگەی سێیەم بەو شێوەیە بێت:

٣-دەسەڵاتی مۆڵەتدان بڕی تفاقی ڕێگە پێدراو دیاری ئەکات بەو مەرجەی لایەنی پەیوەندیدار ئەوە رێکئەخات.

پێشنیاری سێیەم: وەکو خۆی تەنیا بڕگەی یەکەم بەو شێوەیە بێت:

١ عیراقی بێت و دانیشتووی هەرێم بێت.

٢- تەمەنی لە (٢٥) ساڵ کەمتر نەبێت.

٣- بە تاوانی سیاسی یان کەتنێکی ئابروبەر سزا نەدرابێ.

٤- کەمئەندامی جەستەیی یان دەروونی نەبێت بە جۆریك ببێتە بەربەست لە بەردەم بەکارهێنانی چەك بەو مەرجەی بە راپۆرتێك لەلایەن لێژنەیەکی فەرمی پزیشکییەوە پشتڕاست کرابێتەوە.

٥- لە رووی تەکنیکییەوە شیاو بێت بۆ هەڵگرتنی چەکی ئاگرین.

٦- چەکەکەی بە شێوەیەکی رەوا دەست خستبێ.

٧- بوونی بیانویەکی گونجاو و باوەڕ پێکراو بۆ هەڵگرتنی چەکی ئاگرین.

پێشنیاری چوارەم: وەکو خۆی لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەی خوارەوە:

١ لە بڕگەی یەکەم خاڵی دوو بەو شێوەی لێ بکرێ:

٢- تەمەنی لە (٣٠) ساڵ کەمتر نەبێت.

خاڵی سێ لابریت و زیاد کردنی خاڵێك بە زنجیرەی حەوت و بەو شێوەیە:

٧- بوونی هۆکارێکی گونجاو بۆ هەڵگرتنی چەك.

٢- بڕگەی سێیەم بەو شێوەی لێ بکرێ:

٣- دەسەڵاتی مۆڵەتدان بڕی تفاقی ڕێگە پێدراو بە رێنمایی دیاری ئەکات.

پێشنیاری پێنجەم: برگەیەك بە زنجیرەی پێنجەم زیاد بکرێ بۆ ماددەکە بەو شێوەی خوارەوە:

٥- هەرکەسێك داوای مۆڵەتی چاکردنەوە یان کردنەوەی شوێنی کڕین و فرۆشتنی چەکی ئاگرین و تفاقی بکات ئەبێت مەرجە کەسییەکانی دەق نووسکراو لە بڕگەی یەکەمی ئەو ماددەی

تیدابێت سەرباری هەموو مەرجێکیش تایبەتە بە سروشتی کارەکەیی و بە ڕێنمایی ڕێکئەخرێت کە لە بڕگەی دووەمی ماددەی (١٩) ی ئەو یاسایە هاتووە.
پێشنیاری شەشەم: وەکو خۆی تەنیا خاڵی دوو لە بڕگەی یەك بەو شێوەیە بێت.
٢- تەمەنی لە (٣٠) ساڵ کەمتر نەبێت.
پێشنیاری حەوتەم:
ماددەکە وەکو خۆی تەنیا خاڵی حەوت لە بڕگەی یەکەم بەو شێوەیە بێت:
٧- پاساوێکی بڕوا پێهێنەر بۆ هەڵگرتنی چەك.
پێشنیاری هەشتەم: وەکو خۆی.
پێشنیاری نۆیەم هی هەردوو لیژنەی تایبەتمەندە، وەکو خۆی لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەی خوارەوە:
١- هەرسێ خاڵی (٥، ٦، ٧) ی بڕگەی یەکەمی ماددەکە بەو شێوەی لێ بکرێ:
٥- لەڕووی جەستەی و ئاقڵێ ودەروونی شیاوی دەستداری و هەڵگرتنی چەك بێت، ئەمەش بە راپۆرتێك لەلایەن لێژنەیەکێ پزیشکێ فەرمیەوە پشتراست کرابێتەوە.
٦- لەڕووی تەکنیکییەوە شیاو بێت بۆ هەڵگرتنی چەکی ئاگرین بەپێی تاقی کردنەوەیەك کە دەسەڵاتی مۆڵەتدان دیاری ئەکات.
٧- چەکەکەی بە شێوەیەکی رەوا دەست خستبێت و پاساوێکی رەوا بۆ دەستداری و هەڵگرتنی چەك هەبێت.
دووەم: بڕگەی سێی ماددەکە بەو شێوەی لێ بکرێ:
٣- وەزیر جۆر و بڕی تفاقی ڕێگە پێدراو بە ڕێنماییەك دیاری ئەکات.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە بۆ ماددەی (٥) نۆ پێشنیار هەیە، یەکەم؟ کەس نییە، دووەم؟ کەس نییە؟ سێیەم؟ کەس نییە، چوارەم؟ (٢) کەس، پێنجەم؟ کەس نییە، شەشەم؟ کەس نییە، حەوتەم؟ کەس نییە، هەشتەم وەکو خۆی؟ کەس نییە، نۆیەم هی لێژنەی تایبەتمەند؟ (٦٩) کەس، پەسند کرا، فەرموو.

**بەڕێز ڕۆژان محمد کریم:**

**بەڕێز سەرۆکێ پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی شەش (٥) پێشنیار هەیە:
یەکەم: وەکو خۆی تەنیا خاڵێك بە زنجیرەی (٥) زیاد بکرێ بۆ برگەی یەکەمی ماددەکە.
٥- ئەگەر ئەو چەکە بەکارهات بۆ خۆشی.
پێشنیاری دووەم: وەکو خۆی تەنیا خاڵی دوو لە بڕگەی دووەم بەو شێوەیە بێت:
٢- ئەو کەسانەی مۆڵەتەکەی هەڵدەوشێتەوە ئەتوانی رەفتار بە چەکەی بکات بۆ ماوەی (٣٠) رۆژ بۆ فرۆشتن یان بۆ هەر رەفتارێکی تری یاسایی.
پێشنیاری سێیەم وەکو خۆی تەنیا بڕگەی یەکەم بەو شێوەی لێ بکرێ:
١- مۆڵەتی چەکی ئاگرین لەو بارانەی خوارەوە بە هەڵوەشاوە دائەنرێت:
١- مردنی خاوەن مۆڵەت یان نەمانی کەسانی مەعنەوی.
٢- لەدەست دانی یەکێ لە مەرجەکانی مۆڵەت

٣- دەرچوونی بریارێك لە دادگای تایبەتمەند بە دەست بەسەرداگرتنی چەکە ئاگرینەکە.
٤- دەرچوونی چەکی ئاگرینەکە تفاقەکەی لە خاوەندارییەتی کەسی مۆڵەت دراو بۆ کەسێکی دیکەی مۆڵەت دراو.
٥- ئەگەر لە ماوەی یاسایی داواکارییەکی نوێ کردنەوە پێشکەش نەکرا.
پێشنیاری چوارەم: وەکو خۆی.
پێشنیاری پێنجەم هەردوو لیژنەی تایبەتمەند: وەکو خۆی تەنیا لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەی خوارەوە:
خاڵی چوار بڕگە یەك بەو شێوەیە لێ بکرێ:
٤- دەرچوونی چەکی ئاگرینەکە تفاقەکەی لەدەستدانی کەسی مۆڵەت دراو بۆ کەسێکی دیکە مۆڵەت دراو.
٢- خالێ سێیەم لە برگەی دووەم بەو شێوەیە لێ بکرێ:
٣- لە دوای کۆتایی هاتنی ئەو ماوە کە لە خاڵی دووی ئەو بڕگەیە هاتووە دەسەڵاتی مۆڵەتدان بە مافی هەیە چەکە تفاقەکە بۆ بەرژەوەندی دەستدارەکە بەپێی حوکمەکانی یاسا بفرۆشی و بڕ بەرامبەرەکە ڕادەست بکاتەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

پێنج پێشنیار هەیە، کێ لەگەل یەکەمە؟ کەس نییە، دووەم؟ کەس نییە، سێیەم؟ کەس نییە، چوارەم؟ کەس نییە، پێنجەم؟ (٦٥) کەس، پەسند کرا، فەرموو.

**بەرێز حکمت محمد عبو زید:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٧) پێنج پێشنیار هەیە:
یەکەم: ماددەکە وەکو خۆی تەنیا بڕگەی دووەم بەو شێوەی لێ بکرێ:
٢- ئەوانەی لە بڕگەی یەکەمی ئەو ماددەیە هاتوون مافی دەستداری و هەڵگرتنی چەك و تفاقیان لە دوای خانەنشین کردنیان ئەمێنێت و ئەو حوکمە بەسەر ئەفسەرانی هێزەکانی ناوخۆ و پێشمەرگە و ئەنجومەنی ئاسایش و ئاژانسی پاراستن و زانیاری لە پلەی نەقیب و بەرەو سەرەوە جێ بەجێ ئەکرێت.
پێشنیار دووەم: وەکو خۆی تەنیا خاڵی دوو لە بڕگەی یەکەم بەو شێوەیە لێ بکرێ:
٢- دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان و ئەندامانی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان پێشنیاری کوردستان.
پێشنیاری سێیەم: وەکو خۆی تەنیا لەگەل ئەو گۆڕانکارییانەی خوارەوە لە برگەی یەکەم:
١- پێشەکی بڕگەکە بەو شێوەی لێ بکرێ:
١- ئەمانەی خوارەوە لە مۆڵەتی دەستداری و هەڵگرتنی چەکی ئاگرین و تفاقەکەی بەدەر دەکرێن بە مەرجی سنووردار بێت.
٢- زیاد کردنی خاڵێك بە زنجیرەی حەوت.
٧- پاسەوانەکانی پلە باڵاکان.
پێشنیاری چوارەم: وەکو خۆی.

پێشنیاری پێنجەم هی هەردوو لیژنەی تایبەتمەندە: بەو شێوەی لێ بکرێ:
١- ئەو کەسانەی خوارەوە لە مۆڵەتی دەستداری و هەڵگرتنی چەکی ئاگرین و تفاقەکەی بەدەر ئەکرێن:
١- سەرۆکی هەرێم و جێگرەکانی.
٢- سەرۆکی پەرلەمان و جێگرەکەی و سکرتێر و ئەندامانی پەرلەمان.
٣- سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگیرەکەی و وەزیرەکان و ئەوانەی لە پلەی ئەوانن.
٤- سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری و دادوەران و ئەندامانی داواکاری گشتی و لێکۆڵەرە دادوەرییەکان.
٥- ئەندامانی هەردوو نیردەی دبلۆماسی و قونصول گەری و ئەوانەی کە لە عیراق و هەرێم کار ئەکەن بەپێی رێسای مامەڵەی هاوشێوە.
٦- فەرمانبەرانی پلە تایبەت و سەرۆکی یەکە کارگێرییەکان.
٢- ئەوانەی لە بڕگەی یەکەمی ئەو ماددەیە هاتوون مافی دەستداری و هەڵگرتنی چەك و تفاقیان لە دوای خانەنشین کردنیان ئەمێنێت بەو مەرجەی بەلگە نامەیەکی بێ بەرامبەر بۆ رێکبخرێت هەتا لە ژیاندا ماون.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی حەوت پێنج پێشنیار هەیە، کێ لەگەل یەکەمە؟ کەس نییە، دووەم؟ سێیەم؟ کەس نییە، چوارەم؟ پێنجەم؟ (٦٣) کەس، پەسند کرا، فەرموو.

**بەڕێز شاخەوان رؤوف مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٨) :
سێ پێشنیار هەیە:
یەکەم: بڕگەی دوو بەو شێوەی لێ بکرێ:
٢- پێویستە ئەفسەر و کارمەندی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و هێزەکانی پێشمەرگە لە دوای کۆتایی هاتنی ئەرکەکانیان چەکەکانیان ڕادەستی شوێنی هەڵگرتنیان (جبەخانە) بکەن.
پێشنیار سێیەم: هەردوو لیژنەی تایبەتمەند: بەو شێوەی لێ بکرێ:
١- ئەفسەر و کارمەندی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و ئەفسەر و پێشمەرگە لە وەزارەتی پێشمەرگە لە کاتی ئەرك و فەرماندا ئەتوانن چەکی ئاگرین و تفاق دەستدار بکەن یان هەڵی بگرن.
٢- پێویستە کارمەندی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و هێزەکانی پیشمەرگە لەدوای کۆتایی هاتنی ئەرکەکانیان چەکەکانیان ڕادەستی شوێنی هەڵگرتنیان (جبەخانە) بکەن.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

سێ پێشنیار هەیە، کێ لەگەل یەکەمە؟ کەس نییە، دووەم؟ کەس نییە، سێیەم؟ (٦٤) کەس، پەسند کرا.

**بەڕێز شاخەوان رؤوف مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٩):

چوار پێشنیار هەیە:

یەکەم: وەکو خۆی تەنیا بڕگەی سێیەم بەو شێوەی لێ بکرێ:

٣- ئەگەر بزربوون یان لەناوچوونی چەکی ئاگرین سەلمێنرا ئەوا پێویستە خاوەنەکەی مۆڵەتەکەی ڕادەستی دەسەڵاتی مۆڵەتدان بکاتەوە بۆ هەڵوەشانەوە ولەدوای تێپەڕبوونی یەك مانگ بەسەر ڕێکەوتنی بزربوون یان لەناوچوونەکە سەرلە نوێ مۆڵەتی چەکی پی ئەدرێتەوە.

پێشنیار دووەم: وەکو خۆی تەنیا بڕگەی دووەم و سێیەم بەو شێوەیە بێت:

٢- ئەگەر بزربوون یان لەناوچوونی مۆڵەت سەلمێنرا ئەوا مۆڵەتێکی نوێ ئەدرێتە خاوەنەکەی وەك جێگرەوەی بزربووەکە و هەمان ژمارەی مۆڵەتی پێشووی لەسەر ئەبێت و هەمان ئەو زانیارییانەی تێدا هاتوون لە خۆ ئەگرێ.

٣- ئەگەر بزربوون یان لەناوچوونی چەکی ئاگرین سەلمێنرا ئەوا پێویستە خاوەنەکەی مۆڵەتەکەی ڕادەستی دەسەڵاتی مۆڵەتدان بکاتەوە بۆ هەڵوەشانەوە و سەرلە نوێ مۆڵەتی چەکی پێ ئەدرێتەوە.

پێشتنیاری سێیەم وەکو خۆی.

پێشنیاری چوارەم هەردوو لێژنەی تایبەتمەند: وەکو خۆی تەنیا بڕگەکانی دووەم و سێیەم بەو شێوەیە بێت:

٢- ئەگەر بزربوون یان لەناوچوونی مۆڵەت سەلمێنرا ئەوا مۆڵەتێکی نوێ ئەدرێتە دەستدارەکەی وەك جێگرەوەی بزربووەکە و هەمان ژمارەی مۆڵەتی پێشووی لەسەر ئەبێت و هەمان ئەو زانیارییانەی تێدا هاتوون لە خۆ ئەگرێت و بەرامبەر بە ڕەسمێك کە دوو هێندەی ڕەسمی پێدانی مۆڵەت بێت.

٣- ئەگەر بزربوون یان لەناوچوونی چەکی ئاگرین سەلمێنرا ئەوا پێویستە دەستدارەکەی مۆڵەتەکەی ڕادەستی دەسەڵاتی مۆڵەتدان بکاتەوە بۆ هەڵوەشانەوە و لە دوای تێپەربوونی یەك ساڵ بەسەر ڕێکەوتنی بزربوون یان لەناوچوونەکە سەرلە نوێ مۆڵەتی چەکی پێ ئەدرێتەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

چوار پێشنیارمان هەیە، کێ لەگەل یەکەمە؟ کەس نییە، دووەم؟ کەس نییە، سێیەم؟ کەس نییە، چوارەم؟ (٦٥) کەس، پەسند کرا، فەرموو.

**بەڕێز رۆژان محمد کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٠):

چوار پێشنیار هەیە:

یەکەم: بەو شێوەی لێ بکرێ:

وەزیر یان ئەو کەسەی ڕایەسپێرێ بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ئەتوانن لە هەر بارێکی پێویست مۆڵەتەکانی دەستداری و هەڵگرتنی چەکی ئاگرین لە هەرێم یان بەشێکی رابگرێت بۆ ئەو ماوەی لە بریارەکە دیاری ئەکریت.

پێشنیاری دووەم:
ئەو ماددەیە لابرێ.
پێشنیاری سێیەم: وەکو خۆی.
پێشنیاری چوارەم هەردوو لێژنەی تایبەتمەند: ماددەکە بەو شێوەی لێ بکرێ:
وەزیر ئەتوانی لە هەر بارێکی پێویست مۆڵەتەکانی دەستداری و هەڵگرتنی چەکی ئاگرین لە هەرێم یان بەشێکی رابگرێ بۆ ئەو ماوەی لە بڕیارەکە دیاری ئەکرێت.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

سەبارەت بە ماددەی (١٠) چوار پێشنیار هەیە، کێ لەگەل یەکەمە؟ کەس نییە، دووەم؟ کەس نییە، سێیەم؟ کەس نییە، چوارەم؟ (٦٤) کەس، پەسند کرا، فەرموو.

**بەڕێز رۆژان محمد کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١١): چوار پێشنیار هەیە:
یەکەم: ماددەکە بەو شێوەی لێ بکرێ:
وەزیر ئەتوانی مۆڵەتی دەستداری هەڵگرتنی چەك بەپێی حوکمەکانی ئەو یاسایە بداتە کەسی بێانی بە هەمان مۆڵەتی هەڵگرتنی چەك.
پێشنیاری دووەم: لابرێت.
پێشنیاری سێیەم: وەکو خۆی.
پێشنیاری چوارەم: هەردوو لێژنەی تایبەتمەند: بەو شێوەی لێ بکرێ:
بەدەر لە حوکمەکانی هەر لە بڕگەی یەکەم لە ماددەی (٥) ی ئەو یاسایە وەزیر ئەتوانێ مۆڵەتی دەستداری هەڵگرتنی چەك بەپێی حوکمەکانی ئەو یاسایە بداتە کەسانی بیانی.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

چوار پێشنیار هەیە، کێ لەگەل یەکەمە؟ کەس نییە، دووەم؟ کەس نییە، سێیەم؟ کەس نییە، چوارەم؟ (٦٤) کەس، پەسند کرا، فەرموو.

**بەڕێز رۆژان ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکێ پەرلەمان.**

ماددەی (١٢):
سێ پێشنیار هەیە:
یەك: بڕگەی دووەمی ماددەکە بەو شێوەی لێ بکرێ:
٢- لە حالەتی رازەمەندی نەدان بە پێدانی مۆڵەت ئەوا چەکەکە بۆ بەرژەوەندی خاوەنەکەی بە زیاد کردنی ئاشکرا بەنرخی رۆژ لەلایەن دەسەڵاتی مۆڵەتدانەوە ئەفرۆشرێت.
پێشنیاری دووەم: وەکو خۆی.
ماددەی (١٢) :
١- هەرکەسێك لە ماوەی (٦٠) رۆژ لە دوای بەرکاربوونی ئەو یاسایە هەوڵبدات لەسەر دەستداری چەکێکی بێ مۆڵەت لە سزا ئەبوردرێت و دەسەڵاتی مۆڵەتدان ئەتوانێ بەپێی حوکمەکانی ئەو یاسایە مۆڵەتی پێ بدات.

٢- له حاڵەتی ڕەزامەندی نەدان بە پێدانی مۆڵەت ئەوا چەکەکە بۆ بەرژەوەندی خاوەنەکەی بە زیاد کردنی ئاشکرا لەلایەن دەسەڵاتی مۆڵەتدانەوە ئەفرۆشرێ.
پێشنیاری سێیەم: هەردوو لیژنەی تایبەتمەندە: ماددەکە وەکو خۆی تەنیا برگەی دوو بەو شێوەی لێ بکرێ:
٢- له حالەتی ڕەزامەندی نەدان بە پێدانی مۆڵەت ئەوا چەکەکە بۆ بەرژەوەندی دستدارەکەی بە زیاد کردنی ئاشکرا لەلایەن دەسەڵاتی مۆڵەتدانەوە ئەفرۆشرێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان سێ پێشنیار هەیە، کێ لەگەل یەکەمە؟ کەس نییە، دووەم؟ کەس نییە، سێیەم؟ (٦٧) کەس، پەسند کرا، فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٣):
حەوت پێشنیار هەیە:
یەکەم: ئەو ماددەیە لابرێ.
دووەم: وەکو خۆی تەنیا برگەی سێیەم لابرێت.
سێیەم: ماددەکە وەکو خۆی تەنیا برگەی (٢، ٣، ٤، ) لابرێ.
چوارەم:
١- بڕگەی سێیەم لابرێ.
٢- خاڵی یەك لە بڕگەی چوارەم لابرێ.
پێنجەم: وەکو خۆی تەنیا بڕگەکانی (٣، ٤) لاببری.
شەشەم: وەکو خۆی.
حەوتەم هەردوو لیژنەی تایبەتمەندە: بەو شێوەی لێ بکرێت.
١- هەر کەسێك قاچاخچیەتی بە چەکی ئاگرین یان پارچەکانی یان تفاق بکات یان دروستی بکات یان بێ مۆڵەت بازرگانی پێوە بکات ئەوا بە زیندانی کردن بۆ ماوەیەك لە (١٠) ساڵ زیاتر نەبێت سزا ئەدرێت.
٢- هەر کەسێك قاچاخچیەتی بە چەکی جەنگی یان پارچەکانی بکات یان تفاق بکات یان دورستی بکات یان بازرگانی پێوە بکات ئەوا بە زیندانی کردن بۆ ماوەیەك لە (١٠) ساڵ کەمتر نەبێت سزا ئەدرێت.
٣- لە حالەتەکانی هاتوو لە بڕگەی یەکەم و دووەمی ئەو ماددەیە ئەگەر تاوانەکە بە مەبەستی کارێکی تیرۆرستی ئەنجام ئەدرێت سزا ئەبێتە زیندانی کردنی تاهەتایی یان لە سێدارەدان.

٤-
١- هەر کەسێك تاوانی کوشتن بە چەکێکی بێ دەنگ ئەنجام بدات ئەوا بە لە سێدارەدان سزا ئەدرێت.
٢- هەرکەسێك یەکێك لەو کردەوانەی لە بڕگەی دووەمی ماددەی دووی ئەو یاسایە هاتوون ئەنجام بدات ئەوا بە زیندانی هەتا هەتایی سزا ئەدرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی سیانزە حەوت پێشنیار هەیە، کێ لەگەڵ یەکەمە؟ (٤) کەس، دووەم؟ (١) کەس، سێیەم؟ کەس نییە، چوارەم؟ (١) کەس، پێنجەم؟ کەس نییە، شەشەم؟ حەوتەم؟ (٦٨) کەس، پەسند کرا، فەرموو.

**بەڕێز شاخەوان ڕؤوف مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١٤) :

سێ پێشنیار هەیە:

یەکەم: بڕگەی چوارەم بەو شێوەی لێ بکرێ:

١- لە کاتی دۆزینەوەی هەر چەکێك و پارچەکان و تفاقیان و تفەنگی ئاسایی قاچاخ و دەمانچەی قاچاخ و پارچەکانیان و تفاقیان بە نزیکترین لایەنی سەربازی ئەسپێردرێ و لایەنی سەربازیش هەڵئەستێ بە هێنانی ئەم چەکانە لەبەردەم لایەنی تایبەتمەند بۆ تێروانین لە دۆسیەکە ئەگەر پێویستی کرد و ئەو کەسەی چەکەکە ئەدۆزێتەوە پاداشت ئەکرێ لەگەڵ پێدانی پاداشت بەو هەواڵدەرەی هەوڵی دۆزینەوەی داوە.
٢- لە کاتی دۆزینەوەی هەر چەکێکی ئاگرینی قاچاخ نەبردرا و پارچەکانی و تفاقیان ئەوا بە نزیکترین بنکەی پۆلیس لەو ناوچەیە کە چەکەکانی تێدا دروست دۆزراونەتەوە ئەسپێرێ بەو مەرجەی بنکەی پۆلیس ئەو چەکانە لەبەردە دادگا یان دەسەڵاتی گومرگی تایبەتمەند بە تێروانین لە دۆسیەکە ئامادە بکات، هەرکاتێك پێویست بکات ئەو کەسەی چەکەکە ئەدۆزێتەوە پاداشت ئەکرێت لەگەڵ پێدانی پاداشت بەو هەواڵدەرەی کە هەوڵی دۆزینەوەی داوە.

دووەم: ماددەکە لابرێت.

پینشیاری سێیەم: وەکو خۆی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

سێ پێشنیار هەیە، کێ لەگەڵ یەکەمە؟ کەس نییە، دووەم؟ (١) کەس، سێیەم؟ (٦٧) کەس، فەرموو.

**بەڕێز شاخەوان ڕؤوف مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١٥):

سێ پێشنیار هەیە:

یەکەم: وەکو خۆی تەنیا لە بڕگەی دووەم دەستەواژەی (خۆپیشاندان) لابرێ.

دووەم: وەکو خۆی.

سێیەم: هەردوو لێژنەی تایبەتمەند: وەکو خۆی تەنیا بڕگەی دوو بەو شێوەی لێ بکرێ.

٢- هەر کەسێك مۆڵەتدراو بێ بە هەڵگرتنی چەکی ئاگرین و لە کاتی بەشداری کردنی لە خۆپیشاندان یان گردبوونەوە هەڵیبگریت ئەوا بەند ئەکرێت بۆ ماوەیەك لە (٣) ساڵ کەمتر نەبێت و بە پێبژاردنی (٥) ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە (١٠) ملیۆن دینار زیاتر نەبێت سزا ئەدرێت، سزاکە ئەبێتە زیندانی کردن بۆ ماوەیەك لە (٧) ساڵ زیاتر نەبێت ئەگەر چەکەکەی بەبێ مۆڵەت هەڵگرتبێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

سێ پێشنیار هەیە، کێ لەگەڵ یەکەمە؟ (١) کەس، کێ لەگەڵ دووەمە؟ کەس نییە، سێیەم؟ (٦٧) کەس، پەسند کرا، فەرموو.

**بەڕێز شاخەوان ڕؤوف مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٦):

سێ پێشنیار هەیە:

یەکەم: وەکو خۆی تەنیا خاڵی یەکەم لە بڕگەی یەکەم بەو شێوەیە بێت:

١- ئەگەر مۆڵەت دراو داواکاری نوێ کردنەوەی مۆڵەتی دەستداری یان هەڵگرتنی چەکەکە لەو ماوەی کە لە بڕگەی دووەمی ماددەی (٥)ی ئەو یاسایە هاتووە پێشکەش نەکات بە پێبژاردنی بڕی (١٦٠) هەزار دینار سزا ئەدرێت.

دووەم: وەکو خۆی.

سێیەم: هی هەردوو لێژنەی تایبەتمەند: وەکو خۆی تەنیا بڕگەی یەکەم بەو شێوەیە بێت:

١- ئەگەر مۆڵەت دراو داواکاری نوی کردنەوەی مۆڵەتی دەستداری یان هەڵگرتنی چەکەکە لەو ماوەی کە لە بڕگەی دووەمی ماددەی (٥)ی ئەو یاسایە هاتووە بەبێ بوونی پاساوێکی ڕەوا پێشکەش نەکات بە پێبژاردنی بڕی (٣٠٠) هەزار دینار سزا ئەدرێت.

٢- ئەگەر ماوەی هاتوو لە بڕگەی دووەمی ماددە (٥)ی ئەو یاسایە کۆتایی هات مۆڵەت پێدراو داواکاری نوێ کردنەوەی مۆڵەتی بێ بوونی پاساوی ڕەوا پێشکەش نەکرد سەرباری لێوەرگرتنەوەی مۆڵەتەکەی جارێکی تر مۆڵەتی پی نادرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێ پێشنیار هەیە، کێ لەگەڵ یەکەمە؟ دووەم؟ سێیەم؟ (٦٧) کەس، پەسند کرا، فەرموو.

**بەڕێز شاخەوان ڕؤوف مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٧):

هیچ پێشنیار نییە وەکو خۆی.

ماددەی (١٧):

هەرکەسێك سەرپێچی حوکمەکانی ئەو یاسایە بکات جگە لە حوکمەکانی ماددەی (١٣، ١٥، ١٦) بە بەند کردن و پێبژاردنێك لە (٢٥٠) هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە (٥٠٠) هەزار دینار زیاتر نەبێت یان یەکێ لەو دوو سزایە سزا ئەدرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

هیچ پێشنیارێك نییە، کێ لەگەڵ دایە؟ (٦٦) کەس، پەسند کرا، فەرموو،

**بەڕێز شاخەوان رؤوف مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٨): سێ پێشنیار هەیە:

یەکەم: وەکو خۆی تەنیا برگەی سێیەم بەو شێوەی لێ بکرێت:

٣- وەزیری ناوخۆی بەهەماهەنگی لەگەل وەزیری پێشمەرگە رێنمایی لێ سەندنەوەی چەکە جەنگییەکان و تۆمار کردنی چەکە ئاگرینییەکان لە ماوەی (٣٠) رۆژ لە ڕێکەوتی ئەو یاسایە دەرئەکات.

دووەم: وەکو تەنیا برگەی سێیەم بە شێوەیە بێت:

٣- وەزیر رێنمایی لێ سەندنەوەی چەکە جەنگییەکان و تۆمار کردنی چەکە ئاگرینییەکان لە ماوەی (٦٠) رۆژ لە ڕێکەوتی ئەو یاسایە دەرئەکات.

سێیەم: وەکو خۆی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ یەکەمە؟ (٢) کەس، دووەم؟ کەس نییە، سێیەم؟ (٦٣) کەس، پەسند کرا، فەرموو.

**بەڕێز حکمت محمد عبو زید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی ١٩: هیچ پێشنیار نییە وەکو خۆی:

ماددەی (١٩):

١- وەزیر رێنمایی تایبەت بە دەستداری و هەڵگرتنی چەکی بریندارکار و چەکی رۆیشنەر یان گواستنەوەیان یان دروست کردن یان چاکردنەوەیان یان هاوورده کردنیان یان بازرگانی پێوەکردنیان دەر ئەکات.

٢- وەزیر رێنمایی پێدانی مۆڵەتی دەستداری وهەڵگرتنی چەکی ئاگرین و تفاقی و مۆڵەتی چاکردنەوەی چەکی ئاگرین و مۆڵەتی کردنەوەی شوێنی فرۆشتنی چەکی ئاگرین و تفاق دەرئەکات.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (١٩) کێ لەگەڵ دایە وەکو خۆی؟ (٦٨) کەس، فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داوای لێ بووردن ئەکەین سەبارەت بە ماددەی (١٩) هیچ پێشنیار نەبوو، بەس بۆ برگەی دووەم بۆ ئەوەی لەسەرمان تیپەر نەبێت برگەی دووەم دیری دوو ئەڵێ مۆڵەتی چاککردنەوەی چەکی ئاگرین و مۆڵەتی کردنەوەی شوێنی فرۆشتن، لە ماددەیەکی پێشووتر کرین بۆ پێشنیاری هاوبەش و پێشنیاری ئەندامانی پەرلەمان بوو جێگیر کرا، لێرە ئەگەر پێویست بێ بە رازی بوونی ئەندامان بێ کرین لێرەش ئیزافە بکەین.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆكی پەرلەمان:**

دروستە، ماددەی (٢٠) فەرموو.

**بەڕێز شاخەوان ڕؤوف مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (٢٠): سێ پێشنیار هەیە:

یەكەم: ماددەكە بەو شێوەی لێ بكرێ:

چەكی شوێنەواری كەلەپووری یان دیاری و سیمبولی لە حوكمەكانی ئەو یاسایە بەدەر ئەكرێن.

دووەم: وەكو خۆی.

سێیەم: پێشنیاری هەردوو لێژنەی تایبەتمەند: ماددەكە بەو شێوەی لێ بكرێ.

١ تۆمار كردن و دەستداری چەكی هیمایی بەپێی ڕێپێدانیك ئەبێت كە لەلایەن وەزیرەوە ئەدرێت تەنیا بۆ یەكجار.

٢- ڕێككارەكانی ڕێپێدانی ئەو ڕێككارانە بە ڕێنماییەك ڕێكئەخرێت كە وەزیر دەریئەكات.

٣- هەركەسێك ڕێپێدانی چەكی هیمایی بەپێی حوكمەكانی ئەو یاسایە وەرگرێت و بۆ مەبەستێكی جیاواز لە مەبەستەكانی ئەو یاسایە بەكاری بێنێت چەكەكە خەسڵەتی هیمایی لە دەست ئەدات.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆكی پەرلەمان:**

ماددەی بیست: سێ پێشنیار هەیە، كێ لەگەل یەكەمە؟ كەس نییە، دووەم؟ كەس نییە، سێیەم؟ (٦٧) كەس، پەسند كرا، فەرموو.

**بەڕێز شاخەوان ڕؤوف مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (٢١): سێ پێشنیار هەیە:

یەكەم: بەو شێوەی لێ بكرێ:

ئەو بڕە پارانەی لەو ڕەسم و پێبژاردنانەی لەو یاسایە هاتوون دەست ئەكەون وەك داهاتێك بۆ گەنجینەی هەرێم تۆمار ئەكرێت بەو مەرجەی ڕێژەی (٥٠%) بۆ وەزارەتی ناوخۆ تەرخان بكرێت بۆ مەبەستی پەرەپێدانی دامەزراوەكانی وەزارەت.

دووەم: ماددەكە بەو شێوەیە بێت:

ئەو بڕە پارانەی لەو رسوم و پێبژاردنانەی لەو یاسایە هاتوون دەست ئەكەون وەك داهاتێك بۆ گەنجینەی هەرێم تۆمار بكرێن.

پێشنیاری سێیەم وەكو خۆی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان سێ پێشنیار هەیە، كێ لەگەل یەكەمە؟ كەس نییە، دووەم؟ (١) كەس، سێیەم؟ (٦٥) كەس، پەسند كرا، فەرموو.

**بەڕێز شاخەوان ڕؤوف مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٢٢) هیچ پێشنیار نییە.

ماددەی (٢٢): یاسای چەك ژمارە (١٦) ی ساڵی (١٩٩٣) هەڵدەوەشێتەوە و ئەو ڕێنماییانەی بەپێی ئەو یاسایە دەرچوون بەرکار ئەمێنێتەوە ئەگەر ناکۆك نەبوون لەگەڵ حوکمەکانی ئەو یاسایە تاوەکو دەرچوونی ئەوەی جێگەی ئەگرێتەوە یان هەڵدەوەشێتەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (٢٢) هیچ پێشنیار نییە، کێ لەگەل دایە؟ (٦٧) کەس، پەسند کرا، فەرموو.

**بەڕێز حکمت محمد عبو زید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢٣) هیچ پێشنیار نییە وەکو خۆی.

ماددەی (٢٣): کار بە دەقی هیچ یاسای و بریارێك ناکرێ کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەو یاسایە ناکۆك بێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەل دایە وەکو خۆی؟ (٦٧) کەس، پەسند کرا، فەرموو.

**بەڕێز حکمت محمد عبو زید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢٤) هیچ پێشنیار نییە وەکو خۆی.

ماددەی (٢٤):

پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەو یاسایە جێ بەجێ بکەن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەل دایە؟ (٦٧) کەس، پەسند کرا، فەرموو.

**بەڕێز حکمت محمد عبو زید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢٥): دوو پێشنیار هەیە:

یەکەم: بەو شێوەی لێ بکرێ.

ئەم یاسایە لە دوای (٣٠) ڕۆژ لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی ) کوردستان جێ بە جێ ئەکرێت.

دووەم: وەکو خۆی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

دوو پێشنیار هەیە، کێ لەگەڵ یەکەم دایە؟ کەس نییە، دووەم وەکو خۆی؟ (٦٨) کەس، پەسند کرا، فەرموو.

**بەڕێز ڕۆژان ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە هۆیەکانی دەرچوواندن دوو پێشنیار هەیە:

یەکەم: هۆیەکانی دەرچوواندن:

به مەبەستی ڕێکخستنەوەی مۆڵەت و دەستداری و هەڵگرتنی چەك و تفاق و کڕین و فرۆشتن و چاككردنەوەیان کە بگونجێ لەگەل ئەو قۆناغ و گۆڕانکارییانەی کە هەرێمی کوردستانی پێدا تێدەپەڕێت ئەو یاسایە دەرچووێنرا.

دووەم: وەکو خۆی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان دوو پێشنیار هەیە، کێ لەگەل یەکەمە؟ (٢) کەس، دووەم وەکو خۆی؟ (٦٥) کەس، پەسند کرا، خشتەی ڕەسمەکان دوو پێشنیار هەیە.

**بەڕێز رۆبینە اویملك عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە خشتەی ڕەسمەکان دوو پێشنیار هەیە:

یەکەم وەکو خۆی.

دووەم: هەر دوو لێژنەی تایبەتمەند:

خشتەی ڕەسمەکان.

وەزارەت ئەو ڕەسمانە بەپێی ئەو خشتەی خوارەوە وەرئەگرێت:

١- (١٤٠) هەزار دینار ڕەسمی مۆڵەتی هەڵگرتنی چەکی ئاگرین و تفاقەکەیە.

٢- (١٢٠) هەزار دینار ڕەسمی نوێ کردنەوەی مۆڵەتی دەستداری یان هەڵگرتنی چەکی ئاگرین و تفاقەیە.

٣- (٢) ملیۆن دینار ڕەسمی مۆڵەتی چاككردنی چەکی ئەگرێن و نوێ کردنەوەیە.

٤- (٦) ملیۆن دینار ڕەسمی کردنەوەی مۆڵەتی شوێنی فرۆشتنی چەکی ئاگرین و نوێ کردنەوەیە.

٥- (٢٥) هەزار دینار ڕەسمی کارگێری بۆ هەر داواکارییەك بەپێی یاسا و ڕێنماییەکان پێشکەش ئەکرێت.

٦- (٥٠) هەزار دینار ڕەسمی ڕێپێدانی چەکی هیمایی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

دوو پێشنیار هەیە، وەکوی خۆی کێ لەگەڵە؟ کەس نییە، دووەم هی لێژنەی هاوبەش؟ (٦٧) کەس، پەسند کرا، کۆی یاساکە کێ لەگەڵ دایە؟ (٦٨) کەس، پەسند کرا، پیرۆزبایی لە خۆمان و گەلی کوردستان ئەکەین و هیواداریین ببێتە مایەی کەمکردنەوەی دیاردەی هەڵگرتنی چەك و ئەو تاوانانەی بە چەکی بێ مۆڵەت ئەکرێن، بەڕێزان خاڵی (٣) لە بڕگەی پێنجەم، زۆر سوپاسی سەرۆکایەتی لێژنەی ناوخۆ ئەکەین، داوا لە سەرۆکایەتی لێژنەی ووزە ئەکەین بفەرموون.

**بەڕێز علی حمه صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بابەت/ ڕاپۆرتی دەنگدان:

لێژنەی کاروباری یاسایی و لێژنەی وزە و سامانە سروشتییەکانی و پیشەسازی و بازرگانی ڕۆژی دوو شەمە ڕێکەوتی (٢٠٢١/١١/١) کاتژمێر (١٢) نیوەڕۆ کۆبوونەوەی هاوبەشیان ئەنجام دا بۆ تاوتوێ کردن و داڕشتنەوەی ئەو پێشنیارانەی لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراون،

سەبارەت بەهەمواری یەکەمی یاسای وەزارەتی کارەبا لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٦)ی ساڵی (٢٠٢١) لەگەڵ دانیشتنی خوێندنەوەی دووەم دوای گفتوگۆ کردن و تاوتوێ کردن لێژنەکە گەیشتە ئەو ئەنجامانەی خوارەوە:

سەبارەت بە ناونیشان، هیچ پێشنیار نییە وەکو خۆی:

پرۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای وەزارەتی کارەبا لە هەرێمی کوردستان-عێراق.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێ لەگەڵ ناونیشانە وەکو خۆی؟ (٦٣) کەس، پەسند کرا، فەرموو.

**بەڕێز عەلی حمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی یەك: دوو پێشنیار هەیە:

یەکەم: ماددەکە بەو شێوەی لێ بکرێ:

خاڵی (٣) لە بڕگەی دووەم لە ماددەی (٨) هەڵدەوەشێتەوە و بڕگەیەك بە زنجیرەی سێیەم بۆ ماددەکە زیاد ئەکرێ بەو شێوەیە ئەخوێندرێتەوە.

٣- ئەرکو وەزیفە و پێکهاتەکانی وەزارەت بە ڕێنماییەك ڕێکئەخرێت کە لەلایەن وەزیرەوە دەرئەچێت.

پێشنیاری دووەم: وەکو خۆی.

خاڵی (٣) لە بڕگەی دووەم لە ماددەی (٨) هەڵدەوەشێتەوە و بڕگەیەك بە زنجیرەی (٣) بۆ ماددەکە زیاد ئەکریت بەو شێوەیە:

٣- ئەرکو وەزیفەی پێکهاتەکانی وەزارەت بە پەیرەوێك ڕێکئەخرێت کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەردەچێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ یەکەمە؟ کەس نییە، دووەم؟ (٦١) کەس، پەسند کرا، فەرموو دواتر.

**بەڕێز گلیزار رشی حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢) هیچ پێشنیار نییە وەکو خۆی:

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەو یاسایە جێ بەجێ بکەن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ دایە وەکو خۆی؟ (٦١) کەس، پەسند کرا، فەرموو.

**بەڕێز گلیزار رشی حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکێ پەرلەمان.**

ماددەی (٣): هیچ پێشنیار نییە وەکو خۆی:

کار بە دەقی هیچ یاسا و بریارێك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەو یاسایە ناکۆك بێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ دایە؟ (٦٢) کەس، پەسند کرا، فەرموو.

**بەڕێز گلیزار رشید حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٤): هیچ پێشنیار نییە:

ئەم یاسایە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی وەقائیعی کوردستان جێ بەجێ ئەکرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ دایە؟ (٦٣) کەس، پەسند کرا، فەرموو.

**بەڕێز گلیزار رشی حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە هۆیەکانی دەرچوواندن هیچ پێشنیار نییە:

هۆیەکانی دەرچوواندن:

بە مەبەستی دەستنیشان کردنی لایەنی پەیوەندیدار بە دیاریکردنی ئەرك و وەزیفەی پێکهاتەکانی وەزارەتی کارەبا لە هەرێم ئەو یاسایە دەرچووێنرا.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ دایە؟ (٦٢ ) کەس، بەرێزان کۆی یاساکە کێ لەگەل دایە؟ (٦٥)ی کەس، پەسند کرا، پیرۆزبایی لە خۆمان و گەلی کوردستان ئەکەین، هیواداریین ببێتە مایەی کاراتر کردنی وەزارەتی کارەبا و دابین کردنی خزمەتگوزاری زیاتر، بەو شێوەیە کۆتایی بە دانیشتنەکە ئەهێنین، بەیانی سەعات (١١) دەست پێ ئەکەینەوە.

| **منی نبی قهوچی** | **هێمن هەورامی** | **د. ڕێواز فائق حسێن** |
|---|---|---|
| سکرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆکی پەرلەمانی | سەرۆکی پەرلەمانی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان - عێراق |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢)ی**
**چوارشەممە ڕێکەوتی ٢\٣\٢٠٢٢**
**خولی پێنجەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢)
# چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٣/٢

کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی چوار شەممە رێکەوتی ٢٠٢٢/٣/٢ پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز د. هێمن هەورامی جێگری سەرۆك و، بەڕێز منی نبی قهوچی سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (٢)ی ئاسایی خولی پێنجەمی ساڵی (٢٠٢٢) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بە پێی حوکمی ماددەی (٥) بڕگەی یەکەم لە ماددەی ( ١٦) بڕگەی سێیەم لە ماددەی (١٨) وبڕگەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەم لە ماددەی (٢٠) وماددەکانی (٤٧ و ٤٨) بڕگەی یەکەم و لە ماددەی ( ٥٢) و بڕگەکانی (٥٤ و ٥٥ و ٥٦ و ٥٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (٢)ی ئاسایی خولی بەهارەی، ساڵی چوارەمی لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کاتژمێر (١١) ی پێشنیوەڕۆ، ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٣/٢ بەم شێوەیە بێت:

-خوێندنەوەی دووەم بۆ پڕۆژە یاسای (بەڕێوەبردن و پاراستنی ئاو لە هەرێمی کوردستان – عێراق) بە پێی حوکمەکانی ماددەی (٨٧، ٨٨، ٨٩) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

بە ناوی گەلی کوردستان، بەڕێزان دانیشتنەکەمان دەست پێ دەکەین، دانیشتنی ژمارە (٢) ئاسایی وەرزی بەهارەی ساڵی چوارەمی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان، ئێستاش داوا لە بەڕێز سکرتێری پەرلەمانی کوردستان دەکەین بەرنامەی کار بخوێنێتەوە و پوختەیەك لە کۆنووسی کۆبوونەوەی پێشووتری پەرلەمانی کوردستانی لەگەڵ ناوی ئامادە بووان و ئامادە نەبوان و بە مۆلەت و بێ مۆڵەت بخوێنێتەوە فەرموو.

**بەڕێز منی نبی نادر/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێی حوکمی ماددەی (٥) بڕگەی یەکەم لە ماددەی ( ١٦) بڕگەی سێیەم لە ماددەی (١٨) وبڕگەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەم لە ماددەی (٢٠) وماددەکانی (٤٧ و ٤٨) بڕگەی یەکەم و لە ماددەی ( ٥٢) و بڕگەکانی (٥٤ و ٥٥ و ٥٦ و ٥٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (٢)ی ئاسایی خولی بەهارەی، ساڵی چوارەمی لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کاتژمێر (١١) ی پێشنیوەڕۆ، ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٣/٢ بەم شێوەیە بێت:

-خوێندنەوەی دووەم بۆ پڕۆژە یاسای (بەڕێوەبردن و پاراستنی ئاو لە هەرێمی کوردستان – عێراق) بە پێی حوکمەکانی ماددەی (٨٧، ٨٨، ٨٩) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

پوختەی دانیشتنی ژمارە یەکی ئاسایی بەپێی حوکمی بڕگەی دووەمی ماددەی (٥٢) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان پوختەی دانیشتنی ژمارە یەکی ئاسایی خولی بەهارەی ساڵی

چـوارەم لە خـولی پێنجەمـی هەلبژاردنـی پەرلەمـان لە کـاتژمێر (١٢) نیـوەڕۆ رۆژی سـێ شـەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٣/١ بەم شێوەیەی خوارەوە بوو.
یەکەم: دەست پێکردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
دووەم: خوێندنەوەی بەرنامەی کار لەلایەن بەڕێز سکرتێری پەرلەمان.
سێ یەم: دەست پێکردنەوەی بڕگەکانی بەرنامەی کار لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
چوارەم: یەك دەقیقە بێ دەنگی وەستان بۆ ڕێز لێنان لە گیـانی شـەهیدانی کوردسـتان و عێـراق لەگەڵ مارشی نەتەوەیی.
پێـنجەم: لەگەڵ کـردنەوەی خـولی بەهـارەی سـاڵی چـوارەمی لە خـولی پێنجەمـی هەڵبژاردنـی پەرلەمان لەلایەن سەرۆکی پەرلەمان.
شەشەم: وتەی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان بەبۆنەی کـردنەوەی خـولی بەهـارەی سـاڵی چـوارەم لە خوڵی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان.
حەوتەم: وتەی بەڕێزان فراکسیۆنەکانی پەرلەمان بە بۆنەی کـردنەوەی خـولی سـاڵی چـوارەم لە خوڵی پپێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان.
هەشتەم: دەنگدان لەسەر ئەم پرۆژە پێشنیازانەی یاسانەی خوارەوە.
١- پێشنیازی یاسای پاراستنی ئەرکی لە هەرێمی کوردستان.
٢- پرۆژەی یاسای چەك لە هەرێمی کوردستان.
٣- پرۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای وەزارەتـی کارەبـا لە هەرێمـی کوردسـتان ژمـارە (٦)ی ساڵی٢٠٢١.
نۆیەم: داخستنی بڕگەی (٦) بەرنامەی کار.
دەیەم: کۆتـایی هـاتنی دانیشـتنی لەلایەن بەڕێـز سـەرۆکی پەرلەمـان. لیسـتی ئامـادەبووان و ئامادەنەبوونی ئەندامانی پەرلەمـانی کوردسـتان لە دانیشـتنی ژمـارە یەکـی ئاسـایی لە ٢٠٢٢/٣/١ دانیشتنی بەیانی ناوی ئەندامان. (راهی راهبر ابراهیم مـۆڵەت، سوسـن محمـد میرخـان مـۆڵەت، شنو اشقی عبدالله مۆڵەت، عبدالناصر احمد علی مۆڵەت، یاسین طه خضر مۆڵەت، کاظم فـاروق نامق ئامادە نەبوو) بە پێـی یاسـای ژمـارەی دانیشـتنی ژمـارە یەك ئاسـای لە ٢٠٢٢/٣/١ دانیشـتنی ئێوارە ( راهی راهبر ابراهیم مۆڵەت، سوسن محمد میرخان مۆڵەت، شنو اشقی عبـدالله مـۆڵەت، عبدالناصر احمد علی مۆڵەت، یاسین طه خضر مۆڵەت، باڵانبو محمد سلیم مـۆڵەت، زکـری احمـد اسماعیل مۆڵەت، سروان محمد علـی مـۆڵەت، عبـاس فتـاح صـالح مـۆڵەت، فیصـل عبـاس عـولا مۆڵەت، شیرین یونس عبدالله ئامادە نەبوو، کـاظم فـاروق نـامق ئامـادە نەبـوو)، بە پێـی بڕیـاری ژمارەی (٢)ی سالی ٢٠٢١ محمد سعدالدین انور ئامادە نەبوو، هیمـداد صـباح بـلال ئامـادە نەبـوو، سیروان فرج محمد ئامادە نەبوو، شادی نوزاد وهاب ئامادە نەبوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان ئێستا دەست بە جێبەجـێ کردنـی بەرنـامەی کـار دەکەیـن، بەسـەرچاو هەمووتـان وەردەگرین دوێنی وەعدمان پێداون، بەڵام داوا لە لێژنەی کشتوکاڵ دەکەین بفەرموون بێنە ئێرە ناوەکانیش تۆمار دەکەین، بۆ خاڵە پەیڕەوەکـانە فەرمـوون لێـژنەی کشـتوکاڵ، بفەرمـوون وەرنە ئێرە، بەسەرچاو با ناوەکـان تۆمـارکەین هەمـووی خـاڵی پەیـڕەوییە، کەواتە بە پێـی مـاددە (٥٦)

تەحەمولی خاڵی پەیڕەوی لە گەڵتان دەکەین خـاڵی پەیـڕەوی وازحە بـا ناوەکانتـان تۆمـار کەیـن لێژنەی کشتوکاڵ فەرموون وەرنە جێی خۆتان.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە بۆ خوێندنەوەی دووەمی پێشنیازی پاراستنی بەرێوەبردنی سەرچاوەکانی ئاو سەرۆکایەتی هەرسێ لێژنە بانك بکرێت بۆ لێژنەی شارەوانی لێژنەی کشتوکاڵ لێژنەی یاسایی.

**بەڕێزد. هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە هیچ لاریمان نییە ئێوە خۆتان لە نێوان خۆتان رێکەون لەسەری، ئێمە هیچ لارییەکمان نییە، بەرێـزان ئەگەر یارمەتیمـان بـدەن لێـژنەی کشـتوکاڵ دەسـتەی سـەرۆکایەتیەکەتان لێرەبێـت، بۆئەوەی لەگەڵ دەستەی سەرۆکایەتی لێژنەی یاسایی و شارەوانیش بێنە ئێرە فەرموون.

بەرێزان ئەم بەرێزانە داوای خاڵی پەیرەوییان کردووە، داوای خاڵی پەیڕەوی تەئکید دەکەیـن بە پێی ماددەی (٥٦) بەرێزان (اسماعیل علی طە، سیپان سالم حسن، بدریە اسـماعیل محمـود، عمـر عبداللە فتاح، سیروان فرج محمد، مژدە محمـود محمـد، ابـوبکر عمـر عبـداللە، مەم برهـان قـانع، سەرچنار احمد محمود، ذکری احمد اسماعیل، رۆژان محمد کرم، بەلێن اسماعیل حاجی ابـراهیم، شیرین یونس عبداللە، روپاك احمد رحمان، سەرکۆ ازاد حسین، هاورێ بناء محمـد، رزگـار محمـد محمود، دابان محمد حسین، شـایان کـاکە صـالح، شـاخەوان رؤوف مصـطفی، علـی حـمە صـالح، رومیو حزیران نیسان، هیڤیدار احمد سلیمان، سروان محمـد علـی، کـاروان عبـدالرحمن عبـداللە، زیاد جبار محمد، شادی نوزاد وهاب، گلیزار رشید حاجی، ازاد اکرم بهرام، جـلال محمـد عبـداللە، عثمان کریم سوارە، شیرین امین عبدالعزیز) ئەو بەرێزانەی کە زیادمـان کـردن کـاك کـاروان، کـاك زیاد، شادی خان، گلیزار خان، کـاك جـلال پەریشـان، کـاك عثمـان ، شـیرین امـین، تەواو، فەرمـوو سەرچنار خان.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێـی مـاددەی (٩٨) لە پەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـان قسـە دەکەم، مـن بە پێـی مـاددەی (٩٨) ئەنجومەنی وەزیران مولزەمە کە لە مانگی (١٠) هەموو سـاڵێك پـرۆژەی یاسـای بـوودجە بنـرێتە پەرلەمان وە لە مانگی نیسانە ژمێـرە کۆتـای سـاڵی پێشـوو بنیرێـت، بەڵام ئەمە نـزیکەی هەشـت سـاڵ تێـپەر دەبێـت تائێسـتا پـرۆژە یاسـای بـوودجە نەهـاتووە، و لەم خـولی پەرلەمـانە کە سـێ ساڵمان تێپەڕاندووە هەتا ئێستا حکومەت پرۆژەی یاسای بـوودجەی نەنـاردووە وە پەرلەمـانیش وسەرۆکایەتی پەرلەمانیش هیچ رێکارێکیان نەگرتووتە بەر، داوا دەکەین کە رێوشوێنی یاسـایی بگرێتە بەر و پرۆژە بوودجە بێتە پەرلەمان و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لەگەڵ ئەو بەشـە نـین کە سـەرۆکایەتی پەرلەمـان رێکـاری یاسـای نەگـرتبێتەبەر، سـەرۆکایەتی پەرلەمان نووسراوی فەرمی کردووە جەختیشی لێدەکەینەوە، زۆر سوپاس، رۆژان خان.

**بەڕێز ڕۆژان محمد كريم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە پێی ماددەكانی (١١٢و١٣٢)ی دەستور قسە دەكەم، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان جارێكی دیكە لە یادی پرلە نەهامەتییەكانی گەلی كوردستان نزیك دەبینەوە یادی (٣٤) ساڵەی كیمیابارانی هەلەبجە و تاوانی ئەنفال وهەردوو ماددەی (١١٢و١٣٢) دەستوور كە مافی گەلەكەمانە، تێدا چەسپێنراوە هەنگاوی جێبەجێ كردنی بۆ نەنراوە تائێستا لە ایەن حكومەتی عێراق و ئەنجومەنی نوێنەرانەوە، سەبارەت بە قەرەبوو كردنەوەی كەسوكاری ئەنفال كراوان و كیمیاباران و تەرخانكردنی داهات بۆ ناوچە زیان لێكەوتووەكان و حكومەتی عێارق دەبێت داوای لێبوردن بكات لە گەلی كوردستان لەسەر ئەو تاوانانە، بۆیە داوا لە بەڕێزتان دەكەم جەخت بكەنەوە لەسەر ڕاسپاردەكانی پەرلەمانی كوردستان كە لە ساڵی ٢٠٢١ لەم یادەیە ئاراستەی حكومەتی عێراق كرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس.

**بەڕێز دابان محمد حسين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ماوەی ڕابردووە ئێمە ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، یاداشتمان دابوو بە سەرۆكایەتی پەرلەمان لەسەر كۆمەڵێك رسومات كە لەسەر هاووڵاتیان زیادكراوە لەسەر باجەكان كە لەسەر هاووڵاتیان زیاد كراوە، تاوەكو ئێستا دانیشتنی پەرلەمانی بۆ ئەنجام نەدراوە، ئەمە خاڵێك خاڵێكی تر ئەوەیە كە لە سلێمانی دوخێكی نەخوازراو هەیە سەبارەت بە دەرمان پێش ئەوەی كە بێنە دانیشتنەكە لە دەزگاكانی ڕاگەیاندن وا بڵاوكراتەوە كە خەستەخانەی شار دائەخرێت كە ئەمە پێداویستیەكی سلێمانیە، دوای خۆڵ خاشاكی زۆر لە سلێمانی كۆبۆتەوە پرۆژە خزمەتگەوزاریەكان وەستاوە، وە فەرمانبەران بۆ چەند جارێك دەڕۆنە بەردەم بانكەكان لەوێ سویلە نییە و پارە نییە و، پێویستە پەرلەمانی كوردستان هەڵوێستی هەبێت، قسەی هەبێت لەسەر ئەم پرسانە بەتایبەتی كە ئێستا نرخی نەوت (١١٠$) دولاری تێپەراندووە، ئەم شەو بۆخۆتان ئاگادارن كە گەیشتۆتە چەند، و داهاتی ناوخۆ ووجودی نییە، بۆ بوونی نییە لە كاتێكدا مانگی پێشوو داهاتی خاڵی سنووری پەروێزخان (٢٧) ملیار بووە.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس كاك دابان گیان، ئێستا ئێمە تازە وەرزەكەمان دەست پێكردووە بە یاداشتی خۆتان خاڵی پەیرەوەی ئامادەیە زۆر سوپاس. بۆیە بە یەك سانیە بەسەر هەموو بەڕێزان خۆی دەرفەت هەبێت هەمووتان قسەی خۆتان بكەن بەڕێزان، زۆر سوپاس، فەرموو كاك زیاد.

**بەڕێز زياد جبار محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە لە ڕابردووە لەم پەرلەمانە لێژنەی تایبەتمەمەندەكان كۆمەڵێك ڕاپۆرتی باش پێشكەش كراوە لە ناویاندا، دوا ڕاپۆرتی لێژنەی دارایی كە پێشكەش كراوە كۆمەڵێك ڕاسپاردەی تێدایە كە بریتییە لە شەش ڕاسپاردە كە بە ڕەئیی ئێمە ئەمانە بەشێكی گرنگن بە ژیان و گوزەرانی خەڵك

و به بـارودۆخی دارایـی حكـومەتی هەرێمـی كوردسـتانەوە هەیە، لێـرە لەم پەرلەمـانە لەلایەن زۆریـــنەی ئەنـــدامانی پەرلەمـــانەوە پەســـەند كـــراوە، بـــۆیە تەئكیـــد لە ئەوە دەكەمەوە هەم سەرۆكایەتی پەرلەمان هەوڵ بدەین لەگەڵ حكومەتی هەرێمی كوردستان كە كار لەسـەر ئەمـانە بكەن بە تایبەتی لەسەر مەسەلەی چاكسازی لە خاڵە كۆمپانیاو شەریكاتە نەوتییەكان، مەسـەلەی هێنانی پرۆژەی بوودجە بۆ پەرلەمانی كوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك بژار یەك روونكردنەوەی بچووكی هەیە فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەكو سەرۆكی لێژنەی یاسایی داوای لێبووردن لە بەڕێزان سەرۆك و ئەندامانی شارەوانی دەكەم ئەو نوسـخەیەی كە لەنـاو سـندوقی ئەنـدامانی پەرلەمـان دانـراوە راپـۆرتی لێـژنەی یاسـای لە كەلیشەكەدا نـاوی لێـژنەی شـارەوانی نەهـاتووە، بـۆیە دووبـارە داوای لێبوردنیـان لێـدەكەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك سروان.

**بەڕێز سروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنـاوی خـودای گەورەو میهرەبـان، لە وەرزی پێشـووتر دوو داوامـان كردبـوو، كە یەك لەسـەر سلفەی زەواج و خانووبەرە، ئەوەی كە سەرۆكی پەرلەمان داوای ئەوەی كـرد كە بەنووسـراویش داوا لە وەزارەتی دارایی بكەین بـۆ پێشـمەرگە وئاسـایش وپـۆلیس كە ئێسـتا وەزارەتـی دارایـی یەعنی فەرزی كردووە لەسەر ئەوانە دەبێت پارەكە بەیەك جار بدەنەوە، بێ ئەوەی بۆی بكـاتەوە بەقست، ئەوە نەوەزارەت جوابی ئێمەی داوە نە ئێوەش وەكو سـەرۆكایەتی پەرلەمـان لێژنەتـان پێك نەهێنا بەدوادا چوون بۆ ئەو باسە بكەن، یەعنی پێمان خۆشە كە داوای پێـك هێنـانی لێـژنە دەكەین داوا و پێشنیارەكانی ئێمە لە ئێـوەوە بە هەنـد وەربگیـرن، بـۆ ئەوەی لە وەزارەتەكـانیش ئیهتیمـام بە داواو پێشـنیاری ئـێمە بـدرێت، ئەوە یەك، دوو هەر بەنسـبەت بەریەك كەوتـن داوای ئەوەشمان كردبوو لە ئەنجـومەنی وەزیـران وەزارەتـی دارایـی بەریەك كەوتـن هەبێـت لە قەرزی مووچەخـۆرو قەرزی حكـومەت، حكـومەت قەرزاری هەمـوو مووچەخـۆرە، بەڵام حكـومەتیش قەرزای حكومەتە، یەعنی بەریەك كەوتنێك هەبێت بـۆ ئەوەی لەسـەر ئەوە دوو خـاڵی تـرم مـاوە حەزدەكەم ئەوە بگەینم.....

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئاگاتان لە وەخت بێت بەڕێزان، بۆ ئەوەی یەكسان بێت بەسەر هەمووان.

**بەڕێز سروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئاخر قسەم لێ مەبڕە بۆئەوەی .....

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

خاڵی پەیڕەوەی یەك دەقەیە بەڕێزان، بۆ هەمووتان وەکو یەك وایە.

**بەڕێز سروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەویتریش داخستنی نەخۆشخانەی سەروەرانە، یەعنی لە گەڕەکی شەهیدان کە نەخۆشخانە یەعنی داخراوە نەخۆشخانەکە لەسەریان لەجیاتی ئەوەی ئیهتیمامی پێ بدرێت، وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی شەهیدان و وەزارەتی پێشمەرگە نەخۆشخانەی شەهیدانیان کە بە ناوی ....

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سروان دەتوانی ئەوە شتانە بە یاداشت بنووسیت کاتەکەت تەواو بوو، فەرموو کاك رۆمیۆ.

**بەڕێز رومیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە دانیشتنی دوێنێی پەرلەمانی کوردستان کە ژمارە یەکی بۆ ئەم وەرزە، من پێش ئەوەی قسەکانی کۆتایی بکەم، پێنج دەقە دانرابوو بۆ هەر سەرۆك فراکسیۆنێك زۆر کەمتر لە پێنج دەقە .....

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا خاڵی پەیڕەوییە کاك رمیۆ بۆ هەر هەمووتان یەك دەقەیە ماددەی (٥٦).

**بەڕێز رۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆمن زۆر کەمتر بوو لە پێنج دەقە قسەم پێ بڕا، من تەواوم نەکردبوو هەر دواتر دوای دوو سەعات پەیجێك لە دەرەوەی وڵات، هەروەها تەلەفزیونێکی ئاشووری تەنها خاڵی کە ووتم بڕیاری دادگای فیدرالی دژی هەرێم و خەڵکەکەییەتی، دیارە ئەو خەڵکە توندڕەوە ئەمەیان بە هەند وەرگرتبوو، تەنها باسی ئەو خاڵە کرابوو، ئەو بووە هۆکاری ناو زڕاندنێکی گەورە بۆمن و، رۆمیۆ هەکاری وەکو خەڵکانێك کە لە دەرەوەی نەتەوەی ئاشووری باسکرابو وەکو کابرایەك کە بە شێوەیەکی زۆر خراب بەراستی باسی رومیۆ هەکاری کرابوو، بۆیە من داوا دەکەم من ئەوە دووجارە من تێبینی ئەوە دەکەم کە من پێش تەواو بوونی کاتەکەم من قسەم پێ دەبڕێت، داوا دەکەم بۆ هەمووان یان قسە وەکو یەك بێت، ماوەکە بۆ هەمووان پێنج دەقە بێت، یان یەك دەقە بێت، چیتر جیاوازی نەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێمە کات دەگەڕێینەوە لێرە ئەوەندە کاتە هەیەو بەڕێز سکرتێری پەرلەمان بۆ هەمووتان وەکو یەك وایە، دوێنی کە ووتراوە کەمتربێت لە پێنج دەقە ئەتوانی بە دەقەیەك تەواوی بکەی، بۆ پێنج دەقە پێتان دەڵێن کۆتایی هاتووە، من نازانم بەڕێزان یەعنی قابلی قبوڵ نییە لە خۆمانەوە بڵێین کاتتان تەواو بووە، لە خۆمانەوە بەهیچ پەرلەمانتارێك ناڵێین کاتتان تەواو بووە، ئەگەر دەتانەوێت عەدالەت بێت وەکو یەك بێت با پێتان بڵێین بە سەراحەت وەکو یەك بێت وابیکەین، ئەگەر دەتانەوێت تەمەیوزبکەین بۆ هەر فراکسیۆنێك بێت چ لە دەسەڵات بێت،

چ له هەر سێ لایەنەکەی تربێت، چ له معارزه بێت، وەکو دەستەی سەرۆکایەتی نایکەین وه هەوڵدەدەین وەکو بێ لایەنی خۆمان دەستەی سەرۆکایەتی به پێی ئەم پەیڕەوه بەرامبەر به هەر (١٠٨) ئەندام پەرلەمانە که بپارێزین، فەرموو کاك عمر.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان، من قسه لەسەر ماددەکانی (٧٠.٦٩.٦٨) دەکەم ئێمه له ٢٠٢١/١٢/١ یاداشتێکی پرساندنمان لەسەر بەڕێز وەزیری سامانه سروشتییەکان پێشکەش کردن، تەقریبەن دوای دوازده رۆژ بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان وابزانم یاداشتەکەی ناردووه بۆ حکومەت، ئێستا ئیتر کاتییەتی له رووی یاساییەوه که ئەو یاداشته بخەنه بەرنامەی کارەوه، بەراستی نەوت بۆته مایەی کارەسات بۆ خەڵکی کوردستان (٢٠) دولاره (٣٠) دولاره (١٠٠) دولاره هەر (٣٥٠) دولار دەچێتەوه خەزێنەی گشتی ....

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

(٣٥٠) ملیۆنه.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

(٣٥٠) ملیۆن دولار دەچێتەوه خەزێنەی گشتی، وا ئەڵێن هیچ دیکۆمێنتێکی رەسمی نییه بسەلمێنێ ئێمه دەمانەوێت جەنابی وەزیری سامانه سروشتییەکان بانگ بکەنه ئێره، بۆ ئەوەی لێپرسینەوەی لێی بکەین لەسەر دۆسیەی نەوت، ئێستا له بەغدا بۆته کێشەیەکی گەوره، نەبۆته خێرو خۆشی، بۆیه وەڵامی پرسیاری خەڵکی هەرێمی کوردستان بداتەوه، نەوتی کوردستان داهاتەکەی چی لێدێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا ابوبکر فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش له روانگەی ماددەی دوو پەیڕەوی ناوخۆ بڕگەی یەك و ماددەی (٤٧) بڕگەی یەك که دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان دانیشتنەکانی پەرلەمان دیاری دەکات، بڕگەو ناوەرۆکی دانیشتنەکانی پەرلەمان لەسەر ئەم ئەساسە، چەندین یاداشت بەردەستی بەڕێزتانه بۆ ئامادەبوونی وەزیری سامانه سروشتییەکان چ بۆ گفتوگۆکردن، چ بۆ پرساندن که زەرووره لەم کاتەیه کێشه دروست بووه لەسەر نەوت و گازی هەرێم لەگەڵ حکومەتی ئیتیحادی نرخی نەوت بەرزبووتەوه، بەڵام ئەوەته ئەمڕۆ ٢٠٢٢/٣/٢ بۆ زانیاری جەنابت له راستیدا هێشتا مووچەی مانگی دوو نەدراوه، ئێستا که مانگی سێیه و بەداخەوه ئەوەی که ئەمڕۆ ئێمه بەدواداچوونمان کرد بەداخەوه، یەعنی که هەندێك له هاووڵاتیانی هەرێم و هەندێك له بەرپرسەکان پەله پەلیانه لەسەر راکێشانی پاره له بانقەکان وه هەروەها گرانبوونی نرخی بەنزین لەسەر شانی هاووڵاتیان نەوتی ماڵان، ئەوه بەهاره هێشتان نەگەیشتووه هەموو ئەم شتانه ئەهێنێ جەنابتان له

بڕگەیەکی بەرنامەی کار لە دانیشتنی داهاتوو وەزیری سامانە سروشتییەکان وەزیر بانگ کەن بۆ ئێرە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو شادی خان.

**بەڕێز شادی نوزاد وهاب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم سەیرە کە ناوم لە لیستی غیابەکان هەبوو، ولەبەر ئەوەی نەك لە هۆڵی پەرلەمان تا کۆتای ئامادەبووم وەکو لە پەرلەمانیش هاوکارەکانم دوایین کەسەکانم کە لە پەرلەمان چوومەتە دەرەوە، تکا دەکەم ئەمە چەندین جارە ...

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دەبێت تەعقیبێك بکرێتەوە کاروبار ئەوە بکات.

**بەڕێز شادی نوزاد وهاب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە چەندین جارە دووبارە ببێتەوە کەناومان لە لیستی غیابات دا دەبێت .....

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سکرتێری پەرلەمان دەڵێت ئەگەر وواژوو نەکات بە ئامادەنەبوون دادەنرێت، دوای تەعقیبێك بکەنەوە فەرموو ئەگەر قسەی تری دەکەی ...

**بەڕێز شادی نوزاد وهاب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نەخێر زۆر سوپاس .

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عثمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان علی سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە من و برای بەڕێزم کاك زکری زێباری سەردانی قەزای مخمورمان کرد لە ٢٠٢٢/٢/٢٢ کۆمەڵێك کێشەو موناعات و داواکاریان هەیە کە خۆی لەچەند خاڵێکدا دەبینێتەوە کە ئێمە بە بەڕێزتان رادەگەینین، ئەویش یەکەم کێشەی ئەمنی و چۆلکردنی گوندەکانە لە ژێر هەرەشەی داعش و عەرەبی شوفێنی وەهەروەها کێشەی تەعریب کردن بە شێوەیەکی نوێ کە ئەویش بە کڕینی مڵك و ماڵی کوردەکان لەلایەن عەرەبەکانەوەو، هەروەها کێشەی تەندروستی ونەبوونی زانکۆ پەیمانگاو نەبوونی خزمەتگوزاری پێویست و، هەروەهـا داوای هاووڵاتیانی ئەوێ کە ئێمە سەردانی غورفەی عەمەلیات و هەروەها چەندین هاووڵاتی دام و دەزگاکانی ئەوێمان کردووە، ئەوان داواکارن بەوەی کە جەلەسەیەکی پەرلەمانی تایبەت لەسەر قەزای مەخمورو و کێشەکانی ئەو دەڤەری ئەوێ ببەسترێت و، بۆیە ئێمە لە چوارچێوەی ئەم نووسراوەدا ئاراستەی بەڕێزتانی دەکەین و جەلەسەیەکی پەرلەمان بکرێت و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

پێشتر لێژنەی كوردستانی وناوچەی كوردستانییەكان سەردانی مەخموریان كردبوو، پێكەوە راپۆرتێكی باشیان ئامادە كردبوو دوای داواكارییەكانی ئەوانیش لێژنەی ناوچە كوردستانییەكان تاوتوێ دەكەین، هەر شتێك پێویست بكات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو پرۆسە پەرلەمانی كوردستان كاری جدی لەسەر دەكات، فەرموو كاك علی.

**بەڕێز علی حمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، من بە پێی ماددەی (٢) ماددەی (٦٦) ماددەی (٤٨) بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان قسە دەكەم بۆ (٦٦ و ٤٨) بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، پێشتر چەندین جار یاداشتمان داوە كە ئیشی پێ نەكراوە، ئێستا نەتیجەكەی دەركەوتووە، من بۆ ئەوە بەدواداچوونم كردووە بۆ مووچەی مانگی دوو كە بۆ نەدراوە، بەداخەوە تائێستا داهاتی ناوخۆ نەك نەگەڕاوەتەوە ئەڵێین بۆ نموونە سلێمانی بیست و پێنج ملیاریش قەرزاری مانگی یەكە، واتە خەڵك مووچەی مانگی یەكی وەرنەگرتووە، ئاسایش و شارەوانی و داهاتی نەوتیش پێنج سەدو دوازدە ملیاری ئەگەڕێتەوە، واتە لە بەرمیلێك نەوت (٢٥) دولار ئەگەر داهاتی لە بەرمیلێك نەوت (٣٥) دۆلار بگەڕێتەوە داهاتی ناوخۆش نیوەی پارسال بێت نەك بەقەدەر پارساڵ ئەكاتە نزیكەی (٩٠٠) ملیار دینار، ئەگەر وا بڕوات پێنج سەد و دوانزدەكەی دووسەدمان دا بە مەعاشی مانگی پێشوو، ئێستا هەر سێ سەدو دوازدە ملیاری نەوت داهاتی ناوخۆش نەگەڕاوەتەوە تەواو نیشە بگەڕێتەوە چاوەڕێ مەكەن، بۆیە من داواكاری لە جەنابتان ئەوەیە لە دانیشتنی ئایندە ئەم پەرلەمانە كە بەپێی ماددەی دووی مەرجەعی یاسا و سیاسیە ئێستا شتێكی گەورە روو دەدات لە عێراقە بەرامبەر بە هەرێمی كوردستان، ئێ نابێت دیراسە بكرێت، رێگا گونجاوەكە چییە بۆ ئەوەی ئەم میللەتە تووشی قەیرانێكی تر نەبێت، بۆیە داواكاری من ئەوەیە نوێنەرانی حكومەتی هەرێمی كوردستان بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان داواكاری من ئەوەیە با وەزیری دارایی وسامانە سروشتییەكان وئەنجومەنی وەزیران لێرە بن وچی روویداوە بۆ داهاتی ناوخۆ.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس كاك علی دەست خۆش، روپاك خان.

**بەڕێز روپاك احمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من بەپێی ماددەی (٩٨) لە پەیڕەوی ناخۆ قسەدەكەم، ئەوە كە یەكێك لە ئەركەكانی ئەركە سەرەكییەكانی پەرلەمان پەسەند كردنی پرۆژە یاسای بوودجەیە، بەڵام تائێستا مومارسەی ئەو ئەركەی خۆی نەكردووە، تائێستا پرۆژە یاسای بوودجە لە ماوەی سێ ساڵی رابردوو نەهاتووتە پەرلەمانی كوردستان و ئەو كێشەو گیروگرفتانەی رۆژانە رووبەرووی هاووڵاتیان دەبێتەوە زۆربەی هەرە زۆری لە ئەنجامی ئەوەیە كە ئێمەی یاسای بوودجەمان نییە لە هەرێمی كوردستان، نەوت (١٠٠) دۆلاری تێپەڕاندووە، بەڵام هێشتان مووچە نییە بە چل رۆژ جارێك مووچە دابەش ناكرێت، داهاتی ناوخۆ ناگەڕێتەوە بۆ خەزێنەی وەزارەتی دارایی، یەعنی ئەمانە هەمووی كێشەیە، سەرچاوەكە لەوەیە كە ئێمەی یاسایی بوودجەمان نییە پەسەند نەكراوە

ئێستا لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢٢ ئایا پەرلەمانی کوردستان چی کردووە بۆ ئەوەی حکومەت پرۆژە یاسای بوودجە بنێریتە پەرلەمانی کوردستان، ناکرێت کوردستان بێ یاسای بوودجەبێت.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس روپاك خان دەست خۆش، بە پێی ماددەی (٥٤) بڕگەی چوارەم، دووەم دووبارە کردنەوەی ئاخاوتنی پەرلەمانتارێکی تر، یەعنی بۆ هەر خاڵەو پەیڕەوێکی تر بەڕێزان پشتگیری لە یەکتری بکەن، شیرین امین فەرموو.

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

شیرین امین، قسەکانی من بە پێی ماددەی (٥٨) ماددەی (٦٦) دەبێت دیارە لە مادده (٦٦) چەندین و زیاتر لە دەیان یاداشتی پێویست لەسەر دۆخی خەڵك تەقدیم کراوە و کاری لەسەر نەکراوە لە وەرزەکانی رابردوو، بە پێی ماددەی (٦٨) بە پێی پێویست پرساندن لەم پەرلەمانی کوردستانە تێناپەڕێت بەبێ ماددەی (٥٨) رۆڵی چاودێریکردنی پەرلەمانی کوردستان رۆڵێکی یەکجار کلولە، بە نموونە ئێمە دێینە سەر دۆخی ئێستای خەڵك پرسی مووچە و داهاتی نەوت و گاز دەبینین کاتێك نرخی بەرمیلێك نەوت (١٧) دۆلار بۆ مووچە نەبوو، ئێستا نرخی بەرمیلێك نەوت (١١٠) دۆلاری تێپەڕاندووە هەر مووچە نییە، کەواتە ئێوە وەکو سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بەشداریتان لەکۆبوونەوەی هەر چوار سەرۆکایەتییەکە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان کردووە، دەپرسین فەرموون پێمان بڵێن داهاتوو شەفافیەتی نەوت و مەلەفی نەوت بۆ ئێمەی پەرلەمانتار بۆ رای گشتی روون بکەنەوە، یەعنی ناکرێت حکومەتێك هەبێت، ناکرێت نرخی بەرمیلێك نەوت (١١٠) دۆلاری تێپەڕاندبێت.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ کاتەکەت تەواو لە یەك دەقە زۆر زیاتریش بوو شیرین خان، سوپاس بەڕێزان ئێمە لە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان پابەندی ئەم پەیڕەوەین ماددەکانی پرساندنی زۆر وازحە، پێشتریش پرساندن کراوە، بەڕێز سەرۆکی حکومەت و جێگری سەرۆکی حکومەت و وەزیری دارایش ئەوەنییە لەم پەرلەمانە نەکرابێت، دەبێت راستیەکان وەکو خۆی بگات، ئێستاش جەنابت ئەندامی پەرلەمانی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بەر ئەنجامی رێکەوتنی سێ لایەنی سەرەکی بووە فراکسیۆنەکانیان لێرەن دەتوانن بە تەنسیق لەگەڵ ئەوان بۆ هەرکەسێك بکەن کاری پەیڕەوی بگرن، ئەگەر وەکو سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بە پێی پەیڕەو موعاملەمان لەگەڵ نەکرد ئەو کات ئەو رەخنەیە بگرن، دکتۆرە شایان فەرموو.

**بەڕێز شایان کاکە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان قسەکانی من کران، زۆر سوپاس.

**بەڕێز رزگار محمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت ماددەی دوو پەرلەمان لە هەرێمدا باڵاترین دەسەڵاتی چاودێری کردن و یاسادانانە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، یەعنی رێگای کەلار سلێمانی کە رێگایەکە بۆتە رێگای مەرگ، ئێستا

هیچ كارێك لە هیچ بڕگەو فەقەرەیەكیان ناكرێت وە لەرابردووە (٦٠و٧٠) ملیار دینار بۆ تەرخان كرا، بەڵام نەچووە باری جێبەجێ كردنەوە، ئێستا بە تەواوەتی ئیشی تێدا راگیراوە، بەراستی گەرمیانیش روو لە جەنابتان كە گەرمیان داهاتێكی زۆری هەیە و نەوت نانەوتی خاڵی سنوری ئەمانە هەمووی داهاتن لە گەرمیان، بەڵام بەداخەوە ئەو رێگایە ئێستا بۆتە رێگای مەرگ، بۆیە داوادەكەم لە بەرێزتان وەكو سەرۆكایەتی پەرلەمان نووسراوێك ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیران بكرێت و بۆ ئەوەی كەوا ئەو بوودجەیەی لە ئەنجومەنی وەزیران بۆی تەرخان نەكراوە ئەو بوودجەیە بۆی تەرخان بكرێت و، زۆر سوپاس.

**بەرێزد. هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس كاك رزگار دەتوانی یاداشتێك بنووسە، بەسەرچاو یاداشتەكەتان دەنێرین، فەرموو كاك كاروان.

**بەرێز كاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەناوی خودای گەورەو میهرەبان. من بە گوێرەی ماددەی یەك لەبڕگەی (١٦) و لە ماددەی (٦٦) قسە دەكەم، بەرێز سەرۆكی پەرلەمان خۆتان ئاگادارن كە كوردستان لە دۆخێكی یەكجار مەترسیدار تێپەر دەبێت و مەترسیەكانی قەوارەی هەرێم تا دێت زیاتر دەبن، بڕیاری دادگای فیدرالی هەیە مووچەخۆرانی یەكجار خراپە، لە هەمان كاتیشدا دۆخی گرانی بازاڕ بە شێوەیەكە كە بۆتە جێی مەترسی و گرانییەكی یەكجار زۆر لەسەر هاووڵاتیانی هەرێمی كوردستان، بەڵام دانیشتنەكانی پەرلەمان دەبینین كە بەرنامەی كار لەسەر كە دەسەڵاتی جەنابتان بە گوێرەی بڕگەی لە ماددەی (١٦) لەسەر پرۆژە یاسایە، بەرێز سەرۆكی پەرلەمان پرۆژە یاسا گرنگە، بەڵام هیچ ناخرێتە گیرفانی خەڵكەوە، بۆیە تاوەكو دانیشتنەكانی پەرلەمان بەو شێوەیە بن بەش بە حاڵی خۆم وەكو مەوقیفێكی پەرلەمانی بایكۆتی ئەم دانیشتنە دەكەم و، زۆر سوپاس.

**بەرێز د. هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاكە حەقی خۆتە، بەپێی پەیڕەو پرۆژە یاساش گرنگەو چاودێریش نییە، فەرموو كاك كاروان حەقی خۆیەتی، حەقی پەرلەمان نییەتی زۆر تەبیعی یە، كاك ازاد فەرموو.

**بەرێز ازاد اكرم بهرام:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان .....

**بەرێز د. هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە بەڕێزان كاك ازاد قسە دەكات.

**بەرێز ازاد اكرم بهرام:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە وەك توركمان دەمانەوێت بە فعلی بە خەڵكی كوردستان و بە میللەتی خۆمان بگەینین، ئێمە دەتوانین بە زمانی خۆمان قسە بكەین و لە پەرلەمان كەس رێگرمان نییە لە ئێمە میللەتی توركمان زۆر پێی خۆش بوو دوێنێ كە ئێمە توركمانی بە زمانی خۆمان قسەمان كرد بە فعلی

طهیاندومان، ئێمە لێرە دەتوانین بە زمانی خۆمان قسەی بکەین کە هەرێمی کوردستان هی هەموو نەتەوەیەکە کە ئەوانەی لە هەرێمی کوردستان دەژین ...

**بەرێز د. هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

خاڵی پەیڕەوی یەکجارە خاڵی پەیڕەویت بخوێنەوە یەکجارە، کاك جلال پەرێشان فەرموو.

**بەرێز جلال محمد عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بەخێرایی دوو شت باس دەکەم، سێ شت ببورە، یەکەم یاسای خانەنشینی هێزەکانی ناوخۆ بەراستی پێشمەرگە وئاسایش وپۆلیس کە ماندووترین بەراستی چین وتوێژن لە کۆمەڵگا، ئەمە زۆر جار ئەوانە هەیە (٣٥) ساڵ خزمەتی هەیە، هەیە (٢٥) ساڵ خزمەتی هەیە، هەیە (٣٠) ساڵ، بەراستی ماندوبوونە کە ئەوان بە هەموو توانایان بەرگری لە شەرەف و کەرامەتی کوردستان دەکەن، بەراستی حەقی خۆیانە ئەو یاسایە زوو جێبەجێ بکرێت، ئەوەی تر کێشەی پاسەوانەکانی پەرلەمانی خۆمان ئەو پەرلەمان پاسەوانەکان ساڵێك دەوامیان کرد کەچی مووچەیان وەرنەگرت، ئێستاش دەڵێن ئەوانە عەقدن، یەعنی حەقی خۆیانە ئەگەر عەقدیش نەبن هەر ببنە هەمیشەیی، بۆ ئەوەی دوای خانەنشینی پەرلەمانتارن سوودێکی باش وەرگرن، ئەوەی تر کێشەی یانەکانی شەوانە جەنابی سەرۆکی پەرلەمان یانەکانی شەوانە هێشتان (٣٠) سانیەم ماوە، لەم ماوەیە یانەکانی شەوانە حەملێکی باش کرا لەلایەن بەرێز پارێزگاری هەولێرەوە جێگای دەست خۆشی یە، یەعنی ئەو جاریش گوتوومە بەراستی هونەرمەندانی کوردستان ئەمن ناڵێم توراو بوراو کابول، بەڵام لەگەڵ ئەوەدام بە سیستەم ئەوەی دەیەوێت یانەکانی شەوانە ....

**بەرێز د. هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

یەك تۆز لەسەر خۆت زۆر تەبیعی یە گوێمان لە دەنگتە فەرموو.

**بەرێز جلال محمد عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

باشە بەقوربان یەعنی ئەو جاریش گۆتم، یەعنی باسم کرد هونەرمەندانی کوردستان لە وەزعێکی یەکجار نالەباردان، یەعنی هونەرمەندێکی کوردستانی لە یانەیەك گۆرانی بڵێت بە (٥٠) دۆلاری، کەچی هونەرمەندێك دێت لە کوردستان چونکە سوریە دێتە هەولێر لەیەك جێ لە هەموو دونیا، لە دوبەی، لە ئیمارت لە هەر جێگایەك بێت.....

**بەرێزد. هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ کاك جلال لەگەڵ وەزارەتی رۆشنبیری لێژنەی ناوخۆ ئەوە دەقەیەك و شەش سانیەیە، زۆر سوپاس دەست خۆش کاك جلال، ئەکرێت بە یاداشتێك لێژنەی رۆشنبیری و لیژنەی ناوخۆش بەوە رابسپێرین، زۆر سوپاس، دەستت خۆش بێت.

**بەرێز گلیزار رشید حاجی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بابەتێکی گرنگ هەیە ئەویش ئەوەیە کە بە شێوەیەکی ناسروشتی نرخی کاڵاو کەلوپەلە لە بازاڕەکانی کوردستان بەرزبۆتەوە، ئەوەش جێگای نیگەرانی زۆری خەڵکە، بۆیە گرنگە

داوابکرێــت لەســەرجەم حکــومەتە خوجێیەکــان کە لێژنەیەکــی خێــرا پێــك بهێنرێــت بــۆ کـونترولْکردنی نرخـی کـاڵە، چـونکە هەسـت دەکرێـت لەلایەن بەشـێك لە کۆمپانیـاو ناوەنـدی بازرگانییەکان یاری بە نرخی خـۆراك دەکرێـت، هەروەهـا هـاوڕام لەگەڵ کـاك سـروان بـۆ بـابەتی قەرزی پێشمەرگە، زۆر سوپاس.

**بەرێز سیپان سالم حسن:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

له ١٢/٢٢ به نووسراوەکا فەرمی مه ئاراستەی جەنابێ وەکرد کە ئاراستەی ئەنجـومەنی وەزیـران بکەن لەسەر جیاوازیا مووچێ و پلە بەرزکرنا فەرمانبەران کۆ هەشت ساڵ دەربـاز دبـن مـافەکێ یاسایی فەرمانبەران تێتە خارن و ئەو پارەژی تێتە بڕین بێی کۆ ئەوەی پارەژی بۆ بێتە زڤرانـدن هەریەك ژوان ئەگەر حسیابکەی ژی (٥٠) هەزارا هەتا (٣٠٠٠٠٠) هەزارا دڤێت ئەو پـارەژی بـۆ بێتـە زڤراندن ئەڤە کۆ دەمەکێ دایە کۆ فروتنا نەفتێ بەردەوامە داهـاتێ نـافخۆ بەردەوام تێـت پـارێ هەف پەیمانا بەردەوا تێت لێ ئایا ئەف داهاتە پرسیار لێرە چلێ تێت گۆری راگەهانـدنا وەزارەتـا دارایش هیچ پـارەیەك لە بەردەسـت نیـنە بـۆ دابەش کرنـا مـووچێ مەهـا دوو ئایـا ئەگەر نەفـت بهێتە فرۆتن داهات بهێتە کوم ڤەکرن وە حکومەت نەشێت پارەی دابین بکەت ئایا ئەگەر بتـالان برنا داهاتا هەرێمـا کوردسـتانێ نەبیـت چ نـاڤەکی ڤـێ تێـتە کـرن کـۆ تنـێ فەرمـانبەرێن هەرێمـا کوردستانێ خەلکی هەرێما کوردستانێ باجا وێ چەندێ دەتـن کـۆ هەتـا نـۆکە حکومەتـا هەرێمـا کوردستانێ نەشیایە داهاتێ بکەتە نیشتمانی بەڵکو کـۆ هەتـا نەکەژی داهاتێـت مە لـێ دەسـتێت کەسادانەو ئەو کەس کونتورولێ سەر داهاتێ کەن .

**بەرێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێزان گوێتان لە زەمیلەکانی خۆتان بێت بەرێزان تکاتان لێدەکەین، کاك سیروان فەرموو.

**بەرێز سیروان فرج محمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێـی ئەم پەیـڕەوە ئەم پەرلەمـانە نـوێنەرایەتی خەڵکـی گەلـی کوردسـتان دەکـات هەر لەو ڕەوانگەیەوە ئێمە نوێنەری دەنگی ئەم خەڵکەین بە رۆژنامەنووس و بە قوتابی وبەمامۆستاو بە وانەوە روژنامەنووسـێکی شـاری سـلێمانی ئەنووسـێت و هەمووشـمان دەزانـین ئەم داتایـانە دەخەیـنە بەردەمـی بەرێزتـان کە هەمووومـان دەزانـین، بەڵام لە زاری ئێـوە (٤٤٠) هەزار بەرمیـل نەوت لە رۆژێکا دەفرۆشرێت داهاتی مانگانە نویێ زیاتر لە ملیارێـك دۆلارە داهـاتی نـاوخۆ (٣٥٠) ملیار دینارە (٣٠) ملیار دینار مانگانە هاوپەیمانان ئەمانداتێ بۆ هاوکـاری پێشـمەرگە، ئەمە حـاڵی موجەیە بەپێی پەیڕەو بەپێی ئەو ماددە نەیهێشت ئەگەر بهاتایە ئـێمە لەم پەرلەمـانە فشـارێکی زیاترمان بکردبایە و هاوکاری گەل بوونایە ئەمەمان توش نەدەبوو ئێستا هاوکارانم باسیانکرد ...

**بەرێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

یەك دەقە بەرێـزان ئەگەر قسـە دەکەن فەرمـوون قسـەکانتان بـکەن تـاکو کـاك سـیروان تەواو دەبێت، سوپاس کاك سیروان.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

واللە من خاڵی ترم مابو ئەمە نەبوونی بوودجە لەم وڵاتەیە، خاڵی دووەمم پرۆژە یاسای خانەنیشنی هێزەکانی ناوخۆ کە زۆرێك لە ئەو کارمەندانەو هێزەکانی ناوخۆ چاوەڕێی دەکەن بۆچی ناهێتە پەرلەمان و لە کوێ وەستاوەو تکایە روونکردنەوەمان بدێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز اسماعیل علی طە:**

**بەڕێز سەرۆکێ پەرلەمانی.**

بسم اللە الحمن الرحیم، ئاخفتنامن دیڤ بابێ دووێیە فەسلێ یەکێ ژ دستۆری ئۆ (١٤) ماددە بەعسێ مافێ ئابووریی هاولاتیا کەت گەڵ هندێژی ملەتێ مەیێ کوردستانێ رۆژ بۆ رۆژ قەیران ململانێ گەڵ ئێکۆ دووتکەن دیماهێك قەیران ئەف گرانیا پانزینێ و سوتەمەنیێ شکلەکێ وەسا پانزینا عادی چیتە (٩٥٠) دینارا گەڵ کۆ (٢) کیلومەترا یان (٣) کێلومەترا توش دهوکێ و هەڤلێری دەرکەفی (٤٥٠) دێ دەست خۆڤە ئینی هەرگاڤاژی گەڵ بەپرسا ئاخفتم بەپرسن دێبێژن ئەڤە گرانیەکا جیهانی یە و یا عالەمێ یە باشە عێراق لی فێی دی ێ و ئەلقوش و میصل نەل جیهانێ نەل عالەمێ یە مەعقولە لوێرێ (٤٥٠) بیت یاعادی و یا محسن (٦٥٠) بیت بەس لی کوردستانێ یاعادی چیتە (٩٥٠) یا کەنگی ئەڤە دێ هیچتە چارەسەکرن ئەز داخازدکەم ئەڤێت بەرپرس لی ڤی کێسی بێنە مێڤان کرن لی پەرلەمانی چارەسەریەك بۆ ڤێ هەبیت رۆژ بۆ رۆژێ بارێ خەڵکی و هاووڵاتیان یێ گرانتر لێتێت ئەڤە نە مەسەلە مووچەیە مەسەلە بلا مووچە تەخیر بۆ ئەڤ تشتێ دی ژبلیکۆ مەجبورە گەلەك تشتا باری وی یێ گرانکری ڤێت حەقێ کەهرەبا مولیدێ دەت ڤێت خەڤێ کارەبا دی دەت ڤێت باجا خۆ بدەت ڤێت سوتەمەنی ژی ڤی شکلی ڤی رەنگی بیتین ئۆ (١٤) مادە ژی گرێدای حەڤێت ئابووریی بن ئو حەقێ مافێ من ژی ڤی شکلی بیت، زۆر سوپاس .

**بەڕێز هاورێ بناء محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان من هاورێ مەلا ستار بە پێی ماددەی (١٨) ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان بەڕێزتان لە سەرۆکایەتی بەشداری کۆبوونەوەی سەرۆکایەتیتان کردبوو، هەڵبەتە دیارە سەبارەت بەو بڕیارەی دادگای فیدراڵی بۆ من پێم خۆشە بەچاو روونییەك بدەم لەبەرئەوەی ئێمە و بەڕێزتان لە سەرۆکایەتی هەم نوێنەرایەتی پەرلەمانتارانتان کردووە، هەم نوێنەرایەتی خەلکێکتان کردووە کە بە بڕیارێك خۆش حاڵە کە لەلایەن دادگای فیدرالییەوە دەرچووە، پێم خۆشە بەکورتی باس لە چەند خالێك بکەم زۆرینەیەك لە هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان بەم بڕیارە دڵخۆشن، هەڵبەتە پێش ئەوەی یان بڵێم لە ٢٠١٣ پێش ئەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان سەربەخۆ بفرۆشرێت لای هەمووتان روونە کە لە کۆتا ساڵ لە ٢٠١٣ نزیکەی (١٤) ترلیۆن دینار لەلایەن حکومەتی عێراقییەوە بۆ هەرێمی کوردستان دەنێردرا لە هەمان کاتدا نەوتەکەشمان دەمایەوە بۆ نەوەکانی داهاتوو و لەو کات کاتێك کە نەوت بە سەرخۆ نەدەفرۆشرا سلفەی زەواج هەبوو بۆ هاووڵاتیان قەرزی بچووك هەبوو بۆ هاووڵاتیان زۆربەی پەرەپێدانی پارێزگاکان هەبوو بۆ هاووڵاتیان توانا سازی هەبوو،

بەڵام لە دوای ئەوەی کە نەوتی هەرێمی کوردستان سەربەخۆ دەفرۆشرێت دەبینین ئەمە هەموو بڕاوە نە سلفەی زەواج هەبوو، ببورە دەقەکەم تەواو نەبووە ..

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

تەواو بووە، دەقەك و هەشت سانیەیە كاك هاوڕێ زۆر سوپاس دەكرێ بە پێشنیارێك، بەڕێزان سوپاس كاك هاورێ گیان بەڕێزان تەنها روونكردنەوەیەكی پێویست دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان لەگەڵ سەرۆكایەتی هەرێم وسەرۆكایەتی حكومەت سەرۆكایەتی ئەنجومەنی دادوەری لە كۆبوونەوە بەشدار بووە، كۆبوونەوەكە تەرخانكرابوو بۆ رەتكردنەوەی بڕیارێكی نادەستووری لە تەوقیتێكی نا سیاسی، دادگای فیدراڵی بە داخەوە هەر چوار سەرۆكاتییەكە كۆك بوون لەسەر ئەو قەرارە قەرارێكی نا دەستووری بووە و هیچ راپرسییەكیش نەكراوە، خەڵكی كوردستان بەو بڕیارە مەسەلەكە پێخۆش بوون وپێخۆش نەبوون نییە، مەسەلەكە دەسەڵاتێكی دەستووریە بە پێی ماددەی (١١٢) دەستووری عێراق بەپێی ماددەی (١١٥) بەپێی ماددەی (١١٧) بەپێی ماددەی (١٢١) ئەمە دەسەڵاتی دەستووری هەرێمی كوردستانە، پەرلەمانی كوردستان تاكە دەسەڵاتی یاسا دانانە لە هەرێمی كوردستان، یاسا لەم پەرلەمانە دەردەچێت ئەو بڕیارەی مەحكەمەی ئیتحادی یەكەم جارە لە مێژووی لە دادگای فیدراڵییە تەواوی یاسایەك هەڵوەشێنێتەوە، بەڕێزان لە هیچ مەحكەمەیەكا نەبووە، بەڕێزان بۆیە ئەو بڕیارە كاری سیاسی لە پشتەوە یەو، و كەسیش بەناوی خەڵكی كوردستانیش قسە ناكات، ئێمە دەتوانین داوابكەین فراكسیۆنەكان دانیشتنێكی كراوەی ئەم پەرلەمانەی كوردستانە لەسەر هەڵسەنگاندنی ئەم بڕیارە دەكەین، زۆر سوپاس، فەرموو كاك سەركۆ.

**بەڕێز سەرکۆ ازاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە بەپێی ماددەی (٥٦، ٦٦،) قسە دەكەم، ئێمە لە بەرواری ٢٠٢٠/١١/١٨ ٣٢ پەرلەمانتار واژوومان كردووە بۆ ئەوەی كە وەزیری سامانە سرووشتییەكان لەسەر قسەی بەڕێز سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان لەسەر گرێبەستی (٥٠) ساڵەی نەوت لەگەڵ توركیا بێتە پەرلەمان و لایەنە پەیوەندیدارەكان، بۆ ئەوەی روونكردنەوەمان بدەنێ لەسەر گرێبەستی نەوتی، بۆ ئەوەی بزانین ئەم گرێبەستە دەبێتە چەند باشی و چاكی تێدایە بۆ خەڵك وە ووردەكارییەكانی بۆ خەڵكی كوردستان روون بكرێتەوە و ئایا زیان هەیە بۆ رێكەوتن لەگەڵ بەغدادا، یەكێك لەو كێشانە چونكە خەڵكی كوردستان ئەم بڕیارە پەیوەستە بە خەڵكی كوردستانەوە و خەڵكی كوردستان دەڵێت ئێمە ئەگەر كا یان جۆمان بفرۆشتایە (٣٣) ملیار دۆلار قەرزدار نەدەبووین، یەعنی ئەمە یەكێكە لەو خاڵانەی كە ئێستا خەڵك مووچەی نییە یەك ترلیۆن و (٤٠٠) ملیار دینار داهاتی ئەم مانگی رابردووی نەوت بووە لەگەڵ (٣٠٠) ملیۆن دینار بووە، خەڵك مووچەی مانگی دووی وەرنەگرتووە، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان تكا دەكەین مەلەفی نەوتی بابێتە ئەم پەرلەمانە و گرێبەستەكان بۆی روونكردنەوەی بدرێت.

**بەڕێز د. هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس دەست خۆش كاك سەركۆ كاتەكەت تەواو، ئەوها بە حەماسەوە قسە دەكەن كاتەكەتان لێی دەڕوات، تۆزێك لەسەر خاڵەكان راوەستن، فەرموو كاك بەلێن.

**بەڕێز بەلێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە خۆتان دەزانن وە کو بەشێك لە هاورێیەکانم باسیان کرد .....

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

خۆزگە (١٢٠) سانیە بایە، بەڵام چی بکەم دەقەیەك (٦٠) سانیەیە فەرموو کاك بەلێن.

**بەڕێز بەلێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ئەوەی قسەکانی هاوڕێیەکانم دووبارە نەکەمەوە بە تەئکید باری دارایی هەرێمی کوردستان ئێستا دۆخێکی خراپە، دوو هۆکاری سەرەکی لەپشت ئەم دۆخی داراییەوەیە، یەك دەستێوەردان و نەگەڕانەوەی رێکنەخستنەوەی داهاتەکانی ناوخۆ، دوو هۆکارە هەم سیاسیەکان هەم نایاساکان ئەو قاچاخچییەتیەی دەروازە سنوورییەکان ئەو هۆکارانەی بە تەفاسیل باسکراوە، لێژنەی دارایی لە راپۆرتەکەی لەسەر دارایی هەرێمی کوردستان حازربوون هەندێك خاڵ راسپاردە لە بەردەم پەرلەمانی کوردستان پەسەندکراوە کە هیوادارم ئیشی لەسەر بکرێت، لێژنەی دارایی لەسەر داهاتەکانی ناوخۆی دەستی کردووە بە ئیش کردن بە بەرێوەبەرایەتی گشتی باجەوە، بۆ هۆکارەکانی تر یەکێك لە راسپاردەکانی تر لێکولینەوەیە بۆ لە (٥٨%) داهاتی نەوتی کوردستان بۆ خەرجی دەڕوات و ئەم پەرلەمانە بەڕێزە لێژنەی ووزەو سامانە سرووشتییەکانی راسپاردووە بەدواداچوون بکات لە هۆکارەکانی ئەو رێژە بەرزە کە بەراستی تا ئێستا هیچ نەتیجەیەکمان لەبەردەست دا نەبووە، هیوادارم ئەو راسپاردی، کاك هێمن دوو دەقەش قسەم نەکرد ..

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

خوا شاهێدە ئەوە دەقەیەك و دە سانیەیە، کاکە بە ئێمە نەلێن ئەوەندەیە کاك زکری فەرموو.

**بەڕێز زکری احمد اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکێ پەرلەمانی.**

بناڤێ خودێ مەزن و دلوڤان بەڕێز سەرۆکێ پەرلەمانێ کوردستانێ پێویستە حکومەتا هەرێما کوردستانێ ڤان سێ خاڵا جێبەجێ بکەت دەرچووی زانکۆ پەیمانگەکان لازمە بێنە دامەزراندن، نابێت خەڵك دە ساڵا چاڤەرێ دامەزراندێ بکەت دوو پلە بەرزکرنا فەرمانبەرێن هەرێما کوردستانێ دەست پێبکەت و مووچێ وان بۆ بێتە بەستن سێ هەرمالەکان هژار ئەوڤێت بێ مووچە هەرێما کوردستانێ پێویستە حکومەتا هەرێما کوردستانێ مووچەکێ بۆ هەموو ئەو ماڵانەو عائیلانە دابین کەت ئەڤێت هیچ مووچەك لێ کوردستانێ نەبن هیچ نەبیت ژیانا خۆ پێ رێڤەبەن وە پشتگیریا برایێ کاك عثمان سێدەری کەم کۆ جەلەسەکا تایبەت رێك بخون بۆ خەلکێ مەخمور راستی سنوورێ مخمور وەزعێ وان زەر زۆرێ خرابە نزیکەی (٦٢) گوند لێ سنوورێ مخموری یێت هاتینە چوڵ کردن.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

پێویستە پشتگیری بکرێت کاك زکری زۆر زۆر سوپاس دەست خوش، فەرموو کاك مەم.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر قسەی جوان کرا لەلایەن پەرلەمانتارانی هاوپیشەمەوە، بەڵام بەداخەوە ئێستا خەڵك گوێمان لێدەگرێ و دەڵێن جا قسەی باش کرا چی کرا، ئەوەندە بێ هیوان خەڵك تەنانەت لە پەرلەمانیش و لە زۆر دامەزراوەی ئێمە زۆر بە خێرایی، یەعنی هەموو ئەو برادەرانەی هاوپیشە بەڕێزانەی کە قسەی لەسەر کرا مەسەلە داهاتی کوردستان و ناشەفافیەت کرد، من خۆم وا ئەبینم زۆر رەشبینم لە ٢٠١٤ وە ئێمە لە قەیرانی قوڵدا دەژین لەم هەرێمەیە و کارەساتی گەورەش بەرێوەیە، حەزدەکەین تەوزیحمان بدەنێ بانقەکان بۆ پارەیان تێدانییە، ئایا پارەی هەرێمی کوردستان هی فرۆشتنی نەوت بلۆك کراوە، یان نە تائێستا کە ئیعلان نەکراوە کە مووچەی دووی بردبێت، بەس وەڵامی ئەمانە خەڵك داوای ئەم پرسیارانە دەکات، ئەگەر پارەی هەرێمی کوردستان بلۆك کراوە، کەواتە ئێمە لەبەردەم کارەساتێکی گەورەین کە پەیوەندی بە بڕیارەکەی دادگای فیدرالییەوە هەیە، هەرێمی کوردستان چۆن تەحەمول لەگەڵ ئەو دۆخەیە کارەسات بارە قوناغەیە دەکات کە هاتووتە پێشەوە، بۆیە هەرێمی کوردستان پێویست دەکات پەرلەمانیش لە ئاست ئەم بەرپرسیاریەتی ئەم دۆخەیەدابیت بە حکومەتیشەوە.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس کاك مەم ئەو بەشەی کە کاك مەم دەڵێت خەڵك لە پەرلەمان بێ هیوا بووە بە پێی ماددەی (٥٧) لە پڕۆتۆکۆڵ دەسرێتەوە، پەرلەمانی کوردستان بێ هیوا نییە پەرلەمانی کوردستانیش بێ دەسەڵات نییە، هەر بەڕێزێکیش پێی وایە پەرلەمان رۆڵی خۆی نابینێت یان پەرلەمان هیچ دەسکەوتێکی نییە پەرلەمان، پێویست ناکات دەتوانێت ئیستقالە بکات لە پەرلەمانی کوردستان بەس کاك مەم قسەی خۆتت کردووە، مژدەخان فەرموو .

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، مژدە محمود بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان من تێناگەم نەوت تاوەکو سەرو (١٠٠) دۆلاری تێپەراندووە، بەڵام مووچە نادرێت نازانم ئەوە بەچ هاوکێشەیەکە، نەوت ئەورۆ بە (١١٢) دۆلارە هەتا وەکو داهاتی حکومەتی هەرێم زیاد بکات داهاتی ناوخۆ زیاد بکات قەیرانی خەڵك زیاتر بەرزدەبێتەوە، حکومەتێك وەزیفەی چییە ئەگەر نەوتی پێ نەدرێت ومووچەی پێ نەدرێت ئاو و کارەبای پێ نەدرێت، مووچەی ئاسایش و خانەنشین و مامۆستای وانەبێژو پاکەوانی پێ نەدرێت، ماموستای وانە بێژ مانگاکانی (٣، ٤، ٥، ٦) ساڵی پاری رابردوو پێ نەدراوە لەگەڵ (١، ٢) ئەمساڵ، هەروەها پاکەوانان لەسەر شەقامن بایکۆتیان کردووە...

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

واللە ی موژدەخان گوێمان لێتە تۆزێك لەسەرخۆ.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

گوێتان لێمە، بەڵام بۆیە وا پەلەدەکەم بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان لەکاتی مندا قسە دەکەن و کاتەکەشم دەبڕن لەسەر منیش حیسابی دەکەن، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان دە ملیار دینار بۆ

لافـاوەکەی هەولێـر کـۆکرایەوە لەلایەن خەڵکـی خێرخـوازەوە، بەڵام هەتـاوەکو ئێسـتا دابەش نەکـراوە کە بەتەمـابوون ئەگەر دابەش بکرێـت دەبـوا دابەش بکردبـایە، بەڵام دەبـوو بە نەوت و سـۆپەیان بـدابایە، بەڵام بەداخەوە مـن پـێم وایە ئەگەر لێیـان نەدزرێـت وەکـو مـووچە دەبێـت بدرێت بە موبەریدە ئەو لە پەرلەمان تاوانباردەکرێـت بە بڕیـاری رووتـانەوەی گیرفـانی خەڵـك و دانانی سزای بەناوی پێوەری ئاوە، ئێوە روونکردنەوەیەکتان نەدا خانەنشـین هەیە (٢٢٠) هەزاری وەردەگرێت، بەڵام سەرۆکی پەرلەمان قسەم ماوە لە کاتی مندا قسە دەکەن.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بیست سانیە زیاتریش رۆیی لەو وەختەی پێمان دابوی، بدریە خان فەرمووو.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ناهێلی ئـاخر لەسـەر مـن کـاتەکی منـیش ئەوا نەڕوا بەڕێـز سـەرۆکی پەرلەمـان بەنـاوی خـودای بەخشندەو میهرەبان ئاخر دە والله ئەوا نابێت.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر قسە دەکەی فەرموو ئەگەرنا با برادەرێکی تر قەسە بکات.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنـاوی خـودای بەخشـندەو میهرەبـان، مـن بە پێـی مـاددە (٦٦) پەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـان قسـەدەکەم، دوای چەنـدین نووسـراوی فەرمـی داواکـاری گشـتی مامۆسـتایانی وانەبێـژ کە لەو پێناوەدا چەندین پرسیارو یاداشتمان ئاخر بەکەڵکمان نایەت ئەوها.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەکەڵك دێت فەرموو قسەی خۆت بکە دەنگی تۆ دەچێتە راگەیاندن ..

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان بەکەڵك نایەت بە خوای سەرۆکی پەرلەمان

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەدریە خان فەرموو، مژدەخان بە پێی ماددەی (٥٧) ئاگادارت دەکەمەوە دانیشـتنی پەرلەمـان بە ئاسایی بپـارێزی، مـژدە خـان بە پێـی مـاددەی (٥٧) ئاگـادارت دەکەمەوە دانیشـتنی پەرلەمـان بە هێمنی بەرێوە بچێ، فەرموو بدریە خان.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان، مـن بە پێـی مـاددەی (٦٦) لە پەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـان قسـە دەکەم، بەڕێـز سـەرۆکی پەرلەمـان دوای چەنـدین نووسـراوی فەرمـی داواکـاری گشـتی مامۆستایانی وانەبێژو دەرچووانی زانکۆ پەیمانگاکان لەو پێناوەشدا چەندین پرسیار و یاداشتی داواکاریمان بەرزکردووتەوە، بۆیە داواکارین چەند نیکانیزمێکی یاسایی پەیڕەوێـك وەڵامێکتـان

هەبێــت بــۆ ئەم پرســە کە لە کۆتــایی ئەم خــولەداین، بــۆئەوەی ببێــتە ســەرووەرییەك بــۆ ئەم دامەزراوەیە کە بە پلانێــك دامەزرانــدن و بە هەمیشــەیی کردنیــان بــۆ هەمــوو ئەو مامۆســتایە وانەبێژانە بکرێ و، ساڵی خۆێندن بەرەو کۆتایی دەڕوات بە داخەوە گرفت لە هۆلەکانی خوێندن دروست بووە، بایکۆتی هۆڵەکانی خوێندن کراوە و جگە لەوە گرفتــی پێــدانی مووچەیــان هەیە پێنەدانی مووچەی مامۆستایانی وانەبێژ پێچەوانەی بڕیاری ژمارە (١٤).

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بدریە خان وەختەکەت زۆر بە زیادیش بوو، نانا بۆمان حیساب کردی لە سفرەوە.

**بەڕێز شیرین یونس عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرێزان نرخی نەوت ئێستا لەسەرووی (١١٠) دۆلاری تێپەراند، بەڵام تائێستا مووچەی مانگی دوو هــیچ دەنگــی نیــیە و بەڵکــو مــووچەی مــانگی یەکــی بەشــێك لە کارمەنــدانیش نەدراوە، ئەمە لە کاتێکــدا کە داهــاتی نــاوخۆ (٣٥٠) ملیــار دینــارە و ڕۆژانەش (٤١٠) هەزار بەرمیــل دەفرۆشــرێت و ئەمانەو زایدەن هاوکاری هاوپەیمانانیشمان بۆ دێت، دەپرسم پرسی مــووچە بە کــوێ دەگــات بــۆ ئەم بــابەتش پێویســتە دانیشــتنێکی پەرلەمــان بــۆ پرســی مــووچەو لەگەڵ لایەنــی پەیوەندیــدار ئەنجام بدرێت و چەند جار داوامان کردووە یاسای خانەنشــینی و هێزەکــانی نــاوخۆی بێــتە نــاو هــۆلی پەرلەمــان کە بەراســتی غەردێکــی زۆر گەورە دەکرێــت، ئــێمە لە ســەرەتای ئەو خــولی پێنجەمی پەرلەمانەوە داوای هێزی خانەنیشنمان کردووە تا ئێستا نەهاتووتە ناو هۆلی پەرلەمان و بەردەوامیش ئێوە قسەکەتان ئەوەیە حکومەت تەواوی کردووە و چاوەرێی ئەوەی نە چیتر با غەدر لە هێزەکانی ناوخۆ نەکەین و دانیشتنی پەرلەمان ئەنجام بدەین.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر ســوپاس شــیرین خــان، پێشــنیارێکی بەڕێــز دکتــورە شــایان هەیە پێشــنیارێکی بەجێــیە داوادەکــات کــاتژمێریکی ئەلکترۆنــی هەبێــت، بــۆ ئەوەی دەقەکە لەبەرچاوتــان بێــت، داوا لە کاروباری پەرلەمان دەکەین یەعنی ساعەتێکی ئەلکترونی بێنن بۆ ئەوەی پەرلەمانتارە بەڕێزەکان وەختەکەیــان بــزانن لە هەنــدێك پەرلەمــانی دونیــان مایکەکەشــیان پەیوەنــدی بە کــاتەوەیە، کاتەکەشــیان تەواو بێــت مــایکەکە خــۆی ئــیش ناکــات، ئەگەر ئەوەش بکریــت ئەوەش باشــتر، فەرموو کاك نزار.

**بەڕێز نزار ملا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ناوی خودای گەورە نزار سورچی .

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو جا دەزانن چەند قەرزبار دەبنەوە فەرموو.

**بەڕێز نزار ملا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە مێژووی بزاڤی رزگاریخوازی نەتەوەی کورد لەم مانگە رۆژی خــۆش و ناخۆشــمان هەی،ە بەراستــی بــۆیە ئەمــرۆ کە بەرۆژێکــی خــۆش دەبیــنم، ئەمــرۆ ڕۆژی لە دایــك بــوونی ســەرۆکی

حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتانە، لێـرەوە هیـوای تەمەن درێـژی و سـەرۆکەوتنی بـۆ دەکەم کە کەسێکی سەرکەوتوو بووە بەسەر بەربەست و قەیرانەکان، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان لێـرەو مـن داواکارم لە جەنابتان هەرچی زووە یان بە نووسراورێك یا ن لوبێك دروست بکەین بەراستی بـۆ ئەو قەیران و گیروگرفت و کێشانەی کەوا لەلایەن حکومەتی ناوەندەوە رووبەروومان دەبێتەوە، بـۆ نمـوونە بەڕێـز سـەرۆکی پەرلەمـان دوا کەوتنـی ئەو (٢٠٠) ملیـارە دروسـت کردنـی کێشـەوە گیروگرفت لە ناوچە داگیرکراوەکان، بەڕێـز سـەرۆکی پەرلەمـان هەرچـی پێویسـتە پێمـان باشـە هاوکارمـان بـن پەرلەمـانی کوردسـتان چ بە نووسـراوێك چ بە یاداشـتێك ئاراسـتەی حکـومەتی ناوەنــد بکەیــن، بــۆ ئەوەی نەجــاتم بێــت لە ئەم دلەراوکــێ و مەترســییەی کەوا رووبەرووی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان دەبێـتەوە، خـاڵێکی تـر بەرێـز سـەرۆکی پەرلەمـان سـەبارەت بە سـلفەی عەقـاری هاووڵاتیـان پـێم باشـە ئەو بەربـژاردنە یـاخود ئەو غـرامەی کە هـاتووتە سـەر هاووڵاتیان بۆ سلفەی عەقاری نووسراوێك ئاڕاستەی حکومەت بکەین، بەڵکو حکومەت ماوەکەی درێژتر بکاتەوە، یاخود لێخۆش بوونێك دەربکـات، خـالێکی تـر بەڕێـز سـەرۆکی پەرلەمـان ئەگەر دەرفەتمان دەی زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەخوای کاتەکەت تەواو، کاك هیڤیدار چونکە بە نووسراو دەتـوانن بـۆم بنێـرن بـا بـۆ هەمووتـان وەکو یەك بێت، بەرێزان کاك هێڤیدار فەرموو ئاخیر کەسە.

**بەڕێز هیڤیدار احمد سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێسـتا ئۆتـۆمبێلی زۆر لە هەرێمـی کوردسـتان لە گومرگەکـان داخـل دەبـن گـومرگ وەردەگـرن فەحسی یان بۆ دەکرێن، بەڵام پێیان دەڵێن ئۆتۆمبێلی دوبەی کە دەچن رەقەم ئەکەن ئەڵێن کاکە واللە ئۆتۆمبێلەکەت بەکار ناهێتن نابێتن رەقەم بکرێتن، ئەی بۆ داخـل دەکرێـت لە گـومرگ، داوا لە لێژنەی ناوخۆ دەکەین لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ بۆ ئەو بـابەتە یەکـلای بکـرێتەوە، داوا دەکەیـن پەرلەمـانی کوردسـتان لەگەڵ حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان بـابەتی کەرتـی کارەبـا زۆر گـرنگە سەرۆکی پەرلەمـان ئەو کارەبـایەی دەدزرێـت لە هەرێمـی کوردسـتان بە پێـی قسـەی وەزارەتـی دارایی ٨% دەکاتە (١٣٠٠) میگاوات، کێ ئەو کارەبایە دەدزێت لە هەرێمـی کوردسـتان، سـەرۆکی پەرلەمان بابەتی هێزی پێشمەرگە هەیە یەکەی (٨٠) هەتـا ئێسـتا دەرمـاڵەی زەواجیـان بـۆ خەرج ناکرێتن هی منداڵەکانیان و پلە بەرزکردنەوەیان نییە و داوا دەکەم لێژنەی پێشـمەرگەکە بـۆ ئەم هێزە وایە بۆ پلە بەرزکردنەوەیان نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان ئێستا دەست بە جێبەجێ کردنی بەرنامەی کار دەکەین کە بریتییە لە خوێندنەوەی دووەم بۆ پیشنیازی بەرێوەبردن و، کاك شـاخەوان فەرمـوو واللە نـاوەکەی نەنووسـرابوو، ببـورە فەرموو.

**بەڕێز شاخوان رؤوف مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوو خاڵم هەیە، خاڵی یەکەم لە هەفتەی پێشوو ئێمە لەگەڵ خوشکی بەڕێزم سەرچنار خان سەردانی کۆمەڵێك قوربانیانی هەلەبجەمان کرد کیمیابارانی هەلەبجە، یەعنی قسەکە ئەمەیە (٧٦٣) رووفاتی شەهیدی کیمیابارانی هەلەبجە لە وڵاتی ئێرانە، ئێمە داوادەکەین لە راستیا رووفاتەکان بیهێنرێنەوە بۆ هەرێمی کوردستان بۆ زێدی خۆیان ئەوانەش ئەو (٧٦٣) شەهیدە لە بەهەشتی زەهرایە لە پارێزگای کرمانشانە لە ناوچەی سەردەشتە، خاڵکی دیکە بابەتی خانەنشینی هێزەکانی ناوخۆ ئاسایش ئێمە لە لێژنەی ناوخۆ لە دوو ساڵی رابردو چەندین جار ئێمە نووسراومان کردووە بۆ سەرۆکایەتی و دواتریش بۆ ئەنجومەنی وەزیران داوامان کردووە خانەنشینی هێزەکانی ناوخۆ ئاسایش رەوانەی پەرلەمانی کوردستان بکرێت، بەڵام بەداخەوە تاکو ئێستا هیچ جوابێك نییە، لەبەر ئەوە بەلامانەوە گرنگە وەکو لێژنەی ناوخۆ ئاسایش، پەرلەمانی کوردستان، ئەنجومەنی وەزیران دەست و برد بکەن لە ناردنی پڕۆژە یاسای هێزەکانی ناوخۆ ئاسایش، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر زۆر سوپاس، بەڵێ بەڕێزان زۆر سوپاس کاك شاخوان، ئێستا دەست بەجێبەکردنی بەرنامەی کار دەکەین کە بریتییە لە خوێنەوەی دووەم بۆ پێشنیازی یاسای بەرێوەبردن و پاراستنی ئاو لە هەرێمی کوردستان - عێراق، فەرموون کاك بژار.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر جەنابتان و ئەندامانی بەرێزی پەرلەمان رازی بن بۆ ئەوەی کات نەڕوات زۆر پێویست دەکات ئەسڵی (٤٢) ماددەیە زۆرە، بخوێنینەوە یان یەکسەر راپۆرتەکە بخەینە دەنگدان ...

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێمە بە پێی ماددەی (٨، ٧) برگەی یەکەم بۆ خوێندنەوەی دووەم دەبێت بە دەقی ئەسڵی دەست پێی یکەین، بەڵام دیارە راپۆرتی لێژنەی تایبەتمەندو راستاندنی کە لەلایەن لێژنەی یاسایی کراوە بۆ گۆڕانێك بەسەر ئەو راپۆرتە هاتووە، بۆیە ئەگەر پێتان باش بێت هەر بەڕێزێك لەگەڵ ئەوەیە راپۆرتی لێژنەی تایبەتمەند بکرێتە بنەما گفتوگۆ با دەست بەرزکاتەوە، تەواو سوپاس بەڕێزان فەرموون ئێستا دەست بە راپۆرتەکە ئەکەن.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان، بابەت راپۆرتی لێژنەی تایبەتمەند کە راستاندنی بۆ کراوە لەلایەن لێژنەی کاروباری یاسایی رۆژی چوارشەممە رێکەوتی ٢٠٢١/١٢/١٥ کاتژمێر (١١) پێش نیوەرۆ کۆبوونەوەی خۆی ئەنجامدا، بە مەبستی پێداچوونەوەو دارشتنی یاسای و دڵنیابوون لە دژ نەبوونی دەقەکان لەگەڵ دەستوورو یاسا کارپێکراوەکان بە پێی حوکمەکانی ماددەی (٨٥) برگەکانی یەکەم و سێ یەم تایبەت بەراپۆرتی هەردوو لێژنەی شارەوانی و گواستنەوەو گەیاندن و گەشت و گوزار و لێژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری، بۆ خوێندنەوەی دووەم سەبارەت بە

پێشنیازە یاسای بەڕێوەبردن و پاراستنی ئاو لە هەرێمی کوردستان – عێراق لیژنەی یاسای ئەم داڕشتنەی خوارەوەی پێ پەسەندە، سەبارەت بە ناونیشان بەم شێوەیە پێشنیازی یاساو بەڕێوەبردن و پاراستنی ئاو لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان ئێستا لە ناونیشانەوە دەست پێ دەکەین هەر بەڕێزێك دەیەوێت گفتوگۆ لەسەر ئەمە بکات با ناوی خۆی تۆمار کات، ئەو بەڕێزانەی کە دەیانەوێت گفتوگۆ لەسەر ناونیشان بکەن بریتین لەم بەڕێزانە، اسماعیل علی طە، سەرچنار احمد محمود، حسیبە سعید ابراهیم، لیزا فلك الدین صابر، ڕێبوار عبدالرحیم عبداللە، هلز احمد محمد، ظاهر محمد علی.

**بەڕێز هلز احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکێ پەرلەمانی.**

تێبینیامن سەر ئەڤەیە ناڤ و نیشانێت بێهنە گۆڕین شینا پێشنیازا یاسایا بەڕێوەبردن و پاراستنی ئاو لە هەرێمی کوردستان ببیتە پێشنیازی یاسای ئاو لە هەرێمی کوردستان یەعنی کورتر لێبێتن، زۆ سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو حسیبە خان.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار ئەکەم پێشنیازەکە بەم شێوەیە لێبکرێت، پێشنیازە یاساو پاراستن و بەڕێوەبردنی ئاو لە هەرێمی کوردستان عێراق، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك ڕێبوار.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو میهربان، من دەست خۆشی لەو کەسانە دەکەم کە ئەم پێشنیازە یاسایەی ئامادە کردووە، چونکە زۆر گرنگە وەکو پسپۆڕانی بواری جیلۆجی لە ماوەی (٢٠) ساڵی داهاتووش شەڕ لەسەر ئاو دەبێت نەك لەسەر بەرمیلێك نەوت، بۆیە من لەسەر ئەوە پێشنیار دەکەم کە عینوانی پێشنیازی یاساکە بەو شێوازەی خوارەوەی لێبیت، پێشنیازی یاسای بەڕێوەبردن و پاراستن و ڕێکخستنی ئاو لە هەرێمی کوردستان – عێراق، لەبەر ئەوەی ناکرێت باس لە بەڕێوەبردن و پاراستن و بەڕێوەبردن بکرێت ئەگەر ڕێکخستن نەبێت، لە دەقەکانی ئەو پێشنیازە یاسایە بەشێوەیەك لە شێوەکان باس لە ڕێکخستنەوەی سەرچاوەکانی ئاو دەکات لە هەرێمی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو لیزا خان.

**بەڕێز لیزا فلك الدين صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا دەست خۆشی لە هەڤاڵانی لێژنەی تایبەتمەند دەکەم کە ئەم پێشنیازە یاسایە یاخود ئەم پێشنیازە یاسایەی دارشتووە، زۆر زۆر پێویستە بۆ ئێستا بۆ پارێزگاریکردن لە سەرچاوەکانی ئاو، بەڵام لە ئێستایە لە سیاسەتی بەڕێوەبردن و پارێزگاری کردن لە ئاوی شیرین دوو ئاڕاستە هەیە ئاڕاستەیەك چۆن بتوانین ئەو سەرچاوانەی هەیە کە چۆن بیپارێزین ئاڕاستەیەکی تریش recycling دووبارە بەکارهێنانەوەی ئەو ئاوەیە کە پیس بووە، بۆ ئەوەی کە لە کاری کشتوکاڵی بە تایبەتی لە پرۆژە ئاودێرییەکان بەکار بهێندرێت، بۆ نموونە ئێمە پارکی (سامی عبدالرحمن)مان هەیە، من دەمەوێت بە شێوەیەکی عام لەسەر پرۆژەکە قسەبکەم و.....

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر لە ناونیشانەکە لیزا خان .

**بەڕێز لیزا فلك الدين صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە شێوەیەکی عام ئاخر قسەدەکەم ناوەڕۆکەکە هیچ باس لەوە نەکراوە کە زۆر گرنگە، تەنها دەمەوێت وەڵامێکی لێژنە تایبەتمەندەکان وەربگرم، ئایا دەکرێت لەمەودوا جێیەك بۆ ئەو بابەتانەش بکرێتەوە ئەم پرۆژە یاسایە، چونکە زۆر زۆر گرنگە دووبارە بەکارهێنانەوەی ئەو ئاوانەی کە پیس بووە بە تایبەتی ئاوە رووەکان ئەتوانرێت بەکار بهێنریتەوە، بۆ نموونە ئێمە پارکی سامی عبدالرحمن مان هەیە کە رەنگە رۆژانە پێویستی زۆر زۆر بە ئاوێکی خەیالی وشیرین هەبێت، بۆ ئەوەی ئاو بدریت ئەو ئاوەش حەیفەش کە بەکار دەهێنرێت بۆ دووبارە بەکارهێنانەوەی سەوزایی، چونکە ئەوە ئاوی خورادنەوەیە و ئەو ئاوەیە کە لە ماڵان بەکار دەهێنرێت، دەتوانرێت سیسەتەمێك بەکاربهێنرێت هەم بتوانین ئاوە شیرینەکە پارێزگاری لێبکەین، هەم دووبارە ئەو ئاوەی کە بە فیرۆ دەچێت کە بە کاری بهێنینەوە، تەنها دەمەوێت پرسیار لە لێژنەی تایبەتمەند بکەم کە ئایا ئەتوانن لەم پرۆژەیە جێی بۆ بکەنەووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو سەرچنار خان.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری لە ووتەی مامۆستا هلز دەکەم کە بەڕێوەبردن و پاراستن نەمێنی هەر یاسای ئاو لە هەرێمی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك زاهر.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسين:**

**بەناوی خوای گەورە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیازە یاسای بەڕێوەبردن و پاراستنی ئاو لە هەرێمی کوردستان، من پێشنیاز دەکەم بکرێتە سامانی ئاو لە هەرێمی کوردستان، چونکە لە ناوەڕۆکی یاساکەدا هاتووە، یاخود پێشنیازە یاسای

بەرێوەبەردن و سەرچاوەکانی ئاو لە هەرێمی کوردستان کەئەمانەش هەردووکیان لە ماددەی سێ ولە هۆکاری دەرچوواندنی یاساکە هاتوون، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك اسماعیل.

**بەڕێز اسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆکێ پەرلەمانی.**

ئەز بینم هندی عیوانێ موختەسەر تربیت کورتربیت پتر رامانا خۆدەت ژبەر هندێ ئەز پشتگیریا خوشکا هلز خان و سەرچنار دکەم ببیتە پێشنیازا یاسای ئاو لە هەرێمی کوردستان پێتقی ناکەت ئەوادی بەرێوەبردن و پاراستن هەموو دەگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز/ د. هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو بدریە خان.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ بەرێز سەرۆکی پەرلەمان سەبارەت بە ناونیشان پێشنیازە یاسای بەرێوەبردن و پاراستنی ئاو لە هەرێمی کوردستان – عێراق بە رایی من پاراستن پێش بەرێوەبردن بێت، پاراستن و بەرێوەبەردنی ئاو پاراستنەکە لەپێشتر بێت باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی تایبەتمەند ئەگەر فەرموون با کاك عبدالستار وەکو لیژنە، ئینجا کاك بژار فەرموون.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

واللە سەبارەت بەو پرسیارەی لیزا خان کە دووبارە بەکارهێنانەوەی ئاو recycling کردنی ئەم پرۆژە زیاتر پەیوەندی بە سەرچاوەکانی ئاو وئاوی سەرزەوی و ئاوی ژێر زەوی و بەنداوەکان و جۆرێك تەنسیقە لەگەڵ ئاو و ئاوەرۆکانی وەزارەتی شارەوانی، بۆیە ئەم بابەتە بەراستی بابەتێکی کە باسی دەکەین من پێم وایە بابەتێکی گرنگیشە، جێی خۆشیەتی بەراستی سوودی لێی بینین، بەڵام ئیشی ئەم ئەنجومەنە نابێت کە جۆرێك لە تەنسیقە لەگەڵ غەیری ئەوەی کە لە وەزارەتی کشتوکاڵە وەکو سەرچاوەکانی ئاو وبەنداوەکان و ئاودێری تەنها تەنسیقێك هەیە، چونکە هەندێك کێشە هەیە بەراستی لە رابردوودا لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵ و شارەوانی دروست بووە لەسەر قەزیەی ئاو وبیری ئاو بیری ناو شارو بیری دەرەوە جۆرێك تەنسیقێك و هەماهەنگی هەبێت چۆن دەست بە ئاوەوە بگرێت و چۆن رێکبخرێت و چۆن یەعنی بە شێوەیەکی رێك وپێك ئاراستە بکرێت، ئیشی زیاتری وەزارەتی شارەوانییە، ئەوەی جەنابت دەڵێت یان دەبێت ئیشی وەزارەتی دیکە بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك بژار.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کرا لەلایەن بەڕێز عبدالستار مجید، هەر ئەوە بۆ وەڵامی پرسیاری لیزا خان بوو لێرەوە سەبارەت بەناونیشان لێرەوە وەکو ئەندام پەرلەمان پێشنیارێکم هەیە ئەگەر سەرچاوەکانی ئاو، سەرچاوە ئیزافە بکەین یان بەم شێوەیە پێشنیازی یاسای بەڕێوەبردن و پاراستنی ئاو و سەرچاوەکانی، چونکە ئەمە دوو بابەتی لێك جیان لەگەڵ ئەو ئاو، لەگەڵ ئەو ئاوانەی کە دێنە ناو سەنتەری شار یان داخلی تۆڕو بنچینەکانی ئاو دەبێت، بۆیە سەرچاوەکانی ئاو پێشنیار دەکەم ئیزافە ببێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو خدیجە خان.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله زۆر باسی ئەوە کرا کە وشەی ڕێکخستن بێتە ناو ناونیشانەکە یاخود پاراستن بخرێتە پێش بەڕێوەبردن، دەمویست ئەوە بڵێم کە خۆی بەڕێوەبردن وەکو پرۆسەیەکە، یەعنی کۆمەڵێك کار لە خۆی دەگرێتن کە یەعنی چەند کارو ئەرکی تر لە ناو پرۆسەی بەڕێوەبردن بوونیان هەیە، یەکەمیان پلان دانانە دووەمیان ڕێکخستنە و هەروەها ئاڕاستە کردن و لە کۆتاییدا چاودێری کردنە، بۆیە یەعنی ئەو پرۆسەیەی کە دەڵێن بەڕێوەبردن ئەوانە هەمووی لە خۆی دەگرێتن و کە بەشێوەکی باش ئەوا بەڕێوەببەن حەتمەن دواتر پاراستنی ئاو نەتیجەکەی بەردەست دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی یەك فەرموون

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١):

بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان، بەشی یەکەم پێناسەو ئامانج ماددەی یەك بۆ مەبەستەکانی حوکمەکانی ئەم یاسایە ئەم زاراوانەی دەستەواژەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریان دەگەینن:

١-هەرێم: هەرێمی کوردستان – عێراق.

٢- ئەنجومەن: ئەنجومەنی ئاو لە هەرێم.

٣- وەزارەت: وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو.

٤- صندوق: صندوقی پاراستنی بووژانەوەی سەرچاوەکانی ئاوی هەرێم.

٥- سەرچاوەکانی ئاو ئاوی سەرزەوی و ژێر زەوی بە هەموو سەرچاوەکانییەوە وە ئاوی قورس و ئاوی ئاوەرووکانیشەوە دوای چارەسەرکردنیان دەگرێتەوە.

٦- ئاوی سەرزەوی ئاوی زێ رووبار کانیاو ئاویroوویشتوو کۆگا کۆگا سروشتی و دەستکردەکان و ئاوی چارەسەرکراویش دەگرێتەوە.

٧- ئاوی ژێر زەوی ئەو ئاوەی کە لە ژێر رووی زەویدا هەیە قوڵاکەی هەر چەندبێت دەگرێتەوە.
٨- پاراستنی سەرچاوەکانی ئاو پرۆسەی گشتی تەکنیکی و یاسایی یە کە دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی توانستی بەردەوامی ئاو بەردەست بوونی وە رێگرتن لە کەم بوونەوە و بە فیرودانی پیس بوونی.
٩- سەرچاوەکانی ئاو پرۆسەیەکی رێکخراوە کە دەبێتە هۆی بەردەوامی باش بەکاربردنی سەرچاوەکانی ئاو لە رووی چەندایەتی و چوونایەتی بۆ هەموو بەکار بەرانی.
١٠- بۆژاندنەوەی سەرچاوەکانی ئاو پرۆسەیەکی رێکخراوە کە دەبێتە هۆی بۆژاندنەوەی دروستی سەرچاوەکانی ئاو.
١١- کۆگا کردنی ئاو کۆکردنەوەی ئاو بەفر و باران.
١٣- یەکەی پێوانە یەکەی دیاری کردنی بڕی بەکاربردنی ئاوە.
١٤- بڕی بەرامبەر بەکاربردنی ئاو ئەو بڕە پارەیەیە کە بەرامبەر بەکاربردنی ئاودا بە پێی یەکەی پێوانە وەردەگیرێت.
١٥- رێرەوی ئاوی رێچکەی سرووشتی یان دەستکردە کە تووژمی ئاوی بە شێوەیەکی هەمیشەیی یان کاتی پێداتێدەپەرێت.
١٦- پاشماوە هەر ماددەیەکی رەق شل گازی کیمیایی میکروب ڤایرۆسی تیشکدار یان گەرم کراو کە دەبێتە هۆی پیس بوونی ئاو.
١٧- ئاوی قورس ئەو ئاوەی کە لە ێکیەکەکانی نیشتەجێ بوون پرۆژە پیشەسازییەکان یان شوێنە خزمەتگوزاریەکان و هەربە لە بوارێکی دیکەدا بەکار هاتووە و پاشماوەی تێدا نیشتوو یان توانەوە.
١٨- پیس بوونی ئاو لە هەر پرۆسەیەك کە ببێتە هۆی گۆرینی خەسڵەت و پێکاتە بنەرەتییەکانی ئاو دەگرێتەو بە جۆرێك زیان بە ژیانی مرۆڤ و زیندەوەران و ژینگە بگەینێت.
١٩- ئاوی چارەسەرکراو ئەو ئاوەیە کە پاکراوەتەوە لە هەموو جۆرە پاش ماوەیەك.
٢٠- سوودمەندان ئەو لایەن و کەسانە دەگرێتەوە کە مافی بەکار بردنی ئاویان بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە هەیە.
٢١- بە فیرۆدانی ئاو زیاد بەکار بردن یان خراب بەکار هێنانی سەرچاوەکانی ئاوە بە ئەنقەست بێ یان لە ئەنجامی کەم تەرخەمی.
٢٢- هاوسەنگی ساڵانەی ئاو دەرهێنان و بەرکاربردنی ئاو بە بڕێك کە یەکسان یان کەمتربێت لە ئاوی بە دەست هاتوو لە هەمان ساڵ دا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

هەربەرێزێك دەیەوێت لەسەر ماددەی یەك گفتوگۆ بکات با ناوی تۆمار بکات ئەمرۆش تا ئەوەش تەواو نەکەین کۆبوونەوە هەڵناگیرین، بەرێزان جا ئیحتیاتی خۆتان وەرگرن، رێست ئەبێت رێست هەر وەردەگرین، بەڵام تا تەواوی نەکەین ئەم دانیشتنەش کۆتایی نایێت، رێست وەردەگرین موشکیلە نییە ساعەت دوو رێست وەردەگرین، نیو سەعات کاروبار ئەگەر ئیحتیات وەردەگرن بۆ ساعەت دوو، بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان دوو تا دوو ونیو ئێرە هەر بەرێزێك دەیەوێت گفتوگۆ بکات، بەڵێ بەرێزان ئەم بەرێزانەی گفتۆگو لەسەر ماددەی یەك ئەکەن، محی

الدين حسن يوسف، اسماعيل علی طه، عمر عبدالله فتاح، مژده محمود محمد، مەم برهان قانع، سەرچنار احمد محمود، هلز احمد محمد، گولستان سعيد حمد، رزگار محمد محمود، شاخوان رؤوف مصطفی، ظاهر محمد علی، ريبوار عبدالرحمن عبدالله، حسيبە سعيد ابراهيم، گلاوێژ عبيد عثمان ، زيدان رشيدخان اودل، گوڵستان باقی سليمان، صباح محمود محمد، بەلێن اسماعيل حاجی ابراهيم، فەرمووو دکتۆر صباح.

**بەڕێز صباح محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە فەقەرەی سێ لە وەزارەت، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو پێم باشە وەزارەتی شارەوانی زیاد بکرێت، چونکە ئەویش مەعنييە بەو بابەتە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو کاك رزگار.

**بەڕێز رزگار محمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی يەك بە نموونە بڕگەی (٢٠) کە (٢١) بە فيرۆدانی ئاو يان بەکاربردن يان بەخراپ بەکار هێنانی سەرچاوەکانی ئاو ئەمانە لێرە باس بە فيرۆدانی ئاو دەکات، ئايا بە پيس بوونی ئاو، بەڵام سزاکەی چييە يەعنی بەس باس لە ئەوە دەکات ئاو و ئاو کۆبکرێتەوە ئەوە بکرێت، ئەگەر لەلايەن مەسەلەن دياری نەکردووە کێ دەبێتە هۆی بە فيرۆدانی يان پيس بوونی سزاکەی چييە، يەعنی بەس هەر باسی ئاو دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو کاك مەم بورهان.

**بەڕێز مەم بورهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی ماددەی يەکەم من ئەم پێشنيازانەم هەيە بۆ لێژنە پەيوەنديدارەکان و بۆ ئەيخەمە بەردەم پەرلەمانتاران، بەنسبەت بڕگەی پێنجەم لە ماددەی يەك پێشنيازەکەم هەر سندووقی سەرچاوەکانی ئاوی هەرێم پاراستن و بووژاندنەکەی لابرێت، سندووقی سەرچاوەکانی هەرێمی بمێنێتەوە، بەنسبەت بڕگەی (١٢) کۆگاکانی ئاو پێناسەکەی بەم شێوەيە لێبکرێت، کۆکردنەوەی ئاوی بەفرو باران وزێ و رووبارەکان و زێ و رووبارو کانياوەکان دەگرێتەوە، کۆکردنەوەی ئاوی بەفرو باران و زێ رووبارو کانياوەکان دەگرێتەوە، ئەوە کۆگا کردنی هەموو ئەو جۆرە ئاوەکانە کە پێشتريش ئيشارەتی پێکراوە بە نسبەت پانزدەيەمەوە رێرەوی ئاوی رێچکەی سرووشتی يە يان دەستکردە تەووژمی ئاوی تەووژم، واتە تەيار من پێشنياز دەکەم بەم شێوەيە لێبکرێت رێچکەی سرووشتی يان دەستکردە کە بە شێوەيەکی هەميشەيی يان کاتی ئاوی پێدا تێپەر دەبێت، بەنسبەت بڕگەی (١٨) پيس بوونی ئاو هەر پێويست ناکات هەر پرۆسەيەك هەبێت يەکسەر گۆڕينی خەسڵەت و پێکهاتە بنەرەتييەکانی ئاو دەگرێتەوە کە زيان بە ژيانی مرۆڤ و زيندەوەران و ژينگە بگەيێنێت، بە نيسبەت بڕگەی (٢٠) ئەو سلەفەيەی کە سوودمەندن، يەعنی سوودمەند کێيە؟ ئەو لايەن و کەسانە دەگرێتەوە کە مافی نەك

موستەهلیك بەكاربەر بەكاربردن كە مافی بەكارهێنانی ئاویـان بە پێـی حوكمەكـانی ئەم یاسـایە هەیە، بەكارهێنان بۆ بیسـت و یەكـیش بە فیرۆدانـی ئـاو دیسـانەوە موسـتەهلیك بەكـاربەر واتە بەكاربردن ئیستیهلاك بەكار نەهێندرێت، پێشنیازدەكەم زیاد بەكارهێنان یان خـراب بەكارهێنـانی سەرچاوەكانی ئاوە بە ئەنقەست بێت یان لەئەنجامی كەمتەرخەمی و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو كاك محی الدین.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لە ماددەی یەك بڕگەی دووەم، ئەنجوومەن ئەنجوومەنی ئاو، پێم وایە دەسـتەواژەكە بـڕەك لەنگە، پێم وایە بكرێتە ئەنجومەنی بەرێوەبردن و پاراستنی ئاو باشترە، چونكە ئەوەی دەكەیـت ئەنجـومەنەكە بـۆ بەرێـوەبردن و پاراسـتنە، ئەنجـومەنی ئـاو یەعنـی (مجلـس الميـاء) و یەعنـی (مجلس میاء) یەعنی پێم وایە كەم و كورتییەكی تێدایە، ئەوی تریان بـڕگەی حەوتە ئـاوی سـەر زەوی ئاوی زێ و رووبار، پێم وایە كارێزو دەریاچەو ئاوە كانزاكانیش بگرێتەوە، چونكە هەنـدێك كانیاو كارێزمان هەیە وە دەریاچەكـانیش دەگرێتەوە، لە بـڕگەی (٨) نووسـراوە ئـاوی ژێـر زەوی ئەو ئاوەی كە لەژێر رووی زەویدایە، پێم وایە رووەكە زیادە ئەو ئـاوەی لە ژێـر زەویـدایە روو بە مانـای واجـیهەكە دێـت، پـێم وایە ئەوە دەكەوێـتە ئەوێنـدەرێ كە ئەوەی دەیەم بەرێـوەبردنی سەرچاوەكانی ئاو پرۆسەیەكی رێكخراوە كە دەبێتە هۆی گڵـدانەوەی وشـەی گڵـدانەوەی بـۆ زیـاد بكەن و بەردەوامی لە باتی وشەی بـاش و بەركارهێنـانی سـەرچاوەكانی ئـاو، ئـاو بەشـێوەیەكی دادپەروەرانە بەباشـترین شـێوازی یـان چەنـدایەتی و چەنـدانیەتییەوە، شـانزدەهەمین هەر ماددەیەكی رق یان شل گـازی كیمیـایی میكـرۆب ببێـتە میكرۆبیـاێكی بـۆ زیـاد بكرێـت لە رووی ئەوەوە ئەوەی تـر كە پەیوەنـدی بە بـڕگەی (٢١) بەفیرۆنەدانـی ئـاو زیـاد بەكارهێنـان لەگەڵ بەكارهێنانم لەو یەكەیەی كە دیاری كـراوە، بە گـوێرەی یەكەی پێـوانەی یەعنـی نەك زیـاد بەكـار هێنانی، چونكە یەكەیەكی پێوانەیمان هەیە كە تەحدیدی ماددەكەی دەكـات، بـۆیە لەگەڵ ئەوەم كە ئەو بڕگەیە لەوێ دووربارە بكرێتەوە كە لەو یەكە كە دیاری كراوە بۆ بەگوێرەیەكی پێوانەیی و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز گوڵستان سعید حمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تێبینەكـانی مـن لەسـەر بـڕگەی دوو مـاددەی یەك، ئەنجـوومەنە ئەنجـوومەنی ئـاو بكرێـت بە ئەنجومەنی پاراستن و رێكخستن و بەرێوەبەردنی ئاو لە هەرێم، لەسەر سـێیەم بـڕگە وەزارەتـی كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو، پێم باشە وەزارەتی شارەوانیش شەریك بێت لەو مەسئولیەتەیە، سەبارەت بە حەوتەم بڕگە ئاوی سەر زەوی پێویستە بەنداوی بۆی زیاد بكرێت بەنداوەكان ئـاوی زێ و رووبارەكان كانی و دەریاچەو كانیاوەكان، سەبارەت بە هەشتەم خاڵ ئـاوی ژێـر زەوی پـێم باشە ئـاوی بیـر زیـاد بكرێـت ئـاوی بیـرو ئەو ئـاوەی كەلە ژێـر رووی زەویـداهەیە، چـونكە ئـاوی بیـریش سـەرچاوەیەكە كە بەكاردەهێنرێـت، سـەبارەت بە دوانـزدەهەم یـان كۆگـا كردنـی ئـاو كۆكردنەوەی ئاوی بەفرو باران و رووبارو زێ و كانیاوەكان زیاد بكرێت، سەبارەت بە شانزدەهەم

پاش ماوە کە دەڵێت هەر ماددەیەکی شل یا رەق گـازی کیمیـایی میکـرۆب کانزایشـی بـۆی زیـاد بکرێت، چونکە زۆر جار ماددە کانزایەکانیش دەکەونە ناو ئاواکانەوە، سەبارەت بە سـوودمەندان لەگەڵ هـاوڕێ یـان هـاوڕێم کە وتیـان لە جیـاتی بەکـاربردن بەکارهێنـان بەکاربێـت لە (٢١) بە فیرۆدانی ئاو پێم باشە لە جیاتی زیاد بەکار بردن بکرێت بە زیـادەڕەوی یـان بەکارهێنـان یـان بە خراپ بەکارهێنانی سەرچاوەکانی ئاو بە ئەنقەست، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك زێدان.

**بەڕێز زیدان رشیدخان اودل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە مـاددەی یەك خـاڵی دووەم بە زیـادی دەزانـم ئەنجـومەن ئەوهابێـت، چـونکە ئـێمە وەزارەتـی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاومان هەیە، خاڵی شەشەم کە باس لە سەرچاوەکانی ئـاو دەکـات لە پێناسەکە دەڵێت ئاوی سەرزەوی و ژێر زەوی، بۆیە خاڵی حەوتەم و هەشتەم بکـرێتە ئەلـف بـای خـاڵی شەشـەم، چـونکە بـاس لە دووبـارە بـوونەوەی پێناسـەکە دەکـات، خـاڵی نـۆیەم دەکرێـت سوودی لێ وەربگرێت لە پاراستنی ئاو بۆ ئەوەی خاڵی یازدەم و دوانزدەم تێدا تێکەڵ بکرێـت لە پێناسەکەی بلێت پرۆسـەی گشـتی و تەکنیکـی و یاسـاییە، ئەمـن مەبەسـتم لە خـاڵی نـۆیەمە کە دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی بووژاندنەوە و کۆگاکردن بە هەردوو ووشە دەتوانین خاڵی یازدەم و دوانـزدەم لە وێ شـوێنی بکەیـنەوە، و خـاڵی سـێزدەم و چـواردەمیش بە پێویسـتی نـازانم لە تەعریفەکەیدا وازح نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو گەلاوێژ خان.

**بەڕێز گلاوێژ عبید عثمان :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی یەك شازدەیەم پاشماوە هەر ماددەیەکی رەق، شل گازی کیمیای میکرۆب یـان ڤـایرۆس، من لێرەدا پێم باشە میکرۆب و ڤایرۆس بکرێتە پاشماوە بایلۆجییەکان، چونکە بەس میکرۆب و ڤایرۆس نییە لە بالیۆجی، بۆیە لە جیاتی ئەم دوو وشەیە بایلۆجی مادەم کیمیای بەکار هـاتووە، ئـێمە دەزانـین کیمیـایی و کانزاکـان شـتێك دەگـرێتەوە، شـتە کیمیاییەکـان، بـۆیە لێـرەش کە بایلۆجییەکان ئێمە پێویستە بیکەینە بایلۆجی و تیشکراوەکان یان گەرم کراوەکان بکرێتە مـاددە فیزیاییەکان یان پاشماوە فیزیاییەکـان کە دەبێـتە هـۆی پیسـبوونی ئـاو، و لە خـاڵی هەژدەیەم پیسبوونی ئاو پێم باشە بنووسرێت پیسبوونی ئاو بەپاشماوەکان هەر پرۆسەیەك کە ببێتە هـۆی گۆڕینی خەسلەتە کیمیاییەکان، لێرە کیمیاییەکـانی بـۆی زیـاد بکرێـت خەسـلەتە کیمیاییەکـان و پێکهاتە بنەرەتییەکانی ئاو دەگرێتەوە زیادە لێرە دەگرێتەوە لابدرێت بەجۆرێك کە زیان بە ژیانی مرۆڤ و زیندەوەران و ژینگە بگەینێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز/ د. هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو گوڵستان خان.

**بەڕێز گوڵستان باقی سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکێ پەرلەمانی.**

دەست خوشی یێ لێژنا تایبەتمەندکەم بۆ پرۆژێ گەلەك گرنگ سەبارەت ماددێ یەکا خالا شازدێ بەعسی پاشماوەی یێ کری یێ گوتی هەر مادەیەکێ رەق شل گازی کیمیایی میکرۆب ڤایرۆسی تیشکدەر یان گەرم کراو کە دەبێتە هۆی پیسبوونی ئاو، لێ ڤێرێ پرسیارەك بۆ لێژنا تایبەتمەند زۆربەیا مادێت رەق شل گازی مادێت کیمیای نە یەعنی پتر یاوانە ناف سروشتیدا مادێت کیمیای نە وەکۆدی کیمیای یێ جۆداکری مەبەستاوان کیمیای بەعسی کیشکایە مادێت قرکەرن بەعسێ کیشکایە، ئەز حەزکەم ڤێ بۆمە روون بکەن چونکە مادێت رەق و شل و گازی پتر یا وان مە گوتی مادێت کیمیاوینە وێجا ئەز حەزدکەم پرسیارامە بەرسف دەن ئەو مادێت کیمیاوی وان بەعسی چی یە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك هێڤیدار.

**بەڕێز هیڤیدار احمد سلمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی یەك بڕگەی هەشتەم ئاوی ژێر زەوی مەسەلەن دەبێت مەترەکەی دیاری بکرێتن هەتا چەند بۆت هەیە ئاوی ژێر زەوی لێبدرێت، خۆم لێکۆڵینەوەیەکم کردووە لە تورکیا لە شەست مەتر نابێت زیاتر ئاو دەرکەوت، نەبوو بۆت نییە بکەیە شەست مەترو یەك سانتیم ئەبێت دیاری بکرێت، ئێستا زیاتر لە (٤٠) هەزار بیرمان هەیە لە هەرێمی کوردستان ئاوی سەر زەوی دەڕوات، هەر ئاوی ژێر زەوی دەربێنن ئەبێت مەسەلەن دیاربێت، ئەگەر پێوەری ئەوەی تێدا هەبێت لە تەعریفەکەی چەند مەتربێتن وەشانزدەیەم هەر ماددەیەك رەق شل گازی کیمیایی میکۆرب ڤایرۆس یان تیشکی یان گەرم کراو کە دەبێتە هۆی پیسبوونی ئاو زایدەن ئاوی کشتوکاڵی، ئێستا لەسەر رێگای گەزنە ئەو هەموو شوێنانەی کە مەوادە کۆمپانیایەکانی نەوت کاردەکەن مەوادەکانی بە ماددەی کیمیایی دەشۆن ئەو گەزنەیە هەموو شوێنێکی کشتوکاڵ بۆ هەموو عەرزەکەی زەوییەکی ئیتر بەکەڵك ناهێتن بۆ کشتوکاڵ دەبێت ئەویش لێی زیاد بکرێتن، وە پێم باشە بە ژمارەی (٢٣) زیاد بکرێت مۆڵەتی پێدانی بیر تەنیا لە دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێم یان سەرۆکی حکومەت بێت هاوشێوەیەی دەوڵەتەکانی دیکە، تەنیا یان سەرۆکی دەوڵەت قەرار دەدات یان پاشای دەوڵەت یان میرەکە هەرچییە، تەنیا ئەو بۆی هەیە چونکە بابەتێکە زۆر پەیوەندی بە ئاسایشی نیشتمانەوە هەیە نە هەر کەس ویستی بۆ خۆی بیرێك لێبداتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆکێ پەرلەمانی.**

مـن سـێ تێبینـی ێـت هەی تێبینیـا ئێکـی سـندوق سـەندووقی پاراسـتن و بووژانـدنەوەی سەرچاوەکانی پێویست ناکەت ئەگەر مە ناڤێ یاسایێ کرە یاسا ئاو ئەما سندووقا ئاوی هەرێمی کوردستان خالآمن یا دوویـی تێبینیامنا دوویـی حەوتەم ئـاوی سـەر زەوی نە (جـامع مـانع) لغە عربی بێژیت (جامع مانع) یەعنی ڤێتن هەمی ئاوی سەر زەوی کۆم بن ڤێ پێناسێداو وەسا کۆ نابت ژبەر هندێ ئەز بێژم ئەڤا بەری نـیکە هـاتی پتـر گەهینیـتن بێـژین ئـاوی سـەر زەوی ئەڤەیە بیرتیە لە هەمـوو جۆرەکـانی ئـاو کە دەکەونە سـەر رووی زەوی بە شـیوەی وەسـتاو یـان جـۆلاو یانکۆ کراوە ئەڤە (جامع تری و مـانع) (تـری) پتـر گـریتن ژڤـێ ئەوا دەسـت هـاتیە کـرن دیسـا یـا هەشتێ ژی نەفسی تشتی ئاوا ژێـر زەوی ئـاوا سـەر زەوی هەر ببیـتە ئـاوی ژێـر زەوی بیـرتیە لە هەموو ئەو ئاوانەی کە لە عەمبارە سرووشتیەکانی ناوی زەویدا کۆ دەبیتەوە یا کۆرتە وە (جامع مانع) ترە لێ ڤێ تەعبیرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو موژد خان.

**بەڕێز مژده محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی یەك بڕگەی پێنجەم پێناسەی صندوقی کردووە، پێشنیار دەکەم وشەی سـامانی ئـاوی بۆ زیاد بکرێت بەم شێوەیە سـندووقی پاراسـتنی سـامانی ئـاو و بووژانـدنەوەی سـەرچاوەکانی ئاوی هەرێم لە خاڵی هەشتەم ئاوی ژێر زەوی بەو شێوەیە پێناسە کراوە، پێشنیار دەکەم وشـەی ئەو بەو شـێوەیە و بکـرێ و سـامانە ئـاویەیە کە لەژێـر زەویـدا هەیە، وشـەی روو لابرێـت، روو دەلالەت لە بەرامبەر دەکات نەوەکو ژێر زەوی، پێم وایە ئەوە هەڵەیە لە وێـدا هەبێـت لە بـڕگەی (١٠) وشەی بەکاربردن بکرێتە وشەی بەکارهێنان بگۆردرێت وە خاڵی (١٢) کۆگا کردنی ئاو، ئایا بۆ ئەوە روونکـردنەوەیەکم بـدێ عەزیەت نەبێـت ئەو ئـاوانە دەگـرێتەوە ئەوانەی لە پـرۆژەدا گـڵ دەدرێتەوە یاخود ئەو ئاوانەی کە (recycling) دەکرێتەوە، چونکە بابەتەکە بڕگەکە باس لە کۆگا کردن دەکات، خاڵی سێزدە من پێم وایە یەکەی پێوانە مەبەستی پێوەری ئاوە کە جـارێکی دیـکە بـۆ جـاری دووەم بـارە نایاسـایی دەیانەوێـت پێـوەری ئـاو لە نـاو دوو یاسـادا جـێ بـکەنەوە لە رابردوودا ئەوە لابردرا لە یاسایەکی دیکەدا لەوەشیان تەسوەر دەکەم یەکی پێـوانە مەبەسـتیان پێوەری ئاوبێت، لە خاڵی سێزدەدا پێناسەیەکی پێوانە کراوە لە چـواردەش دەڵـێ بـڕی بەرامـبەر بەکاربەری ئاو ئەو بـڕە پـارەیەیە کە لەبەرامـبەر کە لە بەکارهێنـانی ئـاودا بە پێـی یەکەی پێـوانە وەردەگرێـت، یەکەی پێـوانە ئەکیـد تەسـەور دەکەم ئەوەبێـت پێـوەری ئـاو بێـت، بـۆیە ناکرێـت پێوەرێکی سـەقەت لە نـاو یاسـا بخەزێنـرێتە نـاو یاسـایەك و بەسـەر خەڵـك دا بسـەپێنرێت و لە سـەرباری ئەو هەمـووە سـزاو بـێ ئـاوییە کە خەڵـك هەیەتـی لە بەرامـبەر پێـوەری ئـاودا، ئێسـتا خەڵکی چەمچەماڵ و دەربەندیخان دەخنکێن لە تێنیـان و لە ئـاوی پـیس دا، بەڵام پـارەی بـاجی پێوەری ئاوی لێی وەردەگیرێت، یەعنی چۆن دەبێت لێرە پێوەر بسەپێنرێت، هیـوادارم لێژنەیێـك روونکردنەوەمان پێبدات ئەزیەت نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو مامۆستا عمر.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەناوی خوا، والله ی من پێشنیارێكم هەیە وەكو بلێ زۆر لە روانگەی هەر هەمووو یاساكەوە ئەویش ئەوەیە لەبڕگەی سێ یەم و چوارەم باسی وەزیرو وەزارەت كراوە، دیارە مەبەست لەم یاسایە سەربە وەزارەتی كشتوكاڵ بێت، پێشنیارێك بۆ هەردوو لیژنەی بەڕێز كە ئەم یاسایە بسپێرێت بە دەستەیەكی سەربەخۆ بۆ پاراستن و بەڕێوەبردنی ئاو، زۆرێك لە ئەندام پەرلەمانە بەڕێزكان باسی گرنگی ئاویان كرد كە چەند چەكێكی ستراتیژییە هەم چەند سامانێكی ستراتیژییە، چەند بایەخی هەیە بۆ ئێستا و ئایندەی كوردستان، بۆیە من پێشنیار دەكەم لەم خاڵەیەی (٣، ٤) پێناسەكان بگۆڕێت بۆ پێناسەی دەستەی بەڕێوەبردن و سەرپەرشتی ئاو، وەلە ماددەی (١٨) بە هەمان شێوە ئەو دەستەیە جێگای بكرێتەوە لە رەوانگەی بایەخ و گەورەییەی ئاو بۆ ئێستاو ئایندەی هەرێمی كوردستان، پێشنیار دەكەم هیوادارم لیژنە بە ووردی دیقەت لەم پێشنیارە بدەن و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو كاك بەلێن.

**بەڕێز بەلێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تێبینیەكانی من لەسەر ئەو بڕگەی پێنجەم لە ماددەكە و ناونیشانەكانی، من ناوم نەنووسی بوو پشتیوانی لەو بۆچوونی دكتۆر رێبوار دەكەم ووشەی رێكخستنی بۆی زیاد بكرێت، وەلێرش سندووقەكە بكرێتە سندووقی رێكخستن و پاراستن و بووژاندنەوەی سەرچاوەكانی ئاوی هەرێم، بڕگەی (١٢) كۆگا كردنی ئاو پشتیوانی لە قسەكانی كاك مەم دەكەم ئەگەر داڕشتنەوەكە نەوعێكی تربێت ئەوا برادەرانی لیژنە رێكی بخەنەوە، كۆگا كردنی ئاو كۆكردنەوەی ئاو بەفرو باران و سەرچاوەكانی تری ئاو خاڵی بڕگەی (٢١) بە فیرۆدانی ئاو زیاد بەكاربردن، پشتوانی لەو بەرێزانە دەكەم كەوا بكرێت بە زیاد بەكارهێنان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو كاك شاخەوان.

**بەڕێز شاخوان رؤوف مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی یەك بڕگەی (١٢) وبڕگەی (٢١) دیارە بابەتی ئاو بابەتێكی گرنگ و گەورەیە، بابەتێكی مەوزووعیشە بەنیسبەت ووڵاتی ئێمەو هەرێمی كوردستان بەداخەوە تاكۆ ئێستا نەتوانراوە وەكو پێویست یەعنی لەسەر مەسەلەی گلدانەوەی ئاو بابڵێین پاشەكەوت كردنی ئاو، ئەوانە یەعنی شتێكی گرنگ و شتێكی حسابی ئەوەی بۆ بكرێت وە كۆنترۆڵكردنی ئاو ئەكرێت لەراستی بە نیكانزمێك رێك بخرێت بۆ ئەوەی بتوانرێت لە داهاتوو ئیستیفادەی باشی لێبكرێت، جگە لەم ووڵاتەی ئێمە و هەندێ لە ووڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەراست ئەویش زۆر بە كەمی لە هیچ ووڵاتێكی

دونیا تانکی سەربانی نییە، یەعنی ئاو بووە بە بەشێك لە ژیان و لە حەیاتی خەڵك و ئەوە لەبەرئەوەی هیوادارین یەعنی ئەم بابەتە یەعنی ئەم مەوزوعەی جگە لە وەزارەتی بابلێین کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاوییەکان، یەعنی وەزارەتی شارەوانی ئەویش داخل بکرێت، چونکە ئەمە رەبتی زۆریان بەیەکەوە هەیە و بە تایبەتی لە راستی بۆ مەسەلەی گڵدانەوەی ئاو لە مەوسمی هاوینە پێویستە بەراستی حکومەت تایبەتی وەزارەتی سامانە سرووشتیەکان وەزارەتی شارەوانی ئاو ئامادەکاری بکەن بۆ موسمەکانی هاوین، چونکە هەموومان دەزانین لە مەوسمی هاوینە گرفتی گەورەی کەم ئاوی لە هەرێمی کوردستان سەر هەڵدەدات وە پشتیوانی قسەکانی برایی بەرێزم کاك بەلێن و کاك د. رێبوار دەکەم زۆر، سوپاس.

**بەرێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك زاهر.

**بەرێز ظاهر محمد علی حسین:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

و الله من چەند تێبینیەکم هەیە لەسەر ماددەی یەك خاڵی دووەم، ئەنجومەن ئەنجومەنی لە هەرێم پێم باشە بکرێتە ئەنجومەنی بەرێوەبردنی سامانی ئاو لە هەرێم، خاڵی (٧) پێناسەی ئاوی سەر زەوی ئاوی زێ و رووبار کانیاو ئاوی رۆیشتوو کۆگاو سرووشتی دەستکردەکان و ئاوی چارەسەر کراویش دەگرێتەوە، پێم باشە پێناسەکەی بەم شێوەیە لێبکرێت ئاوی سەر زەوی هەر ئاوێك کەلەسەر رووی زەوی بێت وەك ئاوی زێ و رووبارو کانی و کارێزەکانیش بۆی زیاد بکرێت، ئاوی رۆیشتوو کۆگاو سرووشتی و دەستکردو یان چارەسەرکراویش دەگرێتەوە، خاڵی (٨) ئاوی ژێر زەوی ئەو ئاوەی لە رووی ژێر زەویدا هەیە قوڵاییەکەی هەرچەند بێت دەگرێتەوە، پێم باشە پێناسەکەی بەم شێوەیە لێبکرێت ئاوی ژێر زەوی ئەو ئاوانە دەگرێتەوە کە لە ژێر زەویدا هەن قوڵاییەکەیان هەر چەندێك بێت، (١٢) کۆگا کردنی ئاو کۆکردنەوەی ئاوی بەفرو باران پێم باشە بەم شێوەیە لێبکرێت کۆگا کردنی ئاو کۆگا کردن و گڵدانەوەی ئاو کۆکردنەوەی ئاوی بەفرو باران و هەر ئاوێکی سەر رووی زەوی، خاڵی (١٣) یەکەی پێوانەی یەکەی دیاری کردنی بڕی بەکار بردنی ئاو بڕی بەکارهێنانەی ئاو بەکار هاتووی ئاو، (١٩) ئاوی چارەسەرکراو ئەو ئاوەیە کە پاك کراوەتەوە لە هەموو جۆرە پاشماوەیەك، پێم باشە لە جیاتی چارەسەرکراو بکرێتە ئاوی پاك کراوە و ئەو ئاوەیە کە پاك کراوەتەوە لە هەموو جۆرە پاش ماوەیەك، (٢٠) سوودمەندان لێرانە جەمعە، یەعنی وشەیەکی پێم وابێت لە شوێنی خۆیدا نییە، سوود بکرێتە سوودمەند لە ئاو ئەو کەس و لایەنە و سرووشت و مەعنەویانە دەگرێتەوە کە مافی بەکاربردنی ئاویان هەیە بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە، زۆر سوپاس.

**بەرێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك رێبوار.

**بەرێز رێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەو ماددەی کە پەیوەستە بە پێناس و ئامانجەکانی ئەم پێشنیازە یاسایە لە راستیدا کۆمەڵێك کەم و کورتی تێدایە، خۆی کۆی پێشنیازە یاساکە (٢٥) ماددەیە، بەڵام ماددەی (١) (٢٢) بڕگە لە

خۆی دەگرێت عادەتەن ئەو کۆنسێرت و زاراوانە پێناسە دەکرێت لە ماددەی یەکەم کە زانستین یەك دوو کە باونین واتە شایەنن هەندێ لە زاراوەی تێدایە باوە روونە پێویستی بەوە نییە کە پێناسە بکرێت، لەوانە بۆ نموونە بەرێوەبردنی سەرچاوەکانی ئاو بووژانەوەی سەرچاوەکانی ئاو رێڕەوی ئاو ئەوانە راستیەکەی کۆمەلێك زاراوەی باون هەموومان دەازانین مانای چییە، یان ئەوەتە لابرێت ئەم سێ زاراوەی یان ئەوەتە لێك بدرێتەوە، لە بڕگەی دووەم ئەنجومەن بەوە پێناسەکراوە ئەنجومەنی ئاو لە هەرێمی کوردستان راستیەکە ئەنجومەنی ئاو بابلێن پێناسەکەی ماناکەی نادات بە دەستەوە و شیاو نییە و بکرێتە ئەنجومەنی بەرێوەبردنی ئاو لە هەرێم باشترە، بۆیە منیش پشتیوانی قسەکانی دەکەم لەو بڕگەی دووەم پشتیوانی قسەکانی کاك د. محی الدین و خاتوو گولستان سعید و کاك شێخ ظاهر دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو سەرچنار خان.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی (٦) کە دەڵێت سەرچاوەکانی ئاو دوای ئەوەش بڕگەی (٧) ئاوی سەر زەوی و بڕگەی (٨) ئاوی ژێر زەوی مادەم لەسەرچاوەکانی ئاوە ئاوا پێناسەی دەکات و الله ئاوی سەر زەوی و ژێر زەوی بە هەموو سەچاوەکانییەوە پێم باشە ئەو دوو بڕگەیەی (٧، ٨) بخرێتە پێش سەرچاوەکانی ئاوەوە، وە کاتێکیش کەلەسەرچاوەکانی ئاوە باسی ئاوی قورس و ئاوەڕۆکان دەکات ئەو دووانەش هەر ئاوی سەر زەوی و ژێر زەوی دەگرێتەوە و، پێناسەی ئاوی سەر زەوی و ژێر زەوی هەردوو بڕگەکەی ئاوای لێبکرێت ئاوی سەر زەوی بریتییە لە هەموو جۆرەکانی ئاو کە دەکەونە سەرزەوی بە شێوەی وەستاو یان جۆلاو وەستاو یان کۆکراوەی، ئیتر ئاوی قورسیش وەستاویش یان کۆکراوەیە یان جوڵاوە پێویست ناکات لێرە بێتەوە ئاوی ژێر زەویش، یەعنی بڵێین بریتییە لە هەموو ئەوانەی کە لە ئەنبارە سرووشتییەکانی ناخی زەویدا کۆدەبێتەوە، چونکە ئەوانەی کە بە پێناسەکە هاتووە نموونەی هێناوەتەوە دەڵێ وەکو ئەوە نموونەش ناکرێتە پێناسە دەبێت تۆ باسی بابەتەکە بکەی ئەو کاتەی نموونەی لەسەر بێنێتەوە کە کو نموونە لەناو یاسا، یەعنی ناکرێت یەعنی تۆ پێناسە بە نموونە بکەیت بە دەقی یاسایش بهێنیەوە ئەو خاڵانە، خاڵێکی تریش بڕگەی (١٣، ١٤) کە یەکەی پێوانەکەی دیاری کردنی بڕی بەکاربردنی ئاو، ئەوەی دووەمیش (١٤) بڕی بەرامبەر ئەوەی کە پێناسەی کردووە بەرامبەر بەکاربردنی ئاو، منیش وا تەسەور دەکەم کە ئەمە باس لە پێوەری ئاو بێت، جا داوا لە لێژنەی تایبەتمەند دەکەین کە روونکردنەوەمان بداتێ ئایا بڕگەی (١٣، ١٤) مەبەستی لەو پێوەرە ئاوەیە کە ئێستا ئەو هەموو گرفتەی دروست کردووە، خاڵێکی تریش ئەگەر مەبەستی لەوەبێت ئەو دوو بڕگەیە ئێمە لەگەڵ ئەوەیەن ئەو دووە لابرێت وە پشتیوانی لە قسەکانی د. اسماعیل سیگیری دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو هلز خان.

**بەڕێز هلز احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکێ پەرلەمانی.**

تێبینێت من سەر ماددا ئێکا بڕگا شەش، سەرچاوەکانی ئاو پێناساوێ بێتە کورت کرنێ ئاوی سەر زەوی و ژێـر زەوی بە هەمـوو سـەرچاوەکانییەوە، ئەوەی دی تـر بێـتە لادان چـونکی بڕگـا (١٧)دا پێناسا ئاڤا قورسا هاتیە کرن بەر هەندێ ئەوا دیتر یـا زدێـدەیە، هەروەسـا سـەبارەت بڕگـا (٧) دا ئاوی سەر زەوی تنێ لڤێرێ یا هاتی نموونەێت ئینـای بێـی کـۆ پێناسـەیەکا دروسـت بـدەتێ ژبەر هندێ ئەز پشتگیریا وێ پێناسێ کەم ئەوا دکتۆر سیگیری ئیقتراح کری کۆ پێشـنیار کـری کـۆ ئەو پێناسە بێتە داناتن شنیکا ئەف جۆرێت ئـاڤێ بێـنە دەسـت نیشـان کرنـێ ( ٨)دا ئـاوی ژێـر زەوی ئەوژی بێتە گوهرین وەکی ئەو پێناسا سەرچنار خانێ پێشنیار کری پشتگیریا وێ پێناسـێ دکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو کاك دابان.

**بەڕێز دابان محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی یەك بڕگەی (٦) بڕگەی (٧) کە باس لە سەرچاوەکانی ئاو دەکـات ئـاوی سـەر زەوی و ژێر زەوی بەهەموو سەرچاوەکانی ئاوی قـورس وە هەروەهـا ئـاوی زێ و رووبـار کانیـاو ئـاوی رۆیشـتوو ئەمـانە یەکەی پێـوانەیی لە هەرێمـی کوردسـتانا هەیە بـۆ بەکاربردنیـان یـاخود نەخێر، بۆ نموونە ئاوی رووبارێك یەکەی پێوانەی چییە بۆئەوەی کەسێك کە بەکـار بهێنێـت یـان بۆ نموونە کارگەیەکی ئاو بات، چونکە لە نەتیجەیە هەمـوو خەڵکـی کوردسـتان بە هەمـوو فیـئە جیاوازەکانیانەوە بە هەموو کارگەکانی سوود لەم ئاوانە وەردەگرێت، بۆ نمـوونە زێـیە رووبـارە، بۆ نموونە جۆری تری سەرچاوەکانی تری کە دیاری کردووە قسەکە ئەیبەستمەوە بە ماددەی (١٣، ١٤) یەکەی دیاری کردنی بڕی بەکاربردنی ئاو، بۆ نموونە فەلاحێك یان کەسێکە کە ئاوی رووباری بەکـار دەهێنێـت یەکەی پێـوانەکەی چیـیە کە ئەم فەلاحە چەنـدێك بەکـار دەهێنێـت، یـان کـارگەیەکی ئـاو چەنـدی بەکـار دەهێنێـت، دووهەم ئەمە بەریەککەوتـن روو دەدات لەگەڵ وەزارەتی شارەوانی، چونکە لە نەتیجەیە هاووڵاتیانیش لە هەرێمـی کوردسـتان هەیە بیـری ئـاو بەکار دەهێنێت یان ئـاوی رووبارەکـان بەکاردەهێنێـت یـان ئـاوی بەنـداوەکان بەکـاردەهێنین، لە کاتێکدا ئێمە بۆ یەکەی پێوانەی کە لە هەرێمی کوردستان تاکو ئێستا هەیە تەنها پێوەری ئاوە من نەمبیستووە بۆ نموونە کارگەیەکی ئاو یەکەی پێوانەیی بۆی دانرابێت، یان بـۆ نمـوونە کەسـێکە کە کشتوکاڵ دەکات یەکەی پێوانەی بۆی دانرابێت وە ئەوەشی کە هاووڵاتیان بەکاری دەهێنن تا ئێسـتا ئەم یەکەی پێـوانەی یاسـامان نیـیە بـۆی پرۆسـەیەکە کە خـۆی رێنمـایەکی بـۆی دەری کردووە، دەیان جار تەجاوزیان کردووتە سەر دەسەڵات و سەلاحیەتەکانی پەرلەمانی کوردسـتان بەبێ ئەوەی روونکردنەوەیەك لەم پەرلەمانە بەرێزەوە بـدرێت، لە رێنماییەکـانەوە کە وەزارەتـی شارەوانی دەریکردووە نایاساییە، بەڵام تاوەکو ئێستا ئیشی پێدەکەن ماددەی (١٤) بڕی بەرامبەر بەکاربەری ئاو ئەو بڕەیە کە لە بەرامـبەر بەکـاربردنی بـڕی ئـاو یەکەی پێـوانە بـۆ نمـوونە یەکەی پێوانە بۆ بەکارهێنانی ئاوی رووبارەکان چییە، بۆ بیرەکان چییە بۆ مەسەلەی کشتوکاڵ چییە بـۆ

کارگەکــان چیــیە، روون نەکــراوەتەوە و مــن پشــتیوانی لە قســەکانی ســەرچنار خــان دەکەم پشـتیوانی لە قسـەکانی مژدەخـان دەکەم، بـۆ ئەوەی کە ئەم دوو بـڕگەیە لاببرێـت ئەگەر گـرنگە یەعنی کۆی باسـەکە ئەوەیە کە ئـێمە سـەرچاوەکانی ئاومـان هەیە وەلە بەرامـبەردا بە فیـرۆدان نەدرێت، بەڵام بەکار هێنـانی ئـاوی رووبارەکـان بیرەکـان سـەرچاوەکانی ئـاو ئەم یەکە پێـوانەیە چیـیە کە ئەمە دیـاری دەکـات تـاوەکو ئێسـتا نیمـانە و مـن بە زەرووری دەزانـم کە یاسـایەکمان هەبێت بەتایبەتی بۆ یەکەی پێوانەی بەکارهێناوی ئاو، بەڵام بەم شێوازەیە لێرەیەهاتووە دیسان تووشی ئەو کێشەیەمان دەکات کە وەزارەتـی شـارەوانی بە رێنمـایەك جێبەجـێ کـردووە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو حسیبە خان.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ماددەی یەك پێشنیاردەکەم بڕگەی دووەم ئەنجـومەن بخـرێتە دوای وەزارەت و بەم شـێوەیە لێبکرێت بخرێتە دوای وەزیر ئەنجومەنیش بەم شێوەیە لێبیکرێـت، ئەنجـومەنی بەرێـوەبردن و پاراستنی ئاو لە هەرێم و بۆ بڕگەی حەوت پشتگیری دکتۆر زێـدان دەکەم بەوەی بکرێـت بە دوو خاڵ و، چونکە پابەند یەعنی پەیوەستییەکی زۆریان هەیە لەگەڵ سەرچاوەکانی ئاو تا هاوکـاری دەبێت لە بڕگەی نۆ دیسان پشتگیری دکتۆر زێدان دەکەم، لە بڕگەی دوازدە کۆگا کردنـی ئـاو بەم شـێوەیە لێبکرێـت تەواوی ئەو سـەرچاوییە ئاوییەکـانی سـەر زەوی دەگـرێتەوە، بـڕگەی شـازدە پاشماوە بەم شێوەیە لێبکرێت هەر ماددەیەکی رەق شل گازی کیمیاوی بایلۆجی و تیشکدار یـان گەرم کراو کە دەبێتە هۆی پیس بـوون و تێـك چـوونی جـۆری ئـاو یـان کەم کـردنەوەی سـوودی بەکـار هێنـانی، بـڕگەی (١٨) پـیس بـوونی ئـاو هەر گۆڕانکـارییەکە کە راسـتەوخۆ وناراسـتەوخۆ دەبێتە هۆی گۆڕینی خەسڵەت و پێکهاتە بنەڕەتییەکانی ئاو دەگرێتەوە بە جۆرێك زیان بە ژیانی مرۆڤ زیندەوەرانی ژینگە بگەیەنێت، بڕگەی (٢٠) سـوودمەندان ئەو لایەن و کەسـانە دەگـرێتەوە کە مافی بەکارهێنانی ئاویان هەیە بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە، بڕگەی (٢١) بە فیرۆدانی ئـاو زیاد بەکارهێنان، یەعنی بەم شێوەیە لێبکرێت زیاد بەکار هێنانی سەرچاوەکانی ئاو بە ئەنقەست بێت یان لە ئەنجامی کەم تەرخەمی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەخێرهاتنەوەی کاك یاسین دەکەیـن فەرمـوون لێـژنەی تایبەتمەنـد، کـاك شـوان بوەسـتە لەنـجە خانیش ماوە بەس ناوەکە نەنووسراوە فەرموو لەنجە خان.

**بەڕێز لەنجە ابراهیم عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەس نـازانم کێشـەیەك لێـرە هەیە زۆرجارکیشـەیەك هەیە نەك دائـیمەن، تەبـعەن لەبەر ئەوەی بەشـێکی بـاش لە بەرێـوەبردنی ئـاو لە ئەسـتۆی وەزارەتـی شـارەوانییە، بـۆیە پشـتگیری لە پێشنیارەکەی دکتۆر صباح و کـاك شـاخوان دەکەم کە وەزارەتـی شـارەوانی لـۆی زیـاد بکرێـت و

هەروەها پشتگیری لە رای دکتۆرە گلاوێژ دەکەم لە بۆ ئەوەی کەوا یەعنی پاشماوە بایلۆجی و فیزیاکان باشترە لەو تەوزیحەی درایە، زۆر سوپاس.

**بەرێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك یاسین فەرموو.

**بەرێز یاسین خضر طە:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله بەرێز سەرۆکی پەرلەمان ئەمن لەسەر ماددەی (١٣، ١٤) دیارە ئێمە لە لیژنەی کشتوکاڵیش قسەمان کرد کە ئەگەر ئێمە بمانەوێت کشتوکاڵ پەرە پێبدەین زیاد بکەن، نابێت ئێمە بێن سەعاتی ئاویان بۆی دابنێین یەعنی حەق وایە ئەو ماددەیە لاچێت (١٣، ١٤) پشتگیری لە سەرچنارخان و مژدەخان و کاك دابان دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەرێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی تایبەتمەند کاك شوان کاك عبدالستار فەرموون کامتان قسەدەکەن.

**بەرێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله سەبارەت بە زیاد کردنی ناوی وەزارەتی شارەوانی کە دکتۆر صباح باسی کرد ئێمەش پشتگیرین، خۆی بەشێکی گرنگە لەم پرۆژە یاسایە، بەڵام هەر ئەو نییە یەعنی دەستەی ژینگەش ئەویش تەبعەن هەر ئەندامە لەو ئەنجومەنە و وەزارەتی پلاندان و یەك دوو وەزارەتی دیکەش ئەندامن، بەڵام نووسراوە لە ماددەی (٨) دوایی باسی دەکەین کە مافی دەنگ دانیان نییە دەنا ئەندامن، کاك رزگار باسی سزاکانی کرد سزاکان هەیە لە ماددەی (٢٠، ٢١) هەیە باسی سزاکان کراوە کاك دکتۆر محی الدین ئەمن پێم وایە رەئیەکەی جوانە ئەنجومەنی ئاو نوقستانییەکی هەیە هەر بکرێ، یاسایەکەش وایە ئەنجومەنی بەرێوەبردن و پاراستنی ئاوە، کاك هیڤیدار ئاوی ژێر زەوی چەند مەتر بێت خۆی راستە دەبێت دیاری بکرێت، بەڵام ئاوی ژێر زەوی بۆ مەعلوماتی هەموو لایەکتان لە کوردستاندا جیاوازە، یەعنی ئەگەر بیکەیە زۆن زۆن دەنا شوێن هەیە بە (٣٠٠) مەتر ئەوجا دەگاتە ئاوی ژێر زەوی، شوێن هەیە بە (٨٠) مەتر دەگاتە ئاوی ژێر زەوی دەبێت هەمووی جیاکەیەوە، بەراستی هەرچەند بۆ ئەوەی بیزانن هەموو لایەك بیزانن بەراستیش ئێمە ئاوی ژێر زەوی ئێجگار ئێجگار زۆر دابەزیوە، یەعنی لەم سێ چوار ساڵە بۆ زانیاریتان زیاتر لە (١٠٠) مەتر ئاوی ژێر زەوی دابەزیوە، لەبەر ئەوەی یەعنی شوێن هەیە بە (٣٠٠) مەتر بە (٤٠٠) مەتر ئەوجا دەگاتە ئاوی ژێر زەوی کە بەراستی کارەساتە، لەبەرئەوەی بەفر و باران کەم بووە و ئاوی ژێر زەوی زۆر بەکار هاتووە بە یاسایی و بە نایاسایی دەسەڵاتی بیر لێدان، خۆی راستە کاك هیڤیدار لە هەندێ وڵات سەرۆکی وڵات واژووی دەکات بە تایبەتی ئەوانەی کە کێشەی ئاویان هەیە، بەڵام لەم وڵاتەی ئێمە کێشە ئەوەیە پروتینیات گەلەك زۆرە، ئەمن زۆر بە دوای ئەو قەزیانەدا چوویمە مەسەلەن جوتیاری وا هەبووە زۆر پێویستی پێی هەبووە، جوتیارێکی نموونەی بووە بڕوا بکە هەشت مانگ نۆ مانگی پێی چووە و وەڵامی کیتابەکە نەدراوەتەوە کە موافقەی بیری بۆ بکەن، چونکە ئێستا دەسەلاتی گەرایتەوە ئەنجومەنی وەزیران، ئێستا حالیەن بە یاسا نە بە بڕیار گوتیان کۆگاکانی نازانم والله وابزانم، پێم وابێ مژدە خان بۆ گوتی کۆگاکان

چی دەگرێتەوە کۆگاکان تەبعەن ئێمە بەنداو کۆگاکانمان هەیە، بەنداوەکان ئەوە جیایە کۆگا هەر شوێنێکە کە ئاوی لێ کۆ دەکرێتەوە جا حەوز بێت یان لە کوردەواری خۆمان پێ دەگوترێت ئەستێرە، ئەستێرەمان هەبووە لە کاتی خۆی یان هەر شوێنێکی دیکە گۆم بێت مەسەلەن گۆماوبێت پێ دەگوترێت پوند یان پوندمان هەیە کە غەیری بەنداوە لە بەنداو گجکەترە بەربەرستی خاکی پێی دەگوترێت، ئەوانە کۆگاکانی ئاوی پێ دەگوترێت پێوەری ئاو، والله من کاك یاسین لێرە نەماوە بەنسبەت پێوەری ئاو ئێمە لیژنەی کشتوکاڵ لێرانەیەن هەموومان سەرۆکایەتییەکەی لێرەیەو ئەندامەکانیش لێرەن، ئێمە بەراستی رەئیمان نییە پێوەری ئاو دابنرێت بۆ کەرتی کشتوکاڵ بەو مانایەی بێ و بەراستی دەست و پێی ببەستی و ئەوەی کە ئێستا دانراوە ئەم هەموو قیرانە لەسەر جوتیارە پەینی پێ ناکرێت، مەسەلەن گەنم پارەی بۆ ناکات گەنمەکەی بە سەروبەرنایێت لەو سەریشەوە بێ مەسەلەن پارەیەکی زۆری ئاو لێی بستێنی، بەراستی هەمووی قەیرانە هەمووی بار گرانییە، ئێمە وەکو لیژنە رای خۆمان وابووە بەراستی پێوەر بە مانای کە پارە لێوەرگرتن بۆ کەرتی کشتوکاڵ بۆ بەرەو پێش بردنی دابنرێت، ئێمە لەگەڵ نین بەراستی، بەڵام ئەوە دیارە رەنگە لیژنەو شارەوانی شوێنی دیکە لەگەڵی بووبێت، ئەوەی کە مامۆستا عمر باسی کرد ئەوە بامن عەرزتان کەم والله ئێمە لە وەکو لیژنە زۆربەمان من نالێم هەمووشمان وەکو لیژنە زۆربەمان لەگەڵ ئەوەین ئەوە بووین یان رەئی هەبوو وەزارەتێکی سەربەخۆ بێت چونکە کاك دکتۆر ریبَواریش باسی کرد قەزییەی ئاو قەزیەیێکی گرنگە لە زۆر وڵات ئاو وەزارەتێکی سەربەخۆیە، ئێستا لە عێراق بەنداوەکان وەزارەتێکی سەربەخۆیە جیا لە وەزارەتی کشتوکاڵ، بۆیە بەراستی ئێمە پێمان باش بوو هەندێکمان لە وەزارەتی سەربەخۆ بین بۆ گرنگیدان بە ئاو وقەزیەی ئاو، بەڵام دوای زۆربەمان هاتینە سەر ئەوە کە بە دەستەیەکی سەربەخۆ بێت، چونکە تەماشاکەن ئێستا ئەگەر لە ماددەی هەشت هەیە دەیگەینێ دوای تبعەن هەموو ئەو ئەوانە بەشدارن لەم ئەنجومەنە، مەسەلەن بریکاری وەزارەت بۆ کاروباری سەرچاوەکانی ئاو سەرۆکی دەستەی پاراستن وچاککردنی ژینگە بەرێوەبەری گشتی ئاو ئاوەرۆ وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار بەرێوەبەری سەرچاوەکانی ئاو، بەرێوەبەری گشتی بەنداوەکانی کۆگاکانی ئاو بەرێوەبەری گشتی توێژینەوە لە وەزارەت، بەرێوەبەری گشتی باغداری و پاوان دارستان لە وەزارەت دوای هەندێك لە وەزارەتی دیکە بەشداردەبن، مەسەلەن مافی دەنگ دانیان نییە پێم وایە کە بەشدار دەبن بۆ مافی دەنگ دانیان نەبێت دیارە مەعنین لە قەزییەکە، وەزارەتی پلان دانان وەزارەتی کارەباری هەرێم وەزارەتی ناوخۆی هەرێم و وەزارەتی تەندروستی ئەوانە نابێت ئەندامەکەیان پلەی لە بەرێوەبەری گشتی کەمتر بێت، کەواتە ئەو قەزییە قەزییەکی زۆر گرنگە وەکو باسکرا، یەعنی هەموو باس دەکەن دەڵێن کاکە لە داهاتوودا ئێستاش شەرە شەری ئاو مەرج نییە بە تۆپ و تەیارە بێت کاکە کێشەت بۆ دروست دەکات کاکە بەنداو لەسەر ئاوەکانی هەرێمی کوردستان دروست کراوە لە ایران و ترکیا خۆی ئاوەکە تەقریبەن ووشك بووە بە تەکلیف و بەشەر و بە دنکە دنك هەتاکو ایران توزێك ئاوت بۆ بەردەداتەوە، بەراستی ئەوە وەزع نییە تێدا ین، من پێم وایە وەکو قەناعەتی خۆم بە لایەنی کەمەوە دەستەیەکی سەربەخۆ بێ ئەوانە کۆبکاتەوە و بەشێوەیەکی رێك و پێك ئاو بەرێوەی بەرێ و بیپارێزێ و ئاراستەیەکی رێك و پێك بکات، با سەر بە

ئەنجومەنی وەزیرانیش بێت ئەگەر باسی ئەوەش دەکرێت لەم قەزیەدا باسی یەعنی بارگرانی دەکەوێتە سەر حکومەت، یەعنی بارگرانییەکی ئەوتۆ نییە، چونکە ئەمانە ئێستا بۆ بخوێنمەوە هەموویان بڕوا بکە هەیە بەقەدەر وەزارەتێك ئیمکانیاتی هەیە سەرچاوەکانی ئاو بەنداو کۆگاکانی ئاو مەسەلەن دەستەی ژینگە ئێ هەموو شتی خۆیان هەیە سەیارەیان هەیە بینایاتیان هەیە فەرمانبەری زۆریان هەیە، مەسەلەن ئیمکانیات یان هەیە بوودجەی خۆیانیان هەیە، بۆیە من پێم وایە هیچ بارگرانییەك نابێت، بەراستی لەوانەیە بلێین زۆر زۆر کەم دەبێت بە کەمە پارەیەك دەتوانین یەك دەستەی زۆر باش دروست بکەین و بەشێوەیەکی رێك وپێك ئەم ئاوی هەرێمی کوردستانە کە زۆر بەراستی مەترسیدارە و وەزعەکەی دەستی پێوەبگرین بە شێوەیەکی رێك و پێك، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس کاك عبدالستار تکایە لێژنەی تایبەتمەند توزێك ئاگاتان لە وەخت بێت کاك شوان فەرمووو .

**بەڕێز شوان کریم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆربەی قسەکان کاك عبدالستار کردی ئێمەی دوای ئەوەی کە بابلێین لەگەڵ وەزارەتی شارەوانی و وەزارەتی کشتوکاڵ بە ئامادەبوونی هەردوو لێژنەی شارەوانی و کشتوکاڵ کۆبوونەوەیەکی زیاتر لە دوو ساعەت و نیو ئێمە دانیشتین، ئێمە هەموو لامان رامان وابوو کە ئەگەر بکرێت دەستەیەك بێت ئەو بابەتی ئاو بەرێوە بباتن، بەڵام دیارە لەبەر قەیرانی دارایی و لەبەرئەوەی بوعدی مالی دروست دەکاتن هەردوو وەزارەت رەئییان وانەبوو پێیان وابوو کە دەستەیەك ئەنجومەنێك دروست بکرێت لە نێوان هەردوو وەزارەت، ئێمەش گوتمان لاریمان نییە ئەو کاتە ئێوە چۆن رێك ئەکەون، ئێمە وابۆتان ئەڕوێنین بابەتەکە، بەڵام بابەتی ئەو سێ بەرێوەبەرە گشتییەی کە لەناو لێژنەکان ئامادەن لە وەزارەتی ناوخۆ وەزارەتی کارەبا و وەزارەتی پلاندانان، منیش پێم وایە ئەوانە ئەگەر ئامادەبن پێویستە دەنگیشیان هەبێت لەکاتی دەنگدان ناو ئەنجومەنەکە، سەبارەت بە پێوەری ئاوەکە کاك دابان باسی کرد لە ماددەکانی داهاتوو باس دەکاتن کە دیاری کردنی نرخ و پێوەری ئاو ئەوە لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی وەزیرانە بە رێنمایی دەریدەکاتن لە ماددەکانی داهاتوو دەگەینە سەری لە دەسەڵاتی ئەنجومەنەکە نییە دیاری بکات کە کێ پێوەر دابنێ یان دیاری نرخ بکاتن، جگە لەو پێوەرانەی کە ئێستا لە ناو شارەکان هەنەو ئاوی خواردنەوەی لێی بەکار دێتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو کاك لقمان.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بابەتێك من دەمەوێت ئاماژەی پێ بکەم، کاك شوان ئاماژەی پێدا کە ئێمە وەکو لێژنەی تایبەتمەندییەکان لێژنەی یاسایش لەگەڵ هەردوو وەزارەت کۆبووینەوە، سەرئەنجام ئەو تێڕوانینە جیاوازانەی لە نێوان وەزارەتی شارەوانی و وەزارەتی کشتوکاڵ هەبوو یەکمانخست

بەوەی کەوا ئەو ئەنجـومەنەی کە پێـك هـات بەڕێـوەبەری گشـتی ئـاو و ئـاوەڕۆ لە وەزارەتـی شارەوانی بۆ ئەندام لە لیژنەی بەڕێوەبردن و پاراستنی ئاو و راستیەکەشی بۆ ئێمە ئەزموونمـان هەیە لە قانوونی تر کە فەقەرە ماددەمـان جێگیرکـردووە کە سێ وەزارەت رێمـایی دەرکە،ن بـۆ ئاگاداریتان ئێمە قانوونی رێنمـایی بازرگانیمـان دەرکـرد کە پێویسـت بـوو وەزارەتـی شـارەوانی وەزارەتی بازرگانی وەزارەتی رۆشـنبیری بە یەکەوە رێنمـایی پێویسـت دەرکەن، بـۆ ئاگاداریتـان تائێستا ئـێمە زیـاتر لە دە جـار زیـاتر بەدواداچوونمـان کـردووە تـاوەکو ئێسـتا هەرسـێ وەزارەت کۆنـابنەوە بەیەکەوە، ناسـازێن بەیەکەوە، رێنمـایی پێویسـت دەرکەن بـۆ قـانوونی ریکلامـی بازرگـانی، بـۆیە ئەم بـابەتە رەنـگە وەزارەت هەبێـت بەلـێ تـایبەت رۆشـنبیری دەری کـردووە، سەربەخۆ دەری کردووە، بەڵام ئێمە مەبەستمان ئەوە بوو راست دەکات سەلما خان مەبەستمان ئەوە بوو بە هەماهەنگی بە یەکەوە دەریکەن، نەك هەر وەزارەتێك رێنمـایی تـایبەت دەرکـات کە رەنگە تەزاروب دروست کات، بۆیە ئەمە بـۆ ئاسـان جێبەجـێ کردنـی ئەم یاسـایە کە یاسـایەکی یەکجار گرنگە لە رابردوودا پلانێکی ستراتیجی دوور مەودا بۆ پاراستنی ئاو نەبـووە لە هەرێمـی کوردسـتان ئەوی هەش بـووە ناوەراسـت و خـوارووی عێـراق سـوودی لـێ بینیـوە، بـۆیە ئەم ئەنجــومەن لە چوارچێــوەی ئەو وەزارەتــی کشــتوکاڵی کە رێکەوتــین لەســەر بەرەزامەنــدی ئەنجـومەنی وەزیـران ئاسـانکارترین باشـترین بـابلێن ئـالەتە میکـانزمە بـۆ جێبەجـێ کردنـی ئەم یاسایە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان**

ماددەی دوو بەرێزان فەرموون، فەرموو کاك دابان نوقتە نیزامییەکە چییە.

**بەڕێز دابان محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی ماددەی (٥٦) ئەمە بەریەککەوتنی هەیە لەگەڵ رێنماییەکی وەزارەتی شارەوانی، هیوادارم کاك عبدالسـتار دانیشـتووە گـوێ لە قسـەکان بگرێـت، چـونکە ئەمە پەیوەنـدی بە لیژنەکەیـانەوە هەیە زۆر زۆر بابەتێکی گرنگە بەڕێزیان وتی ئێمە لەگەڵ ئەوە نین بۆ کەرتی کشتوکاڵ و کەرتـی سیاحە یەکەی پێوانە دابنرێت، تەمەنا سیاحە چییە کاك عبدالستار کە سیاحە کابرا شوێنی ئەمە یەکەم خاڵە لە مـاددەی شـەش دەلێـت خـواردنەوەو بەکـاربردنی بـۆ پێویسـتی خزمەتگـوزارییە ئەمەی شـارەوانییە، ئەمە پەیوەنـدی بە بەرێـوەبەری گشـتی ئـاو و ئـاوەرۆە هەیە، دووەم باسـی سامانی ماسی دەکـات چـۆن یەکەی پێـوانەی بـۆ حەوزی ماسـی دادەنێـی یـان بـۆ نمـوونە کـابرا شوێنێکی بـۆ سـیاحی هەیە بەسـەر ئەحمـاواو چـۆن یەکەی پێـوانەی بـۆی دادەنێـی، مـن لەگەڵ ئەوەدام کە بڕگەی (١٣، ١٤) لە مـاددەی یەك هەڵبگرێـت بەرێـز سـەرۆکی پەرلەمـان، چـونکە ئەمە یاسایی نییە یەکەی پێوانەی لە هەرێمی کوردستان هەیە، چونکە ئەمە یاسای نییە نا یاسـایە کە دانراوە چۆن ئێستا یاسایەکی تر ئیعتمـاد دەکـاتە سـەر ئەو یەکەی پێـوانەی کە هەیە، دوو ئەگەر وابێت کەرتی سیاحە کەرتی کشتوکاڵ سامانی ماسی هەمووی ئیفلاس دەکات، کابرا بەسەر ئاوە کەوەیە کشتوکاڵەکەی زەرەر دەکات ئێستا چۆن چ پێوەرێك هەیە کە ئەم یەکەی پێوانەی ئەژمار کات و تۆ پارە لەمانە وەربگری، ئەمە بابەتێکی زۆر زۆر هەستیارە زۆر مەترسیدارە زیـاد لە پێـنج

ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان داوایـانکردووە ئەم یەکەی پێـوانەیە یـان یاسـایەکی بـۆی دەربکرێـت یان لابرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان**

تەواو پێشنیارەکانتان، بەڕێزان تەواو ماددەی دوو بەڕێزان.

**بەڕێز ازاد اکرام بهرام:**

**بەڕێز/ سەرۆکی پەرلەمان.**

ئامانج لەم یاسایە بریتییە لە یەکەم بەڕێوەبردن و سەرچاوەکانی ئاوی هەرێم بۆ گەیشـتن بە باشترین شێوازی بەکاربردن، دووەم بووژاندنەوەی سەرچاوەکانی ئاو دیاری کردنی بـڕو جـۆری بەکاربردنی بەمەبەستی بەدیهێنانی ئاسایشی ئاو پاراستنی مافەکانی نەوەکانی داهاتوو، سێیەم رەچاو کردن و چەسپانکردنی مـافی هەرێـم لە ئـاوە هاوبەشـەکانی لەگەڵ حکـومەتی فیـدرال و وڵاتانی دراوسێ بۆ دەستەبەری بەرژەوەندییە باڵاکانی هەرێم بە جۆرێك لەگەڵ پێـوەرو یاسـای نێودەولەتییەکـــان بگونجێـــت، چـــوارەم بەردەوامـــی هەمـــاهەنگی پەیوەنـــدی و گـــۆڕینەوەی زانیارییەکان بۆ گەیشتن بە رێکەوتنی دادپەروەرانە ئاراسـتەی دابەش کردنـی بـڕو جـۆری ئـاوی رۆیشتوو هاتوو هەرێـم، پێـنجەم چارەسـەکردنی سـەرچاوە ئـاوە پیسـبووەکان و گرنیگیـدان بە پاراستنی ژینگە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڵێ هەر بەڕێزێك دەیەوێت لەسەر ماددەی دوو گفتوگۆ بکـات بـا ناوەکـان تۆمـار بکەین، بەڵێ بەڕێزان ئەوانەی دەیانەوێـت لەسـەر مـاددەی دوو گفتوگـۆ بـکەن، بـدریە اسـماعیل محمود، مەم اسکندر مەم، ابوبکر عمر عبدالله، اسماعیل علی طە، گولسـتان سـعید حمـد، عثمـان علی سمایل، رێبـوار عبـدالرحیم عبـدالله، چیـا حمیـد شـریف، ظـاهر محمـد علـی، حسـیبە سـعید ابراهیم، لەنجە ابرهیم عبـدالرحمن، جـلال محمـد عبـدالله، هیڤیداراحمـد سـلیمان، رزگـار محمـد محمود، روبینە اویملك عزیز، نزار ملا عبدالغفار، پێشەوا طاهر مصطفی، بدریە خان فەرموو.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی دوو ئامانجی ئەم یاسایە بریتییە لە بڕگەی یەکەم بەڕێوەبردن و پاراسـتنی سـەرچاوەکانی ئـاوی هەرێـم بـۆ گەیشـتن بە باشـترین شـێوازی بەکـاربردن، تەبـعەن وەکـو لە پێناسەکەدا لە نـاو نیشـانەکەدا باسـم کـرد، پاراسـتن پـێش بەڕێـوەبردن بخرێـت، ئـاو پارێزگـاری لێبکرێت پاشان رێکارییە ئیدارییەکان بەڕێـوەبردن ئەنجـام بـدرێت، پـێم باشـە پارسـتن بخـرێتە پێش بەڕێوەبردنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز عثمان علی سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دوو بڕگەی یەکەم بەڕێوەبردن و کۆکردنەوەو پاراستنی سەرچاوەکانی ئـاوی هەرێـم بـۆ گەیشتن بە باشترین شێوازی بەکاربردن، مەبەستم لەوەیە لێرەوە بەڕێوەبردن کۆگاکردنەوەکەی بـۆی زیـاد بکرێـت لێـرەدا، لەبەرئەوەی ئامانجەکـان زۆر گـرنگە ئەوەش ئامـانجێکی سـەرەکییە وهەروەها بڕگەی پێنجەم چارەسەرکردنی سەرچاوە ئاوە پیسـبووەکان و بزربووەکـان بـۆی زیـاد

بکرێت لەو بەینەدا گرنگی دان بە پاراستنی ژینگە، لەبەر ئەوە ئێمە ئاوێکی زۆر زۆرمان هەیە بزرکراوە لە زەمانی رژێمدا دیارە ئەو گوندانە و شارو شارۆچکەکان وێران کراون، ئەو ئاوانەی کە بزرکراون هەوڵ بدرێت ئەو ئاوانە بدۆزرێنەوە جارێکی تر سوودیان لێ وەربگیرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك چیا.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکێ پەرلەمانی.**

من دوو تێبینیم هەبین تێبینیامن یا ئێکی سەر خالا ئێکەم بۆ بەرێوەبردن و پاراستنی سەرچاوەکان رێکخستن و دابەشکردنی ئاو دەبێتە زێدەکردنی، چونکی دابەشکردنا بابەتەکێ هەرەگرنگە دناڤ ئاڤێدا خالا دووێژی من ڤیا خالەکدی لێبێتە زێدەکرن مەسەلەن ڤێرێ خالا سێی رەچاوکردن و چەسپاندنی مافی هەرێمە بەس من ڤێت خالەکادی لێی بێتە زێدەکرنێ پشتی خالا سێیەم خالا چارێ بێت ڤی شێوازی هەولدان بۆ کۆ هەرێما کوردستانێ ببێتە ئەندامەکێ نیڤ دەولەتی بۆ پاراستنا ئاڤێ لێ نیڤ دەولەتی چونکە سەرچاڤێت ئاڤا هەرێمی ژێ ترکی و ایرانێ نە ئەڤ دوو دەولەتە وێجا هەر وەسا هەمیجارا مافێ هەرێما کوردستانێ بن پێ دکەن و، زۆر سوپاس .

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو لەنجە خان.

**بەڕێز لەنجە ابرهیم عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاو ئەمانەتە دەبێت لەسەر ئەو بنەمایە مامەڵە لەگەڵ ئاو بکرێت تەنها لۆ پاراستنی تەنها لۆ خاوێنی بەکارهێنان و ژینگە نییە، بەڵکو بۆ مانەوە و بەردەوامییە بۆ نەوەکانی داهاتوومان، بۆیە پێشنیار دەکەم لە خاڵی یەکەم لە کۆتایی کەی وا بەردەوامی لە مانەوەی جگە لەوەی کە دەڵێت بۆ گەیشتن بە باشترین شێوازی بەکاربردن ئەو برەی لۆ برگەیەی لۆی زیاد بکرێت و بەردەوامی لە مانەوەی وەلە خاڵی سێیەم کە دەڵێتن لە کۆتاییەکەی بەجۆرێك لەگەڵ پێوەرو یاسا نێودەوڵەتییەکاندا بگۆنجێت، پێشنیار دەکەم ببێتە لەسەر بنەمای بڕیارو یاسا نێودەوڵەتییەکانی پەیوەست بە پرسی ئاو مامەڵە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك پێشەوا.

**بەڕێز پێشەوا طاهر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبارەی ماددەی دوو ئامانجەکان پێم وایە تەواوی هەر تەواوی ماددەکە هەڵبگیرێت، لەبەرئەوەی کە ئەتوانرێت لە هۆیەکانی دەرچوواندندا ئەو خاڵانە ئەگەر پوخت بکرێن و کورت بکرێنەوە جێی بکرێتەوە، من نازانم بۆچی لێرە ئامانج نووسراوە و دوایش لە کۆتایی هۆیەکانی دەرچوواندن دەنووسرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو روبینە خان.

**بەڕێز روبینە اویملك عزیز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

نسبەت   ماددا دووی پێنچ پێشنیار هەیە، من پێ باشە پێنجەم و یەكەم بێتە دەمج كرن وەكو بەڕێوەبردن و سەرچاوەكانی ئاو پیسبووەكان گرنگیدان بە پاراستنی ژینگەی هەرێم بۆ گەیشتن بە باشترین شێوازی بەكاربردن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك مەم قانع.

**بەڕێز مەم برهان قانع:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیاز دەكەم بڕگەی یەكەم لەگەڵ بڕگەی پێنجەم لێك بدرێت بەم شێوەیە بەرێوەبردن و پاراستنی سەرچاوەكانی ئاوی هەرێم بۆ گەیشتن بە باشترین شێوازی بەكارهێنان و پاراستنی ژینگە، واتە لێرە ئیتر بڕگەی پێنجەم بسرێتەوە و هەروەها پێشنیاز دەكەم بڕگەی چوارەمیش لاببرێت لە ئامانجەكانە، چونكە تەحسیل حاسلە لە بڕگەی سێیەمدا هەمان ئەو شتانەی سێیەمە هاتووە لە چوارەمە شێوەیەك لە شێوەكان جەختی لەسەر كراوەتەوەو بە زیادەی ئەزانم و لاببرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك ابوبكر.

**بەڕێز ابوبكر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من دوو تێبینیم هەیە بڕگەی یەكەم بەكارهێنانی ئاو شێوازی بەكارهێنان، چونكە بەكاربردن ئیستهلال دەگەینێ، یەعنی لە زمانی یە عەربی بەرامبەر ووشەی ئیستهلالە بەكارهێنانی یان سوود لێوەرگرتنی ئەو دوو وشە یەكێكیان بڕگەی پێنجەمیش چارەسەكردنی سەرچاوە ئاوە پیسبووەكان گرنگیدان بە پاراستنی ژینگەو دووبارە خاوێن كردنەوەی ئاوی ئاوەڕۆ ئاوی ئاوەڕۆ لە وولاتانیشە ئەویش وەكو یەكێك لە سەرچاوەكانی ئاو تەماشا دەكرێت recycling بۆی دەكرێت خاوێن دەكرێتەوە، بۆیە سوود لەو سامانەش وەربگرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو گوڵستان خان.

**بەڕێز گولستان سعید حمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی دوو من تێبینیم تەنیا لەسەر بڕگەی یەكەمیان هەیە، پێم باشە بەم شێوەیە دابرژرێتەوە بەرێوەبردن و رێكخستن و پاراستنی سەرچاوەكانی ئاوی هەرێم بۆ گەیشتن بە باشترین شێوازی بەكارهێنان بەركاربردن لە هەر شوێنیك بەكارهات بۆ بەرایی بكرێتە بەكارهێنان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك جلال.

**بەڕێز جلال محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەراستی ئەمن پێش ئەوەی باسی ماددەی دوو خاڵی دووەم بکەم، پێم وایە تا کۆنترۆڵی ئاو نەکەین بە شێوەیەکی گشتی بیر لێدان ئێمە زۆر جار دەزانین لە هەموو شارو شارۆچکەکانی کوردستان شەوانە ئەو مەفرەزانەی دەردەچن لێناگەڕێن بیر لێبدرێت بیر هەڵکەندرێت، بەڵام لەهەمان کاتدا خەڵکێك هەیە بە پارە بیر لێدەداو ئەو سامانە نەتەوەییە بە بەلاش و عەلاش بەراستی بە فیڕۆ دەڕوا و کاك هیڤیدار گوتی ئەگەر بیر لێدان لە دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێم یان سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بێت ئەوکات کۆنترۆڵە، چونکە ئەو سامانە نەتەوەییە بەراستی بە فیڕۆ دەڕوات، خودای گەورە لە قورئانی پیرۆز دەفەرموویێت (وجعلنا من الماء كل شيء حي أفلا يؤسفون) یەعنی خوی ئەگەر ئاو ئەوەندە گرنگ نەبێت خودای گەورە بەم شێوازە لە قورئانی پیرۆز باسی ناکات، ئەوی تر هەموومان دەزانین دەیان مەزرەعە رۆژانە باشە چۆن کۆنترولّی ئەوان دەکرێت دەیان مەزرەعە دەیان مەسبەح هەمووشیان نە سەعاتی ئاوی هەیە ونە پێوەری هەیە بەراستی کۆنترولکردنی ئەوانە دەبێتە هۆی گەڕانەوەی ئەو سامانە، بۆیە من لە خاڵی دووەم پێشنیار دەکەم وای لێبیت سەرچاوەی بووژاندنەوەی سەرچاوەکانی ئاو دیاری کردنی بڕو جۆری بەکاربردنی بە مەبەستی بەدیهێنانی ئاسایشی ئاو پاراستنی مافی نەوەکانی داهاتوو سزادانی ئەوانەی رێز لەو سامانە نەتەوەییانە ناگرن بۆی زیاد بکرێت و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو حسیبە خان.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ئامانجەکان بڕگەی یەکەم پێشنیار دەکەم بەم شێوەیەی لێبکرێت، یەکەم بەڕێوەبردن و پاراستنی سەرچاوەکانی ئاوی هەرێم بۆ گەیشتن بە باشترین جۆری دەستە بەرکردن و بەکارهێنان، دووەم وشەی بایەخدان زیاد بکرێت لە پێش بووژاندنەوەی بایەخدان بە بووژاندنەوەی سەرچاوەکانی ئاو دیارکردنی بڕو جۆری بەکاربردن بکرێتە بەکارهێنان بەمەبەستی بەدیهێنانی ئاسایشی ئاو پاراستنی مافی نەوەکانی داهاتوو، بڕگەی چوارەم بەم شێوەیە لێبکرێت بەردەوام هەماهەنگی و گۆڕینەوەی زانیارییەکان هەتا کۆتاکەی وە بڕگەیەك زیاد بکرێت بەم شێوەیە بڕگەی شەشەم هاوسەنگی کردن لە نێوان خستنەڕوو بەکارهێنان لە پێناو بەهێزکردنی توانای سەرچاوە ئاوییەکان بە شێوازێکی زانستی و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك هێڤیدار.

**بەڕێز هێڤیدار احمد سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئامـانج لەم یاسـایە کە دەبێـت لە ئامـانجەکە باسـی سیاسـەتی ئـاو بـکەی، بـۆیە بەڕێـوەبردنی سیاسەت و پاراستنی سەرچاوەکانی ئاوی هەرێم بە ئامانج گەیشتنی بە باشترین شێواز، تەبعەن ئەمە یەکەمەکەیە شـێوازی بەکـاربردن لە سـەرچاوەکان و گەشـەکردن و چارەسـەرکردن و بەکارهێنانی دەبێت لێرەدا باسی سیاسەتی ئـاو بـکەی، چـونکە ئێستا گۆشارەکان زۆرن ئـاوی سەرزەوی سـاڵ بەسـاڵ نـودرە دەبێـت، بەڕێـز سـەرۆکی پەرلەمـان یەعنـی کەم دەبێـت ژمـارەی دانیشتوان زۆرە ٢٠٣٠ هەرێـم دەبێـتە (٧.٥٠٠.٠٠٠) کەس، عێـراق دەبێـتە (٥٠.٠٠٠.٠٠٠) کەس بـابەتی کشـتوکاڵ هەیە، گـۆڕانی کەش هەوا هەیە، بەکارهێنـانی ئـاوی ژێـر زەوی هەیە ئەمە دەبێـت لە سیاسەتەکەدا روون بکرێتەوە کە لەناو ئامانجەکاندا باس کراوە وە پێم باشە بڕگەی شەشەم لێی زیاد بکرێتن فرۆشتنی ئاو لە نەوت کەمتر نییە، بۆیە کە ئەو ئاوەی کە دەفرۆشرێتە پارچەکـانی تری عێراق کە ٧٠% زەوی عێراق ئێستا تەسەحر بووە لە ١٩٩٦ بۆ ٢٠١٩ نیوەی لەو سـەدەی دێـتە عێراق کەم بۆتەوە ئەو ئاوەی بە عێراق بفرۆشرێتن حکومەتی هەرێمی کوردستـان لە سیاسـەتی خۆیدا دابنرێت ئاوەکە و بەفیرۆ نەچێت بۆ عێراق، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك اسماعیل.

**بەڕێز اسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆکێ پەرلەمانی.**

دەست پێکێ ئەز پشتگیریا مامۆستا ابوبکری دکەم ژبلی ڤـێ هـێ دوو تێبینـی منێـت هەی، خـاڵا ئێکـێ یەکەم بێـژیتن بەرێـوەبردن بەری وێ رێکخسـتن کەڤیتـێ تەنـزیم و ئیـدارە رێکخسـتن و بەرێوەبردن وە ئەز دیسان پێشنیار دکەم خاڵەك یا شەشێ ئیزافە ببیت ڤێ رامانێ هۆشیارکرن و ئاراستەکرنا هاوڵاتیان بۆ کار ئینانا راست و درست بۆ ئاڤێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك ڕێبوار.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەماوەی ئەو خولە تەشریعی یان بڵێین فەسـڵی تەشـریعی موناقەشـەی خوێنـدنەوەی دووەم کە کراوە بۆ پڕۆژە یاسـاکان یـان بلـێین پێشـنیازە یاسـا، هەنـدێ پێشـنیازو پـڕۆژە هەبـووە ئامـانجی تێـدابووە هەنـدێکیش هەبـووە تێـدا نەبـووە، مـن بەش بەحـالی خـۆم مەبـدەئی یەن مـادەم هۆیەکـانی دەرچوانـدن هەیە ئـۆ رەدی ئامانجەکـانی دەبێـتە هـۆی دەرچووانـدن لەو روویـیەوە منیش پاڵپشتی قسەکانی کاك پێشەوا دەکەم یان هەڵبگرێت یـان ئەگەر هەر بمێنێـتەوە هەر ئەو بۆ ئیزافە بکرێ کە کرۆکی بابەتەکەیە، مەسەلە بڕگەیەك ئیزافە بکرێ بەبڕگەی خاڵی شەشەم بەو شێوەیەی لێبکرێت رێگری کردن لە سەر پێچیەکانی ئاو بە تایبەتی لە لێدانی بیر بەرێز سـەرۆکی پەرلەمان لێدانی بیـر بـابەتێکی زۆر زۆر گـرنگە ئەگەر لە هەمـوو بوارێکـا واسـتە هەبێـت ئومێـد دەکەم لە بواری بیر لێدانا با واستە ئیتر کۆتـایی پێـی بێـت مـن نموونەیەکتـان بـۆ دێـنمەوە هەر

مەسەلەی بەفیڕۆدانی ئاویش، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان من جارێك لە شوشتنگەیەکی ئۆتومبێل بۆم بابلێین غەسلی سەیارات خاوەنەکەی کەسێکی ئەجنەبی بوو ئاوەکە ئاوا بە فیرۆ دەچوو پرسیارم لێکرد بۆ وا ئاوەکە بە فیرۆ دەچێت ووتی واللهی بەم شێوەیە متابەعەمان ناکەن وەك کرێی ئاوەکەش کە دێتەوە کەمە، بۆیە حەقە لە شوێنی گشتی و شوێنی گەشتو گوزارەکان یان بازرگانییەکان کرێ کە زۆر بێت بەشێوەیەك بێت کە بتوانرێت رێگری بکرێت لە سەرپێچیەکا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك نزار.

**بەڕێز نزار ملا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خودا، تێبینی من لە ماددەی دوو لە خاڵی چوارەم سەبارەت بە بەردەوامی هەماهەنگی پەیوەندی و گۆڕینەوەی زانیارییەکان، ئێمە لێرە پێویستیمان بە خاڵێك هەیە زیادی کەین لە خاڵی شەشەم بۆ زامن کردنی ئاوی هەرێمی کوردستان جا چ بەو شێوەیە لێبکەین یان ئەم خاڵەی زیاد کەین بە بەردەوامی هەماهەنگی پەیوەندی و گۆڕینەوە زانیارییەکان بۆ زامن کردنی ئاوی هاتوو بۆ هەرێم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان**

لێژنەی تایبەتمەند بەکورتی ئەگەر شتێکتان هەیە فەرموون ئەگەر نا بچنە سەر ماددەی سێ، شێخ ظاهر فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دوو خاڵی سێیەم رەچاوکردن و چەسپاندنی مافی هەرێم لە ئاوە هاوبەشەکان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی و وڵاتانی دراوسێ بۆ دەستەبەری و بەرژەوەندی باڵاکانی هەرێم، پێم باشە لێرە بۆ دەستەبەری بەرژەوەندی باڵاکانی هەرێم بکرێتە بەرژەوەندی باڵاکانی هەرێم لە دابین کردنی ئاو بەشێوەیەك کە لەگەڵ یاساو پەیڕەوە نێودەوڵەتییەکان بگونجێت و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو خدیجە خان.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

باسی بابەتی ئامانج و هۆیەکانی دەرچوواندن کرا ئامانج و هۆیەکانی دەرچوواندن لەگەڵ یەکتر جیاوازە کە هۆیەکانی دەرچوواندن لەناو یاسادا، یەعنی چییە گرنگییەکەی لەوەیە کە فەلسەفەی موشەرح لە دانانی ئەم یاسایە دیاری دەکات، بەڵام کە بێینە سەر ئامانج بابەتەکە زیاتر بە تەفسیل تر باس دەکرێت دەمانەوێت بڵێین کە ئایا لێرەدا دەمانەوێت چ تشتێك چارەسەر بکەین، یەعنی چارەسەرەکان دەخرێتە روو پێچەوانەی هۆیەکانی دەرچوواندن کە فەلسەفەی موشەرحە لە دانانی ئەم یاسایەدا دیاری دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆكی پەرلەمان**

ماددەی سێ فەرمون بخوێنەوە.

**بەڕێز رزگار عیسی سوار:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (٣، ٤) زۆر كورتە بۆ ئەوەی پێكەوە نەخوێنمەوە، بۆ ئەوەی كات نەڕوا، بەشی دووەم پرەنسیبەكان ماددەی سێ ئاو سامانێكی نیشتمانی یە سەرچاوەكان بە مولكی گشتی دادەنرێت بە مۆڵەت و بەپێی حوكمەكانی ئەم یاسایە سوودیان لێی وەردەگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ هەر بەڕێزێك دەیەوێت لەسەر ماددەی سێ گفتوگۆ بكات با ناوەكان بنووسن. ئەو بەڕێزانەی ناویان تۆماركردووە لەسەر ماددەی سێ گفتوگۆ بكەن، سلمە فاتح توفیق، شایان كاكە صالح، ظاهر محمد علی، گولستان باقی سلێمان، جلال محمد عبداللە، لیزا فلك الدین صابر، عثمان كریم سوارە، علی حەمە صالح، فەرمووو كاك عثمان .

**بەڕێز عثمان كریم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بۆ دەوڵەمەندكردنی بابەتەكە و بەهۆی ئەوەی كە گەلی كورد سوپاس بۆ خوا ٩٥% موسلمانە، پێویستە بەراستی ئەو یاسایە هەماهەنگ بن لەگەڵ وەزارەتی ئەوقاف وكاروباری ئاینی، بۆ ئەوەی كە بتوانن مامۆستایانی ئایینیش لە مزگەوتەكان ئەو راسپاردانە بەراستی بە هاووڵاتیان رابگەینن كە كاتێك (پێغەمبەری خودا (ص) بەلای سعدی كوری ابو وەقاس دا دەڕوات دەست نوێژ دەگرێت فەرمووی (لاتسرف: فقال أو في الماء اسراف؟ قال: نعم وان كنت على نهرجار) فەرمووی لەدەست نوێژیش ئیسیراف هەیە فەرمووی بەڵێ ئەگەر لەسەر بەحریش بی نابێت لە سێ چەپك زیاتر ئاو بەچاوت دا بكەی، زۆر گرنگە ئەو بابەتە ئەوەی بۆی زیاد بكرێت سامانێكی گشتی یەو سپاردەیەكی شەرعییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو كاك علی.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من یەك دوو مولاحزەم هەیە لە ماددەی (٩) لە دەسەڵاتەكانی ئەنجومەن باسكراوە ئەویش ئەوەیە جێگیر بكرێت لە پلانێكی ستراتیژییە، پلانێك بەتایبەتی بۆ ئاوی ژێر زەوی دابنرێت، مەبەستم چییە لەم قسەیەی دەكەم تەنیا ئەگەر هەولێر وەرگرین لە ماوەی سێ ساڵە بیر لە (٤٠٠) مەترەوە گەیشتووە بە (٦٠٠) مەتر باشە، واتە ئاوی ژێر زەوی بەرەو لەناوچوون دەچێت، پرۆژەكانی نیشتەجێ بوون كە دەورێكی زۆر زۆرخراپیان هەبووە بەویستی خۆیان بەنییەتی ئاوی بەردەوام دەفرۆشن لە دەرەوەی ریقابەی حكومەت بەویستی خۆیان بیر لێدەدەن، ئاوی بەردەوام لە نەتیجە ئاوی ژێر زەوی بۆ نموونە لە هەولێرە ئیتر بەرەو نەمان دەچێت، یەعنی پلانێكی ستراتیژی حكومەت دابنرێت سەرپەرشتی و بەڕێوەبردنیش بكات، یەعنی هەر پرۆژەیەك بە ویستی خۆی نەبێت و هەمووی بكرێت بە یەك تۆڕی نیشتمانی ئاو نەك هەر

پڕۆژەیەك تۆری خۆی هەبێت گەرەکێ نەبێت، واتە پڕۆژەیەکی نیشتەجێ بوون ئاوی ژێر زەوی و بیرەکانی بە پێی قانوون مولْکی گشتییە ناکرێت پڕۆژەیەك بەویستی خۆی چەندی بوێت دەری بێنیت، بەڵام گەڕەکەکان بێ ئاو بن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو سلما خان.

**بەڕێز سلمە فاتح توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی سێ بە مۆڵەت و بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە ئەگەر مۆڵەتەکەی هیچ حوکمێکی تێدانیە، پێم وایە ئەو بەمۆڵەتە زیادە، چونکە کە دەڵێین بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە بەکار بێنین ئەوە بێگومان شێوازی مۆڵەت پێدان و مۆڵەت پێ نەدانیش روون کراوەتەوەو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو گوڵستان خان.

**بەڕێز گولستان باقی سلێمان:**

**بەڕێز سەرۆکێ پەرلەمانی.**

سەبارەت ماددێ سێی ماددێ ئێکدا پێناسا ئاڤێ سەر زەوی و ژێر زەڤی هاتییە، وابزانم پێناسا ئاڤێ ڤێرە یازێدەیە ئەڤ ماددە ببوچوونامن ئەگەر ئەڤ ماددە بێتە هەڵگرتن دێ باش بیتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك زاهر.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سێ ئاو سامانێکی نیشتمانییە سەرچاوەکانی بە مولْکی گشتی دادەنرێت، لێرە تەنها سەرچاوەکان بە مولْکی گشتی دانانرێت، بەڵکو ئاو بە شێوەیەکی گشتی بە مولْکی گشتی دادەنرێت، بۆیە پێشنیاز دەکەم وشەی سەرچاوەکان لابرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو لیزا خان.

**بەڕێز لیزا فلك الدین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە پێشنیارەکەی گوڵستان خان دەکەم بەوەی کە ئەگەر ئەم ماددەیە لێرە لابرێت، ئەگەر لانەبرا پێناسەکە کرا راستە ئاو سامانێکی نیشتمانییە، بەڵام پێش ئەوە ئاو سامانێکی سرووشتی نیشتمانییە، پێم باشە ووشەی سروشتی بۆ ئەم ماددەیە زیاد بکرێت لە پرەنسیبە گشتییەکان، واتە ئاو سامانێکی سرووشتی نیشتمانییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان**

بەڕێزان تەنها بۆ بیرهێنانەوە هەندێك لە ئێوەی بەڕێز كە پێشنیار دەكەن دوای ئەوەی پشتیوانی لێناكرێت، دوایی گلەیی دەكەن بۆ لەناو راپۆرتەكان نییە، بۆیە هەر بەڕێزێك پێشنیار دەكات دەبێت بە لای كەم دوو پشتگیری بێت جگە لەو بەڕێزەی دواكەس قسە دەكات، بۆیە تكاتان لێدەكەم كە پێشنیارێكتان هەیە بە هاوڕێیەكانتان پێشتر ناوتان تۆمار كەن، بۆ ئەوەی پشتگیری لێبكرێت تا بتوانرێت بۆ خوێندنەوەی سێیەم و دەنگدان پێشنیارەكانتان لەبەرچاو بگیرێ و دوایی گلەیی لەلێژنەی یاسایی نەكەن یان لە لێژنەی تایبەتمەند كە بۆ ئەو پێشنیارەتان لە ناو ئەو راپۆرتە نییە، فەرموو شایان خان.

**بەڕێز شایان كاكە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیار دەكەم لەسەری مەوزووعەكەی كە نووسرایەوە پرنسیبە گشتییەكان پرنسیبكرێت بە بنەما گشتییەكان، یەعنی با ووشەی كوردی بەكار بهێنین باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك جلال.

**بەڕێز جلال محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتگیری بەراستی گوڵستان خان و لیزا خان دەكەم، ماددەی سێ بەمن زیادە، چونكە پێناسەكە زۆر بە جوانی روونكراوەتەوە، ئەگەر لاش نەبردرا ئاوی ژێر زەوی ئاوی بیرەكان ئاوی ئیفراز هەمووی بكرێتە یەك تۆر وەكو كاك علی گوتی، بەراستی بۆ ئەوەی هەموو بەیەك شێواز دابەش بكرێت و سوودی لێ ببینێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەگەر سەرنجێكتان هەیە لێژنە، ئەگەر نا بچنە ماددەی چوار فەرموون.

**بەڕێز رزگار عیسی سوار:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی چوار: یەكەم: حكومەتی هەرێم بە هەماهەنگی لەگەڵ حكومەتی ئیتحادی بەشدار دەبیت لە یەكەم داڕشتنی سیاسەتی ناوخۆی ئاو

دووەم: دارشتنی سیاسەتی بەكار هێنانی سەرچاوەكانی ئاو لەگەڵ وڵاتانی دراوسێدا بە پێی پەیمان نامەو نەریتە نێودەوڵەتیەكان.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆكی پەرلەمان**

بەڵێ بەڕێزان ماددەی چوار هەر بەرێزێك دەیەوێت گفتوگۆ بكات با ناوەكان تۆمار بكەن، ئەو بەرێزانەی دەیانەوێت لەسەر ماددەی چوار قسە بكەن، بدریە اسماعیل محمود، ابوبكر عمر عبدالله، مژدە محمود محمد، لیزا فلك الدین صابر، رێبوار عبدالرحیم عبدالله، فەرموو كاك ابوبكر.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی چوار بڕگەی یەکەم ئەو داڕشتنە هەڵەیە بەرای من داڕشتنی سیاسەتی ناوخۆی ئاو داڕشتنی سیاسەتی ئاو لە هەرێم یان لە ناوخۆدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك ڕێبوار.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەست دەکەم ماددەی چوار بە تایبەتی بڕگەی دووەم کەی باس لە داڕشتنی سیاسەتی ئاو دەکات، ئەوە وەکو چۆن بڵێی بەشداری بکات لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ یان حکومەتی ئیتیحادی بۆ داڕشتنی سیاسەتی ئاو هەست دەکەم ڕێك لەگەڵ ماددەی (١١٠) بڕگە (٨) دەستووری عێراق ناگونجێت، لەبەر ئەوەی لە زمنی سەلاحیاتی حکومەتی ئیتیحادی داڕشتنی سیاسەتی ئاوە، بەتایبەتی لە ئیتفاقیاتی دەولی لەسەر ئاستی ناوچەکە، بۆیە بۆ ئەوەی کە ڕەت نەکرێتەوە ئەم یاسایە من بەش بەحاڵی خۆم پێم باشە هەرێمی کوردستان هەموو دەسەڵاتێکی هەبێت وبە یاسا چەسپێندرابێت، بەڵام ناکۆکییەك هەیە لەگەڵ دەستووری عێراق هەیە تکایە ڕەچاوی ئەو ماددەیە بکەن، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان**

بەڵێ بەڕێزان کاك دکتۆر لێرە باس لەوە کراوە کە بەشداردەبێت ناڵێت لایەنی سەرەکی داڕشتنەکە ئەبێت فەرقە فەرموون بە هەماهەنگیشە.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی چوار حکومەتی هەرێم بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی وشەی ئیتیحادی بکرێت بە فیدرالی بکرێت بەکوردی مادەم یاساکە بە کوردییە موستەلەحی عربی تێدا بەکار نەهێنرێت جوانترە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان**

مستەلەح مەبەستت زاراوەیە وانییە.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

و بڕگەی یەکەم لابرێت و بڕگەی دووەمیش ووشەی سامانی بۆی زیاد بکرێت بەم شێوەیە دارشتنی سیاسەتی بەکارهێنانی سەرچاوەکان بەکارهێنانی سامانی ئاو لەگەڵ ووڵاتانی دراوسێدا بە پێی پەیماننامە نەریتە نێو دەوڵەتییەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەماددەی چوار لەسەر حکومەتی هەرێم هەمان پێشنیاری مژدەخانم هەبوو، پشتگیری لێدەکەم بۆ بڕگەی یەکەم پشتگیری لە قسەکانی بەڕێز مامۆستا ابوبکر دەکەم زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو گوڵستان خان.

**بەڕێز گولستان سعید حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی چوار بڕگەی یەکەم پشتگیری لە راکەی مامۆستا ابوبکر دەکەم، سەبارەت بە داڕشتنی سیاسەتی ئاو لە ناوخۆی هەرێمی کوردستان، سەبارەت بە بڕگەی دووەمیش داڕشتنی سیاسەتی بەکارهێنانی ئاو لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ بەپێی پەیماننامەو نەریتە ناوخۆییەکان مەبەست نێو دەوڵەتییەکان نەریتی نێودەوڵەتی چییە، ئەگەر بکرێتە رێکەوتنامە ئەگەر روونکردنەوەیەکمان بدەنێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو لیزا خان.

**بەڕێز لیزا فلك الدین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داڕشتنی سیاسەتی ناوخۆی ئاو قەوارەیەك نییە تۆ سیاسەتی ناوخۆی بۆ داڕێژی، ئەو ئەندام پەرلەمانانەی کە باسیان لەوە کرد کە لە رووی داڕشتنەوە و لە رووی گەیاندنی پەیامەوە هەڵەیە بەرای منیش هەڵەیەو بەهەڵە دەخوێندرێتەوە، ئەبوایە باشتر وایە بنووسرێت داڕشتنی سیاسەتی ئاو لە ناوخۆی هەرێم، بۆیە پشتیوانی لە قسەکانی مامۆستا گوڵستان دەکەم سەرۆکی فراکسیونی گۆڕان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی تایبەتمەند ئەگەر سەرنجێکی پەلەتان هەیە فەرموون.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله چەند پەرلەمانتارێك بە تایبەتی کاك دکتۆر رێبوارو هەندێکیان سەبارەت بە سیاسەتی ئاو، بۆ زانیاریتان بەڵێ داڕشتنی سیاسەتی ئاو بە شێوەیەکی گشتی لە دەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵییە، بەڵام دەرکردنی یاسای ئاو و بەڕێوەبردنی ئاو پاراستنی ئاو سەلاحیەتی خۆمانە، لێرەش ئەگەر دیقەتان دابێتێ هەرێم بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی ئیتیحادی یان با بڵێین فیدارلی، فیدراڵی کوردی نییە بەشدار دەبێت لە دارشتنی سیاسەتی ناوخۆی ئاو، یەعنی زۆر ئاساییە مادەم بە هەماهەنگی بێت، چونکە حکومەتی فیدرالیش ئەویش بۆی نییە بە تەنیا یەعنی بەبێ هەرێم کە ئاوێك بۆ مەسەلەن نموونە لە ئێرانەوە دەرێژرێتەوە ناو هەرێمی کوردستان، لە تورکیاش ئاو دەرێژرێتەوە ناو هەرێمی کوردستان بەبێ ئێمە سیاسەتی ئاو پیادە بکات وە ئەو رای خۆی بڵێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان**

لیژنەی یاسایی کاك بژار فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـادده چـوار بـۆ مەسـەلەی ئـاو دوو بەشـە بەپێـی فەقەرەی (٨) لە مـادده (١١٠) لە دەسـەڵاتە حەسرییەکانی حکومەتی ئیتیحادی و هەروەها بڕگەی (٧) لە ماددەی (١١٤) دەسەڵاتی موشترەك لە نێوان حکومەتی ئیتیحادی و هەرێم و لە ئەنجامی ئەو کۆبوونەوەی لە ٢٠٢١/١١/٣٠ کە هەردوو لێژنە لەگەڵ شاندی هەردوو وەزارەتیش گفتوگۆی ئەوەمان دەکرد بە گرنگمان زانی مـوقەدیمەی ماددەکە بەم شـێوەیە لێبکرێـت، بـۆ ئەوەی هـیچ تـرس و مەوقفێکـی تەعـاروز لەگەڵ دەسـتوور دروست نەبێت و هەردوو شاندی وەزارەتیش ئاماژەیان پێدا بۆ مەسـەلەی ئەو بەشـەی لە زمنـی دەسـەڵاتی حەسـری حکـومەتی ئیتیحـادیە بـۆ پرسـی ئـاو لەسـەر ئاسـتی دەرەوە کە حکـومەتی هەرێم خۆی هەمـووی جارێـك نـوێنەری هەیە لەو لێـژنە لەگەڵ حکـومەتی ئیتیحـادی و بەشـدار دەبێت، بۆ ئەوەی دەسەڵاتی موشترەکیش کە ئەوە بەشەی ئاسـتی ئـاو لەسـەر ئاسـتی عێـراق و ناوخۆی دەسەڵاتی موشترەکە، پێمـان وایە ئەو مـاددەیە هـیچ کێشـەیەکی دەسـتووریمان نیـیە، چونکە زۆر تەئکیدمان کردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان**

کاك شوان ئەگەر ئیزافە هەیە فەرموون ماددەکە ماویەتی دەستت بەرزکرد وامزانی مولاحەزەت هەیە، رۆژان خان فەرموو مولاحەزەت هەبوو.

**بەڕێز رۆژان محمد کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ هەمان قسەکانی کاك بژارم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان**

خدیجە خان ئەگەر ئیزافەیەك هەیە فەرموو.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش ویستم هەر ئەو جیاوازییە بکەن لە نێوان سیاسەتی ناوخۆ وسیاسەتی دەرەوە لە ماددەی (١١٠)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان دانیشتنەکە نیو سەعاتێك هەڵدەگرین، لە ماددەی (٥ ) دەست پێدەکەین، فەرموون بەس لێرەبن.

## پاش پشوو

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەرێ والله پێویستیمان بە نیصاب نییە بۆ ئەوەی دەست پێبکەینەوە، فەرموو کاك شوان ماددەی (٥) بخوێنەوە، ئەوە لیژنەی کشتوکاڵە لیژنەی یاسایی خدیجە خان لێرەیە فەرموو.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك شوان.

**بەڕێز شوان کریم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی(٥):

یەکەم/ بەکاربردنی ئاو لە بەرامبەر بڕی بەرامبەری بەکاربردن و لەسەر بنەمای یەکەی پێوانە دەبێت.

دووەم/ بڕی بەرامبەر بەکاربردنی ئاو لەسەر بنەمای بڕو جۆرو شێوازی بەکارهێنانەکەی دەبێت بۆ گشت مەبەست و کەرتەکان دادەنرێت ئەمەش بە پەیڕەوێك ڕێکدەخرێت کە ئەنجوومەنی وەزیران دەریدەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان لەسەر ماددەی (٥) هەر بەڕێزێك دەیەوێت گفتوگۆ بکات؟ بدریە خان، نجاة خان، کاك چیا، بدریە خان فەرموو.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٥) کە باس لە پێوەری ئاو دەکات، من پێشنیار دەکەم ئەم ماددەیە هەم زیادە هەمیش مەترسییەکی زۆری دروست کردووە لەسەر هاووڵاتیان کە ئەو پێوەرە وەکو بۆمان دەرکەوتووە بەپێی بەدواداچوونەکان تەنانەت لە هەواشدا زۆر لەو ڕێژەیە زیاتر دەخوێنێتەوەو هاووڵاتیان تێیدا زەرەرمەندن، بۆیە پێشنیار دەکەم ئەم ماددەیە هەردوو بڕگەکەی لابدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس، فەرموو کاك ابوبکر.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری قسەکانی بدریە خان دەکەم قسەکانم کرا زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك علی.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی قسەکانی بدریە خان دەکەم، ئێستاش وەزارەتی شارەوانی خەریکە خۆی ئەگاتە ئەم قەناعەتە ئەم پێوەرە نەجاحەتی نەهێناوە تاوەکو ئەو کاتەی (smart meter) یەعنی پێوەرێکی زیرەك ئەخوێنرێتەوە ئەمە لابدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك چیا.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەمان تێبینی هەی لسەر ماددا ئێکێ ئەو پێوەرە هاتیە دەست نیشانکرن بۆ میزانیان بۆ ئـاڤی نە شتەکی حەتا نووکێ، ئەگەر شتەکی ڕەسمیش بەرهەمبێت پێم باشە ئەڤ کەلیمە بێتە لادان یان هەموو ماددە بێتە لادان بڕگا وێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو نجاة خان.

**بەڕێز نجاة شعبان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ژبەر گرینگیا ئاڤێ کو مولکا گشییەو گرینگە بەتایبەت ئاڤا ژێر زەڤی، پشتی بانگەشەمان کری بـۆ بەڕێوەبەرێ ئاڤا ئامێدیێ ڕیزدار کاك بەشاری پشـتی جێبەجـێ کردنـا پـڕۆژێ ئاڤـا زێـیە ئامێـدی دەڤەرا ئامێدیێ نێزیکی (٣١) بیرا پتر هاتنە گرتن، ژبەر وی پڕۆژەیێ ژبەر هەندێ ئاڤا ژێـر زەڤـی گرینگیەکا تایبەت هەی وێ چەندێ ژی دیتنا من پێدڤیا هەمان ڕەنگێ مالان پێدانێن ئاڤێ بۆ ئاڤا بیران بیرا تایبەت نەیێن بیرا تایبەت بێتە دانـان، چـونکە ئـاڤێ بیـرا تـایبەت عەشـواییە نەهێـنە کارهینان بە شێوەکا عەشوایی و هەڕەمەکی دێتە بەکارهینان، چونکە ئاڤ موڵکێ گشتییە ئەگەر لێرە بێمە سەر بیرا تایبەت، چونکە گەلەك ساڵا کابینە بەری کابینا هەشـتێ حەڤـدە هەزار بیرێـت ل دەڤەرا سلێمانی و دەڤەری تـر کـولاینە، ئەڤە هەمـی ئاڤـا ژێـر زەڤـی دکەڤیـتە مەترسـی ژ بەر هەندێ ئاڤێت بیرێت مە نەڕژی دڤیا ئاڤێ دی پێ بە هەبیتن پێوەرێـت ئاڤـاێ هەبـن یەعنـی لێـرە ماددەك بڕگەیەك زیاد هەبیتن ئیشارەتێ بە هەندێ بدات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (٦)، فەرموو خدیجە خان.

**بەڕێز خدیجە عمر طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی(٦):

یەکەم/ بەکاربردنی ئاو لە ڕووی پێشینەوە بەم شێوەیە دەبێت.

١- خواردنەوە و بەکاربردنی بۆ پێویستی خزمەتگوزاری.

٢- ئاژەڵداری و سامانی ماسی.

٣- مەبەستەکانی ئاودێری و کشتوکاڵ.

٤- پێداویستییەکانی پیشەسازی و بەرهەمهێنانی کارەبا.

٥- مەبەستەکانی ژینگەیی و کەرتی گەشتوگوزاری.

٦- مەبەستەکانی وەبەرهێنان.

دووەم/ گـۆڕینی جـۆری بەکـاربردنی ئـاو لەسـەر بنەمـای مـۆڵەتی ڕێپێـدانی نـوێ دەبێـت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان لەسەر ماددەی (٦) هەر بەڕێزێك دەیەوێت گفتوگۆ بکات؟ تەنها کاك ابوبکرو مامۆستا عثمان ، فەرموو کاك ابوبکر.

**بەڕێز ابوبكر عمر اسماعيل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار دەکەم لە ماددەی (٦) خاڵی سێیەم بۆ مەبەستەکانی ئاودێری و کشتوکاڵ و باغداری ( باغ داری) بۆ زیاد بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك عثمان .

**بەڕێز عثمان علی سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم وایە فەقەرەیەکی بۆ زیاد بکرێت بەهەر مەبەستێکی تری سوود لێوەرگرتن بۆ زیاد بکرێت، لەبەر ئەوە زۆر پرۆژەی تر هەیە ناوی نەهاتووە، لێرە داوا لە لیژنە بەڕێزەکە دەکەم ئەو فەقەرەیەی بۆ زیاد بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی(٧) فەرموو کاك جەلال.

**بەڕێز جلال محمد امین.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی(٧) بەشی سێیەم بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی ئاو:

ماددەی(٧) وەزارەت پێویستە ئەمانەی خوارەوە ئەنجام دات.

یەکەم/ ئامادەکردنی پلانی تایبەت بە بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی ئاو وپرۆژەکانی بە مەبەستی بەکاربردنی لەلایەن کەرتە سوودمەندەکانەوە.

دووەم/ بەرزکردنەوەی تواناکان و گەشەپێدانی پیشەیی لە بواری بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی ئاو.

سێیەم/ پلانی بووژاندنەوەی بەڕێوەبردنی ئاو بە هەماهەنگی لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەت و بەشداری پێکردنی دانیشتوان و ڕێکخراوە ناحکومییەکان و کەرتی تایبەت.

چوارەم/ هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان و ڕێکخراوە نا حکومییەکان و ڕاگەیاندکاران بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاری گشتی دەربارەی گرینگی زیندەگی سەرچاوەکانی ئاو و بەبایەخ پێدانی لە قۆناغەکانی خوێندن دا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان لەسەر ماددەی(٧) هەر بەڕێزێك دەیەوێت گفتووگۆ بکات؟ کاك چیا، کاك سیپان، مامۆستا حسیبە، کاك بهجت، کاك سیپان فەرموو.

**بەڕێز سیپان سالم حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ل مـاددە(٧) سـێیەم: دڤـێ ڕەنگـی کـو بهێـتە داڕشـتن کـو دبیـنم وەکـو پلانـا سـتراتیجی، ژ بـۆ سەرچاوەی ئاڤێ بهێتە دیارکرن دانانی پلان و ستراتیجی و بوژاندنەوە بۆ بەڕێـوەبردنی ئـاڤ بە هەماهەنگی لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەت و بەشداری پێکردنـی دانیشـتوان و ڕێکخـراوە ناحکومییەکان و کەرتی تایبەت بۆ بەرەو پێشبردنی کەرتی ئاڤ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو کاك چیا.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیـا مـن لسـەر خـاڵا یەکـێ بـوو، یەکەم: ئامـادەکردنی پلانـی تـایبەت بـۆ بەڕێـوەبردنی سەرچاوەکانی ئاو و پرۆژەکان و ڕێکخستنی دابەشکردنی ئاو لێ بێتە زێدەکرن، چونکی ل ڤێرێ ئەبەد بەعسێ ڕێکخستناو دابەشکرنێ ئاڤێ نەهاتنە کرنێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو حسیبە خان.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم بڕگەیەك بۆ ئەم ماددەیە زیاد بکرێت بە بڕگەی پێنجەم بەم شێوەیە:

ئامـادەکردنی پلانـی وەرزی سـاڵانە بـۆ بەگەڕخسـتنی بەنـداو و کۆگاکـانی ئـاو لە هەرێـم دا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو کاك بهجت.

**بەڕێز بهجت علی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددێ (٧) خاڵا یێکەم ئامادەکردنی پلانـی تـایبەت بە بەڕێـوەبردنی سـەرچاوەکانی ئـاو و پرۆژەکـانی پێشـنیار دەکەم، چـونکە وەزارەتـا کشـتوکاڵ تنـێ پـلانەك دانیـتن پلانەکـا سـەرکەفتی نـابیتن، ژبەر هەنـدێ پێشـنیار دەکەم وەلێبێـتن، ئامـادەکردنی پلانـی تـایبەت بە بڕێـوەبردنی سـەرچاوەکانی ئـاو و پرۆژەکـانی بە هەمـاهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکـانی تـری پەیوەندیدار بەمەبەستی بەکاربردنی لەلایەن کەرتە سوودمەندەکانەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی تایبەتمەند ئەگەر سەرەنجێکتان هەیە فەرمووون، بەڵێ ماددەی(٨) فەرمووو کاك نزار.

**بەڕێز نزار ملا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی(٨):

یەکەم/ ئەنجوومەنێـك لە وەزارەت بە سـەرۆکایەتی وەزیـر بە ئەنـدامییەتی هەریەکە لەمـانەی خوارەوە پێکدێت.
١- بریکاری وەزارەت بۆ کاروباری سەرچاوەکانی ئاو.
٢- سەرۆکی دەستەی چاککردن و پاراستنی ژینگەی هەرێم.
٣- بەڕێوەبەری گشتی ئاو و ئاوەڕۆ لە وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزاری هەرێم.
٤- بەڕێوەبەری گشتی سەرچاوەکانی ئاو لە وەزارەت.
٥- بەڕێوەبەری گشتی کۆگاکانی ئاو لە وەزارەت.
٦- بەڕێوەبەری گشتی توێژینەوە لە وەزارەت.
٧- بەڕێوەبەری گشتی باغ داری و پاوان و دارستان لە وەزارەت.
دووەم/ نوێنەری ئەم لایەنانەی خوارەوە بەشداری کۆبوونەوەی ئەنجوومەن دەکەن بەمەرجێك پلەی وەزیفیان لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت بەبێ ئەوەی مافی دەنگدانیان هەبێت.
١- وەزارەتی پلاندانانی هەرێم.
٢- وەزارەتی کارەبای هەرێم.
٣- وەزارەتی ناوخۆی هەرێم.
٤- وەزارەتی تەندروستی هەرێم.
سـێیەم/ هەر فەرمانبەرێـك لە وەزارەت وەك سـکرتێری ئەنجـوومەن لەلایەن وەزیـرەوە دیـاری دەکرێت بەمەرجێك لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی زانکۆ بێت.
چوارەم/ ئەنجوومەن دەتوانێ بەپێی پێویست میوانداری پسپۆڕان بۆ وەرگرتنی ڕاو بۆچوونیان بکات.
پێـنجەم/ ئەنجـوومەن سـێ مانـگ جارێـك یـان هەرکـات پێویسـت بێـت لەسـەر داوای سـەرۆك کۆدەبێتەوە.
شەشەم/ ڕاسپاردەو پێشـنیازە پێویسـتییەکان لەلایەن وەزیـر بەرزدەکـرێتەوە بـۆ ئەنجـوومەنی وەزیرانی هەرێم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان لەسەر مـاددەی (٨) هەر بەڕێزێـك دەیەوێـت گفتوگۆ بکـات؟ کـاك علـی، کـاك چیـا، کـاك سیپان، دکتۆر اسماعیل، ئێوەش قسەتان هەیە لیژنە؟ باشە فەرمووە دکتۆر اسماعیل.

**بەڕێز اسماعیل علی طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لسەر خاڵا پێنجی هەی پێشتر ئەنجوومەن سـێ مانـگ جارێـك یـان هەرکـات پێویسـت بێـت لسەر داوای سەرۆك کـۆدەبێتەوە ئەو (یـان)ە یەعنـی نیشـانەی هەنـدێ دەدات ئیختیاربێـت یـان هەردوو تەرەف وەکـو یەکـن، ئەنجـوومەن سـێ مانـگ جارێـك کـۆدەبێتەوە بـۆی هەیە هەرکـات پێویست بێت لسەر داوای سەرۆك کۆببێتەوە تاوەکو یەك نەبێتن، خاڵا دوویێ (شەشێ) دبێژیتن ڕاسـپاردەو پێویسـتییەکان لەلایەن وەزیـر بەرزدەکـرێتەوە بـۆ ئەنجـوومەنی وەزیرانـی هەرێـم، ئەگەر بەس بەرزکردن بێت ماوەیەك نەهێتە دانـان بـۆ وەڵام دانەوە، مانـای وایە ئەو ڕاسـپاردانە دەچنە سەر ڕفووفی ئیهمال لەبەر ئەوە لە ماوەی مانگێك ئەبێت وەڵامی ئەو ڕاسپاردانە بداتەوە

ئەنجوومەنی وەزیران ئەگەر ئیزافە بوو ئەوە ببیتن، ئەگەر زیادە ئیـزافە ببیـتن تـا ئەو ڕاسـپاردە ڕاسپاردەکی عەمەلی بیتن وەڵامی لسەر هەبیتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووکاك چیا.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیا من لسەر هەندێ کە ئەنجوومەن بێـتە دروسـت کـرن، خـاڵا سـێ بەڕێـوەبەری گشـتی ئـاو ئەندام بێت من پێم باشە، ئەگەر هەر چوار بەڕێوەبەریـا گشـتیا ئـاوێ هەر چـوار پارێزگـا داخلـی ئەنجوومەنی ببێت یەعنی نەك تەنها بەڕێوەبەری گشتی یێ وەزارەتێ، چونکی هەر پارێزگایەکی تایبەتمەندیا خۆ لەسەر ئاڤێ هەیە فەرقا مەسەلەن پارێزگەها دهۆکێ لەگەڵ سلێمانی بە نسبەت ئاڤێ زۆر زۆر فەرقە، ژبەر هەندێ بەڕێوەبەریێ گشتیێ ئاڤێ هەر چـوار پارێزگـا ئەنـدام بێـت لە لیژنەو ئەنجوومەنێ دا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووکاك علی

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە ئەم مادده پێویستی بە پێداچوونەوەیەکی ڕیشـەیی هەیە، مـاددەی (٩،٨) ڕەبـتە بە یەکەوە، ئەگەر سـەیری ئەرکەکـانی ئەنجـوومەن بـکەی ئەم ئەرکـانە ڕەبتیـان بە وەزارەتـی شارەوانییەوە هەیە باشە، هەمووی بەریەککەوتنە لەگەڵ هاووڵاتی، لەگەڵ ماڵان بەفیڕۆدانی ئاو بەکارهێنانی ئاو، بەڵام سەیرکە ئەنجوومەنەکە هەمـووی وەزارەتـی کشـتوکاڵ و سـەرچاوەکانی ئاوە واتە لە مەصدەرەوە کە عیبارەتە لە بەنداو، بۆ نموونە ئـاوی ژێـر زەوی ڕەبتـی بە وەزارەتـی شـارەوەنایەوە هەیە زیـاتر بەکارهینـانی ئـاو تەنـانەت لەخـاڵی دووەم وەکـو نـوێنەرایەتیش وەزارەتی شارەوانی تیانیە لە کاتێکا مەفروز بوو خاڵی هەشتەم بە ئەندازەی وەزارەتی کشتوکاڵ وەزارەتـی شـارەوانی تیـا بـوایە، بـۆ ئەم مـاددەیە داوا ئەکەم پێـداچوونەوەیەکی گشـتگیری بـۆ بکرێت، بۆ نموونە تەعاموول لەگەڵ ئاو کۆکردنەوەی ئاو، پارەی ئـاو، بەفیڕۆدانـی ئـاو، سـزادانی ئاو، ڕاکێشانی بۆڕی ئاو، هەموو تۆڕەکانی ئاو ڕەبتە بە وەزارەتی شارەوانییەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووکاك سیپان.

**بەڕێز سیپان سالم حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چونکی ئەڤ ئەنجوومەنا کۆبیتن بڕیار لسەر چارەنڤسیا ئاڤێ ددات و یان سەرچاویا ڕێکخستنیا ئاڤێ ب شێوەیەکی گشتی لەوڕەن گرینگ دبیـنم لە مـاددێ(٨) یەکەم خـاڵا هەشـتێ ژ لـێ بهێـتە زێدە کرن ب بەژداریا ڕێڤەبەریا ئاڤێ ل پارێزگهان و ئیـدارێن سـەربەخۆ، ژ بـۆ یەکـی ئەو ل وان دان زێدەتر ئاشنای چەوانیە بەڕێڤە چونا ئاڤێ و چەوانیە زێدەکرنا سیستەمێت دابینکرنا ئاڤێنە، لە خالێن ژی پشتگیریا دکتۆر اسماعیل دکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو خدیجە خان.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٨) لە بڕگەی یەکەم، ئەگەر تەماشا بکەین ئەندامانی ئەنجوومەن حەوت کەسن بە سەرۆکایەتی وەزیر دەکاتە هەشت کەس، ئینجا نازانم ئایا لێرە لە کاتی دەنگدان لەسەر بابەتێك هیچ کێشە دروست نابێت، چونکە ئەمە زۆرجار ئەو بابەتە ڕەچاو دەکەین کە بڵێین ژمارەکان بەتاك دەربچێت بۆ یەکلاکردنەوەی بابەتەکان، یان دەنگی وەزیر بە دوو حیساب بکرێتن بەپێی هەندێکجار هەندێ عورف هەیە کە وەزیری لەگەڵ دابێت، ئەوە یەعنی دەبێتە یەکلاکەرەوە، بۆیە من پێم وایە ئەگەر وانەبێتن بڵێین نوێنەرەك لە وەزارەتی پلاندانان یاخود تەندروستی ئەوانە هەردووکیان زۆر گرینگن لەسەر ئەم پرسە، ئەگەر یەکێك لەوانە بێتە بڕگەی یەکەم یەعنی خاڵی هەشتەمی بۆ زیادبکەین بکرێتە بەڕێوەبەری گشتی لە وەزارەتی پلاندانانی هەرێم ئەوجا وەزارەتی پلاندانان بێت یان تەندروستی یەکیان بێت کە هەردووکیان گرینگن بەڕای من ئەوانە زیادبکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك شوان.

**بەڕێز شوان کریم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە دووەم نوێنەری ئەو لایەنانەی خوارەوە بەشداری کۆبوونەوەی ئەنجوومەن دەکەن بە مەرجێك پلەی وەزیفیان لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت بەبێ ئەوەی مافی دەنگدانیان هەبێت، بۆ ئەو بڕگەیە پاڵپشتی پێشنیارەکەی کاك چیا دەکەم هیوادارم وای لێبکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو لیزا خان.

**بەڕێز لیزا فلك الدین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٨) پێم باشە ئەگەر بکرێت نوێنەرێکی دەستەی وەبەرهێنانیشی تێدا بێت، چونکە لە ماددەی (٩) باس لەوە دەکات کە بڕیاردان لەسەر پلانی وەبەرهێنان دەکرێت لە بواری بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی ئاو و پاراستنی، ئەگەر نوێنەرێکی وەبەر هێنانیشی تێدابێت خراپ نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك عثمان .

**بەڕێز عثمان کریم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێـڕای پشـتگیری کـردنم بـۆ پێشـنیارەکەی کـاك چیـا، هەروەهـا لە بـڕگەی یەکەم لە مـاددەی (٨) ئەنجوومەنێك لە وەزارەت بە سـەرۆکایەتی وەزیـر، کە ئەڵێ وەزیـر (وەزیـر بکرێـت بە وەزیـری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو) بە ئەندامییەتی هەریەکە لەو ئەنـدامانەی خـوارەوە کە پێکـدێت هەر ئەوەی بۆ زیاد بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ماددەی دوای ئەو، باشە فەرموو تێبینیەکانتان. فەرموو کاك نزار.

**بەڕێز نزار مەلا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو لیژنەی شارەوانی بەڕاستی لە ماددەی (٨) خـاڵی چـوارەم و پێـنجەم پشـتگیری لە هەردوو ڕەئی کاك( علی حەمە صالح و دکتۆر ایسماعیل) دەکەین سـەبارەت بەوەی کە پێشـنیاریان کـرد، کە ئەبێت ئەندامێکی لیژنەی شارەوانیش لەناو ئەنجوومەنەکە هەبێت، لەهەمان کاتدا لە بـڕگەی پێنجەم سێ مانگ جارێك کۆبوونەوەمان پێ کەمە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمدحەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی(٩) فەرموو کاك عثمان .

**بەڕێز عثمان کریم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەرکەکانی ئەنجوومەن:

یەکەم/ دانانی سیاسەتی ناوخۆی ئاو لە هەرێم.

دووەم/ پەسەندکردنی پلانی بەکارهێنانی ئاو لەلایەن گشت کەرتەکانەوە.

سێیەم/ بڕیاردان لەسەر پڕۆژەی سەرچاوەکانی ئاو و بەکاربردنی.

چوارەم/ پێشنیاز کردنی بڕی بەکاربردنی ئاو بۆ سەرجەم کەرتەکان بۆ ئەنجوومەنی وەزیران.

پێـنجەم/ بڕیـاردان لەسـەر پلانـی وەبەرهێنـان لە بـواری بەڕێـوەبردنی سـەرچاوەکانی ئـاو و پاراستنی.

شەشـەم/ بڕیـاردان لەسـەر سـتراتیجی نیشـتیمانی تـایبەت بەکەش وهەواو بەرزەفـت کردنـی کاریگەرییەکانی لەسەر پاراستن و بوژاندنەوەی سەرچاوەکانی ئاو.

حەوتەم/ بڕیـــاردان لە پلانـــی دابەشـــکردنی ئـــاو لە نێـــوان کەرتە جیاجیاکـــان و بەکـــاربردنە سەرەکییەکانی ئاو.

هەشتەم/ کارکردن بۆ دابینکردنی بوودجەی پێویست بۆ جێبەجـێ کردنـی پڕۆژەکـانی بەنـداو و زێی گەورەو مامناوەند و پڕۆژە هەمە جۆرەکانی ئاو.

نۆیەم/ دانانی پلانی بەکارهێنانی سیستەمی ئاودێری نوێ بۆ پەرەپێـدانی بەرهەمـی کشـتوکاڵی بەمەرجێك گونجاوبێت لەگەڵ سوودی ئابووری و پشـکی ئەو ئـاوەی بـۆ پـڕۆژە کشـتوکاڵییەکان تەرخانکراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر بەڕێزێك دەیەوێت لەسەر ماددەی (٩) گفتووگۆ بكات با بفەرموێت؟ بەڕێزان ( لیزا خان، دكتۆر ڕێبوار، حسيبه خان، كاك بهجت كاك ادريس، هڵز خان، دكتۆر اسماعيل) لیزا خان فەرموو.

**بەڕێز لیزا فلك الدين صابر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دوو تێبینیم لەسەر ماددەی (٩) هەیە، یەكێكیان بڕگەی یەكەم دانانی سیاسەتی ناوخۆی ئاو لە هەرێم لە ڕووی دەربڕینەوە دروست نییە، دانانی سیاسەتی ئاو بۆ ناوخۆی هەرێم باشترە، هەروەها لە بڕگەی نۆیەم باس لەوە دەكات كە پلانی سیستەمی ئاودێری نوێ هەبێت، پێم باشە ئەمەشی بۆ زیادبكرێت لە بڕگەی نۆیەم (دانانی پلانی بەكارهێنانی سیستەمی ئاودێری نوێ و سوود وەرگرتن لە تەكنەلۆجیای سەردەم)، لێرە مەرجێكیشی بۆ داناوە ئەڵێت بەمەرجێك گونجاو بێت لەگەڵ سوودی ئابووری، ئێمە تەنها لێرەوە سەیری دیدە ئابوورییەكەی ئەكەین، بەڵام لەلایەكی تر پێویستە لە ڕووی ژینگەیشەوە مەرجی هەبێت، واتا ئەو سیستەمەی دائەنێرت زیان بە ژینگەو دەورووبەری نەگەیەنێت، پێم باشە لە كۆتاییەكەی كە دەڵێت بە مەرجێك گونجاوبێت لەگەڵ سوودی ئابووری و پشكی ئەو ئاوەی لەناو پڕۆژە كشتوكاڵییەكان تەرخانكراوەو، هەروەها ژینگە دۆستیش بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك ادريس.

**بەڕێز ادريس اسماعيل عبوش:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (٩) من پێشنیار دەكەم كە خاڵێكی لێ زیاد بكرێت، خاڵەك لە ئەركەكانی ئەنجوومەن لێ زیاد بكرێت ئەویش بەم شێوەیە، ئامۆژگاری ڕێنمایی جوتیاران لە جۆری چاندنی ئەو بەرهەمانە كە پێویستی بە ئاوی زۆر نەبێت بەتایبەتی لە كاتی وشكە ساڵی بۆ هەر دەڤەرێك بەگوێرەی ڕێژەی وشكە ساڵی دەبینین كە وڵاتێكی وەكو توركیا كە وڵاتێكی كشتوكاڵی زۆر گەورەیە، ئەوانیش هەمان ڕێنمایی بۆ جوتیارانی خۆیان دەركرد كە ئەو جۆرە بچێنن كە پێویستی بە ئاوی زۆر نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو اسماعيل.

**بەڕێز اسماعيل على طه:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تێبینی لەسەر خاڵا هەشتێ هەی بێژیت كاركردن بۆ دابینكردنی بوودجە ئەز بێژم بێتە گۆڕین، بێژیت بەرهەڤ كرنا و ئامادەكرنا بوودجەیێ پێویست بۆ جێبەجێ كردن، یەعنی نە كاركردن ئامادەكرن و بەرهەڤ كرنا بوودجەی ئەڤێش بیتە ئەركێت ئەنجوومەن بوودجەیێ پێ تڤیێ پێویست بۆ ڕێڤە برنا كارێ خۆ بۆ جێهەتێت پەیوەنیدار بلْند بكەتن ئامادەبكەن بوودجەی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو گەلاوێژ خان.

**بەڕێز گەلاوێژ عبید عثمان :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەماددەی (٨) باس دەكاتن ئەندامییەتی بەڕێوەبەری توێژینەوە لە وەزارەت، بۆیە لێرە من بە گرینگی دەزانم خاڵێك زیاد بكرێت بە تەسەسولی (١٠) لۆ ماددەی (٩) بەدواداچوون و داڕشتنی پلان و توێژینەوە دەربارەی تەكنەلۆژیای نوێ لە بواری پاراستن و بەڕێوەبردنی ئاو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك بهجت.

**بەڕێز بهجت علی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٩) بەعسێ ئەركەكانی ئەنجوومەن دكەتن، من پێم باشە خاڵەك ئیزافە ببیتن بە تەسەسولا ژمارە (١٠) ڤی شكلی لێبیتن (هەوڵدان بۆ زیاتركردنی یەدەگی ئاوی ژێر زەوی بەڕێكارەكانی زانستی و كەمكردنەوەی بەكارهێنانی بۆ ئەوەی بپارێزرێت بۆ پاشەڕۆژ)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو حسیبە خان.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بەماددەی (٩) بڕگەی یەكەم تێبینیم هەیە، پێشنیاردەكەم بەم شێوەیەی لێبێت (ئاراستەی گشتی سیاسەتی ئاو لە هەرێم)، دووەمیش بڕگەی دووەم پەسەندكردنی پلانی بەكارهێنانی ئاو لەلایەن گشت كەرت و وەزارەتەكانەوە، بڕگەی سێیەم بڕیاردان لەسەر پڕۆژەی سەرچاوەكانی ئاو و بەكارهێنانی نەك (بەكاربردنی)، سەبارەت بە بڕگەی هەشتەم كاركردن بۆ دابینكردنی بوودجەی پێویست بەم شێوەیەی لێبكرێت (تەرخانكردنی بوودجەی پێویست بۆ جێبەجێ كردنی پڕۆژەكانی بەندا و زێی گەورەو مامناوەند و پڕۆژە هەمەجۆرەكانی ئاو)، هەروەها لە بڕگەی نۆیەم پشتگیری خاتوو لیزا و پشتگیری سەرنج و پێشنیارەكانی كاك بهجت و كاك ادریس دەكەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو هلێز خان.

**بەڕێز هلێز احمەد محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بەماددەی (٩) ئەركەكانی ئەنجوومەن سەرەڕای نەهاتینە دەستنیشان كرن، ئەز پێشنیاردكەم خالا (١٠)یان بڕگە (١٠) بێتە ئیزافەكرن ب شێوازا خارێ، داڕشتنی پلانی گونجاو بۆ بەرەنگار بوونەوەی وشكە ساڵی، لافاو، پیسبوونی سەرچاوەكانی ئاو بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەكان كاك ادریس هەمان خاڵی گۆت ژبەر هەندێ ئەز پشتگیریا كاك ادریسی دكەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك ڕێبوار.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیم لەسەر بڕگەی یەکەم و بڕگەی دووەم هەیە، لە بڕگەی یەکەم من ئیزافەیەکم هەیە بۆی بەم شێوەیە هاتووە داڕشتنی سیاسەتی ناوخۆی ئاو و پەرەپێدانی سەرچاوەکانی ئاو لە هەرێم، واتە دەستەواژەی پەرەپێدانی سەرچاوەکانی ئاویشی بۆ زیاد بکرێت، لە بڕگەی دووەم بە سیغەی موطلەق هاتووە دەڵێ پەسەندکردنی پلانی بەکارهێنانی ئاو لەلایەن گشت کەرتەکانەوە بە سیغەی موطلەق هاتووە، کەواتە ئەگەر پلانی بەکارهێنانی ئاو لەگەڵ داڕشتنی سیاسەتی ئاو نەگونجێت ئەبێت هەر پەسەندی بکات، بۆیە واباشە بەسیغەی موطلەق نەیەت لەگەڵ پەسەندکردنی ڕەتکردنەوەشی هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنە ئەگەر ڕەئیەکتان هەیە ئەگەرنا ماددەی(١٠) فەرموو كاك شوان.

**بەڕێز شوان کریم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی چوارەم پاراستنی سەرچاوەکانی ئاو ماددەی (١٠):

ئەم کارانەی خوارەوە ڕێگەپێنەدراون:

یەکەم/ فڕێدانی پاشەڕۆی ناوماڵ پیشەسازی کشتوکاڵی یان هەر بوارێکی دیکە بۆ ناو سەرچاوەکانی ئاو تەنها لەو بارەدا نەبێت کە چارەسەری زانستی پێویستی بۆ کرابێت.

دووەم/ ئەنجامدانی گۆڕانکاری لەڕێڕەوی سەرچاوەکانی ئاو بەجۆرێك ببێتە هۆی کەمکردنەوەی بڕی ئاو یان پیسبوونی ئاو یان ڕوودانی لافاو.

سێیەم/ بیرهەڵکەندن یان بەکارهێنانی ئاوی ژێر زەوی بەبێ مۆڵەتی وەزارەت.

چوارەم/ هەر چالاکییەك بۆ کۆگاکردنی یان کەمکردنەوەی سەرچاوەکانی ئاو بەبێ مۆڵەتی پێش وەخت.

پێنجەم/ داپۆشینی پاشەڕۆ بەهەر ڕێگەیەك کە دەرئەنجام کاریگەری لەسەر جۆری سەرچاوەکانی ئاوی سەرزەوی یان ژێرزەوی دروست دەکات.

شەشەم/ هەر چالاکیەك کە ببێتە هۆی پیسبوونی ئاو یان کەنارو ڕۆخەکانی ئاوی سروشتی یان کاریگەری نەرێنی لەسەر بڕو جۆری ئاوەکە دروست بکات.

حەوتەم/ دامەزراندنی هەر پرۆژەیەك یان کارگەیەك یان خانووێکی نیشتەجێ بوون یان کارگەیەك لەسەر کەناری ڕووبارو لقەکان یان دەریاچە و کۆگاکانی ئاو و زەریاکانی دەورووبەریشیان لە سنوری دیاریکراو بەبێ وەرگرتنی مۆڵەتی وەزارەت جگە لە پرۆژەکانی ئاو و ئاوەڕۆ.

هەشتەم/ بەکارهێنانی ماددەی ژەهراوی یان کارەبا یان تەقەمەنی بۆ ڕاوی ماسی و گیاندارە ئاوییەکانی دیکە بەجۆرێك کە ببێتە هۆی پیسبوونی سەرچاوە ئاوییەکان.

نۆیەم/ فڕێدانی پاشماوەی نەوتی بۆ سەرچاوەکانی ئاوی سەرزەوی یان لەناو ڕێڕەوی ئاوی باران یان بۆ ناو ئاوی ژێرزەوی و ناوچەکانی بوژاندنەوە.
دەیەم/ فڕێدانی لاشەی ئاژەڵ و پەلەوەر بۆناو ڕێڕەوی ئاو یان ناوچەکانی بوژاندنەوەی ئاوی ژێرزەوی.
یانزە/ بەکارهێنانی قڕکەر بۆ قەڵاچۆکردنی پەتا کشتوکاڵییەکان یان پەینی کیمیاوی کە ببێتە هۆی پیس بوونی سەرچاوەکانی ئاو.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان لەسەر ماددەی (١٠) هەر بەڕێزێك ئەیەوێت گفتوگۆ بکات با ناوی خۆی تۆمارکات؟ دەست دامەگرن تا ناوەکانتان دەنووسرێت و مۆبایلەکانتان صامت کەن تکایە، ئەو بەڕێزانەی ئەیانەوێت گفتوگۆ بکەن لەسەر ماددەی (١٠) ناوەکان ئەخوێنمەوە (مامۆستا نجاة، گوڵستان باقی، گولیزار خان، دکتۆرە گەلاوێژ، کاك حکمت، کاك ادریس، کاك بهجت، کاك بهمەن، کاك عثمان سێدەری، مامۆستا عثمان کانی کوردەی، بدریە خان، کاك سیپان، کاك دکتۆر اسماعیل، کاك محی الدین، کاك علی، کاك ڕزگار، کاك یاسین) کاك یاسین فەرموو.

**بەڕێز یاسین خضر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، لە ماددەی (٧) باسی کارگەو پرۆژە کراوە لاریمان نییە، بەڵام دەڵێ یان خانووێك بۆ نیشتەجێ بوون کەسێك باغێکی هەیە وەکو هەوارێکی خۆی چۆن دەبێت خانووێکی لەسەر دروست نەکات؟ مەسەلەن پایزان هەتا بەرهەمەکەی دەباتە ژووریّ، ئەگەر وابێت دەبێت دۆڵی خۆشناوەتی هەمووی تێك بچێت، هەمووی لەسەر ڕووباری کردوویانە، بۆیە پێم باشە وشەی خانووکە لابدرێت یان سنوورێکی بۆ دابنرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك حکمت.

**بەڕێز حکمت محمد عبو زید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٠) بڕگەی نۆ باسی ئەوە دەکات کە پاشماوەکانی نەوت بۆ ڕێڕەوی ئاوی باران و ئەوانە، من پێم باشە یەعنی پاشماوەکانی نەوت جێگای بۆ بکرێتەوەو قەدەغە بکرێتن، یەعنی لە جێگای گۆڕین و فڕێدانی ڕۆن هەر ئەوها نەچێتە ناو زەوی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو گولیزار خان.

**بەڕێز گولیزار رشید حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٠) بڕگەی یەکەم، فڕێدانی پاشەڕۆی ناوماڵ وپیشەسازی وکشتوکاڵی بەڕای من ئەمە کیفایەتە، لە بڕگەی دەیەم دووبارەی کردۆتەوە فڕێدانی لاشەی ئاژەڵ وپەلەوەر پێویستی پێناکات تەنها ماددەی(١) ئاماژە بەوەش دەکات بەڕەئی من ئەو نووقتە زیادەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو نجاة خان.

**بەڕێز نجاة شعبان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددە (١٠) من دوو تێبینی هەی، تێبینی یەکەم لسەر بڕگا سێ بیر کۆران یان بەکارهێنانی ئاوی ژێرزەوی بەبێ مۆڵەتی وەزارەت بەم شێوەیەی لێبکەن دیتنا من باشتر بیت، بیر هەڵکەراندن (بیرکۆران) بەسوود وەرگرتن لە تەکنەلۆجیای سەردەم ئەو یان ببێتە(وە)، چونکە ئەگەر ببێتە(یان) دەبێتە یەك بابەت یەك ئیشا ببیتە(وە) وە بەکارهێنانی ئاوی ژێر زەوی بەبێ مۆڵەتی وەزارەت، خالا دووێ لێرە بڕگەك زیادەببیت بەوی شێوەیێ ببیتە دوانزەم/ ڕێگریکردن لە تێکدانی ژینگە کە ببیتە مەترسی لەسەر گیانەوەران بەگشتی بەعسی گیانەواران نەکریە، چونکی گیانەوەر دچێت ئاڤێ دخاتن ئاڤا ڕووباری بیت ئاڤا کانیەکا بیت ئاڤا زێی بیتن لێرەدا دەبیتە مەترسی سەر گیانەوەران ژبەر هەندێ بڕگەك زێدە ببیت تاکو نەهێڵن کو ئاڤ پیس ببیت ببیتە مەترسی سەر ژیانا گیانەوەران، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

سوپاس، فەرموو کاك محی الدین.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٠) لە بڕگەی یەکەم من پێم باشە لە پاش فڕێدانی پاشەڕۆی ناوماڵ و پیشەسازی و کشتوکاڵی، تەندروستی و بازرگانی و تەقەمەنیشی بۆ زیاد بکرێتن و لەگەر ئەوەمە کە تەنها لەو بارە نەبێت کە چارەسەری زانستی بۆ کراوە ئەو پەڕەگرافەی لابەین، چونکە لە دەرئەنجامدا فڕێدانی هەموو ئەو موادانە کاریگەری لەسەر پێکهاتەی ئاو دەکات، لە بڕگەی دووەم ئیزافەك دەکەم لە ئەنجامی گۆڕانکاری لەڕێڕەوی سەرچاوەکانی ئاو بەجۆرێك ببێتە هۆی ئەوەی کە کەمکردنەوەی بڕی ئاو، یان پیس بوونی ئاو، یان ڕوودانی لافاو، یان زیان گەیاندن بە سەرچاوە جۆراو جۆرەکانی ئاو، یەعنی هەم زیان گەیاندنیش هەیە نەك هەندێکجار کە ئاو کەم دەکات بەڵکو زیانی پێدەگەیەنی، لەبڕگەی نۆیەم فڕێدانی پاشماوەی نەوت پێم وایە بکرێتە بەرهەمە نەوتییەکان، چونکە مەرج نییە ئیلا نەوت بێت لەبەر ئەوەی نەوتیشمان هەیە هەندێکجار هەیە، هەروەها لە هەمان پەڕەگرافدا ئیزافەی کە ئاوی باران یان لەدوای ئاوی باران یان کانیاو کارێز و دەریاچەو گۆماوەکانیشی بۆ ئیزافە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك سیپان.

**بەڕێز سیپان سالم حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی چارەم پاراستنیَ سەرچاوەکانی ئاو ئەو کارانەی خوارەوە ڕێگە پێدراو نینە، کە یانزە خاڵ ئاماژەی پێداوە ئاماژەی بەویَ چەند دەدەم لە چەند خاڵێن دەستپێکی دا ئاماژە بەتەمامی لسەر بابەتەکی هاتیەدان کە چ تشتەك ڕێگە پێدراو نینە لەوڕا بەگرینگ دەبینم کە خالا هەشتەم و نۆیەم و دەیەم و یانزە بهێنە لادان، چونکی لە یاسایێ دا پێویست ناکات کو هەمی تشتەك بە تەفاصیل بهێتە بەعس کردن، بەڵکو دشهێن خالێن حەفتێن دەستپێکی دا بە تەمامی بەعس لسەر هاتیەکرن کە بەچ دێهێتە سزادان ئەگەر کو هاتوو سەرپێچیا ڤێ چەندێ کرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو کاك علی.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ماددە ماددەیەکی زۆر گرینگ و جەوهەریە، یەعنی دیسان تەئکید دەکەمەوە بەشی هەرەزۆری پەیوەندی بە شارەوانییەو بۆ لیژنەی شارەوانی حزورێکی جدیتریان هەبوایە من سێ پێشنیارم هەیە.

یەکەم/ لەچەند ماددەیەکیان باسی سزا ئەکات بۆ نموونە لەچەند خاڵیکا هەر چالاکییەك ببێتە هۆی پیس بوونی ژینگە ئەوە خۆی تا دواتر، سزاکە چییە؟ ئایا بەڕێنمایی وەزارەت دیاری دەکات یان دەبێ لەم قانوونە بێت، تەبعەن من بەپێی ئەزموونی پەرلەمانم، یەعنی لەزۆر قانوونا وامانکردووە بەڕێنمایی صەلاحیەتمان داوە بە وەزارەت لە هەندێ قانوونا دیاریمان کردووە، بەڵام لێرە هیچ دیارنیە ئەوەی ئەو سەرپێچیانەی کرد سزاکەی چییە؟ کێ دیاری دەکات؟ من پێم وایە کە ئەبێت بەخاڵێك دیاری بکرێت کە بەشێکە پەیوەندی دیسان پەیوەندی بە شارەوانی و کشتوکاڵ هەیە یەعنی سزاکەی دیاری بکرێت.

دووەم/ خاڵی سێیەم ئەڵێ بیر هەڵکەندن یان بەکارهێنانی ئاوی ژێر زەوی بەپێی مۆڵەتی وەزارەت، ئەمە هەڵەیە وەزارەت یەعنی ئەنجوومەنی وەزارەت، یەعنی بۆ هەر بیر هەڵکەندنێ ئەنجوومەنی وەزارت کۆدەبێتەوە یەکێ بیرێ لە گەرمیان هەڵکەنێ یەکێ بیرێ لە زاخۆ هەڵگەنێ ئەگەڕێتەوە بۆ ئەنجوومەنی وەزارەت، ئەمە نابێت ئەگەر لامەرکەزی بێت سەڵاحیەتی مودیریەتی یان کشتوکاڵ یان شارەوانی یان هەماهەنگیەك لە نێوانیان دابێت.

سێیەم/ ئێستا ئەم بابەتانە هەن ئەم زیادەڕەویانە بۆ سەر ئاو هەن ئەم سەرپێچیانە هەن حوکمی ئەمە چییە، ئێستا بۆ نموونە ئەگەر بڕۆێتە تانجەڕۆ ئەو برادەرانەی ئاگاداربن هەموو ئەمانە تێکەڵ ئەبن سەرچاوەی نەوت پاتری ماددە ژەهراوییەکان تێکەڵ ئەبێ بە ئاوی خواردنەوەو ئەچێتە ئاوی سیروانەوە، بۆیە ئەو سێ خاڵە هیوادارم جێگیر بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان ئێمە لە حوکمە سزاییەکان لەوێ بەڕوونی هەندێك بابەت باسکراوە لە کۆتایی ئەم پێشنیازە یاسایە هەموو لەسەر بابەتەکان دیارە، وایە لە حوکمە سزایەکان تیایتی بەڕێزان بابگەینە سەر حوکمە سزاییەکان ئەو کاتە گفتووگۆی لەسەر دەکەین، کاك ادریس فەرمووە.

**بەڕێز ادریس اسماعیل عبوش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٠) خاڵی سێیەم بیر هەڵکەندن یان بەکارهێنانی ئاوی ژێرزەوی بەبێ مۆڵەتی وەزارەت، ئەوەی لێ زیادبکرێت بازرگانی کردن بە ئاوی ژێرزەوی، خاڵی هەشتەم بەکارهێنانی ماددەی ژەهراوی یان کارەبا یان قڕکەر یان تەقەمەنی بۆ ڕاوە ماسی و گیاندارە ئاوییەکانی دیکە بەجۆرێك کە ببێتە پیس بوونی سەرچاوەی ئاو، من لێرە وا تێدەگەم کە لەدوای ئەوە ڕوونکردنەك لەسەر بدرێتن کەوا تێدەگەم ئەگەر تەقەمەنی بەکاربهێنێت نەبێتە هۆی پیس کردنی ئاو ئەوە دەکرێتن، بەڵام ئەبێت بەم شێوەیە بێت کە ببێتە هۆی پیسکردنی ئاو یان نەبێت بەهەموو جۆرێك قەدەغە بێتن، خاڵی یانزەم بەکارهێنانی قڕکەر زۆر ماددە هەنە ئەوانەی لێرەنە چینی و هیندی زۆر خەڵکی مە ئەوانەی لە دەرەوەی کوردستان دەژین ئەو ماددانە لەگەڵ خۆیان بردبوون لە فرۆکەخانەی وڵاتانی ئەوروپی لێیان وەرگرتوونە بردوویانە فەحس وتوویانە ئەو ماددانە بەهەموو جۆرەك لە وڵاتانی ئەوروپا قەدەغەیە، کەچی دەبینین لە کوردستان بە ئاشکرایی بەبێ هیچ کێشەیەك دەفرۆشن و بەکار دەهینن هەتا ئەو کەسانەی کە بردوویانە ئەو ماددە کیمیاویانە سزای بۆ هاتووە، یەعنی کە دەبینم لێرە بێ هیچ موشکیلەیەك دەفرۆشن، پێویستە ئەوەش وەکو ماددەکان لەژێر کۆنترۆڵی وەزارەتدا بێت کە بتوانن بەم شێوەیە هەندە ئەوە نەبێتن کە ئەزیەت بەژینگە بگەیەنێتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو کاك بەهمەن.

**بەڕێز بەهمەن کاك عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبعەن لە فەقەرەی سێ لە ماددەی (١٠) هاتووە ئەڵێ بیر هەڵکەندن یان بەکارهێنانی ئاوی ژێرزەوی بەبێ مۆڵەتی وەزارەت، بەڵام هەرچەند لە ماددەی (١١) دیاریکراوە ئەڵێ ئەو بیرانەی تائێستا بە مۆڵەت و بێ مۆڵەت هەڵکەنراون وەزارەت پابەندە بەوەی کە تۆمارێکی هەبێت تۆمار چ سوودێکی هەیە، یەعنی هەق وایە بڕیار بدرێت ئێمە ئەزانین لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا بیرێکی ئێجگار زۆر لە کوردستان لە زۆر ناوچە بەتایبەتی لە سنووری گەرمیان لێدرا بەبێ مۆڵەتی وەزارەت، ئەمانە ئێستا گەرمیان و بەتایبەتی ئەو ناوچانەی سنووری کەرکوك و خانەقین مەترسی وشکە ساڵیان لەسەرە بیرێکی یەکجار زۆریش لێدراوە، بۆیە دەبێت لەم یاسایە عیلاج بکرێت ئەمانە یەعنی هەندێك مەزرەعە هەیە زۆر بچووکە، بەڵام بیری زۆر گەورەو ئیرتیوازیان لێداوە ئەمە خەتەرە لەسەر ئاوی ژێرزەوی ئەمە کۆنترۆڵ نەکرێت ئەوەی کە تائێستا کراوە زۆر زۆرە، فەقەرەی چوارەم/ ئەڵێ هەر چالاکیەك بۆ کۆگاکردن یان کەمکردنەوەی سەرچاوەکانی ئاو بەبێ مۆڵەتی پێش وەخت، دیارە کۆگاکردن لەگەڵ سەرچاوەکانی ئاو ناگونجێن بەیەکەوە کۆگاکردن خۆی سوودی هەیە بۆ ئاو، ئەگەر ئاو کۆگا بکرێت لە شەوێنێکا

گلبدرێتەوە هیچ زەرەرێکی نییە سەرچاوەی ئاو کەمناکاتەوە، بۆیە ئەو دوو وشـەیە گونجـاونین بەیەکەوە دەکرێ بوترێت هەر چالاکییەك ببێتە هۆی کەمکردنەوەی سەرچاوەی ئـاو ڕێگەپێـدراو نییە، بۆیە بەتەئکید ئەو کۆگاکردنە لەوێ لەگەڵی ناگونجێت ببێتە هۆی ئەوەی کە هەر چالاکیەك ببێتە کەمکردنەوەی سەرچاوەی ئاو، بۆ مەسـەلەی بیرەکـانیش لە مـاددەی (١١) کەهـاتینە سـەری قسە ئەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو گوڵستان خان.

**بەڕێز گوڵستان باقی سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت ماددێ (١٠) خالا هەشتێ بەکارهێنانا ماددێن ژەهراوی ئەز بارم یـان خـالا نەهێـژی دایە گۆتی پاشماوەیەن نەوتی، یەعنی گەلەك ماددێن ژەهراوی دناڤ پاشماوەی نەفتی دا دەردکەڤن، ئینجا ئەز باوەڕم ئەگەر ببیتە یەك بڕگە باشتر دەبیـت و ڕوونکردنەکـی لسـەر وی چەنـدی ددەم، سەبارەت مـاددێ ژەهـراوی پـیس بوونـا ژینگەهـێ گەلەك مـاددێن ژەهـری ژدروسـت دبـن وەکـو پاشـماوەی خەڵـك فـڕێ دداتـن و تـڕومبێلێن کـۆن ئەوێ گەلەك دووکەڵـێن دکەن یـان سـووتاندنا نەفتێ ڕۆژانەدا گەلەك ماددێن مەترسی ژ بەرهەم دهێنن، ئەڤ ماددە ژی دبەن ئەگەر وێ چەندێ گەلەك گاز ژ پەیدا بین و ئەڤ گازە دبەرگێ هەوادا دروست دبن و دبنە ئەگەرێ لبەرهەندێ قرش ژێ بەرهەم دێن ئەڤ قرشـەش ژ کاریگەریەکـا گەلەکـا مەزن لسـەر ژینگەهـێ دکەن و مەترسـیێ پەیدا دکەن لبەر هەندێ دبیتن گەلەك جارا سامانێ ماسی دناڤ بچیتن یان ژی ئـاو ئاڤـا دێـتە ڤە خارن ژی ئەو ژی گەلەك ئەگەرێ ڤان تەشانا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك عثمان .

**بەڕێز عثمان علی سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێویستی دەزانم دەست خۆشی لە هەردوو لیژنەی تایبەتمەند بکەم، بەڕاسـتی ئەم بـابەتە زۆر گرینگە هەموو پڕۆژەکە گرینگە، بەڵام ئەم ماددەیەیان زۆر، حەزم لێبوو پرسیارێك بکەم وەڵامـم دەست کەوێت، ئایا هیچ یاسایەکتان لێرە نووسیوەتەوە دەربارەی ئەو پـڕۆژانەی کە کشـتوکاڵین لەژێر مەزراو ئاوەڕۆی شارەکانەوە دروستکراون، واتە ئاوی بەکارهاتوو ئەو ئـاوانەی کەوا لەگەڵ ڕێزم بۆ ئەو مەقالە یانی بەکارهاتووەو پیس بووە، ئـاوەکە ئێسـتا سـەوزەی لەبەر دەکرێـت، ئایـا هیچ یاسایەکتان داناوە فەقەرەیەك لەوەی یان نا؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك اسماعیل.

**بەڕێز اسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگیریا سیپانی دکەم خاڵا هەشتێ و نۆیەم و دەیەم و یانزەم مومکنە بکەینە یەك، بێژین هەر دەستکاریەکا زیانێ بگەیەنیتە ژێدەرێت ئاڤێ ڕێ پێنەدایەو سەرپێچی دێتە هەژمارکردن، پێ تیڤی ناکەت ئەوە ئەوسا بێتە دیاریکرن، چونکە سوباهی یەك دێ ماددیە ڕەژیێ هاوێتە ناڤ ئاڤێ دا باشە ماددیێت ڕەژیی قانوونێ دا نینە مەعناوێ ناهێتە عقووبە کرن مەعنای ئەو هاتە ڕزگاربوون ل عقووبەو سزایش لبەر هەندێ ئەز بێژم هەر تەسەروفەکا زیانێ بگەیەنێتە ژێدەرێت ئاڤێ سەرپێچی تێتە هەژماردن تا کەسیش ل عقووبێت خلاس نەبیت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك رزگار.

**بەڕێز ڕزگار محمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (١٠) باس لەوە ئەکات ئەم کارانەی خوارەوە ڕێگەپێنەدراون، منیش هەر هەمان ڕەئی کاك (علی)م هەیە، ئەو سزایانە کە بەیەك مەسافە دانراوە لە ماددەکانی دواترا ئەمە بەڕاستی دەکرێت هەر ماددەیەك سزای خۆی هەبێت، چۆن ئەکرێت یەعنی کارگەیەك ڕووبارێك پیس بکات لەگەڵ کەسێك زەرفێك بخاتە ناو ڕووبارەوە، یەعنی ئەمە ئەکرێت جیاوازی بکرێت، پشتیوانی قسەکانی کاك علی دەکەم کە هەم لیژنەی شارەوانیش پەیوەندیدارە لەم یاسایەدا، لەبەر ئەوەی یاسای پێشووتر کە دەرچوو بۆ بەکرێدانی موڵکەکانی دەوڵەت ئێستا گرفتێکی زۆری بۆ شارەوانی دروست کردووە یەعنی دوکاندارەکان هەموویان ئەوەی کە ئێمە بەدواداچوونمان کردووە سەرمان لێیان داوە زۆر نیگەرانن لەوە، وەمن پیشتوانی لە دکتۆر محی الدین و کاك علی و کاك بەهمەن دەکەم پێشنیاریش دەکەم کە وەکو پێشتریش ئیشارەتم پێدا کە هەر یاسایەك یان هەر بڕگەیەك بەپێی ئەو تاوانەی کە ئەکرێت سزای بۆ دابنرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك بهجت.

**بەڕێز بهجت علی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت ماددێ (١٠) ئەو کارێت ڕێگەپێنەدراون خاڵا ئێکێ فڕێدانی پاشەڕۆی ناو ماڵ، پیشەسازی، کشتوکاڵ، یان هەر بوارێکی دیکە بۆ ناو سەرچاوەکانی ئاو لێرە پێشنیار دەکەم ئەڤێ جوملە لێ زێدەکەن، چونکە شەرت نینە پاشەڕۆیێ بەس باڤێنە ناڤ ژێدەرێ ئاڤێدا بەڵکو ناوچەکانی ئاوی خواردنەوەو ئاوی ژێرزەویشی تێدا بێت، یەعنی ئەو مەنگقە کو پاشماوە هاڤیشتنێ ئیحتیماله چیایەك بیت دەشتەك بیت گرەك بیتن باو باران ببیتە سەبەبێ هەندێ کو وان تشتێ قەدەغە کرییبیت بینتە ناڤ جێهێ ژێدەرێ ناڤ ئاڤێ، پێشنیار دەکەم خالەکا دی زێدەبیتن تەسەسولا ژمارا(١٢) کە خاڵا نەهێ بەعسێ فڕێدانی پاشماوەی نەوتی دکەتن، بەس ڤێرە پێشنیار دەکەم خاڵا دوازدە لێ زێدەببیتن بێژیتن بەکارهیناناکەرەستێن کیمیاوی دەمێ کۆڵانا بیرە نەفتێ ۆە دەبنە ئەگەرێ پیسبوونا ئاڤا ژێر زەڤی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو گەلاوێژ خان.

**بەڕێز گەلاوێژ عبید عثمان :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٠) خاڵی یەکەم، بڕگەی یەکەم: فڕێدانی پاشەڕۆی ناوماڵ و پیشەسازی و کشتوکاڵی یان هەر بوارێکی دیکە پێموایە ئەوە هەموو هەر چوار خاڵەکەی تر هەشتەم و نۆیەم و دەیەم لەخۆ دەگرێتن لەگەڵ یانزەم، بەڵام لێرە دەڵێت تەنها لەو بارەدا نەبێت کە چارەسەری زانستی بۆ کرابێت ناکرێت ئەوەش بخرێتە ناو ئاو، چونکە لەوانەیە ڕەنگی ئاوەکەی تامی ئاوەکەی بگۆڕێتن ئەوەش کاریگەری دەبێت و پێکهاتە کیمیاوییەکەشی دەگۆڕێت، بۆیە ئەو بڕگەیە پێم باشە لابردێت، چونکە ناکرێت ئێمە دەزانین پاشماوەکان کە چارەسەری کیمیاوییان بۆ دەکرێت یان چارەسەری زانستیان بۆ دەکرێت دەبنە خۆڵەمێشێك یان شێوەی خۆڵەمێشی لێدێت یان هەندێکی تریش هەر ماددەکە یان کاڵایەکە دەمێنێتن بەس تەعقیم دەکرێتن چارەسەری زانستی، بۆیە ناکرێت بەهیچ شێوەیەك ئەگەر چارەسەری زانستیشی بۆ کرابێت فڕێبدرێتە ناو سەرچاوەکانی ئاو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك عثمان .

**بەڕێز عثمان کریم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادەی (١٠) بڕگەی پێنجەم: داپۆشینی پاشەڕۆ بەهەر ڕێگەیەك کە دەرئەنجام کاریگەری لەسەر جۆری سەرچاوەکانی ئاوی سەرزەوی یان ژێرزەوی یان ژینگەیی دروست دەکات ( ژینگەی) بۆ زیادبکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر سەرەنجتان نیە بچوونە سەر ماددەی(١١)، کاك بژار فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە پرسیاری سزاکان، ماددەی (٢٠، ٢١) دەست پێدەکات سزامان ئەوەی خیلافی ئەو بڕگانە حوکمەکانی ئەم یاسایە بکات، سزاکان دیارن کەدەگەنە سەر ئەو ماددەیە دەتوانین لەوێ گفتوگۆی زیاتر بکەین، سەبارەت بەو پرسیارەی کاك عثمان بەڵێ لەم ڕاپۆرتەشداو لە یاسای تریش تۆڕو بنچینەکانی ئاو ئاوەڕۆ لەوێش باسکراوە لە هەردوو یاساکەدا، لێرە حەزدەکەم ئاماژە بەشتێك بدەم لەڕووی ئیختصاصی ئەصیلی ئەم ئەنجوومەنە یاسای وەزارەتی شارەوانیمان هەیە کە لەناو هەیکەلییەتی وەزارەتی شارەوانی تەنیا مودیریەی عام هەیە، مودیریەی ئاو ئاوەڕۆ کە ئەوە ئەندامی ئەصیلی ئەو ئەنجوومەنەیە مافی دەنگدانیشی هەیە، ئەگە، لێرە پرسیار دروست دەبێت بۆ وەزارەتی شارەوانی کەم دەسەڵاتی هەیە لە ئەنجوومەنەکە، ئینجا دەگەڕێینەوە بۆ دوو بابەتی تر.......

**بەڕێز هێمن احمدحەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان گوێتان لە کاك بژار بێت، فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبداللە:**

....... چونکە ئەوە یاساکانن یاسایەکمان هەبوو پێشتر یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٠٦ یاسای وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاو لە هەرێم، ئینجا دواتر لە یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٠ یاسای وەزارەتی کشتوکاڵ ئەم وەزارەتە هەڵوەشاوە ئەم ییاسەیەش هەڵوەشاوە ڕێك هەیکەلییەتی ئەم وەزارەتە کە وەزارەتێکی مەعنی سەربەخۆ بوو بەپێی یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٠٦ یاسای سەرچاوەکانی ئاو هەر لێرە دەمج بووە لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵ، بۆیە لێرە ئەو ئەنجوومەنە زیاتر هەموو دەسەڵاتێك یان وەکیل وەزیری موختەصی سەرچاوەکانی ئاو لەگەڵ چەندین بەڕێوەبەرایەتی گشتی کە کۆکراوەی هەردوو وەزارەتی کشتوکاڵە وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاو کە پێشتر یاسای هەبوو نەماوە ئەوە هەمووی لە ئەنجوومەنەکە ئەندامن، تەنیا لەویٚ یەك بەڕێوەبەری گشتی کە لەناو هەیکەلی وەزارەتی شارەوانی مەعنیە بەم بابەتە لەبەر ئەوە بەتەنیا ئەوە لە وەزارەتی شارەوانی ئەندامە لەو ئەنجوومەنە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی(١١) فەرموو کاك هەڵکەوت.

**بەڕێز هەڵکەوت انور خلیفە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی(١١):

یەکەم: وەزارەت سیستەمی چاودێری لەسەر جۆری ئاو لە سەرچاوەکانی ئاوی سروشتی دادەنێت بۆ مسۆگەر کردنی پاراستن و زیادکردنی توانست بۆ ڕێگرتن لە پیس بوون،

دووەم: وەزارەت پابەندە بە دانانی تۆمارێکی تایبەت بەو بیرانەی کە بەر لە دەرچوونی ئەم یاسایە بەمۆڵەت یان بیٚ مۆڵەت هەڵکەندراون، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان لەسەر ماددەی (١١) هەر بەڕێزێك ئەیەوێت گفتوگۆ بکات با ناوی خۆی تۆماربکا؟ (بدریە خان، دکتۆر اسماعیل، گوڵستان سعید، کاك یاسین، کاك بهمەن، مامۆستا حسیبە، کاك شاخەوان) کاك شاخەوان فەرموو.

**بەڕێز شاخەوان رؤوف مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی(١١):

بڕگەی یەکەم: وەزارەت سیستەمی چاودێری لەسەر جۆری ئاو لە سەرچاوەکانی ئاوی سروشتی دادەنێت بۆ مسۆگەرکردن و پاراستنی زانست و بۆ ڕێگریکردن لە پیس بوون، ئەمە لێرە تەنها قەزدی سەرچاوەی ئاوییەکانە بابڵێین ئەوانەی کە چاودێریکردنی سەرچاوەی ئاو لەسەر جۆری سەرچاوەی ئاو لە سەرچاوەکانی ئاو، بەڵام هەندیٚ لە کارگەی دروستکردنی ئاو لە کارگەی ئاوی بابڵێین ئەوەی کە ئێستا هەیە لە هەرێمی کوردستان ئەم کارگانە سەرچاوەی ئاوی ڕەسمیان نییە تەنها لە ڕێگەی بیری قوڵ و بیری ئیرتیوازی ئەوە ئەکەن لێرە ئاماژەی نەداوە بەوەی کە تەنها ئەڵێت لە سەرچاوەکانی ئاو باسی بیری قوڵی نەکردووە، چونکە هەندیٚ لە کارگەکان ئەو ئاوەی

که بەکــارئەهێنن ئەیــکەنە دەبە، ئەیــکەنە پەرداخ ئەوە لەبیــری قــوڵیش دەردەکەن، حەق وایە لێرەش ئاماژە بدرێ بە ئەو بیرەی کە بیری قوڵ و ئەو بیرانەی کە بەکاردێن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو گوڵستان خان.

**بەڕێز گوڵستان سعید حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سـەبارەت بە مـاددەی (١١) بـڕگەی یەکەم: وەزارەت سیسـتەمی چـاودێری لەسـەر جـۆری ئـاو لە سەرچاوەکانی ئاوی سروشتی دادەنێت بۆ مسۆگەر کردنی پاراستن و زیـادکردنی توانسـت و بـۆ ڕێگریکردن لە پیس بوون، تێبینیم لەسـەر داڕشتنەوەی هەیە وەزارەت بە سیسـتەمی چـاودێری جۆری ئاو سەرچاوەکانی ئاوی سروشتی دەپارێزێت بۆ مسۆگەر کردنـی پاراسـتن و زیـاد کردنـی توانای ڕێگریکردن لە پیس بوون بەم شێوەیە بنووسرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو حسیبە خان.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ماددەی (١١) مـن ئەوە بە ئەرکـی وەزارەت ئەبیـنم کە ئەو سیسـتەمە دابنێـت، بـۆیە پێویسـتە بکرێت بە مەرج بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە، دەبێت وەزارەت سیستەمی چاودێری دابنێت لەسەر جۆری ئاو لە سەر چاوەکانی ئاوی سروشـتی بـۆ مسـۆگەر کـردن و پاراسـتنی ئـاوی سـەرزەوی و ژێرزەوی و زیادکردنی توانست بۆ ڕێگرتن لە پیس بوون، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو کاك بەهمەن.

**بەڕێز بەهمەن کاك عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١١) فەقەرەی دووەم وەزارەت پابەنـدە بە تۆمـارێکی تـایبەت بـۆ ئەو بیـرانەی کە بەر لە دەرچوونی ئەم یاسایە بە مۆڵەت یان بێ مۆڵەت هەڵکەندراون، تەنها ئەوەندە بەس نییە دەبێـت بڵێـت وەزارەت، هەروەهـا بڕیـار دەدات لەسـەر ئەو بیـرانەی ئەگەر بـۆ مەبەسـتی خـواردنەوەی گەڕەکێك یان گوندێك دوورە سەرچاوەی ئـاوی سـەرزەوی نەبێـت یـان بـۆ مەبەسـتی بـابەتێکی کشتوکاڵی گرینگ نەبێت بڕیار داخستنیان بدەن، چونکە ئەم حاڵەتە ئێستا لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان بیرێکی یەکجار زۆر لێدراوەو پێویست نییە هەندێکی هەر بۆ مەزرەعە و بـۆ شـوێنی خۆشی بەسەر بـردن هـاتووە، هـیچ گەڕەکێـك یـان گونـدێکی لەسـەر نـیـە وە هـیچ پڕۆژەیەکـی کشـتوکاڵی گرینگیشـی لەسـەر نیـیە بە دڵنیـایی لە هەنـدێك نـاوچەی کوردسـتان دووبـارەی دەکەمەوە، ئـێمە مەترسـی بە بیابـان بوونمـان لەسـەرە وە ئەمە بـۆ سـاڵی دووەمە لەسـەر یەکە خەریکە لە هەندێ نـاوچە ئیعلانـی وشـکە سـاڵییەك هەیە، کە ئەم وشـکە سـاڵییە بەردەوام بێـت مەترسی ڕوودەدات، بۆیە دەبێت ئەو بیرانە ڕابگیرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو بدریە خان.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١١) بڕگەی یەکەم پشتگیری لە قسەکانی حسیبە خان دەکەم، پێشنیار دەکەم بڕگەیەك بۆ ئەم ماددەیە زیاد بکرێت، پێویستە هەڵکەندنی بیر زانستیانە بێت و بەپێی جوگرافیاو ژمارەی دانیشتوان و موراعاتی بۆ ئایندەی خاکەکەمان وە پێویستە کە باسی سنووری جوگرافی و دانیشتوان دەکرێت، پێویستە بۆ نموونە لەهەر شوێنێك بڕیار دەدرێت یان مۆڵەت بۆ هەڵکەندنی بیر هەژماری دانیشتوانی ئەو گەڕەکە بکرێت کە ئەوانیش لێی سوودمەندبن وە پێویستە کە گوتمان لەژێر چاودێری و ڕێنمایدا بێت لە هەندێك وڵاتی دراوسێ، بۆ نموونە مەترسیدارە بگاتە (٦٠م) قەدەغە ئەکرێت، بۆیە مەفروزە ئەو خاڵە لێرەدا جێگیر بکرێت کە هەڵکەندنی بیر زانستیانە بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك یاسین.

**بەڕێز یاسین خضر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

واللەی من دەمەوێت یەك ڕوونکردنەوە بدەمە ئەو خوشك و برا بەڕێزانە، ئەو پرۆژە یاسایە بۆ کشتوکاڵە ئەو پڕۆژە یاسایە نەبۆ ڤێلایەو نە بۆ ماڵانەو نە بۆ گەڕەکانە، یەعنی بۆ ئەمە تێکەڵاوی نەکەین هیچ پەیوەندی بەهیچ وەزارەتێك نییە تەنها پەیوەندی بە وەزارەتی کشتوکاڵە بۆ کشتوکاڵ کردن نەك بۆ ماڵان و بۆ ڤێلاو ئەوانە، بۆیە داوایان لێدەکەم تێکەڵی نەکەن بە حوکمی ئەوەی من ئەندامی لیژنەی کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاوییەکانم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر ڕوونکردنەوەیەك پێویست بێت لیژنەی تایبەتمەند هەیە، بەڕێزان لەجێی خۆتانەوە قسە مەکەن، فەرموو کاك یاسین تەواو؟

**بەڕێز یاسین خضر طە:**

بەڵێ تەواو بەس بۆ جوابم دەدەنەوە، خۆ بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ نابێت ئەندام پەرلەمان جوابی ئەندام پەرلەمان داتەوە، بەڵام ئەوە نووسراوە لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری سەرچاوەی ئاو، یەعنی چ پەیوەندی بە خانوو هەیە، چ پەیوەندی بە بیری ماڵان هەیە، ئەوە پڕۆژەیەکە کە دانراوە بۆ کشتوکاڵ کاکە، بۆ ئەوەی دانەنراوە بۆ ماڵان یان ڤێلا لەگەڵ ڕێزم بۆ هەموو لایەکی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك اسماعیل.

**بەڕێز اسماعیل علی طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیا من سەر خاڵا دووێیە، خاڵا دووێ بێژیت وەزارەت پابەندە بە دانانی تۆمارێکی تایبەت بەو بیرانەی کە بەر لە دەرچوونی ئەم یاسایە بە مۆڵەت یان بێ مۆڵەت هەڵکەندراون، بەمەبەستی چی بوو چ هەدەف بۆچ ئامانج، یەعنی موجەرەد تۆمارکردن هەر تۆمارکردن پێ تڤیا یەعنی جملەك ڕستەکا دی بێتە ئیزافە کرن بۆ مەبەستا پێداچوونەوە ئان دیڤ چوونێ ئان بۆ کارێکی پێویست، چونکە جارێت زڤریتە وان بیرێت بێ مۆڵەت دا کە چ ئیجراحاتەکا پێ تڤیا دەرحەق بێتە وەرگرتن ئەڤێ مۆڵەت ژی زیادەڕەوی کری دیسان وانە ژی دا ئیجراحاتا پێ تڤی بێنە کرن هەدەفا ڤێ خاڵێ نەیا دیارا وەزارەت ڤی شکلیا مەبەست لێ تۆمارەکی، چونکە کەرەمکە قانوون تەنفیز کرد مە ئاوێت مۆڵەت هەی و مۆڵەت نەی ڤێ تۆمارێدا سەجل کری ژبەر هەندێ ئەز دبینم زەرووریە هەڤا ڤێ خاڵێ بێتە دیاریکرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك بەڵێن.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی(١١) بڕگەی دووەم کاك بەهمەن و کاك دکتۆر اسماعیل شەرحێکیان دایە لەسەر ئەوانەی کە لە ڕابردووا ئەو بیرانەی کە مۆڵەت و بەبێ مۆڵەت، بۆیە من لەگەڵ شەرحەکەی هەردوولایان دام، بەڵام بۆ ئەوەی کە وەکو پێشنیازێك جێگەی کەینەوە ئەو تێبینیانەشی تیا جێگە بێتەوە بەم شێوازە دابڕێژرێتەوە، وەزارەت پابەندە بە دانانی تۆمارێکی تایبەت بەو بیرانەی کە بەر لە دەرچوونی ئتو یاسایە بە مۆڵەت یان بێ مۆڵەت هەڵکەندراون و گرتنە بەری ڕێکاری پێویست بۆ گونجاندنی ئەحکامەمانی ئەم یاسایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی تایبەتمەند ئەگەر سەرەنجێك جوابێك؟ کاك بژار فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری قسەکانی مامۆستا بەهمەن دەکەم، دەبێت عیلاجێك بکەین وەکو گرەنتیەك بۆ ئەو حاڵەتانەی کە بیر بۆ ژیانی گوندێکە، یەعنی جیاواز بێت لە بیرێکی تر بۆ مەبەستێکی تر بۆ کارگەیەك بۆ بازرگانی و شتی تر، برگەی سێیەم لە ماددەی (١٨) زیاتر ئەم مەوزووعەم تەنزیم کردیە لێرە دکتۆر اسماعیل ڕاستە، بەڵام شتێکی تریش هەیە کە ئەو سجلەی ئێستا هەبێت بۆ ئەوەیە، چونکە ئێستا لە فەراغی قانوونیدا نین لەبارەی ئەوە ڕێنمایی بەرکار هەیە لە وەزارەت، یەعنی ئەو بیرانەی مۆڵەتیان نییە پێش حوکمەکانی ئەم یاسایە تووشی سزا دەبن، تووشی غرامە دەبن بەپێی ئەو ڕێنماییانەی کە ئێستا بەرکارن دەگەینە ماددەی (١٨) برگەی سێیەم لەوێ هەڵکەندن و چۆنیەتی میکانیزمەکان هەمووی ڕێکدەخرێت بە ڕێنماییەك لەلایەن وەزیرەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

پرسیارێك سەرەنجێك هەبوو دەتوانن بۆیان بنووسن، ماددەی(١٢) فەرموو کاك نزار.

**بەڕێز نزار مەلا عبدالغفار:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ماددەی(١٢):
یەکەم: پێویستە بەکاربردنی ئاو لە هەرێم بەپێی ستانداردو کوالێتی جیهانی بێت.
دووەم: چارەسەر کردنی سەرچاوەی ئاوە پیس بووەکان و ئاوەڕۆکان بەدانانی وێستگەی چارەسەری گونجاوی سەردەمییانەی دەبێت.
سێیەم: هەر پرۆژەیەك کە پاشەڕۆی لێ پەیابێت تا ئەو کاتەی ڕێنمایی وەزارەتە پەیوەندیدارەکان
جێبەجێ نەکات ڕێگا بە دامەزراندنی نادرێت.
چوارەم: ڕێگە بە دامەزراندنی هیچ پڕۆژەیەك نادرێت ئەگەر یەکەی چارەسەر کردنی پاشماوەی نەبێت.
پێنجەم: ئەو پرۆژانەی بوونی یاساییان هەیەو پاشماوەیان دەڕژێتە ناو سەرچاوەکانی ئاو ماوەی شەش مانگیان لەڕێکەوتی بەکاربوونی ئەم یاسایە پێ دەدرێت بۆ دامەزراندنی یەکەی پاشماوە بە پێچەوانەوە مۆڵەتی کارکردنیان لێ دەسەندرێتەوە، زۆر سوپاس.
**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
هەر بەڕێزێك لەسەر ماددەی (١٢) ئەیەوێت گفتوگۆ بکات با ناوی خۆی تۆمار بکات؟ دەست دامەگرن بەڕێزان تا ناوتان ئەنووسرێت، (کاك مەم. نجاة خان، کاك هێڤیدار، کاك چیا، مامۆستا حسیبە، لەنجە خان، کاك علی، کاك دابان، کاك سیروان، بدریە خان) کاك مەم فەرموو.
**بەڕێز مەم اسکندەر مەم:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ئەوەی تێبینیمان کرد لەماددەکانی پێشووتریش بەشێوەیەکی گشتی ئەوەی خۆی لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناگونجێنێت، تەنیا باسی ئەوەی کرد کە مۆڵەتەکەی لێ بسەندرێتەوە، بۆ نموونە مەسەلەن فەقەرەی پێنجەم لە ماددەی (١٢) دەڵێت ئەو پرۆژانەی بوونی یاساییان هەیەو پاشماوەیان دەڕژێتە نێو سەرچاوەکانی ئاو، ماوەی شەش مانگیان لە ڕێکەوتی بەرکاربوونی ئەم یاسایە پێ دەدرێت بۆ دامەزراندنی یەکەی چارەسەرکردنی پاشماوە بەپێچەوانەوە مۆڵەتی کارکردنیان لێ دەسەندرێتەوە، لەماوەی ئەو شەش مانگە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە بگونجێنێت، ئەگەر نەگونجێنێت لێ سەندنی مۆڵەتی کارکردنیان تەنیا بەس نییە با سزایەکی تریشی تیا بێت، چونکە پیسکردنی ژینگە ئەوە خۆی تاوانێکە، زۆر سوپاس.
**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس، فەرموو حسیبە خان.
**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی من تێبینیم کردیە وشەی (پێویستە) زۆر لەناو ئەو یاسایە دووبارە بوویتەوە، خۆی ئەم یاسایەش وەکو زەروریەت پێویست بووە کە بەکاربێت، بۆیە ئەو شتانەی کە لەناو یاسایەکە ئەنووسرێنەوە پێویستە بکرێنە مەرج لەسەر هەردوولا، یانی هەم لەسەر وەزارەتە مەعنیەکان وە هەم لەسەر بەکاربەرەکان و خاوەن پرۆژەکان، بۆیە من پێشنیاری ئەوە دەکەم بڕگەی یەکەم بەم شێوەیە لێبکرێت، پێویستە خستنە ڕوو بەکارهێنانی ئاو لە هەرێم بەپێی ستاندارت و کوالێتی جیهانی بێت.

دووەم: لە بڕی وشەی چارەسەرکردن (پاکردنەوە) دابنرێت، بەم شێوەیە پاکردنەوەی سەرچاوەی ئاو و ئاوەڕۆ پیس بووەکان بە دانانی وێستگەی چارەسەری گونجاو سەردەمیانە، بڕگەی سێیەم و چوارەم ئەگەر تەماشا بکەین هەردووکیان ڕێگە بە لێ سەندنەوەی متمانەی پرۆژەکە ئەدرێت وە ڕێگە پێدراو نییە خولاسەیە لە هەردووکیان بۆیە من پێشنیاری ئەوە دەکەم بڕگەی سێیەم لابدرێت بڕگەی چوارەم خۆی مەعنای ئەویش تەکمیلە دەکات کە ئاماژەی پێکردیە کە ڕێگە بە دامەزراندنی هیچ پرۆژەیەك نادرێت ئەگەر یەکەی چارەسەرکردنی پاشماوەیی نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو لەنجە خان.

**بەڕێز لەنجە ابراهیم عبدالرحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (١٢) خاڵی سێیەم دەڵێت هەر پرۆژەیەك کە پاشەڕۆی لێ پەیدا دەبێت تا ئەوکاتەی، لێرە وا باشە کە بڵێین لە ناوەڕۆکە پرۆژەکە ڕێنمایی وەزارەتە پەیوەندیدارەکان جێبەجێ نەکات ڕێگە بە دامەزراندنی نادرێت، هەروەها بەنسبەت خاڵی سێیەم و چوارەم ئەگەر بکرێت ڕێکبخرێتەوە وەکو یەك خاڵ پشتگیری لە پێشنیارەکەی حسیبە خان دەکەم ڕەنگە گونجاوترو ڕێکتر بێت، هەروەها لە خاڵی پێنجەم بەهەمان شێوە پشتگیری لە پێشنیارەکەی کاك مەم دەکەم ڕاستە دەڵێت مۆڵەتی کارکردنیان لەماوەی شەش مانگ پابەندی ڕێنماییەکان نەبوون لێ دەسەندرێتەوە، بەڵام با ئەوە کیفایەت نەبی، بۆیە پێشنیار دەکەم چارەسەری پیس بوونی ژینگەو ئاوەکەیان دەکەوێتە ئەستۆ کە لە دەرئەنجامی پاشماوەی پرۆژەکانیان دروست دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك علی.

**بەڕێز علی حەمە صاڵح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیارم ئەوەیە کە ئەم ماددە بەتەواوەتی تەرخانکرێت بۆ وەحدەی موعالەجە (ریسایکلین) چارەسەر، ئەگەر سەیری خاڵی یەکەم بکەین خاڵێکی گشتگیرەو هیچ ئیجرائیاتییەکی تیانییە بە ستاندارتی دوەلی وشەیەکی مەگاگیە، چۆن بەکاردێت کێ ڕیقابیەی دەکات یان نا، بۆیە پێم باشە یەعنی دیاری بکرێت سەرەتا پرۆژەکان چین کە تەعریفی پرۆژە نەهاتووە لە تەعریفەکانی پێشووترا پرۆژەی کشتوکاڵییە، چونکە پرۆژەی کشتوکاڵی وەعدەی

موعالەجەی پێویست نییە پرۆژەی پیشەسازی و نیشتەجێ بوون ئەگرێتەوە ئەمەش بەڵگەیەکە بۆ ئەوەی ئەمە هەر بابەتە کشتوکاڵییەکان نییە ئەم یاسایە، بۆیە دیاری بکرێت کە پرۆژەی پیشەسازی و نیشتەجێ بوونەکان دەگرێتەوە، خاڵی چوارەمیش ئەڵێ رێگە بەدامەزراندنی هیچ پرۆژەیەك نادرێت، پرۆژەی چی؟ ئەبێت ئەمە ڕوونبکرێتەوە، خاڵی پێنجەم مەرج نییە پاشماوەکان تەنیا بچێتە ناو ئاوەوە، ئەگەر وەحدەی موعالەجە دانرێت بۆ نموونە لە هەندێ پرۆژەدا هەیە ئاوی ماڵان وەحدەی موعالەجەی داناوە دواتر ئاوەکە بەکاردەهێنرێتەوە بۆ سەوزایی و بۆ ئاودان، یەعنی هەموو پرۆژەیەك ئیجبار بکرێت چ پیشەسازی بێت چ نیشتەجێ بوون بێت وەحدەی موعالەجە دانرێت، بۆ ئەوەی پاشماوەکە دیسان بەکاربهێنێتەوە، بۆ نموونە هیچ نەبێت بۆ سەوزکردنی مەنتیقەکەی خۆی و ئەمە ئەو پرۆژانەش بگرێتەوە کە لە ئێستادا مۆڵەتیان هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك دابان.

**بەڕێز دابان محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی قسەکانی کاك علی دەکەم قسەکانمی کردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك سیروان.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (١٢) منیش پێم وایە هاوڕای کاك (علی)م، کە بەپێی ئەوەی یەکەم هەر زیادە ئەو ستاندارتە ئەوشتە خۆی دیارە ئەگەر سەیارەو هەبێت ئەبێت تایەی هەبێت پێویست بە بەکارهێنانی ئاو، پێم وایە ئەوە زیادە ئەگەر دەمج بکرێت لەگەڵ دووەم، پێم وایە کارێکی خراپ نابێت، چوارەم ئەڵێت رێگە بەدامەزراندنی هیچ پرۆژەیەك نادرێت هەتا دوایی، بەڵام ئەمە ئەبێت بۆ ئەو پرۆژانەی کە مۆڵەتیشیان هەیە خۆیان بگونجێنن لەماوەی ئەوەنەیا، چونکە ئەگەر خۆیان نەگونجێنن کەواتە کە پرۆژەی تازە دێتە کایەوە بەپێی ستاندارتەکانە ئەی ئەو پرۆژانەی کە(١٠) دە ساڵ لەمەو پێش کردوویانە چۆن خۆیان ئەگونجێنن سزاکانیان چییە؟ هەروەها پشتگیری لە ڕەئیەکەی کاك (مەم) دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو بدریە خان.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١٢) بۆ بڕگەی یەکەم پشتگیری لە قسەکانی (حسیبە) خان دەکەم، هەروەها پێشنیار دەکەم خاڵی شەشەم زیاد بکرێت، من دەپرسم لە لیژنەی پەیوەندیدار بۆ بابەتی ڕیسایکلینی ئاو دانەنراوە، پێشنیار دەکەم کە بڕگەیەك بۆ ماددەی (١٢) زیاد بکرێت کە باس لە ڕیسایکلینی ئاو بێت، هەروەها پشتگیری لە قسەکانی کاك (علی) دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو کاك هێڤیدار.

**بەڕێز هێڤیدار احمد سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (١٢) یەعنی قانوون کە دەرئەچێت دەبێت لە ئەرزی واقع جێبەجێ بکرێتن، پێنجەم ئەو پرۆژانەی کە بوونی یاساییان هەیەو ئەو پاشماوانەیان دەڕژێتە ناو سەرچاوەکانی ئاو ماوەی شەش مانگ، ئاخر مەعقولە ماوەی شەش مانگ ئەو پرۆژە بچێتە دەرەوەی مەشروعەکە بینێ و ببەستێ و ئەوەی بۆ بکاتن، ئێ ئەگەر جێبەجێ نەبوو دێت دەبێ واسطە بکەی توخوا کوا بۆم درێژکەوە یەعنی خۆی قانوونەکە لە عەرزی واقع جێبەجێ نابێت وە مۆڵەتی کارکردنیان لێ دەسەندرێتەوە لە عەرزی هەرێمی کوردستان لەو واقعەی هەرێمی کوردستان، توخوا کابرا پرۆژەیەکی پێنج شەش ملیار دۆلاری لێ دروست کردووە پێی ئەڵێی مۆڵەتت لێ دەسێنم، یەعنی قانوون کە دەرئەچێت حیسابی جێبەجێ کردنەکی بکەین نەکو حیسابی ئەوە والله شتێکی باشم نووسیوەو دواتر کە جێبەجێ نەبوو خۆی پەرلەمانتار ئەڵێ کاکە ئەوە بۆ جێبەجێ نەبوو هەر هاوار دەکەم و پرسیار دەنێرم و ئاوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو نجاة خان.

**بەڕێز نجاة شعبان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن دوو تێبینـی هەی لسـەر مـاددێ (١٢) بـڕگەی دووێ و بـڕگەی پێنجـێ، بـڕگەی دووێ چارەسەرکردنی سەرچاوەی ئاوە پیس بووەکان و ئاوەڕۆکان بەدانانی وێستگەی چارەسەری گونجاو و سەردەمیانە دەبێت ڤێرە بەرێ خۆ بدەینە تیڤیا دیڤ پرۆژەبیتن لێرە کو وەعدە جێ دانان کو چارەسەرێ، بێژین لێرە کو وێستگەی چارەسەری گونجاو سەردەمیانە بەپێی پرۆژەکان دەبێت، یانی پرۆژەی هەی یەکا چارەسەریا یەکا ناڤێت یان یەکا چارەسەریا دوو قۆڵی دڤێت یا هەیا سێ قۆڵی دڤێت دیڤ تایبەتمەندیا وان پرۆژان وێت هەین، بۆ نموونە کە بەرێ خۆ بدەینە ئەز چووبوومە پارێزگەها دهۆکێ کارگەها ل وێرێ بوو کارگەها کەبلێن گیانەبەرا ل وێرێ بوو ئەوە پیس ترین کارگەها لسەر ڕوێن عادی بوو بۆ پیس بوونا زەڤیا، یەعنی پیس بوونا ئاڤێ ڤێرە یاکا چارەسەریادا نەبوویا سێ قۆڵی مۆڵەتا ئایسو(ISO) ژ وەرگرتبوو پشتی وەرگرتنا مۆڵەتا ئایسو(ISO) هەمی تشت خلاس بووین هەکا توو بایەخ بدە بچی بەرێ خۆ بدە وەعدا موعالجانا کەزیا و سێ قۆڵی یا پرەش پیساتیا بکارناهینن و کو مۆڵەتیش ژ وەرگریتن، ژ بەرهەندی خالا پێنجێ تائکید لسەر هەندێ دکاتن بۆ وان پرۆژا ئاوێ نوکە دکارکردنێ دا ژ بەر هەندێ تڤیا یەکا چارەسەریا پاشماوا دیڤ پرۆژا بیت، چونکی هەندەك پرۆژە هەین موعتاجی موعالجا دوو قۆڵیە سێ قۆڵیە یەك قۆڵیە دیڤ پیس بوونا عادی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح(هێمن هەورامی) / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو کاك اسماعیل.

**بەڕێز اسماعیل علی طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەستپێکا پشتگیریا کاك (علی) دکەم زائیدەن ئەز پێشنیاردکەم ئەڤەش بێتە ئیزافەکرن بۆ خالا شەشێ هاریکرنا جووتیاران دا بهێنە پالدان بۆ کارهێنانا رێیەکی تەکنەلۆجی هاڤچەرخ بۆ ئاڤ دانێ ئەڤێت ببنە ئەگەرێ زێدە کرنا بەرهەمی و کەم بەکارئینانا ئاڤێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

پێویستی بە پشتگیری نییە ئەگەر هەر ڕەئیەکت هەبێت یەکسەر تۆماردەکرێت، فەرموو کاك چیا.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله تێبینیا من لسەر خالا دوازدە ماددێ (١) بوو پێویستە بەکاربردنی ئاو لهەرێمی کوردستان بەپێی ستاندارت بە کوالێتی جیهانی بێت ڕاستیش وەکو کاك (هێڤیدار) باسیکرد پرۆژە یاسایەکی چێکرد پێتڤیا جێبەجێ کرد کوالێتا جیهانی ڕاستیا هەرێما کوردستانێ تو بەراوورد نەشی بکەی دگەل ئاچا نەرویج یان سوید، بۆیە من پێم باشە بێتە گۆهرینا کوالێتە هەرێمی بیت نە جیهانی ئەز پشتیوانیا ئاخافتنێ کاك (هێڤیدار) دکەم لسەر وێ ماددێ، چونکی پێتڤیا یاسا جێبەجێ کرد نە تەنها نڤیسین بێت و لسەر وەرەڤێت بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ماددەی (١٣) فەرموون، نەینوسیووی منی خان فەرموو کاکە خوێندمانەوەش، کەس نەیووت ئیزافەکە فەرموو کاکە. فەرموو کاك ڕێبوار.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی یەکەم باس لە ستاندارت دەکرێ ستاندارت و کوالێتی جیهانی یان ئەبێت باسی ئیجرائاتەکە بکرێت کە زۆر ڕوون بێت یان وەکو خشتەیەك لە پاشکۆی پێشنیازە یاسایەکە هەبێت، بۆ ئەوەی کە ڕوون بێت، ئینجا لە بڕی کوالێتی پێموایە مەبەستیان کوالێتییە، چونکە کەمیە بەکاربێت بۆ ئاو نەك کوالێتی ئەمە یەك.

دوو: من لەگەڵ ئەو ڕایەنیم کە پێی وایە ئەم پێشنیازە یاسایە بەس بۆ پرۆژەی پیشەسازییە پرۆژەی پیشەسازی ناگرێتەوە، لەبەر ئەوەی هەندێ پرۆژەی کشتوکاڵی ئاژەڵداریمان هەیە بۆ نموونە پاشەڕۆی ئاژەڵەکان ئەچێتەوە ناو ئاوەکانەوە، بۆیە گرینگە ئەو موستەڵەحە وەکو خۆی بمێنێت پرۆژەکان نەك تەحدید بکرێت لەبەر ئەوەی پرۆژەی پیشەسازیش هەیە وە ئاژەڵداریش هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی تایبەتمەند ئەگەر سەرەنجتان نییە بچوونە سەر ماددەی (١٣). فەرموو کاك عثمان .

**بەڕێز عثمان کریم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی(١٣):

یەکەم: وەزارەت پلانـی سـاڵانە و مامناوەنـد و درێژخـایەنی کەرت و بـوارە جـۆراو جۆرەکـان لە بەکاربردنی ئاودا پەسەند دەکات بۆ هێنانەدی هاوسەنگی ئاو دادپەروەری لە دابەشکردنی دا.
دووەم: وەزارەت پـلان بـۆ ڕێگـرتن لە ڕۆچـوونی زەوی، سـێڵاو، لافـاو، چـاکردنی ڕێـڕەوی شـیو، کەناڵە گشتییەکان، کەنارو، ڕووبارەکان و چاودێری هاتنی ڕووبارو سێڵاو لافاو بەکارهێنانی ئاوی پڕۆژەکانی ئاودێری دادەنێت بەجۆرێك گرێنتی پاراستنی ئاو لە بەفیڕۆدان و پیس بـوون بکـات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێـزان لەسـەر مـاددەی (١٣) هەر بەڕێزێـك دەیەوێـت گفتوگـۆ بکـات بـا دەسـت بەرزکـاتەوە؟ ئەوانەی ئەیانەوێت گفتوگۆ بکەن (کاك بەهمەن، کاك ڕێبـوار، کـاك علـی، کـاك دابـان، کـاك بەلێن، گوڵستان خان، گوڵستان سعید، مامۆستا عمر) مامۆستا عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١٣) بڕگەی دووەم: ئەڵی وەزارەت پلان دائەنێـت تەبـعەن وەزارەت ئەرکـی جێبەجـێ کـردنە لەگەڵ پلاندانانیشـا، بـۆیە پێشـنیاردەکەم ئـاوای لـێ بکـرێتن (وەزارەت ڕێـگە دەگرێت لە ڕۆچوونی زەوی، سـێڵاو، لافـاو، چـاکردن) بەم جـۆرە، چـونکە عەمەلیـیەی پلانـدانان بەدوایا جێبەجێ کردن هەیە بەدوایا تەقیم هەیە بەدوایـا هەڵسـەنگاندن و بەدواداچـوون هەیە، وەزارەت هەموو ئەرکەکانی لە ئەستۆیە، ئەگەر وەزارەت پلان دانێت کێ جێبەجێی ئەکات ئەمە ئەرکەکە ڕاسـتەوخۆ ڕووبەڕووی وەزارەت بکـرێتەوە، وەزارەت هەڵەسـێت بەم کـارانە لەڕێـگەی دانـــانی پـــلان بەدواداچـــوون هەڵســـەنگاندن هەمـــوو ئەوەی کە پەیوەنـــدی بە عەمەلـــیەی بەڕێوەبردنەوە هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك علی.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزو حورمەتم بۆ لیژنە پەیوەندیـدارەکان بەڕاسـتی تێکەڵاوییەکـی زۆری تیـایە وە وردبـوونەوە نەکـراوە، بـۆ نمـوونە وەزارەت پلانـی ناوەنـد و درێژخـایەن دادەنێـت بـۆ بـوارە جۆرەکان لە بەکاربردنی ئاودا وەزارەت مەبەستمان وەزارەتی کشـتوکاڵە بـۆ پـڕۆژەی کشـتوکاڵی پێوەر نییە تا دادپەروەری هەبێت، واتە هەموو پڕۆژەیەکی کشـتوکاڵی بـۆڕی ئـاوی بـۆ نەچـووە، یان کانی و کارێز و ڕووبـارو چەمە یـان بیـرێکە کە لێـی داوە خـۆی تەحەکـوم دەکـات بەسـەریا، دادپەروەری بۆناو شارەکان دەکرێت بۆ گەڕانـدنەوەی ئـاو دەکرێـت، بـۆ نـاو مـاڵان بـۆ کارگەکـان دەکرێت، ئێ ئەمەش ئیشی وەزارەتی کشـتوکاڵ نیـیە کەواتە دادپەروەری ئـاو ئیشـی وەزارەتـی شــارەوانییە وە ئەمە تەنیـا لە شــارەکانا تەنفیـز ئەکرێـت، مـن حەزئەکەم لیـژنەی بەڕێـز بـۆم ڕوونکەنەوە لە پڕۆژەکانی کشتوکاڵا چۆن دادپەروەری لە بەکاربردنی ئاو ئەکا یەکێ لەسەر ئاوی ڕووبـاری سـیروانە یەکـێ لە زاخـۆ خـۆی بیرێکـی لێـداوە، یەعنـی چـۆن دادپەروەری ئەکـرێ سەیتەرەی حکومەتی بەسەرا نییە، هەروەها بۆ بابەتەکەی تـریش مەسـەلەن بەشـی زۆری لافـاو

پەیوەندی بە ناوشارەکانەوە هەیە لەماوەی ڕابردووش موعالەجەی لافاو ئیشی شارەوانی بووە، ئەصڵەن ئامێرو کەرەستەو پێداویستی ڕووبەڕوو بوونەوەی لافاو هەر لای شارەوانییە لای کشتوکاڵ نییە، کشتوکاڵ بزانە چەند شۆفڵی هەیە چەند عەفارەی هەیە، چەند ئاوی پێویستی هەیە، من تەمەنام ئەکرد لیژنەی شارەوانی بەڕێز لەوێیابن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك بەهمەن.

**بەڕێز بەهمەن كاك عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم باشە پێشنیار دەکەم لە لە ماددەی (١٣) بڕگەیەکی تر زیاد بکرێت (وەزارەت بەپێی پلانێکی پێویست هەڵدەستێت بە دروستکردنی بەنداوی پێویست لەسەر ڕێڕەوی ئاوی لافاو سێلاو ئەو ڕووبارە وەرزیانە) کە هەندێك ڕووبارمان هەیە لە هەندێك ناوچە کە وەرزییە ئاویان زۆرە لە وەرزی زستان و بەهارا، بەتایبەتی بۆ زیادکردنی ئاوی سەرزەوی و گلدانەوەیان بۆ سوود گەیاندن بە ئاوی ژێرزەوی بۆ ئەوەی مەترسی وشکە ساڵی و لەبارببوون لە هەندێك ناوچە دووربخەینەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك ڕێبوار.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحيم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەی بە ماددەی(١٣) پێم وایە ئەم ماددەیە لە یاسای وەزارەتی کشتوکاڵیش هەیە، ئەگەر لیژنەی تایبەتمەند وەڵامێکمان داتەوە، کەواتە لێرە تەحسیل حاصڵە وە ئەوە ئەرکی وەزارەت پلان دابنێ و پلانەکان جێبەجێ بکات، جا ئەگەر هەر بڕیارێك هەبێت با لەو ماددەیە بێت کە پەیوەستە بە دەسەڵاتەکانی ئەنجوومەنەوە، واتە ماددی(٩) بخرێتە ئەوێ، بەڵام لەبەر ئەوەی لە یاسای وەزارەتی کشتوکاڵی هەیە من پێم وایە ئەمە زیادە لێرە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو گوڵستان خان.

**بەڕێز گوڵستان سعيد حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەمان ڕاو بۆچوونی کاك بەهمەنم بوو سەبارەت بە دروستکردنی بەنداوەکان، بەتایبەتی بۆ ئەو کاتانەی کە بارانی بەخوڕ ئەبارێت و کاریگەری لەسەر لافاو دروست ئەکات و ئەو ئاوە بە هەدەر دەڕواو کەس سوودی لێ نابینێت، بۆیە بە گرینگی ئەزانم ئەو بەنداوانە دروست بکرێت بەپێی پێویست لە شوێنەکان کە بارانی بەخوڕی لێ دەبارێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك بەڵێن.

**بەڕێز بەڵێن اسماعيل حاجی ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەم ماددەیە ڕۆحی پڕۆژە یاساکەیە هەمووومان ئەزانین گرفتی ئەم وڵاتەو ئەم هەرێمە لە ماوەی ڕابردووا زۆر کەم پلانمان هەیە بۆ شتەکان یان وەکو خۆی ئەوەی کە داش ئەنرێت وەکو خۆی جێبەجێ ناکرێت، سامانی ئاو بەرچاوی هەمووومان ڕوونە کە لە ساڵانی ئایندە لەوانەیە شەڕی ئاو شەڕێکی قورس تر بێت لە مەسەلەی نەوت و سامانی سروشتی و تەنانەت گازو ئەوانەش، بۆیە دانانی پلانی ساڵانە، مامناوەند، درێژخایەن جگە لەوەی تێبینیەکم هەیە کە لەگەڵ ماددەی (٩) لە ئەرکەکانی ئەنجوومەن تێکەڵیەك دروست ئەکات لێرە دراوە بە وەزارەت لەوێ دراوە بە ئەنجوومەنەکە، کاك بژار ئەگەر دیقەتی بدەی ئەو دژ یەکە لە ڕاستیا ڕێك بکرێتەوە ئایا ئەرکی وەزارەتە یان ئەرکی ئەنجوومەنە بەڕێزێك هەیە ئەو پلانە دائەنێت، من پێشنیاز ئەکەم خاڵێك جێگیر کەین ئەو پلانە بەتایبەت پلانی درێژخایەن کە بۆ پاراستنی سامانی ئاو بۆ بەکارهێنانی و بەکاربردنی بەکادەهێنرێت مووەدەیەکی زەمەنی لەم قانوونە تەسبیت بکرێت کە یان ئەنجوومەنەکەی یان وەزارەت لە ماوەی مەسەلەن ساڵێك لە دوای جێبەجێ بوونی ئەم یاسایە، بەتایبەت بۆ پلانە درێژخایەنەکە بەتێرو تەسەلی پلانەکە ئاڕاستەی پەرلەمانی کوردستان بکرێت بۆ موناقەشە، یەعنی دوای ئەوەی کە کۆنفرانسی بۆ ئەکرێ کە خۆیان وتوویانە خەڵکی شارەزاو پسپۆڕ بەژداری پێ ئەکەن لە دانانی پلانەکەیا پلانە درێژخایەنەکە، ئەوەی ساڵانەو مامناوەندەکە تا حەدێك، بەڵام ئەوەی کە پەیوەندی بە پلانی درێژخایەنەوە هەیە بۆ مەبەستی سامانی ئاو لەم وڵاتە جارێکی تر بهێنرێتەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان بۆ مناقەشە کردنی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك دابان.

**بەڕێز دابان محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لایەنی کەم ئەبو بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ لێرە بوایە بۆ ئەوەی جوابی پرسیارەکان داتەوە کە بەداخەوە لێرە نییە، چونکە لیژنەی پەیوەندیداریش هەر پرسیارێکیان لێ ئەکەین یان ئەوەیە لەگەڵ بەشێك لە قسەکانیان نەبوون یان وەڵامێکی وایان پێ نییە کە قەناعەت بە ئێمە بکات، منیش پێم وایە ئەم یاسایە لە ئەرزی واقعا یەعنی پشتیوانی قسەکانی کاك هێڤیدار دەکەم لەگەڵیام، چونکە قسەکانی بۆ پێشتر بوو کە لە ئەرزی واقعا جێبەجێ ناکرێت، مەسەلەی دادپەروەری هاتووە لێرە بۆ هەموو کەرتە جۆراو جۆرەکان کە کەرتی کشتوکاڵە، کەرتی ئاوی خواردنەوەو خزمەت گوزاریەکانە کە بەداخەوە ئێستا پێوەری ئاومان هەیە نەیتوانیوە دادپەروەری بێنێت، یەعنی پێوەری ئاو کە لە شارەکانا هەیە لە گەڕەکەکانا هەیە نەیتوانیوە ئەو دادپەروەریە دروست کات چ جای ئەوەی کە بۆ کەرتە جیاوازەکان ئەم دادپەروەریە دروست بکات، خاڵێکی تر لە مەسەلەی پلان من بۆ پشتیوانی قسەکانی کاك (علی) یەك نموونە ئەهێنمەوە، ڕووباری سیروانمان هەیە کە لەوڵاتی ئێرانەوە دێت لە دوو سەرچاوەوە جارێ ئەو سەرچاوەی کە داخڵی هەرێمی کوردستان ئەبێت حکومەتی تیانیە هیچ بەڕێوەبەرایەتییەکی تیانیە، بەڵام لەوێوە باغ داری لەسەر ئەکرێت تاوەکو لای خانەقین ئەنواع پڕۆژەی کشتوکاڵی،

ئەنواع پرۆژەی سامانی ماسی، یەعنی ئەم پلانە چۆن دائەنرێت، حکومەت چۆن ئەتوانێ پلان بۆ ئەمە دابنێت کە دادپەروەری لە بەکارهێنانی ئاو بۆ نموونە ئاوی ڕووبار، زێ، کانیاوەکان دروست بکات، ئەم پرسیارانە ئەبێت جواب بدرێتەوە پێش ئەوەی کە قەرار لەسەر ئەمانە بدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی تایبەتمەند ئەگەر ڕاو سەرەنجێکتان هەیە فەرموو کاك بژار.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆزگە کاك (علی) لێرە بوایە حەقی خۆمانە وەکو هەرسێ لیژنەی تایبەتمەند ئەو دیفاعە لە ڕاپۆرتی خۆمان بکەین، بەپێی پەیڕەویش فەلسەفەی ئەو ماددەیەش دیارە کە ڕاپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند بۆ خوێندنەوەی دووەم (٤٨) چل و هەشت سەعات دەبێت پێش وەخت لەناو سندوقی ئەندامان دابێت ئێ گۆ نەهی ئێمە هەر سێ لیژنەی تایبەتمەند نییە بڕگەی چوارەم و پێنجەم تەکمیلەی یەکن لە یەك سەفعەدان کە ڕاپۆرتەکە نەخوێندرابێت هجووم لەسەر ڕاپۆرت بکرێت ئی گۆ نەهی من نییە، ماددەی (٢٠، ٢١) لە سزاکان دەست پێبکات، ئینجا لە مادده بلێت سزا تێدا نییە، بەڕاستی ئێمە کە هەندێجار قسە ناکەین موراعاتی کات دەکەین ئەوەش هەیە حەزناکەین لەسەر هەر مەوزووعێك جواب بدەین هەندێجار تووشی ئیحراجی دەبین ئیحتیماله هەندێجار ئەوە تووشی بەریەککەوتنیش ببینەوە، بەڕاستی بەس بێدەنگی ئێمەش ئەوەیە ڕێز لە هەموو ڕاوبۆچوونەکان دەگرین هەموو ڕاپۆرتەکی دەنگدانیش کە پێشنیاری هاوبەش تێیدایە، کەواتە ئێمە ڕێز لە ڕاوبۆچوون و پێشنیارەکانی ئەندام پەرلەمان دەگرین پێشنیارەکانی ئەوان یاساکە جوانتر دەکات و دەوڵەمەنتر دەکات، بۆیە کە قرار دەدەین دەکەینە هاوبەش لەم جەلسەیە ئیستفادە لە بیرو بۆچوونی هەموو ئەندامان دەکەم، بەڵام بەم شێوەیە بەرامبەر ڕاپۆرتی هەر سێ لیژنە مەعقول نییە تکا دەکەم بۆ هەموو جارێك لە لاپەڕەی یەکەم لە ماددەی (١) تا کۆتایی یەك جار دوو جار بخوێندرێت، ئینجا حوکم لەسەر ڕاپۆرتی یەك لیژنە بێت یان دە لیژنەبێت بدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (١٤) فەرموو کاك هێرش.

**بەڕێز هێرش حسن حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی(١٤):

یەکەم: سندوقێك بەناوی سندوقی پاراستن و بوژاندنەوەی سەرچاوەکانی ئاو لە هەرێم بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە دادەمەزرێت.

دووەم: سندوق ئەنجوومەنێکی کارگێڕی دەبێت بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانی وبە پەیڕەوێك لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە پێکدەهێنرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان بۆ ماددەی (١٤) هەر بەڕێزێك ئەیەوێت گفتوگۆ بكات با دەست بەرز بكاتەوە؟ بەڕێزان تا ناوەكان ئەنووسن تەنها بۆ ڕوونكردنەوەیەك دوێنێ بەڕێز سەرۆكی لیژنەی شارەوانی داوای لە بەڕێز وەزیری شارەوانی و وەزیری كشتوكاڵ كردبوو كە لەم دانیشتنە بەشداربن، بەڵام لەبەر ئەوەی بەرنامەیان هەبوو لە كۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیران، بۆیە نەیانتوانیوە لەم كۆبوونەوەیە بەشداربن تەنها بۆ ڕوونكردنەوەیەك بۆ زانیاری خۆتان، ئەو بەڕێزانەی ئەیانەوێت لەسەر ماددەی (١٤) گفتوگۆ بكەن بەڕێزان بریتین لە (لیزا خان، دكتۆرە گەلاوێژ، حسیبە خان، كاك چیا، كاك حیكمت، كاك ارشد، كاك سیروان، دكتۆر شێركۆ، دكتۆر اسماعیل، مامۆستا نەجات)، دكتۆر شێركۆ فەرموو.

**بەڕێز شێركۆ جودت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو ماددەیە باس لە دامەزراندنی سندوقە، واتە موئەسەسە.

یەكەم: ڕەئی حكومەتی ئەوێت؟ ئایا حكومەت لەگەڵ دامەزراندنی موئەسەسەییە؟ چونكە قەراری ئەنجوومەنی وەزیران هەیە بە زیادنەكردنی موئەسەساتی تر بۆ حكومەت، ئیلا لەحاڵەتی تایبەتا نەبێت، لەبەر ئەوە مەوزوعێكە، چونكە ڕەهەندی دارایی هەیە ڕەهەندی ئیداری و ڕەهەندی ئەوە هەیە بۆیە مەوزوعێكە ئەساسە.

دووەم: ئەم موئەسەسەیە كە دروست ئەكرێ یان ئەگەر دروست بكرێت تەبعەن وەكو چۆن بۆ ئەوەی وەزعی سندوقی كوردستان بۆ داهاتە نەوتی و گازییەكانی لێ نێت، ئایا ئەمە سیفەتی وەبەرهێنان ئەتوانێ بگرێتە ئەستۆ ئەم پارەیەی كە لێرە كۆدەبێتەوە كە لە ماددەی دوای ئەوە باسكراوە ماددەی (١٥) ئەڵێ داهاتەكەی بریتی ئەبێت لە كۆمەك و پێبژاردن و ئەم شتانە، ئایا سیفەتی وەبەرهێنان ئەتوانێ بكات، بۆ ئەوەی كە داهاتەكە زیاتر بێت و زیاتر بیخاتە خزمەتی ئەو مەبەستەی كە لە پێناویا دامەزراوە؟ ئەوە دوو پرسیاری جدیە كە ئەبێت ڕوون بێت لەم ماددەیەدا بە بڕوای من، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك ارشید.

**بەڕێز ارشد حسین محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێم وایە ماددەی (١٤) بۆجێبەجێ كردن لە واقیعدا كەمێ زەحمەتە دەبێت پرس بە حكومەت بكرێت، هەروەها لە ماددەی (١٥) كە پێبژاردن هەیە، پێم وایە پێبژاردن لە هەموو وەزارەتێك دەگەڕێتەوە بۆ خەزێنەی گشتی، نەك بۆ وەزارەتێكی دیاریكراو بڕوا، بۆیە پێم باشە ئەو دوو ماددەیە لابدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو حسیبە خان.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بۆ ماددەی (١٤) لەبەرئەوەی لەناو پێناسەکان لە ماددەی (١) بڕگەی پێنجەم پێناسەی سندوق کرایە وە ماددەی (١٤، ١٥) هەردووك باس لە سندوق و شێوازی خەرجی سندوق ئەکا، بۆیە پێشنیار دەکەم ماددەی (١٤، ١٥) بکرێت بەیەك ماددە بڕگەیان هەبێت، بۆ نموونە لە ماددەی (١٤) بڕگەی یەکەم بەم شێوەیەی لێ بکرێت، سندوقی پاراستن و بووژاندنەوەی سەرچاوەکانی ئاو لە هەرێم کە ئەنجوومەنێکی کارگێڕی دەبێت بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانی و بە پەیڕەوێك لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە ڕێکدەخرێت، ئەگەر هات بکرێت بە یەك ماددە، پێشنیاری ئەوە دەکەم بڕگەی دووەم کە دەبێت بە بڕگەی سێیەم داهاتی سندوق بۆ مەبەستی پاراستن وشەی ( بەڕێوەبردن) لە پێش بووژاندنەوە زیاد بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك سیروان.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٤) هەر سەرەتاکەی کە ئەڵێ یەکەم هەڵەیەکی ڕێزمانییە، بەڕای من کە سندوقێك بەناوی سندوقی پاراستنی ئەوانە لە کۆتاییەکەیا هاتووە دائەمەزرێ، خۆی کردار ئەبێت لە سەرەتا بێت ئەو کەسەی کە یاساکە ئەخوێنێتەوە ئەبێت بزانێت مەوزووعەکە چییە، پێم وایە سندوقێك دادەمەزرێت یەعنی یەکسەر بڵێیت ئەو سندوقە دامەزرێت بۆ ئەم مەبەستانە، ئەمە هەڵە زمانەوانیەکە، بۆ بەشەکانی تریش منیش هاوڕام لەگەڵ زۆربەی هاوڕێیان کە هەردوو ماددەکە ڕێکبخرێت، ئەو پێشنیازەی حسیبە خان پشتگیری لێ دەکەم، بەڵام بەو مەرجەی کە دامەزراندنەکە بکرێتە پێشەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو نجاة خان.

**بەڕێز نجاة شعبان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە نە ماددەی (١٤، ١٥) هەردووکا تقیا بهێنە لادان پشتگیریا کاك (ارشد) دکەم کە هەردوو ماددە بهێنە لادان، چونکە پێویست ناکاتن و پێویستە هەمی داهات بۆ خزێنە گشتی بزەڤریتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو لیزا خان.

**بەڕێز لیزا فلك الدین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانم لەلایەن پەرلەمان تاران (نجاة خان و کاك أرشد) کرا، بۆیە پشنگیری لە پێشنیارەکانیان دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك چیا.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من یەك تێبینی و یەك پرسیار هەیە، تێبینیا من ئەوە سندووقەك بەناوی سندووقی پاراستن و بەرژەوەندی سەرچاوەكان، ئایا ئەڤ ئەگەر ناڤ و نیشانێ پرۆژە یاسای بەرێ خۆ بدەی وێڕا دا پێشنیاری یاسای بەڕێوەبردن و پاراستن، من پێ باشە ڤێرێ ژسندووقەك بەناوی سندووقی بەڕێوەبردن و پاراستنی بوژاندنی سەرچاوە ئاوییەكان لێ بێتە زێدە كرن، هەروەستە پسیارا دوێ ئەوە پشتی ئەڤ سندووقە بێتە دامەزراندنێ دێ سەر چ وەزارەتەێ بتكی دەسەڵات هەیە دڤێ سندووقێ بەڕێڤە ببەت ڤێ رێ نەهاتیە وازع كرن و دیاركرن من پێم باشە پسیارا بێتە بەرسڤ دان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك حكمەت.

**بەڕێز حكمەت محمد عبو زید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگیری قسەكانی نجاة خان دەكەم، هەروەها قسەكانی من ویستم بكەم لەلایەن حسیبە خانەوە كران، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو گەلاوێژ خان.

**بەڕێز گەلاوێژ عبید عثمان :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (١٤) من پێم وایە هیچ سندووقەك پێویست ناكاتن دابنرێت بۆ پاراستن و بوژاندنەوەی سەرچاوەكانی ئاو، ئەگەر دامەزرا ئەم سندووقە پێویستە لەلایەن ئەو ئەنجوومەنەی كە بۆ پاراستنی ئاو و بەڕێوەبردنی ئاو دامەزراوە ئەوان بەڕێوەببەن، پێویست ناكات ئەنجوومەنێكی بۆ دابمەزرێت، لێرە یەعنی بارگرانییەكی تری دارایی بخرێتە سەر حكومەت، هەروەها پاڵپشتی هەڤاڵانم دەكەم بۆ یەكخستنی هەردوو ماددەی(١٤،١٥)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك اسماعیل.

**بەڕێز اسماعیل علی طە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مە ئەزموونەك و تەجروبەكا تەحلا هەی لگەڵ سندووقا نەفت و گازێ و سندووقا خانەنشینی و سندووقا شێر پەنجەیێ، ژبەر هندێ ئەز بێژم مادەم ئەڤی پرۆژەی بوودجە هەیە بوودجەی خۆی تایبەت هەی، بوودجە هەبی ماددێت بەری نیكە گوتی پێتڤیا بوودجەك ببێتە تەرخانكرن مادام بوودجەی خۆی تایبەت هەیە سندووق بۆ چییە سندووق پێویست ناكات پێتڤی نییە، ژ گەل وە بۆچوونا مە بێژیتن ئەڤ ماددێ(١٤،١٥) پێتڤی نینە هەبیت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمدحەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان گفتوگۆ کۆتایی هات لەسەر ئەم ماددەیە، ئەگەر سەرەنجێك نییە بچنە سەر ماددەی دواتر فەرموو، فەرموو کاك هەلکەوت.

**بەڕێز هەلکەوت انور خلیفە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ماددەی(١٥):

یەکەم: داهاتی سندووق لەو سەرچاوانەی خوارەوە پێکدێت.

١- گوژمەی تەرخانکراو لە بوودجەی ساڵانەی هەرێم.

٢- هەر کۆمەك و یارمەتیەك کە بەپێی یاسا پێشکەش بە سندووق دەکرێت.

٣- هەر پێبژاردنێك کە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاساو یاسا بەرکارەکان لە هەرێم وەردەگیرێت.

دووەم: داهاتی سندووق بۆ مەبەستی پاراستن و بووژاندنەوەی سەرچاوەکانی ئاو ڕێگە گرتن لە پیس بوونی بەکاردێت.

سێیەم: شێوازی خەرجکردنی داهاتی سندووق بە ڕێنماییەك ڕێکدەخرێت کە لەلایەن وەزیرەوە بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزیری دارایی و ئابووری هەرێم دەردەچێت.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر بەڕێزێك ئەیەوێت گفتوگۆ لەسەر ئەم ماددەیە بکات دەست بەرزکاتەوە ناوی بنووسین، کاك (د. شێرکۆ و د. ڕێبوار) کاك د. شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز شێرکۆ جودت مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمە ئیتر باس لە داهاتە، بۆیە ئێمە لە ماددەی پێشترا باسمان لەوە کرد ئایا ئەم سندووقە ببێت یان نەبێت، بۆیە چەند پەرلەمانتارێکی بەڕێزیش باسیان لەوە کرد کە نەبوونی لەبەر ئەو ئەسبابانەی کە باس کرا، بەڵام لە حاڵەتێکا ئەگەر ببێت واتا ئەگەر ماددەی(١٤) وەکو خۆی بمێنێتەوە ماددەی(١٥) ئەم دوو پێشنیارەی بۆ دەکەم،

پێشنیاری یەکەم: لە بڕگەی چوارا بڵێین توانای وەبەرهێنانی هەبێت، بۆ چونکە سندووق کە دانرا لە هەموو دنیا وایە سندووق کە دانرا خۆی زیادبکات، پارەکەی زیادبکات بۆ سندووقەکە باشەو بۆ ئەو مەبەستەش باشە کە پاراستنی ئاوە، چۆن سندووقی خانەنشینی قەرزی دا بە حکومەتی عێراق لەکاتی ئەزمەکەیا، یەعنی لە دنیا سندووق پاڵپشتە بێ لەوەی کە پارەکەی تیا کۆئەکرێتەوە بۆیە لە بڕگەی چوارا سیفەتی ئیستسماری بۆی بکەین.

پێشنیاری دووەم: لە بڕگەی پێنجەم قودرەتی تەدقیق و چاودێری دیوانی چاودێری دارایی یەعنی ئەم داهاتە کە باسمان لە داهات کرد دەبێت باسیش لەوە بکەین کە خازیعە بۆ تەدقیق و ئەوانە ئەو دوو پێشنیارەم هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك ڕێبوار.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم: مـن قسـەیەکی جیـاوازم هەیە یەکێـك لە پەرلەمانتـارانی بەڕێـز لە مـاددەی (١٤) بـوونی سندووقێکیان بە گرینگ نەزانی، من بە پێچەوانەوە کە پێم وایە زۆریـش زەرووره، لەبەر ئەوەی گرینگی ئاو هیچی کەمتر نییە، لە گرینگی نەوت و غـازا، بەڵام لەگەڵ ئەوەش دا لە خـاڵی یەکەم باسی گوژمەی تەرخانکراو لە ساڵانی هەرێم ئەکا، ئەو گوژمەیە ئایا لە دەسەڵاتی وەزارەتـا؟ یـان دیاری کردنی گوژمەکە لە دەسەڵاتی وەزارەتـا یـان ئەنجـوومەنەکەیە کە لە مـاددەی (٩) هـاتووە گوژمەکە دیاری بکات.

دووەم: من بەڕاسـتی بە دەرفەتـی دەزانـم کە داوا بکرێـت کە حکـومەتی هەرێـم یـان وەزارەتـی کشتوکاڵ لە گفتووگۆکانی لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵی عێراقی لەوێـش لە بـوودجەی وەزارەتـی کشتوکاڵی ئیتحادیش بڕێك پارە بۆ ئەم سندووقە تەرخان بکرێت، چـونکە زۆر زۆر گـرینگە ئەوە مانای ئەوەیە کە فعلەن وەزارەتی کشـتوکاڵی حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان ئەیەوێـت پەرە بە سەرچاوەکانی ئاو بدات و ئاو بپارێزێت لە هەرێمی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك اسماعیل.

**بەڕێز اسماعیل علی طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەستپێکێ لگەڵ هەندێ مە ئەڤ خالا نەمینیـت ل مـاددێ(١٤،١٥)، ئەگەر هەر مـا ئەز پشـتگیری و پشتیڤانی دکتۆر شێرکۆ دکەم بۆچوونێت وی لسەر ماددێ (١٥)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی(١٦) فەرموون، فەرموو خدیجە خان.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی(١٦):

پۆلیسـی پاراسـتنی دارسـتان و ژیـنگە لە یەکە کارگێڕییەکـان وخۆجێیەکـان ئەرکـی پاراسـتنی سەرچاوەکانی ئاو لە ئەستۆ دەگرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان هەر بەڕێزێك لەسەر ماددەی (١٦) قسە بکات بە دەست بەرزکاتەوە؟ (کاك سیروان، کاك شاخەوان، کاك ڕزگار، کاك چیا، کـاك شـێخ ظـاهر، دکتـۆر محـی الـدین) ئەم بەڕێـزانە ناویـان تۆمار کردووە بۆ گفتووگۆ کردن لەسەر ماددەی(١٦) کاك شێخ ظاهر فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٦) پۆلیسی پاراستنی دارستان و ژیـنگە لە یەکە کارگێڕییەکـان و خۆجێیەکـان ئەرکـی پاراسـتنی سـەرچاوەکانی ئـاو لە ئەسـتۆ دەگرێـت، مـن پێشـنیار دەکەم یەکەیەکـی تـایبەت بە پاراستنی ئاو سەرچاوەکانی هەبێت، وەکو ئەوەی کە یەکەی تایبەتی هەیە بە پاراسـتنی نەوت و

ئەوانە، چونكە ئاویش هیچی كەمتر نییە لە نەوت بۆ ئەوەی بتوانرێت ئا بەشێوەیەكی باش وە سەرچاوەكانی ئاویش بپارێزرێت لەهەر كاریگەرییەكی دەرەكی، زۆر سوپاس.

**هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك رزگار.

**بەڕێز رزگار محمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پۆلیسی پاراستنی دارستان و ژینگە لە یەكە كارگێڕیەكان و خۆجێیەكان ئەركی پاراستنی سەرچاوەكانی ئاو لە ئەستۆ دەگرن، پۆلیسی بەنداو هەیە یەعنی پۆلیسی دارستان جیاوازترە لەگەڵ پۆلیسی بەنداو، یەعنی بۆ پۆلیسی بەنداو زیاتر مەعنیە، بۆیە پۆلیسی بەنداو ئیزافە بكرێتە سەر ئەو ماددەیە پێشنیار دەكەم ئەوەی بۆ زیادبكرێت.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك چیا.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من تێبینیەك هەبوو پۆلیسی پاراستنی دارستان و ژینگە لە یەكە كارگێڕییەكان و خۆجێیەكان (ئیدارە سەربەخۆكان) لێ بێتە زیادەكرن، چونكە ئیدارەی سەربەخۆ سیستەما رێڤە بردنا پۆلیس و پاراستنا ژینگەیێ ب شێوازێ نییە ئیدارا سەربەخۆكان لێ بێتە زێدەكرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك شاخەوان.

**بەڕێز شاخەوان رؤوف مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (١٦) پۆلیسی دارستان و ژینگە پشتگیری برای بەڕێزم كاك ڕزگار دەكەم، چونكە پۆلیسی بەنداو پۆلیسی كارەباش هەمان وەزیفەو واجبی لەگەڵ پۆلیسی دارستان هەیەو لە هەمان كاتیش سەر بە وەزارەتی ناوخۆن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك سیروان.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (١٦) ئەڵێ پۆلیسی پاراستنی دارستان و ژینگە لە یەكە كارگێڕییەكان و خۆجێیەكان ئەركی پاراستنی سەرچاوەكانی ئاو لە ئەستۆ ئەگرێت، من پرسیار ئەكەم سەرچاوەی ئاوییمان زۆر لەم كوردستانەیا لە شوێنێكا سەرچاوەی ئاوی دەستدرێژی كراوەتە سەر، یان شتێك تەلەفۆن ئەكەی بۆ نەژدە ئەڵێ واللە كاكە بەپێی یاسا ئەوە ئیشی ئێمە نییە ئیشی ئەو جەماعەتەیە، تەلەفۆن ئەكەی بۆ هەر شوێنێك كەواتە ئێوە مۆنۆپۆڵتان كردووە بۆ ئەم یەكەیە، ئایا كەسی تر بۆی نابێت، چونكە ئێمە لە ئەزموونمان هەیە مەسەلەن لە شوێنێكا پشیلەیەك سەیارە لێیدات من تەلەفۆن ئەكەم بۆ جێگەیەك ئەڵێ بەخوا ئەوە ئیشی ئێمە نییە تەلەفۆنكە بۆ

ئەوانی تر، یەعنی کەواتە ئەبێت یەکەکە ئەوە گەورە بێت بەپێی سەرچاوەکان بێت ئەی بۆچی وانەبێت کە گشتگیر بێت کاتی نەبوونی ئەم یەکەیە کێ جێگایان ئەگرێتەوە، کێ پاراستنیان ئەکات،زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك محی الدین.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هەمان تێبینیم هەیە سەبارەت بە پۆلیسی پاراستنی دارستان و ژینگە لە یەکە کارگێڕییەکان، لە هەندێ شوێن هەیە ڕەنگە پۆلیسی دارستان و ژینگە پارێزیمان نەبێت، بۆیە لە حاڵەتی نەبوونی پۆلیسی پاراستنی دارستان و ژینگە، پێم وایە ئەم ئەرکە بکەوێتە سەر یەکە کارگێڕییەکان، ڕەنگە لە هەندێك ناحیە لە هەندێك قەزا پۆلیسی دارستانمان نەبێت، بۆیە من پێم وایە ئەگەر لە حاڵەتی نەبوونی پۆلیسی پاراستنی دارستان و ژینگە ئەو ئەرکە دەکەوێتە ئەستۆی یەکە کارگێڕییەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ماددەی دوای ئەوە ئەگەر تێبینی و سەرەنجێکتان نییە، فەرموو خدیجە خان.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی(١٧):

یەکەم:

١- گشت پرۆژەکانی بەکاربردن و مامەڵەکردن بە سەرچاوەکانی ئاو بەپێی یاسا بەرکارەکانی هەرێم لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیەکانی پارێزگاکانەوە ڕێ پێدانی بۆ دەکرێت بەشێوەی سنووردارو بۆ ماوەیەکی دیاریکراو دوای لاری نەبوونی لایەنە پەیوەندیدارەکان.

٢- گشت پرۆژەکانی وەبەرهێنان بەپێی یاسا بەرکارەکانی هەرێم لەلایەن بەڕێوەبەرایەتییەکانی پارێزگاکانەوە ڕێ پێدانی بۆ دەکرێت بەشێوەی سنووردارو بۆ ماوەیەکی دیاریکراو دوای لاری نەبوونی لایەنە پەیوەندیدارەکان.

دووەم: پێویستە لەسەر سوودمەندانی ئاوی ژێر زەوی و سەرزەوی کە بێ مۆڵەتن لە کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و بازرگانی و گەشتوگوزار داخوازی لە مافی سوودمەند بوون لە ئاو پێشکەش بکەن با مۆڵەت لە وەزارەت وەربگرن لە ماوەی شەش مانگ لە ڕێکەوتی بەرکاربوونی ئەم یاسایە بە پێچەوانەوە سوودمەند بە سەرپێچیکار لە حوکمەکانی ئەم یاسایە هەژمار دەکرێت.

سێیەم: هەر زێدە ڕۆییەك لەلایەن سوودمەندی ئاو زیاد لەو بڕە ئاوەی ڕێی پێدراوە بە سەرپێچی هەژمار دەکرێت سەرپێچیکار بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە سزا دەدرێت.

چوارەم: وەزارەت دەتوانێت پێداچوونەوە بە مۆڵەتەکان و بە بڕی ئاوی سەرزەوی و ژێرزەوی مۆڵەت پێدراو لەبەر ڕۆشنایی بوژاندنەوەی سەرچاوەکانی ئاودا بکات.

**بەڕێز/ هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان بۆ گفتوگۆ کردن لەسەر ماددەی (١٧) هەر بەڕێزێك ئەیەوێت گفتوگۆ بكات با دەست بەرزكاتەوە؟ ئەو بەڕێزانەی لەسەر ماددەی (١٧) ئەیانەوێت گفتووگۆ بکەن ( د. اسماعیل، د. محی الدین، كاك مەم، د. عثمان ، كاك ڕزگار، كاك شێخ ظاهر، كاك چیا، د. ڕێبوار) كاك مەم فەرموو.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی(١٧) من ئەم تێبینیانەم هەیە:

بڕگەی یەكەم خاڵی یەكەم كە وتی پڕۆژەكانی بەكاربردن گشت و ئەوانی ناوێت، پڕۆژەكانی بەكاربردن و بەم شێوەیەی لێ بكرێت،

یەكەم: پڕۆژەكانی بەكاربردن و مامەڵە كردن بە سەرچاوەكانی ئاو بەپێی یاسا بەركارەكانی هەرێم و دوای لاری نەبوونی لایەنە پەیوەندیدارەكان لەلایەن بەڕێوەبەرایەتییە گشتیەكانی وەزارەتەوە، چونكە بە لێشاو بەڕێوەبەرایەتی گشتی هەیە وە پێناسەی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەكان نەكراوە لەناو ماددەی یەكەم، بۆیە ئەبێت وەزارەت بكرێت، چونكە هەموو بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەكانی وەزارەتی مەعنی ئەگەڕێتەوە كە پێناسە كراوە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتییە گشتیەكانی وەزارەتەوە لە پارێزگاكان ڕێ پێدانیان بۆ دەكرێت بەشێوەی سنووردار و بۆ ماوەیەكی دیاریكراو.

خاڵی دووەم: پڕۆژەكانی وەبەرهێنان بەم شێوەیە پێشنیاز دەكەم پڕۆژەكانی وەبەرهێنان بەپێی یاسا بەركارەكانی هەرێم و دوای لاری نەبوونی لایەنە پەیوەندیدارەكان لەلایەن بەڕێوەبەریە گشتییەكانی وەزارەت لە پارێزگاكان ڕێ پێدانیان بۆ دەكرێت بەشێوەیەكی سنووردارو بۆ ماوەیەكی دیاریكراو.

بڕگەی دووەمیان پێشنیاز دەكەم هەموو ئەوانەی كە موخالەفەیان كردووە لە هەڵكەندنی بیر یان هەر شتێكی تری لەم جۆرە كە تەجاوزیان كردووە، بەڵام بەپێی ئەو بڕگەیە دەتوانێت دوای شەش مانگ لە ڕێكەوتی بەركار بوونی ئەم یاسایە سوودمەندبن واتە سەرپێچی كار بەپێی حوكمەكانی ئەم یاسایە سوودمەند بێت بۆچی داوای مۆڵەت بكەن مۆڵەتیان بدرێتێ، پێشنیاز دەكەم لە كۆتاییەكەیا هەژمار دەكرێت و مۆڵەت پێدانەكە لە چوارچێوەی حوكمەكانی ئەم یاسایەدا دەبێت واتە ئەگەر حوكمەكانی ئەم یاسایە ڕێگەی بەو مۆڵەتە نەدا ئەتوانی بەپێی حوكمەكان مۆڵەتەكەی نەداتێ بەو تەجاوزەی پێشتر كردوویەتی شەرعیەت نەدرێت بە تەجاوزەكەی، پێشنیاز دەكەم بۆ بڕگەی چوارەمیان بەم شێوەیە بێت لەبەر ڕۆشنایی بوژاندنەوەی سەرچاوەكانی ئاو وەزارەت دەتوانێت، یەعنی ئیختیاری ئەخاتە بەردەم وەزارەت ئەمر بێت، لێرەیا وەزارەت پێداچوونەوە بە مۆڵەتەكان وبە بڕی ئاوی سەرزەوی و ئاوی ژێرزەوی مۆڵەت پێدراودا دەكات، یەعنی ناچاری بكات كە وەزارەت ئەم پێداچوونەوەیە بكات، یەعنی نەك دەتوانێت بەتەنیا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو کاك ڕێبوار.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحيم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەڵبەتە من پێم وایە لەم ماددەیە ئەگەر موعالەجەیەکی مەوزووعی، بۆ نموونە ئێمە دەستەی وەبەرهێنانمان هەیە کە ڕۆڵێکی گرینگی هەیە لە وەبەرهێنان و لەهەمووو بوارێکا لە بواری ئاویش هەڵبەتە بەپێی ڕێبەری کە دانراوە لە دەستەی وەبەرهێنان، موستەسمەر بۆی هەیە لە بواری ئاویش دا ئیستسمار بکات، بۆیە گرینگە ئەگەر ڕۆڵی دەستەی وەبەرهێنان لەو پێشنیازە یاسایە دیاری کرابا بۆیە ئەگەر لەڕووی یاساییەوە بەریەك کەوتنێك دروست نەبێت لەگەڵ یاسای دەستەی وەبەرهێنان و ئەرکەکانی دەستەی وەبەرهێنان ئەمە یەك.

دوو: لە بڕگەی سێیەم باس لە بڕە ئاوی ڕێپێدراو ئەکرێ حەقە بڵێین بەخشتەیەك بەپاشکۆیەك ئەو بڕە ئاوە ڕێپێدراوەکان دیاری بکرێت، چونکە ئێمە نازانین بڕە ئاوی ڕێ پێدراو چییە، بۆ ئەوەی کەسێك سەرپێی بکات پێی بڵێین تۆ سەرپێچیت کردووە.

سێ: لەم ماددەیە زۆر دەستەواژەی لایەنە پەیوەندیدارەکان بەکارهاتووە، بۆیە لە ماددەیەك دەستەواژەکان پێناسە ئەکەین، بۆ ئەوەی خۆمان بەدوور بگرین لە دەستەواژەی حکومییەکان ڕێك بێین ناوەکان بێنین، بۆیە گرینگە لە بڕی ناوی لایەنە پەیوەندیدارەکان ناو موئەسەساتەکان بێنن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو کاك رزگار.

**بەڕێز ڕزگار محمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٧) بڕگەی دووەم، پڕۆژەکانی وەبەرهێنان ئەو پڕۆژانەی کە بیری ئیرتیوازیان هەڵکەندووە موستسمەرەکە تیجارەت بە ئاوەکەشەوە دەکات، یەعنی ئەم ئاوە سامانێکی گشتییە، بۆیە باشترە وەکو برای بەڕێزم کاك دکتۆر ڕێبوار ئیشارەتی پێدا یەعنی یاسایەك هەبێت کە ڕێگری بکات لەوە بۆ ئەوەی ئەو ئاوە بەفیڕۆ نەڕوات، یەعنی ئەو ئاوە لەلایەن وەبەرهێنەرەکەوە تیجارەتی پێوە دەکرێت کە ئەمە سامانێکی گشتییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو کاك ظاهر.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٧) بڕگەی سێیەم هەر زێدە ڕەویەك لەلایەن سوودمەندی ئاو زیاد لەو بڕە ئاوەی ڕێی پێدراوە بە سەرپێچی هەژمار دەکرێت و سەرپێچی کار سزا دەدرێت بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە سزا دەدرێت، ئەوە ناڕێکییەك هەیە لە داڕشتنەکەی، بۆیە پێشنیار دەکەم بەم شێوەیەی لێ بکرێت، هەر زێدەڕۆییەك لەلایەن سوودمەندی ئاو زیاد لەو بڕە ئاوەی ڕێی پێدراوە بە

سەرپێچی هەژمار دەكرێت و سەرپێچی كاربەپێی حوكمەكانی ئەم یاسایە سزا دەدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك محی الدین.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مـن تێبینـیەكەم لەسـەر بـڕگەی دووەم و بـڕگەی چـوارەم هەیە ئەوەی بـڕگەی دووەم گشـت پڕۆژەكـانی وەبەرهێنـان بەپێـی یاسـا بەركارەكـانی هەرێـم لەلایەن بەڕێـوەبەرە گشـتییەكانی پارێزگاكانەوە ڕێ پێدانیان پـێ دەكرێـت، ئایـا مەبەسـت لەو بەڕێـوەبەرە گشـتیانە بەڕێـوەبەریە گشتییەكانی كشتوكاڵین یان بەڕێوەبەری گشـتی وەبەرهێنـانن لەپارێزگاكـان، ئەگەر مەبەسـتیان لێی ئەو ڕێ پێدانە لەلایەن بەڕێوەبەری گشتی كشـتوكاڵییەكانن پێویسـتە دیـاریی بكرێـت كـامە بەڕێوەبەرن، ئایا ئەوەی وەبەرهێنانە یاخود ئەوانەی وەزارەتی كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئـاون، ئەوەی تریان پەیوەندی بە خاڵی چوارەم هەیە وەزارەت دەتوانێ پێداچوونەوە بە مۆڵەت بكاتن، ئایا مەبەست لە پێداچوونەوە بە مۆڵەتەكە چییە، مۆڵەتەكەی لێ دەسێنتەوە یـان ڕای دەگرێـت، ڕەنـگە كەسـێك پڕۆژەیەكـی لەسـەر ئەساسـی ئەو مـۆڵەتە بیـری لێـدابێت پـڕۆژەی ئاژەڵـدارەی كردبێت ماسی بەخێـوكردنی كردبێـت، یـان پـڕۆژەی كشـتوكاڵی كردبێـت لەو حـاڵەتەی دا ئەگەر مـۆڵەتەكەی لـێ بسـەننەوە ئایـا چـۆن مـامەڵە لەگەڵ ئەو پێـداچوونەوەیە دەكەن؟ بـۆیە پێداچوونەوەكە بە مۆڵەتەكە پێم وایە پێویستی بە زیاتر تەوزیع كردنە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك چیا.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پرسیارا من پرسیارەكی ئاساییە دووبارە دبێت تێبینیا من كاك بـژار ل ڤـێ ڕێ هیڤـی دارم جوابـا پرسیارا من بدات ڤەهەمی جێها نقیسیە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پارێزگاكـان ئەمـوس دزانـین كە ئیدارێن سەربەخۆكان چێ بوونە ڤان ئیدارا سـەربەخۆ هەمـوو ئیـدارێن فەرمـانگەیێن هەنە، بـۆ نمـوونە فەرمـانگە دێـڤ پشـتی مـودەیەك بـدەتە ڕێـڤەبەرێ گشـتی پێتڤیـا ل ڤێـرێ ئیـدارا سەربەخۆكان لێ بێتە زێـدە دكـرن نە تەنها پارێزگاكـان، چـونكی پشـتی ئەڤ یاسـایە دەركەڤـت غەدرەك زێ دگەل ئێدارێن سەربەخۆ هەبن چونكی نـاڤێ وان د یاسـایێ دا نەهـاتیە شـاملی وان نابت من پێ باشە هەموو یاسـا كە دێـنە دروسـت كرنـێ ئەگەر مەرام ژ ڕێڤەبەرێـن گشـتی بیـتن ئیدارێن سەربەخۆ لێ بێتە زێدە كرنێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك عثمان .

**بەڕێز عثمان علی سمایل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم ماددەیە ماددەی (١٧) بڕگەی دووەم لەگەڵ ماددەی (١١) پێشوو كە خوێندمانەوە هەمان شێوە هەمان بڕگە یەك، واتا دەبەخشێت واتا تەحسیلی حاسلە ئەگەر ئەو برایانەی لیژنە تەماشایەكی بكەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك شێركۆ.

**بەڕێز شێركۆ جودت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

یەك: پشتگیری لە بۆچوونەكەی دكتۆر محی الدین دەكەم كە ئەبێت تەحدید و پێناسەی بەڕێوەبەرایەتیە گشتییەكان بكرێت، چونكە لە پێناسەكانا سەیرم كرد بەڕێوەبەری گشتی پێناسە نەكراوە كە بزەبت مەبەستی كامیانە.

دوو: ئەم دوو بڕگەیە لە ماددەی (١٧) هەردووكی تەعارووز ئەكا لەگەڵ دوو یاسای هەرێمی كوردستان دوو یاسای كارپێكراو لە هەرێمی كوردستان یەكێكیان یاسای وەبەرهێنانە، چونكە صەڵاحیاتی مودیرعام بۆ پێدانی ڕێ پێدان بۆ پڕۆژەكانی وەبەرهێنان پڕۆژەی وەبەرهێنان هەیە مەركەزی بڕیاری لەسەر دەدرێت، یەعنی نەك مودیرعامی موحافەزە یان ئەو شوێنە، لەبەر ئەوە لە ڕووی یاسای وەبەرهێنانەوە بڕگەی دووەم تەعارووز لەگەڵ یاسای وەبەرهێنان ئەكات، بڕگەی یەكەمیش تەعارووز لەگەڵ پڕۆژە ئیستسمارییەكان ئەكات و یاسای مەشارع و پڕۆژە ئیستسمارییەكانی موحافەزات ئەكات كە هەندێكی ستراتیجیە مەركەزی لە وەزارەتەكانەوە قەراری لەسەر ئەدرێت، هەندێكیشی لە موحافەزەكانەوە ئەكرێ قەراری لەسەر بدرێت، لەبەر ئەوە دوو یاسامان هەیە لێرە تەعارووز لەگەڵ ئەو دوو بڕگەیە ئەكات ئەكرێت تەوزێح بدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك اسماعیل.

**بەڕێز اسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تێبینیا من خاڵا چوارێیە بێژیت وەزارەت دەتوانێت پێداچوونەوە تا دوماهیكا ماددەی، یەعنی ئەگەر بێژیت وەزارەت دەتوانێت یان دەتوانی مەیكە چە دەكەت چی، مەفرووزە ئەم لیژنە پێتڤیا بكەتن ئەز بێژم پێتڤیا ئەم وشە پەیڤا پێویستە وەزارەت پێداچوونەوە حەتا دووماهیكێ دا وەزارەت مولزەم بێت فی ئەركی ڕابێنیت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی تایبەتمەند ئەگەر ڕاو سەرەنجێكتان نییە، فەرموو كاك بژار.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت ئەم دەستەواژە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی پارێزگاکانەوە، مەبەست لێی مودیریەی مودیرعامی زراعە لە موحافەزات، پێشنیاری کاك چیا زۆر بەجێیە ئیدارەی سەربەخۆکانیش ئەبێت ئیزافە بێت، چونکە لەیاسای وەزارەتی کشتوکاڵدا بەم شێوەیە هاتووە، بەڕێوەبەرایەتی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی کشتوکاڵ لە پارێزگاکانە هەرێم و ئیدارەی گەرمیان ئەو کات ئیدارەی گەرمیان هەبوو ئیستا زیاد بووە، لەبەر ئەوە بەس ئەوە بۆ مەعلومات ئەوەم خوێندەوە پێشنیارێکی بەجێیەو مەبەست لێی مودیریاتی عامە لە هەیکەلییەتی وەزارەتی کشتوکاڵ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، ماددەی (١٨) بەڕێزان فەرموون یەك دەقە كاك دكتۆر ڕێبوار فەرموون خاڵی پەیڕەوییە.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو باسم کرد کاك دکتۆر شێرکۆش باسیکرد، کەوایە مادەم بەڕێوەبەرە گشتییەکانە لە وەزارەتی کشتوکاڵ و بەریەك کەوتن دروست ئەکات لەگەڵ دەستەی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان وە پرۆژە ئیستسماریەکان ئەبێت پێداچوونەوە لەو دەقەیا بکرێت تکایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك لقمان.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی (لقمان وەردی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بەریەك کەوتن لەگەڵ یاسای وەبەرهێنان، تەسەور ناکەم ئەو حاڵەتە ڕووبدات، چونکە ئێستا ئەنجوومەنی شارەوانییەکان لە پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان پێکهاتووە ئەنجوومەنی شارەوانی کۆی بەڕێوەبەرە گشتییەکانن بەڕێوەبەری گشتی وەبەرهێنانی تێدایە، بەڕێوەبەری گشتی کشتوکاڵی تێدایە وە سەرۆکی شارەوانییەکان، پارێزگاکان سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی شارەوانییەکانە کەواتە کۆی ئەو پرۆژانە دوای دیراسە کردن لە ئەنجوومەنی شارەوانیش دیراسە ئەکرێن وە ئەم پرۆژەیە ئامانج لێی پاراستنی ئاوە پاراستنی ئاو لە بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان و لە پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان ئەکا بۆیە بڕوا ناکەم، یەعنی بەریەك کەوتنێکی وا دروست بکات لەم حاڵەتەدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو شێرکۆ.

**بەڕێز شێرکۆ جودت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ پاراستنی ئەمە ئەوەی بۆ زیاد بکرێت کە ئەنجوومەنی شارەوانییەکان لەسەر خەتبن بۆ بڕیاردان لەسەری، چونکە ئەگەر وانەبێت ئێستا تۆ نەشماوە لە هەندێ شوێن دروستکراوەتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك بهجت ئەگەر تەوزێحێك بدەی باشە کاك ڕێبوار با کاك بهجت تەوزێحێك بدات بە حوکمی ئەوەی لیژنەی وەبەرهێنانە فەرموو.

**بەڕێز بهجت علی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانێ هەر پڕۆژەیەکی وەبەرهێنان ڕێکا دەستەیێ وەبەرهێنانێ مۆڵەت پێدان دیڤ یاسایێ ژمارە(٤) سالا ٢٠٠٦ موباشەرەتەن نقیسار بۆ تێنەکرن کە ڕەئیا ڕێڤەبەریا ئاڤ و سەرچاڤەکانی ئاڤێ بێتە وەرگرتن بێ ڕەئی ڕێڤەبەریەت پەیوەندیدارو مەعنی هیچ پڕۆژەیەك مۆڵەت بۆ نایەتە دان هەم سەر ئاستێ پارێزگەها هەم سەر ئاستێ وەزارەتێ پەیوەندیدار، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك ڕێبوار.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبعەن باس لە پڕۆژەی وەبەرهێنان ئەکات، ئەو پێشنیازە یاسایە تەنها باس لە پاراستنی ئاو سەرچاوەکانی ئاو ناکات بەڕێز کاك لقمان، بۆیە کاتێك باس لە پڕۆژەی وەبەرهێنان ئەکات مۆڵەت وەرگرتن لە پڕۆژەی وەبەرهێنان لە دەستەی وەبەرهێنانا ئەکرێت، بۆیە گرینگە ئەم پێشنیازە یاسایە بۆ وەرگرتنی مۆڵەت بگەڕێنەوە بۆ دەستەی وەبەرهێنانا، بەڵام ئەوەی کە کاك بهجت باس ئەکات کەوابێت ئەگەر مۆڵەتێك وەربگرێت بەو ئیجرائاتانە تێپەڕێت لە دەستەی وەبەرهێنانەوە دەست پێبکات تا بەڕێوەبەرە گشتیەکان موعالەجە کراوە، بەڵام ئەو پێشنیازە یاسایە پڕۆژەی وەبەرهێنانیشی تێدایە زۆر ڕوونە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمدحەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (١٨) فەرموون، فەرموو کاك عثمان .

**بەڕێز عثمان کریم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی(١٨):

یەکەم: وەزیر دەتوانێ بیر هەڵکەندن لە هەندێك ناوچە بۆ ماوەیەکی کاتی قەدەغە بکات، ئەگەر مەترسی لەسەر دابەزینی بڕو و ئاستی ئاو جۆری ئاوی ژێر زەوی هەبوو قورسایی لەسەر ئاوی کۆگاکراو لەم ناوچانەدا.

دووەم: وەزیر لەکاتی پێویست دا بڕیار دەدات بە وەستاندنی بەکارهێنانی بیر لە هەندێك ناوچە بۆ بەرگرتن لە بەڕۆشتنی ئاوی ژێرزەوی ناوچەکە بەمەرجێك قەرەبووی خاوەن بیرەکە

بکرێتەوە بەو زیانانەی لە ئەنجامی ئەو بڕیارە بەریان دەکەوێت بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە و یاسا بەرکارەکانی هەرێم.

سێیەم: کاری کۆمپانیاکانی بیر هەڵکەندن و پێدانی مۆڵەتی بیر هەڵکەندن بەکەسی سروشتی و مەعنەوی هەڵوەشاندنەوەو وەستاندنی ڕێپێدان بە ڕێنماییەك ڕێك دەخرێت کە لەلایەن وەزیر دەردەچێت.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، هەر بەڕێزێك ئەیەوێت گفتوگۆ بکات لەسەر ماددەی (١٨) دەستی خۆی بەرزکاتەوە؟ ئەگەر پێویستتان بە (١٠) دەقە ڕێست هەیە پێمان بڵێن بەڕێزان؟ ئەم بەڕێزانەی ئەیانەوێت گفتوگۆ لەسەر ئەم ماددەیە بکەن (کاك شێخ ظاهر، کاك نزار، حسیبە خان، د. ڕێبوار، کاك حکمت، کاك چیا، د. گەلاوێژ، ئاشنا خان، کاك بەڵێن، نجاة خان، د. محی الدین، کاك عمر) کاك شێخ ظاهر فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٨) خاڵی یەکەم: وەزیر دەتوانێ بیر هەڵکەندن لە هەندێك ناوچە بۆ ماوەیەکی کاتی قەدەغە بکات.

خاڵی دووەم: وەزیر لەکاتی پێویست دا بڕیار دەدات بە وەستاندنی بەکارهێنانی بیر لە هەندێك ناوچە.

خاڵی سێیەم: کاری کۆمپانیاکانی بیر هەڵکەندن و پێدانی مۆڵەتی بیر هەڵکەندن بەکەسی سروشتی و مەعنەوی هەڵوەشاندنەوەو وەستاندنی ڕێپێدان بە ڕێنماییەك ڕێك دەخرێت کە لەلایەن وەزیر دەردەچێت، من پێشنیار دەکەم هەرسێ بڕگە کە لێرە وەزیر هاتیە بکرێتە ئەنجوومەنی ئاو لەبەر ئەوەی وەزیر سەرۆکی ئەنجوومەنە ئەنجوومەنێك دامەزراوە، بۆیە پێشنیار دەکەم خاڵی یەکەم لەجیاتی وەزیر دەتوانرێ بکرێتە ئەونجوومەنی ئاو لە هەرێم، خاڵی دووەم وەزیر لە کاتی پێویستی دا دیسان بکرێتە ئەنجوومەنی ئاو لە هەرێم، خاڵی سێیەم دیسان ئەنجوومەنی ئاو لە هەرێم دەتوانێت لەکاتی پێویستی دا هەڵوەشاندنەوەو وەستاندن و ڕێپێدان بە ڕێنماییەك ڕێك بخرێت کە لەلایەن ئەنجوومەنی ئاو لە هەرێم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك نزار.

**بەڕێز نزار مەلا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای پشتگیریم لە پێشنیارەکەی شێخ ظاهر تێبینی منیش هەر ئەوەیە هەرسێ خاڵەکە لە ماددەی (١٨) کورت کرێتەوە بکرێتە یەك خاڵ ئەم وشەیەی دەسەڵاتی وەزیر زۆر بەکارهاتووە، چونکە ئێمە ئەنجوومەنی ئاومان هەیە پێم باشە وابێت لەبەر ئەوەی ئەنجوومەنێك دادەمەزرێت بەناوی ئەنجوومەنی ئاو لە هەرێم ئەم دەسەڵاتانەی لەم ئەنجوومەنە دیاری کراون پێویستە ئەنجوومەن ئەم دەسەڵاتانەی پێ بدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو کاك حکمت.

**بەڕێز حکمت محمد عبو زید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٨) پشتگیری قسەکانی کاك شێخ ظاهر دەکەم ئەوەی حەزم دەکرد بیڵێم کاك شێخ ظاهر وتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو حسیبە خان.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من لەلایەن کاك شێخ ظاهر و کاك نزار کرا، بۆیە پشتگیریان ئەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو ئاشنا خان.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله من پرسیارێکم هەیە لە ئەندامانی بەڕێزی لیژنە، لە خاڵی دووەم ئەڵێ وەزیر لەکاتی پێویست دا بڕیار دەدات بە وەستاندنی بەکارهێنانی بیر لە هەندێك ناوچە، ڕاستە لە بڕگەی سێیەم ئەڵێ ڕێنمایی دەرئەچێت، بەڵام وەکو یاسادانەر حەقی خۆمە کە بزانم چۆن ڕێگری ئەکرێت لە بەکارهێنانی بیر یەعنی چی ئەکرێت پۆلیس لای بیرەکە دائەنێن ناهێڵێت بەکاری بێنێت یانی چۆن؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك عمر.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله منیش سەبارەت بەو ماددەی (١٨) هەمان پرسیاری ئاشنا خانم هەیە کە بۆچی هیچ میکانزمێك تەرح نەکراوە لەم ماددەیە لە هەر یەکێك لەم بڕگانە بۆ شێوازی مامەڵە کردن لەگەڵ ڕێگەگرتن لە بەکارهێنانی ئاوی بیر، یاخود وەستاندنی بیر هەڵکەندن، هەروەها دەسەڵاتی زۆر دراوە بە وەزیر بەڕێزان وەزیر هەر بەڕێزێك بێت لە هەر کابینەیەکی حکومەت قابیلی ئەوەیە کە ئەم دەسەڵاتانە خراپ سوود لێ وەرگرێت، بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەم دەسەڵاتانەی وەزیر بدرێتە ئەنجوومەن هەروەها.......

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

چ ئەنجوومەنێك مامۆستا نموونە.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

....... ئەنجوومەنی پاراستن و بەڕێوەبردنی ئاو هەر لە سەرەتاوە تیایەتی یەك ئەنجوومەنی تیایە هەروەها من ئەو پرسیارە لەو لیژنە بەڕێزانە ئەکەم ئایا ستانداردێك نیە ئێمە بەیاسا ئێستا ئاو لە

هەندێ شارا هەر گەشتۆتە قۆناغی مەترسیدار، بۆ نموونە لەناو شاری هەولێر ئـاوی ژێـرزەوی بە تەواوەتی کەم بۆتەوە بەپێی ئەو زانیاریانەی باس ئەکرێت بۆ لەم یاسایە سـتانداردێك ڕێـژەیەك دانەنێین لە هەر شارێکا، بۆ نموونە ئاوی ژێر زەوی گەیشتە ئەوەندە مەترە ئیتر ڕێگە نەدرێت، بۆ نمـوونە پڕۆژەکـانی وەبەر هێنـان ڕێگەیـان پـێ نەدرێـت ئەم هەمـوو یەکەی نیشـتەجێ بـوون دروست ئەکرێن بۆ خەڵکی هەژار نییە، بەڵکو بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستانیش نیـیە زۆرینەیـان مەسەلەن پڕۆژەیەکی ئاژەڵداری، بۆ نموونە کە لەشاری هەولێر ئەزمەی ئـاوی ژێـرزەوی دروسـت بووە ڕێـگەی لـێ ئەگـرن بـا بچێـت لە قەزای سـۆران بیکـاتەوە، لە زاخـۆ بیکـاتەوە، لە شـارەزوور بیکــاتەوە کە لەوێ ئــاوی ژێــرزەوی هەیە، ئەمە دەرفەتــی هەلــی کــار دەرەخســێنی هەلــی بووژاندنەوەی ناوچە پەراوێز خراوەکان دەرەخسێنی، بۆیە من زۆر زۆرم پێ باش بوو ئەم لیژنە بەڕێزە بە وریایی و زیرەکی خۆیان ڕاوێژ لەگەڵ کەسی پسـپۆڕ بـکەن سـتانداردێك دانـێن، بـا لە ئێستاوە ڕێژەیەکی تیابێت هەر شـارێك ئـاوی ژێـرزەوی گەیشـتە ئەم قۆنـاغە ڕێـگە نەدرێـت وە دەسەڵاتەکانیش بە وەزیر نەدرێت بە ئەنجوومەن بدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو کاك علی.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، من چەند سەرەنجێکم هەیە لە ماددەی (١٠) خاڵی سـێیەم ئەڵـێ دەسـەڵاتی ئەوەی کە نابێـت یـان مەنـعەکە دەسـەڵاتەکە دراوە بە وەزارەت، کەچـی لێـرە ئەڵێـت وەزیـر تەزاربە خۆمـان ئەزانـین وەزارەت، یەعنـی ئەنجـوومەنی وەزارەت لێـرە وەزیـرە، دووەم پێــدانی ئەم هەمــوو دەســەڵاتانە بە وەزیــر عەمەلــی نیــیە، مــن لەگەڵ ئەمەیــانیم بــدرێ بە ئەنجـوومەنی تـر ئەمە ئەرکـی ئەنجـوومەنی شـارەوانییەکانە ك دروسـت کـراوەتەوە نـوێنەری کشـتوکاڵی تیــایە مــودیریەتی کشــتوکاڵ محــافزی تیــایە هەمــووی تیــایە هەر مەنتــیقەیەك تایبەتمەندی خۆی هەیە ئێستا وەزیر نازانێت تایبەتمەندی زاخۆ چییە، بەڵام ئەنجوومەنی دهۆك ئەوە ئەزانن ئەنجوومەنی شارەوانییەکانی دهۆك بۆ سلێمانیش ئەمە ڕاسـتە بـۆی ئەم دەسـەڵاتە باشتر وایە عەمەلی ترە بدرێ بەو ئەنجوومەنانە، پاشـان ئەڵـێ وەزیـر لەکـاتی پێویسـت دا بڕیـار دەدات بە وەستاندنی بەکارهێنانی بیر لە هەندێك ناوچە، ناوچە وشەیەکی گشتگیرە بۆ پـڕۆژەی کشتوکاڵی و پڕۆژەی نیشتەجێ بوون بەکاردێت، ئایا ئەتوانی ڕێگری لێ بکات؟ مەسەلە بۆ پڕۆژە کانی کشتوکاڵمان مەبەستە لێرە مەبەستەکە چیـیە، چـونکە صـڵاحیەتی وەزیـر نیـیە، ڕێـگری لە بیــری پــڕۆژەی نیشــتەجێ بــوون بکــات وەزیــری کشــتوکاڵ وانــیە، بەڵام ئەگەر بـیکەین بەو ئەنجوومەنی شارەوانییە تا ڕادەیەك ئەتوانی تەداخول لە هینەکانی ترا بکات ئەگەر ئەوەمان بـۆ ڕوونکەنەوە، خاڵی سێیەم باس لەوە ئەکات کاری کۆمپانیاکانی بیر هەڵکەنـدن، بەڕێـزان لە ٩٠% ی ئەوانەی کە ئێستا بیر هەڵدەکەنن کۆمپانیـانین ئـی شەخسـەو بیـری سـووریە و خەڵکە، بـۆیە ئەمەش دیسـانەوە ئایـا ئەمە وا ئەکـات ئەوەی لەبـواری بیـرا ئیشـی کـرد ئیجبـاری ئەکـا ئەبـێ کۆمپانیا دروستی بکات ئەمەش ڕوون بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

مەبەستت چی بوو لە هینەکانی تر کاك علی؟

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

یەعنی ئەوەکا ئەوەکا یەعنی.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك محی الدین.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینییەکەی من لەسەر بڕگەی دووەمە کە ئەڵی وەزیر لەکاتی پێویست دا بڕیار دەدات بە وەستاندنی بەکارهێنانی بیر لە هەندێك ناوچە بۆ بەرگە گرتن لە ڕۆشتنی ئاوی ژێرزەوی ناوچەکە، بەمەرجێك قەرەبووی خاوەن بیرەکان بکرێتەوە، من پێم وایە لەدوای قەرەبووەکە پێویستە قەرەبووەکی دادپەروەرانە بەجۆرێك کە یەکسان بێت بەبڕی ئەو زیانانەی بەر خاوەن بیرەکە کەوتووە، ئەوەی تریان پەیوەندی بەوە هەیە کە ئایا ئەو دەسەڵاتە بدرێت بە وەزیر یان ئەنجوومەنەکە ئەگەر بۆ ئەنجوومەنەکە بێت پێویستمان بەوەیە لە ماددەی(٩) ئەو دەسەڵاتانە بۆ ئەنجوومەن زیاد بکەین، چونکە لەوێ ئاماژەمان پێ نەکردیە، بۆیە دەبێ ئەگەر وا ئەوە کرا تەحدیدی ئەو ماددەیە بکەین لەوێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو کاك بەڵێن.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتیوانی لەو بۆچوونە ئەکەم کە ئەو ڕێکارانە بدرێتە دەست ئەنجوومەنی شارەوانییەکان لەگەڵ ئەوەش بڕگەی دووەم لە ماددەی (١٨) ئەڵێ وەزیر لەکاتی پێویست دا بڕیار دەدات بە وەستاندنی بەکارهێنانی بیر لە هەندێك ناوچە، واتە بیرەکە هەیە هەڵکەندراوە، بەڵام بڕیار ئەدات بە وەستاندنی هەنێ پرۆژە هەیە ناکرێت، مەسەلەن ئەو بیرەی بۆی لێدراوە لە بەکارهێنان بوەستێت، باسی قەرەبووی زیانەکانی خاوەن بیرەکە ئەکا، بەڵام باسی ئەو ئالیەتە ناکات کە چۆن پرۆژەکە پێی بەردەوام بێت مەسەلەن پرۆژەیەکی پەلەوەریە پێویستی بە بەکارهێنانی ئاوە بەپێی بڕیاری وەزیر بەکارهێنانی بیرەکە ڕائەگیرێت لەوکاتە ئەبێت بیر لە ڕێگاچارە بکەینەوە پرۆژەکە چۆن بەردەوام بێت لە کارکردن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو نجاة خان.

**بەڕێز نجاة شعبان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەڕای کو پاڵپشتیا ئاخافتنێت شێخ ظاهر و کاك نزار و کاك حکمت و حسیبه خانێ دکەم لبەر هەندێ کو ماددێ (١٨) برگەی یەکێ و دووێ و سێ ئەنجوومەنەك دێهێتە دامەزراندن دیڤ ماددەی هەژدەیێ پێشنیارا دێ یاسایێ دا کو وەزیر خۆ سەرۆکی ئەنجوومەنییە پێتڤی ناکاتن کو وەزیر هەمی دەسەڵات بۆ وەزیری بیت بۆ وەئەنجوومەنی ئاڤ لە هەرێمی بیتن دێ خوازراو ئەنجوومەنی دروست کری پێویست ناکاتن بۆ وەزیر بیتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو کاك چیا.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیا من لسەر دەسەڵاتێن وەزیری بوویە ئیکش شعارێ مە دکابینا نۆیێ دا ڤەکو شۆڕکردنا دەسەڵاتی بۆ خارێ بووە یان دابەش کردنا دەسەڵات بوویە، بەڵێ موخابنێ ل ڤێرێ وەزیر هەموو بیرەکی هاووڵاتیەکی ڤیت بیرەکی قەدەغە بکات پێتڤیا وەزیر موافەقە بکەت، ئەز نە لگەڵ هەندێ مە من پێ باشە ئەو دەسەڵاتە بێنە خارێ دگەل هەماهەنگی دگەل وەزیرێ بۆ نموونە لە هەر پارێزگایەکی پارێزگار ژ صلاحیەتا بن ئیدارەکا سەربەخۆ سەرپەرشتیارا ئیدارا سەربەخۆ دەسەڵاتا کوبن موافقێ بدەن، بەس دگەل هەماهەنگیم دگەل وەزارەتێ ئەڤە گەر لێ بێتە زێدە کردنێ زۆر باشتر دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو کاك رێبوار.

**بەڕێز رێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەك: سەبارەت بە ماددەی (١٨) مۆڵەتی هەڵکەندنی بیر بەپێی بڕیارەکی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە صلاحیەتە، ئێستا ڕاستە ئەنجوومەنی وەزیران بڕیاری مۆڵەتی هەڵکەندنی بیر ئەدات، بەڵام لە هەمان کاتیشدا مادام مۆڵەت بدا کەواتە ئەنجوومەنی وەزیران بۆشی هەیە ڕایبگرێت یان مۆڵەتەکە نەدات ئەلێرە تەناقوزێك دروست ئەکات لەگەڵ خودی ئەم بڕیارەی ئەنجوومەنی وەزیران کە صلاحیەتی ڕاگرتنی بیرەکەی داوە بە وەزیری کشتوکاڵ، لەکاتێکدا ئەم بڕیارە بڕیاری ئەنجوومەنی وەزیرانە حەقە پێداچوونەوەك بەوە بکرێت.

دوو: منیش لەگەڵ ئەوەم لەبەر ئەوەی کە ئاو سامانێکە وە پرسێکی ستراتیجیە با لەدەستی کەسێك قەتیس نەبێتەوە واباشە ئەنجوومەنێك کە بەپێی پێشنیازی ئەم یاسایە بڕیاردراوە کە دروست بکرێت لە ماددەی (١٨) لە مادده (٨) ئەم دەسەڵاتە بۆ ئەنجوومەنە بگێڕدرێتەوە، زۆر سوپاس.

**هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو گەلاوێژ خان.

**بەڕێز گەلاوێژ عبید عثمان :**

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.ماددەی (١٨) من پێم وایە لێرە نەقسێك هەیە کەمیەك هەیە، لە داڕشتنی ئەو ماددەیە، من پێم باشە ماددەی (١،٢) بکرێتە یەك مادده بەم شێوەیە دابڕێژینەوە،

وەزیر دەتوانێت بیرهەڵکەندن یان وەستانی لە بەکارهێنانی بیر لە هەندێك ناوچە قەدەغە بکات بەپێی ڕاپۆرتی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن وپاراستنی ئاو بەمەرجێك مەترسی لەسەر دابەزینی برو ئاراستەی ئاو و جۆری ئاوی ژێر زەوی هەبێت وە قەرەبووی خاوەن بیرەکان دەکرێتەوە بەو زیانانەی لە ئەنجامی ئەو بڕیارەی پێ دەکەوێت بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایەو یاسا بەرکارەکانی هەرێم، بەڵام لێرە پرسیارێك هەیە تەنیا باسی قەرەبووی خاوەن بیرەکان دەکرێت، ئەی ئەگەر هاتوو بیرەکە حکومی بوو یەعنی پێویست ناکات لێرە بەس بۆ بیرە ئەهلیەکان باسی ئەم یاسایە دەکات لێرە ناڕوونییەك هەیە، بەڵام من پێم باشە ڕاپۆرتێکی زانستی لە ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی ئاو پێشکەش بکرێت ئینجا وەزیر ئەو بڕیارانە بدات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر سەرەنجێکتان نییە فەرموون ماددەی (١٩) بخوێننەوە، فەرمووو کاك لقمان.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەتێبینی ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان کە ئەم دەسەڵاتانە لە وەزیرەوە بگوازرێتەوە بۆ ئەنجوومەنی ئاو، تەبعەن ئەنجوومەنی ئاو سەرۆکەکەی هەر وەزیری کشتوکاڵە، هەروەها لە ماددەی (٩) ئەرکەکانی ئەنجوومەن دیاری کراوە کە بڕیار لەسەر پڕۆژەو سەرچاوەکانی ئاو شێوازی بەکارهێنان و پاراستنی ئاو ئەدات، کەواتە بە نەتیجە بڕیارەکان هەر لە ئەنجوومەنی ئاو ئەدرێن، بەڵام ئەمە ڕەنگە جۆرێك بۆ ئاسانکاری بێت لە ڕاستی دا ئێمە سەرەتا پێشنیازی ئەوە کرا ڕەئیەکی وا هەبوو کە ئەنجوومەنی ئاو لە ئاستی باڵایێ و سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران سەرۆکی ئەنجوومەنی ئاو بێت وەکو لە زۆرێك لە وڵاتان هەیە، بەڵام حکومەت خۆی پێی وایە ئەمە ڕۆتینیاتی زۆر دروست ئەکات، باشتر وایە لە ئاستی وەزارەت دابێت، بۆیە من بڕوا ناکەمو ئەمە بابڵێین بەجۆرێك لە جۆرەکان کۆمەڵێك دەسەڵاتی ڕەهابێت بە وەزیر درابێت، چونکە وەزیر خۆی سەرۆکی ئەنجوومەنەکەیە، بۆیە ئەمەش قابیلی گفتووگۆو موناقەشە کردنە، ئایا بدرێتە ئەنجوومەنی پارێزگاکان بە شێوازێك موهیم ئەوەی گرینگە ئامانجەکە لەو یاسایە پاراستن و دەست گرتنە بەئاوەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (١٩) فەرموون بیخوێننەوە، فەرمووو کاك عثمان .

**بەڕێز عثمان کریم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی(١٩):

پێویستە وەزارەت ئەم ڕێوشوێنانەی خوارەوە بۆ ڕێکخستنی ناوچەی باراناوی کە دەبێتە هۆی ڕوودانی سێڵاو لافاو لەو ناوچەی پێیدا دەڕوات بگرێتەبەر.

یەکەم: پاراستنی خاك و بەرگی ڕووەکی بەڕێگای گونجاو چاندنی ئەو ڕووەکانەی خۆڵ جێگیر دەکەن بۆ پاراستنی ناوچەکە لە داماڵین و ڕۆچوون.

دووەم: ڕێکخستن و نۆژەنکردنەوە لە ڕێڕەوی شیوەکان و دروست کردنی پڕۆژەی پێویست بۆ پاراستنی خاك.

سێیەم: قەدەغە کردنی فراوانکاری لە پەیداکردنی زەوی کشتوکاڵی یان دامەزراندنی پڕۆژەی شارستانی یان پیشەسازی لەسەر ڕێڕەوی شیوەکان، کەنار، ڕووبارەکان، بەنداو، کۆگاکانی ئاو، ئەگەر کاریگەری نەرێنی لەسەر سەرچاوەکانی ئاو هەبوو.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان ماددەی (١٩) هەر بەڕێزێك ئەیەوێت گفتوگۆی لەسەر بکات؟ ئەو بەڕێزانەی ئەیانەوێت گفتوگۆ لەسەر ماددەی (١٩) بکەن بریتین لە (کاك علی، کاك شاخەوان، کاك عمر، دکتۆر محی الدین) کاك شاخەوان فەرموو.

**بەڕێز شاخەوان رؤوف مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٩) ئەڵێ پێویست ئەکات وەزارەت ئەم ڕێوشوێنانەی خوارەوە بۆ ڕێکخستنی ناوچەی باراناوی کە دەبێتە هۆی ئەوەی ڕوودانی سێڵاو لافاو لەو ناوچانەی پێدا دەڕوات بگرێتەبەر، ئەمە تەنها لێرە باسی وەزارەتی کشتوکاڵی کردووە کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاوییەکان، یەعنی ئەمە ئەبێت لە ڕاستیا وەزارەتی کارەباش، چونکە بەنداوەکانیش لەڕووی تەنزیم کردنی ئیشەوە سەر بە وەزارەتی کارەبان، لەبەر ئەوە گرێنگە یەعنی ناوی وەزارەتی کارەباش بێت یان لایەنی کەم باسی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەنداوەکانی تیا بێت، چونکە ئەمە ڕەبتیان بەیەکەوە هەیە هەم وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاوییەکان و بەنداوەکانیش، لەبەر ئەوە گرینگە ناوی یان وەزارەتی کارەبا بێت بۆ ئەم ئیشە یان بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەنداوەکان لە هەرێم ناوی بهێنرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك محی الدین.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە مادەەی (٧) وەزارەت پێویستە ئەمانەی خوارەوە ئەنجام بدات، ئێستا لە ماددەی (١٩) وەزارەت پێویستە ئەم ڕێو شوێنانەی خوارەوە بۆ ڕێکخستنی ناوچە باراناوییەکان ئەنجام بدات، پێم وایە ماددەی (١٩) یان ماددەی (٧) دەمج بکرێت و بکرێنە دوو بڕگە بۆ ئەوەی، چونکە هەردووکیان ئەرکی وەزارەتن کە پێویستە بیانکاتن، هەم ماددەکەش کەم دەبێتەوە لەتەك ئەوەی کە بڕگەی دووەمی ماددەی (١٩) ڕێکخستن ونۆژەنکردنەوەی شیوەکان و پاککردنەوەی کەناڵە ئاوییە دروستکراوەکان، چونکە هەندێك قەناواتی ئاوییمان هەیە دروست کراوە بۆ ئاودێری و ئەوانەش پێویستی بە پاککردنەوە هەیە، بۆیە من پێشنیاری ئەوە دەکەم کە ماددەی (١٩،٧) یەکبخرێن و بکرێنە دوو بڕگەو ئینجا فەقەرەکانی بڕگەکانی تر بەسەریدا بێت زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك عمر.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاستیا ماددەی (١٩) دووبارە بوونەوە و تەفصیلی لەگەڵ دایە، عەین ماددە (١٣)یە، بۆیە زۆرم پێباشـە یەکێـك لە ماددەکـان بمێنێـتەوەو بەیەکەوە جـارێکی تـر دابڕێـژرێتەوە لە مـاددە (١٣) هەردوو بڕگەکەی ئەڵێت وەزارەت پلان دائەنێت، بـۆ نمـوونە لە بـڕگەی دووەم ئەڵێت وەزارەت پلان بۆ ڕێگەگرتن لە ڕۆچوونی زەوی سـێڵاو لافـاو چـاکردنی ڕێـڕەوی شـیو کەنـاڵە گشـتییەکان دائەنێـت، بەس لێـرە لە مـاددەی (١٩) ئەڵـێ پێویسـتە وەزارەت ئەم ڕێوشـوێنانەی خـوارەوە بـۆ ڕێکخسـتنی نـاوچەی بارانـاوی کە دەبێـتە هـۆی ئەوەی ڕوودانـی سـێلاو لافـاو لەو نـاوچەیە تەقـریبەن هەمـانە، یەعنـی بەتـایبەت بـڕگەی دووەمـی مـاددەی (١٣) هەر لێـرە تـۆزێ ڕوونتـر کراوەتەوە، بۆیە من پێم باشە ئەم لیژنە بەڕێزە ئەم دوو ماددەیە بکەن بەیەك، چونکە ئەرکەکانی وەزارەت دەست نیشـان ئەکـات هەروەهـا مـاددەی (١٩) جـوانتر ئەرکەکـانی ڕوونکـردۆتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك علی.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەسەر ئەو ماددەیە چەند پرسیارم هەیە، هەروەها چەند سەرەنجێکم هەیە، کاتێـك کە ئەڵـێ پاراستنی ناوچەکان لە داماڵین لە لافاو تەنیا مەبەستی زەوییە کشتوکاڵییەکانە یان دەوروبەری شارەکانیش ئەگـرێتەوە، چـونکە تێکەڵـیـەك هەیە لە زەویـیە کشـتوکاڵییەکانەوە، زۆرجـار لافـاو هاتووە بۆناو شارەکان، ئەگەر ئەمە مەبەست بێت ئەمە ڕەبتـی بە وەزارەتـی کشـتوکاڵەوە نیـیە، ڕبتی بە وەزارەتی شارەوانیەوە هەیە، بۆیە ماددەی (٣) زیـاتر ڕەبتـی بە وەزارەتـی کشـتوکاڵەوە هەیە ئەمیش تەبعەن بە هەماهەنگی لەگەڵ دەسـتەی وەبەرهێنـان و وەزارەتـی شـارەوانیا بێـت دیسـانەوە خـاڵی دووەمـیش عەفـوو نەك مـاددەی (٣)، هەروەهـا خـاڵی سـێیەمیش هەر ڕەبتـی بەوەزارەتی شارەوانییەوە هەیە، خـاڵێکی تـر کە گـرینگە جێگیرکرێـت ئەویـش دروسـت کردنـی پڕۆژەی ئاودێرییە بـۆ خەزنکردنـی ئـاوی لافـاو کە ئێسـتا لە زۆر شـوێن هەیە جـگە لە بەنـداو لە هەندێ وڵاتان چاڵی زۆر گەورە دروست ئەکەن خەزانی زۆر گەورە دروسـت ئەکەن ئۆتۆمـاتیکی لەو ناوچە لە بڕی زیان ئەبێتە یەدەگێك بۆ ئاوی ژێر زەوی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر سەرەنجێکتان نییە بڕۆنە سەر حوکمە سزاییەکان، فەرموو.کاك لقمان.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١٩) لەڕاستیدا زیاتر پاراستنی لایەنی ژینگەییە و سـەوزکردنی کوردسـتانە ئەو دارو درەختانە بچێنرێت لەو شوێنانە بۆ ئەوەی خاك بەرگەی دامـاڵین و ڕۆچـوون و بەرگەی سێلاو بگرێت بابەتی تر فراوانکـردنە، ڕێگـری کـردنە لە سـەرپێچی کە پـاوان و دارسـتان بـڕێ و

بخرێتە سەر پرۆژەکانی نیشتەجێ بوون بێت، یان هەر پرۆژەیەکی خزمەتگوزاری بێت، واتە پاراستنە ئەوەی تر کە پەیوەندی بە ڕێڕەوو پاککردنەوەی بابلێین ڕێڕەوەکانی ئاو کەندەکانە، بۆیە دوو ماددەی زۆر زۆر لێك جیاوازن، ئێمە بە پێویستمان زانی ئەو ماددەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی(٢٠) حوکمە سزاییەکان فەرموون، فەرموو کاك هێرش.

**بەڕێز هێرش حسن حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی پێنجەم حوکمە سزاییەکان ماددەی(٢٠):

سەرپێچی حوکمەکانی ئەم یاسایە بکات بە بەندکردن بۆ ماوەیەك لە سێ مانگ زیاتر نەبێت

یەکەم: هەرکەسێك یان بە پێبژاردنێك کە لە سێ ملیۆن دینار کەمتر نەبێت لە پێنج ملیۆن دینار زیاتر نەبێت، یان بە هەردووکیان سزا دەدرێت.

دووەم: سزاکانی هاتوو لە بڕگەی یەکەمی ئەو ماددەیە ڕێگر نابن لە سەپاندنی هەر سزایەکی توندتر کە لەیاسا بەرکارەکاندا هاتبێت.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان ماددەی (٢٠) هەر بەڕێزێك ئەیەوێت گفتوگۆی لەسەر بکات؟ ئەو بەڕێزانەی ئەیانەوێت گفتوگۆ لەسەر ماددەی (٢٠) بکەن بریتین لە (د. اسماعیل، مامۆستا عمر، رووپاك خان، کاك بەڵێن، کاك دابان، کاك شاخوان، کاك گۆران، د. شایان، کاك علی، د. ڕێبوار، کاك حکمت، حسیبە خان، مامۆستا ویسی) مامۆستا ویسی فەرموو.

**بەڕێز ویسی سعید ویسی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی ماددەی (٢٠) ماددەیەکی زۆر گرینگە وە سزاش پێویستە دەڵێت هەرکەسێك جیاری نەکردییە ئایا ئەو کەسە کەسێکی سروشتی بێت یان مەعنەوی بێت، بۆیە من پێشنیار دەکەم وای لێبێت هەرکەسێکی سروشتی یان مەعنەوی، چونکە جاروایە کۆمپانیاو شتی واش زەرەرو زیان دروست دەکەن، هەروەها ئەو ماوەی کە بۆ بەندکردن دانراوە سێ مانگ کەمە، پێشنیار دەکەم بکرێتە شەش مانگ، زۆر سوپاس.

**بەڕێ هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو حسیبە خان.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری ڕەئی مامۆستا ویسی دەکەم، منیش هەمان تێبینیم هەبوو، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك پێشەوا.

**بەڕێز پێشەوا طاهر مصطفى:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
پێم وایە ئەو پێبژاردنەی کە دیاریکراوە یەعنی خەڵك هەیە لەوانە پەنجا ملیۆن بدات بۆ ئەوەی بیرێك لێ بدات، ئەگەر بە سێ ملیۆن دینار غەرامەی بکەی زۆر ئاساییە بیرەکە لێ ئەداو سێ ملیۆنەکەش ئەدات بۆیە ئەبێت سیغەیەکی دیکە بدۆزرێتەوە، یەعنی زیندانی بێت دەست بەسەر داگرتنی کەلوپەلی بیر هەڵکەندنەکە بێت یەعنی شتێکی لەم جۆرە کە برادەرانی لیژنە بەڵکو چارەسەری بکەن، چونکە سێ ملیۆن هیچ نییە، یەعنی پەنجا ملیۆن ئەدات بیرێکی بۆ دروست کەن، زۆر سوپاس.
**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس، فەرموو دکتۆرە شایان.
**بەڕێز د. شایان کاکە صالح محمد:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
لە ماددەی (١٠)، دەزانم لە ماددەی (٢١)یش باسی ماددەی (١٠) دەکات، بەڵام لە ماددەی (١٠) باسی فڕێدانی پاشەڕۆی ناو ماڵ دەکات، فڕێدانی پاشەڕۆی ناو ماڵ، یانی سەرپێچیەکی زۆر بەسیتە، پیشەسازی سەرپێچیەکی زۆر زۆر گەورەیە، ڕێژەی سزاکە لە سێ ملیۆن بۆ پێنج ملیۆن ڕێژەکە دەبێت ڕێکبخرێتەوە، ئەگەر بکرێت لیژنەی تایبەتمەندو لایەنەکان، تەبعەن سەرەڕای دەست خۆشیم بۆ ماندوو بوونتان، زۆر سوپاس.
**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس، فەرموو رووپاك خان.
**بەڕێز رووپاك احمد رحمان:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ماددەی (٢٠) من بەپێچەوانەی هاوڕێیان پێم وایە دەبێت پێبژاردنەکە کەمبکرێتەوە، سێ ملیۆنەکە بکرێتە یەك ملیۆن دینار، هەروەها پێنج ملیۆنیش بکرێت بە سێ ملیۆن دینار، زۆر سوپاس.
**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس، فەرموو کاك اسماعیل.
**بەڕێز اسماعیل علی طه:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
من سێ تێبینیەت هەی تێبینیا ئێکێ ئەز دبینم ئەصڵەن ئەو غەرامەی مالیت بێنە ڕاکرن تەمامەن نەڕادعە، چونکە فەلسەفەش سزادانێ ڕەدعە پاشڤە برنە وە هی مالی غەرامە مالی ناهێتە پاشڤە برن، ئەز بینم بەس زیندان کرن بیت وە زێدە بیت ببیتە شەش هەیڤ و زیاتر چونکە ئەوێ سەرپێچی دکەن خودان دەسەڵاتن دەسەڵاتا هەیە قوەتا هەی نە مرۆڤێت هەژارن ئەڤە خالا یەکێ، خالا دوویێ بۆمە دیار نەکریە مەسیرێ کارێ دێچبیت یەعنی ئەڤ کارە دێهێتە ڕاوەستاندنا ناهێتە ڕاوەستاندن ئەڤە بەس بەعسێ وی کریە بەعسێ سەرپێچی کار ئەدی سزایێ وی چبیت کارێ وی چهێبیتن کە دهێتە ڕاوەستاندنا ناهێتە ڕاوەستاندن، ئەڤە پرسیارەکا

بۆ لیژنا تایبەتمەند بەرسڤا مە بدەن، خالا سێیێ نەهاتیە دیاریێ کرن، ئەگەر سەرپێچی کار ئیکیش فەرمانبەرێ ڤان وەزارەتێ پەیوەندیدار بێت یەعنی وەزارەتا کشتوکاڵ بێتن ئیکیش وان ئەڤ وەزارەتێ ئەڤێ یان نوێنەرێن مەعنینە ئەنجوومەنێن ڤێرێ دا ئیکیش وانا بیت ڤی کاری بکەتن نەهاتیە دیار کرن کانێ عقوبەی وی دێ چبیت موزاحف بیت موزاحف نابیت مەفروزە ڤێرێ هاتبا دیاریێ کرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك ڕێبوار.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٢٠) هەڵبەتە جگە لە حوکمەکانی ماددەکە لە مادده (٢١) باسی سزایەکان ئەکات بۆ مادده قەدەغەکراوەکانی ماددەی(١٠)، ئەوە وازحە ماددەی (٢١) بۆ ئەوانە، بەڵام دوو جۆر قەدەغەی دیکە سەرپێچی دیکەمان هەیە کە ماددەی (٢١) باسی نەکردووە، بەڵام مەبەستی لێ ئەوەیە کە موعالەجەی ئەو سەرپێچییە بکات، بەکێکیان نەبوونی مۆڵەتە مۆڵەتی بیر هەڵکەندن، ئەویدیکە ئەو پرۆژانەیە کە پاشەڕۆکانیان ئەچێتەوە ناو ئاو، سەبارەت بەو پرۆژانەی کە پاشەڕۆکانیان ئەچێتە ناو ئاو لێرەدا یان سێ ملیۆن دینار یان پێنج ملیۆن دینار دیاریی کراوە کە لێرە نازانین کە بۆ سێ ملیۆن دیناری بۆ تەخسیس دەکرێ بۆ سزایەکە یان پێنج ملیۆنە ئەوە یەك.

دوو: ئەوەشی کە پەیوەندی بە بیر هەڵکەندن هەیە نەبوونی مۆڵەت بەڕاستی پارەکە یەکجار کەمە، بۆیە پێویستە سزایەکە لە ماددەی (٢٠)، چونکە ماددەی (٢٠) گرینگترە لە ماددەی (٢١) ماددەی (٢١) وازحە باسی قەدەغەکراوەکان دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك گۆران.

**بەڕێز گۆران عمر علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، سەبارەت بە ماددەی (٢٠) پشتیوانی لە قسەکانی کاك پێشەوا هەورامانی و دکتۆرە شایان ئەکەم، هەروەها ئەو سزایە زیادکرێت بۆ کۆمپانیا نەوتییەکان و بۆ کۆمپانیا وەبەرهێنەرەکان بۆیان زیادکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك حکمت.

**بەڕێز حکمت محمد عبو زید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پێم ڤەیە کو ئەڤ جەزایە هاتییە نڤیستین ل مادده (٢٠)دا ( گەلەك ژبەر هەندێ پێشنیار) دکەم سێ مانگ ببنە شەش مانگ، سێ ملیۆن ببنە شەش ملیۆن و پێنج ملیۆن ببنە دە ملیۆن، پێشنیارا دووێ کو مادده (٢٠، ٢١) هەردوو ببنە ئێك مادده بەس فەقەرە لێ بێنە زێدە کرن و

ڤێرێ مادده (٢١)دا پێویست بوو کو بەعسێ هەندێ هاتبا کرن، کو ئەگەر کەسێك ڕابیتن ئاڤێ ژەهری بکەتن یان ببیتە تێکدەرێ سەبەبێ نەساغ بوونا خەلکێ یان مردنا خەلکێ ئەو جۆرە جەزایەش ژ هاتبا دیارکرن ل ماددێ (٢١)دا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك دابان.

**بەڕێز دابان محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

عەفووم بکەن شتێکمان بەسەرا تێپەڕیووە زۆرجار کاك بژار ئەڵێ لە ماددەکانی دوایییا هاتووە، لە ماددەی (١) خاڵی چواردەیەم ئەڵێ بڕی بەرامبەر بەکاربردنی ئاو ئەو بڕە پارەیەی کە وەرئەگیرێت، ئەو بڕە پارەیە چەندە ئەو بڕە پارەیە ئەگەر رسووماتە بەپێی دەستووری عێراق ئەبێت یاسایەکی بۆ دەربچێت وە فیئەکانیشی دیاریی کردووە، بۆ نموونە ئاوی خواردنەوەی دیاریی کردووە سامانی ماسی، کشتوکاڵ، بەرهەمهێنانی کارەبا، کەرتی گەشتوگوزاری دیاریی کردووە کە ئەبێت یەکەی پێوانەیی دابنرێت وە بڕێك پارە وەربگیرێت، ئەم بڕە ئەبێت بە یاسا دیاریی بکرێت ئێمە هیچ یاسایەکمان نییە کە بڕی ئەو بڕە ئاوەی کە هاووڵاتی بەکاری ئەهێنێت یان فەلاحێك بەکاری ئەهێنێت یان کەسێك بەکاری ئەهێنێت دیاریی کرابێت ئەمە یەك.

دوو: بۆ نموونە باسی یەکەی پێوانەیی دەکات کاتێك کە دابنرێت یەکەی پێوانەیی لێرە باسی هاووڵاتیش ئەکات، چونکە ئاوی خواردنەوەی تیایە لە پرۆژە یاساکەیا کەسێك کە ئەم یەکە پێوانەییە دانەنێت سێ مانگ ئەخرێتە سجنەوە، قسەکە ئەوەیە سێ مانگ ئەخرێتە سجنەوە یان پێنج ملیۆن دینار غەرامە ئەکرێت، چونکە لە ماددەی (٦) بە ڕوونی تیایەتی ئەڵێ ئاوی خواردنەوەو بەکاربردنی بۆ پێویستی خزمەتگوزاری، کەواتە ئەو ئاوەشە کە هاووڵاتی بەکاری ئەهێنێت ئەگەر هاووڵاتییەك پێوەرێك نەبەستێت پێنج ملیۆن دینار غەرامە ئەکرێت، یان سێ مانگ ئەخرێتە سجنەوە یان کەسێك بۆ کشتوکاڵ بەکاری ئەهێنێت ئەگەر پێوەرەکە نەبەستێت سێ مانگ ئەخرێتە سجنەوە؟ خاڵێکی تر هەر دیسانەوە لە سزاکانا کەسێك کە پاڵاوگەیەکی هەیە مووخالەفەی یەعنی پێچەوانەی ئەم یاسایە ئەوە ئەکات ڕەنگە وەحدەیەکی موعالەجەی سێ ملیۆن دۆلاری تێ بچێت، بەڵام زۆر زۆر ئاساییە سێ ملیۆن دینار غەرامە بکرێت، بۆیە جیاوازی هەیە، یەعنی ئەم سزایە ئەبێت بەش بەش جیا بکرێتەوە بۆ نموونە ئەبێت بۆ ماڵان جیابێت بۆ کشتوکاڵ و ژینگە جیابێت، بۆ هەموو پرسەکانی تر جیابکرێتەوە، بەڵام من ئەوەم لەلا پرسیارە ئەو بڕەی کە بەپێی یەکەی پێوانەیی دیاری دەکرێت دەستوور ئەڵی ئەبێت بە قانوون ڕێکبخرێت، ئێمە نیمانە یانی بڕی بەکاربردنی ئاو کە لێرە باسی ئەکات کشتوکاڵ سامانی ئاژەڵ سامانی ماسی هاووڵاتی بۆ ئاوی خواردنەوە چەنە ئەو بڕە چەنە، بەڵام لە یاساکەشا تیایەتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك شاخەوان.

**بەڕێز شاخەوان رؤوف مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کرا پشتیوانی قسەکان و پێشنیاری دکتۆرە شایان دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك عمر.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشداری و موناقەشەی کاك پێشەواو دکتۆرە شایان کاك دابان، بەڕاستی منیش جەخت ئەکەمەوە لە بۆچوونەکانیان ئەویش ئەوە دەرئەخات کە ئەم سزایە بەم جۆرەو بەم تێکڕاییە جۆرە ناعەدالەتییەك ئەهێنێتە پێشەوە، ئەویش هاوولاتییەك سەرپێچی بکات کە گەڕەکەکەی ئاوی نییە بەناچاری بیرێك لێ ئەدات، لەگەڵ پاڵاوگەیەکی نەوت کە پاڵاوگەکە خۆی نایاساییە بە سەدانمان هەن بیرێکیش لێ بدات بەنایاسایی هەروەکو یاك سێ ملیۆن غەرامەیان ئەکەی، بۆیە من زۆرم پێباشە ئەم لیژنە بەڕێزە زۆر نەفەس درێژانە بۆ هەر جۆری سزایەك کێ ئەنجامی ئەدات کۆمپانیا بۆ بازرگانی یان بۆ کەسییە، خێزانییە جۆری سزاکە دەستنیشان کەن بڕی ئەو پارەی کە بۆی لە بەرامبەریا دائەنرێت دەستنیشان کەن، هەروەها کاك دابانیش جارێکی تر پشتگیری دەکەمەوە لە بابەتی رسووماتی، ئاو بەڕاستی نابێت رسوومات بدرێتە دەست حکومەت هەر ئەنجوومەنی وەزیرانێك هەر وەزیرێکی بەڕێز ڕێنماییەك دەرکات بڕی پارە زیادکات ئێستا ئەو پارە زۆرانەی لە خەڵك ئەسێنرێت لە شارەوانی بەبێ یاسا بەڕێنمایی و بڕیاریی ئەنجوومەنی وەزیرانە کە ئەو دەسەڵاتەیان نییە یاسا هەموارکەنەوە بۆیە ئێمە گرینگە با دوو یان سێ هەفتەیکە ئەم یاسایە دواکەوێت قەیچیەکا، بەڵام شتێکی عادیلانە دەرکەین سبەینێ دیسان بابڵێین ئێمە بەدەستی خۆمان بابەتێکی نا عادیلانەمان بۆ خەڵك دەرنەچووێنین، بۆیە من لەگەڵ ئەوەم زۆر بەنەفەس درێژی لەسەر ئەم سزایانە ئەم لیژنە بەڕێزە پیاچوونەوە بکەن بەووردی هەردوو ماددەکەش بکەنە یەك ماددەی (٢٠، ٢١)، هەردووکی سزایە جۆری سەرپێچیەکە کێ ئەیکاو بڕی سزاکەشی لەگەڵ ئەوەی کە ئەم رسووماتە یان تیایا نەبێت و دەربهێنرێت یاخود دایبنێن پێوەرەکەش دابنێن بڕەکەی چەنە، بەتایبەت بۆ پڕۆژەکانی بازرگانی و کشتوکاڵی بۆ ئەوەی نەبێتە بابەتێك کە میزاج یان بابەتێکی شەخسی بڕیاری لێ بدات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك بەلێن.

**بەڕێز بەلێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی لە قسەکانی مامۆستا عمر دەکەم بەتایبەت لەوەی کە ماددەی (٢٠، ٢١) بکرێتە یەك ماددە، ئەوەی کە پەیوەندی بە ماددەی (٢٠)وە هەیە لە ڕاستیا بەهۆی ئەو عەدالەتەی بەینی

ئەوەی کە ناومانانا سزای بچووك و سزای گەورە، یان هاووڵاتییەك لەگەڵ کۆمپانیایەکی گەورە کە ئەکرێت مووەدەی بەینی، یەعنی ئەو جیاوازیەی لە بەینی کەمترین سزا بۆ زۆرترین سزا هەیە ڕێژەیەکی زۆری بۆ دابنرێت، بۆ ئەوەی کە ئەچێتە بەردەم حاکم و وەزارەتەکان یان ئەو دەسەڵاتەی کە سزاکە جێبەجێ ئەکات ڕێوشوێنی لەبەر دەستابێت، بۆ ئەوەی بەپێی عەدالەت و بەپێی دادپەروەرەی سزاکان دیاریی بکات، بەڵام بێگومان پشتیوانی قسەکانی کاك پێشەوا ئەکەم سزاکان بەتایبەت مەبلەغی پارەکە کەمە، پێویست ئەکات لیژنە بە هەماهەنگی لەگەڵ خەڵکانی تر یان لەو تێگەیشتنەی کە ئێستا لە بۆچوونی پەرلەمانتاران وەریانگرتووە مەبلەغەکە زیادبکەن کە کارێك بکات، هەم یەعنی شێوازی هەوڵدان بۆ سەرپێچی کردن زۆر زۆر قورس بکات لای هەر کەسێك بێت کەسەکە کەسی بێت یان مەعنەوی بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەگەر سەرەنجێکتان هەیە، فەرموو کاك بژار، یەك دەقە کاك علی ماوە کاك ڕزگار ناوت نەنووسی بوو کاك، باشە کاکە کاك علی فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای پشتیوانی قسەکانی دکتۆرە شایان، هەم کەمەکە زۆرە بۆ هەندێ حاڵەت هەم زۆرەکە کەمە بۆ هەندێ حاڵەت، هەروەها کاك پێشەوا باسی ئەوەی کرد خەڵك هەبووە ئیحتیمال هەیە سەد ملیۆن دینار ئەدات بیرێکی لۆ بکەن، چونکە مەزرەعەکەی ئەگەر بیری تیا نەبێت بە بیست دەفتەر زەرەر ئەیفرۆشێت، ئەگەر قەلەقی نەبێت بەڕاستی لەسەر ئەوەی رسووم لەسەر خەڵك باسکات نووسینی پارە لە قانوونا غەڵەتە بۆ؟ لەوانەیە ساڵێکی تر سعری صەرف گۆڕانکاری بەسەردابێت، گریمان سێ سفرەکە لاچوو یان بەهای پارە گۆڕانی گەورەی لەدەستدا سەد قانوون بەیەکەوە تەحدید ئەکرێت ناکرێت، ئەگەر قەلەقیەکە نەبێت یەعنی ئەم ئەنجوومەنە بەهاوکاری لیژنە پەیوەندیدارەکان بتوانن بەردەوام دەستکاری ئەوە بکەن بۆ هەر حاڵەتێك، بۆ ئەوەی کە زبر ئەڕێژێت بۆ ئەوەی کە پاڵاوگەی نەوتی هەیە لەسەر تانجەرۆ، بۆ ئەوەی ئەوەی هەیە، ئەگەرنت واللەی نووسینی ئەو هەموو پارە لە قانوونا غەڵەتە، چونکە بەیانی دۆلار گۆڕانی بەسەریا دێت ئەگەر سیاسەتی وەزیری دارایی ئێستای عێراق نەبوایە واللەی ئێستا لەوانەیە سەد دۆلار یەك ملیۆن دینار بوایە ڕانەئەگیرا لەم دۆخە، بۆیە بەڕاستی ئەگەر مەجالی تیایە من پێم وایە نووسینی پارە غەڵەتە لەبڕی قانوون، چونکە ئەمە شتێکە بەردەوام ئەبێت دەستکاری بکرێت وەحاڵەتی نوێش ڕووئەدات لەوانەیە حاڵەتێکی نوێ ڕووبدات ئێمە هەر هەستی پێنەکەین لە تەنفیزا ڕوودات ئەوکاتە بەڕێنمایی حەل کرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك ڕزگار.

**بەڕێز رزگار محمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا پشتیوانی لە قسەکانی ئەم بەڕێزانە ئەکەم دکتۆرە شایان کاك پێشەوا کاك دابان کاك علی، منیش هەر قسەکانم لەسەر ئەوەیە یەعنی ئەو سزایەی کە دانراوە لە ڕاستیا وەکو دکتۆرە

شایان ئیشارەتی پێدا، یەعنی کەسێك ئەگەر بینایەکی خۆی نۆژەن کاتەوە پاشماوەکەی بڕێژێت، یەعنی بۆچی لەگەڵ کەسێك کە بیرێك بە نایاسایی هەڵئەکەنێت یەك سزا بدرێن، یەعنی ئێستا من ئەزانم خەڵك لە گەرمیانە ئاگادارم بە قاچاغی بیر هەڵئەکەنێ بە دە ملیۆن دینار، یەعنی ئەم سزایە زۆر کەمە، بۆیە باشترە کەوای لێ بکرێت لە ڕێنماییەکان دەرەچێت یان یاسایەکە ئێستاکە بە دیاریی کراوی دیاریی ئەکات وابکرێت ئەوانەی کە مسەلەن مووخالەفەیەکی بچووك کرێن سزایەکی کەمیان بۆ بکرێت لەگەڵ کەسێك کە مووخالەفەیەکی گەورە ئەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك بژار.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چەند پرسیارێك ئاراستەی ئێمە کرا لەڕووی قانوونیەوە ئەگەر ڕووخسەتی جەنابت بێت، سەبارەت بە بڕگەی یەکەم جگە لە بەندکردن پێبژاردنیش کە هەردووکیان زۆرە بەس لێرە لە بیدایەتی ئەم بڕگەیە (واو) نەهاتووە هەندێکجار لە داڕشتنەوەی یاسایدا (واو) یان ئەگەر (یان) بێت حوکمەکان زۆر زۆر لێکجیان، یان ئەگەر بڵێت بە پێبژاردنێك بە بەندکردن وە بەپێبژاردن ئەو واوە لەوێ فعلەن هەردوو عقووبە دەمج دەکات، بەس کە دەڵێت (یان) یان حەپسەکە یان بەپێبژاردن لە کۆتایی بڕگەکە دەسەڵات دراوە بە دادگا، ئەگەر موحتاج بێت هەردووکیشیان ئەگەر مەبەستمانە عقوبەکە ببێتە ڕەدعێك هەردووکی بێت باشترە لەچەندێن یاساو لە چەندین ماددەی یاسا سزاییەکاندا دایمەن وجودی هەیە ئەوە شتێکی نوێ نییە وەکو ڕادع باشتر دەبێت.

دوو: سەبارەت ئەگەر مۆزەف بوو ئەگەر فەرمانبەرێك ئەم موخالەفەیەی کرد لەوێ لە قەواعد عامە هەی زرووفە مووشەددەد ئەبێت، جگە لەمەش یاسایەکی خۆمان لە پەرلەمانی کوردستان یاسای لە ئەستۆگرتن ئەوەشمان هەیە بە تەفسیلی ئەم قانوونە کە قانوونێکی خاسە لەسەر ئەم بابەتە تەنزیمی کردووە، ئیحتیمالە لێرە پرسیار دروست ببێت لەسەر سزاکانیش بۆ لێرە تەنیا لە دوو ماددە سزاکان هاتوون بەڕێزان ئەگەر حاڵەتەکان بژمێرین بۆ هەرحاڵەتێك سزایەك دانێین ئەم یاسایە زیاتر لە(٧٥، ٨٠) ماددەی پێویستە، چونکە بۆ هەموو یاسایەك دایمەن ئیعتیماد لەسەر قەواعد عامە دەکەین بۆ قەواعد عامە بەجێ دێڵین ئیلا فەلسەفەی مووشەرەح ئەوە بێت بۆ گرینگی دان بەبابەتێك یان بەیاسایەك ئەگەر یەك دوو عقووبەی باس بکرێت بۆ ئەوەی ئەگەر وجوودی ئەم ماددەیە لەم قانوونەدا بوو ئەم بابەتە ماددەیەکی صەریحە بێت (الخاص قیدو عام) بۆ ئەوە.

سەبارەت بە بڕە پارەکە ڕاستە ئەگەر ئێستا لێرە هاتبا رسم نا دەستووریە لەسەر ئێمەش تێنەدەپەڕی ڕەئیەکیش هەبوو، بەڵام لە لیژنەی یاسایی ئەوەی بە ئێمە بکرێت زەمان دەدەین مەوزووعی تەحارز بوون لەگەڵ دەستوورو ئەوانە ئەوەی بە ئێمە بکرێت لەسەرمان تێنەپەڕێت یەعنی هەموو جارێك لە مەخرەجەك دەگەڕێین بۆ ئەوەی ئەم کێشانە عیلاج بکەین، چونکە ئێمە دەزانین ڕسم زەریبە بەپێی دەستووری عێراقی نابێت ئیلا بەقانونێك بێت لێرە نەهاتووە بەم شێوەیە کە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران بێت، بەس ئەم مەوزوعە ئەم ڕەسمە جیاوازە لە ڕەسمێکی تر کە ئێمە مەبەستمانە بۆ؟ ئەوەی کاك علی ئاماژەی پێدا دروستە هەردوو وەزارەتیش قیمەتی

پـارەکە تەحەکـوم دەکـات لەم مەوزوعە ئینجـا نرخـی یەکەش نرخـی یەکەو قیمەتـی دراو گۆڕانکاری بەسەردا دێت ناتوانین لەهەر شـەش مانگێـك جارێـك بێـین یاسـاکە تەعـدیل بکەیـن، ئەگەر واشبێت کەواتە پێویستە لێرە هەموو نرخەکان لێرە بنووسین، بۆیە هیچ کێشە نیـیە ئەوە ڕەسـم نیـیە ئەوە بەپێـی دەسـتوور هـاتووە لە مـاددەی (٥) بـڕگەی دووەم، لە مـاددە (٩) بـڕگەی چوارەم، پێشنیار کردنی بڕی پارەی بەرامبەرەکەی بۆ ئەنجوومەنی وەزیران دڵنیاتان دەکەیـن کە ئەو ڕەسمە ئەوەنیەو هیچ کێشەنیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (٢١) فەرموون، فەرموو کاك هەلکەوت.

**بەڕێز هەلکەوت انور خلیفە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢١):

یەکەم: هەر کەسێك سـەرپێچی حوکمەکـانی مـاددەی (١٠)ی ئەم یاسـایە بکـات بە بەنـدکردن بـۆ ماوەیەك لە شەش مانگ کەمتر نەبێت سزا دەدرێت لابردنی سەرپێچیەکە و گەڕاندنەوەی مـاددە یان پاشماوەکان بۆ شوێنی پێشوو یان لەناوبردنیان لە ئەستۆی سەرپێچیکار دەبێت.

دووەم: لەحاڵەتی دووبارە کردنی ئەم سەرپێچیەی کە لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە هـاتووە بە بەندکردن بۆ ماوەیەك کە لەیەك ساڵ کەمتر نەبێت سزا دەدرێـت وەلابردنـی سـەرپێچیەکەش لە ئەستۆی سەرپێچیکار دەبێت.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان لەسەر ئەم ماددەیە، فەرموو دەست بەرزکەنەوە هەتا ناوەکـان دەنووسـن فەرمـوو کاك بژار.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئیتفاقمـــان کـــرد لەگەڵ هەردوو لیـــژنەی بەڕێـــز بـــۆ مەوزوعـــی ســـزاکانیش دەتـــوانین پێداچوونەوەیەکی تر بکەینەوە شتێك نییە یەعنی کە نەبێت.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو بەڕێزانەی ئەیانەوێت گفتوگۆ لسەر ماددەی (٢١) بکەن، ( دکتۆر محی الدین، کاك مەم برهان، کاك بڵند، دکتۆرە شایان، کاك گۆران، دکتۆر ڕێبوار، حسیبە خان، کاك شێخ ظاهر، گوڵستان بـاقی) کاك دکتۆر ڕێبوار فەرموو کاك ڕێبوار.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وتمان کە ماددەی (٢١) تەخسیس کراوە بۆ ئەحکانەکانی مـاددەی (١٠) وە ئەم جـۆرە سـزایانە بـۆ ئەمە دیاری کراوە، بەڵام ئەوەی کە هەست پێ دەکرێت نادادپەروەری ئەوەیە کە بەزەقـی ڕوونە کەسێك پاشەڕۆی ماڵی خۆی ئەخاتە ناو ئاوێکەوە، کەسێکیش پاشەڕۆی کیمیاوی وەکو کۆمپانیا

چۆن ئەبێت هەردووکی بە شەش مانگ سزا بدرێت بەند بکرێت، بۆیە حەقە پێداچوونەوە بکرێت بۆ ئەوەی کە ڕەچاوی دادپەروەری بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان وەکو پێشتریش وەکو سەرۆکی لیژنەی یاسایی ئاماژەی پێکرد پێداچوونەوەی هەردوو لیژنە پێداچوونەوە بە حوکمە سزاییەکان ئەکەن، کاك گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران عمر علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەروەکو کاك ڕێبوار باسیکرد ئەبێت عەدالەتییەك هەبێت لە نێوان سزادانی ئەو کۆمپانیایانە یان خەڵکی مەدەنی، هەر بۆیە پێشنیار دەکەم لە ماددەی (٢١) بڕگەیەك زیادبکرێت بە زنجیرەی سێیەم لەکاتی سەرپێچی پاڵاوگە نەوتییەکان بە بەندکردن سزا بدرێت کە لەماوەی یەك ساڵ کەمتر نەبێت، هەروەها بە پێبژاردنێك کە لە دە ملیۆن دینار کەمتر نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك بەڵێن.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ماددەی (٢١) پەیوەندی بە ماددەی (١٠)وە هەیە ماددەی (١٠) ئەو کارانەی کە ڕێگە پێنەدراون لە یانزە بڕگە ڕوونکردۆتەوە، ئەگەر دیقەتی بڕگەکانی بەتایبەت شەشەم، هەشتەم، نۆیەم بدەی، بەتایبەت نۆیەم کە لەفڕێدانی پاشماوەی نەوتی بۆ سەرچاوەکانی ئاو یان بەکارهێنانی ماددەی ژەهراوی بۆ سەرچاوەکانی ئاو، پێم وایە ئەوە هیچی کەمتر نییە لەکاری تیرۆرستیش، یانی ئەوە کارەساتی گەورەی مرۆیی ئەخوڵقێنێت لەبەر ئەوە سەرپێچی کردن لە حوکمەکانی ماددەی (١٠) بۆ ماوەیەك لە شەش مانگ کەمتر نەبێت هەرچەند زیادەکەی دانەناوە لەوانەیە یەعنی کەمەکەی داناوە، بەس ئەوەی تێنەپەڕێت دانەناوە، لەڕاستیا زۆر زۆر کەمە، هەروەها پشتیوانی لە قسەکانی کاك ڕێبوار دەکەم لە ماددەی پێشووتریش باسمان کرد کە ئەو سزایانەی دیاری دەکرێت دوای ئەوەی لیژنە پیادا ئەچێتەوە موددەیەکی گەورە لەبەینیان هەبێت، بۆ ئەوەی جیاوازیەکی لە بەینی کارە ڕێگە پێنەدراوە بچووکەکان تا گەورەکان لەبەردەم قازی و لایەنی جێبەجێ کار، هەروەها سەپاندنی سزاکان بتوانێ عەدالەت بچەسپێنێ، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك محی الدین.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٠) یانزە جۆر سەرپێچی دیاری کردووە، بەڵام یەك جۆر سزای داناوە کە پێم وایە جۆرێك لە ناعەدالەتی تێدایە، پێم وایە دووبارە دەبێت چاو بەو جۆرە سزایە و جۆری

سەرپێچیەکان بگێڕێنەوە کە هەریەکی چەند بەرامبەر سزایەکەی و بەرامبەر سەرپێچیەکەی بێت ئەوە یەك.
دووەم: پێشنیاری ئەوە دەکەم لە بڕگەی یەکەم ئەگەر گۆڕانکاری تێدا بکرێت کە بەو شێوەیەی وا لێ بکرێت هەر کەسێك سەرپێچی حوکمەکانی ماددەی (١٠) ئەم یاسایە بکات دوای ئاگادار کردنەوە، یەعنی پێشنیاری ئەوە دەکەم دوای ئەوەی کە ئاگادار دەکرێتەوە، ئاگادار بکرێتەوە بەلابردنی سەرپێچیەکەی و گەڕاندنەوەی مادده یان پاشماوەکە بۆ شوێنی پێشوو یان لەناو بردنیان بۆ ماوەیەك کە لەسێ ڕۆژ تێپەڕ نەکاتن بە پێچەوانەوە سزا دەدرێت تا تەواو کردنی ئەو بابەتەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك مەم.

**بەڕێز مەم بورهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە سزاکانی ماددەی (٢١) وەکو زۆر لە هاوڕێیان باسیان کرد بۆ ئەوەی ئەم عەدالەتە بێتەدی، من پێشنیاز دەکەم بۆ لیژنەی پەیوەندیدار هەرسێ لیژنەی پەیوەندیدار لە پەرلەمان ئەو حوکمانەی لە چەند بڕگەیەك کە سزاکان بەپێی ئەوەی کە یانزە سەرپێچیمان هەیە یانزە ڕێگەپێنەدراو سەرپێچین وە لەچەند بڕگەیەکا دەسنیشان بکرێن، ئەگەر سەرپێچی بڕگەکانی یەکەم، دووەم، حەوتەم، نۆیەمی کرد ئەوەندە سزا ئەدرێت وە بڕگەیەکە ئەگەر دووبارەی کردەوە ئەکرێتە زەرفی مووشەدەد، یان ئەوەندەی لێ ئەکرێت وە بڕگەکانی ئەوەندە، کەواتە هەموو ئەو تەسنیفانە جەخت ئەکەمەوە زۆر زەرووره لیژنەی یاسایی وە لیژنەکانی تر بە نەزەر ئیعتیباری وەریگرن و پۆلێن بکرێن بۆ ئەوەی دادوەری لە مەسەلەی سزاکانا بێتەدی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو شایان خان.

**بەڕێز د.شایان کاکە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس بۆ لیژنە کە بڕیارتاندا پێداچوونەوە بۆ سزاکان بکەن زۆر سوپاس، لەو حاڵەتەدا پێشنیار دەکەم پشتیوانی پێشنارەکەی کاك گۆران دەکەم کە بڕگەیەك زیادبکرێت بە زنجیرەی سێیەم وەکو ئەوەی بەڕێزیان خوێندییەوە کە بەڕێزتان سوودی لێوەربگرن لەکاتی پێداچوونەوە بە سزاکانا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو حسیبە خان.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەرچەندە لیژنەی تایبەتمەندەکان دەیانەوێت ئەو ماددەیە بگۆڕن قسە کردن زۆر لەسەر هاوکار دەبێتن بۆ داڕشتنەوەی، منیش پێشنیاری ئەوە دەکەم کە ماددەی (٢١) لە دوای ئەوەی کە دەڵێت

هەر کەسێك دووبارە کەسەکان سرووشتی یان مەعنەوی لەتەنیشتی زیاد بکرێت لەپاش ئەوەش بڕگەیەك زیاد بکرێتن بۆ ئەوەی تەحدیدی جۆری سزایەکان بکات، بەپێی ئەو کارەی کە بکەران ئەنجامی ئەدەن و زیان بە ئاو سەرچاوەکانی ئاو دەگەیەنن بەڕاستی یەعنی ئەو دوو بڕگەیە بۆ حوکمەکانی ماددەی (١٠)، هیچ دادپەروەریەکی تێدانییەو پێویستە دادپەروەری زیاتر تێدا ڕەچاو بکرێت بۆ ئەم مەبەستەش پشتگیری ڕایی برای بەڕێزم دکتۆر ڕێبوار دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك ظاهر.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە ماددەی (٢١) لەڕووی عقووبە تەکمیلەی ماددەی (٢٠)، چونکە لەخاڵی یەکەم ماددەی (٢٠) دەڵی هەرکەسێك سەرپێچی حوکمەکانی ئەم یاسایە بکات.........

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێخ ظاهر یەك دەقە، لیژنەی پەروەردە ئەگەر موناقەشەیەکتان هەیە بیبەنە دەرێ بێزەحمەت،.

فەرموو کاك شێخ ظاهر.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:**

......... من پێم وایە ماددەی (٢١) لەڕووی عقوبە تەکمیلەی ماددەی (٢٠)، چونکە لەخاڵی یەکەم ماددەی (٢٠) دەڵی هەرکەسێك سەرپێچی حوکمەکانی ئەم یاسایە بکات، واتە ماددەی (١٠) کە لێرە لە ماددەی (٢١) ئیشارەتی پێدایە بەشێکە لە حوکمەکانی ئەم یاسایە، واتە لە خاڵی دووەمی ماددەی (٢٠) سزاکانی هاتوو لە بڕگەی یەکەم ئەم ماددەیە ڕێگرنابن لە سەپاندنی سزای توندتر کە لە یاساکانی تر هەن، بە نموونە لە قانوونی عقوبات لە ماددە (٣٦٨) باس دەکات دەڵێت هەرکەسێك ببتە هۆکاری ئەوەی کە نەخۆشیەك بڵاوببتەوە ئەو نەخۆشیەی کە لەئەنجامدا مردنی لێ دروست ببێت عقوبەکەی لە سێ ساڵ کەمتر نییە، کەواتە من پێشنیار دەکەم ماددەی (٢١) یان لەگەڵ ماددەی (٢٠) لێکبدرێت یان نەمێنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو گوڵستان خان.

**بەڕێز گوڵستان باقی سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ب هزرا من یان ماددێ (٢١) بهێتە لادان یان ژی ماددەی (٢٠،٢١) ببنە ئێك چونکی لە ماددێ (٢٠)دا خاڵا دووهێ باعسێن سزایێ کری چ ما دکەتن ل ماددێ (٢١)دا بەعسێ سزادانێ دکەتن، لاما پشتگیریا جەنابێ کاك شێخ ظاهر دکەم یان ژی تشتەکی دی هەی ئەگەر هەر ماددەی (٢١) لانەدان شەش مانگی کەمە بۆ ئەوێ سەرپێچیکار، چونکە ئەگەر سەرچاوەیێن ئاڤێ بهێنە پیس کرن و خەڵك ژەهراوی ببیتن و نە ڕەنگە پێ بمرن ژی ئەز باوەرم شەش مانگ بۆ سەرپێچیکارێ گەلەکا کەمە لاما پشتگیریا قسەی دکتۆر ڕێبوار و کاك بەڵێن دکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی تایبەتمەند ئەگەر ڕەئیەکتان هەیە فەرموون، کاک بژار فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی هەشتەم لە ماددەکە دەخوێنمەوە تکادەکەم بە دەقیقی لەگەڵم بن.

بەکارهێنانی ماددەی ژەهراوی یان کارەبا یان قڕکەر یان تەقەمەنی بۆ ڕاوی ماسی و گیاندارە ئاوییەکانی دیکە.......

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (٨) بڕگەی هەشتەمە لە ماددەی (٨) دەخوێنێتەوە.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

........ هەقاڵان ئەمە باسی ژەهر نییە بچێتە ناو ئاو تەئسیر لە مرۆڤ بکات، ئەگەر ئەوە بێت پێویست ناکات ئێمە لێرە باس بکەین، قانوون صەحەی عامەمان هەیە ئەگەر ئەو ژەهرە بێت ئەوەی ئێوە باس دەکەن ئەوە لە زمنی قانوونی تیرۆردا سزاکەی وەردەگرێت، یەعنی سزاکەی دەگاتە ئیعدام و سجن مووئەبەد، ئەمە مەوزووعێکی ترە لێرە بڕگەی هەشتەم دەڵێت بەکارهێنانی ماددەی ژەهراوی یان کارەبا یان قڕکەر یان تەقەمەنی بۆ ڕاوی ماسی و گیاندارە ئاوییەکانی دیکە بەجۆرێك کە ببێتە سەبەبی پیس بوون ئەمە باسی ئەو ژەهرە نییە، بەڵام دەتوانین سیغەی ئەمە بگۆڕین بۆ ئەوەی دووربێ لە ژەهراوی بوونی ئاو بەو مەبەستەی ئەو ژەهرەی کە تەئسیرە لەسەر هاووڵاتیان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

مادده پڕۆتۆکۆڵییەکان بەڕێزان ماددەی (٢٢) فەرموون بیخوێننەوە، نوقتە نیزامە باشە فەرموو کاك ڕێبوار.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەنەبێت کە تەعقیدێك بێت لەسەر قسەی بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی کاك بژار برای بەڕێزمان، بەڵام ئەگەر دیقەت بدەن هەر لە کۆتایی دێرەکە بڕگەی هەشتەم ئەڵێ چی کە ئەڵی ببێتە هۆی پیس بوونی سەرچاوە ئاوییەکان، کەواتە لە کۆتاییدا دەبێ هەر ببێتە هۆی پیس بوونی سەرچاوە ئاوییەکان وە ماددەی ژەهریش هەر ژەهرە ماددەی ژەهریش لە موادە کیمیاوییەکان دروست دەبێت وە لە موادە بایەلۆجییەکان دروست دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك هێرش.

**بەڕێز هێرش حسن حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی(٢٢):

وەزیر ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێ کردنی حوکمەکان ئەم یاسایە دەردەکات.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

هەربەڕێزێك ئەیەوێت لەسەر ماددەی (٢٢) گفتوگۆ بکات؟ نییە، فەرموو ماددەی (٢٣)، فەرموو کاك هێرش.

**بەڕێز هێرش حسن حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی(٢٣):

کار بەدەقی هیچ یاساو بڕیارێك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێت.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر بەڕێزێك ئەیەوێت لەسەر ماددەی (٢٣) گفتوگۆ بکات؟ نییە. فەرموو ماددەی (٢٤)، فەرموو کاك هێرش.

**بەڕێز هێرش حسن حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢٤) پێویستە ئەنجوومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر بەڕێزێك ئەیەوێت لەسەر ماددەی (٢٤) گفتوگۆ بکات؟ نییە، فەرموو ماددەی (٢٥)، فەرموو کاك عثمان .

**بەڕێز عثمان کریم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی(٢٥):

ئەم یاسایە لەدوای تێپەڕبوونی شەست ڕۆژ لە ڕێککەوتی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقائیعی کوردستان جێبەجێ دەکرێت.

**هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر بەڕێزێك ئەیەوێت لەسەر ماددەی (٢٥) گفتوگۆ بکات؟ نییە، بچوونە هۆیەکانی دەرچوواندن بەڕێزان. فەرموو خدیجە خان.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەپیناو دابینکردنی ئاسایشی ئاو لە هەرێم و لەبەر گرینگی ئاو لە ژیان و کاریگەری لەسەر واقعی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی وەکو سامانێکی نیشتیمانی و ڕێگرتن لە خراپ بەکارهێنانی و دەستەبەری بەردەوام بوونی سەرچاوەکانی ئاو دابەشکردنی بەشێوەیەکی دادپەروەرانەو بوژاندنەوەو پاراستنی ئەم یاسایە دەرچووێندرا.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

هەربەڕێزێك ئەیەوێت لەسەر هۆیەکانی دەرچوواندن گفتوگۆ بکات؟ ( دکتۆر محی الدین، کاك بەڵێن، کاك بەهمەن، کاك ڕێبوار، مامۆستا عثمان ) فەرموو دکتۆر محی الدین.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیاری ئەو هۆیەی دەرچوواندن دەکەم کە بەو شێوەیە دارشتووە، ئاو وەك سامانێکی نیشتیمانی و گرینگی لە ژیانی مرۆڤ و گیانەوەراندا وە کاریگەری لەسەر واقیعی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە پێناو بووژاندنەوەو دەستەبەری ئاو ودابەشکردن وبەکارهێنانی بەشێوەی دادپەروەرانە وپاراستن وبەڕێوەبردن و دابینکردنی ئاسایشی ئاو ئەم یاسایە دەرچووێنرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك بەهمەن.

**بەڕێز بەهمەن کاك عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

واللەی جوملەکە لەڕووی زمانەوانییەوە وا جوانترە وای لێ بکرێت نەك لەپێناو دابینکردنی ئاسایشی ئاو دوای بوترێت لەبەر گرینگی، ئەتوانین بوترێت لەبەر گرینگی ئاو لەژیانی مرۆڤ و کاریگەری لەسەر واقیعی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی بۆ دابینکردنی ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان وەکو سامانێکی نیشتمانی ڕێگرتن لە خراپ بەکارهێنانی و دەستەبەری بەردەوام بوونی سەرچاوەکانی ئاو دابەش کردنی بەشێوەیەکی دادپەروەرانە و بووژاندنەوەو پاراستنی ئەم یاسایە دەرچووێنرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، ئەگەر دوای بە نووسین بدەنە بەڕێزان، فەرموو کاك بەڵێن.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله من تێبینیەکەم تەقریبەن گشتگیرە زۆر کات لە زۆربەی یاساو پێشنیازەکان دووبارە ئەبێتەوە، ئەویش گونجاندنی هۆیەکانی دەرچوواندن لەگەڵ ئامانجەکانی ئەوەی کە لە ماددەی (٢) هاتووە ئامانجەکان لەم یاسایە من دوای پێشنیازەکە بە نەص دائەڕێژمەوە ئەینێرم، وە پێشنیاز دەکەم بۆ لیژنە گونجاندنێکی دەقیق بکات لەبەینی ئامانجەکانی ئەم یاسایە لەگەڵ هۆیەکانی دەرچوواندن بۆ ئەوەی هیچ تەعاروزێك و دژایەتیەك دروست نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك عثمان .

**بەڕێز عثمان علی سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەلایەن کاك بەهمەنەوە قسەکانم کرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك ڕێبوار.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحيم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن داڕشـتـەیەکم هەیە تەقـریبەن کەڤەری هەمـوو ڕەهەنـدەکانی ئەو پرسـەیە کە پرسـێکی زۆر گرینگە سامانی ئاو ئەویش بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

- لەپێنــاو دابینکردنــی ئاسایشــی ئــاو لەهەرێــم وڕێکخســتنەوەی ئەم کەرتەو پەرەپێــدان و بوژاندنەوەی لەبەر کاریگەری فرە ڕەهەندەکانی و گرینگـی لە ژیـانی مـرۆڤ دا وەکـو سـامانێکی نیشتیمانی و ڕێگرتن لە خراپ بەکارهێنـانی و دەسـتەبەری بەردەوام بـوونی سـەرچاوەکانی ئـاو ئەو یاسایە دەرچووێنرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر زۆر سـوپاس بەڕێـزان ڕاو سـەرەنجەکان بنووسـن دەسـت خۆشـیەکی زۆر بـۆ دەسـتەی سەرۆکایەتی هەرسێ لیژنەی بەڕێز وە سوپاس و پێزانین بۆ ئێوەی بەڕێـز بـۆ ئەو جـدیەتان بەم شێوەیەش دانیشتنەکە کۆتایی پێ دێنین، زۆر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **منى نبى قهوچى** | **هێمن هەورامی** | **د. ڕێواز فائق حسێن** |
| سکرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆکی پەرلەمانی | سەرۆکی پەرلەمانی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان - عێراق |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣)ی**
**پێنج شەممە رێکەوتی ٢٠٢٢\٦\٢**
**خولی پێنجەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣)
# پێنج شەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٦/٢

کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆی ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٦/٢ پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی د. ڕێواز فائق حسێن سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز هێمن هەورامی جێگری سەرۆك و، بەڕێز منى نبى قهوچی سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (٣)ی ئاسایی خولی پێنجەمی ساڵی (٢٠٢٢) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەرنامەی کار، بەپێی حوکمی ماددەی (٥) بڕگەی یەکەم لە ماددەی (١٦)، بڕگەی سێیەم لە ماددەی (١٨)، بڕگەکان یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەم لە ماددەی (٢٠)، ماددەکانی (٤٧، ٤٨) بڕگەکانی یەکەم لە ماددەی (٥٢)، ماددەکان (٥٤، ٥٥، ٥٦، ٥٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (٣)ی ئاسایی خولی بەهارەی ساڵی چوارەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ، ڕۆژی پێنج شەممە، ڕێکەوتی (٢٠٢٢/٦/٢) بەم شێوەیە بێت:

یەکەم: دەنگدان لەسەر پێشنیازە یاسای بەڕێوەبردنی پاراستنی ئاو لە هەرێمی کوردستان بەپێی حوکمی ماددەکان (٩٠، ٩١، ٩٣، ٩٦) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

دووەم: خوێندنەوەی یەکەم بۆ ئەم پڕۆژە و پێشنیازە یاسایانەی خوارەوە پێش بەستن بە حوکمی بڕگەی دووەمی ماددەی (٧٨، ٧٩، ٨٠)، بڕگەی یەکەمی ماددەی (٨٣) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان:

١- پێشنیازە یاسای ئەرك و مافەکانی دەستکاری تەندروستی لە هەرێمی کوردستان.
٢- پڕۆژە یاسای وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزاری هەرێمی کوردستان.
٣- پڕۆژە یاسای دەستەی متمانەبەخشین بە دامەزراوەکان و پڕۆگرامەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان.

سێیەم: خستنە ڕوو و گفتوگۆکردنی ڕاپۆرتی لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە و مافی بەکاربەر سەبارەت بە دەرمانی بێ کواڵیتی و ماوەبەسەرچوو و قاچاخ، وە نرخی نەخۆشخانە تایبەتەکان بە ئامادەبوونی بەڕێز وەزیری تەندروستی بەپێی حوکمی بڕگەی یەکەمی ماددەی (٦٦) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

چوارەم: خوێندنەوەی دووەم بۆ ئەم پێشنیازە یاسایانەی خوارەوە بەپێی حوکمی ماددەکانی (٨٧، ٨٨، ٨٩، ٩٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان:

١- پێشنیازە یاسای بەرکارکردن و هەمواری یاسای گرتنی مایەی قاچاخ و قەدەغەکراو بۆ ئاڵوگۆڕکردن و لە بازاڕە نێوخۆیەکان ژمارە (١٨)ی ساڵی (٢٠٠٨)ی هەموارکراو.
٢- پێشنیازە یاسای هەمواری جێ بەجێکردنی یاسای چاودێری نێوجەوانان ژمارە (٧٦)ی ساڵی (١٩٨٣).

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆكی پەرلەمان:**
**بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان.**

بە نـاوی گەلـی كوردسـتان، دانیشـتنی ژمـارە (٣)ی وەرزی بەهـارەی سـاڵی چـوارەم لە خـولی پێنجەمی پەرلەمانی كوردستان دەست پێ دەكەین، سەرەتاش داوا لە بەڕێز سكرتێری پەرلەمان دەكەین پوختەی كۆنووسی كۆبوونەوەی پێشووی بەرنامەی كارمان بۆ بخوێنێتەوە، فەرموون.

**بەڕێز منی نبی نادر/ سكرتێری پەرلەمان:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەرنامەی كار، بەپێی حوكمی ماددەی (٥) بڕگەی یەكەم لە ماددەی (١٦)، بڕگەی سێیەم لە ماددەی (١٨)، بڕگەكـان یەكەم و دووەم و سـێیەم و چـوارەم و پێـنجەم لە مـاددەی (٢٠)، ماددەكـانی (٤٧، ٤٨) بڕگەكانی یەكەم لە ماددەی (٥٢)، ماددەكان (٥٤، ٥٥، ٥٦، ٥٧) لە پەیڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـانی كوردسـتان دەسـتەی سـەرۆكایەتی پەرلەمـان بڕیاریـدا بەرنـامەی كـاری دانیشـتنی ژمـارە (٣)ی ئاسایی خولی بەهارەی ساڵی چوارەم لە خولی پێنجەمـی هەڵبژاردنـی پەرلەمـانی كوردسـتان لە كاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ، ڕۆژی پێنج شەممە، ڕێكەوتی (٢٠٢٢/٦/٢) بەم شێوەیە بێت:

یەكەم: دەنگدان لەسەر پێشنیازە یاسای بەڕێوەبردنی پاراستنی ئاو لە هەرێمی كوردستان بەپێی حوكمی ماددەكان (٩٠، ٩١، ٩٣، ٩٦) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان.

دووەم: خوێنـدنەوەی یەكەم بـۆ ئەم پـڕۆژە و پێشـنیازە یاسـایانەی خـوارەوە پشـت بەسـتن بە حوكمی بڕگەی دووەمی ماددەی (٧٨، ٧٩، ٨٠)، بڕگەی یەكەمی ماددەی (٨٣) لە پەیڕەوی نـاوخۆی پەرلەمانی كوردستان:

١- پێشنیازە یاسای ئەرك و مافەكانی دەستكاری تەندروستی لە هەرێمی كوردستان.
٢- پڕۆژە یاسای وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزاری هەرێمی كوردستان.
٣- پـڕۆژە یاسـای دەسـتەی متمانەبەخشـین بە دامەزراوەكـان و پڕۆگرامەكـانی پەروەردە و خوێندنی باڵا لە هەرێمی كوردستان.

سێیەم: خستنەڕوو و گفتوگۆكردنی ڕاپـۆرتی لیـژنەی كاروبـاری تەندروسـتی و ژینـگە و مـافی بەكاربەر سەبارەت بە دەرمانی بێ كواڵیتی و ماوەبەسـەرچوو و قاچـاخ، وە نرخـی نەخۆشـخانە تایبەتەكان بە ئامادەبوونی بەڕێز وەزیری تەندروستی بەپێـی حـوكمی بـڕگەی یەكەمـی مـاددەی (٦٦) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان.

چوارەم: خوێندنەوەی دووەم بۆ ئەم پێشنیازە یاسـایانەی خـوارەوە بەپێـی حـوكمی ماددەكـانی (٨٧، ٨٨، ٨٩، ٩٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان:

١-پێشـنیازە یاسـای بەركـاركردن و هەمـواری یاسـای گرتنـی مـایەی قاچـاخ و قەدەغەكـراو بـۆ ئاڵوگۆڕكردن و لە بازاڕە نێوخۆییەكان ژمارە (١٨)ی ساڵی (٢٠٠٨)ی هەمواركراو.
٢-پێشنیازە یاسای هەمواری جێ بەجێكردنی یاسای چـاودێری نێوجەوانـان ژمـارە (٧٦)ی سـاڵی (١٩٨٣).

بەڕیز سەرۆكی پەرلەمان، پوختەی دانیشتنی ژمارە (٢)ی ئاسایی بەپێی حوكمی بڕگەی دووەمی مـاددەی (٢٠، ٥٢) لە پەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـانی كوردسـتان، پـوختەی دانیشـتنی ژمـارە (٢)ی ئاسایی خولی بەهارەی ساڵی چوارەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنـی پەرلەمـانی كوردسـتان، لە

کـاتژمێر (١١)ی پـێش نیـوەڕۆی ڕۆژی چـوار شـەممە، لە ڕێکەوتـی (٢٠٢٢/٣/٢) بەم شـێوەیەی خوارەوە بوو:-

یەکەم: دەستپێکردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

دووەم: خوێندنەوەی بەرنامەی کار، پوختەی دانیشتن و ناوی ئەندامانی ئامادە نەبوو بە مـۆڵەت و بێ مۆڵەت لەلایەن بەڕێز سکرتێری پەرلەمان.

سێیەم: دەستپێکردنی بڕگەکانی بەرنامەی کار لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

چوارەم: خوێندنەوەی دووەم بۆ پڕۆژە یاسای بەڕێوەبردنی پاراستنی ئاو لە هەرێمی کوردستان.

پێنجەم: کۆتایی هاتنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، دەست بە جێ بەجێکردنی بڕگەی یەکەمی بەرنامەی کـار دەکەیـن، بـۆ ئەم مەبەسـتەش داوا لە سـەرۆکایەتی هەر سـێ لیـژنەی یاسـایی و شـارەوانی و کشـتوکاڵ دەکەین بێنە شوێنی خۆیان، ئەو بەڕێـزانەی نـوقتەی نیزامیـان هەیە بەڕێـز سـکرتێری پەرلەمـان ناویان دەنووسێت، بە دەنگدان دەست پێ دەکەین، لەبەر ئەوەی هەمووتـان ئێسـتا لە نـاو هـۆڵی پەرلەمانن، ئەو بەڕێزانەی خاڵی پەیڕەویان هەیە وەردەگرین، کاك بژار فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بـۆ سـەرۆکایەتی پەرلەمـانی کوردسـتان، بـابەت: ڕاپـۆرتی دەنگـدان، لیـژنەی کاروبـاری یاسـایی، لیژنەی شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن و گەشت و گوزار، لیژنەی کشتوکاڵ و ئـاودێری، ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی (٢٠٢٢/٣/١٥)، کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ کۆبوونەوەی هاوبەشیان ئەنجامـدا بـۆ تاوتوێکردن و داڕشتنەوەی ئەو پێشنیارانەی کە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمـانەوە پێشکەشـکراون سەبارەت بە پێشـنیازی یاسـای بەڕێـوەبردن و پاراسـتنی ئـاو لە هەرێمـی کوردسـتان_عێـراق، لە دانیشـتنی خوێنـدنەوەی دووەمـدا دوای گفتوگـۆکردن و تـاوتوێکردن لیژنەکـان گەیشـتنە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:-

سەبارەت بە ناونیشان پێنج پێشنیار هەیە:-

پێشنیاری یەکەم: پێشنیازە یاسای ئاو لە هەرێمی کوردستان_عێراق.

پێشـنیاری دووەم: پێشـنیازە یاسـای بەڕێـوەبردن و پاراسـتن و ڕێکخسـتنی ئـاو لە هەرێمـی کوردستان _عێراق.

پێشنیاری سێیەم: پێشنیازە یاسای پاراستن و بەڕێوەبردنی ئاو لە هەرێمی کوردستان_عێراق.

پێشـنیاری چـوارەم: پێشـنیازە یاسـای بەڕێـوەبردن و پاراسـتنی سـەرچاوەکانی ئـاو لە هەرێمـی کوردستان _عێراق.

پێشـنیاری پێـنجەم: وەکـو خـۆی، پێشـنیازە یاسـای بەڕێـوەبردن و پاراسـتنی ئـاو لە هەرێمـی کوردستان _عیراق.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سـەبارەت بە ناونیشـان پێـنج پێشـنیار هەیە، هەر بەڕێزێـك لەگەڵ یەکەمە؟ کەس لەگەڵ نیـیە، هەر بەڕێزێـك لەگەڵ دووەمە؟ کەس لەگەڵ نیـیە، هەر بەڕێزێـك

لەگەڵ سێیەمە؟ کەس لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ چوارەمە؟ (٢) کەسی لەگەڵ، زۆر سوپاس، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێنجەمە وەکو خۆی تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (٧٢) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ پەسەندکرا، ماددەی یەك بخوێننەوە، فەرموون.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی یەك پێنج پێشنیار هەیە:

پێشنیاری یەکەم: ماددەکە وەکو خۆی تەنها بڕگەی دووەمی ماددەکە بەم شێوەیە لێبکرێت (دووەم: ئەنجوومەن- ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن و پاراستنی ئاو لە هەرێم).

پێشنیاری دووەم: ماددەکە وەکو خۆی تەنها بڕگەی حەوتەمی ماددەکەی بەم شێوەیە لێبکرێت (حەوتەم: ئاوی سەر زەوی بریتییە لە هەموو جۆرەکانی ئاو کە دەکەونە سەر رووی زەوی بە شێوەی وەستاو یان جوڵاو یان کۆکراو).

پێشنیاری سێیەم: ماددەکە وەکو خۆی تەنها بڕگەی سێیەمی ماددەکە بەم شێوەیە لێبکرێت (سێیەم: وەزارەت- وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو و وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار).

پێشنیاری چوارەم: وەکو خۆی.

پێشنیاری پێنجەم: پێشنیاری هەر سێ لیژنەی تایبەتمەند بەپێی ئەو دەسەڵاتانەی ماددەی (٩١) بڕگەی چوارەم لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان کە بە لیژنەی یاسایی و تایبەتمەند دراوە، ئێمە لە کۆبەندی ئەو بژاردانەی پێشنیارکراون لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان لە دانیشتنی خوێندنەوەی دووەمدا ئەم پێشنیارە دەخەینە روو و داوا دەکەین بخرێتە دەنگدان، ماددەکە بەم شێوەیەی لێبکرێت:

ماددەی (١):

بۆ مەبەستی حوکمەکانی ئەم یاسایە ئەم زاراوە و دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریان دەگەیەنێت.

یەکەم/ هەرێم: هەرێمی کوردستان_عێراق.

دووەم/ ئەنجوومەنی وەزیران: ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێم.

سێیەم/ ئەنجوومەن: ئەنجوومەنی ئاو لە هەرێم.

چوارەم/ وەزارەت: وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو.

پێنجەم/ وەزیر: وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو.

شەشەم/ سەندوق: سەندوقی پاراستن و بووژاندنەوەی سەرچاوەکانی ئاوی هەرێم.

حەوتەم/ ئاوی ژێر زەوی: ئەو ئاوەی کە لە ژێر رووی زەویدا هەیە و قوڵاییەکەی هەر چەند بێت دەگرێتەوە.

هەشتەم/ ئاوی سەر زەوی: ئاوی زێ، رووبار، کانی، کارێز، ئاوی رۆیشتوو و سرووشتی و دەستکردەکان و ئاوی چارەسەرکراویش دەگرێتەوە.

نۆیەم/ سەرچاوەکانی ئاو: ئاوی سەر زەوی و ژێر زەوی بە هەموو سەرچاوەکانییەوە، وە ئاوی قورس و ئاوەڕۆکانیش دوای چارەسەرکردنیان دەگرێتەوە.

دەیەم/ پاراستنی سەرچاوەکانی ئاو: پرۆسەی گشتی تەکنیکی و یاساییە کە دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی توانستی بەردەوامی ئاو و بەردەوام بەردەست بوونی ڕێگرتن لە کەمبوونەوە و بە فیڕۆدان و پیس بوونی.
یازدەیەم/ بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی ئاو: پرۆسەیەکی ڕێکخراوە دەبێتە هۆی بەردەوامی و باش بەکاربردنی سەرچاوەکانی ئاو لە رووی چەندایەتی و چۆنایەتی بۆ هەموو بەکاربەرانی.
دوازدەیەم/ بووژاندنەوەی سەرچاوەکانی ئاو: پرۆسەیەکی ڕێکخراوە کە دەبێتە هۆی بووژاندنەوەی دروستی سەرچاوەکانی ئاو.
سێزدەیەم/ کۆگاکردنی ئاو: کۆکردنەوەی ئاوی بەفر و بارانە.
چواردەیەم/ ڕێڕەوی ئاوی: ڕێچکەی سرووشتی یان دەستکردە کە تەوژمی ئاوی بە شێوەیەکی هەمیشەیی یان کاتی پێدا تێپەڕ دەبێت.
پازدەیەم/ پاشماوە: هەر ماددەیەکی رەق، شڵ، گازی، کیمیایی، میکرۆب و ڤایرۆسی تیشکدار یان گەرمکراو کە دەبێتە هۆی پیس بوونی ئاو.
شازدەیەم/ ئاوی قورس: ئەو ئاوەی کە لە یەکەکانی نیشتەجێبوون، پرۆژە پیشەسازییەکان، تەندروستییەکان، شوێنە خزمەتگوزارییەکان، وە هەر بوارێکی دیکەدا بەکار هاتووە و پاشماوەی تێدا نیشتوو یان تواوەتەوە.
حەڤدەیەم/ پیس بوونی ئاو: هەر پرۆسەیەك کە بێتە هۆی گۆڕینی خەسڵەت و پێکهاتە بنەڕەتیەکانی ئاو دەگرێتەوە و بە جۆرێك زیان بە ژیانی مرۆڤ و زیندەوەران و ژینگە بگەیەنێت.
هەژدەیەم/ ئاوی چارەسەرکراو: ئەو ئاوەیە کە پاك کراوەتەوە لە هەموو جۆرە پاشماوەیەك.
نۆزدەیەم/ سوودمەند: ئەو لایەن و کەسانە دەگرێتەوە کە مافی بەکاربردنی ئاویان بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە هەیە.
بیستەم/ بەفیڕۆدانی ئاو: زیاد بەکاربردن یان خراپ بەکارهێنانی سەرچاوەکانی ئاوە بە ئەنقەست بێت یان لە ئەنجامی کەمتەرخەمی.
بیست و یەك/ هاوسەنگی ساڵانەی ئاو: دەرهێنان و بەکاربردنی ئاو بە بڕێك کە یەکسان یان کەمتر بێت لە ئاوی بەدەستهاتوو لە هەمان ساڵدا.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ماددەی یەك پینج پێشنیار هەیە، کێ لەگەڵ پێشنیاری یەکەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس لەگەڵدانییە، کێ لەگەڵ پێشنیاری دووەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس لەگەڵدانییە، کێ لەگەڵ پێشنیاری سێیەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس لەگەڵدانییە، کێ لەگەڵ پێشنیاری چوارەمە وەکو خۆی تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (٢) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ پێشنیاری پێنجەمە پێشنیاری لیژنەی هاوبەش تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (٧٤) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ ئەم ماددەیە پەسەندکرا، ماددەی دواتر بخوێننەوە، فەرموون.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی دوو سێ پێشنیار هەیە:

پێشنیاری یەکەم: ماددەکە وەکو خۆی تەنها بڕگەیەك بە زنجیرەی شەشەم زیاد بکرێت بۆ ماددەکە بەم شێوەیەی خوارەوە.

شەشەم: گرنتیکردنی ئاوی هاتوو بۆ هەرێم.

پێشنیاری دووەم: وەکو خۆی.

ماددەی (٢):

ئامانج لەم یاسایە بریتییە لە:-

یەکەم: بەڕێوەبردن پاراستنی سەرچاوەکانی ئاوی هەرێم بۆ گەیشتن بە باشترین شێوازی بەکاربردن.

دووەم: بووژاندنەوەی سەرچاوەکانی ئاو دیاریکردنی بڕ و جۆری بەکاربردن بە مەبەستی بەدیهێنانی ئاسایشی ئاو و پاراستنی مافی نەوەکانی داهاتوو.

سێیەم: ڕەچاوکردن و چەسپاندنی مافی هەرێم لە ئاوە هاوبەشەکانی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی و وڵاتانی دراوسێ بۆ دەستەبەری بەرژەوەندی باڵاکانی هەرێم بە جۆرێك لەگەڵ پێوەر و یاسا نێودەوڵەنیەکاندا بگونجێت.

چوارەم: بەردەوامی هەماهەنگی پەیوەندی و گۆڕینەوەی زانیارییەکان بۆ گەیشتن بە ڕێکەوتنی دادپەروەرانە بە ئاڕاستەی دابەشکردنی بڕ و جۆری ئاوی ڕۆیشتوو و هاتوو بۆ هەرێم.

پێنجەم: چارەسەرکردنی سەرچاوە ئاوییە پیسبووەکان و گرنگیدان بە پاراستنی ژینگە.

پێشنیاری سێیەم: پێشنیاری هەر سێ لیژنەی تایبەتمەند، ماددەکە وەکو خۆی تەنها بڕگەی سێیەمی ماددەکە بەم شێوەیەی لێبکرێت:-

سییەم: ڕەچاوکردن و چەسپاندنی مافی هەرێم لە ئاوە هاوبەشەکانی لەگەڵ حکومەتی ئیتیحادی و وڵاتانی دراوسێ بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە باڵاکانی هەرێم لە دابینکردنی ئاو بە شێوەیەك لەگەڵ یاسا و پێوەرە نێودەوڵەتییەکاندا بگونجێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ماددەی دوو سێ پێشنیار هەیە، کێ لەگەڵ پێشنیاری یەکەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس لەگەڵدانییە، کێ لەگەڵ پێشنیاری دووەمە وەکو خۆی تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس لەگەڵدانییە، کێ لەگەڵ پێشنیاری سێیەمە پێشنیاری لیژنەی هاوبەش تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (٧٥) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ ئەم ماددەیە پەسەندکرا، ماددەی دواتر بخوێننەوە، فەرموون.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی سێ دوو پێشنیار هەیە:

پێشنیاری یەکەم: ئەم ماددەیە لابرێت.

پێشنیاری دووەم: وەکو خۆی.

بنەما گشتییەکان

ماددەی (٣):

ئـاو سـامانێکی نیشـتیمانییە سـەرچاوەکانی بە مـۆڵکی گشـتی دادەنـدرێت بە مـۆڵەت و بەپێـی حوکمەکانی ئەم یاسایە سوودیان لێوەردەگیرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ماددەی سێ دوو پێشنیار هەیە، کێ لەگەڵ پێشـنیاری یەکەمە کە دەڵێـت لابرێـت تکـایە دەسـت بەرزکـاتەوە؟ (١) کەس لەگەڵـدایە، زۆر سـوپاس، کـێ لەگەڵ پێشنیاری دووەمە ماددەکە وەکو خۆی تکایە دەسـت بەرزکـاتەوە؟ (٧٣) کەس لەگەڵـدایە، زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ ئەم ماددەیە پەسەندکرا، ماددەی چوار بخوێننەوە، فەرموون.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی چوار چوار پیشنیار هەیە:

پێشنیاری یەکەم: ماددەکە وەکو خۆی تەنها بڕگەی یەکەم بەم شێوەیەی لێبکرێت.

یەکەم: داڕشتنی سیاسەتی ئاو لە ناوخۆی هەرێم.

پێشنیاری دووەم: ماددەکە وەکو خۆی تەنها بڕگەی یەکەم بەم شێوەیەی لێبکرێت.

یەکەم: داڕشتنی سیاسەتی ئاو لە هەرێم.

پێشنیاری سێیەم: وەکو خۆی.

ماددەی (٤):

حکومەتی هەرێم بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی ئیتیحادی بەشدار دەبێت لە:-

یەکەم: داڕشتنی سیاسەتی ناوخۆی ئاو.

دووەم: داڕشـتنی سیاسـەتی بەکارهێنـانی سـەرچاوەکانی ئـاو لەگەڵ وڵاتـانی دراوسـێ بەپێـی پەیماننامە نەریتە نێودەوڵەتییەکان.

پێشنیاری چوارەم: پێشـنیاری هەر سـێ لیـژنەی تایبەتمەنـد، مـاددەکە وەکـو خـۆی تەنهـا بـڕگەی یەکەم بەم شێوەیەی لێبکرێت.

یەکەم: داڕشتنی سیاسەتی ئاو.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێـزان ئەنـدامانی پەرلەمـان، سـەبارەت بە مـاددەی چـوار، چـوار پێشـنیار هەیە، کـێ لەگەڵ پێشنیاری یەکەمە تکایە دەسـت بەرزکـاتەوە؟ کەس لەگەڵـدانییە، کـێ لەگەڵ پێشـنیاری دووەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس لەگەڵدانییە، کێ لەگەڵ پێشنیاری سـێیەمە وەکـو تکـایە دەسـت بەرزکاتەوە؟ کەس لەگەڵدانییە، کێ لەگەڵ پێشنیاری چوارەمە پێشنیاری لیژنەی هـاوبەش تکـایە دەسـت بەرزکـاتەوە؟ (٧٦) کەس لەگەڵـدایە، زۆر سـوپاس، بە زۆریـنەی دەنـگ ئەم مـاددەیە پەسەندکرا، ماددەی پێنج بخوێننەوە، فەرموون.

**بەڕێز شوان کریم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی پێنج دوو پێشنیار هەیە.

پێشنیاری یەکەم: وەکو خۆی.
ماددەی (٥):
یەکەم: بەکاربردنی ئاو لە بەرامبەر بڕی بەرامبەری بەکاربردن و لەسەر بنەمای یەکەی پێوانەیی دەبێت.
دووەم: بڕی بەرامبەر بەکاربردنی ئاو لەسەر بنەمای بڕ و جۆر و شیوازی بەکارهێنانەکەی دەبێت و بۆ گشت مەبەست و کەرتەکان دادەندرێت، ئەمەش بە پەیڕەوێك ڕێکدەخرێت کە ئەنجوومەنی وەزیران دەریدەکات.
پێشنیاری دووەم: پێشنیاری هەر سێ لیژنەی تایبەتمەند ئەم ماددەیە لابرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ماددەی پێنج دوو پێشنیار هەیە، کێ لەگەڵ پێشنیاری یەکەمە ماددەکە وەکو خۆی تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ یەك کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ پێشنیاری دووەمە پێشنیاری لیژنەی هاوبەش ماددەکە لابرێت تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (٧٢) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ ئەم ماددەیە پەسەندکرا، ماددەی شەش خوێننەوە، فەرموون.

**بەڕێز شوان کریم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی شەش سێ پێشنیار هەیە.
پێشنیاری یەکەم: ماددەکە وەکو خۆی تەنها خاڵی سێی بڕگەی یەکەمی ماددەکە بەم شێوەیەی لێبکرێت.
٣- مەبەستەکانی ئاودێری و کشتوکاڵ و باغداری.
پێشنیاری دووەم: ماددەکە وەکو تەنها خاڵێك بە زنجیرەی حەوت بۆ بڕگەی یەکەمی ماددەکە زیاد بکرێت و بەم شێوەیەی لێبکرێت.
٧- هەر مەبەستێکی تری سوود لێوەرگرتن.
پێشنیاری سێیەم: وەکو خۆی.
ماددەی (٦):
یەکەم: بەکاربردنی ئاو لە رووی پێشینەیەوە بەم شێوەیە دەبێت:-
١- خواردنەوە و بەکاربردن بۆ پێویستی خزمەتگوزاری.
٢- ئاژەڵداری و سامانی ماسی.
٣- مەبەستەکانی ئاودێری و کشتوکاڵی.
٤- پێداویستیەکانی پیشەسازی و وەبەرهێنانی کارەبا.
٥- مەبەستەکانی ژینگەیی و کەرتی گەشت و گوزاری.
٦- مەبەستەکانی وەبەرهێنان.
دووەم: گۆڕینی جۆری بەکاربردنی ئاو لەسەر بنەمای مۆڵەتی ڕێپێدانی نوێ دەبێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێــزان ئەنــدامانی پەرلەمــان، ســەبارەت بە مــاددەی شــەش ســێ پێشــنیار هەیە، کــێ لەگەڵ پێشـنیاری یەکەمە تکـایە دەسـت بەرزکـاتەوە؟ کەس لەگەڵـدانیە، کـێ لەگەڵ پێشـنیاری دووەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس لەگەڵدانییە، کـێ لەگەڵ پێشـنیاری سـێیەمە وەکـو خـۆی تکـایە دەســت بەرزکــاتەوە؟ (٧٨) کەس لەگەڵــدایە، زۆر ســوپاس، بە زۆریــنەی دەنــگ ئەم مــاددەیە پەسەندکرا، ماددەی حەوت بخوێننەوە، فەرموون.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی حەوت سێ پێشنیار هەیە.

پێشـنیاری یەکەم: مـاددەکە وەکـو خـۆی تەنهـا بـڕگەیەك بە زنجیـرەی پێـنجەم زیـاد بکرێـت بـۆ ماددەکە بەم شێوەیە.

پێنجەم: ئامادەکردنی پلانی وەرزی ساڵانە بۆ بەگەڕخستنی بەنداو و کۆگاکانی ئاو لە هەرێمدا.

پێشنیاری دووەم: وەکو خۆی.

ماددەی (٧):

وەزارەت پێویستە ئەمانەی خوارەوە ئەنجام بدات:

یەکەم: ئامادەکردنی پلانی تایبەت بە بەڕیوەبردنی سەرچاوەکانی ئاو و پڕۆژەکانی بە مەبەستی بەکاربردنی لەلایەن کەرتە سوودمەندەکانەوە.

دووەم: بەرزکردنەوەی تواناکان و گەشەپێدانی پیشـەیی لە بـواری بەڕێـوەبردنی سـەرچاوەکانی ئاو.

سێیەم: پلانی بووژاندنەوە و بەڕێوەبردنی بە هەماهەنگی لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەت و بەشداری پێکردنی دانیشتووان و ڕێکخراوە نا حکومییەکان و کەرتی تایبەت.

چــوارەم: هەمــاهەنگی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیــدارەکان و ڕێکخــراوە نــا حکومییەکــان و ڕاگەیاندنەکان بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاری گشتی دەربارەی گرنگی زیندەگی سەرچاوەکانی ئاو و بایەخپێدانی لە قۆناغەکانی خوێندندا.

پێشنیاری سێیەم: پێشنیاری هەرسێ لیژنەی تایبەتمەند، ماددەکە وەکو خۆی تەنها بـڕگەی یەکەم بەم شێوەیەی لێبکرێت.

یەکەم: ئامــادەکردنی پلانــی تــایبەت بە بەڕێــوەبردنی ســەرچاوەکانی ئــاو و پڕۆژەکــانی بە هەمـاهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکـانی تـری پەیوەندیـدار بە مەبەسـتی بەکـاربردنی لەلایەن کەرتە سوودمەندەکانەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێــزان ئەنــدامانی پەرلەمــان، ســەبارەت بە مــاددەی حەوت ســێ پێشــنیار هەیە، کــێ لەگەڵ پێشنیاری یەکەمە تکایە دەسـت بەرزکـاتەوە؟ کەس لەگەڵـدانییە، کـێ لەگەڵ پێشـنیاری دووەمە وەکو خۆی تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس لەگەڵدانییە، کێ لەگەڵ پێشنیاری سێیەمە پێشنیاری لیـژنەی هـاوبەش تکـایە دەسـت بەرزکـاتەوە؟ (٧٨) کەس لەگەڵـدایە، زۆر سـوپاس، بە زۆریـنەی دەنگ ئەم ماددەیە پەسەندکرا، ماددەی هەشت بخوێننەوە، فەرموون.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
سەبارەت بە ماددەی هەشت چوار پێشنیار هەیە.
پێشـنیاری یەکەم: مـاددەکە وەکـو خـۆی تەنهـا بڕگەکـانی پێـنجەم و شەشـەم بەم شـێوەیەی لێبکرێت.
پێنجەم: ئەنجوومەن سێ مانگ جارێك کۆدەبێتەوە و بۆی هەیە هەر کات پێویست بێت لەسەر داوای سەرۆك کۆبێتەوە.
شەشەم: راسپاردن و پێشـنیازە پێویسـتەکان لەلایەن وەزیـر بەرز دەکـرێتەوە بـۆ ئەنجـوومەنی وەزیرانی هەرێم و پێویستە ئەنجوومەنی وەزیران لە مـاوەی سـی رۆژدا بڕیارێـك لەم بـارەیەوە بدات.
پێشنیاری دووەم: ماددەکە وەکو خۆی تەنها خاڵی سێی بڕگەی یەکەمی مـاددەکە بەم شـێوەیەی لێبکرێت.
سێیەم: بەڕێوەبەری گشتی ئاو و ئـاوەڕۆ لە وەزارەتـی شـارەوانی و گەشـت و گـوزاری هەرێـم و بەڕێوەبەرە گشتیەکانی ئاو لە پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان.
پێشنیاری سێیەم: ماددەکە وەکو خـۆی تەنهـا دەسـتەواژەی وەزیـر بکـرێتە وەزیـری کشـتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو.
پیشنیاری چوارەم: وەکو خۆی.
ماددەی (٨):
یەکەم: ئەنجوومەنێـك لە وەزارەت بە سـەرۆکایەتی وەزیـر و بە ئەنـدامیەتی هەر یەك لە مـانەی خوارەوە پێکدێت.
١- بریکاری وەزیر بۆ کاروباری سەرچاوەکانی ئاو.
٢- سەرۆکی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگەی هەرێم.
٣- بەڕیوەبەری گشتی ئاو و ئاوەڕۆ لە وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزاری هەرێم.
٤- بەڕیوەبەری گشتی سەرچاوەکانی ئاو لە وەزارەت.
٥- بەڕیوەبەری گشتی بەنداو و کۆگاکانی ئاو لە وەزارەت.
٦- بەڕبوەبەری گشتی و توێژینەوە لە وەزارەت.
٧- بەڕێوەبەری گشتی باغداری و پاوان و دارستان لە وەزارەت.
دووەم: نـوێنەری ئەو لایەنـانەی خـوارەوە بەشـداری کۆبوونەوەکـانی ئەنجـوومەن دەکەن بە مەرجێك پلەی وەزیفیـان لە بەڕێـوەبەری گشـتی کەمتـر نەبێـت بەبـێ ئەوەی مـافی دەنگـدانیان هەبێت.
١- وەزارەتی پلاندانانی هەرێم.
٢- وەزارەتی کارەبای هەرێم.
٣- وەزارەتی ناوخۆی هەرێم.
٤- وەزارەتی تەندروستی هەرێم.

سێیەم: فەرمانبەرێك لە وەزارەت وەك سكرتێری ئەنجوومەن لەلایەن وەزیرەوە دیاری دەكرێت بە مەرجێك لایەنی كەم هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانكۆیی بێت.
چوارەم: ئەنجوومەن دەتوانێت بەپێی پێویست میوانداری پسپۆڕان بۆ وەرگرتنی راو بۆچوونیان بكات.
پێنجەم: ئەنجوومەن سێ مانگ جارێك یان هەر كات پێویست بێت لەسەر داوای سەرۆك كۆدەبێتەوە.
شەشەم: راسپاردە و پێشنیارە پێویستەكان لەلایەن وەزیر بەرز دەكرێتەوە بۆ ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ماددەی هەشت چوار پێشنیار هەیە، كێ لەگەڵ پێشنیاری یەكەمە تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ كەس لەگەڵدانییە، كێ لەگەڵ پێشنیاری دووەمە تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ كەس لەگەڵدانییە، كێ لەگەڵ پێشنیاری سێیەمە تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ كەس لەگەڵدانییە، كێ لەگەڵ پێشنیاری چوارەمە وەكو خۆی تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ (٨١) كەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ ئەم ماددەیە پەسەندكرا، ماددەی نۆ بخوێننەوە، فەرموون.

**بەڕێز رزگار عیسی سوار:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی نۆ سێ پێشنیار هەیە.

پێشنیاری یەكەم: ماددەكە وەكو خۆی تەنها بڕگەی یەكەم و دووەم بەم شێوەیە لێبكرێت.

یەكەم: دانانی سیاسەتی ناوخۆی و پەرپێدانی سەرچاوەكانی ئاو لە هەرێم.

دووەم: پەسەندكردن و رەتكردنەوەی پلانی بەكارهێنانی ئاو لەلایەن گشت كەرتەكانەوە.

پێشنیاری دووەم: وەكو خۆی.

ئەركەكانی ئەنجوومەن

ماددەی (٩):

یەكەم: دانانی سیاسەتی ناوخۆی ئاو لە هەرێم.

دووەم: پەسەندكردنی پلان و بەكارهێنانی ئاو لەلایەن گشت كەرتەكانەوە.

سێیەم: بڕیاردان لەسەر پڕۆژەی سەرچاوەكانی ئاو و بەكاربردنی.

چوارەم: پێشنیازكردنی بڕی بەرامبەری بەكاربردنی ئاو بۆ سەرجەم كەرتەكان و بۆ ئەنجوومەنی وەزیران.

پێنجەم: بڕیاردانی لەسەر پلان و بەكارهێنان لە بواری بەڕێوەبردنی سەرچاوەكانی ئاو و پاراستنی.

شەشەم: بڕیاردان لەسەر ستراتیجییەتی نیشتیمانی تایبەت بە كەش و هەوا و بەرزەفتكردنی كارگێڕیەكانی لەسەر پاراستن و بووژاندنەوەی سەرچاوەكانی ئاو.

حەوتەم: بڕیاردان لە پلانی دابەشكردنی ئاو لە نێوان كەرتە جیاجیاكان و بەكاربردنە سەرەكییەكانی ئاو.

هەشتەم: کارکردن و دابینکردنی بوودجەی پێویست بۆ جێ بەجێکردنی پڕۆژەکانی بەنداوی گەورە و مامناوەندی پڕۆژە بە هەموو جۆرەکانی ئاو.
نۆیەم: دانانی پلانی بەکارهێنانی سیستەمی ئاودێری نوێ بۆ پەرەپێدانی بەرهەمی کشتوکاڵی بە مەرجێك گونجاو بێت لەگەڵ سوودی ئابووری گشتی ئاوی بۆ پڕۆژە کشتوکاڵییە تەرخانکراو.
پێشنیاری سێیەم: پێشنیاری هەر سێ لیژنەی تایبەتمەند، ماددەکە وەکو خۆی تەنها لەگەڵ ئەم گۆڕانکاریانەی خوارەوە.
یەکەم: بڕگەی چوارەم لابرێت و بڕگەیەك بە زنجیرەی دەیەم زیاد بکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە.
دەیەم: داڕشتنی پلانی گونجاو بۆ بەرنگاربوونەوەی وشکە ساڵی و لافاو و پیسبوونی سەرچاوەکانی ئاو بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدارەکانەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ماددەی نۆ سێ پێشنیار هەیە، کێ لەگەڵ پێشنیاری یەکەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس لەگەڵدانییە، کێ لەگەڵ پێشنیاری دووەمە ماددەکە وەکو خۆی تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس لەگەڵدانییە، کێ لەگەڵ پێشنیاری سێیەمە پێشنیاری لیژنەی هاوبەش تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (٧٦) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ ئەم ماددەیە پەسەندکرا، فەرموون ماددەی دە بخوێننەوە.

**بەڕێز رزگار عیس سوار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی دەیەم چوار پێشنیار هەیە:
پێشنیاری یەکەم: ماددەکە وەکو خۆی تەنها بڕگەی دووەم بەم شێوەیە لێبکرێت.
دووەم: ئەنجامدانی گۆڕانکاری لە ڕێڕەوی سەرچاوەکانی ئاو بە جۆرێك بێت ببێتە هۆی کەمکردنەوەی بڕی ئاو یان پیسبوونی ئاو یان ڕوودانی لافاو یان زیانگەیاندن بە سەرچاوە جۆراوجۆرەکانی ئاو.
پێشنیاری دووەم: ماددەکە وەکو خۆی تەنها بڕگەی یەکەمی ماددەکە لابرێت.
پێشنیاری سێیەم: وەکو خۆی.
پێشنیاری چوارەم: پێشنیاری هەر سێ لیژنەی تایبەتمەند، ماددەکە بەم شێوەیە لێبکرێت.
ماددەی (١٠):
ئەم کارانەی خوارەوە ڕێگا پێ نەدراون:
یەکەم: فڕێدانی پاشەڕۆی ناو ماڵ، پیشەسازی، کشتوکاڵی و تەندروستی و تەقەمەنی و بازرگانی یان هەر بوارێکی تر بۆ ناو سەرچاوەکانی ئاو، تەنها لەو بوارەدا نەبێت کە چارەسەری زانستی پێویستی بۆ کرابێت.
دووەم: ئەنجامدانی گۆڕانکاری لە ڕێڕەوی سەرچاوەکانی ئاو بە جورێك ببێتە هۆی کەمکردنەوەی بڕی ئاو یان پیسبوونی ئاو یان ڕوودانی لافاو.
سێیەم: بیر هەڵدانی یان بەکارهێنانی ئاوی ژێر زەوی بەبێ مۆڵەتی وەزارەت.

چوارەم: هەر چالاکییەك بۆ کۆگاکردنی یان کەمکردنەوەی سەرچاوەکانی ئاو بەبێ مۆڵەتی پێش وەخت.
پێنجەم: داپۆشینی پاشەڕۆ بەهەر ڕێگەیەك کە دەرئەنجامی کارگێڕی لەسەر جۆری سەرچاوەکانی ئاوی سەر زەوی یان ژێر زەوی یان ژینگە دروست دەکات.
شەشەم: بەکارهێنانی قیرکەر بۆ قەڵاچۆلکردنی پەتا کشتوکاڵییەکان یان پەینی کیمیایی کە ببێتە هۆی پیسبوونی سەرچاوەکانی ئاو.
حەوتەم: دامەزراندنی هەر پرۆژەیەك یان کارگەیەك یان خانوویەکی نیشتەجێبوون یان کارگەیەك لەسەر کەناری رووبار و لقەکان یان دەریاچە و کۆگاکانی ئاو و زەوییەکانی دەور و پشتیان لە سنووری دیاریکراو بەبێ وەرگرتنی مۆڵەتی وەزارەت جگەلە پرۆژەکانی ئاو و ئاوەڕۆ.
هەشتەم: بەکارهێنانی ماددەی ژەهراوی یان کارەبا یان قێرکەر یان تەقەمەنی بۆ راوی ماسی و گەیاندراوە ئاوییەکانی دیکە بە جۆرێك کە ببێتە هۆی پیسبوونی سەرچاوە ئاوییەکان.
نۆیەم: فڕێدانی پاشماوەی نەوتی بۆ سەرچاوەکانی ئاوی سەر زەوی یان ناو رێڕەوی ئاوی باران و کانی و کارێز و دەریاچە و گۆماوەکان یان بۆ ناو ئاوی ژێر زەوی و ناوچەکانی بووژاندنەوە.
دەیەم: فڕێدانی لاشەی ئاژەڵ و پەلەوەر بۆ ناو رێڕەوی ئاو یان ناوچەکانی بوژاندنەوە ئاوی ژێر زەوی.
یازدەیەم: هەر چالاکییەك ببێتە هۆی پیسبوونی ئاو یان کەنار و رۆخی رێڕەوەکانی ئاوی سرووشتی یان کارگێڕی نەرێتی لەسەر جۆری ئاوەکە دروست بکات.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ماددەی دە چوار پێشنیار هەیە، کێ لەگەڵ پێشنیاری یەکەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس لەگەڵدانییە، کێ لەگەڵ پێشنیاری دووەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس لەگەڵدانییە، کێ لەگەڵ پێشنیاری سێیەمە ماددەکە وەکو خۆی تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس لەگەڵدانییە، کێ لەگەڵ پێشنیاری چوارەمە پێشنیاری لیژنەی هاوبەش تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (٧٥) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ ئەم ماددەیە پەسەندکرا، فەرموون ماددەی یازدە بخوێننەوە.

**بەڕێز سفین اغا عمر اغا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی یازدە سێ پێشنیار هەیە.

پێشنیاری یەکەم: ماددەکە وەکو خۆی تەنها برگەی دووەم بەم شێوەیە لێبکرێت.

دووەم: وەزارەت پابەندە بە دانانی تۆمارێکی تایبەت بەو بیرانەی کە بەر لە دەرچوونی ئەم یاسایە بە مۆڵەت یان بێ مۆڵەت هەڵکەندراون بۆ مەبەستی پێداچوونەوە و گرتنەبەری رێکاری پێویست.

پێشنیاری دووەم: وەکو خۆی.

پێشنیاری سێیەم: پیشنیاری هەر سێ لیژنەی تایبەتمەند، ماددەکە بەم شێوەیەی لێبکرێت.

ماددەی (١١):

یەکەم: وەزارەت سیستەمی چاودێری لەسەر بڕ و جۆی ئاو لە سەرچاوەکانی ئاوی سرووشتی دادەنێت بۆ مسۆگەرکردنی پاراستن و زیادکردنی توانست و بۆ ڕێگرتن لە پیسبوون.
دووەم: وەزارەت پابەندە بە دانانی تۆمارێکی تایبەت بەو بیرانەی کە بەر لە دەرچوونی ئەم یاسایە بە مۆڵەت یان بێ مۆڵەت هەڵکەندراون و گرتنەبەری ڕێکاری پێویست بۆ گونجاندنیان لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ماددەی یازدە سێ پێشنیار هەیە، کێ لەگەڵ پێشنیاری یەکەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس لەگەڵدانییە، کێ لەگەڵ پێشنیاری دووەمە وەکو خۆی تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس لەگەڵدانییە، کێ لەگەڵ پێشنیاری سێیەمە پێشنیاری لیژنەی هاوبەش تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (٧٣) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ ئەم ماددەیە پەسەندکرا، فەرموون ماددەی دوازدە بخوێننەوە.

**بەڕێز سفین اغا عمر اغا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی دوازدە سێ پێشنیار هەیە.

پێشنیاری یەکەم: ماددەکە وەکو خۆی تەنها بڕگەی یەکەم بەم شێوەیە لێبکرێت.

یەکەم: پێویستە بەکاربردنی ئاو لە هەرێم بەپێی ستاندارد و کوالێتی هەرێمی بێت.

پێشنیاری دووەم: ماددەکە وەکو خۆی تەنها بڕگەی یەکەم بەم شێوەیە لێبکرێت.

یەکەم: پێویستە بەکاربردنی ئاو لە هەرێم بەپێی ستاندارد و کوالێتی جیهانی بێت.

پێشنیاری سێیەم: ماددەکە وەکو خۆی.

ماددەی (١٢):

یەکەم: پێویستە بەکاربردنی ئاو لە هەرێم بەپێی ستاندارد و کوالێتی جیهانی بێت.

دووەم: چارەسەرکردنی سەرچاوەی ئاوە پیسبووەکان و ئاوەڕۆکان بە دانانی ویستگەی چارەسەری گونجاوی سەردەمیانە دەبێت.

سێیەم: هەر پڕۆژەیەك کە پاشەڕۆی لێ پەیدابێت تا ئەو کاتەی ڕێنمایی وەزارەتە پەیوەندیدارەکان جێ بەجێیان نەکات ڕێگە بە دامەزراندنی نادرێت.

چوارەم: ڕێگە بە دامەزراندنی هیچ پڕۆژەیەك نادرێت ئەگەر یەکەی چارەسەرکردنی پاش ماوەی نەبێت.

پێنجەم: ئەو پڕۆژانەی بوونی یاساییان هەیە و پاش ماوەیان دەڕژێتە نێو سەرچاوەکانی ئاو ماوەی شەش مانگیان لە ڕێکەوتی بەرکاربوونی ئەم یاسایە پێ دەدرێت بۆ دامەزراندنی یەکەی چارەسەرکردنی پاش ماوە، بە پێچەوانەوە مۆڵەتی کارکردنیان لێ دەسەندرێتەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ماددەی دوازدە سێ پێشنیار هەیە، کێ لەگەڵ پێشنیاری یەکەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس لەگەڵدانییە، کێ لەگەڵ پێشنیاری دووەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس لەگەڵدانییە، کێ لەگەڵ پێشنیاری سێیەمە ماددەکە وەکو خۆی

تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ (٧٦) كەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ ئەم ماددەیە پەسەندكرا، فەرموون ماددەی سێزدە بخوێننەوە.

**بەڕێز نزار ملا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی سێزدە دوو پێشنیار هەیە.

پێشنیاری یەكەم: ماددەكە وەكو خۆی تەنها بڕگەیەك بە زنجیرەی سێیەم زیاد بكرێت بۆ ماددەكە و بەم شێوەیەی خوارەوە.

سێیەم: وەزارەت پلانی درێژخایەن ئاڕاستەی پەرلەمانی كوردستان دەكات لەو كاتەی كە پلانەكە دابڕێژرێت.

پیشنیاری دووەم: ماددەكە وەكو خۆی.

ماددەی (١٣):

یەكەم: وەزارەت پلانی ساڵانە و مامناوەندی درێژخایەنی كەرت و بوارە جۆراوجۆرەكانی لە بەكاربردنی ئاو پەسەند دەكات بۆ هێنانەدی هاوسەنگی ئاو و دادپەروەری لە دابەشكردنیدا.

دووەم: وەزارەت پلان بۆ رێگرتن لە رووچوونی زەوی سێڵاو و لافاو و چاككردنی رێڕەوی شیو و كەناڵە گشتیەكان و كەنار و رووبارەكان و چاودێری هاتنی سێڵاو و لافاو، بەكارهێنانی ئاوی پرۆژەكانی ئاودێری دادەنێت بە جۆرێك گرەنتی پاراستنی ئاو لە بەفیڕۆدان و پیسبوون بكات.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن / سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ماددەی سێزدە دوو پێشنیار هەیە، كێ لەگەڵ پێشنیاری یەكەمە تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ كەس لەگەڵدانیە، كێ لەگەڵ پێشنیاری دووەمە ماددەكە وەكو خۆی تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ (٧٤) كەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ ئەم ماددەیە پەسەندكرا، فەرموون ماددەی چواردە بخوێننەوە.

**بەڕێز نزار ملا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی چواردە سێ پێشنیار هەیە.

پێشنیاری یەكەم: ئەم ماددەیە لابرێت.

پێشنیاری دووەم: بڕگەكانی یەكەم و دووەم بكرێتە یەك بڕگە بۆ ماددەكە و بەم شێوەیەی خوارەوە.

یەكەم: سەندوقێك بە ناوی سەندوقی پاراستن و بووژاندنەوەی سەرچاوەكانی ئاو لە هەرێم بەپێی حوكمەكانی ئەم یاسایە دادەمەزرێت، وە ئەنجوومەنێكی كارگێڕی دەبێت بۆ بەڕێوەبردنی كارەكانی و پەیڕەوێك لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە پێك دەهێندرێت.

پێشنیاری سێیەم: ماددەكە وەكو خۆی.

ماددەی (١٤):

یەكەم: سەندوقیك بە ناوی سەندوقی پاراستن و بووژاندنەوەی سەرچاوەكانی ئاو لە هەرێم بەپێی حوكمەكانی ئەم یاسایە دادەمەزرێت.

دووەم: سـەندوق ئەنجـوومەنێکی کـارگێڕی دەبێـت بـۆ بەڕێـوەبردنی کارەکـانی بە پەیڕەوێـك لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە پێك دەهێندرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێـزان ئەنـدامانی پەرلەمـان، سـەبارەت بە مـاددەی چـواردە سـێ پێشـنیار هەیە، کـێ لەگەڵ پێشنیاری یەکەمە تکایە دەسـت بەرزکـاتەوە؟ کەس لەگەڵـدانییە، کـێ لەگەڵ پێشـنیاری دووەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس لەگەڵدانییە، کێ لەگەڵ پێشنیاری سێیەمە ماددەکە وەکـو خـۆی تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (٧٥) کەس لەگەڵـدایە، زۆر سـوپاس، بە زۆریـنەی دەنـگ ئەم مـاددەیە پەسەندکرا، فەرموون ماددەی پازدە بخوێننەوە.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی پازدە سێ پێشنیار هەیە.

پێشنیاری یەکەم: ئەم ماددەیە لابرێت.

پێشنیاری دووەم: ماددەکە وەکو خۆی.

پێشنیاری سێیەم: پێشنیاری هەر سێ لیژنەی تایبەتمەند کە ماددەکە بەم شێوەیەی لێبکرێت.

ماددەی (١٥):

یەکەم: داهاتی سەندوق لەم سەرچاوانەی خوارەوە پێکدێت.

١- گووژمەی تەرخانکراو لە بوودجەی ساڵانەی هەرێم.

٢- هەر کۆمەك و یارمەتییەك کە بەپێی یاسا پێشکەش بە سندووق دەکرێت.

دووەم: داهاتی سندووق بە مەبەستی پاراستن و بووژاندنەوەی سەرچاوەکانی ئـاو و ریگـرتن لە پیسبوونی بەکاردێت.

سـێیەم: شـێوازی خەرجکردنــی داهــاتی سـەندوق بە پەیڕەوێــك ڕێــك دەخرێــت کە لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە دەردەچێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێـزان ئەنـدامانی پەرلەمـان، سـەبارەت بە مـاددەی پـازدە سـێ پێشـنیار هەیە، کـێ لەگەڵ پێشنیاری یەکەمە تکایە دەسـت بەرزکـاتەوە؟ کەس لەگەڵـدانییە، کـێ لەگەڵ پێشـنیاری دووەمە تکـایە دەسـت بەرزکـاتەوە؟ (٢) کەس لەگەڵـدایە، زۆر سـوپاس، کـێ لەگەڵ پێشـنیاری سـێیەمە ماددەکە وەکو خۆی تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (٧٤) کەس لەگەڵـدایە، زۆر سـوپاس، بە زۆریـنەی دەنگ ئەم ماددەیە پەسەندکرا، فەرموون ماددەی شازدە بخوێننەوە.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی شازدە سێ پێشنیار هەیە.

پێشنیاری یەکەم: ماددەکە بەم شێوەیەی لێدەکرێت.

پۆلیســی پاراســتنی دارســتان و ژیــنگە لە یەکە کــارگێڕییە خۆجێیەکــان ئەرکــی پاراســتنی سـەرچاوەکانی ئـاو لە ئەسـتۆ دەگـرن و لە حـاڵەتی نەبـوونی پۆلیسـی دارسـتان و ژیـنگە ئەوا پۆلیسی یەکەی کارگێڕییەکان ئەرکی پاراستنی سەرچاوەکانی ئاو لە ئەستۆ دەگرن.

پێشنیاری دووەم: وەکو خۆی.
پێشنیاری سێیەم: پێشنیاری هەر سێ لیژنەی تایبەتمەند، ماددەکە بەم شێوەیەی لێدەکرێت.
ماددەی (١٦):
دەزگای ئاسایش و پۆلیسی پاراستنی دارستان و ژینگە ئەرکی پاراستنی سەرچاوەکانی ئاو لە ئەستۆ دەگرن.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ماددەی شازدە سێ پێشنیار هەیە، کێ لەگەڵ پێشنیاری یەکەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس لەگەڵدانییە، کێ لەگەڵ پێشنیاری دووەمە ماددەکە وەکو خۆی تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس لەگەڵدانییە، کێ لەگەڵ پێشنیاری سێیەمە پێشنیاری لیژنەی هاوبەش تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (٧٥) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ ئەم ماددەیە پەسەندکرا، فەرموون ماددەی حەڤدە بخوێننەوە.
**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
سەبارەت بە ماددەی حەڤدە سێ پێشنیار هەیە.
پێشنیاری یەکەم: بڕگەی چوارەم بەم شێوەیەی لێبکرێت.
چوارەم: پێویستە وەزارەت پێداچوونەوە بە مۆڵەتەکان و بە بڕی ئاوی سەر زەوی و ژێر زەوی مۆڵەت پێدراو لەبەر ڕۆشنایی بووژاندنەوەی سەرچاوەکانی ئاودا بکات.
پێشنیاری دووەم: ماددەکە خۆی.
پێشنیاری سێیەم: پێشنیاری هەر سێ لیژنەی تایبەتمەند.
ماددەی (١٧):
یەکەم: گشت پڕۆژەکانی بەکاربردن بە سەرچاوەکانی ئاو بەپێی یاسا بەرکارەکانی هەرێم لەلایەن وەزارەتەوە ڕێپێدانیان بۆ دەکرێت دوای لاری نەبوونی لایەنە پەیوەندیدارەکان.
دووەم: گشت پڕۆژەکانی وەبەرهێنان بەپێی یاسا بەرکارەکانی هەرێم لەلایەن وەزارەتەوە ریگا پێدانیان بۆ دەکرێت دوای لاری نەبوونی لایەنە پەیوەندیدارەکان.
سێیەم: پێویستە لەسەر سوودمەندانی ئاوی سەر زەوی و ژێر زەوی بەبێ مۆڵەت لە کەرتەکانی کشتوکاڵ، پیشەسازی، بازرگانی، گەشت و گوزار داواکاری مافی سوودمەندبوون لە ئاو پێشکەش بکەن و مۆڵەت لە وەزارەت وەربگرن لە ماوەی شەش مانگ لە ڕێکەوتی بەرکاربوونی ئەم یاسایە، بە پێچەوانەوە سوودمەند بە سەرپێچیکار لە حوکمەکانی ئەم یاسایە هەژمار دەکرێت.
سێیەم: هەر زێدەڕۆییەك لەلایەن سوودمەندانی ئاو زیاد لەو بڕەی ئاوی ڕێپێدراو بە سەرپێچی هەژمار دەکرێت و سەرپێچیکار بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە سزا دەدرێت.
چوارەم: وەزارەت دەتوانێت پیداچوونەوە بە مۆڵەتەکان و بە بڕی ئاوی سەر زەوی و ژێر زەوی مۆڵەت پێدراو لەبەر ڕۆشنایی بووژاندنەوەی سەرچاوەکانی ئاودا بکات.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێـزان ئەنـدامانی پەرلەمـان، سـەبارەت بە مـاددەی حەڤـدە سـێ پێشـنیار هەیە، كـێ لەگەڵ پێشنیاری یەكەمە تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ كەس لەگەڵدانییە، كێ لەگەڵ پێشنیاری دووەمە ماددەكە وەكو خـۆی تكـایە دەسـت بەرزكـاتەوە؟ (٢) كەس لەگەڵـدایە، زۆر سـوپاس، كـێ لەگەڵ پێشنیاری سێیەمە پێشنیاری لیژنەی هاوبەش تكایە دەسـت بەرزكـاتەوە؟ (٧٣) كەس لەگەڵـدایە، زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ ئەم ماددەیە پەسەندكرا، فەرموون ماددەی هەژدە بخوێننەوە.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی هەژدە سێ پیشنیار هەیە.

پێشنیاری یەكەم: لە بڕگەكانی یەكەم و دووەم سێیەمی ئەم ماددەیە دەستەواژەی وەزیر بكرێتە ئەنجوومەنی ئاو.

پێشـنیاری دووەم: بڕگەكـانی یەكەم و دووەمـی مـاددەكە بكـرێتە یەك بـڕگە و بەم شـێوەیەی خوارەوە.

یەكەم: وەزیـر دەتوانێـت بیـر هەڵكەنـدن یـان وەسـتانی لە بەكارهێنـانی بیـر لە هەنـدێك نـاوچە قەدەغە بكات بەپێی ڕاپۆرتی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن و پاراسـتنی ئـاو، بە مەرجێـك مەترسـی لەسەر دابەزینی بـڕی ئـاو و ئاسـتی ئـاو و جـۆری ئـاوی ژێـر زەوی هەبێـت و قەرەبـووی خـاوەن بیرەكان دەكرێتەوە بەو زیانەی كە لە ئەنجامی ئەو بڕیارە پێی دەكەوێت بەپێی حوكمەكانی ئەم یاسایە و یاسا بەركارەكانی هەرێم.

پێشنیاری سێیەم: ماددەكە وەكو خۆی.

ماددەی (١٨):

یەكەم: وەزیر دەتوانێت بیر هەڵكەندن لە هەندێك ناوچە بۆ ماوەیەكی كاتی قەدەغە بكات ئەگەر مەترسی لەسەر دابەزینی بڕ و ئاستی ئاو و جۆری ئاوی ژێر زەوی هەبوو، وە بۆ قورسایی لەسەر ئاوی كۆگاكراو لەم ناوچانەدا.

دووەم: وەزیر لە كاتی پێویستدا بڕیار دەدات بە وەستاندنی بەكارهێنانی بیر لە هەنـدێك نـاوچە بـۆ بەرگـرتن لە ڕۆیشـتنی ئـاوی ژێـر زەوی نـاوچەكە بە مەرجێـك قەرەبـووی خـاوەن بیرەكـان بكرێتەوە بەو زیانەی لە ئەنجامی ئەو بڕیارە بەریان دەكەوێت بەپێی حوكمەكانی ئەم یاسـایە و یاسا بەركارەكانی هەرێم.

سێیەم: كاری كۆمپانیاكانی بیر هەڵكەندن و پێدانی مۆڵەتی بیر هەڵكەندن بە كەسی سرووشـتی و مەعنەوی، وە هەڵوەشاندنەوە و وەستاندنی ڕێپێدان بە ڕێنمـاییەك ڕێـك دەخرێـت كە لەلایەن وەزیرەوە دەردەچێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێـزان ئەنـدامانی پەرلەمـان، سـەبارەت بە مـاددەی هەژدە سـێ پێشـنیار هەیە، كـێ لەگەڵ پێشنیاری یەكەمە تكایە دەست بەرزكـاتەوە؟ كەس لەگەڵـدانییە، كـێ لەگەڵ پێشـنیاری دووەمە تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ (٦٣) كەس لەگەڵدایە، كـێ لەگەڵ پێشـنیاری سـێیەمە مـاددەكە وەكـو

خۆی تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس لەگەڵدانییە، بە زۆرینەی دەنگ پێشنیاری دووەم پەسەندکرا، فەرموون ماددەی نۆزدە بخوێننەوە.

**بەڕێز شوان کریم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی نۆزدە سێ پێشنیار هەیە.

پێشنیاری یەکەم: ئەم ماددەیە لەیەك بدرێت لەگەڵ ماددەی سێزدەی ئەم یاسایە.

پێشنیاری دووەم: ماددەکە وەکو خۆی تەنها بڕگەیەك بە زنجیرەی چوارەم زیاد بکرێت.

چوارەم: دروستکردنی پرۆژەی ئاودێری بۆ کۆگاکردنی ئاوی لافاو.

پێشنیاری سێیەم: ماددەکە وەکو خۆی.

ماددەی (١٩):

پێویستە وەزارەت ئەم رێ و شوێنانەی خوارەوە بۆ رێکخستنی ناوچەی بارانوی کە دەبێتە هۆی رووودانی سێڵاو و لافاو و لەو ناوچەیەی پێیدادەڕوات بگرێتەبەر:-

یەکەم: پاراستنی خاك و بەرگی رووەکی بە رێگای گونجاو بۆ چاندنی ئەو رووەکانەی خوڵ جێگیر دەکەن بۆ پاراستنی ناوچەکە لە داماڵین و رووچوون.

دووەم: رێکخستن و نۆژەنکردنەوە لە رێڕەوی شوێنە دروستکردنی (......دەنگ دەرنەچووە........).

سێیەم: قەدەغەکردنی فراوانکاری لە پەیداکردنی زەوی کشتوکاڵی یان دامەزراندنی پڕۆژەی شارستانی یان پیشەسازی لەسەر رێڕەوی شێوەکان، کەنار، رووبارەکان، بەنداو و کۆگاکانی ئاو ئەگەر کاریگەری نەرێنی لەسەر سەرچاوەکانی ئاو هەبوو.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ماددەی نۆزدە سێ پێشنیار هەیە، کێ لەگەڵ پێشنیاری یەکەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس لەگەڵدانییە، کێ لەگەڵ پێشنیاری دووەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس لەگەڵدانییە، کێ لەگەڵ پێشنیاری سێیەمە ماددەکە وەکو خۆی تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (٧٣) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ ئەم ماددەیە پەسەندکرا، فەرموون ماددەی بیست بخوێننەوە.

**بەڕێز رزگار عیسی سوار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی بیست چوار پێشنیار هەیە.

پێشنیاری یەکەم: ماددەکە وەکو خۆی تەنها بڕگەی یەکەم بەم شێوەیە لێبکرێت.

یەکەم: هەر کەسێکی سرووشتی یان مەعنەوی سەرپێچی حوکمەکانی ئەم یاسایە بکات بە بەندکردن بۆ ماوەیەك لە شەش مانگ زیاتر نەبێت یان بە پێ بژاردنێك کە لە سێ ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە پێنج ملیۆن دینار زیاتر نەبێت، یان بە هەردووکیان سزا دەدرێت.

پێشنیاری دووەم: ماددەکە وەکو خۆی تەنها بڕگەی یەکەم بەم شێوەیە لێبکرێت.

یەکەم: هەر کەسێك سەرپێچی لە حوکمەکانی ئەم یاسایە بکات بە بەندکردن بۆ ماوەیەك لە سێ مانگ زیاتر نەبێت یان بە پێ بژاردنێك لە دە ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە پازدە ملیۆن دینار زیاتر نەبێت، یان بە هەردووکیان سزا دەدرێت.
پێشنیاری سێیەم: ماددەکە وەکو خۆی.
ماددەی (٢٠):
یەکەم: هەر کەسێك سەرپێچی لە حوکمەکانی ئەم یاسایە بکات بە بەندکردن بۆ ماوەیەك لە سێ مانگ زیاتر نەبێت یان بە پێ بژاردنێك لە سێ ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە پێنج ملیۆن دینار زیاتر نەبێت، یان بە هەردووکیان سزا دەدرێت.
دووەم: سزاکانی هاتوو لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە رێگر نابن لە سەپاندنی هەر سزایەکی توووند کە لە یاسا بەرکارەکان هاتبێت.
پێشنیاری چوارەم: پێشنیاری هەر سێ لیژنەی تایبەتمەند، ماددەکە وەکو خۆی تەنها لەگەڵ ئەم گۆڕانکاریانەی خوارەوە.
ماددەی (٢٠):
یەکەم: هەر کەسێك سەرپێچی لە حوکمەکانی ئەم یاسایە بکات جگەلە لە حوکمی ماددەی (١٠)ی ئەم یاسایە بە بەندکردن بۆ ماوەیەك لە سێ مانگ زیاتر نەبێت یان بە پێ بژاردنێك لە حەوت ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە دە ملیۆن دینار زیاتر نەبێت، یان بە هەردووکیان سزا دەدرێت.
دووەم: بڕگەی دووەمی ئەم ماددەیە بکرێتە بڕگە لە ماددەی بیست و یەك.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ماددەی بیست چوار پێشنیار هەیە، کێ لەگەڵ پێشنیاری یەکەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس لەگەڵدانییە، کێ لەگەڵ پێشنیاری دووەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس لەگەڵدانییە، کێ لەگەڵ پێشنیاری سێیەمە ماددەکە وەکو خۆی تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (١) کەس لەگەڵدایە، کێ لەگەڵ پێشنیاری چوارەمە پێشنیاری لیژنەی هاوبەش تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (٦٤) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ ئەم ماددەیە پەسەندکرا، فەرموون ماددەی بیست و یەك بخوێننەوە.

**بەڕێز سفین اغا عمر اغا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی بیست و یەك سێ پێشنیار هەیە،
پێشنیاری یەکەم: ئەم ماددەیە لابرێت.
پێشنیاری دووەم: ماددەکە وەکو خۆی.
پێشنیاری سێیەم: پێشنیاری هەر سێ لیژنەی تایبەتمەند، ماددەکە بەم شێوەیە لێبکرێت.
ماددەی (٢١):
یەکەم: هەر کەسێك سەرپێچی حوکمەکانی ماددەی (١٠)ی ئەم یاسایە بکات بە بەندکردن بۆ ماوەیەك لە شەش مانگ کەمتر نەبێت و بە پێ بژاردنێك کە لە حەوت ملیۆن کەمتر نەبێت و لە دە ملیۆن زیاتر نەبێت سزا دەدرێت، لابردنی سەرپێچیەکە و گەڕانەوەی ماددە یان پاشماوەکان بۆ شوێنی پێشوویان یان لە ناو بردنیان لە ئەستۆی سەرپێچیکار دەبێت.

دووەم: لە حاڵەتی دووبارەکردنەوەی ئەو سەرپێچییەی کە لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە هاتووە بە بەندکردن بۆ ماوەیەك کە لە یەك ساڵ کەمتر نەبێت و بە پێی بژاردنێك کە لە دە ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە پازدە ملیۆن دینار زیاتر نەبێت سزا دەدرێت و لابردنی سەرپێچییەکەش لە ئەستۆی سەرپێچیکار دەبێت.
سێیەم: سزاکانی هاتوون لەم یاسایەدا ڕێگر نابن لە سەپاندنی هەر سزایەکی توندتر کە لە یاسا بەرکارەکاندا هاتبێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ماددەی بیست و یەك سێ پێشنیار هەیە، کێ لەگەڵ پێشنیاری یەکەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (١) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ پێشنیاری دووەمە ماددەکە وەکو تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس لەگەڵدانییە، کێ لەگەڵ پێشنیاری سێیەمە پێشنیاری لیژنەی هاوبەش تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (٦٤) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ ئەم ماددەیە پەسەندکرا، فەرمووون ماددەی بیست و دوو بخوێننەوە.

**بەڕێز نزار ملا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی بیست و دوو هیچ پێشنیارێك نییە، ماددەکە وەکو خۆی.

ماددەی (٢٢):

وەزیر ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێ بەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەردەکات.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ماددەی بیست و دوو هیچ پێشنیارێك نییە، ماددەکە وەکو خۆی کێ لەگەڵدایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (٧٢) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ پەسەندکرا، فەرمووون ماددی بیست و سێ بخوێننەوە.

**بەڕێز نزار ملا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی بیست و سێ هیچ پێشنیارێك نییە، ماددەکە وەکو خۆی.

ماددەی (٢٣): کار بە دەقی هیچ یاسا و بڕیارێك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ماددەی بیست و سێ هیچ پێشنیارێك نییە، ماددەکە وەکو خۆی کێ لەگەڵدایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (٦٧) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ پەسەندکرا، فەرمووون ماددی بیست و چوار بخوێننەوە.

**بەڕێز نزار ملا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی بیست و چوار هیچ پێشنیارێك نییە، ماددەکە وەکو خۆی.

ماددەی (٢٤): پێویستە ئەنجوومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ماددەی بیست و چوار هیچ پێشنیارێك نییە، ماددەکە وەکو خۆی کێ لەگەڵدایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (٦٨) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ پەسەندکرا، فەرموون ماددی بیست و پێنج بخوێننەوە.

**بەڕێز شوان کریم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی بیست و پێنج هیچ پێشنیارێك نییە، ماددەکە وەکو خۆی.

ماددەی (٢٥):

ئەم یاسایە لە دوای تێپەڕبوونی شەست ڕۆژ لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان)دا جێ بەجێ دەکرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ماددەی بیست و پێنج هیچ پێشنیارێك نییە، ماددەکە وەکو خۆی کێ لەگەڵدایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (٦٨) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ پەسەندکرا، فەرموون هۆیەکانی دەرچوواندن بخوێننەوە.

**بەڕێز شوان کریم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە هۆیەکانی دەرچووان سێ پێشنیار هەیە.

پێشنیاری یەکەم: لەبەر گرنگی ئاو لە ژیانی مرۆڤ و کاریگەری لەسەر واقیعی کۆمەڵایەتی ئابووری و سیاسی و لە پێناو دابینکردنی ئاسایشی ئاو لە هەرێم، ڕێکخستنەوەی ئەو کەرتە و پەرەپێدانی بۆ بووژاندنەوەی لەبەر کاریگەرییە فرە ڕەهەندەکان وەکو سامانێکی نیشتیمانی و ڕێگرتن لە خراپ بەکارهێنانی دەستەبەری بەردەوامبوونی سەرچاوەکانی ئاو ئەم یاسایە دەرچووێندرا.

پێشنیار دووەم: لە پێناو دابینکردنی ئاسایشی ئاو لە هەرێم و ڕێکخستنەوەی ئەو کەرتە و پەرەپێدانی بووژاندنەوەی، لەبەر کاریگەری فرە ڕەهەندییەکانی و گرنگی لە ژیانی مرۆڤدا وەکو سامانێکی نیشتیمانی و ڕێگرتن لە خراپ بەکارهێنانی و دەستەبەری بەردەوامبوونی سەرچاوەکانی ئاو ئەم یاسایە دەرچووێندرا.

پێشنیاری سێیەم: وەکو خۆی.

هۆیەکانی دەرچوواندن

لە پێناو دابینکردنی ئاسایشی ئاو لە هەرێم، لەبەر گرنگی ئاو لە ژیانی مرۆڤ و کاریگەری لەسەر واقیعی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی وەکو سامانێکی نیشتیمانی و ڕێگرتن لە خراپ بەکارهێنانی دەستەبەری بەردەوامبوونی سەرچاوەکانی ئاو و دابەشکردنی بە شێوەیەکی دادپەروەرانە و بووژاندنەوەی پاراستنی ئەم یاسایە دەرچووێندرا.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێـزان ئەنـدامانی پەرلەمـان، سـەبارەت بە هۆیەكـانی دەرچوواندن سـێ پێشـنیار هەیە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پیشنیاری یەكەمە تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ (٨) كەس لەگەڵدایە، زۆر سـوپاس، كێ لەگەڵ پێشنیاری دووەمە تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ كەس لەگەڵدانییە، كێ لەگەڵ پێشـنیاری سێیەمە وەكو خۆی تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ (٤٩) كەس لەگەڵدایە، زۆر سـوپاس، بە زۆرینـەی دەنگ بەسەندكرا، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، هەر كەسێك لەگەڵ كـۆی یاسـای بەڕێـوەبردن و پاراستنی ئاو لە هەرێمی كوردستـان_عیـراقە تكـایە دەسـت بەرزكـاتەوە؟ (٨٥) كەس لەگەڵدایە، زۆر سـوپاس، بە زۆریـنەی دەنـگ كـۆی مـاددەكە پەسـەندكرا، پیرۆزبـایی لە خۆمـان و لە گەلـی كوردسـتان دەكەیـن بە بـۆنەی پەسـەندكردنی یاسـای بەڕێـوەبردن و پاراسـتنی ئـاو لە هەرێمـی كوردستان_عێراق، فەرمـوون تەنهـا لیـژنەی یاسـایی بمێنێـتەوە، سـەرۆكایەتی هەر دوو لیـژنەی شارەوانی و كشتوكاڵ بگەڕێنەوە شوێنەكانی خۆتان، دەستان خۆش، دەست بە جێ بەجێكردنی بڕگەی دووەمی بەرنامەی كار دەكەین، كاك عباس فەرموو.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیازە یاسای ئەرك و مافەكانی هێزەكانی تەندروستی لە هەرێمی كوردستان_عێـراق، لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشكەشكراوە، وە ئەم پێشنیازە یاسایە لە چواردە ماددە پێكهاتووە لەگەڵ هۆیەكانی دەرچوواندن، نـاوی ئەنـدامانی پەرلەمـان و واژۆكانیـان لەسـەر ئەم پێشنیازە یاسایە كردووە ئەمانەن (د.صباح زێباری، شایان كاكە صالح، شنۆ اشقی سـورچی، زانـا مەلا خالد، رۆژان ابراهیم، د. گەلاوێژ عبید عثمان ، بختیار شـوكری سـلیمان، لقمـان وردی، مسـلم عبداللە رسول، جلال محمد امین، نجاة شعبان، خدیجە عمر مزوری، گلیزار رشـید سـندی، جیهـاد حسن ابراهیم، بژار كۆچر، عباس فتاح)، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، داوا لە بەڕێزتان دەكەیـن ئەم پێشنیازە یاسایە ئاڕاستەی لیژنە تایبەتمەندەكان بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەو پێشنیازە یاسـایە ئاڕاسـتەی لیـژنەی تەندروسـتی و لیـژنەی یاسـایی و سـەرجەم ئەنـدامانی پەرلەمان دەكرێت، فەرموو كاك جلال.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پـڕۆژە یاسـای وەزارەتـی شـارەوانی و گەشـت و گـوزار لە هەرێمـی كوردسـتان_عێـراق، لەلایەن ئەنجـوومەنی وەزیـرانەوە پێشكەشـكراوە ئەم پـڕۆژە یاسـایە لە (١٢) مـاددە پێكهـاتووە لەگەڵ هۆیەكـانی دەرچووانــدن، داوا لە بەڕێزتــان دەكەیــن ئەم پــڕۆژە یاســایە ئاڕاســتەی لیــژنە تایبەتمەندەكان بكەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەو پڕۆژە یاسایە ئاڕاستەی لیژنەی شارەوانی و یاسایی و سەرجەم ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان دەكرێت، فەرموون.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پڕۆژە یاسای دەستەی متمانە بەخشین بە دامەزراوەکان و پڕۆگرامەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان_عێراق، لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە پێشکەشکراوە، وە ئەم پڕۆژە یاسایە لە (١٠) ماددە پێکهاتووە لەگەڵ هۆیەکانی دەرچوواندن، داوا لە بەڕێزتان دەکەین ئەم پڕۆژە یاسایە ئاڕاستەی لیژنەکانی تایبەتمەند بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

پڕۆژە یاساکە ئاڕاستەی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا و یاسایی و سەرجەم ئەندامانی پەرلەمان دەکرێت، بەڕێزان لە لیژنەی یاسایی فەرموون بگەڕێنەوە شوێنەکانی خۆتان، ئەو بەڕێزانەی نوقتەی نیزامیان هەیە (مەم اسکندر، کاك هێڤیدار، رۆژان خان، کاك سروان، کاك نزار، کاك کاروان، کاك هاوڕێ، کاك دابان، کاك علی، شیرین امین، کاك یاسین، کاك مسلم، کاك کاوا، کاك سیپان، کاك دیاری، بدریە خان، کاك سیروان، مامۆستا عمر، ئاشنا خان، کاك مەم، هلز خان، مژدە خان، د.شیرکۆ، د.اسماعیل، مامۆستا ابوبکر، کاك بژار، مامۆستا عثمان ، گلیزار خان، کاك شاخەوان، کاك رزگار)، بەڕیزان، ئێستا ئەوە سی کەسن هەر یەکەو یەك دەقە قسە دەکەن، کاك مەم اسکندر فەرموو.

**بەڕێز مەم اسکندر مەم:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ل گۆڕێ ماددەیا دووێ ل پەیڕەوا ناڤخۆیا پەرلەمانێ کوردستانێ دئاخڤم، جەنابێ وە ئاگادارە کو دەمێکی درێژە سنوورێ هەر دوو قەزایەت زاخۆ و ئامێدی ل پەرێزگەها دهۆکێ، ژبەر وێ هەڤرکی و شەڕێ کو هیچ پەیوەندیەك خەڵکێ مە پێڤە نینە، خەڵکێ وێدەرێ قوربانی و باجا وی شەڕێ دەدەتن، مخابن ڤە بیتن دوماهیکێ ل قەزەیا ئامێدیێ ئەو شەڕ و ئالۆزی کەفتە ناڤ ماڵێت خەڵکی ڤە، بەردەوام خەڵکێ مە باجا هەڤڕەکیەکی دەدەتن کو هیچ پەیوەندی پێڤە نەبیت، ل دوماهیش قوربانییێت ئەوی شەڕێ نا تەندروست دوو زاڕۆکێن دەڤەرا نێرەویی بۆ مەبەستا بەسەر برنا گەشتەکێ خێزانی ل سرووشتا جوانێت کوردستانێ گیان و خوینا وان دگەل تۆزێ و ئاخێ بوون، ژەبەر هەندێ ئەم ڤێ روینشتنا پەرلەمانێ کوردستانێ ب دەرفەت دبینن کو جارەکا دی تر سەرساغیا خۆ ئاڕاستەی ماڵباتا کەس و کارێت وان بکەین و هەموو ئەو کەسێت بوونە قوربانی هەڤڕێکی کو هیچ پەیوەندی پێڤە نینە، وە ل هەمان دەمدا ژی داخازێ هەم ل لشکرێت ترکیا و هەم ژی ژ چەکدارێت (پکك) دکەین کو بۆ جارێکێ ب تنێش بیت جوامێرییێن خۆ ل هەمبەر خەڵکا هەرێما کوردستانێ و دەمودەزگایەت هەرێما کوردستانێ نیشان بدەن بۆ ئەوەی چیدیکە خەڵکێ مە نەبیتە قوربانی شەڕەکی کو هیچ پەیوەندی پێڤە نەبیتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

هلز خان فەرموو.

**بەڕێز هلز احمد محمد:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ئەم هەمی شاهدی ڤی دوماهیکێ ئەڤێ تۆز بارینێ و خۆل بارینێ بین یا هەمی ئەگەرێت وێ زانستی بزڤرینن بۆ گرنگی نەدانا ل بوارێ ژینگەهێ و گۆڕینا کەش و هەوا، ل دیف راپۆرتا رێکخراوا (UN) و فاو ل سالا (٢٠٤٠)ێ هۆستا پێش بینی دکەن کو دوو سەد و شەست و پێنج هەتا دوو سەد و شەست و شەش رۆژا سێ سالێ رۆژێت خۆل بارینێ بن ڤی شکلی، ئەگەر بەردەوام بیتن تەبیعی مرۆڤایەتی ل بەر هەڕەشێت مەزن دایە، ل هەرێما کوردستانێ ژی یاسایا پاراستن و چاك کرنا ژینگەهێ مە هەی مخابن وەك پێویست گرنگی پێ نایەتە دانێ و جێ بەجێ نابیتن، ئەڤی گۆڕانا کەش و هەوای و کەم بارینا بارانا و ب شکلەکی گاریگەریا خۆ هەبی ل سەر جوتیاران، ب تایبەتی ژی ل دەشتا سلێڤانەیا کو ب شێوەیەکی کاریگەریا خۆ هەبیە و بەروبووما وان ژی ناڤ چوویە، زۆر سوپاس.
**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**
کاك سروان فەرموو.
**بەڕێز سروان محمد علی:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ئەگەر دەرفەت بدەن دەقەیەك چ بڵێم ئێستا، چەند خاڵێك هەیە باسی بکەم ئەگەر باسی نەکەم شەرمەزاری ئەو کەسانە دەبین کە دەنگیان پێمانداوە لێرەین، ئەگەر باسیشی بکەم لە دەقەیەك کۆتایی پێ نایەت، هیچ ناڵێم........
**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**
کاك کاروان فەرموو.
**بەڕێز کاروان عبدالرحمن (کاوران گەزنەیی):**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
بەڕێزان، کۆمەڵێك حاڵەت هەیە لە هەرێمی کوردستان خەریکە لە حاڵەتەوە دەبێتە دیاردە سەرباری خراپی دۆخی دارایی و مووچەخۆران و نەگەیاندنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان بە هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی باش، هەندەك حاڵەتی مەترسیدار هەیە کە دەبێتە دیاردە ئێستا لە هەرێمی کوردستان کە ئەویش دەستخستنە ناو کاروباری هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستانە بە شێوەیەکی گشتی، بەداخەوە، وای لێهاتووە ئێستا لە هەرێمی کوردستان یان ئەوەتا سەرانە بدرێت بە بەرپرسێك یان بە لایەنێك یان شەخصێك بۆ ئەوەی کە رێگە بدەن بازرگانیەکی بچووك کار بکات و کارەکانی خۆی بکات، سەرباری ئەمانە شێوازی سەپاندنی باج بە جۆرێکە کە ناعەدالیەتێکی یەك جار گەورەی تێدایە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، یەکێك لە خاوەن کارەکان بە گوێرەی بەدواداچوونی من کە ئۆتێلێکی چوار ئەستێرەیە کە ئەمە راستە لە رووی بزنسە مام ناوەندەکان لە هەرێمی کوردستان بە تەخمینی خۆیان پێیان گوتووە کە سەد ملیۆن دینار کارت کردووە ئەمە کە بەڵگەکەیەتی کە لەلای منە، وە لە کاتێکدا داوای سێ ملیۆن دیناریان لێکردووە مانگانە وەکو باج، بۆیە من داوا دەکەم کە ئەم بابەتەم بە یاداشتیش

ئاراستەی لیژنەی دارایی کردووە بکرێتە کاری جدی پەرلەمانی کوردستان، بۆ ئەوەی کە ڕێکخستنی باج بە شێوەیەکی گشتی تەنزیم بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك هاوڕێ فەرموو.

**بەڕێز هاوڕێ بناء محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی ماددەی (٥٦) لە سەر سەیتەر و بازگەکان بە خێرایی چەند خاڵێك دەخەمە ڕوو، بەڕاستی لەسەردەمی ڕژێمی پێشوو تەنها لە کوردستان لە نێو شار و شارۆچکەکانی جۆرەها بازگە هەبوو بە بیانووی شەڕی پێشمەرگە، بەڵام شارەکانی باشووری عێراق بە دەگمەن بازگەی هەبوو، لە کاتێکدا عێراق لە جەنگ دا بوو، ئێستا تەنها لە نێوان شاری سلێمانی بۆ هەولێر نریکەی دە بازگە هەیە، بە داخەوە................

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

ماوەیەك ڕاوەستە با کاك دابان قسە بکات، وەرە لای هەژان خانەوە، کاك دابان فەرموو.

**بەڕێز دابان محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی ماددەی (٥٦) بڕگەی یەك قسە دەکەم، ئێمە لە هەرێمی کوردستان یاسای ژمارە (١٣٠)ی ساڵی (١٩٦٣)مان هەیە کە بەرکارە لە هەرێمی کوردستان، بەڵام ئەنجوومەنی وەزیران وەزارەتی شارەوانی تەجاوزی ئەم یاسایەنەیان کردووە، کۆکردنەوەی رسوماتیان لە هەرێمی کوردستاندا دراوەتە چەند کۆمپانیەك لە (٣/٢٨) قەراری مەحکەمە دەرچووە کە وەرگرتنی پارەی رسومات لە هاووڵاتیان نا یاساییە، ئێستا کۆمپانیاکان کەوتوونەتە داوای پێنج ملیار و شەش ملیار و دە ملیار داوا لە وەزارەتی شارەوانی دەکەن وەکو قەرەبوو وەری بگرنەوە، لە بنەڕەتدا گرێبەستەکانیان باتڵە، ئێستا کە قەراری مەحکەمە هەیە بۆ ئەوەی کە ئەم کۆمپانیایانە نا یاسایین، بەڵام دوێنێ و پێرێ لە شارەوانیەکاندا شوێنیان بۆ کردوونەتەوە پارەیان لە کرێکار و خاوەن کار وەرگرتووە، داوا لە بەڕێزت دەکەم ئەم پرسە هەڵوێستەیەکی جدی لەسەر بکەین، وە لیژنەی شارەوانی بەڕێز رابسپێری بۆ ئەوەی موتابەعەی جێ بەجێکردنی ئەم بڕیارەی مەحکەمە بکەی، هەم بۆ ئەم خۆڵ و خاشاکە و هەم بۆ رسوماتی تابلۆ و هەم پارەی ئاو کە دراوە بە کۆمپانیا، بەپێی قانون ئەمە نا یاساییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

یاداشت ئاڕاستەی سەرۆکایەتی بکەن ئێمەش ئاڕاستەی لیژنەی موختەصی دەکەین، کاك علی فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەم ماوەیە کە پەرلەمان کاری نەکردووە چەند یاداشتێکمان پێشکەش پەرلەمان کردووە لە گرنگترین ئەو یاداشتانە کە دۆخێکی نا هەموار لە کوردستاندایە، بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی لە بارەی کۆمپانیای نەوتی باکور و سۆمۆ، لەم پرسەدا کە پەیوەندی بە حکومەتی هەرێمی

کوردستان و حوکمڕانی هەیە لە هەرێمی کوردستاندا ناکرێت ئەم پەرلەمانە هیچ قسەیەکی تێدا نەبێت، بۆیە دەبێت لایەنی مەعنی لە حکومەت بێت، دوو ئیدارەیی زۆر زەق بۆتەوە لە کوردستان، دوو مانگی ئایندە بە هۆی دروست بوونی کێشەی ئاو و خاشاك دیسانەوە ئەم پرسە لە سلێمانی زەق دەبێتەوە، چەند جارێك داوامان کردووە دیسانەوە داوا دەکەینەوە پەرلەمانی کوردستان لەسەر ئەم پرسە هەڵوەستە بکات، گەورەترین مەترسی لەبەردەم خەڵکی کوردستاندایە لە رووی ژیان ئاوە ئەم هاوینە، ئاو دەبێت، بیر لە هەولێر گەیشتۆتە حەوت سەد و پەنجا مەتر، نیوەی خەڵك بێ ئاو دەبێت، بۆیە داوا دەکەم لەم پرسانە ئەم پەرلەمانە هەوڵبدات ئەو مەترسیە نەهێڵێ بەوەی کە نرخی سووتەمەنی گران بێت، دەرمان، بەنزین، وە مەترسی لەسەر مووچەش دروست بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کاوە فەرموو.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە کۆبوونەوەی سەرۆکی فراکسیۆنەکان و سەرۆکایەتی پەرلەمان رێککەوتن لەسەر ئەوەی کە بانگهێشتی وەزیرە پەیوەندیدارەکان بکرێن، وەکو دەزانن سی و چوار یاداشت پێشکەشکراوە کە زۆرینەی پەیوەندی بە وەزیرەکانەوە هەیە، بە حکومەتەوە هەیە، بەڵام بەداخەوە دەبینین تەنها یەك وەزیر ئامادەبووە لە ئێستادە بێتە پەرلەمانی کوردستان، حەز دەکەین بەڕاستی رووونکردنەوەمان پێ بدەن، چونکە بڕیاربوو هەر وەزیرێك کە نەیەتە پەرلەمان ناوی ئاشکرا بکرێت و بۆ رای گشتی رابگەیەنرێت کە ئەم وەزیرە ئامادە نیە بێت بۆ پەرلەمانی کوردستان، ئەم وەزیرانە کە پەیوەندیان بە بوودجە و مووچە و کێشەی خەڵکەوە هەیە بۆ نایەنە پەرلەمانی کوردستان بۆ ئەوەی رووونکردنەوە بدەن، لە مانگی رابردوو لە عێراق داهاتی نەوت یازدە ملیار و چوار سەد و سی و شەش ملیۆن دۆلار بووە، زەحمەت نەبێت ئێوە بەشی زۆرتان دەزانن پێمان بڵێین داهاتی هەرێمی کوردستان، داهاتی نەوت چەندە، کێ دەزانێت، ئێوە زۆربەتان لە دەسەڵاتن، زۆرینەی پەرلەمان لە دەسەڵاتە، داهاتی ناوخۆ مانگی رابردوو سەرۆکایەتی حکومەت رێکەوتووە کە بە داهاتی نەوت و داهاتی دوو سەد ملیارەکە مووچەکە بدات، ئەی داهاتی ناوخۆ چی لێهات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە سی و چوار یاداشتەی ئەندامانی پەرلەمان ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانیان کردووە، خۆشبەختانە دوای هاوئاهنگیکردنمان لەگەڵ سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، وە دوێنێش بە پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سوپاسەوە بەڵێنیان پێدان کە حەفتانە ئێمە ئەو بەرنامەی کارەی دادەنێین بەپێی هەر وەزیرێك کە خۆی دەرفەتی حازربوونی لەو حەفتەیە هەیە وەزیرەکان دێنە پەرلەمانی کوردستان، وە ئەو سی و چوار یاداشتەی کە بەڕێزتان داوتانە کۆی کێشەکانی هەرێمی کوردستانە، حەفتانە بتوانین یەکێك یان دوان بخەینە بەرنامەی کار، من

دڵنيام دەتوانين زۆرترينيان قەسەيان لەسەر بكەين، وە را و بۆچوونيان لە بارەوە بڵێين، كاك مسلم فەرموو.

**بەڕێز مسلم عبدالله رسول:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی نوقتە نيزاميەكەی من هەر سەبارەت بە روونكردنەوەكەی بەڕێزت بوو كە لەسەر دابەشكردنی مووچە، ئێمە لە مانگی رابردوودا دوو ياداشتمان پێشكەشكراوە سەبارەت بە وادەی دابەشكردنی مووچە كە نزيكەی بيست و پێنج رۆژە دەخايەنێت، بۆيە بەڕاستی داوا لە بەڕێزتان دەكەم كە ئەمەش بخرێتە بەرنامەی كار و بەڕێز وەزيری دارايی بێت روونكردنەوەمان پێ بدات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن / سەرۆكی پەرلەمان:**

د.شێركۆ فەرموو.

**بەڕێز د.شێركۆ جودت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە هەڵبژاردن و سازان بێگومان دواخستنی هەڵبژاردن بەم شێوەيە كە ديارە موفتەعەلە و دەبێت چارەسەر بكرێت، چونكە سازان نابێت يەكسان بێت بەوەی كە هيچ ئيجرائاتێك نەكرێت و هيچ هەنگاوێك نەدرێت بۆ سازان، ئێستا ئەوەی كە راگەيەندراوە ئەوەيە كە هەمووان رێكن لەسەر ئەوەی كە هەڵبژاردن لە كاتی خۆيدا بكرێت، وە رێككەوتنيش ئەنجام بدرێت، بۆيە هيچ بيانوويەك نەماوە بۆ ئەوەی كە سازان بێتە دی، تكا دەكەين كە پەرلەمانی كوردستان هەڵسێت بە ئەركی خۆی بۆ گەيشتن بە سازان و هەڵبژاردن لە كاتی خۆيدا بكرێت، بەڕێزان، وەزيری سامانە سرووشتيەكان ئێمە داوامانكردبوو بۆ ئەو پرساندن، ئێستا دەستی لە كار كێشاوەتەوە، ناكرێت بەرپرسێكی باڵا لە حكومەت پەرلەمان بانگی بكات بۆ پرساندن بچێت لەولاوە دەست لە كار بكێشێتەوە، كە هۆكارەكەشی لە پەرلەمان مەعلوم نيە، بۆيە پێويستە.............

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن / سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك مەم برهان فەرموو.

**بەڕێز مەم برهان محەمەد قانع:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من بەپێی ماددەی (١٨، ٥١، ٥٦، ٤٣) بە خێرايی قسە دەكەم، با لە ماددەی (٤٣)ەوە دەست پێ بكەين، داوا دەكەم لە بەڕێزتان لێرە لە ناو جەلسەدا ليژنەی شارەوانی و گەشت و گوزار راسپێردرێت بۆ ئەوەی كە لەسەر ئەم خاڵانە، يەكەميان: بەشێكی زۆری زەوی هەن رەگەزەكانيان لە بازرگانيەوە كراوە بە نيشتەجێكردن، لە نيشتەجێكردن كراوە بە بازرگانی، لە كشتوكاڵيەوە كراوە بە بازرگانی، ئەو ليژنەيە راسپێردرێت بۆ ئەم مەسەلەيە، دووەميان: هەمان ليژنە راسپێردرێت بۆ ئەوەی كە بەشێكی زۆری هەن شاخن يان گردن داگيركراون بە شێوەی جيا جيا ئەو كێشەيەش لە رێی ليژنەی ناوخۆ كراوە و راپۆرتێك ئامادە بكەن پەرلەمان بۆ ئەوەی قسە لەسەر ئەم پرسەيەش بكرێت، خاڵێكی تر مەسەلەی ماددەی (٥٦) هەر كاتێك پەرلەمانتار

ویستی قسە بکات و پێویستە دەکات ئەو ماددەیە وەکو خۆی جێ بەجێ بکرێت لە پەرلەمان، بەداخەوە بەشێکی زۆری ئەوەی لە ناو پەیڕەو هاتووە وەکو پێویست جێ بەجێ ناکرێت لە دەسەڵاتی ماددەی (١٨، ٥١) تاوەکو دوایی کە پەیوەندی بە دانیشتنەکانەوە هەیە، وە جەختیش دەکەمەوە لەسەر ئەو دانیشتنانە ئەگەر ڕێگە بدەن بە لە چەند چرکەیەدا، ئەوانەی پەیوەندیدارە بە حکومەت و بە ئیجباری حکومەت نوێنەرانی بێت بۆ قسە لەسەر کێشەکان بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دیاری فەرموو.

**بەڕێز دیاری انور حمه رحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەر مەبنای ماددەکانی (١٦، ١٧، ١٨) بڕگەی دووەم لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، بەداخەوە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان چەند جارێك پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستانیان پێشێلکردووە، پەیڕەویان پێشێلکردووە، دەپرسم بەر مەبنای چ شتێك ئەم دەسەڵاتەتان وەرگرتووە کە یاسا پێشێڵ بکەن، وە لە کوێ هەبووە کە بۆ نموونە یاسا داڕێژەر خۆی یاسا پێشێڵ بکات، ئەگەر خۆمان یاسا پێشێڵ بکەین ئەی خەڵك چۆن جێ بەجێی دەکات ئەمە خاڵی یەکەم، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، خاڵی دووەم: دەیان بابەتی گرنگ هەیە کە پەیوەندیان بە ژیانی خەڵکەوە هەیە لەسەر پرسی بوودجە، مووچە، تۆپبارانی سوپای تورکیا، پرسی غاز و نەوت و هەموو ئەمانە، بۆچی ئەمانە لەبەرنامەی کاردا نین بۆ دوای سێ مانگ لە پەکخستنی دانیشتنەکانی پەرلەمانی کوردستان، ئەم بابەتە گرنگانەی کە پەیوەندیان بە ژیانی خەڵکەوە هەیە پەرلەمان قسەیان لەسەر بکرێت، پرسی هەڵبژاردن ئەگەر ئەرکی پەرلەمانی کوردستان کە بەپێی یاسا ئەرکی ئێمەیە بۆ پەرلەمانی کوردستان ئەم بابەتە ناخاتە بەرنامەی کارەوە کاری لەسەر ناکات، ئەگەر بابەتەکە سازانە بۆ زەخت لەلایەنە سیاسیەکان ناکات کە سازان بکەن لە کاتێکی دیاریکراو کاتی هەڵبژاردن دیاری بکرێت، ئەگەر نا بە روونی بڵێین ئێمە دەسەڵاتمان نیە، وە ئێمە بووینەتە هۆکاری ئیفلیجکردنی ئەم پەرلەمانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك هێڤیدار فەرموو.

**بەڕێز هێڤیدار احمد سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داوا لە بەڕێزتان دەکەم لیژنەی سامانە سرووشتییەکان راسپێرن لە کتوپڕ لە پارێزگای دهۆك لیترێکی بەنزین دوو سەد دیناری چۆتە سەر، یەعنی لە شەو و رۆژێك لە خەو هەڵسای دەڵێن بەنزین گران بووە، بۆ؟ پێمانخۆشە بەدواداچوون لەسەر ئەو قەزیەیە بکرێت، پارەیەکی یەکجار زۆرە دوو سەد دینار بۆ یەك لیتر، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەوە دەبێتە چوار ساڵ ئێمە لە پەرلەمانین بۆ یاسای وەبەرهێنان نەهاتۆتە پەرلەمانی کوردستان تا هەموار بکرێت، پارە لە خەڵکی فەقیر وەردەگیرێت و بەپێی یاسای وەبەرهێنان خەڵکێکی یەکجار زۆر دەوڵەمەند بوون یەك دیناریش نە زەریبە دەدات، نە گومرگ دەدات، بۆ ماوەی دە ساڵ ئەم یاسایە هەر بەردەوام

دەبێت، گوتمان ئەو خولەی پەرلەمانی کوردستان دەبێت عەدالەت هەبێت، چاکسازی بکرێت، ئەی خێرە لە پارەی پڕۆژەکانی وەبەرهێنان چاکسازی تێدا نەکرا و هەر پڕۆژە دەکرێت و هەر ئەوان زەریبە نادەن، خەڵکی فەقیریش دەبێت هەموو جار هەموو رۆژێك باج و گومرگ بدات، داوا دەکەین وەزیری کشتوکاڵ مێوانداری بکرێت لە ئەولەویەتی کاری پەرلەمان بێت بابەتی ئەمنی غذائی خۆراك بابەتێکی مەترسیداری هەموو جیهانە ئێمە لە هەرێمی کوردستان لە کوێین، پێمانخۆشبوو ئەم بابەتە لە پەرلەمانی کوردستان باس بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ریَواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

گلیزار خان فەرموو.

**بەڕێز گلیزار رشید حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیاردەی بە بیابانبوون مەترسیەکا مەزنە ل پاشەڕۆژەکا نێزیك، چونکە ل دەڤەرا مە گۆڕینێ سەقایێ مەزن دەرباز بیت، راپۆرتێن نێڤدەوڵەتی و لۆکالی ژی ئاماژە ب ڤێ چەندێ دایە، لەو را مە ب باش دزانین کو وەزیرا کشتوکالێ و دەستەیا ژینگەهێ ل پەرلەمانی بەرهەڤ بیت داکو بزانین پلانا وان یا داهاتی ل پەرلەمانی بێژن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ریَواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

شیرین امین فەرموو.

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاماژە بە ماددەی (١٦، ١٨) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان پرسیارێکم لە بەڕێزتان هەیە، ئایا دەکرێت سەرۆکی پەرلەمان لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان یاخود هەر برگە و ماددەیەکی یاسایی بەرکاردا بتوانێت لە پێناو بەرژەوەندی ئەحزابی سیاسی یاخود هەر بارێکی دیکە پەرلەمان پەك بخات، دەکرێت لایەنێکی تر پەك بخرێت، بەڵام ناکرێت پەرلەمانی کوردستان لە پێناو هیچ بەرژەوەندیەکی شەخصی و تایبەتی و حیزبی و حکومی پەك بخرێت، بۆیە بە دیاریکراوی پرسیارم لە بەڕێزتان هەیە چۆن لە وەرزێکی یاسادانانداا سێ مانگی تایبەتی وەرزی یاسادانان پەرلەمان پەك دەخرێت و کاروباری خەڵك و پرسی گشتی ناتوانێت کاری لەسەر بکرێت، وە هاوکات بەڕێزتان تەمەنای ئەوەتان دەکرد کە لە پەرلەمانی سوید بوونایە، ئایا بە هەمان نەفەس و بە هەمان ریتمی ئێستا لە پەرلەمانی سویدیشدا کارتان دەکرد، ئایا ئەگەر سوید بەم نەفەسەی ئێستا کە بەردەوامە رێگەی بە ئێوە دەدا نوێنەرایەتی خەڵك بکەن لە جیهەتێکی باڵای یاساداناندا ئێوە بتوانن بەردەوام بن، بۆیە لەسەر ئەم پرسە روونکردنەوەمان دەوێت، چونکە لەم خولەی پەرلەمانی کوردستانە بەداخەوە ئەمە چەندین جارە ئەم پرسە تکرار دەبێتەوە کە پەرلەمانی کوردستان پەك دەخرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ریَواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك هاورێ فەرموو.

**بەڕێز هاوڕێ بناء محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن لە سـاڵی پێشـوودا یاداشـتێکم لەسـەر بازگەکـان هەبـووە، ئێسـتا هەوڵـدەدەم بە خێرایـی بخوێنمەوە بۆ ئەوەی ئێمە هەمووومان لە پەرلەمان و لە فراکسیۆنەکان بتـوانین کـار لەسـەر ئەوە بکەین، لە چەند ڕۆژی پێشوو بەڕێز جێگری سـەرۆکی حکـومەت دیسـان ئەو بەڵێـنەی دابـوو بـۆ ئەوەی کـۆ دەنگی بتـوانین، لە سـەردەمی ڕژێمـی پێشـوو تەنهـا لە کوردسـتان لە نێـوان شـار و شارۆچکەکان جۆرەها بازگە هەبوو بە بیانووی شـەڕی پێشـمەرگە، بەڵام لە شـارەکانی باشـووری عێراق بە دەگمەن بازگە هەبوو، لە کاتێکدا عێراق لە جەنگدا بوو، ئێستا تەنهـا لە نێـوان سـلێمانی بۆ هەولێر نزیکەی دە بازگە هەیە، بەداخەوە سیمای بـازگە سیمای جەنـگە زۆر کـۆنە، ئەگەر زۆر دوور نەکەوینەوە تەنها وڵاتانی دراوسێ بە نموونە وەربگرین دەبینین لە سـنوور بـازگەیەك نـیە، پاشان ئەم بازگانەی ئێرە هیچ جەوایەکی ئەمنی نیە، بە نمـوونە تـاوەکو ئێسـتا نەبیسـتراوە دوو تەنـکەر نەوتـی قاچـاخ، دوو تاوانکـار، دوو تیرۆرسـت، دوو ڕێگـر و دوو پیـاو کـوژ لەو بازگـانە دەستگیر کرابێت، ئەوەی لە چالاکیە ئەمنیەکان گیراوە هێزەکانی ئاسایش و پۆلیس و دژە تیرۆر بە ڕێگای خۆیان تاونباریان گرتووە، زۆر بەداخەوە بەشێك لە کارمەندانی ئەو بازگانە هۆکـارێکن بـۆ ئیسـتیفزاز و ئیسـتیغلالی ئەو هاووڵاتیـانەی دڵنیـان لە خۆیـان لەو بازگـانە گـوزەر دەکەن، بە تایبەت ژنان و کچان، ئەمە جگەلەوەی کە لە ڕووی ئابووری توانـای دەبێـت کە لەسـەر حکـومەت زۆر ناکەوێت ڕێگای مۆدێرن بۆ پاراستنی.........................

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بدریە خان فەرموو.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نزیـك لە سـاڵێکە چەنـد پـڕۆژە یاسـایەك لە ئەنجـوومەنی وەزیـرانە، بـۆیە داوا لە سـەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەن جەخت بکەنەوە داوا بکەن ئەو پڕۆژانە بێنە پەرلەمان، لەوانە پڕۆژە یاسای کار، پـڕۆژە یاسـای خانەنشـین و دەسـتەبەری کـۆمەڵایەتی، پـڕۆژە یاسـای ڕێکخسـتن و کـاری سەندیکاکان، کە نزیك بە ساڵێکە لەلای حکومەتە ئومێد دەکەیـن جەنابتـان جەخـت بـکەنەوە کە بێنە پەرلەمان و بکرێن بە یاسا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سیروان فەرموو.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن بەپێـی مـاددەی (٦٠) قسـە دەکەم کە دەبێـت ئەو لایەنەی پرسـیاری ئاڕاسـتەکراوە لەلایەن پەرلەمانتـاری بەڕێـزەوە لە مـاوەی حەوت ڕۆژدا وەڵام بـداتەوە، تەبـعەن جەنابتـان و زۆربەمـان دەزانـین کە بـۆ حەوت ڕۆژ دانـراوە، لەبەر ئەوەی هۆکـارەکە ئەگەر نەمـا پرسـیارەکە جەدوای نامێنێـت، مـن بـۆ خـۆم هاوڕێیانیشـم زۆر زۆرتـرین پرسـیارم ئاڕاسـتەی بەڕێزتـان کـردووە بە سوپاسەوە بۆمان هاتۆتەوە کە ناردوتانە، بەڵام حکـومەت وەڵام نـاداتەوە، بـۆ نمـوونە لە ڕێـگەی

عەربەت گەنجینەکانی سلێمانی چەند ساڵە من پرسیارم ئاڕاستە کردوون چەندەها دۆنم بە سەدان ملیۆن دۆلار تەوزیعکراوە، وەڵام نەدراوەتەوە، مەسڵەحەی سلێمانی وا داگیرکرا، هەموو ئەرز و شوێنەکان کە بستێك نامێنێت بۆ نەوەی دوا ڕۆژمان هەر منداڵەکانی ئێوە پێی بخەنە سەر هەتا ئێمە پرسیارەکە دەکەین و دەڕوات و سی ڕۆژ وەڵام نادرێتەوە ئەو جێ بەجێ دەکات و باڵەخانەی لەسەر دروستکراوە، لەبەر ئەوە جێ بەجێکردنی ئەم ئەرکەی ئێمە دەکەوێتە سەر شانی حکومەت و بەدواداچوونەکانی ئێمە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سیپان فەرمووو.

**بەڕێز سیپان سالم حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

گەلەك پەرلەمانتاران ئاماژە ب بابەتێن گرێدای ژین و ژیارا هاووڵاتیان ڤە کرن، من دڤێت سەرەنجا وا و سەرجەم پەرلەمانتارا بۆ بابەتەکی پەیوەست ژ پارێزگەها دهۆکێ ئەو ژی بابەتێ کەمیا سووتەمەنیێت پارێزگەها دهۆکێ بوویە دیاردەیەکا بەرچاڤ ل وی پارێزگەهێ، ئەو پارێزگەها کو ڕۆژانە پێتڤی ب ملیۆنەك و دوو سەد هەزار لیتران دنوکەدا ب تنێ دوو سەد و شازدە هەزار لیترێن پانزینێ ژ دهێنە دابین کرن، ئەڤە ژی هۆکارەکە سەرەکیە بۆ یەکێ بەردەوام خەڵك ل سەرەیا بەنزین دابی ژ بۆ وەرگرتنا سەرەیا سووتەمەنیێ و بەردەوام خەڵك د نالەبارێ دابیت، لەو را دبیتە هۆکار وی چەندێ ژی کو بەهایێ سووتەمەنیێ ل ڤی پارێزگەهێ ل ئاست پارێزگەهێن دی ڕۆژ بە ڕۆژ بڵند تر دبیت، پرسەکا دی کو یا پێویست ب پارێزگەها دهۆکێ کەمیا بەشە دابین کرنا کارەبەیا نیشتیمانی ل ڤی پارێزگەهێ، ئەڤە ژی دبیتە هۆکار ل وی چەندی کو کرێیا مۆلیدە مەهانە ل پارێزگەها دهۆکێ ل چاو پارێزگەهێن دی مەهێ ژ بۆ مەهێ بڵند تر دبیت کو ل ڤێ مەهێدا بەهایێ یەك ئەمپێرا مۆلیدە یازدە هەزار دینارە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك نزار فەرمووو.

**بەڕێز نزار ملا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماوەیەك لەمەوبەر لە حکومەتی ناوەند بڕیارێك درا سەبارەت بە سەرەفکردنی سلفەیەکی سەد و پەنجا ملیۆن دیناری بۆ هاووڵاتیانی عێراق دەرکرا، وە لە لایەکی تریشەوە لە بانکی مەرکەزی بڕیاری سەد هەزار دیناری عێراقی مانگانە وەکو موناسەبات بێت یان وەکو هاوکاری بێت بۆ کەم دەرامەتەکان دەرکرا، ئایا بە رای بەڕێزتان ئەمە پێشێلکردنی ماددەی چواردەی دەستووری عێراقی نیە کەوا باس لە دادپەروەری و یەکسانی هاووڵاتیانی عێراق دەکات ئەمە لەلایەك، لەلایەکی تریش خاڵێکی تر سەبارەت بەو کرێکار و هەر ناونیشانێك کە لە دەرەوەی وڵات دێنە هەرێمی کوردستان، ئەم کرێکارانە کە لە هەرێمی کوردستان کار دەکەن یەك دینار، یەك فلس زەریبە نادەن بە حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەوانەی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستانن ئەگەر کار بکەن زەریبە دەدەن، ئایا ئەم کرێکارە بیانیانە زەریبەیان ناچێتە سەر ئەم پارەیە لە هەرێم دەبەنە دەرەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك یاسین فەرموو.

**بەڕێز یاسین خضر طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چ ماوە باجی لێ نەسێندرێت لەم وڵاتە، گولەبەڕۆژە فرۆش، شیر فرۆش، تەنانەت دەرمانی نەخۆشیش باجی لەسەرە، ئیستا هیچ نەماوە، باجی لێ دەسێندرێت یەعنی ئەو هەموو پارەیەی هەیە لە کوردستان..... خانەوادەی شەهیدان و پێشمەرگە و خانەنشین ئەو هەموو پارەیەی کە هەیە لە کوردستان خانەنشین بمرێت، یەعنی شتی وا هەیە لە هەموو دنیادا، چ ماوە باجی لەسەر دانەنێن، یەعنی من سەرم سوڕماوە لەو چەند ساڵە سەرۆکی پەرلەمانی بودجەی حکومەتی هەرێم چەندە، چۆن سەرف دەکرێت، یەعنی بەڕاستی هیچ نەماوە باجی لەسەر دانەنێن، یەك نموونەی زیندوت پێ بڵێم.................

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك رزگار فەرموو.

**بەڕێز رزگار محمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بەپێی ماددەی دوو قسە دەکەم، پەرلەمانی کوردستان گەورەترین دەزگای یاسادانان و چاودێریکردن و مەرجەعی سیاسی و یاساییە لە هەرێمی کوردستان، بەڵام من لەم ڕۆژانە سەردانی دامودەزگاکانی ئیدارەی گەرمیانمکرد بەداخەوە لە سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەم پەرلەمانە بەڕێزە نووسراوێکی ئاڕاستەی ئیدارەی گەرمیانکردووە، وە دەڵێت پەرلەمانتار یەکەمجار کە سەرەدانی فەرمانگەکان بکات دەبێت بێت پرسی ئێمە بکات، بەڕاستی ناکرێت پەرلەمان بێ ڕۆڵ بکرێت، وە پەرلەمان بچووك بکرێتەوە، ئەگەر شتی وا هەبێت بەڕاستی گلەییمان لە سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکایەتی پەرلەمان هەیە، نووسراوەکەیان پێم نەدا، بەڵام من سەرەدانی فەرمانگەی تاپۆمکرد گوتی لەلایەن سەرپەرشتیاری گەرمیانەوە پێمان گووتراوە دەبێت سەرەدانمان بکەن و نووسراومان لە پەرلەمانەوە بۆ هاتووە، بەڕاستی ئەگەر شتی وا هەبێت ئەمە لە کوێی پەیڕەودا وا هاتووە کە پەرلەمانتار پلەکەی پوینتێك لە وەزیر باڵاترە بچێت پرسی بریکاری وەزیرێك بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە نووسراوی وامان نەکردووە، وە ئەگەر ئەو نووسراوەتان لایە بۆمان بێنن، ئەوە کاك دکتۆر هێمن نەیکردووە و منیش نەمکردووە، یەعنی لە پەرلەمانەوە نووسراوی بەو شێوەیە نەکراوە، مامۆستا عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە بیست و چوار ئەندامی پەرلەمان پاڵپشت بە ماددەی حەفتا و هەشت پێشنیازە بڕیارێکمان پێشکەش بە ئێوەی بەڕێز کرد کە ژمارەیەك ماددەی گرنگ سەبارەت بە داهات و خەرجیەکان تێدایە، یەکێکیان دەست پێکردنەوەی پلە بەرزکردنەوەی فەرمانبەرانە کە مافێکی یاسایی فەرمانبەران و مامۆستایانە، ئێوەی بەڕێز لە بیست و نۆی یازدە وەڵامتان داینەوە کە لیژنەی یاسایی قەناعەتیان وایە کەڵێنی یاسایی نیە، بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ بڕگەی دووەم لە ماددەی هەشت ئەگەر ئێمە بە وەڵامەکە رازی نەبووین دەینێرین بۆ بەڕێزتان ئێوە لەم هۆڵە دەیخەنە بەرنامەی کارەوە و لێرە یەکلایی دەکرێتەوە، ئێمە پێنج مانگە چاوەڕێی ئەوەین کە ئەم پێشنیازە بڕیارە بهێننە ناو هۆڵی پەرلەمان لێرە کێ لەگەڵ ئەوەیە کە ئەم مافە یاساییە بۆ مووچە خۆران و بۆ مامۆستایان بۆ خانەنشینان داهاتەکانی ناوخۆ بگەڕێتەوە با دیار بێت، من دڵنیام لێرە لەم هۆڵە ئەو راستیانە دەردەکەون کە کێ دەیەوێت ئەم وڵاتە بچێتەوە سەر سیستەم، حکومەت یاساکان جێ بەجێ بکات، بەرژەوەندی گشتی تەحقیق بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

سەرچنار خان فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینم کرد ئەو هەموو پەرلەمانتارانە پرسیار ئاڕاستەی جەنابت دەکەن بە نوقتەی نیزامی، بەڵام ئامادە نی وەڵامی کەسیان بدەیتەوە، ئەگەر وابێت ئێمە بۆ پرسیاری جەنابت بکەین، من خاڵی پەیڕەوی دەکەم و داوای وەڵامیش دەکەم، پرسیارەکەم لە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانە ئێوە دوای سێ مانگ چۆن جورئەتتان کرد رێ بە خۆتان دا دانیشتنەکانی پەرلەمان پەك بخەن، چۆن پەکتان خست و چۆنیش دەستتان پێکردەوە، ئەوە بەرنامەی کاری دانیشتنەکانە چوار بڕگەیە، یەك بڕگەی لە مەسلەحەتی خەڵکە کە باسی دەرمانی بەسەرچوو دەکات، ئەوانی تر هەمووی خوێندنەوەی یەکەم و دووەم و دەنگدانە، دەبووایە ئێمە سی و چوار یاداشتمان پێشکەشکردووە دەبووایە ئێستا ئێرە هەمووی وەزیرەکان بووایە بهاتنایە، هەر چوار بڕگەی ئەم دانیشتنە دەبووایە لەو سی و چوار یاداشتە هەر جارە و سێ یان چوار یاداشت بخرایەتە بەرنامەی کارەوە، وە باسی لەو هەموو قەیران و کەم کورتیە بکردایە کە لە هەرێمی کوردستاندا کەڵەکە بووە ئەمە خاڵێك، خاڵێکی تر...............

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا عثمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان علی سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی ماددەی پەنجا و شەش بڕگەی یەکەم قسە دەکەم، ئەم زیندانیە سیاسیانەی کە مووچەکەیان بڕاوە بەپێی یاسای چاکسازی ئێستاش دەرکەوتووە کە هیچ مووچەیەکی تریان نیە، رۆژانە نیە داوا نەکەن و سەرەدان نەکەن بۆ گەڕانەوەی مووچەکانیان ئەمە یەك، جەنابت هەوڵێك بدە سوپاست دەکەین، دووەم: داوا دەکەم سەرۆکی لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئاینی روونکردنەوە بدات بۆچی پێنج سەد دۆلار نرخی هەر حاجیەك گەشت دەکات بۆ ماڵی خوا پێنج

سەد دۆلار گرانترە لە بەغدا ئەمە دوو، سێ: داوا لە جەنابت دەکەم وەزیـری کشـتوکاڵ راسـپێری بەوەی کەوا لای کەمی لێدوانێك یان بڕیارێك یان بەڵێنێکی بچووکیش بێت ئەگەر بەس پەیـن و ئەگەر بەس ماددەیەکی بەسیت بێت بۆ هەموو ئەو بـاغ و باغـاتە ناوخۆییـانەی کە وشـك بـوون تاوەکو تەعویزێکی بچووك بکرێنەوە بۆ ئەوەی ئینتیمای زیاتریان هەبێت زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

ماموستا ابوبکر فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله (ابوبکر هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سێ تێبینم هەیە، یەکەم: ئەو سی و چوار یاداشتە مـن ئیمـزای سـێ یاداشـتمکردووە لەسـەر بابەتی بەرزکردنەوەی پلەی فەرمانبەران و فەرمانبەرانی گرێبەست و بەرزبوونەوەی نا جێگیـری نرخی سووتەمەنی، بەداخەوە هیچـی جـێ بەجـێ نەکـراوە، دووەم: ئـێمە لەم پەرلەمـانە یاسـای ژمارە (٦)ی سـاڵی (٢٠١٤) یاسـای زمـانە فەرمیەکانمـان دەرکـردووە، لە مـاددەی دوانـزەدا دەڵێـت دەبێت تابلۆی ئۆتۆمبێلەکان بە زمانی کوردی بێت، پێم بڵێ ئەم زمانە ئینگلیزیە بە چ حەقێك کە پـێچەوانەی دەسـتووری عێـراقە، وە پـێچەوانەی یاسـای زمـانە فەرمیەکانیشـە، ئێسـتا یەعنـی شـارەکانی کوردسـتان ئەگەر سـەر بە هەنـدێك گەڕەکـدا دابێـت هەسـت دەکەی لە کالیفۆرنیـاین هەست ناکەین لە شارێکی کوردی بین، ئەمە بە ئەنقەست لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە ئەمە ئەنجام دەدرێـت، یەعنـی ئەم هەسـت بە نەقسـە تـا کەی کە ئـێمە زمـانی کوردیمـان هەیە، پرسـیاری سێیەمیشـم لە راسـتیدا بەڕێـوەبەرایەتی ئەوقـافی دهـۆك دەڵێـت کە پـارەی شـەش مـانگی ماموستایانی خۆبەخشی ئاینی و نا بینایان خەرج دەکرێت بەسەر یەکەوە کە چوار سـەد و چـل کەس کە دوو سەد و سی و سێ ملیۆن دینارە ئایا لە سلێمانی ساڵێکە ئەم پارە خەرج کراوە بـۆ؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

مژدە خان فەرموو.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هیوادارم وەڵاممان بدەیەوە، چونکە ئێمە نە هاتووین هەر گوێ بگرین، خەمـی خەڵکمـان پێـیە و پرسـیاری خەڵکمـان پێـیە و یاداشـتی خەڵکمـان پێـیە هیـوادارین وەڵاممـان بـدرێتەوە، بەڕێـز سەرۆکی پەرلەمان، چەند مانگە پەرلەمان داخراوە بە دەستی ئەنقەست بەبێ ئەوەی کۆبوونەوە بکرێت، دەیان جار بڕیارتاندا حەفتەی سێ رۆژ جەلسە بکرێت، بەڵام تەنـانەت رۆژێکـیش نەکـرا، تەنهـا کە پشووشـی تێـدابوو دەبـوو زۆرتـرین دانیشـتنەکان کرابـایە، یەك دانیشـتنیش نەکـراوە سەرباری ئەوە پێمان دەڵێن یەك دەقە قسە بکەن، ئەو هەموو خەمی خەڵکە یەك دەقە، کە دەیان یاداشـت دراوە بـۆ وانە بێـژ، بـۆ گرێبەسـت، بـۆ دەرچـووی یەکەم و دووەم و سـێیەمەکان، بـۆ خۆبەخشـەکان و پـاکەوان و گرانـی و بەنـزین و غـاز و نەوت و گـاز و خانەنشـین، هەروەهـا سەبارەت بە یاسای خانەنشینی هێـزە ئەمنیەکـان لە هەرێمـی کوردسـتان و پـلە بەرزکـردنەوەی فەرمانبەران..................

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عثمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان کریم سواره (عثمان سێدەری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە بەهۆی قەیرانی وشکە ساڵیەوە بەشێکی زۆر لە برا جوتیارەکانمان ڕووبەرووی زەرەرێکی زۆر گەورە بوونەوە بەهۆی بەرهەمە کشتوکاڵیەکانەوە، من داوا دەکەم لە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێی پەرلەمان کوردستان لیژنەیەک پێکبدێندرێت بۆ بەدواداچوون بۆ گشت کەرتەکان هەروەها لە بودجەی قەیرانەکان لە حکومەتی ناوەندی عێراق داوا بکرێت بودجەیەك تەرخان بکرێت بۆ قەرەبووکردنەوەی برا جوتیارەکانمان، هەروەها چارەسەرێکیش بدۆزرێتەوە بۆ کێشەی سووتەمەنی کە بەڕاستی کێشەی سووتەمەنی بۆتە کێشەیەك کە چۆتە ناو هەموو خەڵکی کوردستان و هەموو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، بۆیە ئێمە داواکارین چارەسەرێکی بە پەلە بکرێت بۆ ئەم بابەتانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شاخوان فەرموو.

**بەڕێز شاخوان ڕؤوف مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت خانەنشینی هێزەکانی ناوخۆ و ئاسایش ئێمە چەند جارێك نووسراومان ناردووە و جەختمان کردووە لەسەر ئەوەی کە پڕۆژە یاسای خانەنشینی هێزەکانی ناوخۆ و ئاسایش ڕەوانەی پەرلەمانی کوردستان بکرێت، بەڵام بەداخەوە تاوەکو ئێستا ئەو پڕۆژە یاسایەی کە لە ئەنجوومەنی وەزیران هەیە تاوەکو ئێستا ڕەوانەی پەرلەمانی کوردستان نەکراوە، ئێمە داوا دەکەین لە بەڕێزتان تەئکید بکەنەوە و جەخت بکەنەوە لەوەی کە گرنگە ئەو پڕۆژە یاسایەی خانەنشینی هێزەکانی ناوخۆ و ئاسایش ڕەوانەی پەرلەمانی کوردستان بکرێت، بابەتێکی تر ئەوەی کە پەیوەندی هەیە بە کارمەندانی هێزەکانی ناوخۆ بە هەموو بەشەکانیانەوە لە هەرێمی کوردستان، هەندێکیان بە شێوەی گرێبەست و ئەوانە دامەزراون، ئینجا داوا دەکەین لە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان لەسەر خەت بن لەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیران بۆ بە هەمیشەییکردنی کارمەندانی هێزەکانی ناوخۆ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

هلز خان فەرموو.

**بەڕێز هلز احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ل گۆڕا ماددەیا (٥١) برگەیا سێ و چوار ئاخافتنا خۆ دکەم، سەرەڕای قەیرانی دەستکرد کو دەیان قەیرانێن دەستکرد کو رۆژانە ییێ سەرهەڵدەدەن ل ناڤ باژێرێت مە یا هەرێما کوردستانێ، دێجا بگرە قەیرانا نەبوونا نەفتێ و پانزینێ کو نوکە ل دهۆکێ دیاردەیەکا عەجایب یا هەی، نە ئێك ڕێزی سەرا پانزینێ بەڵکو دوو ڕێزی و سێ ڕێزی ژی شەڤ و رۆژەکا بێ چاڤدێریا پەرلەمانتارا ڤێ چاڤدێریا لایەنێت پەیوەندیدار بەهایێ پانزینێ گران دبیتن و وەکی خۆ دمینیتن، قەیرانا

غازێ، قەیرانا نەفتێ، ڤان قەیرانا و ڤان کێشەیان چارەسەر نەبوویە و هەتا نوکە ل دهۆکێ کو مووچەی وان نایەتە دانێ، دەرماڵەیەت قوتابیان نایەتە دانێ ل دهۆکێ، ئەز نزانم بۆچی دهۆکێ کو ب سەدان قەیرانێت دەستکرد یا هەی، ئەز نزانم ئەڤە تۆڵە ڤەکرنە دەسەڵاتێیە ل بازێرێ دهۆکێ یان فعلەن ژی چونکە خەڵکی دهۆکێ بێ دەنگە و هێمنانە داخازێ مافێت خۆ دکەن، پرسیارا من ژی ل جەنابێ وە ئەوەیە ئەگەر پەکخستنا پەرلەمانێ چ بوو بۆ ماوەی سێ هەیڤا و ل سەر پێکهاتن جارەکا دی...............

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

د. اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵا منا یا پەیڕەوی ل دیڤ ماددەی (٥٨، ٥٩، ٦٠، ٦١) چوار ماددە ل سەر پرسینێ، پرسیار نڤیسینێ بۆ وەزارەتان، مە پرسیارا هەی ساڵا (٢٠١٩، ٢٠٢٠، ٢٠٢١، ٢٠٢٢) هەتا ڤێ گاڤێ بەرسڤا نەهاتینە دان، داخازا من ل دەستەیا سەرۆکایەتیا پەرلەمانی ڤان وەزارەتان دەست نیشان بکەن ل ئیعلامێ دا بێنە خارێ، ئەگەر بێ پاکی و بێ منەتیە هەتا ڤێ گاڤی بەرسڤا مە نادەن، چاوە ئەم دشێین موراقەبە بکەین، یا دووێ نزانم قەدەرا مە یا کوردستانێ هەمێ تشتێ مە یا گرانتر بیتن ل مەرکەزی، پەنزینا مەرکەزی ئەڤە ل ڕەخ مە ب چوار سەد و پێنجی دینارە ل دەڤ مە ب هەزار و پێنج سەدانە، حەجیش هاتیە گران کرن، حەج ل عێراقێ ب چوار هەزار و دوو سەد دۆلارە بیتن ل کوردستانێ چوار هەزار و حەوت سەد دۆلارە، مابەینا مە و مەرکەزی پێنج دۆلارە، چەندین هاووڵاتی هاتنە دەڤ من داخازا فەتوایێ کری ئەرێ چی دبیت ئەم تەراجعێ بکەین ئەم ڤێ گاڤێ نەچینە حەجێ، چونکی پێنج سەد دۆلارێت زێدە ئەم بدەین، بارێ مە گەلەك گران بیتن، ب حەجەتا چ، ب حەجەتێت نە یەییێت ڕەوا، ئەز دگەل مودیر عامێ خەدەماتێ حەجیان ئاخافتن ل بەغدا، خەدەماتێن وان پترە ل خەدەماتێت مە..................

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، دەست بە جێ بەجێکردنی بڕگەی سێیەمی بەرنامەی کار دەکەین کە بریتیە لە خستنە ڕوو و گفتوگۆکردنی ڕاپۆرتی لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە و مافی بەکاربەر، سەبارەت بە دەرمانی بێ کواڵیتی و ماوە بەسەرچوو و قاچاخ لەگەڵ نرخی نەخۆشخانە تایبەتەکان کە دوو یاداشتن لەو سی و چوار یاداشتەی کە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئاڕاستەی دەستەی سەرۆکایەتیان کردبوو بە ئامادەبوونی بەڕێز وەزیری تەندروستی و بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان، داوایان لێدەکەین بێنە ژوورەوە، وە داوا لە بەڕێزان سەرۆکایەتی و ئەندامانی لیژنەی تەندروستی دەکەین بفەرموون بۆ شوێنی خۆیان، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، ئەوەی ئێستا موناقەشەی دەکەین بریتیە لەو سی و چوار یاداشتەی کە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بە دەیان واژوو ئاڕاستەیان کردووین، فەرموون با بێنە ناو هۆڵی دانیشتنی پەرلەمان، چونکە ئێستا لە ناو هۆڵی پەرلەمان کەمتر لە چل ئەندام لە ژوورەوەن، ئەم بابەتە بابەتێکی گرنگە فەرموون وەرنە ژوورەوە، بە ناوی پەرلەمانی کوردستان

بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری تەندروستی و بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان دەکەین، فەرموون بەڕێز سەرۆکی لیژنەی تەندروستی راپۆرتی لیژنە بخوێنەوە.

**بەڕێز شایان کاکە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیر و ستافەکەی دەکەین، راپۆرتی لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە و مافی بەکاربەر، بەڕێزان، خزمەتگوزاری تەندروستی یەکێکە لە خزمەگوزاریە پێشینە بنەڕەتیەکان لە هەرێمی کوردستان، کە بە شێوەیەکی بەردەوام لەلایەن حکومەتەوە دابین بکرێت بۆ هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان، لەسەر ئەو بنەمایە و لەبەر گرنگی بابەتەکە لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە و مافی بەکاربەر ئەم راپۆرتەی ئامادەکرد سەبارەت بە نرخ و کواڵیتی دەرمان و نرخی نەخۆشخانە تایبەتەکان، سەبارەت بە نرخ و کواڵیتی دەرمان لەبەر ئەوەی ئەم بابەتە راستەوخۆ پەیوەستە بە پێداویستی تەندروستی هاووڵاتیان و گرنگیەکی تایبەتی هەیە لە لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە و مافی بەکاربەر، بۆیە هەر لە دەست پێك لیژنەیەکی لاوەکی دەرمانی پێکهێناوە و راپۆرت و راسپاردەی وردی ئامادەکرد و ئاڕاستەی وەزارەتی تەندروستی کرد، بەشێکی ئەو خاڵانەی راپۆرتەکە کە پەیوەست بووە بە کواڵیتی و نرخی دەرمان دەخەینە روو، کە بەشێکی جێ بەجێکراوە و بەشێکی لە جێ بەجێکردندایە و بەشێکی ماوە، سەبارەت بە خاڵی یەکەم لەزگەی دەرمان واتە ستیکەر کە پێویستە لەسەر هەموو دەرمانێك هەبێت دەزگای کواڵیتی کۆنترۆڵی دەرمان بەهۆی ئەوەی پشکنین دوا دەخات دەرمانەکە لای خاوەن کۆمپانیا دەمێنێتەوە، کە ئەمە تەواو نا یاساییە و کۆمپانیاکان ئاماژەیان بەوەدا کە ناتوانن ساڵێك کرێی کۆگا دابین بکەن تاوەکو لەزگە لە کواڵیتی کۆنترۆڵی جۆری یان کواڵیتی جۆری وەردەگرنەوە، بۆیە دەرمانەکە بەبێ لەزگە لە بازاڕ دەفرۆشرێت و هەندێك جاریش دەرمانەکان رەوانەی ناوەند و خوارووی عێراق دەکەن، بەپێی زانیاریمان دوای ئەوەی کۆمپانیا دەرمانەکەی نەماوە و فرۆشتوویەتی ئینجا لەزگە دەدەن بە کۆمپانیا، هەندێك کۆمپانیا ئەم لەزگەیەی وەریانگرتووە بۆ بەشێکی تر لە دەرمانی نا یاسایی و ساختە بەکار دەهێنن، خاڵی دووەم: هەر کۆمپانیایەك هەر جۆرە دەرمانێکی بوێت دەتوانێت لە هەر وڵاتێك هاوردەی کوردستانی بکات، ئەوەی ڕەچاو دەکرێت تەنها بڕی قازانجی کۆمپانیایەکەیە نەك تەندروستی هاووڵاتی، خاڵی سێیەم: بەشی نرخ دانان و پشکنین لە دەزگای کۆنترۆڵی جۆری سەرچاوەی گران بوون جیاوازی نرخن لە دەرمان بەپێی بەدواداچوونمان لە ساڵی (٢٠١٢) تاوەکو ساڵی (٢٠١٥) نرخ لە سەدا سەد زیادبووە لەسەر هاووڵاتی، وە لە ساڵی (٢٠١٥) بۆ ساڵی (٢٠١٨) نرخ لە سەدا دوو سەد بۆ لە سەدا سێ سەد زیادبووە، چوارەم: دواکەوتنی ئەنجامی پشکنین لە دەزگای کۆنترۆڵی جۆری بۆ ماوەی هەندێك جار تاوەکو ساڵێك سەرجەم خەرجیەکان دەچێتە سەر نرخی دەرمان، پێنجەم: بەشێك لە پزیشکەکان کاتێك دەرمان بۆ نەخۆش دەنووسن رێکەوتنیان لەگەڵ کۆمپانیاکان هەیە، ئەگەر دەرمانی ئەم کۆمپانیایە بنووسن بەشە قازانجی خۆیان وەردەگرن و سەفەری دەرەوەی وڵاتی پێ دەکەن، هەندێك جار هەر سیارە و شوقەیان بۆ کڕاوە، ئەم خەرجیانە سەرجەمیان دەچێتە سەر نرخی دەرمان بۆ هاولاتیان، شەشەم: دواکەوتنی رێگا پێدان لەسەر سنوورەکان و کرێی گواستنەوە دەچێتە سەر نرخی دەرمان کە بە گوتەی خاوەن

کۆمپانیاکان هەندێك جار ناچارن سەدا چوار سەد بۆ سەدا حەوت سەد قازانج بخەنە سەر نرخی دەرمانەکان، حەوتەم: بەپێی پێویست بەدواداچوون نیە کە ئایا ئەو دەرمانانەی هاوردەی هەرێمی کوردستان دەکرێت لەو وڵاتەی کە لێیەوە دێت تاوەکو سەر سنوور بە چ شێوازێك گوازراوەتەوە، هەشتەم: دەرمانخانەکان شەوانە تا دوای نیوەڕۆ داخراوە و کارەبا و ساردکەرەوەکانیان کار ناکات ئەمە وا دەکات دەرمانەکان تێك بچن بەر لەوەی بگاتە دەستی هاووڵاتیان، نۆیەم: لە پڕۆسەی کڕینی دەرمان بە کەرتی گشتی یاخود کەرتی گشتی واتە حکومەت جیاوازی لە نێوان پارێزگاکانی هەرێم هەیە لە پێدانی پارە لەلایەن حکومەتەوە بە کۆمپانیاکان، ئەمە وا دەکات کۆمپانیاکان بە پارەیەکی زۆر زیاتر دەرمان بە حکومەت بفرۆشن هۆکارەکەش ئەوەیە کە پارەکەیان بە ماوەیەکی زۆر پێدەدرێتەوە، دەیەم: پڕۆسەی کڕینی دەرمان لە نێوان پارێزگاکان وەك یەك نیە جاری وا هەیە پڕۆسەی کڕینەکە بە تەندریش بۆ ماوەی شەش مانگ دوا دەکەوێت لە ناخۆشخانەکان دەرمان نامێنێت، هاووڵاتی ناچارە لە دەرەوە و کەرتی تایبەت دەرمان بکڕێت، یازدە: دەرمانەکانی شێرپەنجە لە ڕێگەی وەزارەتی تەندروستی و لەسەر سەندوقی کۆمەك بۆ تووشبووانی شێرپەنجە دەکڕدرێت کە تاوەکو ئێستا سەرجەم تەندەرەکانیان لە سێ تا پێنج کۆمپانیا تێپەڕی نەکردووە و قۆرغکاری زۆری تێدایە، دوازدە: دەرمانی بێ مۆڵەت لە مەرزەکانی هەرێمی کوردستان و بازگە ناوخۆییەکان و بەشەکانی تری عێراق دێتە ناوەوەی هەرێمی کوردستان، سەبارەت بە نرخی نەخۆشخانە تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستاندا کەرتی تایبەتی تەندروستی پاڵپشتێکی گرنگە بۆ کەرتی گشتی، بەڵام لە ئێستادا وەکو پێویست ڕێك نەخراوە لە رووی نرخ و کوالێتی خزمەگوزاریە تەندروستیەکان، لە ئەنجامدا دەبێتە بارگرانی بۆ سەر شانی نەخۆش، ڕاسپاردەکان/ یەکەم: پڕکردنەوەی ئەو بۆشایە یاساییانەی کە هەیە لە کەرتی تەندروستی بە لە یەك جیاکردنەوەی کەرتی تایبەت و گشتی دانانی بیمەی تەندروستی و ڕێکخستنەوەی نرخی دەرمان و خزمەتگوزاری تەندروستی لە کەرتی تایبەت، دووەم: دامەزراندنی دامەزراوەی نیشتیمانی دەرمان و خۆراك لە کوردستان بە شێوەیەك کە لە سەدا سەد ئەم دامەزراوەیە کەرتی گشتی بێت و حکومەت خۆی بەڕێوەی بات و هیچ کۆمپانیایەکی کەرتی تایبەت نەبێت، چونکە جارێکی تر دەبێتەوە هۆکارێك بۆ قۆرغکاری ئەم دامەزراوەیە، حکومەت تاکە لایەن بێت بۆ پاراستنی هاووڵاتیان، سێیەم: کۆگای تەندروست لە مەرزەکانی سنوور و ناو هەردوو فڕۆکەخانە دروست بکرێت کە مەرجەکانی بۆ هەڵگرتنی دەرمان هەبێت، چوارەم: لیژنەی چاودێری بازاڕ بە بەردەوامی چاودێری دەرمانخانە و کۆگاکانی کۆمپانیاکانی دەرمان بکات بە بەردەوامیش ستافی لیژنە بگۆڕدرێت، پێنجەم: جەخت دەکەینەوە هەر فەرمانبەرێکی ئەم دەزگایە لە کەرتی تایبەت کار بکات وەك کۆمپانیا و دەرمانخانە و بازرگانی دەرمان لە دەزگای کوالێتی کۆنترۆڵ دوور بخرێتەوە، شەشەم: بۆ کۆنترۆڵکردنی نرخی دەرمان دەتوانرێت بە یەك سیستەم سەرجەم دەرمانەکانی کوردستان بە یەکەوە ببەسترێتەوە بۆ هەر هاووڵاتیەکیش لە ڕێگەی مۆبایل ئەپڵیکەیشنی تایبەت بەم سیستەمەی هەبێت تێیدا نرخ و جۆری دەرمانەکان دیاری دەبێت، بۆ لانەدان لەم سیستەمە لیژنەی ئاماژەپێکراوی سەرەوە دەتوانێت بەدواداچوونی ورد بکات بەپێی ستانداردی وڵاتان، هەر دەرمانێك لە کۆمپانیا و کۆگاکانی دەرمان کە دەدرێت بە دەرمانخانەکان نابێت لە سەدا دە

بۆ سەدا دوازدە سوودی بچێتە سەر لە دەرمانخانەکان بۆ هاووڵاتیان، وە لە سەدا بیست بۆ سەدا سی بڕی سوود نابێت زیاتر بێت، حەوتەم: لەزگەی دەرمان نەدرێت بە کۆمپانیاکان، وە تیمی تایبەت بە کۆنترۆڵی جۆری دەرمان دەبێت خۆیان لەزگەکان لە دەرمان بدەن بۆ ئەوەی چیتر لەزگەی دەرمان بۆ دەرمانی نا یاسایی و ساختە بەکار نەهێنن بۆ مامەڵەی کڕین و فرۆشتنی پێ نەکرێت، هەشتەم: بڕی پارەی خەرجکراو بۆ کۆمپانیاکانی دەرمان کە دەرمان بە کەرتی گشتی دەفرۆشن لەسەرجەم پارێزگاکان وەك یەکی لێبکرێت، وە هەوڵ بدرێت بڕێك پارەی کاشیان پێ بدرێت و پارەکەیان لە بڕی سەدا چواری مانگانە زیاد بکرێت تاوەکو کۆمپانیاکان ناچار نەبن دەرمان بە نرخی گرانتر لە بازاڕ بە کەرتی گشتی بدات، نۆیەم: پێویستە وەزارەتی تەندروستی ساڵانە پێداویستی دەرمان لە هەر جۆرێك دیاری بکات، وە لەم بڕە زیاتر دەرمان نەهێنێتە کوردستان، زۆری هاوردەکردنی دەرمان وا دەکات پشکنینەکان دوا بکەون لە هەمان کاتدا ئەو دیاردەیە نامێنێت کە کاتێك هاووڵاتیەك دەچێتە دەرمانخانەیەك زیاتر لە دە کۆمپانیای جیاواز لە یەك جۆری دەرمانی بۆ دابنرێت، دەیەم: پرسی زیادکردنی داهاتی حکومەت نابێت لە کەرتی تەندروستیدا پەیڕەو بکرێت، یازدەیەم: پێویستە وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان جەخت لەو بەشە بودجەیە سیادیە بکاتەوە کە تەرخانکراوە بۆ تەندروستی تاوەکو بە بەردەوامی بگات بە هەرێمی کوردستان بە تایبەتی لە بواری شێرپەنجە و نەخۆشیە درێژخایەنەکان، دوازدەیەم: راچاوکردنی پێویستی جوگرافی لە کاتی پێدانی مۆڵەتی کردنەوەی نەخۆشخانە تایبەتەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز وەزیر تەندروستی دوو بیرۆکە هەیە، بەڕێزتان وەڵامی راپۆرتی لیژنەی تەندروستی بدەنەوە دواتر رێگە بە ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان بدرێت ئەگەر ئیزافەیەکیان هەبێت، بیرۆکەکەی تریش ئەوەیە رێگە بە هەموان بدرێت قسەکانیان بکەن بەڕێزتان بە یەکجار وەڵامی هەمووی بدەنەوە، فەرموو بەڕێز وەزیری تەندرستی.

**بەڕێز سامان بەرزنجی/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، بەڕێزتان کامە رێگاتان پێباشە ئێمە ئامادەین، بە بڕوای منیش وایە هەموو پرسیارەکان تەواو بن ئامادەین بۆ هەموو پرسیارێك لە دەرەوەی ئەوە پرسیارانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئەولەویەت بۆ ئەوانەیە کە یاداشتیان ئیمزا کردووە دواتر بۆ هەموو ئەندامانی تری پەرلەمان، لەسەر ئەو بابەتە کێ دەیەوێت قسە بکات؟ ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێت قسە بکەن (نجاة خان، کاك پێشەوا، کاك مەلا احسان، کاك ادریس، کاك بهجت، کاك رزگار عیسی، خدیجە خان، کاك چیا، کاك رێبوار، کاك شێخ ظاهر، کاك سعید، کاك سروان، حاجی سفین، سوسن خان، کاك شوان، کاك هەڵکەوت، لەنجە خان، گلیزار خان، گوڵستان خان، لیزا خان، کاك نزار، کاك زیاد، گوڵستان خان، کاك باڵانبۆ، رۆژان خان، شیرین یونس، شادی خان، کاك جلال، کاك بەڵین، کاك شەمۆل، کاك شاخوان، کاك رزگار، هەژان خان، کاك کاروان، کاك حاجی هێرش،

شیرین امین، کاك کاوە، د. شێرکۆ، کاك دیاری، کاك اسماعیل، مامۆستا عمر، مژدە خان، هلز خـان، مامۆستا ابوبکر، سەرچنار خان)، نجاة خان فەرموو.

**بەڕێز نجاة شعبان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەستپێکێ بەخێرهاتنا وەزیرێن بەڕێز دکەین، هەروەسا دەست خۆشیا ل لیژنەیا تایبەتمەنـد یـا تەندروستیێ دکەین، ئەوێ من دڤێت ئیشارەتێ پێ بدەم ئەوە کو راسپاردەك ل سـەر راسـپاردە بێتە زێـدە کـرن ئەو ژی ئەوەیە بـۆ رێڤەبەریـا نەخۆشـخانەیێن دەرڤەی سـەنتەرێ پارێزگەهانـدا هاندان هەبیتن بۆ هێزا دکتۆرا دا بینە هاندەرەك بۆ وان دکتۆرا ل وان رێڤەبەریا، ژبەر کو ژمارەیا زۆرا دکتــۆرا هەر ل ســەنتەرێ پــارێزگەهێن هەرێمــی دا کــار دکەن و گەلەك کەمــن ل دەرڤەی پارێزگەهاندا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك پێشەوا فەرموو.

**بەڕێز پێشەوا طاهر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی وەزیرانی بەڕێز دەکەین، هەر چەندە دانیشتنەکە مێواندارییە بە هاتنیـان سوپاسـیان دەکەین، بەس دەرفەتە لەسەر هەندێك شتی تر ئەگەر ئاسایی بێـت پرسـیار بکەیـن، بـابەتی مـن هەر مەسەلەی دەرمانە، بەڵام دەرمانی شێرپەنجە کە بە تایبەت لە نەخۆشخانەکانی نـانەکەلی و ئازادی و نەخۆشخانەی هیوا لە سلێمانی، زۆرترین موعانـات و نـاڕەزایەتی دەربـڕین و گرفـت کە باسـی لێوەدەکرێـت ئەم نەخۆشـخانەن، ئەوانـیش حەقـن و داواکاریەکانیـان تـا رادەیەکـی زۆر هەمووەمان دەبێت لێی تێبگەین، چونکە کاری ئەوان لەگەڵ کاری هەموو کەسێکی تـر جیـاوازە و ئازەرەکانیان فەرقی هەیە، هۆکار چیە کە زۆرجار باس لە کێشەی نەبـوونی دەرمـان دەکرێـت لە نەخۆشخانە، هۆکار چیە کە چەند جارێك ئەم پرسە وروژێندراوە سیولەی سـەندوقی کـۆمەکی شێرپەنجە دەستکاری دەکرێت، چەند جارێك ئەم بابەتە وروژێندراوە حەز دەکەم بەڕێز دکتـۆر سـامان وەڵامێـك وەربگـرم، وە دەرمـانی شـێرپەنجە ئێـوە ئاگـادارن کە گـرانە، ئەوان نـاتوانن بە دەست بێنن بە ئاسانی، جارێـك یـان دوو جـار بەرگەی ئەوە دەگـرن کە دەرمـانەکە بکـڕن، بـۆچی میکانیزمێکی گونجاو یان میکانیزمێك نادۆزنەوە کە نەخۆشانی شێرپەنجە و تووشـبووان کەس و کاریان ناچاری کەمپین و ناچاری هاشتاگ و ناچاری هەندێك شت نەبن، ئەوان حەقـی خۆیـانە و مافی خۆیانە بتـوانن بە شـێوەیەکی بەردەوام و بە رێکـوپێکی دەرمانیـان پێبـدرێت، لە بـارەی نەخۆشــخانە تایبەتەکــان ئێــوە لە کــاتی کۆرۆنــا هەنــدێك کۆبوونەوەتــانکرد دەســتکاری لە کەرتەکانیان بکەن، لەم بابەتە جوهدی زۆرتانکردووە هەوڵی زۆرتانـدا، بەڵام ئـێمە تـاوەکو ئێسـتا دەبینـین ئەم نەخۆشـخانانە بەشـێکیان نـاتوانم بڵـێم سـەدا سـەد، بەشـێکیان وەکـو مەصـدەری رووتاندنەوەی نەخۆشە، وە خەڵـك کە دەچێـت بە نرخێکـی زۆر گـران و بە پـارەیەکی زۆر گـران چارەســەری نەخۆشــەکانیان دەکەن، ئەو زانیــاریەی کە هەمــانە ئێــوە ئیجرائاتــانکردووە لە هەنـدێکیان، بەڵام بـۆچی تـاوەکو ئێسـتا هەر بەدی دەکرێـت، بـۆچی کە نەخـۆش دەچێـتە نەخۆشخانەی تایبەت هەست ناکات چۆتە شوێنێك کە هەندێك جار لەبەر زۆری زەختـی پـارەکە

ئازارەكانیان لەبیر دەچێتەوە، تێـدەگەین لەوەی كە ئەوان لەوانەیە بڵێن خزمەگوزاریمـان وایە و كرێ دەدەین و چی دەكەین، بەڵام..........

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك مەلا احسان فەرموو.

**بەڕیز احسان محمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنا جەنابێ هەردوو وەزیران دكەین، یەك پرسیارم ل جەنابێ وەزیرێ تەندروسـتی هەیە ئەو ژی ئەوەیە داخازا ئەو سێ سەد و بیسـت كەسـێن گرێبەسـت سـەر تەندروسـتیا پـارێزگەهێ دهۆكێ ڤە بۆ ماوەی چوار پێنج مانگە لەو ساڵەدا هیچ دینارەك وەرنەگرتیە هەمی ماڵێت فەقیـر و هەژارن، داخازێ دكەین ل جەنابێ وەزیر پتر سەر ڤی خـالێ راوسـتیت و حەلەكـێ بـۆ دانێـت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك ادریس فەرموو.

**بەڕێز ادریس اسماعیل عبوش:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مـن باسـی راسـپاردەكان دەكەم خـاڵی نـۆیەم كە هـاوردەكردنی دەرمـانی جۆراچـۆر، مـن بە زەروریەتی دەزانم یان زۆر بە پێویستی دەزانم هـاوردەكردنی دەرمـانی جۆراوجـۆر زۆر گـرنگە، بەڵام ئەو هـــاوردەكردنە بـــۆ ئیحتیكـــار نەبێـــت بـــۆ چەنـــد كۆمپانیـــایەك، لەبەر ئەوەی كە ئیحتیكـاركردنی هـاوردەكردنی دەرمـان وا دەكـات ئەو كۆمپانیایـانە بە ئـارەزووی خۆیـان نـرخ لەسەر دەرمان دابنـێن و زیـاد بـكەن، یەعنـی لەبەرژەوەنـدی هاووڵاتیـان دانەبێـت، هیـوادرام كە چـــۆن دەرمـــانی جۆراوجـــۆر هـــاوردە دەكەن هەر ئەوهـــا روخســـەت بە مونافەســـە بـــدەن، مونافەسەیەكی باش هەبێت لە نێوان كۆمپانیاكان بۆ ئەوەی كۆمپانیاكان بە خۆیان مونافەسەی یەكتری بكەن وەك وڵاتانی پێشكەوتوو كە نرخی دەرمان كەمتر بكەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك زیاد فەرموو.

**بەڕێز زیاد جبار محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زۆر بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری تەندروستی و وەزیـری هەرێـم بـۆ كاروبـاری پەرلەمـان دەكەیـن، دەستخۆشی لە لیژنەی تایبەتمەند دەكەین بۆ راپۆرتەكەیان بەڕاسـتی راپـۆرتێكی تێـر و تەسـەڵ بـوو، مـن دوو پرسـیارم هەیە، یەكەم: لە رابـردوودا دوو پێشـنیازە یاسـا تـایبەت بە بـیمەی تەندروستی لە هەرێمی كوردستان نێردراوە بۆ حكومەت و وەزارەتی تەندروستی، لەسـەر داوای بەڕێزیان هەردووكیان رەتكراونەتەوە بە نووسراوی ژمارە (٢٣٠٧) لە (٢٠٢١/٢/٢٣) كە پێیـانوابووە ئەمە بارگرانی مالی دروست دەكات و توانای داراییان نـیە، دواتـر خۆیـان باسـی ئەوەیـانكردووە پرۆژەیان دەبێت بۆ ئەم مەبەستە، تاوەكو ئێستا ئەو پرۆژەیان دیار نیە جەنابی وەزیر وەڵامـمان بداتەوە، دووەم: هەرێمی كوردستان بەرای من پێویستی بەوەیە كە كۆمپانیایەكی نیشتیمانی بۆ

پاراستنی دەرمان هەبێت، کە ئەم کۆمپانیایە وەکو ئەوەی کە لە راپۆرتەکە هاتووە کوالێتی دەرمان لە هەرێمی کوردستان بەداخەوە کوالێتیشی خراپە، وە چەندین جۆر دەرمان هەیە کە کاتێك باسی دەرمانی پاراسیتۆڵ دەکەین بە دەیان جۆر لە هەرێمی کوردستاندا هەیە، وە کۆنترۆڵکردنی نرخی دەرمان ئەمە لە رێگەی ئەم کۆمپانیا نیشتیمانیەوە بۆ پاراستنی دەرمان ئەگەر بکرێت، نازانم حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی تەندروستی بیریان لەوەکردۆتەوە کە ئەم کۆمپانیایە دروست بکرێت وەکو ئەوەی بەریتانیا کە بە تەواوەتی کۆنترۆڵی ئەو بابەتی کردووە، بیر لەوەکراوەتەوە ئێوە کۆمپانیایەکی لەو جۆرە دروست بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

گوڵستان خان فەرموو.

**بەڕێز گوڵستان سعید حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا زۆر بەخێرهاتنی بەڕێزان وەزیرانی حکومەت دەکەم، چەند بابەتێك هەیە من حەزدەکەم ئەگەر رێگە بدرێت باسی بکەم، یەکەمیان: لەسەر نەخۆشخانە تایبەتەکان و گرانی نرخی خزمەکوزاریەکانیان کە گرفتێکی زۆر گەورەیە لەبەردەم هاووڵاتیان و بە تایبەتی لەم دۆخەی قەیراناویە کە دەتوانم بەشێك لەو خزمەتگوزاریانە بە ئاستێکە کە توانای خەڵکی هەرێمی کوردستاندا نیە، زۆر کات سەر ئەنجامیش کۆتایی ژیانی ئەو کەسەیە لەو نەخۆشخانانە کە لە پاڵ ئەوەی پارەیەکی زۆریان لێدەسەندرێت، خاڵێکی ترم سەبارەت بە بەکارهێنانی کەرتی گشتیە بۆ دۆزینەوەی موشتەری بۆ کەرتە تایبەتیەکان، کە ئێمە دەبینین لە هەرێمی کوردستان زۆرێك لەو دکتۆرانە کەرتی گشتییان کردۆتە رێگایەك بۆ دۆزینەوەی هەلی کاری زیاتر بۆ کەرتە تایبەتەکەی خۆیان، موشتەری دەدۆزنەوە لەوێوە دەینێرن بۆ عیادەکانی خۆیان کە ئەمە پێویستە زەبت بکرێت، خەڵك لە تاو ئەوەی کە نەمرێت یان ناچارە بە ئازەرەکەوە مەجبورە کە هانا بەرێت بەو کەرتە تایبەتیەکە، هەندێك لە کلینیکی دکتۆرەکان بەداخەوە خۆیان کلینیکی رێگەپێدراون کە عیادەیان هەبێت، بەڵام زۆربەی کاتەکان دەبینی لە ناو ئەو کلینیکانە دکتۆرێك دەوام دەکات کە خۆی مۆڵەت پێدراو نیە، جاری وا هەیە دکتۆرە رێگەپێدراوەکە سەفەریکردووە یان لەوێ نیە دکتۆرێکی تر رادەسپێرێت بۆ ئەوەی عیادەکەی لەوانەیە دانەخرێت لە رووی کوالێتیەوە ئەم دکتۆرە لەوانەیە هیچ توانایەکی نەبێت بە قەدەر دکتۆرە ئەسڵیەکەی خۆی کە ئەمەش گرفتێکی ترە، خاڵێکی تر لەسەر ئەو کۆمپانیایانەی پاککردنەوەی نەخۆشخانەکان، یەعنی ئێمە ئاگادارین کە لە ساڵی پارەوە بەشێك لەو کۆمپانیایانەی پاککردنەوە گرفتی تازەکردنەوەی عەقدی کارکردنیان هەیە، وە بەشێکیان لەلایەن خاوەن کۆمپانیاکانەوە مووچەکانیان پێ نادرێت و هەڕەشەی ئەوەیان لێدەکرێت کە مووچەکانیان دەبڕدرێت، وە بەڕێزتانیشم پێشتر ئاگادارکردەوە لە رێی چەند نامەیەك کە بەڕاستی ئێمە بەردەوام پەیوەندیمان پێوە دەکەن، هیوادارم ئەو کیشەیەش بۆمان روون بکەیتەوە بەڕێزتان، ئەگەر چارەسەرتانکردووە دەستخۆشیتان لێدەکەین، ئەگەر نا هیواداین چارەسەر بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کاروان فەرموو.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن (کاروان گەزنەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەڵبەت دەمەوێت یەکێك لە بابەتە زۆر هەستیارەکان لە هەرێمی کوردستان کە ئێستا وجودی هەیە بەو پێیەی کە پەیوەیستە بە ژیان و مردنی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستانەوە باس بکەم، کێشەیەکی گەورەی دەرمانمان هەیە ئێستا لە هەرێمی کوردستان بە تایبەت دەرمانی قاچاخ کە موشکیلەیەکی گەورەیە، کە دەرمانمان هەبووە لە هەرێمی کوردستان ساڵی (٢٠٢٠) فرۆشراوە ساڵی (٢٠٢١) لە کواڵیتی کۆنترۆڵ ستیکەری بۆ وەرگیراوە و تێستی بۆ کراوە، ئەم دەرزیەی کە بە دەستمنەوە دەبینن ئەمە دەرزی هایدرۆکۆرتی زۆنە، ئەم دەرزیە دەرزیە حەساسیەیە و بەکارهێنەرێکی یەکجار زۆری هەیە لە هەرێمی کوردستان، کە ئەم دەرزیە نەچۆتە کواڵیتی کۆنترۆڵ، بەڵام لە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان فرۆشراوە بە بەهای ملیۆنێك و حەوت سەد هەزار دۆلار، دەرزی شێرپەنجەی کیمیایی کە یەکێکە لە دەرزیە زۆر حەساسەکان بە شێوەی قاچاخ لەسەر گزۆزی ئۆتۆمبیڵ داخلی هەرێمی کوردستان کراوە کە دەبێت لە پلەی حەراری دوو بۆ هەشت هەڵبگیرێت، لە کاتێکدا پلەی حەراری حەفتا بووە، ئەمە بەکار دەهێندرێت نەك چارەسەر نیە بەڵکو بکوژە، ئەمە دەرزی مارکایینە نیو بەنج و بەنجە کە لە هەرێمی کوردستان ئێستا وجودی هەیە لە نەخۆشخانە گشتی و تایبەتیەکان ئەم دەرزی لەسەر ماتۆڕسکیل دەفرۆشرێت، نە راچێتەیەك هەیە بۆی کە چۆن دەهێندرێتە هەرێمی کوردستان نە رێگە پێدانێکی رەسمیشی هەیە، سەرباری ئەمانە ئەم پەمپەی بە دەستمەوەیە پەمپی سپرای دڵە کە بۆ جەڵتەی دڵ بەکار دەهێندرێت و ئەمەش بۆ تێستی دڵ بۆ قەستەڵەی دڵ بەکار دەهێندرێت ئەمانە تێست نەکراون بەشێکیان، وە زۆرینەیان بە قاچاخ هاتۆتە هەرێمی کوردستانەوە، سەرباری ئەمانە لە وەزارەتی تەندروستیەوە لە (٢٠١٩/١٢/٢٤) نووسراوێککراوە کە ئەمانە سەرجەمیان نا یاسایین، وە نابێت لە هەرێمی کوردستان بفرۆشرێت، بەڵام لە هەمان وەزارەتی بەڕێزەوە نووسراوێکی تر کراوە بۆ ئەوەی کە لیژنەیەك پێك بهێندرێت ئەم دەرمانانە بکڕدرێنەوە، ئەم دەرمانانە بکوژن، بەشێکیان بەرپرسانی ئەو وڵاتە تێیدا بەرپرسیارن، وە دەیهێنن بۆ هەرێمی کوردستان، وە کۆمپانیاکان بە شێوەی قاچاخ دەیهێنن، وە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی رەسمی لێیان دەکڕێتەوە، ئەمانە نە پلەی حراریان تەواو تەندروست بووە نە بە هیچ شێوەیەکیش رێکاری تەندروستیان تێدا بەکارهێنراوە، دەرزی هێنابێت رابوەشێندرێت، بەڵام داخلی هەرێمی کوردستان کراوە لەسەر گزۆزی ئۆتۆمبێڵ ئاخر ئەمانە خەڵك دەکوژن، ئەم بابەتە بابەتی ژیان و مردنە، هەر چەندە سکاڵاش لەسەر ئەو بابەتە تۆمارکراوە، بۆیە من داوادەکەم بە زووی چارەسەری ئەو پرسە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە مەسەلەی کەرتی دەرمان یان ئەوەی کە لە وەزارەتی تەندروستی ئێستا ڕێ و شوێنەکانی بۆ گیراوەتە بەر، کە وەك هاوڕێکانم باسیانکرد بەشێکی زۆری مەترسیەکانی لەسەر ژیانی هاوولاتیان زیادکردووە، ئەوەی کە لە راسپاردەکاندا هاتووە دروستکردنی کۆمپانیایەکی نیشتیمانی بۆ سەرپەرشتیکردن و هێنان و تەنانەت دیاریکردنی نرخەکانیش لە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستاندا زۆر گرنگە، بۆیە من پرسیار ئاڕاستەی بەڕێز وەزیر دەکەم، ئێمە ئەوە چەندین ساڵە پێشنیاز هەیە، چەندین ساڵە ئەم پڕۆژەیە لەبەردەم حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی تەندروستیدا هەیە ئێمە کەی دەبینە خاوەنی کۆمپانیایەکی نیشتیمانی بۆ پاراستن و هێنانی دەرمان بۆ ئەوەی لایەنی کەم لە بێ کواڵیتی و لە هێنانی دەرمانی قاچاخ نەجاتمان بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شاخوان فەرموو.

**بەڕێز شاخوان رؤوف مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی بەڕێزان وەزیری تەندروستی و وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان دەکەم، بابەتی خزمەتگوزاری کەس و کاری شەهیدان ئێستا لە کەرتی تەندروستی تا رادەیەکی زۆر راگیراوە، داوا پێشنیار دەکەین هەموو ئەو خزمەتگوزاریانەی کە پەیوەندی هەیە بە کەس و کاری سەربەرزی شەهیدان ئەوانە بچێتەوە دۆخی جاران، وە خزمەتگوزاریەکانیان بۆ جێ بەجێ بکرێت لە هەموو بنکەی تەندروستی و مەڵبەند و شوێنەکانی کە پەیوەندی هەیە بە خزمەتگوزاری کەس و کاری شەهیدان لە کەرتی تەندروستی، خاڵی دووەم: لەسەر مەسەلەی قۆرغکاری لەلایەن پزیشکەکانەوە لە زۆربەی زۆری پزیشکەکان کە لەگەڵ دەرمانخانە و لەگەڵ تاقیگە و لەگەڵ سۆنەر و شوێنەکانی دیکە تا رادەیەکی زۆر ڕێکەوتوون لەسەر ئەوەی کە قۆرغکاری ئەم بەشە بکەن بۆ فرۆشتنی دەرمان یان لە مەجالی سۆنەر و مەجالی تاقیگەکان، لەبەر ئەوە گرنگە لە راستی وەزارەتی تەندروستی پێداچوونەوە بکەن بەم بابەتەوە لەگەڵ هەموو شوێنەکان بە تایبەتی کە ئێستا کە هەرێمی کوردستان کە دەچیتە لای دکتۆرێك تەواوی عیمارەکە لە راستیدا هەموو دکتۆرەکان ڕێکەوتوون لەگەڵ صەیدەلیەکەی ژێر زەمینەکەی خۆیان لەگەڵ تاقیگەکان، لەگەڵ سۆنەرەکان، لەگەڵ ئەم هەموو شوێنانە ڕێکەوتوون لە کاتێکدا کە تۆ دەچیت لە شوێنێکی تر لە عیمارەیەکی تر لە صەیدەلیەکی تر کە دەچیت دەرمانەکان دەکڕی و بۆشی دەبەیتەوە دکتۆرەکە پێت دەڵێت کاك بڕۆن ئەم دەرمانە بگۆڕە، مەبەستی ئەوەیە کە بچی لە صەیدەلیەکەی خۆیان لە ژێر عیمارەکەی خۆیان کە ئەمە ڕێکەوتنی خۆیانە بچی لەوێ بیکڕی، هیوادارین وەزارەتی تەندروستی کۆتایی بێنێت بەم قۆرغکاریە لەلایەن پزیشکەکان و شوێنەکانی دیکە کە کراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك مسلم فەرموو.

**بەڕێز مسلم عبدالله رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بەخێرهاتنی وەزیرە پەیوەندیدارەکان دەکەم، لە راستیدا ئەوەی من دەمەوێت جەخت بکەمەوە لەسەر ئەوەی کە ئێستا کە لە کەرتی تەندروستیدا کێشە و گرفتی گەورە هەن، هەر چەند کێشەیەك بە کورتی کە ئەوەی ئێمە رۆژانە سکاڵایەکی زۆر لەلایەن هاووڵاتیانەوە ئاراستەی ئێمە دەکرێت بەڕێزیان لێ ئاگادار بکەینەوە، بەڕێز وەزیری تەندروستی، ئەوەی کە بۆتە کێشەیەکی گەورە ئێستا لە بواری تەندروستیدا بەرامبەر نەخۆشان و خانەوادەی نەخۆشەکان ئەو نا یەکچوونی نرخەکەیە کە لە تاقیگەکان هەیە لەسەر پشکنینەکان و لەسەر فرۆشتنی دەرمان لە دەرمانخانەکان، یەعنی بەپێی مەوقیعی جوگرافی و بەپێی دەرمانخانەی هەر شوێنێك بۆ شوێنێکی تر دەرمانەکان بە نرخێکی جۆراوجۆر دەفرۆشرێت و ئیستیغلال لەو بوارەوە دەکرێت، وە چەند جارێکیش بەڕاستی ئێمە باسمانکردووە و پرسیارمان لە بەڕێزتانکردووە هیوادارم روونکردنەوە لەسەر ئەو بابەتە بدرێت، ئینجا بەڕاستی بابەتێکی تر بوونی دەرمانی بێ ستیکەر کە من خۆم رۆژانە چەندین جار لە دەرمانخانەکاندا بەرچاومان دەکەوێت و دەبینین دەرمانخانەکان دەرمانی بێ ستیکەر دەفرۆشن، وە ئەم دەرمانانە چۆن رێگایان پێدراوە لە دەرمانخانەکان دابنرێت و رێگە بدرێت بفرۆشرێت، کە بێگومان ئەوە دیار نیە ئایا ئەم دەرمانە لە رێگەی تەندروستیەوە رێگە پێدراوە و ماوە بەسەرچوونی چەند شیاوە بۆ کە نەخۆش بتوانێت بەکاری بێنێت، خاڵی سێیەممان بریتیە لە گرانی نرخی ئەو پشکنینانەی دکتۆر و نەشتەرگەری کە لە نەخۆشخانە تایبەتیەکاندا دەکرێت، ئێمە چەند جارێك بەڕاستی باسمانکرد ئێوەش کۆنفرانس و کۆبوونەوەی تایبەتیتان بۆ کرد وەکو وەزارەتی تەندروستی ئایا ئەم کۆنفرانس و دیدارانەی کە لەسەر ئەم بابەتە کرا چارەسەرەکە چی لێهات و ئەنجامەکەی چی بوو، چونکە ئێستاش لە نەخۆشخانە تایبەتیەکان گلەیی زۆر هاووڵاتیان لەسەر ئەوەیە بەڕاستی نرخەکان زۆر گرانن، وە چوون یەك نین نەخۆشخانەیەك لەگەڵ نەخۆشخانەیەکی تایبەتی تر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

مژدە خان فەرموو.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەر لە هەمووی ئێمە دوێنێ یانزە ئەندامی پەرلەمان بەپێی ماددەی (٤٨) برگەی چوارەم داوای دانیشتمانکردبوو برگەیەك زیاد بکرێت بۆ ئەم دانیشتنە سەبارەت بە بابەتی نەخۆشخانەی هیوا کە بەداخەوە بابەتێکی زۆر زەرورە دەبوو چەند مانگێك لەمەو پێش دانیشتنی بۆ بکرایە، هیوادارم وەزیری تەندروستی وەڵامی ئەوانەمان بداتەوە کە تایبەتە بە نەخۆشخانەی هیوا، من چەند پرسیارێکم هەیە بۆ وەزیری تەندروستی جیاوازی نرخی دەرمان، بەداخەوە ئێستا هەر حەبی پلاڤێکس لە سی و هەشت هەزارەوە هەیە تاوەکو چل و پێنج هەزار، زۆرجار خۆم بەو جیاوازیە کڕیوومە و دەستم کەوتووە، یاخود هەندێك دەرمان پێویستی بە بەڕادە، من دانەیەکم کڕیووە بە دوو هەزار و پێنج سەد هەمان دەرمان لە عیادەی دکتۆرەکە بە بیست و پێنج هەزارە، چۆن دەبێت بیست و دوو هەزار و پێنج سەد فەرقی هەبێت، ئایا چۆن ئەو برە پارەیەی دەخرێتە سەری، ئێوە وەکو وەزارەتی تەندروستی ئەو جیهەتانە سزا دەدەن و بەدواداچوون

دەکەن بۆ ئەوە، یەعنی یەك دەرمانی بچووك یان یەك شروب خواردنەوە ئەو برە پارەیەی دەخرێتە سەر، مرۆڤ کە نەخۆش دەبێت حەتمەن خەڵکی فەقیر و هەژار یەك دنیا مەسارفی هەیە لەم وڵاتە، چونکە تەندروستی بەپێی دەستوور بەلاشە لەم وڵاتەدا، بەڵام بەداخەوە هەموو بووە بە پارە، سەبارەت بە تەلاعوبی نرخ ئەوە رێك نەخراوەتەوە تاوەکو ئێستا، جیاوازیەکی زۆر هەیە، سەبارەت بە نەخۆشخانەی هیوا چەند پرسیارێکم هەبوو لە کاتێکدا داهات زۆر زۆرە بۆچی چەند مانگە پارەی سەندوقی کۆمەك بۆ تووشبووانی شێرپەنجە خەرج ناکرێت خۆ لە کاتی کۆرۆنا نیە، لە کاتی کۆرۆنادا دەتانگۆت داهات سفرە، لە ئێستادا دۆلار بەرزە، داهاتی ناوخۆ بەرزە، نرخی نەوتیش زۆر بەرزبۆتەوە، پارەی یەك سەعاتی نەوت بدرێت بە ئامێری پزیشکی زۆرێك لە کێشەکانی نەخۆشخانەی هیوا چارەسەر دەکرێت، هەوڵتانداوە بۆ هەموارکردنی یاسای ژمارە (١١)ی ساڵی (٢٠١٢) کە ئەم یاسایە لەسەرەدەمێك دەرچووە کە پەنجا نەخۆش سەرەدانی نەخۆشخانەی هیوای کردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەسپێکێ ئەم بەخێرهاتنا هەردوو وەزیران دکەین و دەستخۆشیش ل لیژنەیا تایبەتمەند دکەین، ل پرسیارەکێ دەست پێ دکەم، هەر دکتۆرەك پرسیاری لێ بکەین بێژنی بۆ رەوشا ساخلەمیێ کوردستانێ ب ڤی رەنگیە دبێژیت چونکی سیستەمێ خەلەتە و تێکەڵە ل نێوان تایبەت و حکومیدا، کەنگی دی پرۆژەکە بێتە یەکلایی کرن وەکو هەمی وڵاتان کەرتێ تایبەت و کەرتی حکومەتێ تێکەڵ نەبن، گەلەك خەلەتی ئەوی سەبەبن، دوو: پرسیارا من یا دووێ ل وەزارەتا ساخلەمیێ ئیحسائیەك هەیە کا بزانیتن چەند پارە ل کوردستانێ دچیتە دەرڤە سەبەب کرینا ئیستیرادە دەرمانیە، دشێت ب دوو تشتا چارەسەر بکرێت، ئێك: دوو کومپانیا هەبن کۆمپانیایەك بۆ دەرمانسازی وەکو شاری سامەڕا ئیمتیازات ل شەریکاتێت جیهانی ناهێتە وەرگرتن ئەو دەرمان ل کوردستانێ بێتە دروست کرن، ئەو پارە نەچیتە دەرڤەی کوردستانێ، دوو: کۆمپانیایەکا تایبەت بیت بۆ هێنانە دەرمان دا سەیتەرە ل سەر کواڵیتی ژێ بێتە کرن، کو سەیتەرە سەر نرخی ژێ بێتە کرن، سێ: چێ دبیت ئەڤ پرسیارە بۆ مە بێتە ئاراستە کرن وەکو پەرلەمان بەس وەزارەتا ساخلەمیێ ژێ پێ مەعنیە تەئمینا صحی هەنەگی کوردستانێ دا نەبیت دێ بارێ هاووڵاتی گەلەکی گران بیت، پێتڤیە پەرلەمان دگەل وەزارەتێ زێدە هاریکار بن زوو یاسای تەئمینا صحی بێنە چەسپاندن، ل دهۆکێ سێ سەد و بیست و پێنج گرێبەست ئەڤە چوار هەیڤە مووچەی خۆیان نە وەرگرتیە، یەهنی چ خودێ قەبیل دکەت وەختێ کۆرۆنایێ دا بیست و چوار سەعات ل ئینزارێ دابوون، ل ڤێ گاڤێ چوار هەیڤە سەر یەك مووچەیەیێت خۆ نە وەرگرن، یەعنی دێ چاوا دێتە چارەسەر کرن، پرسیارەکا دی کێشەیا خۆبەخشانە.......................

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سیروان فەرموو.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری تەندروستی و وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان دەکەم، کەرتی تەندروستی کێشە گەلێکی زۆری هەیە وەکو زۆرێك لە کەرتەکانی تر، پێموایە چارەسەری بنەڕەتی بۆ ئەم پرسە ئەوەیە بوونی بیمەی تەندروستیە، ئەگەر پێتابڵێم لە ئەلمانیا لە کەیدا بیمەیدا بیمەی تەندروستی هەیە ئەوە لە زەمانی قەیصەرەوە هەیە، ئەو کاتە یەکێك لە شانازیەکانی ئەو وڵاتە بیمەی تەندروستیە، بیمەی تەندروستی ئەوەیە ناوی تۆمارکراوە خۆ ئەوسا نە کۆمپیوتر هەبووە و نە بەو شێوەیە هەبووە، بۆ سەرەدانێك چووم بۆ لای وەزیری تەندروستی بۆ بەدواداچوونێك باسی ستیکەرمانکرد باسی تێچووی نەخۆشمانکرد، موعایەنەی دکتۆر، خوش و برا بەڕێزەکان زۆر باسی دەرمانیانکرد دەهێنێت زیاتر باسی بکەین، بەڵام من بە تایبەت باسی موعایەنەی دکتۆر دەکەم، دکتۆر هەیە بە هەزار دینار رازیە دکتۆرەکە زۆر باشە و بە ناو بانگە، دکتۆر هەیە کە یەکێك دەچێت بۆ لای گوێی لێدەگرێت نەخۆشەکە کە قسە دەکات ئەو نازانێ پازدە شتی بۆ رێزکردووە دەڵێت بڕۆ ئەوانەم بۆ بکە ئینجا وەرەوە، لە کوێ، لە تاقیگەکەی خۆی، ئەوانە موعایەنەیە، هەر دیسانەوە دەیڵێمەوە بیمەی تەندروستی زۆر ئاسانە لە سلێمانی نەخۆشخانەیەك هەیە ئەگەر دکتۆر بینی بێت بەڕێز وەزیری تەندروستی کارتێك بۆ دەکات بە پینج هەزار بە هەزار دینار بیمەی تەندروستیت بۆ دەکات هەموو موعایەنەیەك بە پێنج هەزارە، نەخۆشخانەی هاووڵاتی وا نەزانن نەخۆشخانەیەکی راقیە لە قالاوە لە سلێمانی لە شێخ محی الدین، یەعنی چۆن دەتوانێت نەخۆشخانەیەکی تر نەتوانێت ئەوە بکات بۆ کەرتی تایبەت بتوانێت بە پێنج هەزار موعایەنە بۆ خەڵك بکات و بۆ حکومەت نەتوانێت ئەوە بکات، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، لە رێی بەڕێزتەوە بۆ دکتۆری بەڕێز دەڵێم ئایا چ رێگریەك هەیە لە نەبوونی بیمەی تەندروستی بۆ هاووڵاتیان، یەعنی ئەوە چارەسەرێکی گرنگە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

لیزا خان فەرمووو.

**بەڕێز لیزا فلك الدین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەستخۆشی لە لیژنەی تایبەتمەند دەکەم بۆ ئامادەکردنی ئەم راپۆرتە، هەروەها بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری تەندروستی و وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان دەکەم، سەبارەت بە راسپاردەکان لەسەر خاڵی یەکەم هەروەکو کاك سیروانیش باسی لێوەکرد لەسەر بیمەی تەندروستی، بەڵام بەو حوکمەی ئێمە لیژنەی دارایین پێموایە تاوەکو سیستەمی بانکی بە ئەلیکترۆنی نەکرێت بیمەش تۆزێك سەخت دەبێت لە هەرێمی کوردستان، بۆیە تا کێشەی بانکەکان و کۆنەکردنەوەیان بەو شێوەیە بەردەوام بێت لە یەك بانکی نیشتیمانی کە ئێستا پرۆژەیەکیش هەیە کە هەر نەوەت و چوار بانکی هەرێمی کوردستان کۆبکرێتەوە لە یەك بانکی نیشتیمانی و ئەوسا دەتوانرێت کار لەسەر ئەم بابەتە بکرێت، وە محاوەلەیەکیش هەیە ئێمە وەکو لیژنەی دارایی کارمان لەسەرکردووە بەوەی کە هەژماری تایبەت بۆ مووچەخۆران دروست بکرێت ئەو کات بیمە کارێکی زۆر ئاسانتر دەبێت جێ بەجێکردنی، هەروەها پێمخۆشیشە لە جەنابی وەزیری تەندروستی بپرسم ئایا تاوەکو ئێستا بۆ مەسەلەی پرۆژە یاسای بیمەی

تەندروستی چیبانکردووە، چونکە بەڵێنیان دابوو بینێرن بۆ پەرلەمان و ئێمەش کاری لەسەر بکەین و لە کاتی بانگەشەش بەڕاستی زۆر باسمان لێوەکرد، یەکێك بوو لەو پرۆژانەی کە بە شانازییەوە باسمان دەکرد کە بێنین بۆ ئەم خولە و کاری لەسەر بکەین، لە عێراقیش محاوەلەیەك هەبوو لە پەلەرمانی عێراق نازانم ئەگەر بەڕێز وەزیر ئاگادار بێت، ئەو پرۆژەیەی لە عێراقیش کاری لەسەر دەکرد لیژنە تایبەتمەندەکان بە کوێ گەیشت، ئایا دەنگی لەسەر دراوە تاوەکو ئێمەش کاری لەسەر بکەین، یاخود خوێندنەوەی بۆ کراوە، لەسەر راسپاردەی شەشەمیش ئەوەی کە باس لە ئەپڵیکەیشنێکی تایبەت دەکات بۆ مۆبایلەکان ئەوە سیستەمێکی زۆر باشە، پێمـوایە ئەگەر بکرێت هەر دەرمانێك بارکۆدێك یان سریەڵ نەبمەرێکی بۆ زیاد بکرێت، لە نێو ئەو بارکۆدانە بنووسرێت بۆ نموونە ئەوە نرخەکەیەتی و ئەوە ماوەی بەسەرچوونەکەی ئەوەندەیە، ئەمە بەبێ ئەوەی تەوسیەی دکتۆر نادرێت بە نەخۆش هەندێك تایبەتمەندی ئەوە زۆر بە ئاسانیە، چونکە ئێستا بارکۆد لە زۆربەی ئەپلیکەیشنەکان بەکار دەهێندرێت و تێچووەکەشی زۆر کەمە، ئەمە دەتوانێت سیستەمێکی باش بۆ کەرتی تەندروستی و کەرتی دەرمان بێنێتە ئاراوە، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك نزار فەرمووو.

**بەڕێز نزار ملا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای دەستخۆشی لە لیژنەی ئامادەکاری ئەم راپۆرتە بەخێرهاتنێکی گەرمی هەردوو جەنابی وەزیر دەکەین، پرسیارەکانم ئاڕاستەی بەڕێز وەزیری تەندروستیە، سەبارەت بەو ناوچانەی کە دوورە دەستن لە سەنتەری قەزاکان و پارێزگاکان ئایا لە بەرنامەتاندا هەیە نۆرینگەی ئێواران بکرێتەوە سەبارەت بە ناحیەکان بە تایبەتی ئەو سنوورەی دەڤەری شەقلاوە کەوا بەپێی رێژەی دانیشتوان زۆر لۆدی لەسەرە یاخود زۆر قەرەباڵغ، ئەگەر بکرێت سەبارەت بە کردنەوەی نۆرینگەی ئێواران ئەمە کارێکی زۆر باش دەبێت و کار ئاسانی بۆ هاووڵاتیان دەبێت، سەبارەت بە کارێکی تر ئێوە لە بەرنامەی کارتاندا هەیە زیاتر کردنەوەی نەخۆشخانەی حکومی لە سەنتەری قەزا و ناحیەکان، بە تایبەتی ئێمە لە شاری هەریر لە ساڵی (٢٠١٤) بەردی بناغەی نەخۆشخانەیەکی پەنجا سەرینی داندرا، ئایا هەر لە بەرنامەی وەزارەتی تەندروستی دایە کەوا ئەم کارانەی ماون جێ بەجێ بکەن و دوای تەواوکردنی رەهەندی دارایی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ازاد فەرمووو.

**بەڕێز ازاد اکرم بهرام:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیارێکم هەیە لە جەنابی وەزیری تەندروستی ئێمە دوو شتی زۆر گرنگە بۆ هاووڵاتیان یەك تەندروستی و ئەوەی تر پەروەردە مەجبور ماوین تەسلیمی کەرتی تایبەت بین، بۆ؟ لەبەر ئەوەی دیارە لە کەرتی گشتی چارەسەرەکە نەکراوە بۆیە خەڵکەکە مەجبور بووە بچێت بۆ موعاینە و عیلاج و پشکنین بۆ کەرتی تایبەت، ئایا ناکرێت نەخۆشخانە گشتیەکان هەمووی بکرێتە

موعاینەی دکتۆرەکان بە پارەیەکی کەم، با وا دابنێین پێنج هەزار، پشکنینەکانیش بە پارەیەکی کەم لە ناو نەخۆشخانەکان بکرێت، چونکە ئێستا زۆر پشکنین ناکرێت لە ناو نەخۆشخانەکان، عیلاجەکانیش تاوەکو رزگاربین لەوەی کە لە هەر شوێنێکی عیلاجەکان بە نەوعەکی دەفرۆشرێت، لە جێگایەکی لەوانەیە بە پازدە هەزار دیناری بیت و لە جێگەیەکی تر لەوانەیە بە بیست و پێنج هەزار دیناری بێت و لە جێگەی تر لەوانەی بە سی و پێنج هەزار دینار بێت، ئەگەر لە ناو نەخۆشخانەکان بێت لەوانەیە قازانجەکە نابێت تەنها پارەی عیلاجەکان لێوەردەگرن، باشە ئەوە بۆ دکتۆرەکانیش باش نیە، چونکە کرێی بینایەی نادەن و کرێی خزمەت نادەن، ئایا ئەوە بۆ هاووڵاتیانیش باش نابێت، ئایا پێمان ناکرێت ئەوەی بکەین کە لە هەموو وڵاتەکان ئەو شتە هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك رومیو فەرموو.

**بەڕێز رومیو حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەکان دەکەم، ئەو قسانەی من دەکەم هەموو گلەیی و سکاڵای خەڵکە بە ئێمەیان گەیاندووە، وە مەبەستی گەیاندنی ئەم قسانەش بۆ ئەوەیە کە ئەگەر وایە بۆ ئەوەی چارەسەر بکرێن، کواڵیتی دەرمان بەشی هەرە زۆری دەرمان لە هەرێمی کوردستاندا کواڵیتیەکەی زۆر خراپە سەرەڕای بوونی کواڵیتی کۆنترۆڵ لە هەرێمی کوردستاندا، وە نرخەکان دەرمانخانەیەك بۆ دەرمانخانەیەکی تر جیاوازی زۆری هەیە، سێیەم: بەداخەوە خۆی پیشەی پزیشکی پیشەیەکی ئینسانیە پێش ئەوەی ئیختصاصیەکی تر بێت، بەداخەوە هەندێك لە پزیشکە بەڕێزەکان کە هەم لە نەخۆشخانەی حکومی کار دەکەن و هەم نەخۆشخانە تایبەتەکان کار دەکەن زۆرجار بووە کە نەخۆشەکانیان بۆ قازانجی خۆیان چارەسەریان نەکردووە ناردوویانە بۆ نەخۆشخانە تایبەتەکاندا، وە لە هەمان کاتدا هەندێك جار بووە کە پزیشك کە لە هەردوو نەخۆشخانەکاندا کاری کردووە و ئەو دەرمانانەی کە ماوەی بەسەرچوون یان نزیك بۆتەوە هێناویەتە نەخۆشخانەی حکومی و لەوێ ئەو دەرمانانەی تر کە ماوەی بەسەرچوونیان دوورە هێناویەتە بۆ بەرژەوەندی خۆی، تکایە چارەسەرێکی بۆ بکەن، خاڵی سێیەم بەڕاستی دوای ئەوەی ئێمە وەکو لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و داکۆکی لە مافی مرۆڤ سەرەدانی چاکسازیەکانی هەرێمی کوردستانمانکردووە بەشی هەرە زۆری سەنتەری پزیشکی لە چاکسازیەکان لە دەست نەبوونی کەمی دەرمان و کەمی پزیشکی تایبەت تێیاندا دەناڵێنن تکایە بۆ ئەوانەش چارەسەرێکی بۆ بدۆزنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، داواکاریەکمان ئەویش ئەوەیە ئەو قسانەی کە دەگوترێت بەڵگەتان پێ بێت، یەعنی دەبێت یان خۆت بینی بێت یان نووسراوتان بۆ هاتبێت یان یاداشتتان بۆ هاتبێت، یان مەعلوماتێکێ ئەکید بێت، یەعنی هەر بڵێین وا دەڵێن تۆزی زەحمەتە بەڕاستی، یەعنی شتێك بخەنە بەردەستی وەزیر بۆ ئەوەی بتوانێت وەڵاممان بداتەوە، ئێستا ئەو

دەتوانێت یەکسەر بڵێت وا نیە، یەعنی بەس ئەوەندە بڵێت وا نیە بەسە بەڕێزان، تکا دەکەم ئەگەر قسە دەکەن باشترە بەڵگەمان پێ بێت، شوێنەکەمان تەحدید کردبێت، کاك جلال فەرموو.

**بەڕێز جلال محمد عبدالله (جلال پەریشان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی هەردوو وەزیری بەڕێز دەکەم، ئومێد دەکەم وەزیرەکانی تریش دڵنیاشم هەموویان دێنە ناو ئەو هۆڵی پەرلەمانە، من پێشنیار دەکەم سەرەتا بەر لەوەی پرسیارەکەم بکەم ئومێد دەکەم ئەگەر لە دەسەڵاتی وەزارەتی تەندروستیە یاخود سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران ئەو وەزیرانەی کە تەعینی رەسمین ئەگەر دەکرێت یان لە نەخۆشخانەی گشتی بێت یان تایبەت بێت لەلایەکی هەڵبژرێت بۆ ئەوەی رێگە بدرێت بەو هەموو دەرچووەی کەوا ئێستا چەندین بڕوانامەی بەرز لە بواری پزیشکی گشتی هەیە بتوانن ئەوانیش دەرفەتیان بۆ بڕەخسێت و کار بکەن، ئەگەر دەکرێت ئەوە زۆر گرنگە یەك لا هەڵبژرێت، چونکە هەمووومان دەزانین دکتۆر هەیە لە نەخۆشخانەی گشتی عەملیاتیەك دەچیتە ئەوێ دەڵێ والله ئەوە لێرە ناکرێت بەس بێیە نەخۆشخانەی تایبەت دەکرێت عەملیات بکەی ئەوە یەك، دوو: دڵیشمان ئەوەندە بە نەخۆشخانە تایبەتەکان خۆش نەبێت، من ئەو رۆژە برادەرێکم جەڵتە لێیدا لە یەکێك لە نەخۆشخانە هەر گرنگەکانی خۆمان بردیان پشکنینیان بۆ کردوو منیش پێم گوت دواتر گوتم پێمباشە بچیە دەرەوە پشکنینەکی تر بکەیەوە بزانە چۆنە، کە چووە دەرەوە گوتیان ئەو پشکنینانەی لە هەولێر کراوە هیچی تەواو نیە نە شەکرەت هەیە و نە زەختت هەیە موتەراکیمەیان بۆ کردووە، ئینجا کەواتە زۆرجار دەڵێین نەخۆشخانە تایبەتیەکانمان رێزمان بۆ هەمووان، بەڵام هەندەکیان پڕۆفیشناڵن، دەیان نەخۆشیش لە ژێر بەنج بەنجی زیادی لێدراوە ئەمری خوای بەجێ گەیاندووە هەمووشمان دەزانین، ئەوەی تر بەڕاستی هەر لە نەخۆشخانەی تایبەت بە خۆم چوویمە سەرەدانی نەخۆشمکردووە دەرمانێکیان بۆ نووسیووە لەو نەخۆشخانە تایبەتیە دەرمانخانەکەی خوارێ هەشتا و پێنج هەزار بووە و هەمان دەرمان چوویمە لە دەرمانخانەی دەرێ بە بیست هەزار دینار بووە، نەفسی کوالێتی، باشە شەست و پێنج هەزار دینار لە یەك نەخۆشخانە خودا قەبولی ناکات، خوای گەورە چۆن خۆڵی نابارێنێ هەمووو بخنکێنی، ئەوەی تر دکتۆر سامان لە نزیکەوە ئاگادارە دەرمانخانەی تایبەت هەیە دەرمانی بە نیوە نرخ دەدات هەمووی نیوە نرخە، دکتۆری خۆشەویست بە خۆی خزمەکانی خۆی زۆرجار ناردۆتەوە ئەوێ بڕۆ لەوێ دەرمان بکڕن، چونکە هەرزانە، بۆیە ئەو دەرمانخانانە پاڵپشتی بکرێت زۆر باشە لەبەر ئەوەی هاوکاری نەخۆشەکان دەکەن، هەیە بە بەلاش دایانداتێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

گلیزار خان فەرموو.

**بەڕێز گلیزار رشید حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەسپێکێ دەستخۆشی ل لیژنەیا تەندروستی دکەم بۆ ڤی راپۆرتێ، هەروەسا بەخێرهاتنا هەردوو وەزیران دکەم، من تەنها دوو پرسیارم هەیە هەر چەندە چەند ئەندام پەرلەمانا ئەڤ پرسیار کرینە، بەڵام ئەڤ دوو پرسیارە زۆر گرنگە ل دەڤ هاووڵاتیان بۆ نموونە نرخێ پلێتا

موعاینە بۆچی هەتا نوکە نرخێ وێ گەلەکی گرانە، یەعنی ل دەسپێکێ نەخۆش دچیتە ل دەڤ دکتۆری یەکسەر بیست و پێنج هەزار دینار دەدەن بۆ موعاینە، ئەڤ نرخە بۆ هاووڵاتیان گەلەکە ب تایبەت بۆ خەڵکێ هەژار، هەروەسا پرسیارەکا دیم هەیە بۆچی یەکسانی ل نرخێ دەرمانی نینە، بۆ زانیاریتان دەرمان نەفسی کواڵیتیە و نەفسی جۆر و نەفسی کۆمپانیایە، بەلآم دەبینن نرخ ل دەرمانخانەیەك بە نرخەکیە و ل دەرمانخانەیەکی دی بە نرخەکی ترە، هەر ئەم ژی بەخۆ چووینە یەعنی بۆ نموونە سەرۆکا پەرلەمانی گۆت مە بەڵگە دڤێت، ئەم ژی بە خۆ چووینە ل دەرمانخایەکی ب نرخەکیە و ل دەرمانخانەیەکی دی بە نرخەکی ترە ئەڤەش کێشەیەکە پێتڤیە چارەسەربنن، زۆر سوپاس.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بهجت فەرمoو.

**بەرێز بهجت علی ابراهیم:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی دەستخۆشی ل لیژنەیا تایبەتمەند دکەین بۆ ئامادەکردنا ڤێ راپۆرتێ ل سەر بابەتێ دەرمان و کواڵیتیا دەرمانی، هەروەسا بەخێرهاتنا بەرێز وەزیری تەندروستی و وەزیرا هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان دکەین، ل دیفچوونێت من کرین و ئەو پێزانینێت من هەین ل سەر بابەتێ هەندەك ئەجهیزەیەت هەین وەکی سیتی سکان و (MR) یان رەنین ل هەندەك پارێزگەها کە پێتڤیە بۆ تەشخیصا نەخۆشیێن شێرپەنجە دێتە بەکارهینان، ل هەندەك پارێزگەها مە یەت هەین دوو جیهاز ل سەر ڤان تەشخیصێت جیهازایە ل پارێزگەها هەین، وە ل هەندەك پارێزگەهان ژی نینە، دەزانم بەهایێ ڤان ئەجیهزا بەهایەکی گرانە لێ وەزیرێ تەندروستی و حکومەتا هەرێما کوردستانێ ل دەمێ دانانا پلانێ موراعاتا هەندێ بکەت ل ڤی دادپەروەری بکەتن کە ئەو پارێزگەهێت کە ئەڤ ئەجیهزەیەت لێ نینە دابینکرنا وانا ئەولەویەت بیت بۆ وان، بۆ نموونە ل پارێزگەها دهۆکێ جیهازێت تەشخیصا تیشکێ بۆ پەنجەشێرێ نینە، هاووڵاتیێ مە پێتڤیە چوار سەعاتا یان دوو سەعاتا بچیتە رێکێ هەتا بگەهیتە پارێزگەهەکا دی بۆ تەشخیص کرنا ڤێ نەخۆشی و ئیحتیمالە گەلەك جارا ل وێرێ ژی ئاریشە بۆ چێ دبن نەشێتن وی تیشکێ بگریتن و جارەکا دی بزڤڕیتەوە، داخازێت دکەین کە بەرێز وەزیرێ تەندروستی ل دەمێ هاتنا وان جیهازان چ ئەڤ ئەجهیزە وەکو حکومەتا هەرێما کوردستانێ بکڕیت یان ژی ئەو رێکخراوێت وان ئەجهیزە بۆ هەرێما کوردستانێ دەینن ئەولەویەت بدەنە ل وان پارێزگەهان کە ئەڤ ئەجهیزە لێ نینە و ببیتە ئاسانکاریەك بۆ هاووڵاتییێت وێ پارێزگەهێ، زۆر سوپاس.

**بەرێز د. رێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك رزگار فەرموو.

**بەرێز رزگار عیسی سوار:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنا مێهڤانێت بەرێز دکەین و زۆر دەستخۆشیێ ل لیژنەییێت دکەین بەڕاستی کارەکێ باش کری، دادوەری ل کۆمەڵگەهێ پەروەردێ و ل تەندروستیێ دیار دبیتن، کو خویندن بۆ فەقیرە و دەوڵەمەندە ل هەر پلە و پایەکێ وەکی یەك بیت، بۆ تەندروستیش هەمان شتە، کو

خەڵکەکێ کەسەکێ دەوڵەمەند یان کەسەکێ فەقیر دشێتن سوودمەند بیتن ل خزمەتگوزاریێ وەزارەتا تەندروستی یان ل کەرتێ تەندروستی، داوا ل لیژنەیا بەڕێز دکەم کو ئەگەر ئیماکان بیتن راپۆرتەکیش ل سەر وەزعێت نەخۆشخانەیا هەرێما کوردستانێ دروست بکەن و ئەڤ دیاردە وان کەسێت سەرەدانا دەرڤەی هەرێما کوردستانێ دکەن چیە و هۆکار چنە، چونکو راستی ئەو خەڵکێت کو دێچنە دەرڤە هەم بارگرانیەك زۆرا مادی ل سەر شانێت وان هەی و خەڵکەکی زۆر پێڤە سەرقاڵە، وە ئەو کەسە ئەگەر کەرتێ تەندروستیش دروست نەبیتن شلەژانا کۆمەڵگاهێ چێ دبیت، ئەگەر کەسەك ل عایلەکێدا نەخۆش بیتن عایلەکیش پێڤە یا مەشغولە، ئەز پشتگیریا خاڵا دووێ یا لیژنەیا تایبەتمەند دکەم کو بەحسا هەندێ دکەت کو ئەرکێ حکومەتا هەرێما کوردستانیە کو دەرمانا دابین بکەت، بۆیە ئەسڵەن هەبوونا کەرتێ تایبەت بۆ کڕین و فرۆشتنا دەرمانی ب راستی کارەسەتا و جەریمەیە و ئەرکێ حکومەتیە و ئەرکێ وەزارەتا تەندروستیە و ئەرکێ وەزیریە کو ب هەماهەنگی لەگەڵ دەوڵەتێت موعتبەر و کۆمپانییێت موعتبەر عقودا ئیمزا کەتن بۆ وان دەرماناش بینیتە هەرێما کوردستانێ، هیچ پێویستی ب ستیکەراش ناکەتن، چونکو دەرمان ل دەرمانخانێت موعتبەرێ دەوڵەتا بخۆ ستیکەرێ ل سەر دادەنێت، بۆیە ئەز دووبارە تەئکید ل هەندێ دکەمەڤە کو دەبیت دەست بەجێ هەموو کۆمپانییێت کەرتێ تایبەت کو دەرمانا دینن هەڵوەشێن و حکومەت ئەرکێ خۆ بۆ هێنانا دەرمانا هەڵسێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

لەنجە خان فەرموو.

**بەڕێز لەنجە ابراهیم دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم، وە دەستخۆشی لە لیژنەی تایبەتمەند دەکەم بۆ ئامادەکردنی ئەم راپۆرتە، بەڕێز وەزیری تەندروستی بەکارهێنانی لەزگەی دەرمان بۆ دەرمانی نا یاسایی بەڕاستی کارێکی مەترسیدارە کە ئاماژەی پێکرا لە راپۆرتەکە، وە کاریگەری خراپی لەسەر تەندروستی و ژیانی هاووڵاتیان دەبێت، ئایا بەرنامەی وەزارەت چیە بۆ رێگریکردن لەم کارە و سزادانی ئەو کۆمپانیایانەی ئەو کارە دەکەن، هەروەها رێگریکردن لە بوونی دەرمانی نا یاسایی، خاڵی دووەممان ئەوەیە زیادبوونی نرخی دەرمان بە رێژەیەکی یەکجار ئەوەها زۆر کە بارگرانی دەخاتە سەر شانی هاووڵاتیانی بەڕێزی هەرێمی کوردستان، تەبعەن دەرمان شتێك نیە کە هاووڵاتی کەمالیاتێك بتوانێت دەستبەرداری بێت، بۆیە پلانی وەزارەت چیە بۆ کۆنترۆڵکردنی نرخی دەرمان و رێکخستنەوەی، نەبوونی کارەبا لە شەوان تاوەکو نیوەڕۆ لە دەرمانخانەکان کە دەبێتە هۆی تێکچوونی دەرمان، زۆر گرنگە وەزارەت بە زووترین کات بە هەماهەنگی وەزارەتی کارەبا چارەسەر بۆ ئەو پرسە بکەن، سەبارەت بە دەرمانی شێرپەنجە هەمان پرسیاری بەڕێز کاك پێشەوام هەبوو دووبارەی ناکەمەوە، وە بۆ بیمەی تەندروستیش پشتگیری لە زۆربەی ئەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەمەوە کە پێویستە هەنگاوی جدی بهاوێژرێت کە دەبێتە هۆی بار سووکی نەخۆش و هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك باڵانبۆ فەرموو.

**بەڕێز باڵانبۆ محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەبوونی دەرمانی قاچاخ و ماوە بەسەرچوو و کواڵیتی نزم بە تایبەت دەرمانی شێرپەنجە لە کام دەروازەوە دەهێندرێتە ناو هەرێمی کوردستان، کار کراوە بۆ ڕێگاگرتن لێیان، ئەگەر کراوە تا چەند سەرکەوتوو بوون وەزارەتی تەندروستی، ئەگەر نەشکراوە هۆکارەکەیمان بۆ ڕوون بکرێتەوە بۆچی ناتوانن ڕێگە بگرن لەو دیاردەیە بگرن، ئەو کەسانەی دەرمانی بەسەرچوو و قاچاخ و کواڵیتی نزم دەفرۆشن سزادراون یان سزا دەدرێن، وە ئەگەر دراوە ئایا داتایەك لەبەر دەستاندایە تاوەکو ئێستا چەند کەس لەسەر فرۆشتن و مامەڵەکردن بە دەرمانی کواڵیتی نزم ماوە بەسەرچوو سزادراوە و سزاکەیان لە ئاستێك دابووە، دەپرسم نەشتەرگەری نیمچە تایبەت لە نەخۆشخانەکان دەکرێت کە پارە لە نەخۆش وەردەگیرێت لە کاتێکدا لە نەخۆشخانە حکومیەکان پێویستە ئەمە بە تەنها بڕە پارەیەکی کارگێڕی بێت نەك بەو بڕە پارە زۆرەی کە لە نەخۆش دەسەندرێت، چونکە ئەم نەخۆشخانانە حکومین و ئەرکی چارەسەرکردنی تەندروستی وەکو ئەرکی فێرکردن و پەروەردە ئەرکی حکومەتە، لەبەر ئەوە ئەگەر ئەم بابەتە تاوەکو ئێستا ماوە ئایا بە نیازن ئەم بابەتە چارەسەر بکرێت یان نەکرێت، پرسیارێکی تریشم ئەوەیە بڵاوکردنەوەی وێنەی نەخۆش لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان ئایا وەزارەتی تەندروستی هەوڵیداوە ڕێگری لەو کارە بکات، ئەوە نەکرێت بە بیانوو ئایا نەخۆش خۆی ڕازیە لەسەر ئەوەی کە وێنەکەی بڵاوبکرێتەوە یان وێنەکەی بڵاو نەکرێتەوە، کۆتا پرسیارم ئەوەیە ئایا وەزارەتی تەندروستی وەکو پارێزگایەك مامەڵە لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی شاری هەڵەبجە دەکات و حسابی تایبەتی کردووە بۆ شاری هەڵەبجە، هەم وەکو ئەوەی پارێزگایەکی تازە دروست بووە و هەم وەکو ئەوەی کە خۆمان دەزانین خاوەنی قوربانیەکی زۆرە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕۆژان خان فەرموو.

**بەڕێزان ڕۆژان محمد کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا چەند پرسیارێکم بۆ بەڕێز وەزیری تەندروستی، یەکەم: هۆکار چیە تاوەکو ئێستا لیژنەی تەندروستی کە بە فەرمانی وەزاری وەزارەتی تەندروستی ژمارە (٢٦٠٠)ی ساڵی (٢٠١٧/٣/١٦) پێکهێنراوە، وە پشکنین بۆ چەند بەرکەوتەیەکی چەکی کیمیایی لە هەڵەبجە نەکردووە و کە هەندێکیان ڕەزامەندی ئەنجوومەنی وەزیرانیشیان هەیە بە ژمارە (٣٨٤٣) لە (٢٠١٩/٦/٢٧) و دواتریش بە فەرمانی نوێ لیژنە پێکهێنراوە و دروستکراوە و چەند جارێکیش وەکو لیژنەی شەهیدان یاداشتمان ئاڕاستەی وەزارەت کردووە و لە ڕاسپاردەکانی کە لیژنەیەکی تایبەتمەند پێکهێنرا بۆ ئەو کێشە و گرفتانەی کە لە هەڵەبجەیە و بەرکەوتووانی چەکی کیمیایی هەیانە، لەوەشدا ئاماژەمان پێدا کە هۆکار چیە تاوەکو ئێستا ئەم لیژنەیە پێك نەهێنراوە و دەست بەکار نەبووە، کۆتا پرسیارم ئەوەیە لە (٢٠٢٢/٣/١٥) کراوە و تاوەکو ئێستا ئەم لیژنەیە پێك نەهێنراوە،

پرسیارێکی ترم لە نەخۆشخانە حکومیەکـان دەبێـت تـاوەکو کـاتژمێر (١٢) دەبێـت نەشـتەرگەری بەبێ بەرامبەر بۆ نەخۆش ئەنجام بدرێت لە دوای کاتژمێر (١٢) نیمچە تایبەتە، هۆکـار چـیە بە چ ڕێنمـاییەك یـان یاسـایەك کە زۆرجـار لە (١٠)ەی بەیـانیەوە دەکرێـت بە نـیمچە تـایبەت، وابـزانم هەمان پرسیاری کاك باڵانبۆ بوو، ئایا وەزارەتی تەندروستی ئاگادارە لەمە لە کاتێکدا ئەو پزیشـك و کارمەنـد و سـتافانە لەو کـاتەدا مـووچەی حکـومەت وەردەگـرن، هۆکـار چـیە ئەم پـارەیە وەردەگیرێت لە نەخـۆش، پرسـیارێکی تـر پزیشـکی تایبەتمەنـد و ئەوانەی لە کەرتـی گشـتیدا لە نەخۆشخانە حکومیەکان دەوام دەکەن لە کاتژمێر (٨) بۆ (١٢:٣٠) تاوەکو (١) دەبێت تەواجودیـان هەبێت لە نەخۆشخانە حکومیەکاندا، بەڵام هەنـدێك لەو پزیشـکانە لە نەخۆشـخانەی تـایبەتیش دەوام دەکەن، لەو کاتەدا لە نەخۆشخانە تایبەتەکان سۆنەر یان نەشتەرگەری دەکەن کە پێویستە لە بەرامبەر ئەو مووچەیەی وەری دەگرن تەواجودیان هەبێت لە نەخۆشـخانە حکومیەکـان، ئایـا بۆ ئەمە وەزارەتی تەندروستی ئاگادارە و هیچ ئیجرائاتێك کراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد خەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جلال فەرموو.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهـاتنی وەزیـرە بەڕێزەکـان دەکەم، سـوپاس بـۆ لیـژنەی تایبەتمەنـد، دیـارە ئەوەی مـن دەمەوێت قسەی لەسەر بکەم بابەتی نەخۆشیە دەروونییەکـان و نەخۆشـخانەی دەروونـی وەك دەزانرێـت لە ئێسـتادا بـابەتێکی گـرنگە کە ڕێژەیەکـی زۆر لە نەخۆشـی دەروونیـدا لە هەرێمـی کوردستان وجودی هەیە، وە لە وەزارەتی تەندروستی کارکراوە، بەڵام لە چاو پێویستی ئەو ڕێژە زۆرەی نەخۆشدا نیە، وە خاڵێکی تر گرفتـی دەرمـانی نەخۆشـخانەی دەروونـی بە شـێوازێکە کە شەریکاتی زۆرە هاوشێوەی دەرمانەکانی تر، بەڵام دەرمانی ئەوان لە کاتی گۆڕینی یەك شـەریکە بۆ شەریکەیەکی تر گرفتێکی گەورە لە ناو خانەوادەیەك دروست دەکات، وە بە خۆتـان ئاگـادارن لە هەرێمـی کوردسـتان لە هەنـدێك حـاڵەتی ئەو نەخۆشـخانە نەخۆشـە دەروونیـانە تووشـی جەریمەی گەورەبوونە و چ بەرامـبەر خۆیـان و چ بەرامـبەر کەس و کاریـان و بەرامـبەر خەڵکـی دەرەوە کــراوە، ئێســتا بەشــێك لەو نەخۆشــیە دەروونیــانە لە زینــدانەکانن بەهــۆی ئەو ڕفتارانەیانەوە، بۆیە داواکارین لە بەڕێز وەزیری تەندروستی هاوشـێوەی سـەندوقی شـێرپەنجە کارێك بکات و عیلاجەکان گرانن، وە ناشـکرێت پشـت گـوێ بخرێـت ئەم چـین و تـوێژە کارێـك بکرێت کە هاوکاری کەس و کاری یان بابڵێین ئەو کەسـەی کە سەرپەرشـتی کەسێکی نەخۆشـی دەروونـی دەکـات بـۆ ئەوەی بتوانێـت هەم لەو فەتـرە زەمەنـیە ڕزگـاری بکـات و هەم گـرفتەش بەڕاسـتی مەترسـی لەسـەر کۆمەڵگـا کەم ببێـتەوە، بـابەتێکی تـر دیـاردەیەك کە تێکەڵبـوونی سیستەمی گشتی و لەگەڵ تایبەت ئەمە هەندێك لە خەڵکی ئەهلی ئیختیصـاص ئەوەی ئـێمە کە پرسـمان پێکـردوون دەڵـێن جیـاکردنەوەی کارمەنـدان و پزیشـکان گشـتییەکان لە گشـتی و تایبەتیەکان لە تایبەتی بەشێکی زۆر لە گرفتەکان موعالەجە دەکەن، داواکارین لە بەڕێز وەزیـری تەندروستی هەوڵێك بدات بـۆ جیـاکردنەوەی هەردوو سیسـتەمەکە و کارمەندەکانیشـیان لەگەڵ

پزشکەکان، وە کۆتا پرسیار دەپرسم لە بەڕێز وەزیری تەندروستی تا چەند لە هەرێمی کوردستان ئەو میکانزمەی کە ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی...........

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حاجی هێرش فەرموو.

**بەڕێز هێرش حسن حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەکان دەکەم، دەستخۆشی لە لیژنەی تایبەتمەند دەکەم، پرسیارێکم هەیە لە جەنابی وەزیر سەبارەت بە لەزگە ئایا بە چ پێوەرێك ئەم لەزگەیە دەدرێت بە کۆمپانیاکان بۆ ئەوەی بە ئارەزووی خۆیان بەکاری بهێنن، بۆ لەلایەن لیژنەی تایبەتمەندەوە ڕاستەوخۆ لە دەرمانەکە نادرێت، هەروەها پرسیارێکی ترم لەسەر کەمی دەرمان لە نەخۆشخانەکان، بۆ پێش ئەوەی دەرمانەکان کۆتایی پێ بێت کارێکی وا ناکرێت کە دەرمانی پێویست دابین بکرێت و نەخۆش بەبێ ئەوەی دەرمانی پێویستی پێبدرێت ڕەوانەی نەخۆشخانە تایبەتیەکان بکرێت، هەروەها پرسیارێکی ترم دەربارەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەڕین کە گرفتێکی گەورەی هاوولاتیان لەم سنوورە هەیە تاوەکو ئێستا بەداخەوە چارەسەر نەکراوە کە پزیشکی دادوەری لەم سنوورە نیە تاوەکو ئێستا، زۆربەی حاڵەتە گوماناوییەکان دەنێردرێن بۆ پارێزگای سلێمانی، بۆیە داوا لە بەڕێز وەزیر دەکەم کە چارەسەرێکی ئەم گرفتە بکات و پزیشکی تایبەتمەند بۆ ئەم بوارە لە سنووری ئیدارەی ڕاپەڕین دابمەزرێنرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد خەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دابان فەرموو.

**بەڕێز دابان محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی بەڕێزان لە ئەنجوومەنی وەزیران دەکەین، من پرسیارێکم بۆ بەڕێز وەزیری تەندروستی هەیە کێشەی کۆگای ژمارە (١٩)ی بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی هەولێر گەیشت بە کوێ، کە لە کاتی خۆیدا گەورەترین بەڵگەبوو لەسەر ئەو بەشە دەرمانە حکومیەی کە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە هات چۆن ئێکسپایەر دەکرێت و چۆن لە کۆگاکاندا هەڵدەگیرین بۆ ئەوەی دەرمان لە کەرتی تایبەتەوە زیاتر بە بازاڕ بخرێت و زیاتر سەرف بکرێت، دەرمانەکان بە سەدان تۆنن، وە من بەڵگەی ڤیدیۆیەکەشم لایە لێرە کە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان دکتۆرە ڕێواز باسی لەوەکرد ئەو بەڵگە ڤیدیۆیەکەیە لە کاتی خۆیدا پێشکەشمانکردووە دراوە بە مەحکەمە، بەڵام تاوەکو پێستا هیچ نەتیجەیەکی نەبووە و هەتا قسەیەکیش دەکرێت گوایە کە بەڕێز وەزیری تەندروستی تا ڕادەیەك تەداخولی لەو پرسەدا کردووە، هیوادارم هەم زانیاریمان پێ بدات و هەم ڕوونکردنەوەش لەسەر ئەو پرسە بدات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد خەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دکتۆر شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز د.شێرکۆ جودت مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهــاتنی وەزیــرە بەڕێزەکــان دەکەیــن، ســەبارەت بەو راپــۆرتەی کە ئامــادەکراوە بە دەستخۆشـیەوە داوا دەکەیـن کە بەڕێـز وەزیـری تەندروسـتی بە وردی خـاڵ بە خـاڵی وەڵام بداتەوە، چـونکە زۆر رەهەنـدی گرنگی هەیە، لەسەر نەخۆشـخانەی هیـوا ئیـزافەیەکم هەیە بۆ ئەوەی کە باسـکرا، نەخۆشـخانەی هیـوا تەلاعـوب بە داهـاتەکەی دەکرێـت، بەڕێـز وەزیـری تەندروستی چۆن قەبـولی دەکات کە ئەو پـارەیەی کە کۆ دەکرێتەوە بـۆ نەخۆشـخانەی هیـوا تەلاعوبی پی بکرێت و بگرە چۆن ئەو رێنماییە قەبـول دەکـات کە وەزارەتـی دارایـی رێژەیەکـی زۆر لەو پارەیە گل بداتەوە و دواکەتن روو بدات، وە جـگەلەوەی دەرکەوت کە ئەو کۆمپانیـایەی کە دەرمانی شێرپەنجە دەهێنێت تەزویری کتابێکی کردووە لە کۆمپانیا ئەلمانیەکە کە خۆی بـری کرد کە ئەو کتابە هی ئەوان نیە و ئەو دەرمانە هی ئەو شەریکە ئەلمانیە نـیە، بـۆیە ئەو تەزویـرە چوو بە بەرچاوی وەزارەتەوە چ ئیجرائاتێك كـراوە بەرامـبەری و ئەو کەیسێکی یاسـاییە چـۆتە دادگاوە، ئەو کەیسانەی کە لە دەستەی نەزاهەن لەسەر وەزارەتی تەندروسـتی کە یەکێکیـان ئەو کەیسـەیە کە باسـکرا و بەڕێزتـان وەکـو وەزیـری تەندروسـتی بـاس لەوە دەکرێـت کە ئاگـاداری، روونکـردنەوەی پێویسـتمان دەوێـت لەسـەر ئەو کەیسـانە و ئەو کەیسـەی بەڕێزیشـت وەکـو وەزارەتی تەندروستی چیکـردووە بەرامـبەر بەوانەی کە تۆمەتبـارن لەو کەیسـانەدا، لە دەسـتەی نەزاهەن و لای داواکاری گشتین، بەڵام وەزارەت چ ئیجرائاتێکی کردووە بەرامبەریان لایەنی کەم وەکو یاسا دەڵێت ئیقافی مەهامیـان بکرێـت تـاوەکو یەکلایـی دەبێـتەوە، کەیسـەکەیان لە رووی یاســاییەوە، بەڵام ئەوەی کە دەیبینــین موتبەعەمــانکردووە کە بەرزکــراونەتەوە و ئەرکــی زیاتریشیان پێسپێردراوە و بەرپرسیاریەتی زیاتریشیان پێسپێردراوە لە بری ئەوەی ئیجرائاتیـان بەرامبەریـان بکرێـت، ئاڕاسـتەی گرێبەسـتەکان لە وەزارەتەکەی بەڕێـزت زۆر گومـانی لەسـەرە، زۆرێـك لەو گرێبەسـتانەن کە بەڵـگەوە هەمـانە و هەمـووی سـەلمێنراوە و دراوتە دادگـاوە کە گرێبەستەکان ئیحاڵەکردنیان دەدرێت بەو کۆمپانیایەی کە خراپترینە، نەخۆشخانەی گـورچیلەی دروستکراو لە کۆیی و شەقلاوە بۆچی تەلاعوبی پێکراوە بەغدا لیژنەی تەحقیقی دروستکردووە لەسەر ئەم کەیسانە......

**بەڕێز هێمن احمد خەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کاوە فەرموو.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئەوەی کە لە راپۆرتەکەی لیژنەی تەندروستی پێموایە کە راپۆرتێکی زۆر تێر و تەسـەل بوو، ئەوەی کەوا ئێمە دەیبینین لە هەرێمی کوردستان بەداخەوە کەرتی تەندروستی زیاتر بەرەو ئەهلـی بـوون دەچێـت، زیـاتر بەرەو کەرتـی تـایبەت دەچێـت، تـۆ سـەیری بـکە بەردەوام نەخۆشـخانەی ئەهلـی دەکـرێتەوە بە هەمـوو پێداویسـتیەکانیەوە، لە بەرامـبەردا نەخۆشـخانە حکومیەکان ئیهمـالکراون، یەعنـی نەخۆشـخانە هەیە لەو هەولێـرە حەبێکـی سـەر ئێشـانی تێـدا نەبووە، بەڵام لە نەخۆشـخانەی حکومی هەمـوو جـۆرە پێداویسـتی و کەل و پەلێکـی پزیشـکی تێـدایە، یەعنــی ئەمە نیشــانەی ئەوەیە کە ئیهتیمــام بە نەخۆشــخانەی تــایبەت دەدرێــت و

هەمووشمان دەزانین نەخۆشخانەی تایبەت لە هەرێمی کوردستان یـان هـی بەرپرسـێکی بـاڵایە یان هی کوڕەکەیەتی یان بەپرسێکی باڵا لەگەڵ شەریکە، هەر ئەوە وایکردووە کە کەرتی گشـتی ئیهمـال بکرێـت و تەندروسـتی گشـتی ئیهمـال بکرێـت و تـایبەت پەرەی پێبـدرێت، ئەوەی تـر کە کێشـەیە بەڕاسـتی لەو مـاوەیە بە تـایبەت لە سـنووری سـلێمانی مەسـەلەی نەبـوونی دەرمـان و پێداویسـتی پزیشـکی، یەعنـی ئەو هەمـاهەنگیەی کە هەبـووە لە نێـوان هەرێـم و بەغـدا چـۆنە، یەعنــی بە بەڵــگە لامــانە لە بەغــدا فراکســیۆنی پەرلەمــانی هەبــووە هەوڵیــداوە مــن بۆخــۆم ئاگـاداربوومە فراکسـیۆنەی نەوەی نـوێ لە پەرلەمـانی عێـراق دە جـار پەیوەنـدی بە وەزیـری تەندروسـتی بەغـداوە کـردووە بڕێـك پێداویسـتی پزیشـکی دابینکـردووە، بەڵام مـخەوەلەکەی سلێمانی کەرتی تەندروستی سلێمانی نەچووە وەری نەگرتـووە و تـاوەکو ئێسـتاش ئەو کێشـەیە بەردەوامە، بــۆچی ئەو کێشــەیە هەیە بە تــایبەت بەڕێزتــان (٥/٢٥) وابــزانم لیژنەیەکــی بــاڵا سەرەدانی بەغداتان کرد نەتیجەی ئەو سـەرەدانە چـی بـوو، وە ئەو کەم تەرخەمـیەی لە کەرتـی تەندروستی سلێمانی هەیە بۆچی دەگەڕێننەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد خەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جنان فەرمووو.

**بەڕێز جنان جبار بویا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی جەنابی وەزیری تەندروستی دەکەین، چەند نوقتەیەك هەیە دەمەوێت باسـی بـکەم سەبارەت بە نەخۆشخانە تایبەتەکان لەسەر نرخ و ئەوانە روون بکەمەوە کە زۆربەیان واقیعـین، یەکێك لەوانە نرخی دکتـۆری ئیستیشـاری کە نەخۆشـەك هەیە لە نەخۆشـخانەی ئەهلـی جەڵتە لێیداوە پێویستە دکتۆری دڵ سەردانی بکات یان جـومگەی عەسـەبی یـان بـاتنی کە دێـت پێـنج دەقیقە بەس زەختی وەردەگری کە لە وەسڵ نەوەت هەزار دینار سـەرەدانی دکتـۆرە بـۆ مـاوەی پێنج دەقە، یەعنی گوناحە نەخۆشەك هەموو رۆژێك سـێ دکتـۆر سـەرەدانی بکـات دوو سـەد و حەفتا هەزار دینار یـان دوو سـەد و هەشـتا هەزار دینـار ئەوە گـرنگە چارەسـەر بکرێـت جەنـابی وەزیـر، دوو: نرخـی عەملیـات ئەوڕۆ بەیـانی شـتێکی واقیعیتـان پـێ بڵـێم دەهـاتمە پەرلەمـانی کوردستان تەلەفۆنەکم بۆ هات منیش هەڵمگـرت کـوتی دەمەوێـت حجـز بـکەم، منـیش گـوتم بە غەڵەت تەلەفۆنت کردووە من سکرتێری دکتۆری نیمە من ئەندام پەرلەمانم، گوتی والله مامۆستا زۆر باشە گوتی من نەخۆشم چوویمە دکتۆر بۆ عەملیات گوتی دوو ملیۆن دینار، دواتر گوتی بڕۆ (CMC) چوویمە ئەوێ داوای چل و سێ وەرەقە دۆلاریان لە من کـرد، گـوتی والله منـیش نیـتم، مەوزووعی دیکە فریاکەوتنی ئەهلیەکان زۆر گرانە، یەعنی بەڕاستی کە نەخۆشەك دەچێـت یەك تەختیتی دڵ یان یەك دەرزی سەد و پەنجـا هەزار دینـارە زۆر گـرانە بەڕاسـتی، شـتێکی تـر هەیە نەخۆشـەك هەیە ئێسـتا پێویسـتی بە پێـنج دەفـتەر دۆلارە نەخۆشـی کلـیەی هەیە نیسـبەی کارەکانی سەدا پەنجـا لە پەیجەکـان نووسـیووە، ئـێ باشـە ئەوە ئەگەر پـارەی نەبێـت ئەو پێـنج دەفتەرە لە کوێ دەهێنێت.

**بەڕێز هێمن احمد خەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك هێڤیدار فەرمووو.

**بەڕێز هێڤیدار احمد سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز وەزیری تەندروستی، پرسیارێکم هەیە لە بەڕێزت، بەڕێزت وەزیری تەندروستی وە یەکێك لە بەڵگەکان یەعنی داواکاری حکومەت ئەوەبوو کە وەزارەتی تەندروستی پێش بخرێت، چونکە خەڵك پێویستی پێیەتی، وە پێوەری پێشخستنی هەر حکومەتێك وەزارەتی تەندروستی و پەروەردەیە، جەنابت لە کەرتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان رازی، باشە بۆ بەپرسی ئێمە ناڵێم خەڵکی دەوڵەمەند کەیفی خۆیەتی کە ددانی دێشێت دەچێتە دەرێ عیلاج دەکات، ئایا کەرتی تەندروستی ئێمە بای ئەوەندە نیە عیلاجی بەرپرسەکانی ئێمەش بکرێت کە خەڵك سیقەی بە تەندروستی ئێمە هەبێت، بابەتی تر لەسەر پارێزگای دهۆك و ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆیە، حکومەت لە نەخۆشخانەکانی حکومەت لە هەموو پارێزگای دهۆك سێ ئەشیعەی رەنینی هەیە، بەوەی کەرتی تایبەتەوە دەبێتە هەشت، یەعنی ئەگەر ئەمە حساب بکەین ئەوەی حکومەت هەر پێنج سەد هەزار کەس لە پارێزگای دهۆك یەك ئەشیعەی رەنینی بەر دەکەوێت، ئەگەر ئەوەی کەرتی تایبەتیش حساب بکەین هەر دوو سەد هەزار کەس یەك ئەشیعەی رەنینی بەر دەکەوێت، ئەشیعەی رەنین لە بەینی دوو سەد تا سێسەد هەزارە لە نەخۆشخانەی ئەهلی لە نەخۆشخانەی حکومی نەخۆشخانەکە کە چوار سەد هەزار کەس لەسەر یەك ئەشیعەنە تێکچوو بە چوار مانگ یان پێنج مانگ ئینجا چارەسەر دەبێت، تکایە ئەمە زۆر بە جدی وەری بگرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد خەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بژار فەرمووو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنا جەنابێ وەزیرێ تەندروستی دکەم، دەستخۆشیێ ل لیژنەیا تەندروستی دکەم، هەندەك جار ئەگەر خەڵك دەچیتە نەخۆشخانێت ئەهلی ب تایبەت بەشی ئینعاشێ ب حەز و ڤیانە خۆ ناچیت بەڵکو مەجبورە ژبەر کو تەختێت ئینعاشێ حکومی تەختێت وێ عەدەدێ وان کەمە، خەڵك مەجبورە بچیت نەك ب حەز و ڤیانێ دچن، ژبەر هەندێ دچنە نەخۆشخانەی ئەهلی بەڕاستی پارەکی گەلەك زێ دێتە وەرگرتن، هەروەسا حەز دکەم پرسیارەکا ل جەنابێ تە بکەم جەنابێ وەزیری، ئەگەر پرۆژە یاسای بیمەیا تەندروستی بێت و ببیتە یاسا هەتا چ رادەیەك ڤان کێشان چارەسەر دکەت، هەروەسا دوو بابەتێ دی یا تایبەت ل سەر پارێزگەها دهۆکێ ڤە ژبەر کو گەلەك موهیمن بۆ پارێزگەها دهۆکێ، یەکێکیش وان جەنابێ تە دزانیت شێرپەنجە نەخۆشیەکا گەلەکا مەترسیدارە، یەعنی مەعقول نینە هەتا نوکە ل پارێزگەها دهۆکێ نەخۆشخانەیەکا تایبەت ب ڤێ نەخۆشخانێ ڤی نەبیت و ئەڤ هەلگرێت ڤێ نەخۆشی هاووڵاتیا پارێزگەها دهۆکێ هەمی جارا بێن سەرەدانا پارێزگەها هەولێر و سلێمانی بکەن ب رێکا دیر و درێژ، حەز دکەم ل ڤی کابینێ ڤە و جەنابێ تە تەئکید ل سەر بکەن و ئەڤێ حەل کەت، پرسیارا من یا دووێ بەری چەند رۆژە لەگەڵ جەنابێ تە مە بەحس کر راگایەندە جەنابێ

تە نەخۆشخانەیەکا فریاکەوتنا مەزن ل ناڤبەرا قەزایا دهۆك و سێمێل بینایەتە، هەیکەلی یا تەمام بووە چەند ساڵەکە ئەگەر ئەڤە بێتە تەمام کرن خزمەتەکا مەزن بۆ خەڵکێ سێمێلێ و دهۆکێ ژی دکەت و دێ تەختێت وێ نقاندنێ ویت ئینعاشێ حەڵەتێ تەواری ژی دێ گەلەك باشتر لێدێن و بەرەڤ پێشتر دچن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد خەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شوان فەرمووو.

**بەڕێز شوان کریم محمد (شوان زراری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەکان دەکەم، بابەتەکەی من داواکاریەکە لە جەنابی وەزیری تەندروستی سەبارەت بە بەشی فریاکەوتنی نەخۆشخانە تایبەتەکان، لە حاڵەتی روودانی لە ناکاو وەکو برینداری هاتووچۆ بێت یان رووداوە نەخوازراوەکان، نەخۆشخانە تایبەتەکان بریندارەکان وەرناگرن تا نووسراوی فریاکەوتنی حکومیان لانەبێت، جاری وا هەیە نەخۆش بارودۆخی زۆر نا تەندروستە و تەحەمولی ئەوە ناکات کە بچیت نووسراوێك بێنێت و دوایی چارەسەری بۆ بکرێت، بۆیە داوا لە جەنابی وەزیر دەکەین ئەگەر فەرمان بکەن چارەسەریە سەرەتاییەکان بکرێت دوایی رێکارە یاساییەکان بگیرێتە بەر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد خەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێخ ظاهر فەرمووو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر دەکەم، پێموابێت زۆربەی قسەکانی من کرا، بەڵام هەر وەکو تەئکیدکردنەوە چەند خاڵێکم هەیە، یەکەمیان: هەبوونی جیاوازی لە نرخ لە دەرمانخانەیەك بۆ دەرمانخانەیەکی تر کە زۆرجار دەبینی دەچی دەرمانێك دەکڕی دەبینی نرخی لە دەرمانخانەیەك لەگەڵ دەرمانخانەیەکی تر جیاوازە کەچی هەمان کۆمپانیایە، خاڵێکی تر زۆرجار دکتۆر نەخۆش ناچار دەکات دەبێت بچیت دەرمان لە فلان دەرمانخانە یان پشکنین لە فلان موختەبەر یان ئەشیعە لە فلان شوێن بگریت، ئایا وەزارەت چ پلانێکی هەیە بۆ چارەسەرکردنی ئەم بابەتە، خاڵێکی تر هەموومان دەزانین نەخۆشی ئۆتیزم یەکێکە لەو نەخۆشانەی کە چارەسەرکردنیان زۆر زەحمەتە، وە هەر خێزانێکیش نەخۆشێکی ئۆتیزمی هەبێت ژیانیان زۆر بە زەحمەت بە رێوە دەچێت، ئایا وەزارەت چ پلانێکی هەیە بۆ ئەوەی سەنتەری ئۆتیزم زیاد بکات بۆ چارەسەرکردنی ئەو نەخۆشانە، بابەتێکی تر زۆرجار دەبینین لە کاتی نووسی عیلاج لەلایەن پزیشکەوە بۆ نەخۆش گرفت دروست دەبێت کە دەباتە دەرمانخانە زۆربەی دەرمانخانەکان نازانن چی نووسیووە، بە شێوەیەك دەنووسی زۆر بە زەحمەت دەخوێندرێتەوە، لە عێراق بڕیار دەرچووە پێموابێت دەبێت بە تەبع بنووسرێت، ئایا لە کوردستانیش هاوشێوەی عێراقی لێدێت یان نا، خاڵێکی تر ئێمە یاسایەکمان دەرکرد بە ناوی یاسای ماف و ئەرکی نەخۆش ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠٢٠) بوو، ئایا تا چەند ئەو یاسایە ئێستا لە بواری جێ بەجێکردنە و وەکو خۆی جێ بەجێ دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد خەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك چیا فەرموو.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من چەند خاڵ و تێبینیم هەیە، پرسیارا ئێکی ل سەر بابەتێ نەخۆشخانێت تایبەت بوو، جەنابێ وەزیری ئەو بڕیارە ژ لایێ وەزارەتا تەندروستی دەرکەت بۆ نرخێن ل سەر نەخۆشخانێن تایبەت کو دەمێ کۆرۆنا ل سێ سەد بۆ شەش سەد دۆلار بوو، بەڵێ موخابن ل سەدێ نۆەت پێنج ئەڤان نەخۆشخانێ پێگری ب ڤان بڕیارا نەکریە، بۆ نموونە ئەڤە بەڵگە بەر دەستێ منە نەخۆشەك بۆ ماوەی چواردە رۆژان ل نەخۆشخانە بوو سی هەزار دۆلار ژی نەخۆشێ هاتیە وەرگرتن، وە ئەڤ نەخۆشە تەنها پێتڤی ب رۆژێ جارەکێ سیپاپێ بوو و هیچ شتەکی دی نیە، یا هەرێ گرنگ ئەوبوو کو ل سێ رۆژا ئەولیدا پێنج هەزار دۆلار هاتبووە وەرگرتن ژ ڤان پێنج هەزار دۆلاران سێ هەزار دۆلار تەنها نووسی بوو بۆ جل و بەرگێ نەخۆش و هاوکارێ نەخۆش، یەعنی سێ هەزار دۆلار بۆ سێ رۆژان ژ نەخۆشی هاتیە وەرگرتن بەڵگەش ل بەر دەستێ منە و ئەز خۆش شاهدم ل سەر وێ، بابەتی دی ئەوە بوو کو جەنابێ وە بڕیار دابوو هەر نەخۆشخانەیەکا تایبەت پێنج کەسان بەلاش چارەسەر بکەت، بەڵێ موخابنی ڤە ئەڤ ژیش نەهاتیە چارەسەر کرن، پرسیارا دووێ بابەتێ سەندیکایێن تەندروستی هەنە، ل ماوەی بوریدا سەندیکایێن تەندروستی مافەکی زێدە هەنە یەعنی دسەلاتێ سەندیکا زێدە تر بوویە، سەندیکا بڕیار ددات چ نەخۆشخانەك بێتە قەپات کرن یان بێتە ڤە کرن و بڕیار بێتە دان، ل هەمی دنیایێدا سەندیکا تەنها پاراستنا مافێ پیشەییە وان کەسان کو وی کارێ دکەن، بەڵێ موخابنی ڤە سەندیکا پێتڤیە ل کوردستانێ دەسەلاتا وی ژی ل وەزیری زێدە ترە، بۆ ئەڤە ژی پێتڤیە سەندیکا بێنە رێکخستن ژ لایێ وەزارەتێ، بابەتێ سێیەم ل زاخۆ باژێڕەکا پێنج هەزار کەسیە دگەل پێنج کەمپان هەتا نها یەك جیهازێ دەستکردێت تەنەفوسا صناعی نینە، بۆ نموونە ئەگەر کەسەك پێتڤی ب تەنەفوسا دەستکرد بیت پێتڤیە بێتە رەوانە کرن بۆ دهۆکێ، گەلەك جارا ل ناڤ بەرا دهۆکێ و زاخۆ ژیانا خۆ ل دەست ددات، هەروەسا سەنتەرێ ئۆتیزمێ زاخۆ گەلەك زاڕۆك تووشی ئۆتیزم بوونە هەتا نها هیچ سەنتەرەکێ ئۆتیزمێ نینە، بابەتێ ڤاکسینێ و تێستێ کۆرۆنایێ ل سنوورێ کوردستانێ بوویە بابەتەکێ رووتین تەنها پارە وەرگرتنە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد خەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

شیرین خان فەرموو.

**بەڕێز شیرین یونس عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی بەڕیز وەزیری تەندروستی دەکەم، بەڕێز وەزیری تەندروستی وەکو خۆی ئاگادارە بینای نەخۆشخانەیەك لە کۆیە ئامادەیە بۆ نەخۆشیەکانی گورچیلە، بەڵام تاوەکو ئێستا ئەجهیزەی پێویستی بۆ دابین نەکراوە، دەتوانن پێمان بڵێن ئەو نەخۆشخانەیە کەی دەکرێتەوە بۆ قۆناغی خزمەتکردن، هەروەها نەخۆشخانەی دوو سەد و نەوەت یەك قەرویڵەییەکەی رانیە لە سنووری ئیدارەی راپەڕین لە ساڵی (٢٠١٢)ەوە بەردی بناغەی دانراوە، لە دوو ساڵی رابردوو

کراوە دوای دە ساڵ لە (٦٠%)ی تەواوکراوە، کاتی خۆی بە بیانووی قەیرانی دارایی کارکردنی تێدا راوەستاوە، بەڵام ئێستا دۆخی دارایی باشە بۆچی تاوەکو ئێستا ئەو نەخۆشخانەیە تەواو ناکرێت، وەکو ئەو دەڤەرە دەڤەری راپەڕینە و حەقی بەسەر هەمووانەوە هەیە دەکرێت لە ئێستادا بتوانن ئەو نەخۆشخانەیە تەواو بکەن بۆ ئەوەی لایەنی کەم زۆرترین پێویستیەکانی سنووری راپەڕین لەو نەخۆشخانەیە دەکرێتە جێ بەجێکردنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد خەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك علی فەرمووو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من کۆمەڵێك دۆسیەم لایە، بەڵام رەنگە بتوانم گرنگترینیان باس بکەم، دۆخی دەرمان و تەندروستی لە سنووری ئیدارەی سلێمانی لە داروخانێکی گەورەدایە لەبەر ئەم هۆکارانەی کە بە وردەکاریەوە باسی دەکەم، دواتر باسی چارەسەر دەکەم، ئەو دەرمانەی کە لە عێراق لە ساڵی (٢٠٠٥)ەوە دێت لەسەر نەفەقاتی حاکمە دێت بە بەردەوامی، هەموو مانگێك دێت تا رادەیەك بۆ هەر سێ پارێزگاکان، بەڵام ئەمە لە (٤٠%) پێداویستی دابین دەکات بەپێی جۆر و بڕەکان، لە (٦٠%)ی دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان بیکڕێت، حکومەتی هەرێم ئەم ساڵ یەك حەبی پاراسیتۆڵی نەکڕیووە ئیدارەی سلێمانی، یەك کۆمپانیاش ئامادە نیە گرێبەستیان لەگەڵدا بکات لەبەر ئەوەی متمانە نەماوە، چارەسەر بۆ ئەمە چیە، ئایا ئەو خەڵکە بمرێت، نەخۆشخانەی هیوا ئەم ساڵ هیچ بڕە پارەیەکی لە پارەی سەندوقی شێرپەنجە بۆ تەرخان نەکراوە، من لە بەڕێز جەنابی وەزیر دەپرسم بەپێی یاسای ژمارە (٢١)ی ساڵی (٢٠١٢) لە نۆزدە سەرچاوەوە تەمویلی سەندوقی داهاتی نەوت دەکرێت، گرنگترینیان مەشروب و جگەرە گومرگەکەی لە خاڵە سنووریەکان و سەندوقی هاتووچۆ، خێرە پارەی تێدا نییە، ئەی خۆ گومرگ دێت و هاتووچۆ دێت و هەمووی هەیە، بەڵام تەمویل نییە، چەك دەکەن دەبرێت بۆ بانك دەڵێن رەصید نییە، ئەمە بووە بەهۆی ئەوەی ئێستا کە من قسە دەکەم لێرە دوو سەد نەخۆش دەبێت بمرن لە نەخۆشخانەی هیوا، لەبەر ئەوەی چوار (ئایتم)ی سەرەکی هەیە نییە کە هەموو کۆرسێك کە پێویستیان پێیەتی نزیکەی پێنج هەزار دۆلارە واتە پەنجا وەرەقە لە کوێ بیهێنن، نیە، لە ساڵی (٢٠١٧)ەوە ئامێرێکی چارەسەر بە تیشك (ليناك) لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بڕیاری لێدراوە بۆ نەخۆشخانەی هیوا تاوەکو ئێستا نەکڕدراوە، دەزانن بەهۆی ئەمەوە چەند کەس تووشی گرفت و دەردەسەری بوون، بەڕێز وەزیری تەندروستی، دۆسیەیەکی تر هەیە لە پارەی نەوت کۆمپانیایەك لە پارەی خۆی چل ملیۆن دۆلاری تەرخانکرد بۆ نەخۆشخانەیەك ئەم نەخۆشخانە کرا بە ئەهلی، درا بە کۆمپانیایەك، بە پارەی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش نەبووە، بە پارەی نەوت بووە، ئێستا گرانترین نەخۆشخانەی ئەهلیە لە هەولێردا، چارەسەری ئەمە چیە، زۆر سوپاس.

## پاش پشوو

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، دەست بە دانیشتنەكەمان دەكەینەوە، فەرموون، هەمووی پێنج، شەش كەسێك ماوە بۆ ئەوەی قسە بكەن، كاك جمال، فەرمووو.

**بەڕێز جمال حويز مصطفى:**

**بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەكان دەكەم، دیارە بابەتی ئەوڕۆمان مەسەلەی داو و دەرمان و سێكتەرەكانی تەندروستی یە لە هەرێمی كوردستان، من پرسیارەكەم هەیە بۆ جەنابی وەزیر، دیارە وەكو ئێمە مەعلوماتی هەیە لەسەر دەرمانی بێ كوالیتی و ماوە بەسەرچوو و قاچاخ، جەنابی بە تەئكید علمی هەیە، ئایا جەنابی وەزیر ئێوە بەرنامەتان چییە بۆ بنبڕكردنی ئەو دیاردە قێزەوەن و خەتەرناكە؟ دووەم/ دیارە بار و گوزەرانی هاوولاتییانی كوردستان قورس بووە، ڕۆژ بە ڕۆژ جۆرەها نەخۆشی بڵاو دەبێتەوە، لەگەڵ ئەوەش ڕۆژ بە ڕۆژ نەخۆشخانە ئەهلییەكان زیاد دەبن، دیارە ئەو خەڵكەی كە فەقیر و نەداریشن حەز دەكەن نەخۆشەكانیان لە نەخۆشخانە ئەهلییەكان چارەسەر بكەن، بەڵام بەداخەوە ئەو ئیمكانیەتەیان نییە، دەبێ جەنابتان بەلانسێك دابنێن بەینی نەخۆشخانەكانی حكومەت و ئەوانەی ئەهلی، خەڵكەكە چیدیكە بە بێ نازی نەمرن لەسەر جێگایان، سێیەم/ نەخۆشخانەی ڕانیە، كاك یاسین و شیرین خانیش باسیان كرد، جەنابی وەزیر بینایەكە تەواو بووە، بەڵام هەر لەسەر ئەوە مابوو ئەجهیزەی پزیشكی بۆ بێ، بەڵام پەكی كەوتووە تا ئێستا دەنا هەر ئەجهیزەی مابوو بینایەكە تەواو بووە، ئایا بۆ تەواوی ناكەن؟ لە كاتێك دا پێنج سەد هەزار نفوس لە سنووری پشدەر و بتوێن هەیە، جەنابی وەزیر ئایا بیرتان نەكردۆتەوە بۆ ڕاگرتنی ئەو بەلانسەی، ئەو زیادبوونی ئەو نەخۆشخانە ئەهلی و بێ ئیمكانیەتی خەڵك و بیمەی تەندروستی بە زووترین كات وا بكەن بچێتە بواری جێبەجێ كردن؟ پێنجەم خاڵم ئەوانە كێن كە سەردانی نەخۆشخانەی هیوا دەكەن؟ دیارە ئێمە ڕۆژانە تەلەفۆنمان بۆ دێت، كابرا لەسەر جێیە، بێ مووچەشن، ئەو دەرمانەی مانكانە پێویستی هەیە تەكلیفی سێ ملیۆن و نیو دەكات، ئەو پیاوە فەقیرە لە كاتێك دا كە ئەو نەخۆشخانە بێ داو و دەرمانە ئەو پارەیە لە كێ دەینی؟ ... .

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ كاك جمال سوپاس، دەستت خۆش بێت، كاك گۆران، فەرمووو.

**بەڕێز گۆران عمر علی:**

**بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری تەندروستی و وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان دەكەم، زۆر بەخێربێن، دەستخۆشی تەواو لە لیژنەی تەندروستی دەكەم بۆ ئامادە كردنی ئەو ڕاپۆرتە، من دەستخۆشییەكی بێ پایان لە بەڕێز وەزیری تەندروستی و سەرجەم دكتۆرە بەڕێزەكانی

هەرێمی کوردستان و سەرجەم کارمەندەکان و مونتەسیبەکان دەکەم کە توانیان بە گیانێکی خۆنەویستانە رووبەڕووی نەخۆشی کۆرۆنا و کۆڤید١٩ ببنەوە، توانیان سەرکەوتن بە دەست بێنن، دەستخۆشیتان لێ دەکەم، هەروەها پێشتر لە کۆبوونەوەکانی پێشوودا بە نووسراو پرسیارمان ئاراستەی وەزارەتی تەندروستی کردبوو کە لە هەندێك شار و شارۆچکەکانی کوردستان وەك دەڤەری راپەرین و هەڵەبجەی شەهید و هەروەها دەڤەری گەرمیان و مەخمور پێداویستی ئامێری پزیشکییان هەیە، تا ئێستا هەندێك لە ئامێرە پێداویستیە پزیشکییەکانییان بۆ دابین نەکراوە، بۆچی؟ هەروەها ناردنی هەندێك دکتۆری پسپۆڕی تایبەت لە بواری نەخۆشییە جیاوازەکان کە داوایان کردبوو لەو شار و شارۆچکانە، بەتایبەتی گەرمیان کە لە شەڕی داعش دا با بڵێین بریندار هەبوو کە بە هۆی نەبوونی دکتۆری پسپۆڕی تایبەت لەو بوارەدا نەتوانرا چارەسەری سەرەتایی بۆ بکرێ و یان چارەسەری بۆ بکرێ بە هۆی ئەوەوە گیانی لە دەست دا تا گەیاندیانە نزیکترین شار، بەتایبەتی لە گەرمیان داوایان کردبوو کە ئەمبولانسیان بۆ زیاد بکەن، نەخۆشیان هەبووە لەوێ بە سەیارەی مەدەنی ناردوویانە بۆ شاری سلێمانی بە هۆی نەبوونی ئەمبولانسەوە، هیوادارین کە سەیارەی ئەمبولانس بۆ ئەو شار و شارۆچکانە دابین بکرێ.. .

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس کاك گۆران، دەستەکانت خۆش بێت، سوپاس کاك گۆران، بە نووسین بینێرە بۆ جەنابیان، رۆژان خان، فەرموو.

**بەڕێز رۆژان إبراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی.**

دەستپێکێت ب خێرهاتنا وەزیرێت بەڕێز دکەم، هەرچەندە بابەتێ کۆمبینێ یاداشتا مە ل سەر نرخ و کواڵتیا دەرمانا و نرخی نەخۆشخانێت ئەهلی بین، بەس بابەتێت گرنگن، بەس هەمجا بابەتێت گرنگتریش هەین ناڤ کەرتی تەندروستی دا، ژوانا یاسایەکی یاسا وەکو ئەرکێت نەخۆشی ل پەرلەمانی دەرکات و رێنمایی ژی پێ دەرکاتن هەر لە (٢٠٢٠) بەس وەك پێویست نوکە جێبەجێ نابێتن، ئەم حەز دکەین دیڤ چوونێك بێت کرنێ، دیڤ چوونا مە دەرکەتی کو خەلکی هەر گازندەیێت هەین سەر چەوانیا سەرەداریکردنا دگەل نەخۆشا، ئەم حەز دکەن جدديتر ڤی بابەتی، کار ل سەر بێت کرنێ ژ لای وەزارەتا تەندروستی، ڤە هەروەسا دام و دەزگەهێت کەرتی تەندروستی، ل دهۆکێ زۆرترین رێژا دیڤ هەندەك ئامارا رێژا تووشبوونا شێرپەنجا هەی گەلە برادەرا ژی بەحس کرد، ئەز دبێژم وەختە ڤێ جا سەنتەرەك یان ژ نەخۆشخانەیەك بۆ شێرپەنجێ و ب هەمی ئەجهیزە و ئەشیعە ڤە بێت داینانێ کو خەڵکی مە زێدەتر بۆ پارێزگاهێ دی نەچێتن بۆ چارەسەرییێن، بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی، کارمەندێ تەندروستی زۆرجارا ئەگەر بیرا خۆ بینن پزیشك و کارمەندی دیڤا حەمی موناسەبە ئەون، یەعنی خۆشیا خۆ قوربانی نەخۆشیێت هاووڵاتیيا دکەن، ل ڤێرێ بابەتەك هەبین ڤی ئەز بەحس بکەم، دوو، سێ برادەرا ژی ئاماژە پێ کر، چەند فەرمانبەرێت هەین سەر کەرتی تەندروستی ل پارێزگاها دهۆکی حەتا نوکە گرێبەستێت وان لەسەر پەرەپێدانینە، هەرچەندە هاتینە کرنێ بەس پارەی وان نایێت صەرف کرنێ، من حەز دەکەم پێداچوونەك بۆ بێت کرنێ ژ لای جەنابی

وەزیرێ، ڤە بۆچی حەتا نوکە ئەڤ پارە نەهاتنە صەرف کرنێ؟ ئەگەر نەشدا فۆن بن وەزارەتی دارایی حەز دکەم بێ سەر خەت، خالی بکەت خودان، تشتەکی گرنگ ئەم بیتا حەز دەکەم ئەڤ دانیشتنە ئاخافتنێت پەرلەمانتارێت بەڕێز نەبن ئەگەرێ نەمانا باوەریێ ناو بەینا کەرتی تەندروستیێ مەی حکومی، چونکی خزمەتەك زۆر زۆر بەرچاڤێت دکاتن، هەم ژ بیر نەکەن رۆلەکی زۆر جیاواز هەبیت سەرەداری کردنا دگەل کۆرۆنایدا، ئەم دڤێت رۆلا وان ژ بیر نەکەن، نەبیتن ئەگەری نەمانا باوەریێ ناو بەینا خەلکی و کەرتی تەندروستی دا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، د.گەلاوێژ، فەرموو.

**بەڕێز د.گەلاوێژ عبید عثمان :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەکان دەکەم، سوپاس بۆ ئامادەبوونیان، ئەوەی لەلای من گرنگە وابزانم کەسیش ئاماژەی پێ نەدا، سەنتەری چارەسەری تووشبووانی ماددە هۆشبەرەکانە، پێویستییەکی گرنگی کۆمەڵگایە، ئایا تا ئێستا چ هەنگاوێك بەپێی یاسای ماددە هۆشبەرەکان نراوە بۆ دروستکردنی سەنتەرێکی پێشکەوتووی چارەسەری تووشبووانی ماددە هۆشبەرەکان؟ بە پێی یاسای ماددە هۆشبەرەکان دەبێ سەنتەرێکمان هەبێ بۆ چارەسەرکردنی تووشبووان و ئاڵودەبوان بە ماددە هۆشبەرەکان، بەڕێز وەزیری تەندروستی ئایا چ هەنگاوێك نراوە بە پێی ئەو راپۆرت و پێشنیارانەی کە لیژنەی تەندروستی پێشکەشی ئێوەی کردووە بۆ لە ناوبردن و چارەسەرکردنی پاشماوە پزیشکییەکان؟ بەپێی بەدواداچوونی ئێمە تەنها دوو (autoclave shredder) هەیە لە ناو نەخۆشخانەکانی هەولێر کە پاشماوە پزیشکییەکان چارەسەر دەکەن، بۆیە کە لە پێشنیارەکانمان گوتمان دەبێ ڕێژەیان زیاد بکرێت و پاشماوە پزیشکییەکان بە شێوەیەکی زانستی و تەندروستی لە ناو ببردرێت بۆ ئەوەی زەرەر و زیانی ژینگەیی نەبێت و زەرەر و زیانی تری تەندروستی نەبێت بۆ سەر هاووڵاتییان، بەڕێز وەزیری تەندروستی بە پێی ئەو راپۆرتەی کە ئێوە پێشکەشتان کردووە لە وەرگرتنی سامپڵی ئاو لە قوتابخانەکان، تەبعەن ئەوە جێگای دەستخۆشی یە، بەڵام ئەوەی کە لێرە تێبینیمان کرد کە نمونەی نەشیاو (٣٧٤٥)ە کە ڕێژەکەی دەکاتە (٨%)، ئایا بۆچی ئەم نمونە نەشیاوانە هەیە؟ راستە ئەمە ڕێژەیەکی کەمە موقارەنەتەن بە ڕێژەی سەدییەکە، بەڵام هەر زۆرە، چونکە زۆر نەخۆشیمان هەیە لە ڕێگەی ئاوەوە دەگوازرێتەوە، خاصەتەن ئیلتیهاب ڤایرۆسی کەبەدی، کە لە قوتابخانەکان نابێت ڕێژەی نمونەی نەشیاوی ئاو هەبێت، بەڕێز وەزیری تەندروستی، بە پێی ئاماری ئێوە لە ساڵی (٢٠٢١) ڕێژەی منداڵان لە تەمەنی یەك ساڵی تا پێنج ساڵی لە کەمبوونەوە دایە، ئایا چ پلان و هەنگاوێکتان هەیە کە چ هۆکارێك بووە بۆتە هۆی ئەوەی کە ڕێژەی منداڵان کەم ببێتەوە؟ بۆ ئەوەی زیاتر گرنگی بەو هۆکارانە بدەن بۆیە ئەو ڕێژەیە زیاتریش کەم ببێتەوە و ڕێژەکە تەقریبەن بگاتە (١%)، یەعنی زۆر زۆر کەم ببێتەوە، دەستتان خۆش بێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس دکتۆرە خان، د.شایان، فەرموو.

**بەڕێز د.شایان کاکە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس بۆ بەڕێزان هەردوو وەزیرەکە، بەخێربێن، سوپاسی دەکەین کە کۆمەڵێك ڕاپۆرتی ئامادە کردووە، هەر سەبارەت بە ڕاپۆرتەکە خاڵی دووەم ڕاپۆرتی (گرنگترین چاکسازی و خزمەتگوزارییەکان لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان) لەوێدا ئاماژەت بە دەرچوواندنی پرۆژە یاسای ماف و ئەرکی نەخۆش داوە، کە گوایە هی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، بەڵام ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان لیژنەی تەندروستی لە پەرلەمانی کوردستان لەو پەرلەمانە پێشنیازە یاسای ماف و ئەرکی نەخۆش خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە، لە دوایی دا نێردرا بۆ ئێوە تەنها بۆ هەماهەنگی، کەواتە پێشنیازە یاساکە هەر یاساکەش هەر هی پەرلەمانی کوردستانە، سەبارەت بە خاڵی دووەم هەر لە ڕاپۆرتەکە جا خاڵی (١٠) خۆی ریزبەندییەکەی نۆیەمە بەڵام بووە بە خاڵی دەیەم، پێداچوونەوە بە لیستی فەرمانبەران و دەرچوواندنی فەرمانی خانەنشینی بۆ ئەو فەرمانبەرانەی گەشتوونەتە تەمەنی خانەنشینی، کەواتە کۆمەڵێك فەرمانبەری بەڕێز خانەنشین بوون، ئایا پلانتان چییە بۆ دامەزراندنی خۆبەخش و گرێبەستەکانی تەندروستی؟ خاڵی سێیەم سەبارەت بە سەنتەری دڵە، دەزانین سەنتەری دڵ لە پارێزگای هەولێر لەم ساڵدا تووشی کۆمەڵێك کێشە بووە، بەو هۆیەوە زیاتر لە (٣٠) فەرمانبەر فەرمانی گواستنەوەی ڕاژەکەیان لەو نەخۆشخانەیە بۆ کراوە، هۆکارەکان چین؟ زۆر سوپاس، دەستخۆش.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ دکتۆرە، کاك لقمان، فەرموو.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری تەندروستی و وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان دەکەین، ئاشکرایە کە لە هەرێمی کوردستان کەرتی تایبەت بە شێوازێکی بەرفراوان بەشداری کردووە لە کەرتی تەندروستی، بەڵام لە ڕاستی دا ئەم بەشداری کردنە ئیستیغلالی زۆری پێوە دیارە و بەشدارییەکی تەندروست نییە لە کەرتی تەندروستی، هاووڵاتییان کەوتوونەتە ژێر بارەکی قورس لە چارەسەرکردنی نەخۆشییەکانییان لە نەخۆشخانە ئەهلییەکان، ساڵێك بەر لە ئێستا لە ئەنجامی بەدواداچوونمان بۆ کێشەکانی دەرمان سەردانی کواڵیتی کۆنترۆڵمان کرد، بەڵێنیان پێدایین کە هەموو دەرمانێك پشکنینی بۆ بکرێ، هەموو دەرمانێك ستیکەری لێ بدرێت، چاودێرییەکی وردی نرخی دەرمانیش بکرێ، بەڵام لە ئێستادا هەموو دەرمانێك پشکنینی بۆ ناکرێ، هەموو دەرمانێك ستیکەری لێ نادرێ، لە ڕاستیش دا بەداخەوە چاودێری وردی نرخی دەرمان و چارەسەری نەخۆشەکان لە نەخۆشخانە ئەهلییەکان ناکرێ، لە بابەتی نرخی دەرمان بە شێوازێك ئیستیغلال کراوە و بە دیاریکراوی ئەو دەرمانانەی کە بە ئیمتیازی تورکی ناسراون، کە شەریکەی دایك دەرمانێك دروست دەکات دواجار بە تایبەت بە دیاریکراوی لە تورکیا نمونەکەی دروست دەکرێت، هاوشێوەکەی، بەشێك لەو دەرمانانە کە ئێمە نمونەمان لەلایە دواجار بۆ بەڕێز وەزیری تەندروستی دەخەینەڕوو، کە نرخی دەرمانێك لە نێوان پێنج بۆ شەش دۆلارە، بەڵام لە

هەرێمــی کوردســتان دا بەبــێ پشــکنین ستیکەریشــی پــێ دەدرێ لە بــازاڕدا بە بیســت دۆلار دەفرۆشێ، بەڕاستی ئەوە کارەساتە دەرمانێك (٣٠٠%) قازانجی بخرێتە سـەر کە ئەمە هەمـووی دواجار باجە قەرسەکە دەبێ هاووڵاتی بدات، لە بابەتی پشکنین لە تاقیگەکان دا چـاودێری نیـیە، بۆ نمونە پشکنینی ڤیتامین (D) کیتێك بە (١٠٠) دۆلارە (١٥٠) پشکنینی پـێ دەکـرێ، نـرخەکەی لە نەخۆشخانە ئەهلییەکان و لە موختەبەرەکان (٤٦) هەزار دینـارە، تەصەوری ئەوە بـکە، پشـکنین (CBC) هەزار دینار تەکلیف دەکات (١٧) هەزار دینار لە هاووڵاتی وەردەگیرێ، من دەپرسم بەڕێز جەنابی وەزیری تەندروستی دەبێ ئەم پرسە چاودێرییەکی وردی بکرێ، ئیستیغلال بەو شێوەیە لە تاقیگەکانی پشکنین لە راستی دا کارەساتە، وێڕای ئەوە لە نەخۆشخانە تایبەتەکان دا کە ئـێمە چەندین جار گفتوگۆمان لەسەر ئەوە کردووە نرخی حەقدەستی دکتۆر بە شێوازێکی خەیـاڵییە، نرخی مانەوە، نرخی دەرمان، نرخی خزمەتگوزاریی، کە هاووڵاتی کەوتۆتە ژێـر بـارێکی یەکجـار قــوڕس، لە بــابەتی دەرمــانی شــێرپەنجە، دوو جــۆر دەرمــان هەیە بەڕێــز جەنــابی وەزیــری تەندروستی (keytruda) و (perjeta) کە ئەو دوو دەرمانە جەنابت لە (٣/٢٧) نووسـراوت کـردووە بۆ بەڕێوبەرایەتییەکانی تەندروسـتی گشـتی دابینـی بـکەن، ئەم دوو دەرمـانە دوو دەرمـانی زۆر پێویستە بۆ چارەسەری سـەرەتانی، لە ئێسـتادا لە بـازاڕ دەسـت نـاکەوێ، هـاووڵاتیش نـرخەکەی ئەوەندە گرانە پێی ناکڕدرێ.. .

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

تەواو بەڕێزان، لیژنە سێ دەقەمان دابوونێ و ئەندامان دوو دەقە، تەواو سێ دەقەکەشت تەواو بوو وەڵلا کاك لقمان، سوپاس، کاك بەختیار، فەرموو.

**بەڕێز بختیار شوکری سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، دەستپێکێ بەخێرهاتنـا وەزیـرە بەڕێزەکـان دەکەم، سـەبارەت بە یاسـاکان وابـزانم وەزارەتی تەندروستی زیاترین یاسا بۆ پەرلەمانی کوردستان و بۆ لیژنەی تایبەتی نـاردووە، ئەوە جێگـای دەستخۆشـییە، بەڵام کێشـەی سـەرەکی کەرتـی تەندروسـتی دوو بـابەتن، یەك/ نەقصـی یاسایە، دووەم/ موتابەعە و بەدواداچوونە لەسەر ئەو یاسایانە لە پەرلەمـانی دەرچـوونە، ئەوەی هەڤاڵان بەحسیان کرد ئەمڕۆ (٨٠%) رەبتی هەیە بە موتابەعە لەلایەن سەندیکاکان و وەزارەتـی تەندروستییەوە، مەسەلەن نرخی دەرمان، کواڵتی دەرمـان، نرخـی لە نەخۆشـخانەکانی تـایبەت، کواڵتی نەخۆشـخانەکانی حکومەت، ئەوە هـیچ رەبتـی بە بـوودجە و تەرخـان کردنـی بـودجەی حکومەت نییە، بەڵام ئەو کێشەی ئەمڕۆ هەیە سزادان و موتـابەعە لەلای وەزارەتـی مەعنـی و بە تایبەت سەندیکاکانە، ئەوانن ئەوی دەوری سەرەکییان هەیە کو ئەو جێگای موخالەفەی یاسـایی بکات سزا بدرێن، بابەتی تر/بابەتی یاسـایی ئـێمە نوقصـانێکمان هەیە و ئەوە تەقـریبەن زیـاتر لە دوو ساڵە چاوەڕێین کە ئەو یاسایانە بێنە لیجـنەی ئـێمە، لیجـنەی ژیـنگە و تەندروسـتی و مـافی بەکاربەر، ئەویش یاسای بیمەی تەندروستی یە، دووەم/ دامەزراوەی خـۆراك و دەرمـان، سـێیەم/ جیاکردنی کەرتی گشتی و تایبەت، چوارەم/ ئەنجومەنی پزیشکی، ئەو چوار یاسـایە ئەگەر بێـنە پەرلەمانی کوردستان وابزانم زۆربەی ئەو کێشانە چارەسەر دەکـرێن، پـێم باشـە جەنـابی وەزیـر روونکردنەوەیەکمان بداتێ بۆ تا ئێستا ئەم یاسایانە نەهاتینە لیجنەی ئـێمەی مەعنـی پەرلەمـان،

تاوەکو بتوانین چارەسەری بکەین، بابەتی دووەم بابەتی ئەو ئامێرانەی شێرپەنجە رەنگە زۆربەی برادەران بەحسیان کرد لە پارێزگای دهۆك و ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ پێویستییان بە هەندێك ئامێر هەیە، ئەوانەی تووشی نەخۆشی شێرپەنجە دەبن تەحویلی پارێزگای سلێمانی و دهۆك دەکرێن، رەنگە سرەش بە شەش مانگ، شەش مانگ پێیان ناگات، دەشزانن ئەوەی نەخۆشی شێرپەنجە بێت رەنگە بە شەش مانگ ئەگەر عیلاجی وەرنەگرێت دەمرێت، پێم باشە وەزیری بەڕێز لە نزیکەوە موتابەعەی ئەم بابەتە بکات و ئەو ئامێرانە تەرخان بکات بۆ زاخۆ و دهۆك، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس بۆ بەڕێزان لە لیژنەی تەندروستی کە زۆر ماندوو بوون بە ئامادەکردنی ئەو راپۆرتە، ماوەیەکی کەمیشمان دابوونێ، وابزانم رۆژ و نیوێك بوو، دەستخۆشی لە هەر هەموویان دەکەین و زۆر سوپاسی بەشداری و پەرۆشی ئەندامانی پەرلەمان دەکەین کە (٧٦) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان بەشدارییان کرد و پرسیاریان کرد، رەنگە بە موعەدەل بگاتە نزیکەی (٣٠٠) پرسیار، (٢٥٠) بۆ (٣٠٠) پرسیار و، پێش ئەوەشی دەرفەت بدەینە بەڕێز وەزیری تەندروستی بۆ ئەوەی وەڵام بداتەوە بە ناوی پەرلەمانی کوردستانەوە زۆر زۆر سوپاسی سەرجەم کارمەندان و پزیشکان و پەرستار و هێزکاری تەندروستی وەزارەت دەکەین ئەوانەی کە میلاکی هەمیشەیین، ئەوانەی کە گرێبەستن، ئەوانەی کە بە خۆبەخشی لە سەردەمی کۆرۆنا شەونخوونییان کردووە و بە ئیمکانییەتێکی سنوورداری حکومەتی هەرێمی کوردستان و کەرتی تەندروستی و ژێرخانی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان توانییان بە کەمترین زەرەر هەرێمی کوردستان و هاووڵاتییانی هەرێمی کوردستان لە دەست ئافات و نەخۆشی کۆرۆنا تا رادەیەکی زۆر رزگار بکەن، بەڕێزان ئێستاش دەرفەت دەدەین بە بەڕێز وەزیری تەندروستی بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، بەڵێ حسیبە خان، بیکە با ببێتە (٧٧)، فەرموو.

**بەڕێز حسیبە سعید إبراهیم:**

**بە ناوی خودای مەزن و دلۆڤان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، بەڕاستی پرسیارەکە دووبارە نییە، لەبەر ئەوە ویستم موداخەلەکە بکەم، هەرچەندە تەقریبەن بە نووسراو ناردم، بەڵام دڵنیا نەبووم لە وەڵامدانەوەی، بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەکان دەکەم، بەڕێز وەزیری تەندروستی، پرسیارەکەی من لەو پرسیارانەی هەڤاڵانم کردیان جیاوازە و سەبارەت بە زۆربوونی ژمارەی سەنتەرەکانی جوانکارییە لە هەرێمی کوردستان دا، لە پاڵ ئەوانیش ئێستا لە ناو جوانکارییەکانی خانمانیش بەشی جوانکاری هەیە و پڕن لە بابەتی پزیشکی، ئایا ئەو دەرمانانەی لەوێ دا هەن لە کواڵتی کۆنترۆڵ دەردەچن؟ لە ژێر چاودێری ئێوەن و مۆڵەتی رێپێدانییان هەیە؟ بە پێی ئەو زانیارییانەی کە من هەمە نرخی دەرمانەکان لەنێو ئەو سەنتەرانە، هەروەها لە نێو جوانکارییەکانیش وەك هەمان نرخی داو و دەرمان لە کەرتی گشتی و تایبەت لێرەشدا جیاوازییەکی زۆری هەیە بۆ نەخۆش هەتا نەخۆشێکی تر جیاوازتر بەکار دەهێنن، لەلایەکی ترەوە ئێمە یاسای ماف و ئەرکی نەخۆشمان

هەبوو کە تێیدا ئاماژە بەوە دەکرێت پێویستە ڕێز لە نەخۆش بگیرێت و بە هیچ شێوەیەك وێنەکانی بڵاو نەکرێنەوە ئەگەر ڕەزامەندی نەبێ، بەڵام ئەوەی ئێستا لە ناو ئەو سەنتەرانە دەبینین بەداخەوە پێچەوانەی ئەو یاسایەیە و ڕۆژانە ژمارەیەکی زۆری وێنەی جەستە، یەعنی بەشێکی جەستەی خانمان و پیاوان نمایش دەکرێت و بازاڕیان پێ دەکرێ، هەروەها ئەمەیان لەلایەك کە دژی یاسایە و لەلایەکی تریشەوە دژی ئاداب و فەرهەنگی نەتەوەییمانە و لەگەڵ دابونەریتمان ناگونجێ، پرسیارەکانم دەبن بە چەند پرسیارێك لەوانە مەرجەکانی ڕێپێدان بۆ ئەو سەنتەرانەی جوانکاری چییە؟ ئایا هەموو کەسێك مافی ئەوەی هەیە سەنتەری جوانکاری دروست بکات ئەگەر پسپۆڕی نەبێ؟ لەلایەکی ترەوە ژمارەیەکی زۆر لەو بەڕێزانەی کە پسپۆریشیان هەبێ ئاگادارن وەك ئەوەی لە ناو دەرمانخانەکان دا هەیە مۆڵەتەکانیان بە کرێ دەدەنە کەسانی تر بۆ ئەوەی کە سەنتەری جوانکاری پێ دروست بکەن، دوا پرسیاری من سزای وەزارەت یان سزای یاسایی ئەم کەسانە چییە کە ئەم جۆرە کارە دەکەن؟ چونکە ئێمە هەم مردن هەم لە کار کەوتنی جەستەی نەخۆشمان هەیە، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر زۆر سوپاس، بەڕێز وەزیری تەندروستی بەڕێزتان فەرموون بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری ئەندامانی پەرلەمان، بۆ ئەوەی کە پەیوەستە بە ناوەڕۆکی هەردوو یاداشتەکە داواکارین وەڵامی پرسیاری ئەندامانی پەرلەمان بدرێتەوە، چونکە پێشتر خۆتان بۆ ئامادە کردووە، بۆ ئەوەی لە دەرەوەی ئەو ناوەڕۆکی ئەو دوو یاداشتە پرسیارتان لێ کراوە، ئەوەی کە ئێستا ئامادەن وەڵام بدەنەوە، ئەوەشی کە ئامادە نین بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ دواتر دەتوانن بە نووسراو ئاراستەی پەرلەمانی کوردستانی بکەنەوە، هەوڵ بدەن لە ماوەی سعاتێك دا وەڵامی هەموو پرسیارەکان بدەنەوە ئینشاڵلا، فەرموو.

**بەڕێز د.سامان بەرزنجی/ وەزیری تەندروستی:**

**زۆر سوپاس جەنابی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.**

**بەڕێز جێگر و سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان.**

زۆر سوپاس بۆ ئەو بانگهێشت و گفتوگۆیە، سوپاسی لیژنەی تەندروستی پەرلەمانی کوردستان دەکەین بۆ ڕاپۆرتەکەیان و بەدواداچوونی ڕۆژانەیان، سوپاس بۆ ئامادەبوون و پرسیارەکان، هیوادارین تۆزێك تەحەمول و صەبرتان هەبێ تا بتوانین بە گوێرەی بابەتەکە، بە گوێرەی پێویست وەڵام بدەینەوە، چونکە بەڕێزان دیارە بابەتەکان زۆرە، پرسیارەکان زۆرە، لای من (٢٥٨) پرسیار لەلایەن (٧٣) بەڕێز ئەندامی پەرلەمان کراوە، بەڵام زیاتر لە نیوەی تیکراری تێدایە، هەوڵ دەدەم تیکرارەکان بە جارێك بە پوختی وەڵام بدەینەوە، بەڕێزان لەسەر هەردوو بابەتی لیژنەی تەندروستی و ژینگە و مافی بەکاربەر کە بابەتێکیان لەسەر ڕەوشی دەرمانە، بابەتی دووەمیان لەسەر کەرتی تایبەتە، دوو ڕاپۆرتم ئامادە کردبوو لە دەستی بەڕێزتانە و لەلای لیژنەی تەندروستی بەڕێزە، ئەگەر دەرفەت بیت ڕاپۆرتەکانیش دەخەمە ڕوو بە کورتی، بەڕێزان دیارە ڕەوشی دەرمان سەرەتا باسی دەرمان دەکەم لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەبووە و لە چەند بڕگەیەکیش باس کراوە، بەشێکی بەرز کردنەوەی ئاستی خزمەتگوزاری تەندروستی بەڕاستی دەرمانە کە بەشێکی گرنگە، بەڕێزان ئێمە لەگەڵ

دەست بە کاربوونی سەرەتای کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سوپاسەوە راپۆرتێکی لیژنەیەکی تایبەت لە پەرلەمانی کوردستان بە دەستمان گەیشت، ئەو راپۆرتە وێڕای جواب دانەوە و بەڵێنەکانمان کە لە نووسراوی بەردەستتان ئاماژەی پێکراوە و وەڵام دراوەتەوە، زۆربەی بڕگەکان دەتوانم بڵێم بەشێکی زۆری بەشێکی لەبەر دەست ماوە کاری لەسەر دەکرێ، بەڵام بەشێکی زۆری چووە بواری جێبەجێ کردن، بنەما و پەیڕەوێکی گرنگ بوو بۆ ئێمە بۆ ئەوەی بتوانین کاری لەسەر بکەین، بۆیە راسپاردەکانی راپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند لە پەرلەمانی کوردستان چووە بواری جێبەجێ کردن زۆربەی راسپاردەکان، دانانی میکانیزمی گونجاو یاسایی و کارگێری، من باسی کەرتی گشتی دەکەم سەرەتا، تەواوی میکانیزمی یاسایی کارگێری و دارایی پەیڕەو کراوە لە دابین کردنی دەرمان و پێداویستی پزیشکی کە بە تەواوەتی (١٠٠%) لەسەر حەوت بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان دەسەڵات شۆڕ کراوەتەوە، هیچ دابین کردنێکی دەرمان لە ناو دیوانی وەزارەت بۆ نەخۆشخانەکان لە هەرێمی کوردستان ناکرێت، هەمووی لە بەڕێوبەرایەتییە گشتییەکان لە پێناوی گەیشتنی ئامانجەکە زوو، کەم کردنەوەی رۆتین و دەستبەجێ دابین کردن، دەسەڵاتی بودجەی یاسایی کارگێری ئیداری تەنها لە سەنتەرەکانی شێرپەنجە لەلایەن سندووقی کۆمەکی تووشبووانی شێرپەنجە کە بە یاسایەکی تایبەت و بە دەزگایەکی سەربەخۆیە ئیداریەن و مالیەن پەیوەندی بە وەزارەتی تەندروستی نییە، بەڵام لەلایەن وەزیری تەندروستییەوە سەرپەرشتی دەکرێت، بۆیە ئەم میکانیزمە داندراوە و سوودی هەبووە تا رادەیەکی باش، بەڕێزان من دەمەوێ لەو نوقتەیە قسەیەك بکەم، تا نیهایەتی ساڵی (٢٠١٨) لە دوای ساڵی (٢٠٠٣)وە تەواوی دەرمان و پێداویستی پزیشکی بە لیژنەی کڕین دەکرا، بە بێ پرۆسەی تەندەرینگ، من بە خۆم لە دام و دەزگاکانی تەندروستی کارم کردووە، چەند جارێك لە بیدایەتی دوو هەزارەکان هەوڵدرا دەرمان وەکو هەر تەندەرێکی دیکەی خزمەتگوزاری بدرێتە پارێزگاکان، بەڵام بە هۆی پسپۆڕی ورد و تایبەتمەندی و وردەکارییەکی یەکجار زۆر گەڕایەوە بەڕێوبەرایەتییە گشتییەکان، بە چەند جۆرێك و بە چەند قۆناغێك دەسەڵات درایە بەڕێوبەرە گشتییەکان کە دەرمان دابین بکەن بە شێوازی راستەوخۆ بە رێگەی لیژنەی کڕین، تەنها سێ ئۆفەر یان سێ عەرز و دەرخستە وەردەگیرا و لیژنە بڕیاری دەدا، بەڵام بە هۆی ئەوەی کە چەندین جار تێبینی و چاودێری دارایی کە باس لە تەجزیئە کردنی کڕین دەکرێ، بۆ نمونە بتەوێ هەزار ئەو بوتڵە ئاوە بکڕی دەبێ بیکەیە (١٠) پرۆسەی کڕین، (١٠) دەرخستە، (١٠) چەك، (١٠) کەشفی هەبێ بۆ ئەوەی بتوانی دەسەڵاتی بەڕێوبەری گشتی هەبی بتوانی دابینی بکات، بۆیە لەبەر ئەو تەجزیئەیە بڕیاردرا کە بکرێتە پرۆسەی تەندەرینگ، پرۆسەی تەندەرینگ تەبعەن پرۆسەیەکی قورسە، هیچ دەرمانێك بەلایەنی کەم لە سێ مانگی زووتر ئیحالە نابی، چونکە زۆر وردەکاری تێدایە، لیژنەیەکی تەخمین هەیە، دواتر لیژنەی فەتح هەیە، دواتر لیژنەی ئیحالە هەیە، دوایی لیژنەی سکاڵا هەیە، هەندێك جار شروتی تێدا نییە، جارێکی تر کە دووبارە بکرێتەوە ئەو پرۆسەیە جارێکی تر یەعنی جاری وا هەبووە باوەڕ بکەن زیاتر لە شەش مانگ، حەفت مانگ خەریکی بابەتێك و ئایتمێك بووە، بۆ ئەوەی پرۆسەکە بە تەواوەتی شەفاف بی، تەبعەن ئەو پرۆسەیە چووە بواری جێبەجێ کردن، بەڵام بۆ ئەوەی تووشی کەمهێنان یان کورتهێنان و نەبوونی دەرمان نەبین رەزامەندیمان لە سەرۆکایەتی

ئەنجومەنی وەزیران وەرگرت کە لەو بودجەیەی تەخصیص دەکرێ لە کاتی ئێستادا رێژەیەك کە پێشتر (١٢%) بوو زیادمان کرد بۆ (٢٥%) دەسەڵاتی بەڕێوبەرە گشتییەکان بە بێ پرۆسەی تەندەرینگ، راستەوخۆ بۆ لیژنەی تایبەتمەند و لیژنەی کڕین راستەوخۆ کە (شراء مباشر)ی پێ دەڵێن، (٢٥%) لە دەسەڵات هەیە، واتا (٧٥%)ی دەبێتە تەندەرینگ، (٢٥%)ی ئەو بودجەیە، بودجەکە چەندە بەڕێزان؟ تا قەیرانی داراییش تا ساڵی (٢٠١٤) مانگی شوبات بوودجە کراوە بوو، تەحدید نەکرابوو، بەڵام لە ساڵی (٢٠١٤) لە مانگی شوباتەوە و دوای ئەوەی بوودجە لە بەغداوە لەسەر هەرێمی کوردستان بڕا، ئەو کاتی لە بیرتانە کە چارەگە مووچە و نیوە مووچە هەبوو، بودجەی دەرمان کرایە شەش ملیار، بۆ حەفت بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی (١٠٠%) هەمووی دابەش کراوە، بە گوێرەی رێژەیەك و ستانداردێك دابەش کراوە، ئەم بودجەیە تەنها بۆ دەرمان و پێداویستی پزیشکییە، بۆ ئەجهیزەی توبی نییە، واتا ئەگەر بمانەوێ ئامێری پزیشکی بکڕین (CT scan)ەك، (MRI )یەك خۆ ئەمە لەو بودجەیە ناکڕین، یانیش ئیکۆیەکی دڵ بکڕی (ECG) دەبێ جارێکی تر بە کەشفیە موافەقەی وەزارەتی مالیە وەربگرین، چەند بودجەیەکی دیکە هەیە جگە لەو شەش ملیارە، بودجەیەکی تایبەتمەند هەیە بۆ سەنتەری دڵ، بۆ هەر سێ سەنتەری دڵ لە دهۆك، هەولێر، سلێمانی، (٤٥٠) ملیۆن، (٤٠٠) ملیۆن، (٣٠٠) ملیۆن بۆ دهۆك ئەوە بودجەیە، بودجەی شێرپەنجە بۆ یەکەمین جار لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی پارەوە جگە لەو بودجەیەی کە سندووق تەمویلی دەکات هاوکاری و پاڵپشتی سەنتەرەکانی شێرپەنجەیە، بەڵێ بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بە بڕی (٧٠٠) ملیۆن بۆ سەنتەری هیوا، بۆ هەولێر (٦٠٠) ملیۆن، بۆ دهۆك (٥٠٠) ملیۆن بوودجە دانراوە، چەند بودجەیەکی بچووکی تری دیکە هەیە بودجەی تەرخان کراوی پێ دەڵێین ئێمە، تەخصیصات هەیە عیلاقەی بە دەرمان نەبێت وەکو وقودە، هەندێك صیانەی بچووك هەیە، ئەوانە وەکو بەرچاو روونیـیەك، تەبعەن دەرمانی ئێسکپایەر بەڕێزان دڵنیاتان دەکەین دەرمانی ئێکسپایەر قەدەغەیە بگاتە دەستی نەخۆش، من ناڵێم دەرمانی ئێکسپایەر ئێکسپایەر نابێ، ئێستا من دیراسەیەکم لەلایە دوێنێ لەگەڵ بەڕێزان لە وەزارەتی تەندروستی دەرمانهێنا لە جیهان دا جیاوازە رێژەکە، لە پێشکەوتووترین وڵاتانی دونیادا رێژەیەك دەرمان ئێکسپایەر دەبێ، بەڵام ئەو دەرمانە نابێ بگاتە دەست نەخۆش، نابێ نەخۆش دەرمانێك وەربگرێ ئێکسپایەر بووبێ، یەعنی تا دووهەمین قۆناغ لە مەخزەنەوە بگرە تا دەکاتە دەرمانخانەی نەخۆشخانەکان رەنگە هەر رێژەیەك ئێکسپایەرت هەبێ، بەڵام نابێ بگاتە دەست نەخۆش، ئەگەر پرسیاری ئەوە دەکەن دەرمانی ئێکسپایەر کڕایە و ئێکسپایەر دەبێ، من دڵنیاتان دەکەم لێرەوە دڵنیتان دەکەمەوە یەك دینـاری حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لەو بودجانەی تەرخان کراوە تەنها یەك دیناریش دەرمان ئێکسپایەر نەبووە، زۆر بە سیقەوە بەدواداچوونیش دەکەین و وەرن هەموو ئەوراقتان پێ پێشان دەدەم، لەبەر ئەوەی تەعەهودێکمان دانایە، کۆمپانیایەك کە گرێبەستێکی هەیە دەرمانێك بۆ نەخۆشخانە دابین بکات، ئەگەر ئەو دەرمانە لە شەش مانگ کەمتر بێ ئەسڵەن لێی ناکڕدرێ، ئەگەر زۆر پێویست بێ لە کاتی خۆی ئێکسپایەریش بێ بۆت دەگۆڕێت، یەعنی تۆ نابیە خاوەن لەبەر ئەوەی گرێبەستەکە کۆنسایتمێنت کۆنتراکتە یەعنی گرێبەستی (عالتصریف)ە ئەوەندە دەرمانە هی تۆیە و پارەی واصل دەکەی لەو گرێبەستە کە وەرتگرتەوە بە کارت هێنایە، ئینجا چۆن دەرمانی

ئێکسپایەر لەسەر خۆت دەکەیە ماڵ؟ مۆدێلێکی گرێبەستە، ئەوەی ئێکسپایەر دەبێ چییە بەڕێزان؟ دەرمانی ئەوەی کە لە بەغدا دێت، جارێ من تۆزێ بگەڕێمەوە فیکرەیەکتان لەسەر دەرمان بدەمێ، دەرمان دەبێ خۆی سەد لە سەد عیراق لە موئەسەسەی (کیمادیا) بۆ هەموو عیراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە دەرمان دابین بکات لە بودجەی حاکیمە، بەڵام عیراق نەك (١٠٠%)، بەڕێزێك گوتی (٤٠%)، بابەت دەزانی، هەندێك بابەت هەیە من پێتان دەڵێم (٠%)ە عیراق هیچی دابین ناکات، هەندێك (item) هەیە، رەنگە ئەوانەی شێرپەنجە باسی دەکەن نەگاتە (١٠%)ش بەڕێزان، (٥%)یش دەرمانی شێرپەنجە لە عیراق نایێ، بەڵام ئەگەر لە ڤاکسین دەپرسی (١٠٠%) لە عیراق دێت، هەندێك دەرمانی نادر هەیە بۆ دەرمانە بایۆلۆجییەکان (١٠٠%) ئێمە ئیعتیمادمان لەسەر عیراقە، نایکڕین خۆمان، هەندێك دەرمانی دیکە هەیە یەعنی ئەوە زۆر بابەت و (item) دەڵێ، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی دەتوانم بڵێم لە نێوان (٥٠%) تا (٥٥%)ی دەرمانی ئێمە و پێداویشتی پزیشکیش لە عیراقەوە دێت، کە عیراق ئەوە ماوەی چەند ساڵێکە ئەجهیزەی توبیش نانێریت، هیچ ئامێرێکی پزیشکی نانێرێت چونکە دەڵێت لە بودجەی حاکیمە نووسراوە بەس تەجهیز و تەوفیری دەرمان، نەینووسیوە ئەجهیزەی توبی، صیانەی ئەجهیزەی توبی ئەوەی (major devices) پێ دەڵێن (MRI ،CT scan)، قەستەرە، (LINAC) ئەوەی خەڵك پێی دەڵێ لەیزەری سەرەتانی، ئەو (major devices) هەمووی عیراق عەقدەکی وەتەنی دەکرد لە زاخۆ هەتا بەسرە چەند جیهازی (GE) هەبوایە، (siemens) هەبوایە، (philips) هەبوایە، (toshiba) هەبوایە لە یەك عەقدە، بەڵام ئیستا هەرێمی کوردستانی لێ دەرهێناوە، دەڵێ لە بودجەی حاکیمە صیانەی تێدا نییە، تەنها دابین کردنی دەرمانی تێدایە، پێشتر زیاتر لە (٤٠) ملیار دینار تەخمین کرابوو لە عیراقەوە بۆ صیانەی ئەجهیزەی توبی، بەڵام لە ڕێگەی تیمێکی راوێژکاری زۆر پرۆفێشناڵ) لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و لەگەڵ تیمەکانی وەزارەتمان دیراسەکی زۆر ورد و باشیان کرد، صیانەکە گەیاندراوە بۆ (٢١) ملیار دیناری عیراقی و هەمووش رەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی هەیە کە لە رۆژانی داهاتوو ئەو بودجەیە لە وەزارەتی مالیە دەگەڕێتەوە و دەچێتەوە ئەو پرۆسەیەی صیانەکردنی، بۆیە ئەو بۆشاییەی دروست بوو کە بەڕێزێك باسی کرد لە زاخۆ، لە سۆران، لە شوێنێك کە (MRI)یێك تێك دەچیت یان صیانەی نییە، ئەوە خەلەلەکە لێرەیە، سەبارەت بە دابین کردنی بودجەی دەرمان بوودجە جیاوازەکانی شێرپەنجە و دڵ باسمان کرد، تەواوکردنی ئامادەکاری بۆ دابین، ئێستا بەڕێزان لەگەڵ تیمی وەزارەتمان و بەڕێوبەرایەتی یە گشتییەکان تیمێکی راوێژکاری بیانی سەرقاڵی ئەوەنە وەکو تێستێك بەشێك لەو دەرمانانە چۆن عیراق بۆ هەموو محافەزات دابینی دەکات بتوانن ئالیەتێك دابنێن بۆ ئەوەی جیاکاری لە دەرمان نەبێت بۆ ئەوەی لە دهۆك جیاواز نەبێ لە هەولێر، لە هیچ شوێنێك، لە راپەڕین، لە قەڵادزێ، لە هەڵەبجە، لە هەموو شوێنەکان، بۆیە بەشێك لەو ئایتمانە وەکو نمونە و ئەزموونێك پرۆسەیێکە تێدا کار دەکەن بۆ ئەوەی لەو پرۆسەیە ئەگەر سەرکەوتوو بین ئەوە دەستپێکەك دەبێ بۆ دامەزراندنی کۆمپانیای نیشتیمانی بۆ دابین کردن کە هاوشێوەی (کیمادیا)یە لە عیراقدا (کیمادیا) هەیە، پێداچوونەوە بە رێنماییەکانی شێرپەنجە بە (guideline)ێك رێکخراوە، دەرمان چۆن بە کار بێ و چ دەرمانێك؟ پرۆتۆکۆلی خۆی هەیە، ناکرێت هەر دەرمانێك لە بنی دنیادا دەردەچێت ئەگەر بەدیلی هەبێت

ئەو دەرمانە پێویست ناکات بکڕدرێت، پزیشکێکیش بۆی بنووسێ ئەو دەرمانە گرانبەهایە، بەڵام ئیقرار نییە، دەبێ ئەو دەرمانە ئیقرار کرابێ، یەعنی بە رەسمی تەسجیل کرابێ ئەو دەرمانە، نەك دەرمانەکە کە ناوی لێ بنێین دەرمانی دەگمەنە، قاچاخە، یان کەسێك بۆیە هەیە، رێگە لەو صەیدەلیانە گیراوە کە پێشتر دەرمانێکیان دەهینا لە پرۆتۆکۆڵی عیلاجی نییە، ئیقرار نییە لە هەرێمی کوردستان، بەڵام ئەو پرۆسەیە بە شەو و رۆژێك ناکرێ، نەخۆش بێ دەرمان بکەی دەبێ خۆت حازر بکەی ئەو دەرمانە دەگمەنانە بە شێوەی گرێبەست و تەندەرینگ و شەفافیانە دابین بکەی بۆ سەنتەرەکان ئینجا رێگە بگری لەوەی کەسێك بە دەست دەرمانەکان دابین بکات، بەڕێزان دەرمانی شێرپەنجە ئەوە قسەی سەنتەری هیوایە دوێنێ شەو (١٢)ی شەو (د.یاد) زیاتر لە (٨٥%)ی دەرمان و پێداویستییەکان و خزمەتگوزارییەکانی شێرپەنجە لە سەنتەری هیوا بەڕێوەدەچێت، من دەمەوێ پێتان بڵێم بەڕێزان، سەنتەری شێرپەنجە لە سلێمانی، لە دهۆك، لە هەولێر، لە هەموو شوێنەکان زۆر لە سەنتەرەکانی خزمەتگوزاری دیکە باشترە، بەڵام بۆچی ئەگەر لە (١%)یش نەقصیان هەبێ دەنگی لێوە دێت، گلەیی لێوە دێت؟ لەبەر ئەوەی من دڵنیاتان دەکەم زیاتر لە (٩٧%) و (٩٨%)ی خەدەماتی شێرپەنجە بە هەموو عیلاجەکانییەوە، بە لێزەرەکەوە لەسەر حکومەتە، لەسەر نەخۆشخانە حکومییەکانە، نەخۆشخانەی بەدیلی نییە سەنتەرێکی شێرپەنجەی ئەهلی هەبێت دابنیشێت لەیزەر بکات و تەشخیصی بکات و عیلاجی کیمیاوی بدات، بۆیە لێرەدا نەخۆش تووشی کورتهێنانێك بێ، گلەییەك هەبێ، بەڵێ گلەیی دەکرێت، ئەگەرنا شێرپەنجە بەو دەرەجەیە خەراپ نییە بەڕێزان، چونکە خۆم بەدواداچوونم کردووە، هەموو رۆژ لەسەر هێڵین، بەڵام بەڵێ لەوانەیە دەرمانێك یەك (item) نەخۆش مشەوەش بکات، چونکە عەتفی خەڵکیشی لەگەڵە شێرپەنجەیە، بۆیە هەموومان لە هەوڵی چارەسەرکردن و پڕکردنەوەی ئەو فەراغەداین، دەرمانی دەگمەن ئەوەی باسم کرد لە چوارچێوەیەك رێکخراوە ئێستا بە رێنمایی، دەسەڵاتی دارایی راستەوخۆ بۆ دابین کردنی دەرمان لە فەرمانگەکان بەڕێزان ئێمە رەزامەندییەکمان برد لە دوو حەفتە بەر لە ئێستا وەرگرتووە لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کە ئەو بودجەیەی شەش ملیارەکە بە بودجەیەك زیاد دەکرێت بۆ حەفت ملیار دابەش دەکرێتەوە بەسەر هەموو قەزا و ناحییەکان و ئیدارە سەربەخۆکان بە شێوازێکی یەکسان و بە رێژەی دانیشتووان، بۆ ئەوەی هەمووی بە یەکسانی بگاتە دەستییان و رێژەی دابین کردنی کاش یان پارەی سیولە ئەوەی نەختینەی پێ دەڵێین بەو رێژەیە زیاد بکرێ، ئێمە کۆبوونەوەی هاوبەشمان لەگەڵ وەزارەتی دارایی و مودیر عامی بانقەکانیش کردووە بە حزووری بەڕێز جەنابی سەرۆکی دیوانیش کە کێشەی سیولە بە رێژەیەکی باش لەو حەفت ملیارە سیولە هەبێ بۆ ئەوەی کۆمپانیاکان زیاتر تەشجیع بن و خەستەخانەکان بێ دەرمان نەکەن، لە کەرتی تایبەت بەڕێزان بۆ یەکەمین جار کوردستان ئەوەی دەیخینمەوە زۆرێك لە راسپاردەکانی راپۆرتی پەرلەمانی کوردستانیش بووە، بۆ یەکەمین جار لە کوردستان لیستی نیشتیمانی داندراوە، لیستێکی نیشتیمانی هەیە ئێستا ئەو لیستە لیستی نیشتیمانی دەرمانە، کە ئیقرار دەکرێ ئەو دەرمانە دەبێ بەکاربێ، بەدەر لەو لیستە ئەصڵەن رێگەپێدانی پێ نادرێت، ئەصڵەن لە حدود داخیل نابێ، من باسی دەرمانێك ناکەم کە دوور لە چاوی ئێمە بە بێ تیمی ئێمە، بە بێ کواڵتی کۆنترۆڵ داخیل دەکرێت، ئەوە دەرمانێکە ئێمەش لە

دژی دەوەستینەوە، هەر کەسێکیش مەعلوماتی لەسەر ئەو جۆرە دەرمانە هەیە با بێ پێمان بڵێ، زۆر بە ئاسـانی دەچـین و نەفسـی رۆژیـش دەسـتی بەسـەردا دەگـرین، کەم کـردنەوەی نرخـی دەرمـان، بەڕێـزان ئێسـتا لێـرەن لە کـواڵتی کـۆنترۆڵ لەگەڵمـانن کە زیـاتر لە (٧٠%)ی دەرمـان نرخەکـانی پێـداچوونەوەی بـۆ کـراوە بە ئاراسـتەی کەم کـردنەوە، مـن لێـرە بەڵێـنەکە دووپـات دەکەمەوە لە چەنـدین بـۆنە و پـرێس کۆنفرانسـەکانیش رامانگەیانـدووە ئێسـتا ئـێمە پرۆسـەی دەرمان من دەمەوێ پێتان بڵێم بەڕێزان ئەورۆ لە نـاو مەعرەزێکـی دەرمـان بـووین لە یەکێـك لە کۆنفرانسەکانی سەنتەری دڵ، تاکە شت کە گران نەبووبێ، مـن باسـی جیـاوازی نـاکەم راسـتە لە صـەیدەلییەك بـۆ صـەیدەلییەکی دیـکە نرخـی جیـاوازی هەیە، بەڵام تـاکە بـابەت کە هەمووتـان دەزانن نەقل و بەوەی دووساڵی رابردوو لە هەر بـابەتێکی دیـکەی ژیـان دەڵـێن گرانـی هەبـووە، بەڵام لە دەرمان هـیچ گـرانییەك تەنـانەت لە نرخەکـانیش کە لەسـەر سـتیکەر دانـرایە گرانبـوون نەبووە، بەڵام ئێستا ئێمە بەو نـرخەی پێشـووش دانـدراوە ئەو نـرخە کەم دەکرێتەوە و زیـاتر لە (٧٠%)ی کە (٩٨٠٠) ئایتم بە تەواوەتی جیاکراوەتەوە و هەر بەڕێزێك زیستی دەتوانی لیسـتەکان و نرخەکان ببینی لە بەڕێوبەرایەتی کواڵتی کۆنترۆڵ، بۆیە دەرمان لە ئایندەیەکی زۆر نزیك ئێمە رایدەگەیەنین لیستی دەرمان کە بە ئاراستەی کەم کردنەوەی نرخی دەرمان و بەو ئاراسـتەیەش دەبەین ئەو نرخەی کە دادەنێین یەك دەخرێت، هیچ جیاوازییەك نابێ لە نێـوان بەڕێزێـك گـوتی لە دەرمانخــانەیەك لە شەســت مەتــری و لە ســەد مەتــری، نرخــی دەرمــان بە سیســتەمێك دەبەسترێتەوە، سیستەمی ئەلیکترۆنییە، ئەو سیستەمەش ئێستا کە دێمە سەری پرسـیارتان لـێ کرد جوابی دەدەمەوە، بەڕێزان بەکارهێنانی (Reference) بۆ یەکەمین جارە لە کواڵتی کـۆنترۆڵ بۆ دەرمان بەکار دەهێندرێت، واتا چەند (Reference)ێکی نێـودەوڵەتی هەیە، یەعنـی مەرجەعە، مەصدەرە، ئەگەر دەرمانێـك خـاوەنی ئەو (Reference)ە بـوو ئەو دەرمـانە ئەصـڵەن موشـکیلەی نابێ، بەڕێزێکیش باسی کرد، بۆیە ئێستا پشکنینیش کورت بۆتەوە، ماوەی پشکنین جاران رەنگە چوار مانگ، پێنج مانگ، شەش مانگ، ئێستا بە تەحەدیاتەوە من ئەورۆ پرسـیارم کـردووە لە دوو مانگ تێپەڕ نابێ، ئەوە (Reference)ەکە یەعنی بەخۆتان دەزانـن (FDA) کـۆمەڵەك نمـونەیە مـن نـامەوێ (Reference)ەکـان لێـرە بـاس بـکەم، ئەصـلەن ئەو (Reference)انە کـرایتە مەصـدەری پشکنینەکان و رێگەپێدانەکانی بەکارهێنانی دەرمان لە هەرێمی کوردسـتان کە ئەمە یەکەمجـارە بە رێنمایی رێکخراوە، رێنماییەکانی پێداچوونەوە کراوە بەتایبەت بە رێگەپێدان، رێگەپێدان زۆر کەم بووە، لە (٤٨) سعات بگاتە سێ رۆژ هەموو رێگەپێدانەك، من باسی فەحسی پشـکنین نـاکەم (إگلاق صرف)، رێگەپێدان کە بۆ ئەوەی باسی ئەوە نەکرێ لە حدود دەمێنێتەوە بۆیە نـرخ گـران دەبێ، بەڕێزان سەد رۆژیش لە حدود ناقیلەکی دەرمان بمینێتەوە تەئسیر لە نرخ ناکـات، چـونکە خۆی نرخ دانانێ، نرخ لای ئێمە دادەندرێ، پاش وی چۆن گـران دەبـێ ئەگەر ئەو بـاجی دەداتەوە ئەوراقی تەواو نییە، یەعنی پێداویستییەکان چۆن دێتە حدود ئەگەر ئەوراقی تەواو نەبێ، بۆیە ناکرێ ئەگەر مامەڵەی تەواو نەبێت ئێمە بڵێـین بـا زۆر نەمێنێـتەوە بـا زۆر بـاج نەدا و لە گـومرگ بمێنێتەوە فەرموو داخیل بە، نەخێر ئەصڵەن هەر داخیل نابێت، بابەتی دەرمـان و پێداویسـتییە تەواوکراوەکـان ئەوەی (supplement)ی پــێ دەڵــێن، پێــداچوونەوە کــراوە، پێــداچوونەوە بە رێنماییەکانی دەرمانی گیـایی و میلەکـان کـراوە، ئـێمە چەنـد کۆنفرانسێکمان لەگەڵ سـەندیکای

دەرمانسازان و نەخشە ڕێگایەکمان بۆ چاکسازی لە دەرمان داناوە کە ئێستا لەسەری دا دەڕۆین، ڕەشنووسی پەیڕەوی دانانی کۆگا و دامەزراوەی دابین کردنی دەرمان و پێداویست پزیشکی لە کوردستان دا دەستمان پێکردووە وەکو ڕەشنووسێك لەبەر دەستمانە، بەوەی کە پێی دەڵێن کۆگای نیشتیمانی، چونکە ئەوە حەلی زۆر موشکیلە دەکات، حەلی هێنان و نەقل و نرخ دانان و پێوەنووسانی ستیکەرەکە و زۆر کێشە بۆ ئەو کۆگا مەرکەزییە یان دامەزراوەیە حەل دەبێت، کارکردن و دانانی ڕێنمایی تۆمارکردنی کارگەی دەرمان، بۆ یەکەمین جار مەعمەلەکان، مەصانعەکان دەست پێکراوە بە تەسجیل کردنییان، ئەوانەی ناو هەرێم و دەرەوەی عیراقیش، ڕێگە گیراوە لە هەر دەرمانساز و فەرمانبەرێك لە کوالّتی کۆنترۆڵ ئیش بکات لە دەرەوەش لە کۆمپانیایەك و لە کەرتی تایبەتیش ئیش بکات، هەموو فەرمانبەرەکان مەوجودە و کوالّتی کۆنترۆڵ زۆر دوور نییە دەتوانن بەدواداچوونی بۆ بکەن، ڕێگە گیراوە لە دیاردەی ریزبەندی شکاندنی یان بڵێیت سرەبڕی ئەگەر خۆمان وای پێ بڵێین، کە ڕێگەپێدان و پشکنینی یەکێك بە پێش بخرێ، سیستەمێکی ئەلیکترۆنی کە خۆیان تەقدیم دەکەن و خۆیان سیستەمەکە تەحەکوم بەوە دەکات، تەنانەت هەندێك جار ئێمە لە گرێبەستمان هەیە لە شێرپەنجە لە نەخۆشخانەکان، کە ئەو دەرمانە مەعتەل بووینە زەرووره زوو پشکنینەکەی بۆ تەواو بکرێت، چونکە لە ڕێگەی سیستەمەکە ئەو ریزبەندییە ئێستا بە سیستەمێك ڕێك خراوە، ڕێزبەندییە یان سرەبڕییە نلکرێت، کە خوانەخواستە بیر لەوە دەکراوە ئێمە لە ڕاپۆرتی پەرلەمان خوێندمانەوە کە ئەوە بەرژەوەندی چەند کەسێك و کۆمپانیایەکی تر دەبێ، ئەوە ئێستاکە ڕێکخراوە، سیستەمی نوێی ئەلیکترۆنی بۆ بەستنەوەی دەرمان و ستیکەر بۆ یەکەمین دارە بەڕێزان سیستەمێکی ئەلیکترۆنی ئەوەی کە بەڕێز وابزانم پەرلەمانتار بەڕێز لیزا خان بوو باسی ئەوەی کرد کە بەڵێ (QR code) چۆن ئەوەی کە لە زۆر شتی دونیا سیستەمێکە ئەمڕۆ تەکنەلۆجیا و دژە ساختە دەبێ بە کاربێت و هەموو هاووڵاتییەك مافی هەبێ ئەگەر لەو ئاوە بپێچێتەوە بپێتە ناو ئەوەلیاتی ئەو ئاوە بە ڕێگەی ئەو (portal) و (application)ە، بەڵێ ئەوە لە ئایندەیەکی زۆر نزیك دەست بە کار دەبێ، هەموو ڕێکارەکانی تەواو بووە، بەڵام ئەوە تاخیر بوو بەڕاستی بەڕێزان لەلایەن چەند پەرلەمانتارێکی بەڕێز باس لەوە دەکرێت و لەسەر ئەو قسانەی کە پێشتر ستیکەرێك هەبووە، چۆن بە کار هاتووە؟ چۆن بە کار نەهاتووە؟ تاخیربوونی ئیشەکە لەبەر لێکۆڵینەوە و لەبەر کێشەی دادگایی و لەبەر بەدواداچوونەوە کە خۆشبەختانە هەموو ڕێکارەکان بە ڕێکارێکی هونەری دروست و یاسایی و بە یەکسانی و شەفافی کراوە، نەهێشتنی دیاردەی بەڵێننامە بۆ دیاردەی دەرمانی بێ ئەوەلیات، بەڕێزان ئێستا دەرمانێك ئەوەلیاتی تەواو نەبێت یان نوسخەی ئەصلی نەبێت بەڵێننامەی لێ وەرناگیرێت، ئێمە کە هاتین لە کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان زیاتر لە هەزار بەڵێننامە نەچووبووە بواری جێبەجێ کردن، هەموو ئەو کۆمپانیانە دەیانتوانی ئەو بەڵێننامە نوسخە ئەصلییەکە بێنن، بەڵام دوای چەند ساڵێك بیهێنیت و موقارەنەی بکەی بە بەڵێننامە کۆنەکە ڕەنگە موقارەنە نەکرێ، بۆیە ئەوانە هەمووی غەرامە کران، ئێستا دیاردەی بەڵێننامە و تەعەهود دەرمانێك چۆن دەبێ بە تەعەهود بچێ؟ دەبێ لە پشکنین دەرچێ هەموو ئەوراقی تەواو بێت ئینجا، بۆیە ئەو دیاردەیەش نەماوە، بەوەش ڕێگرتن بووە لە بەردەم قاچاخ و تەزویر و دەرمانی (fake)، فەرمانگەی کوالّتی کۆنترۆڵ

یەکێك لە کێشەکانی ئەوە بـوو کە فەرمـانگەی تـاقیگەی خـۆراکی تێـدا بـوو ئێسـتا تـاقیگەیەکی خۆراکی بە تەنیامان دامەزراند، تاقیگەکانی فراوان بووە، زۆر لە تیمی ئێوەی بەڕێزیش چوونەتە ئێرە و ڕاسپاردەی ئێمەیان کردووە، تاقیگەکانی پشکنین بۆ ئەوەی زوو دەرمانەکان پشکنینی بـۆ بکرێ، زوو بکەوێتە بازاڕ، چونکە لە دواکەوتنی پشکنین بەڕاستی ڕەنگە سـتیکەرەکە لـێ نەدات، یان ئەو دەرمانە دەچێتە جنوبی عیراق و ناوەڕاستی عیراق ئەو دەرمانە پێش ئەوەی پشـکنینی دەربچێت، ئەوە یەکێك لە کێشەکان بوو، بۆیە فراوان کرایە، ئێستا تاقیگەکان مـاوەیەکی کەمتـر پشکنینەکان دەدەنەوە کۆمپانیاکان، ماوەی مانەوەی دەرمـان لە دەروازە و بازگەکـان باسـم کـرد، ئەگەر کێشەی مامەڵە و ئەوراقیان نەبێت دەستبەجێ لە ماوەی ئەو دوو سـێ ڕۆژە ڕێگەپێـدانی پێ دەدرێت، ڕێکاری یاسایی بەڕێـزان لە دادگـا و لە کارخسـتنی ژمـارەیەك لە کۆمپانیاکـان بەڵـێ (Black List)، سـەرپێچی و کەمتەرخەمـی لە بـواری دەرمـان هەبـووە، لە داخسـتن هەبـووە، لە غەرامە هەبـووە، تـا گەیانـدراوەتە سـەحبی مـۆڵەت و (Black List) و کۆمەڵێـك کۆمپانیـا لە دادگاکانە، ئەصڵەن ڕێگای لێ گیراوە، بەڕێزێکیش باسی کرد گـوتی کۆمپانیـایەك بەڵـێ دەرمـانی ساختە بەڵام ئەوانە ئەو حاڵەتانە حاڵەتی هەندێکیان ئـی چەنـد سـاڵێك بەر لە ئێسـتایە و ئێشـتا دۆسیەی تەحقیقی تێدا دەکرێ، من بە ژمارەکان دەتوانم هەموو ئیجرائاتە یاسـاییەکان بە ژمـارە بـدەمە بەردەم بەڕێزتـان و لە ڕاپـۆرتیش دیـاری کـراوە، تەنهـا لە سـاڵی (٢٠٢١) زیـاتر لە (٢٥١٣٠) مۆڵەتی هەڵسەنگاندن و پشکنین دەرچووە بەڕێزان بۆ دەرمان لە کواڵتی کۆنترۆڵ، لە پێنج ساڵی ئەمسـاڵ دا زیـاتر لە (٨٤٢٠) مـۆڵەتی هەڵسـەنگاندن و پشـکنین تەنهـا لەو سـاڵ کـرایە، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە دەرمانی پشکنین، دەرمانی بە کواڵتی کـۆنترۆڵ زۆرە، ئـێمە ناکرێـت بە مـوتڵەقی بڵێـین هەمـوو دەرمـان قاچـاخە، هەمـوو تەزویـرە، بەشـێکی زۆری دەرمـان بە ڕێـگەی کـواڵتی کۆنترۆڵ هاتوو، ئەم دەرمانەی بە ڕێگەی کواڵتی کۆنترۆڵ نەهاتووە ئێمە بە دەرمـانی یاسـایی و فەرمی دانانێین و لیژنەکانی بەدواداچوون مافی دەسـت بەسـەردا گرتنیـان هەیە، ڕێـگە گیـراوە لەوەی نوێنەری کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان بێن بەو سیسـتەمە ئەلیکتـرۆنییە کە ئێسـتا بەرکـارە لە ناو کواڵتی کۆنترۆڵ نوێنەری کۆمپانیا تەداخولات بکات و بچێت و نۆرەبڕی و مەصالح بێتە نـاو بابەتەکان و هەمان فەرمانبەر لەوێ کار بکـات و ئەمـانە هەمـووی لە چاکسـازییەکانی دەرمـان دا خۆشبەختانە کەوتۆتە بواری جێبەجێ کردن، بەڕێزان جاران بۆ پشـکنینی ئەو دەرمـانە دەبـوایە کۆمپانیاکـان خۆیـان (Reference)یـان دەهێنـا، (Indicator)یـان دەهێنـا، ئەو بـابەتەی کە تـۆ پشکنینی پێ دەکەی، بابەتە تـاقیگەیییەکە، ئێسـتا کـواڵتی کـۆنترۆڵ خـۆی دابـین دەکـات، چـۆن دەبێ کۆمپانیا خـۆی بابەتێـك بێنـێ بڵـێ هـا ئەو بـابەتەم هێنـاوە دەرمـانەکەم بـۆ پشـکنین بـکە، دەرمـان دەبێـت لەلایەن کـواڵتی کـۆنترۆڵەوە (Reference Standard) خـۆی دابینـی دەکـات بـۆ ئەوەی دەرمانەکانی پێ پشکنین بکات، پەرەپێدان و توێژینەوەی زانستی بەدواداچوونێکی باش کرایە، ئێستا کارا کراوە ئەم پرۆسەیە لە کواڵتی کۆنترۆڵ، کـردنەوەی هـۆبەیەکی بەدواداچـوون لەسـەر دەرەنجـام و کـاریگەرە لاوەکییەکـان کە ئێسـتا ئـێمە (feedback)ی دەرمانەکـانیش دوای ئەوەی هەمـوو شتیشـی تەواوە ئەو دەرمـان بە نەمـازج وەردەگیـرێ، بـۆ ئەوەی (feedback)ی کاریگەرییە لاوەکییەکەی لەسەر دەرمان، زۆر جـار ئەوەش هۆکـاری ئەوەیە کە تەعمـیم دەکەیـن ئەگەر بەڕێزتـان ئێسـتا هینابـام چەنـد ئەوراق بـوو کە ڕۆژانە ئـێمە تەعمـیم دەکەیـن بەسـەر

نەخۆشخانەکان، هەندێکی لە بەغدا بۆمان دێت، هەندێکی لە کوالێتی کۆنترۆڵ کە ئەو دەرمانە، بابەتە رابگیرێ، بە کار نەیێت، یەعنی (إیقاف صرف)ی پێ دەڵێن، هەندێگ جار لە عیراقیش بە موئەسەسەی عیراقیش دا چووە، بەڵام رۆژانە ئەو بەریدەمان بۆ دێت دەڵێ (إیقاف صرف)ی فڵان بابەت بگرە بەو باج نەمبەرە، بەو باج نەمبەرە، ئەوە پرۆسەیەکی نۆرماڵە مەعنای ئەوە نییە کاریسەیەك روویداوە، شتێکی گەورە، نەخێر، ئەم پرۆسەیە هەندێك جار جارێکی تر دەگەڕێندرێتەوە تەحقیقی تێدا دەکرێ، هەندێك جاریش بە یەك جاری، ئێ ئەوە ئێکسپایەر دەبێ بەڕێزان ئەوەی کە لە بەغدا دێت، ئێکسپایەر دەبێ، یەعنی باوەڕ بکەن لە وەختی شەڕی داعش و پێشتریش ئەصڵەن دەرمانی ئێکسپایەر بەغدا وەری نەدەگرتەوە، شاخێك لە دەرمانی ئێکسپایەر دروست دەبوو، ئەوەی کە باسی کۆگای (١٩)ی کرد، ئەم دەرمانانەی بەغدا خۆ ئێستا لەگەڵ بەغدا یەکێك لە میحوەرەکانی ئێمە وەرگرتنەوەی دەرمانەکانی خۆیانە کە ئێکسپایەر دەبێ، چونکە بەغدا دەدداتێ و لەسەرت حیساب دەکات تۆ ناتوانی بڵێی وەرناگرم، دەبێ لە ماوەی (٩٠) رۆژدا ئەو دەرمانە جارێکی تر بچێتەوە بەغدا، پێرێ شاندی وەزارەتمان گەڕانەوە ئەوەش ئیتیفاقی لەسەر کراوە کە بەغدا ئەو دەرمانانە وەربگرێتەوە، چونکە بۆ ئێمە دەبووە کێشە، لێکۆڵینەوە و دادگا و کێ موسەببیبە؟ موسەبیب نییە، دەرمانەکت بۆ دەنێرێ ئەصڵەن زیادە لە حاجەتی تۆ، ئەصڵەن پێویستت پێ نییە، بۆیە ئەو دەرمانانە بەڕێزان زۆر جار یان سوودی لێ وەرناگرین، بەڵام ئەو دەرمانانە هیچیان کڕینی لەسەر حکومەتی هەرێم نەبووە، سیستەمی پشکنینی کۆمپانیاکان و کۆگاکان بە لیژنەی هاوبەش هەیە لەلایەن وەزارەت و سەندیکا و کوالێتی کۆنترۆڵ لەگەڵ قایمقامییەتەکان، بۆ بەدواداچوونی بازاڕەکان، رۆژانەش دەبینن، وەڵلاهی بەڕێزان باوەڕ بکەن هەندێك جار پشکنینەکان زیاتر لە هەشت، نۆ کەسە، من زۆرم پێ سەیرە دەڵێن فڵان دەرمانی هەرزان دەفرۆشت بۆیە دایانخست، یەعنی خۆتان باوەڕ بەوە دەکەن هەشت کەس، نۆ کەس لە لیژنەیەك بێت هەموو مانگ، دواتر دێتە لای رەئیس قسم و مودیری کوالێتی کۆنترۆڵ دێتە لای وەزیر پەسەندی شوێنێك بێ هەمووماں ئیتیفاق بکەین ئەو شوێنە هەرزان دەفرۆشێ بۆیە دایدەخەین؟ یەعنی ئێستا خەڵکێك گوێی لێمان بێت رەنگە باوەڕ بکات، بەڵام چۆن شتی وا دەبێت؟ چۆن یەکێك دەرمانی هەرزان بفرۆشێت، ئەو نمونەی بەڕێز بریا کاك جلال پەرێشان لێرە بوایە چونکە لە نزیکەوە جارێك هات بەدواداچوونی ئەو بابەتەی کرد، خۆی لە ژوورەکەی من قەناعەتی هات گوتی ئەشهەدو ما بیلا ئەوەی ئەنگۆ دەیلێن، لە پێشیم دانا، بە پیکەب دەرمانی تەزویر، تەزویری هەموو عیراق بێت خەڵکێك بە بەلاش بیداتێ ئەو بیکاتە پارە بە هەرزان دەفرۆشێ بۆیە ئێمەش قەپاتی دەکەین؟ با خاوەنەکە بێت لێرە لە پەرلەمان بڵێ غەدرم لێ کرایە، رۆژێك توانی بڵێ غەدرم لێ کراوە؟ با بێ لە تەلەفزیۆنی لە تەنیشت من بڵێ من غەدرم لێ کراوە، دەرمانی تەزویر بە پیکەپ بگیرێت، قاچاخ بگیرێت، ئەوە دەرمان هەرزان فرۆشتن نییە بەڕێزان؟ دەرمانی (MOH) بۆ بفرۆشرێ؟ (MOH Ministry of Health)، (not for sale) عیراق لەسەری نووسیوە نابێ بفرۆشرێ، دەرمانی عیراق خربکرێتەوە لە صەیدەلییەیەك بفرۆشرێ وەڵلا ئەوە دەرمانی هەرزان دەفرۆشی ئێوە غەدرتان لێ کرد فەقیرتان ئەوە کرد، ئەوە جارێك، دوو، سێ ئاگادارمان کردەوە، غەرامە کرا، خۆم شەخصی پێم گوت ئەو ئیشە مەکە، ئاگادار بە، دەرمانی (MOH)، دەرمانی تەزویر و قاچاخ نابێ

له صەیدەلییەکەت هەبێ، چونکە سەحبی مۆڵەتت لێ دەکەینەوە، ئەصڵەن ناتوانی مومارەسە بکەی، لە هەر کوێی دونیا بی ئەو صەیدەلانییە، ئەو کەسە، خاوەنە نابێ جارەکی دیکە مومارەسەی ئەوە بکات، بەڵام هەموو تەعاتوفی خەڵك راکێشی وەڵلا هەرزانم دەفرۆشت، فعلەن هەرزانی دەفرۆشت، ئێ چۆن هەزرانت فرۆشتییە؟ وەرە ئەوانەمان جواب بدەوە، جا بەڕێزان من نامەوێ ئەو ژمارانە کاتی ئێوەی پێ ببەم، چونکە بابەتی دیکە ماوە وەڵامی بدەینەوە، لە (٢٠٢٠)، لە (٢٠٢١)، لە (٢٠٢٢) چەند تەن دەرمان دەستی بەسەردا گیراوە؟ چەندی فەوتاندراوە؟ چەند سەردان هەبووە بۆ کۆگاکانی دەرمان؟ چەندی بۆ دەرمانخانەکان؟ چەندیشی بۆ شەریکەکان هەبووە؟ بەڕێزان شاند و سەفەر لەلایەن کۆمپانیاکان بەڵێ هەبوو، کۆرۆنا یەك شتی زۆر باش بوو ئەو شاند و سەفەرەی نەهێشتبوو، بەڵام لە پاش ئەو وەختەوە زۆر بە توندی دەستمان پێ کردووە چەندین گشتاندنمان هەیە، تەبعەن من هەمووم هێناوە لەگەڵ خۆم، بە لێرە کات دەگیرێ، شاند و سەفەر قەدەغەیە کۆمپانیایەك خەڵکێك، دکتۆرێك، ستافێك ببات بۆ مەعرەزەکی دوەلی، بۆ کۆنفرانسێك، ئەگەر بە رێگەی دائیرەی مەعنی و بە رێگەی فەرمانی وەزاری نەبی، بچێت تەمسیلی وڵاتەکی دیکە دەکات، ئەگەر ئیتیفاقییە بێ لەگەڵ شەریکە ئەوە تەبعەن سەرپێچییە، ئەوە دەچێتە بواری گەندەڵی و لێشی قبوڵ ناکەین، دڵنیاتان دەکەم چەندین من نامەوێ ناویان بدەم رەئیس قسم هەبووە لە ساڵانی رابردوو لەبەر ئەوەی ئەو دیاردەمان لێ هەست کردووە دوورخراوەتەوە لە رەئیس قسماتی، دوورخراوەتەوە، چەندین کۆمپانیا ئاگادارکراوەتەوە، بۆیە من لێرەوە دیسان دەیڵێم کۆمپانیاکانی دەرمان خۆ ئێستا لەسەر تەلەفزیۆن رەنگە (بث مباشر) بکات، هەر کۆمپانیایەکی دەرمان بێ چونکە هەموویان وا ناکەن بەڕێزان، کۆمپانیای دەرمانیش هەیە خۆی دێ دەڵێ دەورەیەکی عالەمیم، کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتی هەیە لە بواری فلان ئەشیعە و سۆنەر فەرموو سێ ناومان بدەنێ، لیجنەی ئیفاد هەیە لە هەموو دائیرەکان و بە فەرمانی وەزاری دەچێ و تەرشیح دەکرێ، بەڵام ژێر بە ژێری بڕوا و بەشدار بێت بەرامبەر ئەوەی دەرمانی بۆ سەرف بکات، بەدڵنیاییەوە ئەوە سەرپێچییە و منیش پشتگیری هەر کەسێك دەکەم پێمان بڵێن، وەڵلاهی دڵنیابن لەوەی ئیجرائاتی لەگەڵ دەکرێ، بەڕێزان راپۆرتی دووەم لەسەر کەرتی تایبەتە، موستەشفا ئەهلییەکان، بەڕێزان موستەشفا ئەهلییەکان لە عیراق دا و لە هەرێمی کوردستان دا دەتوانم باس بکەم کە بە بێ یاسا، بە بێ پەیڕەوەك، بە بێ هیچ نیزامەك دروست بووە، خەستەخانەك، بووە دوو، بووە سێ، بووە چوار، بووە پێنج، ئێستا ئێمە لە هەموو کوردستان (٥٤) خەستەخانەی ئەهلیمان هەیە، ئەگەر لە من دەپرسن هەر (٥٤) خەستەخانە فول ستاندارده و ئەو رێنماییەی ئێمە پێشتر دروست بووە؟ ئێمە ئێستا رایدەگرین بەڕێزان، (علی الاقل) دوو شتمان کردوو جارێ، یەکەم/ ئەوانەی کە شایستەی نوێکردنەوەی مۆڵەتەکان نین، ئێستا من دەتوانم بڵێم لەو هەولێرە ئێستا چوار، پێنج خەستەخانە هەیە شایستەی هیچ، لیژنەکان دەچن دەڵێن ئەوە ئەو رێنماییەی لەسەر ناگونجێ، ئەوە بۆی نوێ نەکراوەتەوە، ئاگادارمان کردۆتەوە کە لە ماوەیەکی دیاریکراو دەبێ ئەو نەخۆشخانەیە قەپات بکات، ئەوەی دیکە ستانداردی نوێیە نەخۆشخانەیە لە چەند ساڵی رابردوودا نەخۆشخانە دەکاتەوە و زەوی ئیستیسماری وەرگرتووە و چۆتە ناو قۆناغەکانی کۆنووسی یەکەم و دووەم کە ئەوە چەند ساڵی دەوێ، بەڕاستی بەڕێزان بەس ئیجازەی نیهائی

ماوه، ئێمه ئەو ئیجازەیه درایه مانای ئەوه نییه ئێمه هەر خەریکین نەخۆشخانەی ئەهلی دەکەینەوه، له دوو ساڵی رابردوو دوو نەخۆشخانەی ئەهلی نەکراوەتەوه، هەموو ئەوانی تر نەخۆشخانەی کۆن بووه، ئێستا ئێمه لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی یان فەرمانگەی وەبەرهێنان ئێمه به کۆنووسێك و ئیتیفاقێك که نەخۆشخانەی گشتی به ئاراستەی نەخۆشخانه پسپۆڕیەکان دەڕوات و له قەزا و ناحییەکان دەتوانێ بکاتەوه، بۆیه ئەوها ئاسان نییه پرۆسەکه ئێمه بڵێین ئەوەی بێت و نەخۆشخانەی ئەهلی دەکاتەوه، نەخێر، رێگەمان لەوه گرتووه که ئوتێلێك، شوقەیەك و عیمارەیەکی بگۆڕێت له ئوتێلەوه بۆ ئەوه، هیچ ئەبەد ئەوه نییه، نەخۆشخانەی گشتی دەبێت له زەوییەکەوه به مواصەفاتی خۆی وەکو نەخۆشخانه دروست بکرێ، ئەوه قەدەغه کراوه بۆ سێ ساڵیش دەبێ هیچ ئیجازەك نەدراوەته ئوتێلێك یان فندقێك و شوقەیەکی دیکه، هۆلێك بکاته نەخۆشخانه، تەبعەن بەڕێزان ئەوەی کراوه له نەخۆشخانه هەر به چەند بڕیارێك کراوه، ئێستا ئێمه بۆ یەکەمین جار له کابینەی نۆیەم دەستمان برد بۆ کەرتی گشتی و تایبەت رێك بخەینەوه، ئیشەکه نالێم زۆر زەحمەته و ناکرێ، موستەحیلیش نییه، قۆناغی زۆر باشی بڕیوه، بەڵام پەیڕەوێکمان لەبەر دەستە، لەبەر ئەوەی به عەجەلەین بۆیه ناوی دەنێین پەیڕەو، ناوی بنێیه یاسا بۆ ئەوەی تاخیریش نەبێ و تا دەگاته پەرلەمان و پەیڕەوێکی تەواو هەیه له رێکخستنەوەی کەرتی گشتی و تایبەت، له دەوام کردن، له سەرچاوه مرۆییەکان، له پزیشك و کارمەندان، پێدانی رێژەیەك لەو کارمەندانەی که تەعین نەبوونه له حکومەت و دەرفەتی کاریان بۆ بکەین، له تەسعیره، بەڕێزان تەنها عەمەلیات هەشت هەزار جۆری عەمەلیات هەیه، ئەوه نرخەکان من دەمەوێ لێره پێشانتان بدەم، هەشت هەزار جۆری عەمەلیات هەیه، هەمووی نرخی بۆ داندراوه، پێوەرەکان و پەیڕەوی و خیبره و شارەزایی دەوروبەریشمان کراوه، ئەو سعرانەش داندراوه هەمووی به ئاراستەی کەم کردنەوه، من دەمەوێ چەند نمونەیەکیشتان بدەمێ ئێمه له دۆخی کۆرۆنا سعرەکان هەمووتان دەزانن بەڕێزان له لیژنەی تەندروستی بەشێکیان لەگەڵمان بوون که کۆبووینەوه، ئێمه وامان کرد کەرتی تایبەت بێته ناوی، بەڵام له (١٠%)ی نەخۆشیش نەچووه کەرتی تایبەت بەڕێزان، له (١٠%)ی نەخۆشیش، نزیك له (٤٨) هەزار نەخۆش که له نەخۆشخانەکان پێویستی به داخیل بوون بووه، یان تووش بووه، ببوورن، بەشێکی زۆر زۆر کەم نەگەیشته (١٠%)ی نەخۆشیش له کەرتی تایبەت نەخۆش، ئەوانەی چووینه کەرتی تایبەتیش ئێمه تەسعیرەمان بۆ دانان، له سێ هەزار دۆلارەوه هێنامانه پێنج سەد دۆلار و شەش سەد هەزار دینار، هەمووتان دەزانن که ئەوانه عینایه مورەکەزه شەوی له هەموو دونیادا به چەندە، ئینجا بەڵێ تەجاوز هەبوو لەو ژمارەیه، یەك به یەك پسوولەی هەر هەموو نەخۆشەکان به لیژنەیەکی لێکۆڵینەوه له حزووری حاکمێك له ناو لیژنەی لێکۆڵینەوه پسووله به پسوولەی نەخۆشی کۆرۆنا پێداچوونەوەی بۆ کراوه، هەر تەجاوزێك هەبێت نزیك له (٩٨٥) ملیۆن دینار به قەراری لیجنەی تەحقیق و به تەوقیعی دادوەرێك گەڕاوەتەوه و ئێستا ئێمه دابەشی دەکەین بەسەر ئەو نەخۆشانەی که تەجاوزیان لەسەر کراوه، هیچ نەخۆشێك رێگەی پێ نەدراوه، قبوڵ نەکراوه، بەدواداچوونمان بۆی کرد، ئەوه تەجروبەیەکی موهیم بوو بۆ ئەوەی ئێمه نرخەکانی دیش به هەمان شێوه ئێستا بیخەینه ناو کەرتی تایبەت که لەو نرخانه نابێ بەسەردا بڕوا، له شێرپەنجه به هەمان شێوه بەڕێزان، لەسەر ئەستۆی سندووقی کۆمەکی

شێرپەنجە کۆمەڵێك نەشتەرگەری هەیە زۆر کەمتر کراوەتەوە لە (٤٠%)ی سیعرەکانی جارانیش کەمتر کراوەتەوە، واتا ئەگەر جاران نەشتەرگەییەکی مێشك بە شەش ملیۆن دینار کرابایە ئێستا بە سێ ملیۆن دینار کەمتریش بۆ نەخۆشێکی شێرپەنجە لەلایەن سندووقەوە دەبێ بۆی ئەنجام بدرێ، بۆیە ئەم تەجروبانە وەکو تەجروبەی ئەزموونی سەرکەوتنمان بەسەری دا هێناوە، بە شێوەیەکی گشتی هەموو نەشتەرگەرییەکان نرخی بۆ داندراوە، هەموو تاقیگەکان هەشت جۆری پشکنین هەیە نرخی بۆ داندراوە، ئاخیر شت ئێستا سعرەکانی لیژنەیەکمان هەیە ئەوانەی پسپۆڕن لە بواری سۆنەر و ئەشیعە، ئەشیعەی ئیعتیادی یە، سی تی سکانە، (MRI)، سۆنەرە، کۆمەڵێك جۆری تیشك هەیە، کە ئەوانە زۆر نینە، ئێستا پێداچوونەوە ئەو نرخانە بە یەکەوە ئیمە رایدەگەیەنین، دەچێتە بواری جێبەجێ کردن و ئەو پەیڕەوە بەڕێزان لە نزیکترین کات دا ئێمە رەوانەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دەکەین بۆ ئەوەی پەیڕەوی رێکخستنی کەرتی تایبەت بە پەیڕەوێك، چونکە لیژنەی تەفتیش و موتابەعە کە دەچێتە ناو بازاڕ موتابەعەی دەکات، دەبێت پەیڕەوێك و دەستوورێکی لە دەست بێت بتوانێ موحاسەبەی بکات، بەلایەنی کەم بەڕێزان ئێمە لە دوو ساڵی رابردوو قەدەغەمان کرد هەر پزیشکێك کە ئیدارەی نەخۆشخانەکە دەکات بە هەمان شێوە فەرمانبەر بێ لە حکومەت، هیچ نەخۆشخانەیەکی ئەهلی لە کوردستان نەماوە مودیری نەخۆشخانەکە فەرمانبەر بێت، فەرمانبەرێکی سادەش بێت واتا، بەڵام ئەگەر چەند ساڵێك پێش ئێستا بپرسی مودیری نەخۆشخانەی حکومی هەبووە مودیری نەخۆشخانەی ئەهلیش بووە، ئەو دیاردەش هەبوو، بەڵام ئەوە رێگەی لێ گیرا، چونکە بەە یاسایەی کە لە عیراق دا هەیە دەبێت موتەفەریغ کامل بێت ئەو کەسەی کە دەبێتە بەڕێوبەری نەخۆشخانە، رسوماتی پێدانی مۆڵەت بە نەخۆشخانە تایبەتەکان، بەڕێزان رێزبەندی کراوە، نەخۆشخانەی بچووك هەیە، مام ناوەندی هەیە، نەخۆشخانەی گەورە هەیە، پێدانی ژمارە ئەستێرەکان لەسەر ئەساسی فەندقییە و خزمەتگوزارییەکانی ئەوانە هەمووی کاری ئاسانە ئێستا کراوە، ئەو راپۆرتە هەندێك دوور و درێژە رەنگە نەتوانم هەمووی بخینمەوە، بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان، ئەو راپۆرتە لەلایەن لیژنەی تەندروستی هەیە، دەچمە سەر پرسیارەکان، ئەوەی لە کەرتی تایبەت کراوە بەڕێزان ئێستا لە سەنتەرەکانە، کە رێنماییەکی تەواو جێبەجێ دەکرێ بەسەر نوێکردنەوە یان پێدانی مۆڵەت، بەڵام ئەوەش بێ کێشە نییە، بەتایبەت لەگەڵ بەڕاستی ئێمە هەشت سەندیکامان هەیە کە تەعامول لەگەڵ لایەنی تەندروستی دەکات، ئەوانەیش کە مۆڵەتی کارکردنیان دەدرێتێ پیشەنە و دەبێ مومارەسەی پیشەکەی خۆیان لە نەقابە مەعنییەکان وەرگرن، من دەمەوێ ئەوە بڵێم کە دوو جۆرە مۆڵەت هەیە بەڕێزان، بۆ ئەوەی تێکەڵی نەکەین، بەڕێزێگ گوتی سەندیکا مۆڵەت دەدات یان سەندیکا دەچێت دایدەخات؟ بەڕێزان مۆڵەتێك هەیە وەکو مۆڵەتی تاکە کەس، کەسێك کارمەندی تەندروستییە، سەندیکای کارمەندانی تەندروستی دەبێ مافی کارمەندی تەندروستی پێ بدات و بیکاتە ئەندام لەلای خۆی، کەسێك پزیشکە سەندیکای پزیشکان دەتوانێ وەکو پزیشکێك مومارەسەی یان مۆڵەتی کەسییەکەی خۆی بداتێ، بەڵام وەکو لە قانونە عەرەبییەکەی بەغدا دەڵێ (محل) کە دەڵێ (محل) یەعنی شوێنێك کە مومارەسەکەی تێدا دەکرێ، یان نەخۆشخانەیە، عیادەیە، سەنتەرێك دەگرێتەوە، کۆمەڵگایەك دەگرێتەوە، بچووك، گەورە،

هەمـووی پـێکەوە ئـێمە لە وەزارەتـی تەندروسـتی لەگەڵ ئەو داواکاریـانەدا دەکرێـت، بەڕێـزان دەچمە سەر وەڵامی پرسیارەکان، ئەو راپۆرتەی کە لەلایەن لیژنەی کاروباری تەندروستی ئامـادە کراوە وابزانم بەشێکم جـواب دایەوە نـاچمەوە سـەری، سـەبارەت بە سـتیکەر باسـم کـرد، خـاڵی دووەمیان لەسەر هەر کۆمپانیایەك هەر جۆرە دەرمانێکی بوێـت، ئەم راپـۆرتە مـن دەمەوێـت بە داوای لێبووردنەوە بە لیژنەی تەندروستی بڵێم بەشێکی داتای یان زانیاری کۆنە، لە راپۆرتەکـانی پێشوودا هەبووە بەشێکی چارەسەر کراوە لە زەمەنی ئێستادا نەماوە، واتا هەر کۆمپانیایەك هەر جۆرە دەرمـانێکی بوێـت تەواو لە هەر وڵاتێـك بـیەوێ بیهێنـێ؟ نەخێـر، ئەو دەرمـانە یـان دەبـێ (Reference)ی هەبـێ، باسـم کـرد، یـان دەبـێ مەصـنەعەکەی تەسـجیل بـێ، دەرمـانەکە دەبـێ تەسـجیل بـێ لە کـواڵتی کـۆنترۆڵ، ئەگەر نـا نیـیە هەر دەرمانێـك بە کەیفـی خـۆی بیهێنـێ، دواکەوتنی ئەنجامی پشکنین بەڕێزان من سەبەبەکانم باس کرد و دواکەوتنەکە کەم کـراوەتەوە، بەشێك لە پزیشکان کاتێك دەرمان بۆ نەخۆش دەنووسن تەبـعەن ئەو پرۆسـەیە لەگەڵ نەقـابە و بڕیارێکی ئەنجومەنی وەزیرانیش هەیە دەبێت هەموو راچێتەکان ئێستا من ئەوڕۆ پرسیارم کرد لە بەڕێزان پزیشـکان، زیـاتر لە (٨٠%) لە (٨٥%)ی پزیشـکان ئێسـتا بە کۆمپیـوتەر راچێتەکانیـان دەنووسن لە ناو عیادەکەی خۆیان، ئەوە تا رادەیەك تەنسیق کەم دەکـاتەوە، چـونکە تەعلیمـات هەیە کە ناوی زانستی بنووسی نەك ناوی تیجاری، ئەو نـاوە تیجـارییەیە کە وا دەکـات ئـیللا لەو کۆمپانیـایە تیجـاریە بیکرێـت، بەڵام نـاوی زانسـتی جیـاواز نـابێ یەعنـی ئەو (plavix)ە لە هەر صەیدەلیەیەك بێ لە هەر کۆمپانیایەك بکری، ئەوە بەدواداچوونی زیاتری بۆ دەکەین بۆ ئەوەی لە (١٠٠%) هەمـوو عیادەکـان راچێـتەی بە کۆمپیـوتەر بنووسـن، هەر نەخشـێکیش ئـازادە لە چ دەرمانخـانەیەك بکـرێ، نـاکرێ ناچـاری بکـات ئـیللا لەو دەرمانخـانەیە بیکرێـت، دواکەوتنـی رێگەپێدان باسم کرد بەڕێزان، هیچ نرخێك نـاچیتە سـەری و قـازانج (٤٠٠%) (٧٠٠%) نـازانم ئەم قیاسـە چـۆن کـراوە؟ چـونکە موسـتەحیلە ئەوەیـان، (بەپێـی پێویسـت بەدواداچـوون نیـیە بەو دەرمانەی هاوردەی هەرێم دەکرێت لە وڵاتان تا وەکـو سـەر سنوور بە چ شـێوازێ) بەڕێـزان مـن ئەوڕۆ تەحقیقـی ئەو بـابەتەم کـردووە، (data logger) هەیە، بە گـوێرەی رێنماییەکـانی کـواڵتی کۆنترۆڵ دەبێت ئەوانەی نەقل دەکەن و دەیهێننە سەر سنوور دەبێت هەموو (palette)ێك ( data logger)ی تێـدا بـێ، (data logger)ەکە سـەعات بە سـەعات (temperature) و ئەوەی نسـبەی شـێدارییەکەی (humidity)ی پێشـان دەدات سعات بە سـعات، چەنـدین حـاڵەت جوولێنـدراوە و کەیسـی بـۆ کـراوەتەوە لەبەر ئەوەی کە گەیشـتۆتە نـاو هەرێمـی کوردسـتان (data logger)ی نەبووە، بۆیە ئەوە یەك لە رێنماییەکانە، وەك کۆمپانیا رەسەنەکان خۆیان لەبەر سومعەی خۆیـان ناچن بە بێ ئەو (data logger)ە دەرمانێك بێنن لە گەرما بمێنێتەوە و تێك بچێ، (دەرمانخانەکان شـەوانە تـا دوای نیـوەڕۆ) ئەم کێشـەیە بەڵـێ بـوونی هەیە، دەوەسـتێتە سـەر ئاسـتی کارەبـا لە شوێنەکان، دەرمانخانەیەك کارەبای لێ ببڕێ و دەرمانەکە لە ناو، بەڵام بەڕێزان ئەو دەرمانانە من دەمەوێ شتێکتان پێ بلێم، دەرمان هەموو دەرمانێك وەکو یەك نییە، دەرمانی ڤاکسین، هەندێك دەرمـانی بـایۆلۆجی هەیە، هەنـدێك دەرمـانی دیـکە هەیە کە نـاقص صـفر و تـا دەگـاتە (-١٨)ش ئەوانە لە سەلاجە و بەراد و تەنانەت گواستنەوەکەشی دەبێ لە ناو بەفـر بێـت، لە نـاو (ice box) بۆکس دەبێت، لەبەر ئەوە دەرمانی دیکە کە تەحەمولی هەتـا رێژەیەکـی دیـکەی بەرزتـر دەکـات،

بـۆیە ئەوە دەرمانسـازەکان تێیـدا بەرپرسـن، حـزووری دەرمانسـاز لێـرەدا گـرنگە کە دەبـێ لە دەرمانخانەکان دا دەوام بکەن، دامەزراوەی نیشتیمانی دەرمان و خۆراك دوو بۆچـوونی جیـاواز هەیە، ئەگەر بـاس لە دامەزراوەی کـواڵتی کـۆنترۆڵ کردنـی دەرمـان و خـۆراك دەکرێـت ئەوە بابەتێکە، کۆمپانیـای نیشـتیمانی دامەزراوەی دابـین کردنـی دەرمـان بـابەتێکی تـرە، وەکـو گـوتم ئەوەیان وەکـو (کیمادیـا)یە، (بـاس لەوە دەکـات کە نـابێ کەرتـی تـایبەت هـیچ پشـکی هەبێـت) ئەوەی عیراقیش بەرێزان کە دانتراوە لە کاتی خـۆی دا (کیمادیـا) لە سـاڵی (١٩٦٤) بـوو وابـزانم، دواتر لە نەوەدەکان قانونەکەی دەرچووە، بیدایەت بە بڕیارێك دروست کـراوە، موشـتەرەکە هەر لەبەر ئەوەشە ناوی کیمادیا شەریکەیە، شەریکەیەکی حکومییە، بەڵام موشتەرەکە لەگەڵ کەرتی تایبەت، یەعنی ئەوەش وابزانم عەمەلی نییە هەر کەرتـی تـایبەت بە یەکجـاری ئـیللا حکـومەت، بەڵێ حکومەت بە خۆی دەیکرێ، بەڵام دامەزراوەکە بە هاوبەشی دەبێت، لیژنەی چاودێری بـازاڕ بە بەردەوامی چاودێری دەرمانخانە و کۆگاکان دەکەن، تەنانەت بۆ سەر سنوورەکانیش، (جەخت دەکەینەوە کە هەر فەرمانبەرێکی...) ئەوەمـان بـاس کـرد بەرێـزان، خـاڵی شەشـەم (دەکـرێ یەك سیسـتەم سـەرجەم دەرمانەکـانی هەرێمـی کوردسـتان بەیەکەوە ببەسـتێ...) بەڵـێ ئـێمە ئەو راسپاردەمان لە سیستەمی ئەلیکترۆنی ستیکەر دەچێتە بواری جێبەجێ کردن، (لەزگەی دەرمان نەدرێ بە کۆمپانیاکـان) ئەوە دامەزراوەی نیشـتیمانی چارەسـەری ئەو بـابەتە دەکـات بەرێـزان چونکە لە ئێستادا ئەو شێوازە جێبەجێ ناکرێ، بەڵام لە دامەزراوەی نیشتیمانی ستیکەر خۆمـان چاودێری کردنی لێدانی ستیکەرەکە بکەین، بەڵام لە پرۆسەی ئەلیکترۆنـی جـارێکی تـر کۆمپانیـا خۆشـی نـاتوانێ هـیچ سـەرپێچییەك بکـات، چـونکە سیسـتەمەکە خـۆی بە ئەلیکترۆنـی دەبەستێتەوە، هەموو هاووڵاتییەك دەتوانێت بەدواداچوون بکات، (لە پرۆسـەی کڕینـی دەرمـان بۆ کەرتی گشتی و حکومەت جیاوازی هەیە لە نێوان پارێزگاکانی هەرێـم...) بەرێـزان ئەوە لەلای ئـێمە نیـیە، وەزارەتـی تەندروسـتی، زۆرجـار ئـێمە روونکردنەوەمـان داوە، سیسـتەمی بـانقییە، بانقێك نەختینە زیاتر خەرج دەکات بۆ چەکێك لە بانقێکی دیکە رەنگە لە ناو هەمان شاریش ئەو جیـاوازییە هەبـێ بەرێـزان، ئەوە پەیوەنـدی بە جیـاوازی سیاسـی و جیـاوازی پارێزگـا نیـیە، لە هەمـان بـانق لە هەمـان شـار رەنـگە جیـاوازی هەبێ لە بانقێـك بـۆ بانقێـك دا، بـۆیە ئەوە کێشـە سەرەکییەکەیە کە لە سلێمانی باسی لێوە کـرا لە مـاوەی چەنـد حەفـتە و مـانگی رابـردوو، بەڵێ رێژەیەکیـان دانـاوە کە (٥%)ی ئەوەش داوا دەکەیـن لەگەڵ ئێـوە لێـرە جـارێکی تـر جەخـت دەکەینەوە لەسەر وەزارەتـی دارایـی ئەو کێشـەیەی سیولە و پـارەی نەختینەمـان بـۆ چارەسـەر بکات، بەڵام من دەمەوێ مەعلوماتێکتان بدەمێ من لە (٢٠١٤)ەوە خۆم بەڕێوەبەری گشتی بووم، (٢%) حەفتـانە دەدرا بە کۆمپانیاکـانی دابینکردنـی دەرمـان، لە شـارێکی دیـکە (٣٠%) دەدرا، لە هەندێك شارێکی دیکە (١٠٠%) دەدرا، بەرێزان ئێسـتا هەمـووی بـووە (٥%) بەڵـێ ئەو کێشـەیەی دروست کرد، ئێستا ئێمە داوامان کردووە و بەڵێنێکمان وەرگرتووە کە ئەم کێشـەیە بەرێژەیەکـی یەکجار زۆر کەم من نامەوێ ئەو رەقەمە بکەمە ماڵ لێرە ئیعلانـی بـکەم، نەختینەیەکـی یەکجـار زۆر دابین بکرێ مانگانە بۆ کۆمپانیاکان، بۆ ئەوەی بەو شێوازە دەرمانیش هەرزان دەبێ بەرێزان، دەرمانیش متەوەفیر دەبێت، کۆمپانیایەکی مونافەسەش باشتر دەبێ، باوەڕ بـکەن بەرێـزان زۆر کۆمپانیا هەیە خۆی لەگەڵ حکومەت ئەصڵەن تەعامول ناکات، نابێت، دەڵێ من نـامەوێ پـارەکە

بکەوتە قەرز و قەرد، من دەمەوێ کاش هەیە، من نموونەیەکتان بۆ بگێڕمەوە لە وەختی شەڕی داعش بوو یەکێك لە کۆمپانیاکان هەندێك لە بابەتەکانی دابین دەکرد بۆ ئەشیعە و سۆنەر، بۆ ئەشیعە، دەهات دەیگوت ئەگەر لەسەر (semi private)ە و پارەکە لەسەر مودیری موستەشفایە و مەوجودە ئەمن دەیفرۆشم، بەڵام بە شێوازی سبەینان بی و بە ڕێژەی تەندەرینگ بێ من نایفرۆشم، چونکە نامەوێ دەرمانەکە ببێتە چەکێك و چەکەکە لە گیرفان بی سالێك، یەعنی فعلەن دابین کردنی نەختینە تکا دەکەین لە وەزارەتی دارایی ئەو کێشەیەمان بۆ حەل بکات، چونکە دەرمان هەرزانتر دەبێ، دەرمان زۆرتر دەبێ، کوالێتیش بەرز دەبێتەوە، هەلی موناڧەسەکی زۆریش بۆ کۆمپانیاکان دێنە ناو کارەکە، کڕینی دەرمان لە نێوان پارێزگاکان بەڕێزان وەك ئەوەی باسم کرد ئەو دیراسەیەی تیمە راوێژکارییەکە کردیتیان و بابەتێکە کۆیان کردۆتەوە کە چۆن بتوانن یەکخستنی کڕینی دەرمان بکەن، دەرمانەکانی شێرپەنجە نازانم من سەیرم پێ دێ، من حەزم لێیە لیژنەیەك بێت تەماشا بکات بزانێ سێ تا پێنج کۆمپانیایە؟ زیاتر لە (١٠) (١٥) کۆمپانیایە، بەڵام بەڕێزان هەندێك دەرمانی شێرپەنجە هەیە یەعنی وەکیلی حەصرییە ئەو بابەتە ئیللا فلان کۆمپانیا هەیتی، ئەصلەن ئەگەر تەقدیم نەکات بێ دەرمان دەبین، دەبێ تەقدیم بکات بۆ کڕین، بۆیە وردەکای تێدایە (guideline) و ڕێنمایی تێدایە، چاکسازی تەواو لەو بابەتە کرایە، ئەم بابەتە ئیعلان دەکرێت، ئیعلان دەکرێت بۆ هەموو شەریکەکان، فەرموو وەرن، کەس ڕێگری لێ نەکرایە بێت تەقدیم بکات، بە چەندین پرۆسەی فەتح و تەحلیل و دواتر بە پێداچوونەوە دا دەچێ، کە ئەوە چەندین کەس تێدا بەشدار دەبێ، لەو بڕوایەدا نەبن ئیحتیکار و پێدان بە ڕێکارەکی نایاسایی بکرێت، (دەرمانی بێ مۆڵەت لە مەرزەکانی هەرێمی کوردستان بە بازگەکان دێتە ناو هەرێمی کوردستان...) بەڕێزان، هەر دەرمانێك بە ڕێگای تیمی ئێمە لە بازگە بێت یان لە دەروازەکان بێت یان لە مەتار بێت، بەڕێی کوالێتی کۆنترۆڵ کە تیمەکانی لەوێن موستەحیلە ئەگەر هەموو ئەوراقت تەواو نەبێت ڕێگەی پێ بدرێت، بەڵام دەرمانێك ئێمە ئاگادار نەبین، ئێستا ئێمە دانیشتینە دەرمانێك بێت و بکەوێتە بازاڕەوە بە قاچاخ بێتە ژوورەوە ئێمە بەرپرس نین لە دەرمانی قاچاخ کە بە ڕێی ئێمە نایێت هەر دەرمانێك، بۆیە بە سوپاسەوە ئێستا هەموو بازگەکان و دەروازەکان هاوکارێکی باشن بۆ ڕاگرتنی دەرمان تاوەکو کوالێتی کۆنترۆڵ بەدواداچوونی دەکات، نرخی نەخۆشخانە تایبەتەکان بەڕێزان پڕکردنەوەی ئەوە ڕاسپاردەکانە خرایتە ڕوو، لێك جیاکردنەوە وەڵلاهی هەموومان حەزمان لە یەك جیاکردنەوەیە کەرتی گشتی و تایبەت، بەڵام بەڕێزان ئەوە ئەوڕۆ نییە لە عیراق دا داندرایە، کارمەندان، موەزەفەکان، ئینجا پزیشکە، کارمەندی تەندروستی یە، یاسا ڕێی پێداوە کە دوای دەوامی فەرمی خۆی بتوانێت کلینیکی تایبەتی خۆی هەبێت، تەنها لە عیراقیش نییە لە زۆر وڵاتان هەیە بەڕێزان، جیاکردنەوەی لە ڕووی کۆمەڵێك یاسا دەبێ دەستکاری بکرێ، من ناڵێم ئیشمان نەکردووە دەیکەین، بەڵام دەستپێکەکمان هەیە نەجاحەتەکی زۆر باشمان لێی هینایە لەو جیاکردنەوە، من دوو نمونەتان دەدەمێ بەڕێزان جاران لە سەنتەرەکانی شێرپەنجە تا سەعات (١)ی نیوەڕۆ دەبوایە نەخۆش لەگەڵ ئەو کۆکتێلی یان ئەو عیلاجە کیمیاوییەی لەسەرە دەبوایە لێ بکرێتەوە بچێتەوە ماڵێ تا چەند ڕۆژێکی دیکە سرەی دێتەوە، ئێستا تا (٥)ی ئێوارە وەردەگرن، بەڵام دەکرێ پزیشکەکە بچێتەوە ماڵەوە؟ نەخێر پزیشکەکەش دەمێنێتەوە،

چارەسـەرییەکان بەردەوام دەبـن، ئەصـڵەن هەنـدێك نەخـۆش نـۆرەی ئێـوارانی دەدرێتـێ، لە بەرامـبەر چ؟ لە بەرامـبەر بـڕە پـارەیەك کە پێـی دەڵـێن بەدەل عیـادە، بە قـانونی، بە تەعەهـود دانـدرایە و عیـادەکەی خـۆی داخسـتییە بە فەرمـی بەدەل عیـادەی هەیە، سـەرکەوتنێکی زۆری هینـایە خەدەمـاتی شـێرپەنجە بـاش بـووە، سـڕە نەمـایە، نەخـۆش مورتـاحە، ئەوەی دیـکە لە پزیشکی فریاکەوتن، بەڕێزان ئێمە سێ جـۆری دیـکەی بەدەل عیادەمـان هەیە لە هەر سـێکییان سەرکەوتنمان هێنایە، بۆ نمونە نەخۆشی تەلاسیمیا جاران ئیللا دەبـوایە سـبەینان، دوای نیـوەڕۆ قەپات دەکرا، ئێستا تەلاسیمیا تا پێنجی ئێوارە و پزیشکی پسپۆڕ دەمێنێتەوە بەرامبەر بە بەدەل عیـادە، ئەوەی دیکەیـان لە فریاکەوتنەکـان پزیشـکان لە چەنـد پسـپۆڕییەکی جیـاواز بیـانەوێ بمێننەوە بەدەل عیادەیان دەدرێتێ، بەڵام بە شەرتێك نابێت لە کەرتی تایبەت ئیش بکەن و نابێ عیادەی خۆیان بکەنەوە، بەدەل عیادەیەکیان هەیە بە سوپاسەوە سەرکەوتنێکی باشـی هێنـاوە، پزیشـکی پسـپۆڕی فریـاکەوتن ئەوەی کە (طـب طـواریء)ی پـێ دەڵـێن ژمارەیـان زۆر زۆر سنووردارە، بەتایبەتی لە سلێمانی کە تەنیـا دوو پزیشـك هەیە، لە هەولێـر نـزیکەی (١١) پزیشـك هەیە، لە دهـــۆك ژمـــارەیەکی ســـنووردار هەیە، ئەوانەش بەدەل عیادەیـــان، بەڵام ئەوە بە ئیختیارییە، زۆربەیان بەدەل عیادە وەردەگرن تا (١٢)ی شەو نەخۆش کە بچێـتە فریاکەوتنەکـان پزیشکی پسـپۆڕ دەیبینێـت، ئەو بـابەتە ئێسـتا ئـێمە لەگەڵ تیمێکـی راوێژکـاری رێککەوتنێکمـان هەیە کە بۆ چاککردن و ریفۆرمکردنی سیستەمی تەندروستی، نمونەی چەند نەخۆشخانەیەکمان وەرگرتووە لە هەر سی محافەزە کە بتوانین ئەو سیستەمە پەیڕەو بکەین بۆ ئەوەی بە تەواوەتی کەرتـی گشـتی و تـایبەت لێـك جیـابکەینەوە، بەڵام بە شـەو و رۆژێـك نـاکرێ ئەوەی تەعیـنە لە حکومەت و بە قانونی تەعینە پێی بڵێم برۆ مـاڵەوە و مەعاشـەکەی لـێ ببـڕم و یەکێکـی تـر بـێ، ئەصـڵەن لە هەنـدێك پسـپۆڕی بەڕێـزان رەنـگە هەر پێـت نەکـرێ، چـونکە بە پەنـجەی دەسـت دەژمێردرێن، تازە بەڕێزێك باسی ئەوەی دەکرد مەسەلەن (طب عدلي) بـۆ لە راپەریـن، پزیشـکی پسـپۆڕ لە هەمـوو هەولێـر بەڕێـزان ئێسـتا یەك پزیشـك مـاوە (طـب عـدلي) بکـات، لەبەر چ؟ پزیشـکەکان (interest)یـان نیـیە، لە هەمـوو دونیـاش وایە، تەخـدیرە هەر وایە، (طـب عـدلي)یە ئەوهـایە، صـحەی مـوجتەمەعە ئەوەی صـحەی عـاممەی پـێ دەڵـێن (community medicine) ئەوهایە، کۆمەڵێك پسپۆڕی هەیە خۆی رەغبەی نییە لە وڵاتـانی دونیـا، بـڕۆ هەر وڵاتێکـی دونیـا ژمـارەی تەخـدیریان کەمە، هەر وڵاتێکـی دنیـا، بـۆیە ئەوانە رەنـگە بەدەل عیـادە هەنـدێك ئیستسنائات بکرێ بۆ پسپۆڕییە تایبەتەکان، سەبارەت بە ئەو پڕکردنەوەیە ئینشاڵلا کـاری لەسـەر دەکەیـن و کۆمەڵێـك رەشنووسـمان لە دەسـتە، مـن دەمەوێ پێتـان بڵـێم شـەش یاسـا ئێسـتا ئامادەکردنەکانی تەواو بووە و رەشنووسە و ئـێمە هەمـووی دەنێـرین، ئەوەی پەیـڕەوە و ئەوەی یاسایە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و لەلایەن بەڕێز خوشکی بەڕێزمان (د.ڤاڵا)ش زۆر بە خێرایی عەجەلەمان لێ دەکات کە ئەوانە رەوانەی پەرلەمان بکات، هیـوادارین پەرلەمـان ئەو پرۆژە یاسایانەی تەندروستی کە دەگات لە ئایندەیەکی نزیك دەگاتە دەستتان بە پێشی بخات بۆ ئەوەی ببێـتە بڕیـار، ئەوەی باسـم کـرد ئەوەی پـارەی خەرجکـراو (٤%)ە (٥%) بـاس کـرد، پێداویستی دەرمان بەڕێزان پێداویستی دەرمـان بەس لە هەرێمـی کوردسـتان دا لە رێگەی ئەو سیستەمەی کۆمپانیای نیشـتیمانی چـونکە ئەو دەیـداتە کەرتـی تـایبەتیش رێـك دەخـرێ، ئەگەر

ئێمە کۆمپانیای نیشتیمانی وەکو بیمەی تەندروستییەکەیە، تەنها موشکیلەیەك حەل ناکات، زۆر موشکیلە حەل دەکات، حاجەتی خۆت لە کوردستان دەزانییەوە حاجەتی بازاڕ چەندە بۆ پاراسیتۆڵ، هەرێمی کوردستان چەند پاراسیتۆلی پێویستە؟ بەڵام بەڕێزان لە بیر نەکەین زۆرێك لە دەرمان و پێداویستی عیراقیش لە ناو هەرێمی کوردستان لە رێگەی فرۆکەخانە و دەروازەکانەوە بۆ باشوور و ناوەڕاستی عیراق دەڕوات، بۆیە ئەوەی کە لە هەرێمی کوردستان داخیل دەبێت تەنها تەعبیر لەوە ناکات ئەوە تەنها بۆ هەرێمی کوردستانە، بەڕێزان ئێستا ئەوەی باس دەکرێت یەك دەرمان زیاتر لە (١٠) کۆمپانیای جیاواز هەیە تا رادەیەك سنوورداری کردووە چونکە تەسجیل خۆی تەسجیل کردن پرۆسەی تەسجیلی دەرمانەکانمان دەست پێکردووە و تەسجیلی مەصنەعەکان، ئەوانە خۆیان کەم دەکاتەوە، واتا نابێت (٥٠) نەوع پاراسیتۆلت هەبێ، (٥٠) نەوع ڤۆڵتارینت هەبێ، خۆی کەم دەبێتەوە، چونکە هەموو بە پێی ئەو رێنمایی یە ناتوانێ خۆی تەسجیل بکات، من دەمەوێ ئەوەش بڵێم کە ناشتوانی بە تەواوەتی رێگە بگری چونکە بازاڕی ئازادیش هەیە لە دەرمان ناتوانی رێگە بگری تەنها یەك بابەت و یەك دەرمان، تەنها ئەو جۆرە ئاوە بێتە بازاڕ ناکرێ، چونکە چەندین جۆری جیاواز هەیە، سەبارەت بە پرسی (زیادکردنی داهاتی حکومەت نابێ لە کەرتی تەندروستی) بەڕێزان داهاتی راپۆرتێك لە پێش لیژنەی تەندروستی و سەرۆکایەتی پەرلەمانە سەیر بکەن داهاتی لە دوو ساڵی رابردوودا داهات چەند زیاد بووە؟ زیاتر لە (٢٠٠%)یش داهات زیاد بووە، کە لە (١٧) ملیار دینار وەزارەتی تەندروستی داهاتی هەبوو لە ساڵێك دا، ئێستا زیاتر لە (٥٢) ملیار داهاتی هەیە، بەڵام یەك داهاتیش لەسەر حیسابی بیتاقەی نەخۆش نەبووە بەڕێزان، هیچ نرخی خزمەتگوزارییەکی بیتاقەی نەخۆش زیاد نەکراوە، ئەو داهاتە تەنها رێکخستنەوەی کەرتی تایبەت بۆ رێکخستنەوەی باج بووە نەك زیادکردنی باج، رێکخستنەوەی مۆڵەت و رسوماتەکان بووە، بەتایبەتی لە کواڵتی کۆنترۆڵ زۆرترین داهات لە کواڵتی کۆنترۆڵ، لەبەر ئەوەی جاران دەرمان دەهات و بە بێ ئەوەی باج و رسومات و ئجوورەکانی خۆیان بدەن، ئێستا ئەوانە رێکخراینەوە بۆیە ئەمەش بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستانە و بەشێك لەو داهاتە دەدرێتەوە کواڵتی کۆنترۆڵ یان شوێنە جیاوازەکان بۆ ئەوەی بۆ ئیدامە کردن بەکار بێتەوە، بەڵێ ئێمە نوقتەی (١١) پشتگیری لیژنەی تەندروستی دەکەین و سوپاسیان دەکەین ئەو بابەتەیان وروژاندووە، هیوادارم لە قەناتەکانی دیکەی بەڕێزیشتانەوە جەخت لە حکومەتی عیراقی بکرێتەوە کە (١٧%)ەکە بە تەواوەتی لە بودجەی حاکیمە بۆ هەموو دەرمان و پێداویستی و ئامێر و صیانەش بێ بەڕاستی بەڕێزان، لە ئێستادا لە نێوان (١٢.٣) بۆ (١٢.٧) دەرمان و پێداویستی بۆ هەرێمی کوردستان دابین دەکرێ، کە ئەویش بەو پچڕ بچڕییە رەنگە هەندێك بابەت هەر دابین نەکرێت، (رەچاوکردنی پێویستی جوگرافی) بەڵێ باسم کرد پێدانی مۆڵەت، کردنەوەی نەخۆشخانە، ئێمەش تەشجیعی کردنەوەی نەخۆشخانە لە قەزا و ناحییەکان دەکەین و دەستیشی پێکردووە، سەبارەت بە پرسیارەکان بەڕێزان، تەبعەن جگە لە دوو راپۆرتی لەسەر کەرتی تایبەت و لەسەر دەرمان پێشکەشم کردووە بۆ بەڕێزتان لە لیژنەی تەندروستی و سەرۆکایەتی پەرلەمان، من دوو راپۆرتی دیکەشم داوەتە بەڕێزتان یەکێکیان لەسەر داهاتەکانە و یەکێکیشیان لەسەر راپۆرتێکی عامە و راپۆرتێکی زۆر تەفصیلی رەنگە نەمتوانیبێ بمبوورن بۆ هەمووتان، ئەگەر پێویست بوو ئینشاڵلا لە رۆژانی

داهاتوو ئەم ڕاپۆرتە خزمەتگوزاری کەرتی گشتی و تایبەتی تێدایە، بەڕاستی بەڕێزان دەمەوێ ئەوە بڵێم کە ئەگەر بڵێین نەخۆشخانەی حکومەی نەماوە و وێرانە و نەخۆشخانەی کەرتی تایبەت دەستی بەسەر هەموو خەدەمات داگرتووە بەڕاستی ئەوە بمبوورن ئەو قسەیە دەکەم ڕەنگە هەندێك لە بێ ویژدانی تێدا بێت، چونکە نەخۆشخانەی حکومی تا ئێستاش بە تەواوەتی موسەیتیرە لەسەر پێشکەش کردنی خەدەماتەکان، نەخۆشخانەی حکومی ئەبەدەن کەرتی تایبەت نەبوویتە بەدیلی حکومی، ئەصڵەن کەرتی تایبەت ناتوانێ نە لە سەرچاوە مرۆییەکەی، نە لە نەوعییەتەکەی، نە لە ئامێرەکەی، بگاتە کەرتی، من هەندێك موتڵەق قسە ناکەم، هەندێك پسپۆڕی ڕەنگە هەبێت، بەڵام هەندێك پسپۆڕی هەیە ئەصڵەن سەد لە سەد لە حکومەت دەکرێت، بۆ نمونە تا ئێستاش (طوارىء) زیاتر لە (٩٠%)ی (طوارىء) زیاتر بۆ نەخۆشخانە حکومییەکان دێت و خەدەماتەکان، ئەو (١٠%)یەی کە دەچێتە ئەصلی کێشەی بۆ ئێمە دروست کردووە و سەرپێچیش دادەنێین کاتێك کە دەچن دۆسیەی پۆلیسییەکەشی تێدا بزر دەبێت، من دەمەوێ ئەوەش بڵێم کە خزمەتگوزاری گولە و بڕین و شکان و ئەوانەی کە لە حادیسە و ڕووداوەکان و لە جەنگەکان (١٠٠%) لەلایەن حکومەتەوە بەڕێوە دەچێت، ئەوەی کە سووتانەکانە سەد لە سەد هیچ کەرتی تایبەت سووتانی نییە، تا ئێستاش شێرپەنجە باسم کرد نزیك لە سەد لە سەد کە زیاتر لە (٩٧%) (٩٨%)ی شێرپەنجە لە حکومی دەکرێ، بەڵام ڕەنگە لەبەر هۆی نۆرە هەندێك جار نەخۆش خۆی ئازادە، مندالبوونێکە لەلایەن ئافرەتێك دەچێت لە کەرتی تایبەت، کەس بە زۆری نەچۆتە نەخۆشخانە، ئەگەر بێت و تێبینی ئەوە بکەین بڵێین حاڵەتی وا هەبووە هەندێك جار نەخۆش تەشجیع کرابێ، ئێمە لیژنەی لێکۆڵینەوە دادەنێین و قبوڵی ئەوە ناکەین کە کەسێك لە ناو نەخۆشخانەی حکومی بێت (marketing) بکات و بە زۆری نەخۆش بنێریتە دەرەوە، من دەمەوێ دوو ڕەقەم بخەمە بەردەم بەڕێزتان بۆ ئەوەی ئەو ڕەقەمانەتان لە بیر بێ بەڕێزان، ئەو ئیحصایە هەر یەك لە ئێوە بچێ لە لیژنە دەتوانێ ئیحصای هەموو نەخۆشخانە ئەهلییەکان خڕ بکاتەوە و ئیحصای حکومییەکانیش هەموو خڕ بکاتەوە، من دوو ئیحصام لەلایە ئێستا، بەڕێزان (١٣٦٠٨) عەمەلیات لە کەرتی تایبەت کراوە لە ساڵی (٢٠٢١)، ئەو ژمارەیەتان لەلا بێ (١٣٦٠٨) عەمەلیاتی بە تەخدیری عام، باشە؟ تەماشای ڕاپۆرتی وەزارەتی تەندروستی بکەن چەند عەمەلیات کراوە؟ (٢٢٣٣٢٦) عەمەلیات کراوە لە کەرتی حکومی بە هەموو نەخۆشخانەکانی حکومی) لە کاتێك دا (٧٦) نەخۆشخانەی حکومی هەیە ئەوەی کە تەخدیری عامی تێدا دەکرێ، من باسی سەنتەر و مەرکەز صحی ناکەم بەڕێزان، باسی ئەو نەخۆشخانانە دەکەم کە عەمەلیاتی تێدا هەیە، (طوارىء) تێدا هەیە، نوستنی تێدا هەیە، (أخصائی) تێدا هەیە، نەخۆش تێیدا دەمێنێتەوە، قاوشی هەیە، (٧٦) نەخۆشخانە و (٥٤) نەخۆشخانەی ئەهلی، (٢٢٣٣٢٦) عەمەلیات لە بەرامبەردا لە کەرتی تایبەت (١٣٦٠٨) عەمەلیات کراوە، ئایا ئێوە پێم بڵێن دەکا سەدا چەندی عەمەلیاتەکان لە کوردستان کرابی لە کەرتی تایبەت بووە؟ یەعنی بەو دەرەجەیەش ئێمە بڵێین، پرسیار بکەن ڕۆژێ لە خەستەخانەکی وەکو خەستەخانەی شار، چەند عەمەلیات دەکرێ و بە هەموو سلێمانیش چەند عەمەلیات دەکرێ لە کەرتی تایبەت؟ لە خەستەخانەیەکی وەکو رزگاری زیاتر لە سەد عەمەلیات لە ڕۆژێکدا بە سبەینان و بە (semi private) دەکرێ، ئایا لە هەموو نەحۆشخانەکانی دیکە چەند دەکرێت؟ بەو

شێوەیە نییە بەڕێزان کە وا پێشان بدەین لە ئیعلام کە نەخۆشخانەی حکومەی نەماوە، ئێستاش نەخۆشـــخانەی حکـــومی لە بـــوونی مـــوقیم دەوری، مـــوقیم ئەقـــدەم، لە زۆری عەدەدی ئەخیصائییەکان، لە زۆری سەنتەرەکانی ئەصڵەن (teaching) ئەوەی کە هەم تەڵەبەی لە (طـب)، هەم تەڵەبەی (post graduate)، زۆربەی نەخۆشخانە حکومییەکانمـان ئێسـتا متمـانەی سـەنتەری بۆردی عەرەبی و بۆردی عیراقی هەیە، بۆردی ئوردونی پێش دوو حەفتە لێرە بوو، من زۆرم پێ سەیرە بەڕاستی یەعنی لە هەمـوو (وطـن عربـی) وەفـدێك دێـت، پزیشـکانی پسـپۆڕ هەمـوو بە دەرەجەی پرۆفیسـۆر لە ئەفریقیـا و لە صـۆماڵ و لە خەلـیج و لە مەغریـب و مصـر و دوبەی و ئوردون دێن متمانە بە خەستەخانەیەکی وەکو فڵان خەستەخانە و فڵان خەستەخانە دەدەن کە ببێتە مەرکەزی تەدریبـی تەڵەبەکـانی بـۆردی عەرەبـی، بـۆردی عەرەبـی (٢٢) وڵاتـی عەرەبـی یە بەڕێزان، سیقە بەو خەستەخانەی دەکـات تەدریبـی چـونکە ئیحتیاجاتەکـانی تێـدایە، کە بتـوانێ چوار سـاڵ لەوێ دەوام بکـات دوایـی بـۆرد بەدەسـت بێنـێ، ئیمتیحـانی نیهـائیش دەینیـنە ئێـرە بەڕێزان هەمووتان دەزانن کەس و کارتان دکتۆر بـووە، جـاران دکتـۆری ئـێمە دەبـوایە بچێـت لە ئوردن و لە مصر و لە مەغریب ئیمتیحانی نیهائی بدات، ئێستا ئەوان دێن لێرە ئیمتیحانی نیهائی دەدەن و ئیختیصاصەکە دەدەن، باشە بۆچی ئێمە ئەو سیقەیە لە پێش چاوی هـاووڵاتی خۆمـان کەم بکەینەوە؟ بۆچی؟ یەعنی ئەوڕۆ من لە کۆنفرانسێکی سـەنتەری دڵ بەشـدار بـووم، پرسـیار بـکەن نەخۆشـەکانی دڵ لە هەمـوو سـەنتەرەکانی دونیـا رێـژەی مـردن سـەدا چەنـدە و رێـژەی مـردنیش لە سـەنتەرەکانی دڵ لە کوردسـتان سـەدا چەنـدە؟ یەعنـی سـیقە وا کەم بکەیـنەوە و متماتە نەمێنێ، من سوپاسـی بەڕێـز رۆژان خـان دەکەم کـۆمێنتێکی مـن لە دڵـم بـوو بـیکەم ئەو بەڕێزیان پێش من گوتی، ئێمە هاتووینە لە خزمەت بین و هەموو پرسیارەکانی ئێوە خـزمەت بە وەزارەتەکەی من دەکات و لەسەر سەرمان، هەمووم نووسیوە و هەمووی ئیشی لەسەر هەمووی دەکەم ئەوەی بکرێت و ئیمکـان بـێ، بەڵام ناشـکرێ ئێسـتا ئـێمە هەمـووی وێـران نیشـان بـدەین نەخـۆش بچێـتە دەرەوە، ئەو رێـژەی نەخـۆش دەچێـتە دەرەوەی وڵات چەنـد کەسـن؟ کێـنە؟ چەندن؟ زۆر نین بەڕێزان، بەڵام ئەو رێژەیەی چوونە دەرەوەی نەخـۆش لە هەمـوو دونیـا هەیە، کەسێك لە دوبەیش سوار تەیارەی دەبـێ دەچێـتە، بە ناوبـانگترین گـۆرانیبێژ لە وڵاتێکـی وەکـو، نەخۆشی ئێمە دەچنە تورکیا وانییە؟ لە تورکیا خەڵك دێت دەچێتە ئەمریکا، دەچێتە ئەڵمانیـا، لە ئەڵمانیاش خەڵك هەیە دەچێتە وڵاتێکی دیکە، نەخۆش ئازادە، بەڵام بە زۆری کەس ئێمە خۆمان دەڵێین نەخۆش پێویستی بە خاریجە راپۆرتی دەدەینێ ئەگەر پێویست بکات، بەڵام ئەوە مانـای ئەوە نییە سیستەمەکە وا پێشان بدەین خەدەمات خراپە و هیچ نەبووە، بەڕێزان تەنها سـەردان (١٢٩٥٠) یەعنی نزیکەی (١٣٠٠٠) سەردان لە (٢٠٢١) هەبووە بۆ نەخۆشـخانە حکومییەکـان، (١٣٠٠٠) تەبعەن ئەوە پاککردنەوەی پێویسـتە، تەنزیفـاتی دەوێ، دەرمـان پێڕاناگـا، مـن ئیحصـایەکم کـرد تەنها لە نەخۆشخانەی منداڵانی هەولێر رۆژێ دوو تەنییەکی فول دەرمان صەرف دەکرێت، ئێمە هەر بڵێین دەرمان لە نەخۆشـخانەی حکـومەی نیـیە؟ یەعنـی دەبـێ هەنـدەك بەڕاسـتی بەڕێـزان ئەدی ئەو هەموو ملیار ملیارە بە چـی دەدرێـت؟ تەنهـا سـەردان لە نەخۆشـخانەکان لە کاتێـك دا پێنج سەدو چوار هەزار سەردان بـۆ کەرتـی تـایبەت هەبـووە، (١٢) ملیـۆن لە کـێ؟ نـزیکەی (١٣) ملیۆن لە کێ؟ (٥٠٤) هەزار لە کـێ؟ یەعنـی یەك ملیـۆنیش نەبـووە بـۆ ئەهلییەکـان، مـن نـامەوێ

بچمە سەر داتا زۆرە، دواتر هیوادارم کە بەڕێزتان وەریبگرن، دەچمە سەر پرسیارەکان بە خێرایی کە زۆر تیکراری تێدایە، هەوڵ دەدەم تیکرارەکان دووپات نەکەمەوە، هاندان بۆ نەخۆشخانەکانی دەرەوە و شار بەڕێز (نجات) خان یەکەم کەس پرسیاری ئەوەی کرد، موهیمترین پرسیاری کرد، بەڕاستی من سوپاسی دەکەم، بەڵی دائیم من گوتیتم سێ بابەت هەیە کە کاری خێرای ئێمەیە، بەڵام بەداخەوە هەر لە قەیرانی دارایین و تووشی کۆڕۆناش بووین، بەو وەزعەی کۆڕۆناش دەزانن، یەکەمیان (طوارىء)کان خەریکە چارەسەری دەکەین، پێشتر دەچوویە (طوارىء) (أخصائى) لێ نەبوو وەك باسم کرد بە بەدەل عیادە و بە کردنەوەی (طب)ی (طوارىء) خەریکە حەل دەبێت، من خۆم دوو حەفتە پێش ئێستا لە سلێمانی لە نەخۆشخانەی (شار) بووم، خۆم چوویمە نەخۆشخانەی رۆژهەڵات، چوویمە (طوارىء)کەی دهۆك، بڕۆن پرسیار بکەن بە خۆتان ببینن بزانن سیستەمی بەدەل عیادە و (طب)ی (طوارىء) چۆن دەوری خۆی دیتییە؟ ئیستیشارییەکانمان جیا کردیتەوە لە ناو (طب)ی (طوارىء)، یەعنی (طوارىء) بە تەنیایە، ئیستیشارییەکەی بە تەنیایە لە دەرەوە بۆ ئەوەی خەدەماتەکە کواڵتی بەرزتر بێت و ئەوانەی دانیشتینە پسپۆڕینە، ئەوە بابەتی یەکەم، بابەتی دووەم/ (تەخدیر) کە ئێمە پێش چەند حەفتەیەکیش بەر لە ئێستا لەگەڵ چەند پەرلەمانتارێکی بەڕێز دانیشتین لەسەر بابەتی (تەخدیر)، چونکە تەخدیر ئەگەر عیلاجی نەکەین بەڕاستی ڕوو لە کەمبوون و هەر ڕوو لە کورتهێنان دەینێ، تەخدیر وەکو هەموو دونیا، ئەو کێشەیەش ئێمە لائیحەیەکمان داوەتە ئەنجومەنی وەزیران حەفتەی رابردوو جەختم دەکردەوە ئینشاڵلا کێشەی تەخدیر حەل بکەین، چونکە کێشەی تەخدیر کێشەی قەزا و ناحییەکانیش حەل دەکات وەکو بەڕێز (نجات) خان باسی کرد هاندان، هاندان بۆ نەخۆشخانەکانی دەرەوە بەڵێ زۆر پێویستە، ئێمەش جارێکی تر لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی دارایی ئالیەتێك دادەنێین بۆ ئەوەی پزیشکێکە لە (چۆمان) دەوام دەکات، لە (کفری) دەوام دەکات، لە (زاخۆ)، لە (باتیف) دا دەوام دەکات، دەبێ جیاواز بێ مووچە و دەرماڵەکانی لە کەسێك لە ناو شار، کاك (پێشەوا) باسی دەرمانی شێرپەنجەی کرد، بەڕێزان دەرمانی شێرپەنجە من بە کورتی باسم کرد، بەڵام هەندێکی تر باس بکەم دەرمانی شێرپەنجە دەرمانێکی زۆر تایبەتمەندە، زۆر گرانبەهایە، نەخۆش ناتوانێ لە دەرەوە بیکڕێ، باوەڕ بکەن ئەو (keytruda)یەی بەڕێزێك باسی کرد دوو (item)ی باس کرد تەنها بۆ سێ مانگ سندووقی شێرپەنجە ئەو رۆژە پرسیارم کرد، دەڵێ تەنها بۆ سێ مانگ حەفت ملیاری پێویستە، حەفت ملیار بۆ دوو سەد نەخۆش بۆ سێ مانگ، حەفت ملیار دینار بۆ دوو سەد نەخۆش تەنها بۆ سێ مانگ، حەفت ملیار دینار تەنها بۆ یەك (item) تەصەور بکەن بەڕێزان، ئێ باشە ئەو بابەتە کورتهێنانیش دەینی، ناشمینێت، من شتێکم بەبیر هاتەوە بەڕێزان بە ئەمانەتەوە نەقلی بکەم، بەڕێزانیش بەشێك لە شاندی بەڕێوەبەرە گشتییەکان لەگەڵمن لێرەن کە چووبوونە بەغدا، شاندێکی بەڕێوەبەرە گشتییەکان چوو بوون، من لێرەوە لە پێش راگەیاندن سوپاسی وەزیری تەندروستی عیراق دەکەم کە زۆر سەرسامی و ئیعجابی لە چەند بابەتێك لە هەرێمی کوردستان دەربڕیوە، یەکێك لەوانە سندووقی شێرپەنجە بووە و رەوشی شێرپەنجە بووە لە کوردستان، ئەوان ناتوانن دەرمانی شێرپەنجە دابین بکەن، گۆتیشم ناگاتە (١٠%)ی دەرمانەکانی شێرپەنجە کە ئێمە لە عیراق وەری

بگرین، زۆر سەرسام بووە کە زیاتر لە (٨٥٪)ی دەرمانەکان و پێداویستییەکانی شێرپەنجە لە کوردستان بوونی هەیە، بەڵێ کێشەمان هەیە، بەڵام کێشەکان لە چییە؟ ئەصڵەن ئەو (١٥٪)یە ئیقرار نییە من چۆن بۆی بکرم؟ دەرمانی دەگمەن کاک (کاروان) دێ لەسەر تەلەفزیۆنی دەڵێ (وەزارەت دەرمانی قاچاخ دەکڕی)، هەر بەڕاستی یەعنی چۆن بۆی بکرم ئەگەر دەرمان ئیقرار نەبیت؟ لەبەر ئەوە بەڕێزان ئێمە پێمان خۆشە (١٠٠٪) بێ، کەس پێی خۆشە ئێستا بە من بڵێن دەرمانی شێرپەنجە نییە؟ وەڵلاهی جەرگمان لۆیان دێشی نەخۆشێکی شێرپەنجە بێت بڵێت دەرمانم نییە، تەلەفۆن دەکەم لۆ مودیرەکان (کاکە هەر کو بی ئەو نەخۆشە نابی بە دڵساردی) دەبێ بۆ هەموویان دابین بکەین، ئەوەی بەڕێز (د.هانی) وەزیری تەندروستی عیراقی فیدراڵ پێش دوو رۆژ بەر لە ئێستا گوتیتی (من زۆر موعجەبم زۆر دەستخۆشی لە کوردستان دەکەم کە وەزعی شێرپەنجە لە کوردستان باشە، زۆر سوپاسی کواڵتی کۆنترۆڵی کردووە و بڕیاری دا کە ئیعتیراف بە هەموو فەحسەکی کواڵتی کۆنترۆڵی هەرێمی کوردستان بکات، خۆی گوتیتی (ئێمە لە عیراق کێشە و وێرانین...) ئەوە قسەی ئەو بووە بەڕێزان دەزانن (....وێرانین لە دەرمانی قاچاخ و دەرمانی تەزویر و دەرمانی بەسەرچوو)، کە بەشێکی ئەوانیش بەڕێزتان دەزانن لە رێگای بازگە و ئەولا و ئەولا دنیایەك بازگە و مەدخەلی بەینی ئێمە و عیراق هەیە کە دێتە کوردستانیش، زۆر زۆر سوپاسی دەستخۆشی کردییە لە شێوازی دابین کردنییان، بەڕێزان لە عیراق دا تەنها (کیمادیا) دەتوانێ دەرمانی بۆ دائیرە صحەکانی عیراق (١٥) محافەزەی عیراق دابین بکات، لە هەرێمی کوردستان وەزارەتی مالیە مانگانە شەش ملیار بۆ دەرمان، ئەوەندە ملیار بۆپێداویستی پزیشکی نسبەی موخەدیر چەندە و جەراح چەندە؟ چەندی لەو نەخۆشخانەیە.؟ چەند بابەت لەو نەخۆشخانەیە دەخرێتە لەو سعرە چەندی ناخرێ؟ من لەگەڵ دائیرەی باجیش رێکەوتنێك هەیە کە سیستەمی وەصڵەکان یەك بێ، واتا نابێ هەر خەستەخانەیەك بە کەیفی خۆی وەصلێك بەکار بهێنێت و سعرێك بنووسێ، وەصڵەکان بە سیستەمێکی ئەلیکترۆنی و موەحەد دەبێ بۆ ئەوەی وەصلەکان شەفافییەتی هەبێ و هەروەها کەمتەرخەمی و یان تەقسیرەك رێگەی لێ دەگیرێ، سەبارەت بە بەڕێز (کاك حسن) باسی ئەوەی کرد (٣٢٠) گرێبەست چەند بەڕێزێکی دیکەش باسیان کرد، بەڕێزان پێشتر شەریکاتی فاحیسە هەبوو لە حدودەکان، بەشێك لە (١٠٪)ی داهاتی پەرەپێدان بوو لەسەر ئەو پەرەپێدانە کۆمەڵێك خەڵك تەعین کراوە بە عەقد، ئەو (٣٢٠) کەسەی بەڕێز لە دهۆك کێشەیان هەیە، ئینشاڵلا کتابمان کردووە لە دیوانی ئەنجومەنی وەزیران حەل دەکرێت و لەبەر ئەوەی (١٠٪)یەکە ئێستا وەزارەتی مالیە چاکسازییەکی لە ناو شەریکاتی فاحیسە کردییە و داهاتەکان دەگەڕێتەوە، بۆیە ئەو (١٠٪)یە لەبەر دەستی دائیرەکان نەماوە ناتوانێ راتبەکانیان بداتێ، دەیخەینە سەر وەزارەتی دارایی و کێشەکان من لە نزیکەوە ئاگادارم و هاتینە لای ئێمە پێش دوو رۆژ بەر لە ئێستا ئینشاڵلا ئەوەیان مووچەیان نافەوتێ چونکە ئێمە پێمان نەگوتونە بڕۆنەوە ماڵەوە و بێ ئیشیان ناکەین بەردەوامن و هەموو مووچەکانییان وەردەگرن و موستەحەقاتی خۆیان وەردەگرن، (هاوردەکردن ئیحتیکار نەکەن و مونافەسە هەبێ) بەدڵنیاییەوە مونافەسە وەك کاك ئیدریس باسی کرد ئێمە رێگا نادەین هاوردەکردنی دەرمان ئیحتیکاری تێدا بێت، کاك زیاد باسی بیمەی تەندروستی کرد بەڕێزان بیمەی تەندروستی راستە تاخیربوو، بەڵام باوەڕ بکەن ئێمە

لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان بەتایبەتی وەزارەتی دارایی و لیژنەیەکی باڵامان هەبوو لەگەڵ هەموو سەندیکاکان، زیاتر لەوانەیە بڵێم لە ئیحتیماله (٢٥)، (٣٠) دانیشتن کرابێت و لیژنە هەموویان تەوقیعیان کردووە، رەشنووسەکە ئامادەیە، دواهەمین خوێندنەوەی لای خۆمان ماوە و پێشکەشی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دەکەین بۆ ئەوەی بیمەی تەندروستی بێتە پەرلەمانی کوردستان، بیمەی تەندروستی زۆر کێشە حەل دەکات، کواڵتی، یەکسانی لە نێوان هاووڵاتی، سەرچاوەی داهات دەبێت و بیمەی تەندروستی رێگە لە کەرتی تایبەتیش دەگیرێت کە بتوانێ تەلاعوب بە سعر و بە نەخۆش بکات، چونکە کەرتی تایبەتیش دێتەوە ناو هەمان سیستەم، بۆیە بەڕێزان ئەوە ئامادەیە و بیمەی تەندروستی کاری لەسەر کراوە، رەچاوی قانونەکەی عیراق کراوە بەڵام بیزەبت قانونی عیراق نییە، ئەوە لە عیراق دەرچووە بەڵام بەڕێزان هیچی جێبەجێ نەکرایە لە (١%)یش، تیمێکی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش چوونە کۆریای باشووریش بۆ ئەو بیمەیە، تیمی ئێمە ئێستا لەگەڵ تیمی راوێژکاری ئیشی لێ دەکەن و لە قۆناغەکانی تەواو کۆتایی و خوێندنەوەی ئەخیریدایە، کۆمپانیای نیشتیمانی باسمان کرد ئێستا ئێمە لیژنەکەمان کاری لێ دەکەن، بۆ ئەوەی کۆمپانیای نیشتیمانی دابمەزرێت، ئەوە پرسیارەکانی کاك زیاد بوو، گوڵستان خان باسی ئیستیغلالی کەرتی گشتی کرد بۆ عیادەکانی خۆیان، رەنگە لەوێ و لەوێ تەبعەن ئەوە دەوەستێتە سەر یەعنی نازانم بڵێم چی، رەوشت و ئاکاری پزیشکێك کە فێڵ لە نەخۆشێك بکات، خوانەخواستە ئینشاڵلا ئەوە نابێ، بەڵام ئەگەر هەشبێت بەڕاستی ئەوە ویژدان و رەوشتی خۆی تێدایە، حالات هەبووە، شکایەت هەبووە، دەبێ سکاڵا هەبێ، دەبێ ئێمە سندووقی گلەییمان داناوە، نەخۆش خۆی دەبێ چاودێر بێت و پێمان بڵێت ئەگەر بە زۆری پزیشکێك زەغتی لێ بکات پێ بڵێ بێتە عیادەکەی، ئەدی ئەو هەموو نۆڕینگەمان بۆ چییە لە ناو نەخۆشخانە حکومییەکان؟، (دکتۆری دیکە)؟ ئەمە قەدەغەیە، جارێکی دیکە لەسەر رەئی جەنابت گوڵستان خان جەخت دەکەینەوە نووسراو بۆ نەقابە دەکەین کە دکتۆرێك سەفەری کرد نابێ دکتۆرێکی دیکە لە شوێنی دابندرێت و بەتایبەتی ئەگەر لە هەمان پسپۆڕی خۆی نەبێت و موقیم ئەقدەم بێت، پاككردنەوەی نەخۆشخانەکان بەڕێزان کێشەیەك بوو پەیوەندی دیسان لە موستەحەقاتەکانی شەریکاتەکان هەبوو، ئەوە تا راددەیەك چارەسەر کراوە، بەڵام لە هیچ حالەتێك دا نەگەیشتۆتە راددەی ئەوەی نەخۆشخانەکە شەریکەی تەنزیفات بەجێی بهێڵی و تەنزیف نەکرێ، بۆیە بەراستەوخۆ لەوەزارەتی مالیە و لە سەرۆکایەتی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران پێیان گوترایە راستەوخۆ جێبەجێی بکەن، چەندین جار تا پرۆسەی تەندەرینگ تەواو دەبێ، بەڕێز کاك کاروان باسی دەرمانی قاچاخی کرد، ئەو دەرمان و ئەو بابەتە من دەمەوێت دواتر ئەگەر بەڕێزیان بزانی ئەو دەرمانانەی بەڕێزیان و لەسەر راپۆرتی بەڕێزیان من لیژنەی لێکۆڵینەوەم دانایە، لە رووی تەکنیکی و زانستییەوە هەندێك دەرمانی شێرپەنجە هەیە ئەسڵەن پشکنینی بۆ ناکرێ، لە کواڵتی کۆنترۆڵ ئەو توانایەیان نییە پشکنینەکەی بۆ بکەی، دەرمانێکە ئەگەر ئیقرار بێ لە عیراق ئێمە ناچارین بیکڕین، لە صەیدەلیەیەك رەنگە کڕابێ و بە لیژنەیەك کراوە و صەیدەلییەکە رێگە پێدراو بووە، بەڵام لەسەر گزۆز هاتییە، لەسەر گزۆز نەهاتییە، وەڵلاهی ئەمە ئەوەی نازانین کاك کاروان با گزۆزی سەیارەکە لە کوێ یە؟ پێمان پێشان بدات بزانین ئیجرائات دەکەین یان ناکەین؟ با بزانین لە کوێ یە؟ یەعنی مەعقول نییە تیمی

صحه له حدود، له مەتار ببینی لەسەر گزۆز هاتییه رێگەی پێ بدات، بەڕێزان ئەم دەرمانه دەمانی قاچاخه، دەرمانی نایاسییه، هەر دەرمانێك بەو رێگەیەی كاك كاروان باسی دەكات به دڵنیاییەوه رێگەمان لێ گرتییه، دەمەوێ ئەوەتان پێ بڵێم بەڕێزان زیاتر له (١٢٨) (item) بەكار دێت بۆ شێرپەنجه، تەقریبەن بەڕێزان (٩٠) (item)یان ئیقراره له عیراق و له هەرێمی كوردستانیش، لیژنەیەكی باڵا هەیه به هاوبەشی لەگەڵ چەندین پسپۆڕ و خوێندنی باڵا و ئەوانه كه ئیقراری دەرمان دەكەن، ئێمه (١٨) دەرمان مابوو كه ئەو (١٨) دەرمانه ئیقرار نەبوو پێیان دەگووت دەرمانی دەگمەن، هەرچەندی محاوەله كراوه و ئێستاش رێگەمان گرتووه له كڕینی ئەوانه ئەگەر بێت و بەدیلی هەبێ، دەرمان ئەگەر بەدیلی هەیە، دەرمانەكی دیكه له بنی دنیا دەرچووه له وڵاتێك چەند مانگێكه دەرچووه لێره بێت چەند مانگێك تەمەنی مرۆڤ زیاد دەكات، ئەگەر بەدیلەكەی هەبێ و هەمان ئیش بكات ئێمه رێگه بەوه نادەین دەرمانێكی ئیقرار نەكرابێت و بكڕێ، بەڵام هەندێك دەرمان هەیه بەڕێزان لەوانەیە بەڵام هیچ كۆمپانیایەك بۆتی نەهێنایه، ناچاری نەخۆشه، یەعنی ئێمه ئەگەر له بیرتان بی چەند ساڵێك بەر له ئێستا هەموو نەخۆشەكان خۆیان هاتنه سەر جاددە،بۆیه ئێستا رێگه لەو رێیه گیرایه كاك كاروان و رێگەی پێ گیرایه و ئەو دەرمانانەی كه ئیقرار كرایه، فعلەن هەبووه پێشتر له صەیدەلییەكان بۆ نەخۆش دەكڕا ئێستا له رێگەیەكی شەفافییانه و تەندەرینگ و پزیشكەكانی (Oncology) یان ئەوانەی پزیشكی پسپۆڕی بەڕێز د.شایان خۆی لێره پسپۆڕی بواری (Oncology)یه دەزانی، ئێمه به هەموو پزیشكەكان عەدەدیان مەحدوده پێمان گوتونه ئەو دەرمانانه نەنووسن بۆ نەخۆش، چونكه هەندێك جار نەخۆش دێته ژوورەكەی من دەگریێ دەڵێ (ئیللا ئەو دەرمانەی دكتۆر بۆ منی نووسییه دەبێ بۆم بكڕی)، ئێ ئاخر ناكرێت، گوتیتمان ئەو دەرمانەی ئیقرار نییه، یاسایی نییه نابێ بۆی بنووسی، باوەڕ بكەن بەڕێزان هەندێك جار دەرمانی وایان نووسیوه له وڵاتەكەی كه دەرچووه ئەو دەرمانه نوێ دەرچووه هێشتا له وڵاتەكەی خۆی ئیقرار نەبووه، ئێ من بۆ بۆی بكڕم دەرمانێك، دوایی كاك كاروان بڵێت دەرمانی قاچاخ دەكڕن؟ یەعنی ئەوه مەصڵەحەتی نەخۆش پێش هەموو شتێكه بەڕێزان، هەوڵدراوه، ئێمه ئەوه به لیژنه كراوه و سەنتەرەكان كتابی بۆ دەكەن و ئەوه تەحقیقه دواتر دەتوانی ئەو راپۆرته بخوێنییەوه كاك كاروان، بۆ ئەوەی هیچی دیكه له ئیعلام پێمان نەڵێی وەزارەت دەرمانی قاچاخ دەكڕێ، ئەو توهمەیه توهمەیەكی زۆر گەورەیه...

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن / سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر كاك كاروان له قازانجێتی ئەوەنده ناوی بێنی، ناوی مەهێنه.

**بەڕێز د.سامان بەرزنجی/ وەزیری تەندروستی:**

بەڵێ، بەڕێزان ئەوەی كاك كاروان شتی تریشی مایه، دەرزی شێرپەنجه و دەرزی بەنج و پەمپەكەی سپرای دڵ و قەستەرەی دڵ، قەستەڕەی دڵ پشكنینی بۆ ناكرێ، عەفوو كاك كاروان پرسیارەكەت وەڵام بدەمەوه، قەستەڕەی دڵ ئەوەی باست كرد پشكنینی بۆ ناكرێ، هەندێك بابەت هەیه له كواڵتی كۆنترۆڵ پشكنینی بۆ ناكرێ بەڕێزان باسم كرد، به فەرمی پشكنینی بۆ ناكرێ به فەرمی، ئەوەی باست كرد، سەبارەت بەوەی باسی كرد هەندێك بابەتی هەیه بەڕێزان لەسەر كۆمەڵێك شەهادە دەڕوات، ((certificate of origin ،certificate of analysis)) یەعنی

شـەهادەی تەحلیـل و (reference)ی عـالەمی هەبێـت و ئەو بـابەتە تەنها (disposable)ە دەرمـان نییە، یەعنی سۆندەیەکە بە کـار دێـت، یـان قەسـتەرەیە مەوادە لەسـەر ئەو شـەهادانە مـامەڵەی تەواو بێ ڕێگەی پێ دەدرێ بە یاسایی ڕێگەپێـدانی بەکارهێنـانی پـێ دەدرێ، بەڕێـز کـاك بەڵـێن، دواتریش من لەگەڵ بەڕێز کاك کاروان دادەنیشمەوە هەموو بابەتەکانت وەردەگـرم و بەسـوپاس و دەستخۆشییەوە ئەگەر هەر یارمەتیمان بدەی سوپاست دەکەین،.....

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، خستنەڕووی بابەتێکی گشتی بۆ گفتوگۆ پرساندن نییە، دوای وەزیر ئەندامی پەرلەمـان بۆی هەبێ قسە بکات، قەناعەتتان پێ بوو باش، قەناعەتتان پێ نەبوو دواتر دەتـوانن تەلەفـۆنی بـۆ بـکەن، پرسـیاری لـێ بـکەن، داوای بـکەن بـۆ لیـژنە، هەر بـابەتێکی تـر، بەڵام دوای قسـەکانی بەڕێزیـان نـاتوانین ڕێـگە بـدەین چـونکە ئەمە پرسـاندن نیـیە، بەردەوام بە بەڕێـز وەزیـری تەندروستی.

**بەڕێز د.سامان بەرزنجی/ وەزیری تەندروستی:**

بەڕێـز مـن ئـاخیر قسـەم لەو مەوزووعەیە یەعنـی لەوە دڵنیـابن زۆر گەورەیە ئەو قسـەیە بڵێـی وەزارەتـی تەندروسـتی دەرمـانی ئیکسـپایەر یـان قاچـاخ دەکرێـت، قسـەکی زۆر گەورە و گـرانە بەڕاستی، بەڕێز کاك بەڵێن باسی کۆمپانیای نیشتیمانی کرد، وەڵامـم داوە، بەڕێـز کـاك شـاخەوان سەبارەت بە کەس و کاری شەهیدان ڕاگیرایە، بەڕێزان ئەوەی باس دەکەن چەند بەڕێزێك باسی کرد، لێرە دیسان دەمەوێ تەئکید بـکەمەوە هـیچ بـنکەیەك نەبـووە لە وەزارەتـی تەندروسـتی بە ناوی بنکەی شەهیدان بـی یـان سـەنتەری شـەهیدان بـی قەپـاتی بکەیـن، ئەو سـەنتەرانە تـابعی وەزارەتـی شـەهیدانە، منـیش وەکـو ئێـوە پرسـیارم کـردووە و نووسراویشـم کـردووە و چەنـد جــارێکیش جەخــتم کــردۆتەوە دەبــێ ئەو بنکــانە بگەڕێــتەوە، بکــرێتەوە، ئەوە ئــێمە نــین دامانخستووە ئەسڵەن بنکەی ئێمە نییە، یەعنـی لە بەیـان فەتـح و مـیلاك و موئەسەسـەی ئـێمە نییە، نە بنکەی شەهیدان، نە خەستەخانەی پێشمەرگە بەڕێزان، من وەکو وەزارەتی تەندروسـتی بەرپرسم لە وەزارەتی تەندروستی، هەر نەخۆشخانەیەکیش لە وەزارەتی تەندروستی دابخرێـت هۆکارەکەی لێرە روون دەکەمەوە، بۆیە ئەوەی لە هەولێریش قەپات کراوە، چەنـدین نووسـراوم کردووە کە داوام لە وەزارەتی شەهیدان کردووە ئەو بنکەیەی سەر بە شەهیدان بـوو بکـرێتەوە، سـەبارەت بە (قۆرخکـاری لەلایەن پزیشـکانی ئیتیفـاق) ئەوە باسـمان کـرد، کـاك موسـلیم باسـی (نەبوونی تەوحیدی نرخ لە تاقیگە و دەرمانخانەکان) من باسم کرد ئینشاڵلا لە ئایندەیەکی نزیك بڵاوی دەکەینەوە، (بوونی دەرمانی بێ ستیکەر) بەڵێ دەرمانی بێ سـتیکەر کە ئەوە دوو ڕێگـای هەیە، یان ئەوەتا ئەو دەرمانانەن کە لە دەرەوەی عیراقەوە دێت بۆ هەرێمی کوردستان، یـان ئەو دەرمانانەن کە هێشتا پشکنینەکەی دەرنەچووە و فرۆشراوە و ئەوە لەو کاتەی لە حاڵەتی دووەم دا بە سەرپێچی دادەنرێت و لیژنەکانی بازاڕ دەستی بەسەردا دەگرن، بەڵام ئـێمە بە سـتیکەریش بە سیستەمی نوێی ئێستا ئەو کێشەیەش نامێنێت، (گرانی نرخی نەشتەرگەری و فحوصات) ئایا کۆنفرانسەکانمان کرد؟ بەڵێ ئەوەی باسم کرد ئەوانە هەمووی ئەنجامی کۆنفرانسەکانە، چەندین لیــژنەی پەیوەندیــدار تێیــدا کــاری کــردووە و دەرەنجـامی کۆنفرانسـەکانی ئـێمە بـووە لەگەڵ سـەندیکای دەرمانسـازان، کۆنفرانسـێکمان لەسـەر کەرتـی تـایبەت کـرد، مـژدە خـان باسـی

نەخۆشخانەی (هیوا)ی کرد، نەخۆشخانەی (هیوا) هەمان کێشەی نەخۆشخانەی (ئازادی) هەیە لە دهۆك کە شێرپەنجەی تیایە، هەمان نەخۆشخانەی (نانەکەلی) و (رزگاری) لە هەولێر، هەمان کێشەیە، کێشەی سیولە و پارەی کاشە، سەبارەت بە جیاوازی نرخی دەرمان باسمان کرد پێویستی بە بەراد هەیە، بەڕێزان ئێمە لێرە پێشتریش جارێکی تریش هاتم رامانگەیاند (٣٣) شەریکەمان راگرت و (black list) کران لەبەر ئەوەی بەرادیان نەبووە، کۆگاکانیان ستاندارد نەبووە، مۆڵەتەکانیان بۆ نوێ نەکرایەوە، هەمووتان دەزانن، تا خۆیان چاکرد و هەموو رێنماییەکانیان جێبەجێ کرد، بۆیە هیچ کۆمپانیایەك مۆڵەتی بۆ نوێ ناکرێتەوە ئەگەر ئامرازی گواستنەوە و بەرادەکانی تەواو نەبێت، سەبارەت بە (داهاتی زۆر زۆرە بۆچی خەرج ناکرێ؟) نەخۆشخانەی (هیوا) داهاتی نییە، هەمووی بە خۆڕایی یە، وابزانم لێك تێنەگەیشتنەك هەبوو لەگەڵ مژدە خان کە رەنگە مەبەستت داهاتی سندووق بێ، بەڕێزان داهاتی (سندووق) سندووق بێ داهات نییە، زۆر کەس باسی ئەوە دەکات داهاتی سندووق بۆ بۆتە (Zero)؟ بۆ بوویتە صفر؟ داهاتی سندووق پرۆسەیەکی داینامیکی یە، بەڕێزێك باسی کرد وابزانم کاك علی بوو گوتی (١٩) سەرچاوەی هەیە، من بۆت باس بکەن سەرچاوەکانی، سەرچاوەکانی لە مرورە، لە داهاتی دەروازە سنوورییەکانە، نە مرورەکە و نە دەروازە سنوورییەکان لە دەستی نییە، ئیدارەدانەکە لە وەزارەتی مالیەیە، وەزارەتی مالیە تەحویلی سندووقی دەکات، تەبعەن کە دەڵێم دەروازە سنوورییەکان واتا کحول و جغارە، ئینجا بەڕێزان داینامیکی یە، ماوە ماوە تەحویل دەکرێ، ئەوە نییە هەموو مانگێك وەکو خۆی، ماوە ماوە چەند مانگێك لەلایەن مرور، لەلایەن دەروازەکانەوە تەحویلی سەر حیسابی سندووق دەکرێ، بۆیە سندووق بەڕێزان داهاتی صفر نییە، رەصیدیشی ئێستا صفر نییە، حەز دەکەن من بۆتان ئاشکرا دەکەم ئەوە لەلامە چەند ملیار و چەند ملیار لەسەر سندووقییە، بەڵام ئەو رەقەمە ئەوڕۆیە، سبەی دەگۆڕێ، یان کەم دەبێتەوە یان زیاد دەبێت، بۆ کەم دەبێ؟ ئیحالەی عەقدەکی بکەی بە یەکجاری دێتە خوارێ، لەوانەیە ئێستا تۆ نەخۆشخانەیەك لە دهۆك عەقدێك بکەی دانانی دوو ئامێر (١٦) ملیار دیناری دەوێ، دەبێ تۆ رەصیدەکەت دابەزێ، بەڵام جارێکی دیکە بەرز دەبێتەوە، ئەو پرۆسەیە داینامیکی یە، بەڵام کێشەکە لە کێیە؟ ناحەق نین ئێوەش بڵێن بۆچی صفرە؟ کێشەکە دیسان دەڵێم لە سیولەیە، لە پارەی کاشە، ئەوەی کە لە سلێمانیش کێشە بوو لە (هیوا) مەسەلەکە پارەی کاش بوو، (پێویستی بە داهات) باسی یاسای ژمارە (١١)ی ٢٠١٢ کرد، یاساکە کێشەی نییە، بەڵام هەر کاتێك پێویست بە تەعدیل بکات، بەڕێزان سندووق ئێستا بۆ یەکەمین جار پەیرەوی بۆ داندرایە و رێنماییشی بۆ داندرایە، پەیرەوەکە داندرایە و رێنماییەکەش لەو رۆژانە تەواو دەبێت، سندووق ئەگەر هەر هەموار کردنەوەکی بوێ ئێمە ئامادەین هەمواری بکەینەوە، کاك علی بە داوای لێبووردنەوە من دەمەوێ پێت بڵێم لە (١/١)وە بەڕێزت دەڵێی، هەموو کۆمپانیاکان هەموو موستەحەقاتییان بۆ صەرف کرایە، چەکیان بۆ کرایە، بەڵام ئەگەر لە بانق پارەی سیولە نییە دیسان پێت دەڵێم من و تۆ پێکەوە لە وەزارەتی دارایی پرسیار دەکەین،.......

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەم بابەتە لای وەزارەتی دارایی یە، دەبێ لە وەزارەتی دارایی بپرسین بۆچی سیولە لە سندووقی شێرپەنجە دا نییە؟ بەڵێ فەرموون.

**بەڕێز د.سامان بەرزنجی/ وەزیری تەندروستی:**

سەبارەت بە کاك إسماعیل باسی تێکەڵی نێوان ئەهلی و حکومی کرد، باسمان کرد، (چەند پارە دەچێتە دەرەوە بۆ ئیستیرادی دەرمان؟) ئیستیرادی دەرمان ئەوە دەوەستێتە سەر بازاڕی هەموو عیراق بەڕێزان، چونکە تەنها بۆ هەرێمی کوردستان نییە، (وەرگرتنی ئیمتیاز بۆ دروست کردنی...) بیرۆکەیەکی زۆر باشە، وا خەریکە ئەم بیرۆکەیە دروست بووە، بەڵام بە هێواشی دروست بووە، وەکو وڵاتێکی دیکە ئیمتیاز وەربگرێ و (generic)ی دەرمانەکان دروست بکات، بەڵێ ئەوە دروست بووە لە چەند کارگەیەك و لە چەند پێداویستییەکی پزیشکی، کۆمپانیای نیشتیمانی باسمان کرد، (تەئمینی صحی) باسمان کرد، (لە دهۆك (٣٢٥) کەس) کاك إسماعیل باسمان کرد، بەڕێز کاك سیروان (بیمەی تەندروستی) باسمان کرد، (جیاوازی سعری دکتۆر) باسمان کرد، (چ ڕێگرییەك هەیە بۆ نەبوونی بیمەی تەندروستی؟) تەبعەن بیمەی تەندروستی پرۆسەیەك و پرۆژەیەکی زۆر گەورەیە، سیستەمی بانقی تێدا هەیە، سیستەمی کۆمەڵایەتی تێدا هەیە، پەیوەندی بە داهات و خەرجی تاك بە تاکی کۆمەڵگای ئێمە هەیە، بەڵام نالێین موستەحیلیشە، دەستی پێدەکەین، چونکە دڵنیاین لەوەی کە ڕێژەیەکی زۆر لە هاووڵاتی دەتوانی بیمە بۆ خۆی بکات، بەڕێز لیزا خان باسی (سەختی بیمەی تەندروستی) کرد، (سیستەمی بانقی) بە دڵنیاییەوە کێشەی سیستەمی بانقیشمان هەیە، (چی کراوە بۆ بیمەی تەندروستی؟) باسم کرد (application)کەشم باس کرد، کاك نزار (شوێنە دوورە دەستەکان) بەڵێ نۆڕینگەی ئێواران لە زۆربەی شوێنەکان لە قەزا و ناحییەکان تا (٢٤) کاتژمێری کراوەتەوە، ڕەنگە لە گوندێکی گەورە، لە موجەممەعێك تەنها ئێواران نەبێت و نەکرابێتەوە، بەڕاستی کێشەی کەمی ژمارەی پزیشکانی تەدەوجمان هەیە، ئەوانەی کە لە تەدەروج لە قەزا و ناحییەکان دەوام بکەن، (کردنەوەی نەخۆشخانەکان) نەخۆشخانەی حەریر پەیوەندی بە کێشەی دارایی هەیە، پرۆژە ستراتیجییەکان بوو و ئەوانە، پرۆژە ستراتیجییەکان بەڕێزان هەمووی راوەستا لە ساڵی (٢٠١٤)ەوە ئێمە لە قەیران بووینە، بەڵام هەندێك پرۆژەی زۆر گرنگ تەواوکردنێکی زۆر کەمی مابوو چووە جێبەجێ کردن، لە پرۆژە پێشنیاری بودجەی ئەمساڵ، ئینشاڵلا ئەگەر پرۆژە پێشنیاری بوودجە بکرێت ئەولەویەت دراوەتە چەند پرۆژەیەکی ستراتیجی کە لەگەڵ وەزارەتی پلاندانان بۆمانیان داناوە بە ڕێژەیەکی دیاریکراوی بوودجە بۆ ئەوەی ئەو نەخۆشخانانە بکەونە سەر پێ، کاك ئازاد باسی کەرتی تایبەتی کرد بە هەمان شێوە (کەرتە گشتییەکان بکرێتە موعایەنە بە پارەیەکی کەم) بەڵێ کاك ئازاد ئێستا ئەوە پەیڕەو دەکرێ بە ناوی ((semi private، semi private)) بەڕێزان زۆر گرنگە، نەخۆشێك ئەگەر بچێت بە ملیۆنێك، بە ملیۆن و نیوێك بۆ نموونە عەمەلیاتێکی منداڵ بوون بکات، لە حکومی لە جیاتی ئەوەی موستەشفا حکومییەکە دوای دەوام دەرگاکەی قەپات بێت و عەمەلیاتەکان قەپات بکەین و صیانەشی هەر لەسەر من حیساب بێ و تەنزیفاتیشی هەر هەبێ و دکتۆرەکەس هەلی کاری بۆ دەرەخسێنی دەتوانی بێی و ستافەکەش داهاتێك دەبێ بە (٣٠٠) هەزار عەمەلیاتەکەی بۆ دەکەی، لەوزەتێنەك ئەگەر بە (٧٠٠) (٨٠٠) هەزار یان بە (ملیۆنێك) بکرێ لە دەرێ، یا بە (٢٠٠) هەزار لە حکومی بکرێ پرۆژەیەکی (semi private) و ئەوهاش نییە بەو شێوەیەی بڵێی داهاتەکە ئیستیغلالە تێدایتی، بەپێچەوانەوە ئەو پرۆژەیە لە قەیرانی دارایی دامانا ئینقازی وەزعی هەژاران و فەقیرانیشی کرد، من دەمەوێ لێرەش پێتان بڵێم بەڕێزان پرۆژەی (semi private) نەبێ ڕەنگە نرخی کەرتی

تـايبەت زۆر لەوە زيـاتر بێـت، بەڵام هەنـدێك لە نەخۆشـخانە ئەهلييەكـان خۆيـان هەنـدێك جـار ڕۆژانی جومعە و ڕۆژەكـانی دیـكە نـاوی دەنـێ (semi private) دێـن بە هەمـان سـعری ئەوەی لە حكومی دەكرێت دەيننە خوارێ بۆ ئەوەی خەستەخانەكەی ئیش بكات و وەزیـفەی خـۆی بكـات، كاك ڕۆمیۆ دەڵێ (بەشی هەرە زۆری دەرمان خراپە) من نازانم ئەو قیاسەی لە كوێ هێنا؟ بەشـی هەرە زۆری باشە، بەشێكی خراپ كە هەبێت نابێ بە موتڵەق قسە بكەین، نرخی جیـاوازی هەیە، دەڵێ دەرمان دەهێنێتە موستەشفای حكومی كە كاتێك بەسەر دەچـێ ئینجـا دەیهێنـنە حكـومی، نازانم ئەو پرۆسـەی ئەو بـاس دەكـات مەبەسـتی چییە، دەرمـانی مـاوە بەسـەرچوو نـایێتە نـاو حكومی، تا دەرمانێك دێـتە نـاو نەخۆشـخانە حكومییەكـان دنیـایەك ئیجرائـاتی لەسـەر دەكـرێ، بەڕێز كـاك جـلال پەرێشـان باسـی ئەوەی كـرد (كە نەخـۆش..) هەر باسـی جیـاكردنەوەكەی كـرد دكتۆر لایەك هەڵبژێرێ یان حكومی یان ئەهلی، باسم كرد لە چەند ئیختیصاصێك وامان كردووە، ئینشاڵلا ئەوە ئیشی لێ دەكەین، لە زۆربەی ئیختیصاصـەكان وای لـێ بێـت، قسـەكەی زۆر تەواو بـــوو، باســـی ئەوەی دەڵـــێ (دڵمـــان بە ئەهلـــی خـــۆش نەبێـــت) بەڕێـــزان مـــن تەحەدا دەكەم نەخۆشـخانەی ئەهلـی بتـوانێ لە حكـومی باشـتر بێـت، بەڵام نەخـۆش چ دەبینێـت؟ نەخـۆش سـوبغی خەسـتەخانەكەی دەرێ دەبینێـت، فەنـدەقەییەكە دەبینێت، ژوورێكـی سـویتی هەیە و تەلەفزیۆنی هەیە، نایێت تەماشـای نـاو صـاڵەی عەمەلیاتەكـانی ئـێمە بكـات و تەماشـای صـاڵەی عەمەلیاتەكانی ئەوی تر بكات، یەعنی بەڕاستی گوناحە نەخۆشـخانە حكومییەكـان بەو شـێوازە تەقیم بكەن، باسی جیاوازی نرخی كرد، بەڵـێ، باسـی ئەوەی كـرد كە نەخـۆش هەرزان دەیـدەن، ئـێمە تەشـجیعی هەر كەسـێك دەكەیـن هەرزان بـدات، بەڵام لەسـەر حیسـابی كـواڵتی نەبێـت، گوڵیزار خان باسـی بیتـاقەی موعـایەنە گـرانە، ئـێمە جـارێكی تـر جەخـت لە نەقـابە دەكەیـنەوە، پێداچوونەوە بە نرخەكانی موعایەنە كردن، یان فەحسـی پزیشـكان بكرێـت، كـاك بهجـت باسـی نرخی (MRI) كـرد وابـزانم دابـین كردنـی (MRI) لە دهـۆك، ئـێمە پرۆژەیەكمـان هەیە بـۆ دابـین كردنی (MRI) و بیرمان لەوەش كردۆتەوە بە شێوازی (PPP)ش بتوانین لەو شوێنانەی كە نییە، بەڵام ئەوە دەبێ كەرتی تـایبەتیش بێـتە پـێش، ئیعلانیشـمان كـرد كەس نەهـاتە پـێش، لە دهـۆك (LINAC) نییە ئێستا چەند پرۆژەیەكمان لەبەر دەستە بۆ دابین كردنـی لەیـزەر بـۆ دهـۆك، بەڵـێ دهـۆك ئێسـتا لە هەمـوو شـوێنێك زیـاتر ئەولەوییەتـی سـندووقی شـێرپەنجە و وەزارەتـی تەندروستییە بۆ دروست كردنی نەخۆشخانەی شێرپەنجە و دابـین كردنـی ئامێرەكـان، پرسـیارە دووبارەكان بەڕێزان تیكرار ناكەمەوە، (تەحقیـق لەسـەر چـوونە دەرەوەی هـاووڵاتی بـۆچی زۆر دەچنە دەرەوە؟) نازانم، هـاووڵاتی خـۆی قەرار دەدات بـۆچی دەچێـتە دەرەوە، (ئیتیفـاق لەگەڵ كۆمپانیایەكی جیهانی بكەن) مەبەستەكە تێنەگەیشتم كاك رزگار یەعنی چۆن ئیتیفـاق؟، لەنـجە خان باسی ستیكەرەكەی كرد، باسمان كرد، (زیادبوونی نرخ و نەبوونی كارەبای دەرمانخانەكـان) ئـێمە جەختمـان لە هەمـوو دەرمانخانەكـان كـردۆتەوە دەبـێ كارەبـای (٢٤) كاتژمێرییـان هەبـێ، بەتایبەتی لە شـوێنە تیجارییەكـان وابـزانم زۆربەی كارەبـای (٢٤) كاتژمێریـان هەیە، كـاك بـاڵانبۆ باسی هەبوونی دەرمانی قاچاخی كرد، هەمان بـابەتە شـێرپەنجە، (ئایـا كەس سـزا دراوە لەسـەر دەرمان؟) ئەگەر كات هەبوو لە كۆتایی دا من ئەو ژمـارانە، باسیشـم كـرد سـزاكان دەخـوێنمەوە، (بڵاوكردنەوەی وێنەی نەخۆش لە ئیعلام) بەڵێ بڵاوكـردنەوەی وێـنە ئەگەر بە ڕەزامەنـدی خـۆی نەبێـت ئەوە قەدەغەیە، بەڵام ئەوەی كە بڵاودەكـرێتەوە لە سـەنتەرە جوانكارییەكـان وابـزانم

جەنابی حەسیبە خانیش باسی کرد بە رەزامەندی خۆی و خۆی بەشێکە لە ریکلام کردن، خۆی دەیەوێ ریکلام بۆ ئەو سەنتەرە بکات، ئێمە چی بکەین یەعنی ئەو کەسە دەچێت، دیسان من دەمەوێ بەڕێزان لێرە پێتان رابگەیەنین رەنگە هەستیشتان پێ کردبێ، نزیك لە دوو ساڵ دەبێ ئەگەر چۆن جار جار ئەویش دیسان چووینە سەریان دامانخستووە، سەنتەرەکانی هەندێك وێنەی نەشیاویان بڵاو دەکردەوە لە فەیسبووك و لەو شوێنانە بۆ راکێشانی موشتەری و ئەوانە، دەستبەجێ ئەو شوێنانە داخراوە کە وێنەی نەشیاویان بڵاوکردۆتەوە بۆ دیعایە کردن بۆ سەنتەرێکی مەساج، بۆیە ئێستا هیچ سەنتەرێکی مەساج بۆی نییە وێنەی نەشیاو بڵاو بکاتەوە، (هەڵەبجە) بەڵێ هەڵەبجە لای ئێمە پارێزگایە و بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی هەیە وەکو هەولێر و سلێمانی و دهۆك، بەڵام لە بەغدا کێشەی ئەوەمان هەیە بەشێکی گرنگی داواکاری وەفدی شاندی ئێمە بوو کە لە بەغدا، لە هەڵەبجە لە موئەسەسەی (کیمادیا) وەکو سلێمانی و دهۆك و هەولێر بڕە بەشی خۆی بە تەنیا جیا بکات نەك بڕە بەشەکەی لە سلێمانی بێت، ئەوە داوای ئێمە بووە چەند جاریش، رۆژان خان باسی (پشکنینی بەرکەوتووانی چەکی کیمیاوی) بەڕێزان ئێستا ئەگەر بەڕێزتان داوای پشکنین بکەن لە ئێمە، ئێمە لیژنە دادەنێین و بەیانی لیژنەکە دێت، بەڵام ئەگەر ئێوە خۆتان لیژنەکە وەرنەگرن و ئیدارەدانەکەی ئێوەنە لە پەرلەمان، ئێمە لەگەڵ وەزارەتی شەهیدان چەندین جار من خۆم پێش دوو حەفتە پێش ئێستا کتابی جەخت کردنەوەم کردییە، لیژنەکان زۆر لە مێژە دانراوە، لیژنە دانراوە بۆ سلێمانی، بۆ هەڵەبجە، بۆ هەولێریش بۆ بەرکەوتووانی کیمیاوی لە بالیسان، ئەو لیژنانە ئامادەن، ناوەکان تەسبیت کراوە و ناوەکانیش لەلای وەزارەتی شەهیدان هەیە، هەر کاتێك وەزارەتی شەهیدان بەیانی وەکو ئەوەی کەمئەندامان بەڕێزان خۆ کەمئەندامان (١٢٠) هەزار کەمئەندام چەند ساڵێك بەر لە ئێستا و ئێستاش بەشێکیان تیکرار دەکەینەوە دیسان، لیژنەکان و ئیدارەدانی ئەو پرۆسەیە لای کێیە؟ لای وەزارەتێکی دیکەیە، ئێمە تەنها لایەنی پشکنینین، ئێمە وەکو لیژنە لیژنەمان ئامادەیە، بەیانی بڵێن بەیانی لیژنەکان و ئەمریشی پێ دەرچووە، دەستی پێ دەکەین، بۆیە هیوادارم داواکارییەکەی ئێوەش وەکو داواکاری خۆم وەزارەتی شەهیدان بەیانی دەست پێ بکات و ئێمە ئامادەین، (semi private) بە چ یاسایەك کرایە بەڕێزان؟ بە یاسای ئەوە کرایە کە چ لە بەرژەوەندی نەخۆش بێت وەزارەتی تەندروستی لە یاسای ژمارە وابزانم (٧)ی ساڵی (٢٠٠٧)ە ببوورن کە سەرپەرشتی کەرتی گشتی و تایبەت و هاوبەشەکان دەکات، ئێمە ئەو پرۆژەیە بە رەزامەندای سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لە ساڵی (٢٠١٥)ەوە کراوە، پێش سەعات (١) بەڵێ قەدەغەیە، چەند حەفتەیەك بەر لە ئێستا دیاردەیەکی وامان دیت، سەرۆکی بەشەکە لە یەکێك لە نەخۆشخانەکان دوورخراوەتەوە لەبەر ئەوەی پێش سەعات (١)ی نیوەڕۆ دەستی بە عەمەلیاتی (semi private) کردووە، قەدەغەیە، جا من لێرەوە رایدەگەیەنم چ حاڵەتەك هەیە پێم بڵێ با ئێمە ئیجرائات لەگەڵ ئەو بەڕێوبەرایەتییە بکەین، (دەروونی) لایەنی دەروونی لە چاو پێویستییەکان بەڕێزان ئێمە پرۆژە هەبووە بۆ دروست کردنی نەخۆشخانەی گەورەتری دەروونی، بەڵام بەڕێزێکی تریش باسی کرد ئێستا ئێمە سێ پرۆژەمان هەیە بۆ دروست کردنی نەخۆشخانەی دەروونی ئافرەتانەوە، ئەوانەی (chronic)ن دەمێننەوە، چەند مانگ و لەوانەیە بە ساڵ بمینێتەوە، بۆ هەولێر، سلێمانی، دهۆك، هەر سێکییان رەزامەندی جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە کە ژمارەیەك لە فەرمانبەرانیشی بۆ

دادەمەزرێنین و لەگەڵ وەزارەتی کۆمەڵایەتیش رامانگەیاند لەگەڵ بەڕێز وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی، لە هەر شوێنێك لەو شارانە، لە دهۆك،لە هەولێر، لە سلێمانی شوێنێك دیاری کراوە، ئێستا سەرقاڵی دامەزراندنی ئەو فەرمانبەرانەین لەگەڵ خاوێن کردنەوەی شوێنەکە و لە نزیکترین ئایندەدا ئەو نەخۆشخانەیە دەکرێتەوە، چونکە رەنگە بەوە رانەگەین نەخۆشخانەیەکی نوێ دروست بکەین، نەخۆشخانەیەکی دیکەمان کردۆتە موناقەلە کردن بۆ ئەو خزمەتگوزارییە، کاك شاخەوان پرسیاری یەکەم بەڕاستی تێنەگەیشتم لە مەبەستت، پرسیاری دووەم (کەمی دەرمان) نازانم مەبەست چ بوو لە کەمی دەرمان، بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی راپەڕین نازانم کێشەکان مەبەستت چییە؟ هەندێك پزیشك هەیە زۆر ئیختیصاصاتی نادیرە بەڕێزان لە هەموو شوێنێك هەموو پزیشکێك نییە، بۆ نمونە ئەگەر بتەوێ پزیشکێکی پسپۆڕ لە هەر بوارێك بێ کە زۆر ژمارەیان سنووردارە، بەڵێ، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی پسپۆرییە گشتییەکان هەیە، جەراحە، (باطنیة)یە، (أطفال)ە، (نسائیە)یە، چاوە (عیونە)، (ENT)یە ئەوانە هەنە، کاك دابان باسی کۆگای ژمارە (١٩)ی کرد وابزانم، ئەم تەحقیق و رێڕەوی و رێکاری کارگێری تەواو گیراوەتەبەر، وابزانم باسی ئێکسپایەرەکەر کرد من روونکردنەوەم دا کە ئەوەی لە عیراق بوو مابووەوە، ئێکسپایەر لە حکومەتی عیراق، باسی بەڵگەی کرد بەڕێز جەنابی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، پێمان خۆشە بەڵگەکانمان بدەنێ لە هەر تەداخولێك، لە هەر کەسێك بوویێت، تەحقیق بەڵێ هەموو تەحقیق کراوە، بۆ مەعلوماتت کاك دابان یەك دەقە توخوا، بە تەوقیعی من، جەنابی سەرۆکی پەرلەمان ئەگەر ئیجازە بیت من تەواوی بکەم، من ناچمە موناقەشە، بە بە یەك کەلیمە پێت دەڵێم تەحقیق کردنی ئەو کۆگایە من وەکو مودیر عام تەحقیقم دانایە، وەکو وەزیریش ئیحالەی مەحکەمەم کردووە، تەواو، وابزانم جەوابەکەم داوە، خۆم تەحقیقم داناوە، خۆم بە دادگام کوتووە نوێنەرتان دانێن، خۆشم ئیحالەی مەحکەمەم کردووە، لەوە دڵنیا بە چاوپۆشی لە کەی ناکرێت، بەڕێز کاك شێرکۆ خاڵ بە خاڵی وەڵام بدەمەوە، وەڵلا وابزانم خاڵەکانم وەڵام داوە، تەلاعوب کردن بە داهات دەکرێت، نازانم تەلاعوبەکە بززەبت پێم بڵێ لە کوێیە؟ بڵێ ئەو تەلاعوبە لێرە کرایە بۆ ئەوە، دڵنیاتان دەکەم هیچ پارەیەکی سندووق بۆ هیچ شتێکی دیکە سەرف نەکرایە، ئێ چی لێکرایە؟ زەحمەت نەبی کاك علی بەیانی پێکەوە دەچینە وەزارەتی دارایی پرسیار دەکەین، پارەی سەندووق دەست لێ نەدرایە، سندووق خاوەنی رەصیدی خۆیتی، ......

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، بابەتی سیولە و کاش لەلای بەڕێز وەزیری دارایی یە، کە بەڕێزیان هات لێی دەپرسین، بەڵێ.

**بەڕێز د.سامان حسین بەرزنجی/ وەزیری تەندروستی:**

سیولە پارەی کاش نییە، من حەزم لێیە کۆمپانیایەك بای یەك ملیاری هینایە حەزم لێ نییە (٥%)، حەزم لێیە هەر (١٠٠%)ی بدرێتێ، تەبعەن باشترە، بەس کە بانق نییە، پرسیار لە بانق بکە، من پێم خۆش نییە ئەو شتە تەعمیم بکەی، دەبێ بە بەڵگە قسە بکەی، یەك دینار دەستکاری نەکراوە، چونکە وەزارەتی تەندروستی دەسەڵاتی نییە، بانق موەزەفی من نییە بەڕێزان، مودیری بانق موەزەفە لە وەزارەتێکی دیکە، پرسیار بکەن، وەزارەتی دارایی یە.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

راستە.
**بەڕێز د.سامان حسین بەرزنجی/ وەزیری تەندروستی:**
ئەگەر لە خەستەخانەکە بە ملیارەها دینار لە ناو خەستەخانەی هیوایە و تەلاعوبی پێ کرایە بەڵێ من مەسئول دەبم لێی، بەڵام پارە لە بانقەکە، لە وەزارەتەکی دیکەیە، منیش وەکو تۆ داوای دەکەم، چەکی دەکەم، سەرف دەکرێ ناکرێ پرۆسەکە پرسیار بکە، لۆ پرسیار لە من دەکەی؟ پرسیار بکە بلێ بۆچی (٩٥%)ی سەرف ناکرێ و (٥%)ی سەرف دەکەی؟ پارەی نەختینەیە، جەختمان کردووە، (مؤتمر صحفی)مان کردووە، خۆم شەوێ چوویمە ناو خەستەخانەی هیوا، پێکەوە چوویمە لای بەڕێز وەزیری دارای، چوویمە دیوانی ئەنجومەنی وەزیران، بەڵێ وەعدمان پێ درایە کە ئەو سیولەیە زیاد بکرێت، بەڵام ناکرێ بلێی تەلاعوب بە پارەکە کرایە، چەند کەسێك گوێی لێ بێ وا دەزانێ پارە بە دۆلکە هاتیتە ناو (هیوا)ی، لە ناو (هیوا)ی سواری لۆرییەکی دیکە کرایە، شتی وا نییە بەڕێزان، چاوەکەم با خەڵکیش بە غەڵەت تێ نەگا، تەلاعوب چۆن بە پارە دەکرێ؟ پارە بانقە، سیستەمی بانقە، وەزارەتی دارایی یە،....
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڕێزان، ئێمە بە پێی ماددەی (٦٦) ئەم بەڕێزەمان بانگ کردووە، بەڕێز وەزیری تەندروستی، پرسیارەکانی خۆتانتان کردووە، بەڕێزیان وەڵام دەداتەوە، تەواو.
**بەڕێز د.سامان حسین بەرزنجی/ وەزیری تەندروستی:**
کاك شێرکۆ (هیوا) هیچ داهاتەکی نییە هەمووی بە خۆڕایی یە، باسم کرد، بەڵێ زۆر کەس تەزویر گیرابی، تەقصیری کرابی، هەموو راپۆرتەکانی ئێوە تەحقیقم لەسەر دانایە، تەحقیقەکە قەرار دەدات دەڵێ حەواڵەی دادگا دەکرێ، ئیدی دادگا کاری خۆی دەکات، لە نەزاهەش بەڵێ راپۆرتمان هەبووە، تەحقیق دادەنرێ و دەداتە تەحقیق و ئیحالە کرایە و داخرایە و سجن کرایە و (بالعکس)یش هەبووە بەریئیش دەرچووە، ئەنواعی تێدایە، دەتەوێ من هەمووت بۆ بخینمەوە؟ دەبێ تا ئێوارێ من ئەوانەت بۆ بخوێنمەوە، راسپاردەکان و یەعنی ئیجرائات کرایە، ئیجرائات شەفافییانەیە، ناشاردرێتەوە، (کەیسەکانی سەر ئیجرائەتەکان) ئەوە باسم کرد، (إیقاف) بەڵێ ئیقاف کراون، شەریکە هەیە بەڵێ لێرە ئیقاف کرایە و کەسەکان ئیقاف کرایە، لادان هەبووە، دوورخستنەوە هەبووە، هەموو ئەو بابەتانە هەبووە، دواتر دەتەوێ بە ناو ناوت دەدەمێ حەز دەکەی کاك شێرکۆ، بەڵام ئێمە لێرە بێین باسی ناوەکان بکەین، ئەگەر سەرۆکی پەرلەمان ڕێگەم پێ دەدا دەتوانم ناوەکان بدەم.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**
نابێ ناتوانی باسی ناوەکان بکەی بەڕێز وەزیری تەندروستی.
**بەڕێز د.سامان حسین بەرزنجی/ وەزیری تەندروستی:**
(گرێبەست لە وەزارەت گومانی لەسەرە) گومانەکە لە کوێیە پێمان بڵێ؟ هەتا منیش وەکو تۆ وەڵلا دەمەوێ چاوم ببێتە چوار چاو لە جیاتی دوو چاو، پێکەوە با بچین گومانەکە لەسەر کێیە با ئیسپاتی بکەین، ئاخر هەر قسە بکەین؟ لە کوێ گومان هەبوو، تەبعەن ئەوە مەبەستی دائیرەکانە، چونکە لە ناو وەزارەت هیچ گرێبەستێك ناکرێ بەڕێزان، بەڵێ مەبەستت دائیرەکانە بەڵام لێرە من دیفاع لە دائیرەکانیش دەکەم بەڕێزان، دائیرەکانیش، هەموو بەڕێوبەرایەتییە گشتییەکان سەر بە وەزارەتی تەندروستی یە، یەك گرێبەست لە ناو وەزارەت ناکرێ، هەموو لە

دائیرەکانە، دەسەڵاتییان هەیە، بەڵام لە کوێ گومانت هەیە پێم بڵێ تاوەکو پێکەوە بچینە ئەو شارە، ئەو شوێنە قسەی لێ بکەین، (ئیحالە کردن) بەڕێزان لە کۆیە، زۆر بەڕێز باسی (کۆیە)ی کرد، من دەمەوێ پێتان بڵێم لە بیدایەتی ساڵی (٢٠١٢)ەوە لە عیراق لەبەر ئەوەی کێشەی غەسلی کلیە هەبوو، بە مانگێکیش نەخۆش بە بەری نەدەکەوت غەسلی کلیەی بکات، ئەوانەی عەجزی کلیەیان هەیە گورچیلەیان لە کار کەوتووە، ئێستا هەموو نەخۆشێك رۆژ نا رۆژەك دکتۆر چۆن عیلاجی بۆ دادەنێ، رۆژ نا رۆژەك سبەینە و ئێوارە و شەوێ غەسلی کلیەی دەکات، چۆن حەل بوو ئەو کێشەیە؟ بە(PPP) بە هاوبەشی نێوان کەرتی گشتی و تایبەت، ئێستا کەرتی تایبەت دێ لە عیراق، ئەوە پرۆسەی هەرێم نییە بەڕێزان، ئەو پرۆژەیە پرۆژەی وەزارەتی تەندروستی عیراقی فیدراڵە، (from A to Z) هەمووی لە عیراق کرایە، بۆ ئەوەی بەرچاوتان روون بی، هەر محافەزەك چوار سەنتەری بۆ داندرا لە هەولێر سەنتەر، لە کۆیە هەر لەسەر هەولێرە، سۆران، شەقڵاوە، لە دهۆك بە هەمان شێوە، لە سلێمانی، لە هەر (١٨) محافەزەی عیراق، هەندێك شەریکە فەشەلی هینایە، فەشەلی هینایە لە جێبەجێ کردن، ئەوە باسی ئەوە نییە من ئەسڵەن وەزیر نەبوومە ئەو کاتی، من باسی پێشتر دەکەم، دراوەتە دادگا لە عیراق، ئێمەش دادگامان لەسەر کردییە، لێکۆڵینەوەمان لەسەر کردییە، ئێستا کێشەکان بەرەو چارەسەرکردن دەچێت و شاندی ئێمە لە وەزارەت یەکێك لە بڕگەکانی ئەو پرۆسەی (dialysis) یان شوشتنی گورچیلە باشترین پرۆسەیە ئەگەر بێت و چارەسەر بکرێت، ئەوەی (کۆیە)ش و ئەوەی (شەقلاوە)ش و چەند شوێنی دیکەش کێشەکان چارەسەر دەکرێ، کێشەی رێکاری دادگایی یە، چارەسەر دەبێت و ئێمەش بە هەمان شت پێمان خۆشە رۆژەك زووتر بکەوێتەوە سەر کار، لە قۆناغەکانییان جیاوازە، لە هەندێك شوێن جیهازیش داندرایە، لە هەندێك شوێن هێشتا تازە هەیکەلی بینایەکەیە، بۆیە سەنتەرەکان دەکەوێتەوە سەرکار، پرۆسەی (توسعە)مان هەیە و ئینشاڵلا لە عیراق دا ئەو پرۆسەیە جارێکی تر لە هەموو قەزا و ناحییەکان دا (توسعە)کان دەکەین، پرۆسەکە عیلاقەی بە بەغدا هەیە، ئەوە بوو روونکردنەوەکەی پێتان بدەم، کاك کاوە کەرتی تەندروستی بەرەو ئەهلی بوون ناکا، من موقارەنەکەم باس کرد، حکومییەکانیش ئیهمال ناکرێ، بەڵام بێ ئیمکانییەتی هەیە بەڕاستی بەڕێزان، ئێمە دەبێ بزانین ئەو جەختەی لەسەر حکومییەکان هەیە لەسەر ئەهلییەکان نییە، رۆتینیش هەیە، رۆتین رەنگە لە ئەوەکان نەبێ، رۆتینیش چۆن یەعنی؟ مەبەستم ئەوەیە مەسەلەن ئێستا باسی پارەی کاش و بانق و موافەقات و درێژکردنەوە و تەندەرینگ و پرۆسەی گرێبەست و ئەوانە هەمووی تەئسیر لە خەدەماتی خواردنە، پاککردنەوەیە، دڵنیاتان دەکەمەوە بەڕێزان بە تەحەداوە و من بەڕێزان لە بەڕێوبەرایەتیی گشتییەکانی ناو وەزارەت و بەڕێوبەری گشتی تەندروستی سلێمانی، هەولێر، دهۆك خۆیان بەشدار بوونە لە شاندێك دوو رۆژ پێش ئێستا لە سلێمان بوونە بەڕێزان، تەحەدا دەکەم یەك دەرمانی بەغدا بێتە هەرێم لە هەرێمەوە جارێکی تر تەوزیع بکرێتەوە، تەحەدا دەکەم، پێویست ناکات هیچ پەرلەمانتارێکی بەڕێز، رجا دەکەین نەیکەنە موزایەدەی سیاسی دەرمان لە بەغدا دێ هەولێر نایداتە فڵان جێ هەولێر نایدا، شتی وا نییە بەڕێزان، موئەسەسەی (کیمادیا) ئەسڵەن خۆم ئێستا من بمەوێ بزانم چەند دەرمان هاتۆتە هەرێم دەبی من لە سلێمانی وەربگرم چەند دەرمانت لۆ هاتییە ئەو ساڵ؟ دهۆك چەندت لۆ هاتییە؟ هەولێر چەندت لۆ هاتییە؟ شتی وا نییە دەرمان بێتە ناو گەراجی وەزارەت من تەوزیع بکەم، وەرەقەکەشی نایێتە

لای من بەڕێزان، دەرمان موباشیر (کیمادیا) دەیداتە سلێمانی، ئێستا ئێمە وا قسە دەکەین، ئێستا چەند ناقیلەك وا لە شێراوەیە، لە بانی مەقانە و لە ڕێی دهۆکە دەرمان لۆ شارەکان دەروا، شتی وا نییە، کێ گوتیتی دەرمان دێتە ئێرە وجارێکی تر ئێمە (تحیز) دەکەین لە تەوزیع، یەعنی بەڕاستی ئەوە گوناحە ئەو قسەیە، بێ ویژدانییەکی زۆر زۆرە کە هەندێك بەڕێز دەردەچی یان دەچن باس لەوە دەکەن، یەك پەرلەمانتاریش دەوری نەبووە لە دابین کردنی دەرمان، دەرمان پرۆسەی هەیە لە عیراق دا، شەخص دەور نابینێ، من بچم بڵێم وەڵلا چوار سندووق دەرمان رەسمی لەگەڵ بگرم ئەوە ناردمە سلێمانی و ئەوە ناردمە هەولێر، شتی وا نییە بەڕێزان، دڵنیاتان دەکەم حەق و حقوق دەرمان بە سعرەکانیشەوە دەنێردرێت بۆ کۆگاکانی دەرمانی محافەزەکان، دیار دەبێ کێ دەرمانەکان و پێداویستییەکان لە کوێوە دێت، نسبەی دانیشتووان هەیە، تەقدیر (حاجە) هەیە، کۆمەڵێك خەڵك لە موئەسەسەی (کیمادیا) ئیشی لەسەر دەکات، شتی وا نییە دەرمان بە موزایەدە بکرێت و بە واستەی شەخص و هەر یەکە ئێمە هەستینەوە وەڵلا واستەمان کرد دەرمان هات، شتی وا نییە بەڕێزان، دەرمان خێرخوازی نییە لە بودجەی حاکیمەیە، بودجەی هەرێمە دەدرێتە سێ محافەزە یەك حەب و یەك کەپسولیش نایێتە وەزارەت، نە ئیدارییەن دێتە وەزارەت کتابەتەن، نە وەکو دەرمانەکە خۆشی، ئێمە دەست دەینێ ئێمە تەوزیع دەکەین؟ هەولێر لە بەغداوە قەرار دەدرێ حصەکەی چەندە، هیچ غەدری تێدا نییە، حصەکەی سلێمانیش چەندە هیچ غەدری تێدا نییە، لە دهۆکیش چەندە غەدری تێدا نییە، جارێکی دیکە سلێمانی دەیداتە هەڵەبجە و ڕاپەڕێن و گەرمیان، هەولێر دەیداتە کۆیە، دهۆك دەیداتە زاخۆ و هەموو قەزا ناحییەکانی دیکە، من بۆیە لەسەر هەندێك رادەوەستم بووورن چونکە بوویتە باسی شارع و سۆشیاڵ میدیا، بۆیە من حەزم لێیە لەسەری ڕابوەستم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، بەڕێز وەزیری تەندروستی، ئێمە دەرفەتی دەدەین با قسەکانی بکات.

**بەڕێز د.سامان حسین بەرزنجی/ وەزیری تەندروستی:**

پرسیارەکەی لە جێگای خۆیتی، تەبعەن ئەوە تەفصیڵ هەڵدەگری، چونکە ئەوە لایەنی تەکنیکی تێدایە، ئەگەر دەرمانەك یەك حەفتەی مایە ئێکسپایەر بێ و سلێمانی خۆی تەقدیر حاجەکەی پێویستی پێ نییە، یان هەولێر، با من نەڵێم سلێمانی، هەولێر، دهۆك فەرق ناکات، هەر دائیرەیەك ئەگەر پێویستی پێ نییە زۆر ئاسایی یە موناقەلات هەیە کاك شێرکۆ، من دوێنێ پرسیارم کرد لە هەولێر گۆتی چەند جار لەو ساڵەی گۆتم پێرانەگەیشتم، ئیحصائییەکەی حەز دەکەی بۆتان بڵاو دەکەمەوە، ئەسڵەن ئەو حەساسییەتە لە بەینی کۆگاکان نییە، هەولێر موناقەلەی دەکات بۆ سلێمانی، سلێمانی شتێکی لێ زیاد بێ موناقەلە دەکات بۆ دهۆك، دهۆك موناقەلە دەکات بۆ هەولێر، ئەو موناقەلەیە لە بەینی هەموو موحافەزەکان هەیە، ئەسڵەن بە بێ حەساسییەت، بە بێ حەساسییەتی (عنصریە)تی شار و سیاسی و موزایەدە، یەعنی هەر بۆ خۆی ئیشەکە وایە، لەبەر ئەوەی تۆ ئەگەر زیادت هەبوو دەبێ موناقەلە بکەی، مەسئولییەتە،...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دکتۆر شێرکۆ، بەڕێزان، ئەگەر بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بەو شێوەیە تەدەخول بکەن ئێمە مەجبوورین دانیشتنەکە هەڵگرین، بەڵێ.

**بەڕێز د.سامان حسین بەرزنجی/ وەزیری تەندروستی:**

ناوەکەم بدێ دوایی، ناوی ئایتمەکە، بەسەرچاو، سەبارەت بە نرخی دەرمان و ئەهلییەکان باسمان کرد، نرخی عەمەلیات، (طوارىء) ئەهلی گرانە، ئەوەی باسی نەخۆشی کلیەی کرد بەڕێز پێنج دەفتەر دۆلارە، بەڕێزان ئەوە چاندنی گورچیلەیە مەبەستت وابزانم، چاندنی گورچیلە بە یاسا لیژنەیەکی هاوبەش هەیە لەگەڵ پۆلیس، لەگەڵ ئاسایش، لەگەڵ نوێنەری دادگاش دادوەرێکیش دادەنیشێ، نەخۆش دێت سوێند دەخوات لەوێ کە ئەوە تەبەروع دەکات، قانونی عیراقی و دەستووری عیراقیش ڕێگەی داوە یان موتەبەریع، یان کەس و کاری نەخۆش، هەردوو ڕێگە هەیە، لێرەش قانونی هەرێمیش بە هەمان شێوە، بێگانەش بێ موتەبەریع بێ یانیش کەسوکاری نەخۆش گورچیلەی خۆی بداتێ، لە پشتەوە کڕین و فرۆشتن دەکرێ پێمان بڵێن، بەڵگەکمان بۆ بێنن، ئێمە قبوڵی ناکەین بەڕاستی، چونکە چۆن لەو هەموو فیلتەری لجنەیە دەردەچێت؟ ئەوەی بەڕێزت باست کرد وابزانم ئەو بابەتە بوو، ڕێنمایی ئیسعافەکانمان داناوە، نرخەکانیش لە زیمنی نرخەکانی ئەهلییەکانە کە کاك هێڤیدار باسی داواکارییەکانی حکومەت و وەزارەت پێش بخرێ، ئایا رازین؟ پرسیارەکی جوانی کرد کاك هێڤیدار، دەڵێ رازی لە سیستەمەکە؟ بەڕێزان سیستەم هەیە و خەدەمات هەیە، ئەگەر لە من دەپرسی سیستەم، سیستەم بە دڵی کەسمان نییە، پێمان خۆشە سیستەمەکە زۆر زۆر باشتر بی، لە هیچ دونیا سیستەمی تەندروستی نییە (١٠٠%) هەموو دونیا و هەموو هاووڵاتی لێی رازی بێ، من نموونەیەکتان دەدەمێ، هەمووتان بەڕێزتان دەتوانن ئێستا (search) بکەن لە ئینتەرنێت میزانییەکی وەکو (NHS) سیستەمی تەندروستی بەریتانیایە لە ساڵێك دا چەندە؟ (١٨٠) ملیار پاوەندە، زۆرترین ناڕازیبوونیش هەیە لەوێ، هەموو رۆژ (protest) هەیە و ناڕازیبوون، یەعنی ئەوە (بحث)مان لەسەر ئەوە کردییە (patient satisfaction) یەعنی ئاسوودەبوونی نەخۆش، بەڵام دەبێ کەمترین ناڕازیبوون هەبێ و زۆرترین رازیبوون هەبێ، بۆیە سیستەمەکەمان بە دڵ نییە، ئێستا ئێمە کار لە گۆڕانکاری و ریفۆرم کردنی سیستەمی تەندورستی دەکەین، (خطوات)ی باش لێندراوە، ئەو (خطوة)انەش دەبێ بە عەمەلی و بڕیاری پێ دەوێ، هەندێکی یاسای دەوێ، هەندێکی ئیتیفاقاتی دەوێ لەگەڵ وەزارەتی دارایی، لەگەڵ وەزارەتی پلاندانان، لەگەڵ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کە ڕێڕەوەکان چۆنە، سیستەمی تەندروستی پاکێجی چاکسازی کردنی سیستەمی تەندروستی دەستمان پێکردووە، ئەگەر رۆژێك حەزم لێیە بەڕێزتان دانیشتنەکی تایبەت بکەین بۆ ئەوەی چی کراوە و چی نەکراوە، بەڵام لەسەر جێبەجێ کردن بەڕاستی ئیمکانییاتیشی دەوێت، ئایا ئەدی لە خەدەمات رازیت؟ بەڵێ وەڵلاهی بەڕێزان من زۆر رازیمە لە خەدەماتی صحی و خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی نەخۆشییە گوازراوەکان، فریاکەوتنەکان، نەخۆشییە درێژخایەنەکان، یەعنی هەموو ئەو پێوەرانە من نامەوێ خۆم شاهێدی بدەم، شاهێدی ڕێکخراوەکانی تەندروستی جیهانی، ڕاپۆرتە نێودەوڵەتییەکان، ستاندارده نێودەوڵەتییەکان، خۆتان موقارەنە بکەن و بزانن ئایا سیستەمێکی خزمەتگوزارییەکی باش هەیە یان نا؟ کۆڕۆنا باشترین شاهێدی ئەوە بوو بەڕێزان کە بەو وەزعە قەیرانەش ئێمە توانیمان ئیدارەی کۆڕۆنا بکەین، خەڵکێك ددانی دێشی دەچێتە دەرەوە، ئێستا وابزانم خەدەماتی ددان زۆر باشە، بەڕێزان من باسی صیانەی ئەجهیزەی (طبی)م کرد، وەزیر دەیکات لە دەرەوە؟ ئەگەر لە من دەپرسی من خۆم هەموو خەدەماتەکان لە حکومەت وەردەگرم، یەعنی ناچمە کەرتی تایبەت، لەبەر ئەوە نییە ئیعتیراف بە کەرتی تایبەت نەکەم، نەخێر، کەرتی حکومی

هەمووی تێدا هەیە، کاك بژار باسی ئینعاشی کرد (طوارىء) کرد تەواو نەبووە لە دهۆك، ئەوەش یەکێکە لە پڕۆژە ستراتیجییەکان، فریاکەوتنی تایبەتەکان (رووداوەکان بۆ فریاکەوتنەکان نەخۆش وەرناگرن لە ئەهلییەکان؟) بەڕێزان (police paper)ی دەوێت، واتا ئەوە (قضایا)کی شورتەیە، یەکێك بەربوویتەوە، حادیسە لێی داوە، لەوانەیە ساڵێکی دیکە شکایەتێك هەبێ، حاکم قەرار دەدا بڕۆ لە قەبری جەنازەکەی دەربینن، بۆیە دەبێ هەموو نەخۆشێکی رووداوەکان و (حوادث) لە (طوارىء)یەکان (police paper)ی هەبێ، ناچارە ئەوە فەرز کرایە دکتۆرەکان تەقریر (طبی) لێ داوا دەکەن لە نزیکترین مرکز شورتەی خۆی، یانیش لە مەرکەز شورتەکانی ناو (طوارىء)یەکان، هەبوونی جیاوازی لە نرخ باسمان کرد، ئۆتیزم چەند سەنتەرێکی ئۆتیزم کراوەتەوە، ئەوەی لە هەولێر کراوەتەوە کە بە پاڵپشتی چەند (NGO)یەك و لەگەڵ وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی رێژەیەکی باشی ئتیزم وەردەگیرێ، بەڵام هێشتا ئۆتیزم فراوان دەکرێ، لە سۆرانیش ئێستا لە مەرحەلەی دروست کردنە، لە شارەکانی دیکەش وەکو پرۆژە هەیە، بەڵام ئەوەش پەیوەستە بە وەزعی دارایی پرۆژەکان دا، راچێتەمان باس کرد، یاسای ماف و ئەرکی نەخۆش بەڕێزان رێنماییەکانیشی پێ دەرچووە، لەو رۆژانەش دەینێرن بۆ وەقائیع، ئەو یاسایە دەرچووە و مافی نەخۆشیش دەچێتە جێبەجێ کردن، نەخۆشی کۆڕۆنا باسم کرد، شێرپەنجە باسم کرد، عینایە مورەکەزەکەش کاك بژار خۆت لەگەڵم بووی لەو کۆبوونەوەی پێش چەند رۆژێك، بەڕاستی کێشەکە کێشەی موخەدیرە لە عینایە مورەکەزە، نەخۆشی کۆڕۆنا چەندیان وەرگرتووە، باسم کرد کە پسوولە بە پسوولە پێداچوونەوەمان کردووە، (٩٨٥) ملیۆن وەرگیراوەتەوە و دەدرێتەوە نەخۆشەکان، ئێستا دەستیشی پێکردووە دەیاندرێتەوە، دەسەڵاتی سەندیکا زیاترە بەڕێزان ئێمەش ئەوە دەبی بڵێین، بەڕاستی یەك تێکەڵبوونی بەسەر یەککەوتنی بڕگەکانی یاساکان هەیە لە ناو سەندیکاکان و لەگەڵ وەزارەتی تەندروستیش بەڕاستی، یەعنی ئەوەش یەکێکە لەو کێشانە، تەنەفەس صناعی نییە باسم کرد ئەوەی لە زاخۆ، ئۆتیزم باسمان کرد، تێستی کۆڕۆنا بەڕێزان زۆر رۆڵی تێستی کۆڕۆنا نەماوە چونکە زۆربەی خەڵك ئێستا باجەکەی کارتی ڤاکسینی هەبێت پێویست بە تێست ناکات لە کاتی ئێستادا بۆ سەفەرکردن، سەبارەت بە کۆیێ باسم کرد، رانیا (٢٩٠) قەرەوێلەییەکە بەڕێزان من دەمەوێ روونکردنەوەیەك لێرە بدەم، پرۆژەی جێبەجێ کردنی موستەشفای (١٩٠) قەرەوێڵەیی بە رەسمی لە کابینەی پێشوو و تا ئێستاش خرابووە سەر وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە، ئێستا لیژنەیەکی باڵا پێك هات بۆ چارەسەرکردنی ئەو نەخۆشخانە (٢٩٠) قەرەوێلەیی یە بکەوێتەوە سەر وەزارەتی تەندروستی، بۆیە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە ئیشرافی ئەو پرۆژەیەی کردووە، هەندێك کێشەی تێدا هەیە، بەڵام لە نەتیجە پرۆژەیەکی ستراتیجی یە وەکو هەموو پرۆژەکانی دیکە بە هۆی قەیرانی داراییەوە پرۆژە ستراتیجییەکان راوەستاوە، من لەگەڵ بەڕێز کاك علی باسی هەندێك باسمان کرد، پێویست ناکات تیکرار بکەمەوە لەسەر مەسەلەی دۆخی دەرمان لە سلێمانی، پرۆسەی دابین کردنی تەرخانکراو بۆ هەموو دائیرەکان، کڕاوە و نەکڕاوە من خۆم پێش تەقریبەن دوو حەفتە بەر لە ئێستا چوومە کۆگای دەرمانی سلێمانی و لەگەڵ بەڕێوبەری گشتی تەندروستی سلێمانی و بەڕێوبەری کۆگاش، باشە؟ لەوێ چەندین تەندەر هەبوو کە ئیحالە کراوە لە موختەبەراتە، لە دەرمانە درێژخایەنەکانە، لە سەنتەری دڵە کە پێش ماوەیەك کێشەیان هەبوو، ئیحالە کراوە، بابەتی ((LINAC ،LINAC)) بەڕێزان ئەوەی ئامێری لەیزەر باس دەکات، ئێستا لە

سلێمانی ئەو پرۆژەیە لە قۆناغی جێبەجێ کردندایە، نوێکردنەوەی ئامێری (LINAC) لەسەر سندووقی سەرەتانی، سەبارەت بە بیمەی تەندروستی باسمان کرد، دکتۆر لە حکومی، بۆچی دەرمان لە عیراق کەم دێت؟ بەڕێزان عیراق موشکیلەی لەگەڵ هەموو محافەزەکان هەیە، لە هیچ محافەزەك لە (٤٠%) (٥٠%)ی پێداویستی نەخۆشخانەکان پڕ نابتەوە، ئەوان خۆیان گوتیتیان کە وەزعی ئێوە زۆر باشە لەبەر ئەوەی حکومەتی هەرێم دەعمی خەستەخانەکانی ئێمە دەکات بە دابین کردنی ئەو بودجەیە، سەبارەت بەوەی کە من ناوەکان رەنگە بەڕێزان پێدا بڕۆم لەوەی پرسیارەکان تیکرارە، ناوی بەڕێزان لە ئەندام پەرلەمانەکان پێویست نەکات بخوێنمەوە، چی کراوە بۆ زیادبوونی نەخۆشی گورچیلە؟ نەخۆشی گورچیلە تەشخیصی باشتر بووە، ئەوە مانای ئەوە نییە کە نەخۆشی گورچیلە زیاد بووە، بانقی گورچیلە، ئەوە دەبێ بە یاسا رێك بخرێ بانقی گورچیلە، لە هەندێك وڵات ئەسڵەن زەرعی گورچیلە هەر قەدەغەیە، بەڵام لێرە رێگە پێدراوە، بانقی گورچیلە نییە، بەڵکو دەبێ کەسێکی خۆبەخش گورچیلەکەی خۆی ببەخشێت، (فڕۆکە هەیە بۆ گواستنەوەی مەسئولان و فڕۆکە نییە بۆ نەخۆشی ئاسایی) تەنها لە شەڕی داعش بۆ بریندارەکان ئێمە فڕۆکەکانی وەزارەتی ناوخۆمان بەکار دەهێنا بۆ گواستنەوەی بریندارەکانی کە پێویست بێ، ئێستاش لە هەر حاڵەتێك دا نەخۆشێك کە هەندێك جار ئەزمەیەك دروست دەبێت لە ناو بەفر دەمێنێت لە شوێنێك دا، ئێمە ئەو پەیوەندییەمان لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ هەیە، فڕۆکەی وەزارەتی ناوخۆ یان هێلیکۆپتەرەکان بەکار دێنین بۆ دەست بە جێ گەیاندنی ئەو نەخۆشە، چونکە سوودیشی هەبووە، نەخۆش هەندێك جار نەزیفێکی زۆری هەیە، بۆ ئەوەی پێڕابگات، یان شوێنەکە سەیارەی بۆ ناچێت، سەد قەرەوێلەییەکەی کەلار بە هەمان شێوە بەڕێزان، هەمان کێشەی راوەستانی پرۆژە ستراتیجییەکانی هەیە، کردنەوەی هەر دەرمانخانەیەك لە هەموو کۆڵانێك ئەو پێوەرەیە کە ئیجازەکەی لەلایەن سەندیکای دەرمانسازان دەدرێت، دەرمانی دژە ژەهری مار پێوەدانی بەتایبەتی لە شیلادزێ، بەڕێزان کێشەی دەرمانی دژە ژەهری مار و دووپشکمان نییە، ئەمساڵ ناڵێم نەمایە بەڵام کێشەمان لە کەمی دەرمانی دژە، ئەویش لە هەموو عیراق، لەبەر ئەوەی ئەم دەرمانە لە بەغدا لۆمان دێ، ئەوەی ڤاکسینی دژی سەگ و گورگ پێوەدان، ئەوەش لەبەر ئەوەی سەگێکی زۆر بڵاو بۆتەوە، سەگ پێوەدان زۆر زۆر بووە، بەڕاستی (طواريء)یەکان پێڕاناگەن بەو هەموو پێوەدانە، بۆیە دەرمانی دژە سەگ، دژە ژەهری سەگ پێوەدان کەم ببوو (anti rabies)..........

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

مەبەستی گەستنە، مەبەستتان گەستنە بەڕێزتان.

**بەڕێز د.سامان حسین بەرزنجی/ وەزیری تەندروستی:**

پێوەدانی سەگ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، بەڵێ، فەرموو.

**بەڕێز د.سامان حسین بەرزنجی/ وەزیری تەندروستی:**

(چەند رازین لە سیستەمی تەندروستی؟) باسم کرد نەخۆشخانە ئەهلییەکان، دیاری کردنی وەختی عیادەکان، ئێمە جەخت دەکەینەوە لە نەقابە کە وەختی مافی نەخۆشە، بە یاسای مافی نەخۆش وەختی پێویست عیادەکان بیدەنە نەخۆش، بابەتێکی زۆر گرنگ بەڕێز کاك هیمداد

باسـی کـرد، مەبەسـتی پشـکنینی سـاڵانە بـوو ئەوەی کە شـوبهاندی بە هەززە، کـاك هیمـداد (screening)ی پێ دەڵێن، واتـا مەسـح کـردن، رووپێـو کـردن، شـەرت نیـیە بـۆ هەمـوو مرۆڤێـك هەموو شتێکی بکەی، بەڵام هەندێك نەخۆشـی هەیە بە رێنماییەکـان دەبـێ بکـرێ لە تەمەنێکـی جیاواز، بۆ نمونە ئێمە هەندێکی دەکەین، دەبـێ ئەوانەیـکە لە شـوێنە هەسـتیارەکان کـار دەکەن رووپێـوی نەخۆشـییە ڤایرۆسـە گواسـتراوەکانی بـۆ بکـرێ، ئەوانەی کارمەنـدی تەندروسـتین، پزیشکی ددانە، دکتۆرەکانە، عەمەلیاتە، ئەوانە دەکرێ، (پرکردنەوەکانی بۆشایی یە یاساییەکان) ئینشاڵلا یاسایەکان زوو دەنێرین، باوەڕ ناکەم (عیلاج لە دەست بەرپرسـانە) تێناگەم مەبەسـتت چییە لە بەرپرسان؟ نەخۆشخانەی پێشمەرگە بەرێزان سەر بە وەزارەتی پێشمەرگەیە ئێمە دامان نەخستووە، نەخۆشخانەکە ئێمە بە ئیسـتیعارە لێمـان وەرگـرتن و سوپاسـیان دەکەیـن، ئـێمە بـۆ کۆرۆنا بە کارمان هێنا، بۆیە نەخۆشخانەی پێشمەرگە ئـێمە بە فەرمـیش، بە پرۆتۆکۆڵێـك کاتێـك کە ئەڵمانییەکان دروستییان کرد تەوقیعمان کردییە، لە پزیشك، لە داو و دەمان هەرچی پێویست بـێ ئـێمە لە خـزمەت پێشـمەرگە قارەمانەکـان دەبـین و ئێسـتاش هەمـوو نەخۆشـخانە بە بـێ جیاوازی نەخۆشخانە حکومییەکانیش لە خزمەتی پێشـمەرگە قارەمانەکـان دەبـن، ئەوەی باسـم کرد صەیدەلییەك هەرزان بووە، باسم کرد وابزانم پێویست ناکات دیسان، (کارتی ڤاکسـین فەرق هەیە لە دەروزاەکان) لێرە و لەوێ لەوانەیە فەرقەك هەبێ بەڵام تەعمیمان کردووە ئەوەی کارتی ڤاکسـینی هەبێـت و دوو ژەمـی وەرگرتبێـت پێویسـت بە پشـکنین ناکـات، وەرەقەکە نابێـت، وەرەقەکە تەنها بۆ مەوعیدە، کارتی ڤاکسین ئەلیکترۆنییە و بەستراوەتەوە، (ئەو کۆمپانیانەی لە دەرەوە دەرمـان دێـنن لە ژێـر کـۆنترۆڵە؟) بەڵـێ هەر کۆمپانیـایەك تۆمـارکراو بێـت لە وەزارەتـی تەندروسـتی و وەزارەتـی بازرگـانی و لە رێگەیەکـی رەسـمی دەرمـان بێنـێ، بەڵـێ تەواو لە ژێـر کۆنترۆڵە، بنکەی شەهیدان باسم کـرد، بەرکەوتـووانی چەکـی کیمیـایی باسـمان کـرد، هەڵگرتنـی دەرمان بە شێواز و نەقلکردنەکانی کۆمپانیا فەرمییەکانی خـاوەن مـۆڵەتن، بەڵـێ شـێوازەکانیان تەواوە بۆیە مۆڵەتییان بۆ نوێ کراوەتەوە، (کاتی ئەوە نەهاتووە لە تەواوی شـار و شـارۆچکەکان شێرپەنجە بکرێتەوە؟) یەعنـی ئـێمە ئێسـتا لە راپەریـن سـەنتەرێکی شـێرپەنجە لە ئاینـدەیەکی نزیـك دەکـرێتەوە بـۆ شـێرپەنجەی نەخۆشـییەکانی شـێرپەنجەی مەمـك، لە هەڵەبـجە ئێسـتا لە پرۆسەی تەنـدەرینگە لەلایەن سـندووق، هەوڵ دەدەیـن لە سـۆران و زاخـۆش، بەڵام بەرێـزان لە هیچ دونیاش دا نییە لە هەر هەموو شارۆچکەکان سەنتەری شێرپەنجە هەبـێ، چـونکە ئەوەنـدە ژمارە پزیشکەشت نییە، پزیشکی شێرپەنجە، ئەوەنـدە ئـامێرەش لە هەمـوو شـوێنێك سـەنتەری مەرجەعی هەیە، بەڵام بە لایەنی کەم نەخۆشخانە گشـتییەکان دەتـوانن چارەسـەری سـەرەتایی بکەن و ئیحالەی بکەن، (سزادانی دەرمانی قاچـاخ) وەڵلاهـی ئەوەتـا لێـرە تەحەدا دەکەم و لێـرە دڵنیاتان دەکەمەوە و بەڵێنتان پێ دەدەم ئەبەدەن کەس نەیتوانیوە تەداخـولی دەرمـانی تەزویـر بکات، کەس جورئەتی ئەوە ناکات بڵێ دەرمانێك تەزویر بی رێ پێ بدات، یان باڵا دەست بێـت و تەداخول بکات، لەوەی دڵنیاتان دەکەم، سەبارەت بە (چۆن هێنانی بێ مۆڵەت کۆنترۆڵ دەکەن؟) بـێ مـۆڵەت کـۆنترۆڵ کـردنەکەی ئەسـڵەن رێـگەی پـێ نـادرێ ئەگەر بـێ مـۆڵەت بـێ، هەمـوو تەخصیصێك بۆ گەرمیان کراوە، ئێستا تەخصیصەکان زیادیش بکەین بۆیان زیاد دەکەیـن، بـۆیە پرۆسەی دەرمان کڕین دەچێتە بواری جێبەجێ کردن و تەندەرینگ، من دەمەوێ ئەوەش بڵـێم لە گەرمیان و لە هەموو شـوێنەکان وەکـو یەکە، مەعنـای ئەوە نیـیە لە (١/١)وە دەرمـان نـوێ دابـین

دەكرێ، هەندێك عەقد هەیە ڕەنگە مانگی (١١) كرابێ، یەعنی درێژەپێدراوی عەقدەكەی پارە دەرمانی دابین دەكات، ئەو پرۆسەیە وا نییە بڵێین لەگەڵ ساڵی نوێ عەقدی نوێ دەكرێ، ئەو عەقدەی ئەوڕۆ دەكرێ بۆ ساڵێكە تا ساڵێكی دیكە دەتوانێ دەرمان دابین بكات، ئەوانەی كارمەندانی نەخۆشخانەی قەڵا (١٤٥) ژمارەنە لە هەموو نەخۆشخانەكانی كۆرۆنا بەڕێزان، لە زاخۆ تا خانەقین هەر هەموویان خۆبەخش هەبووە تەنها (٥٠٠) یاریدەدری پزیشكی سڕكار و پەرستارانی زانكۆ دامەزراندنی بە گرێبەستیان بۆ كرا بۆ ئەوەی ئەوەی كە پێویست بوو ئێمەش پێمان خۆشە لە دۆخێكی سەقامگیری ئابووری و دارایی لە هەرێمی كوردستانیش ئینشاڵڵا هەوڵمان داوە، لە شوێنێكی تر باسی تەقاعودەكان كرا، ئێمە دیراسەیەكمان كرد چەند كەس فەصڵ بووە، وڵاتی بەجێهێشتووە یان دابڕاوە، چەند كەسیش تەقاعود بووە، چەند كەس لێرە نییە، بەرامبەر ئەوانە بە تەخمین چەند دیراسەیەكی بە پارە دەكات، چەند تەحلیلمان كردووە، بەرامبەر ئەوانە داواكارییەكمان كردووە كە ئینشاڵڵا لە جێگەی ئەوانە دامەزراندنێكمان بۆ بكەن بۆ هەموو نەخۆشخانەكان و سەنتەرەكانی لە هەرێمی كوردستان دا، سەبارەت بە (كاری پاككردنەوە خۆی وەزارەت ئەو ئیشە بكات) بەڕێزان پێشتر وابوو فەشەلی هینایە، تا (٢٠٠٣) و (٢٠٠٤)یش موەزەفی یان بڵێین ئەوانەی كە كرێكارەكانی حكومی بوون، بەڵام نەخۆشخانەكانتان بینیبوو با وەكو دائیرەكانی دی لێ نەیێ، ئێستا نەخۆشخانە پاكترین شوێنە بەڕێزان، بۆیە بەڕای من گرانتریش رادەوەستێ، ناوەڵڵا ئەو پرۆسەی ئێستا هەیە، بەڵام مەسەلەی كێشەكانی موستەحەقاتیان حەل بكرێت، كێشەیەكمان لەوە نابێت ئەو هەموو كرێكارە تەعین بكرێت و ببێتە تەعینی دائیمی و نەخۆشخانە خاوێن بكاتەوە، ڕەنگە گرانتر بوەستێت لەسەر حكومەت، سەبارەت بە كۆیە وەڵاممان داوە، (psychologist) بەڕێزان هەندێك شوێن هەیە (psychologist)ی پێویستە، ئەوەی بەڕێز شادی خان باسی كرد، (حروق)ە (psychologist)ی پێویستە، ئەوانەش كە ئێمە پێی دەڵێین توێژەری كۆمەڵایەتی، نەخۆشخانەی دەروونی یە، هەندێك تایبەتمەندی خۆی، ئەوەی سەنتەرەكانی ئافرەتانە، ئۆتیزمە، ئەوانە توێژەری كۆمەڵایەتی دەوێ، بەڵام لە ئێستادا ناكرێ هەر هەموو نەخۆشخانەیەك توێژەری كۆمەڵایەتی هەبێ، بۆیە ئەوانەی پێویست بێ ئێمە لەگەڵ وەزارەتی (عمل) ئەو نەخۆشخانانەی دەروونی ئافرەتانیش كە دەكرێتەوە توێژەری كۆمەڵایەتی بۆ دادەمەزرێت، كەرتی گشتی و ئەوەی قەڵا باسمان كرد بەڕێزان، سەد قەرەوێلەكە باسمان كرد، (لیژنەی تەفتیش و موتابەعە خۆم موداخەلە بكەم و سەردان بكەم) وەڵلا ئینشاڵڵا تەقصیری ناكەم، هەر شوێنێك پێویستی بە من بێ لە نزیكەوە سەردانی دەكەین و لە نزیكەوەش بە دڵنیاییەوە زیاتر شارەزایی ئیشەكە دەبین، (پلانی تایبەت هەیە بۆ زۆربوونی شێرپەنجە؟) بەڕێزان زۆربوونی شێرپەنجە زۆر نەبووە من پێم خۆشە لە كۆنفرانسەكانی شێرپەنجە بەشدار بن، داتاكان پێمان ناڵێ شێرپەنجە زیاد بووە، لە ناو ستانداردی عالەمینە كەمتر تۆزێك فەرقی هەبێ لەگەڵ ستاندەراتی نێودەوڵەتی، بەڵام مانای ئەوە نییە شێرپەنجە تەشخیصی باشتر بووە، شێرپەنجە تەمەنی درێژتر دەبێ بە دابین كردنی دەرمان و ئامێر و چارەسەرییەكان، بۆیە مانای ئەوە نییە شێرپەنجە زیاد بووە، شێرپەنجە خۆی كێشەیەكی دونیایە، لە هەموو دونیا نەخۆشییە درێژخایەنەكان كێشەیە، نەخۆشییە گوازراوەكان، تەنها كۆرۆنا هات ئەگەر نا نەماوە، (هەژار و كەم دەرامەت) ئینشاڵڵا بیمەی تەندروستی كێشەی هەژار و كەم دەرامەت حەل دەكات لە كەرتی تایبەت، ئەوەی پیرەمەگروون

دیسان پرۆژەکانە کە پرۆژەکان راوەستاوە، ئینشائڵلا بوودجە بچێتە بواری جێبەجێ کردن لە ئەولەویەت دادەنرێ، بەڕێز کاك أبوبکر (چیمان کردووە بۆ کەم کردنەوەی رێژەی نەخۆشییەکان؟) ئێمە کۆرۆنا، کۆلێرا، نەخۆشی تای خوێن بەربوون، چەندین نەخۆشی هەیە من نامەوێ هەمووی رێز بکەم لێرە، رۆژانە هەوڵ هەیە بۆ کەم کردنەوەی، دۆزینەوەی حاڵەتەکان، جیاکردنەوەی، نەخۆشییە درێژخایەنەکان بەڕاستی دەوەستێتە سەر رێنماییە تەندروستییەکان و هۆشیار کردنەوەی هاووڵاتی، بەر لە حەفتەیەك بەر لە ئێستا لەگەڵ یەکێك لە کۆمپانیا نێودەوڵەتییە رەسەنەکانی دەرمان کە دەرمان بۆ شێرپەنجە دابین دەکات سوپاسییان دەکەین بۆ دووەمین ساڵە پرۆژەیەکمان ئەگەر بینیتان ئێمە لە کۆنفرانسێك دا پێش چەند رۆژێك پرۆژەیەکی یەك ساڵی هەیە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری بۆ کەمکردنەوەی شێرپەنجە، چونکە بەڕاستی شێرپەنجە بەس بە دەرمان و بە تەشخیص کردن کەم نابتەوە، دەبێ هۆشیاری بکەین، هۆشیاری هاووڵاتییان، یەکێك لە پرۆژە گرنگەکان کە ئێمە تەقدیمی وەزارەتە پەیوەندیدارەکانمان کردبوو بە شانازییەوە دەمەوێ بڵێم، پرۆژەی کەمکردنەوەی قوربانییانی رووداوی هاتووچۆیە کە کەستان باستان نەکرد، رۆژانە ئێمە مردن و پەککەوتن دەبینین لە رووداوی هاتووچۆ، ئەو پرۆژەیە بە چەند رێکارێکی ئاسان داومانەتە وەزارەتە پەیوەندیدارەکان، داومانەتە هەموو وەزارەتەکان دەبێ تێیدا بەشدار بین، تەندروستی، ناوخۆ، رۆشنبیری، پلان، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، رەنگە بە چەند رێکارێك ئەو مەصرەفە زۆرەی خەستەخانەش کەم بکرێتەوە و مردنیش کەم دەکرێتەوە، هەر چەندە کەمترە بەڕێزان، پێش چەند ساڵێك بەر لە ئێستا ژمارە یەك، یان بە دەرەجە یەك بوو مردنی نەخۆشخانەکان، بەڵام ئێستا دەرەجە دووە، نەخۆشییەکانی دڵ دەرەجە یەکە، پێوەر چییە؟ پێوەرەکان زۆرە بۆ پێدانی مۆڵەت بە نەخۆشخانە ئەهلییەکان، کێشەی نەخۆشی جگەر، بە سوپاسەوە بەڕێزان من لێرەوە دەمەوێ پێتان بڵێم رەنگە بەرێزیشتان بزانن، نەخۆشی جگەر ئەوانەی چاندنی جگەریان بوێ، هەر هەمووی لەلایەنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دیوانی ئەنجومەنی وەزیران کە مەبلەغەکی زۆریشە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە موافەقەی بۆ دەکرێ بودجەکەی، ئێستا موافەقەی ئەوەش هات ئەوانەی کەڕ و لاڵەکان یان نابیستانن کە پێوستیان بە زەرعی قەوقەع بی، ئەوە مانگانە (١٢) نەخۆش دەتوانی لە نەخۆشخانە حکومییەکان بۆیان بکەین، (ئەوانەی لە دەرەوە دەخوێنن بۆچی دامەزراندنیان بۆ نەکراوە؟) بەڕێزان راستە تەعدیل شەهادەیان بۆ کراوە بەڵام ئەولەوییەت لە قەیرانی دارایی درایە زانکۆکانی هەولێر یان زانکۆکانی کوردستان، ئەوەی کە کۆلێژی پزیشکی یە لە دهۆك، لە هەولێر، لە سلێمانی و لە کۆیەش، بەڵام ئێمە نووسراومان کردووە، هەوڵ دەدەین چونکە پێویستمان پێی هەیە بەوان، بە ئیختیصاصەکانی دیکەش، (شتەك نییە بە ناوی موستەشفای حکومی) شتی زۆر هەیە بە ناوی موستەشفای حکومی، دواتر دەتوانم بتان دەمێ، (طواریء) دهۆکمان باس کرد، پاککردنەوە، ئەو هەموو موستەشفا تایبەتە بۆ چییە؟ باسم کرد کە ئێمە سنووردارمان کردووە ئێستاکە، بەڵێ کۆمپانیا لە لیستی رەش داندراوە، داخراوە، (طواریء) دهۆك باسم کرد پرۆژەیەکی راوەستاوە بە هۆی قەیران، هەموو پرۆژە ستراتیجییەکان راوەستاوە، بەڵام ئەگەر بچمە تەفصیل، ئێستا پرۆژەیەکی بەدیل وەکو بۆ ماوەی چەند ساڵێك لەوانە مونەزەمەی (GIZ) ئیقناعمان کردن لە دهۆك کە تەواو بووە لە رۆژانی داهاتوو ئینشائڵلا دەکەوێتە کار، لە نەخۆشخانەی ئازادی

(طواريء)یەکی بە قەبارەی نزیك لە سەد قەرەوێڵەیی دروست کراوە، بەڵام ئەوە نابێتە بەدیلی پرۆژە گەورەکە، ئینشاڵلا لە ئەولەویەتی بوودجە تەواوکردنی پرۆژەی (طواريء)یەکەی نێوان هەولێر و سێمێل دەبێت، (جیاوازی لە بەرکەوتووانی هەڵەبجە) باسم کرد، نەخۆشخانەی بەرکەوتووانی هەڵەبجە چی پێویست بێت ئێمە کێشەکانیان بۆ حەل دەکەین و کاری پێویستیش کراوە، (شەهیدان) باسمان کرد بەرێزان، جیاوازی نرخمان باس کرد، لە قەزا و ناحییەکان بە گشتی ئیهمال نەکراوە، ئێستا ئێمە تەرکیز لەسەر قەزا و ناحییەکان دەکەین کە زیاتر تەوسیعە بکەین، بەتایبەتی لەوەی گورچیلەش، شووشتنی گورچیلەش ببەینە قەزا و ناحییەکان، ئەو نەخۆشخانەیەی بەحرکە بەرێز کاك حاجی، نەخۆشخانەکەی بەحرکە بۆ نەخۆشی کۆرۆنا داندرا، هەر ئەسڵەن وەکو (حمیات) لە هیچ شوێنێك لە کوردستان (حمیات) نەمابوو، ئێستا ئەوە بە واستەی کۆرۆنا لە هەموو شوێنێك (حمیات)مان هەیە، تای خوێن بەربوون فەرموو دوو حاڵەتمان هەبوو بردمانە ئەو نەخۆشخانانەی کە جیا کرایتەوە بۆ کۆرۆنا، بۆیە (حمیات) زەرووره لە هەر سەردەمێك خوانەخواستە (وباء)ێك بڵاو ببێتەوە دەبێ (حمیات)مان هەبێ، ئەو نەخۆشخانەی هەڵەبجە بە خێرخوازان و بە هەوڵی پارێزگا و بە هەوڵی (UNDP) و (UNHCR) و کۆمەڵێك مونەزەماتی خەیری و خێرخوازان بۆ نەخۆشییە گوازراوەکان دروست کراوە، ئەگەر لە دەرفەتێك بە پەسەندی بزانین ئێمە دیراسەی دەکەین ببێتە نەخۆشخانەی گشتی بەسەرچاو بە هەندێ وەردەگرین داواکارییەکە و دیراسەی دەکەین، بەڵام بنکەی تەندروستی دیکە لە بەحرکە دروست کرا جگە لە کۆنەکەش، (مۆڵەتی دەرمان بە کێ دەدەن؟) بەوانە دەدەین کە رێکارەکانی لە کواڵتی کۆنترۆڵ بچێتە بواری جێبەجێ کردن، (زیادبوونی نەخۆشخانە ئەهلییەکان نیشانەی پێشکەوتن نییە) کەس نەیگۆتییە پێشکەوتنە، رێکاری کردنەوە بە رێکاری قانونی بووە، بەڵام بەو دەرەجەیەش بەو ژمارەیە زۆر نەبووە، ئەوانەی هەیە نەخۆشخانە کۆنەکانن ئێستا تەواو دەبن، ناچمە سەر ئەوەی بەرێزت باست کرد (دکتۆر زۆربەی شەریکە و شەریك نییە) ئێمە دەمانەوێ ناو و بەڵگەمان بدەنێ بە دڵنیایی رێگەی لێ دەگرین، (خواردنەوەکان تووشی شێرپەنجەمان دەکەن) نازانم مەبەستت چییە، (نەخۆشخانەی ئەهلی هەر نەمێنێت) رەنگە ئەوەش قۆرخکاری بی نەخۆشخانەی ئەهلی نەمێنێت و هەمووی دابخرێت، ئەوە پەیوەندی بە سیستەمی تەندروستی ئێمە هەیە کە بە یاسا رێگەیان پێدراوە، روونکردنەوەکمان بداتێ بەرێز لەسەر ئەوەی کە (چەند دەسەڵات بەسەر کەرتی تەندروستی هەیە؟) تا رادەیەکی باش دەسەڵات هەیە و بە تەفتیش و موتابەعە، رەنگە ئەگەر ژمارەکان بە دڵی هەموومان نەبێ و هێشتا زیاتر پێویست بێ، بەڵام بەردەوامە ئەم پرۆسەیە، من ناتوانم لێرە بڵێم مولکی کێیە و مەسئولین و قۆرخکاری، ئەوانە هەمووی بەڵگەی پێویستە بەرێزان، نا هاوسەنگی باسم کرد لە دابەشکردنی دەرمان ناهاوسەنگی نییە بە هیچ شێوەیەك، چونکە ئەسڵەن دەرمان لای ئێمە نییە، دەرمان خۆیان دەیکرن و خۆیان دابەشی دەکەن، ئەوەی بەغداش دێ موباشیر دەگاتە دەستیان، رووداوی کتوپڕ هەیە تا دکتۆر بەسەری رادەگات هەموو ئیسعافاتی ئەوەلی لە هەموو شوێنێك هەیە، (طواريء)یش هەیە، جەراحیش هەیە، دکتۆری پسپۆڕیش هەیە، بەڵام هەندێك پسپۆڕی هەیە پێویستە بە ناوشار هەیە، بۆ نمونە کردنەوەی جومجومە و جیراحەی جوملەی عەصەبی، یانیش پێویستی بە فەتح صەدر هەیە ئەوە پزیشکی پسپۆڕی لە تایبەتمەندی و نەخۆشخانەی سەروو پسپۆڕی بەڵێ ئەوانە

ئیحالەی پێویستە لە هەموو شوێنێکیش لە جیهان دا ئەو شتە هەیە، بەڕێزان ئەو سیستەمەی من خۆم لە هەندێك لە ئێوەی بەڕێز گوێم لێ دەبێ دەڵێن (بریا هەموو خەستەخانەکان وەکو سەنتەری دڵ بوایە)، یەعنی ئەو نرخە زۆر زۆر هەرزانترە، باس لە ملیۆنێك و دوو سەد هەزار دەکرێت، باس لە سێ ملیۆنی قەستەرە، بە (١٠) هەزار دۆلار لە ئەهلی دەکرێت، باشە بۆ بە سێ ملیۆن دینار ئەوەی فەتح قلب باس دەکەن ئەگەر نا بە هەشت سەد هەزار قەستەرە دەکرێت، یەعنی بۆچی ئەوە نەبێتە نمونەیەکی جوان بەشداربوونی هاووڵاتییانیش، بەڵام لەگەڵ ئەوەش داشکاندن بۆ پێشمەرگە، بۆ کەس و کاری شەهیدان و بۆ ئەنفالکراوانیش هەیە، ئەو سوئالە لە جێگای خۆیتی (بۆچی دەرمانساز یان پزیشکانی ددان بۆی هەیە ئەوەی تەعین بووە دەرمانخانە بکاتەوە یان عیادە دابنێ ئەوەی تر تەعین نەبووە بۆی نییە؟) بەڕێزان مەبەستەکە بۆ ئەوە نییە کە مادام تەعینە بۆی هەیە و تەعین نەبی بۆی نییە، بابەتەکە پلەبەندییە، یاسای پلەبەندی پزیشکی دەرچووی کۆلێژی پزیشکی ددان یان دەرمانسازی بۆی نییە بتوانێ مومارەسەی میهنەکەی خۆی بکات تا ڕاهێنانی خۆی بەو پلەبەندییە تەواو نەکات، کە دوو ساڵ و یەك ساڵ و دواتر قەزا و ناحییەکانیشی تێدا هەیە، بۆیە ئێمە بە ڕێگەی سیستەمی خۆبەخشانە ئەوانەی تەواویان کردبێ ڕێگایان پێ دەدرێت لەلایەن سەندیکاکانەوە، (ئاڵوودەبوون) بەڕێزان ئێمە پرۆژەیەکمان هەیە بە هاوبەشی لەگەڵ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بە بڕی هەشت ملیار دینار نەخۆشخانە دروست بکرێت، ئەم پرۆژەیەمان بەرز کردۆتەوە کە لە کاتی پێویست وەزارەتی دارایی بتوانێ بودجەی بۆ دابین بکات بۆ ئەوەی راگرتووانی پێ دەڵێن لە چاکسازییەکان، ئەوانەی کە تاوانبار نینە بە بازرگانی کردن بە مادده هۆشبەرەکان، بیانهێنین لەو نەخۆشخانە و لەو سەنتەرە راهێنانەوە و ئاسایی بوونەوەی بۆ بکرێ و عیلاجی بۆ بکرێ بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە ناو ژیانێکی ئاسایی و ناو خێزانەکانیان، سوپاس بۆ کاك گۆران، دەستخۆشی لە وەزارەت کرا و چاوەڕوانی دەستخۆشی زیاتر بووین، سوپاستان دەکەین کە بە ئەرکی خۆمانی دەزانین و ئەرکە دەیکەین، دەڤەری راپەڕین و مەخموور و ئەو شوێنانەی باسی کرد کە ئەجهیزەی بۆ دابین بکەین، ئینشائەڵلا درێغی ناکەین و هەوڵ دەدەین کە زۆرترین ئامێر و پێداویستی بچێتە ئەو شوێنانە تاوەکو رۆتینی ئیحالە کردنی نەخۆش کەم بکرێتەوە، (ناردنی دکتۆر بۆ گەرمیان) دەتوانم بڵێم زۆربەی پسپۆڕییە ئەساسییەکان لە گەرمیان هەیە، بەڵام هەندێك پسپۆڕی ورد هەیە رەنگە تا ئێستاش لە ناو شارەکانەوە نەبێت بۆ ئەوەی بتوانین بۆ هەموو قەزا و ناحییەیەك دابین بکەین، (گرێبەستەکانی دهۆك) باسم کرد، فعلەن با نەبێتە نەمانی باوەڕی، ئەوەی بەڕێز رۆژان خان باسی کرد، سەنتەری چارەسەری مادده هۆشبەرەکان باسم کرد بەڕێز دکتۆرە گەلاوێژ، پاشماوەی پزیشکییەکان بەڕێزان پرۆژە هەیە، رەزامەندی هاتۆتەوە کە ئەم پرۆژانە بێتە شێوازێکی مەرکەزی لە کەرتی گشتی و تایبەت کە پاشماوە پزیشکییەکان کۆ بکرێتەوە، بەڵام ئێمە بەدەر لەوەش لە ماوەی ساڵانی رابردوو سیستەمێکمان داناوە بۆ نەخۆشخانە تایبەتەکان و سەنتەرەکان کە پاشماوەکانیان بهێنن بۆ نەخۆشخانە حکومییەکان بە ڕێگای ئامێری تایبەتی (shredder)ی پێ دەڵێن بتوانین ئەم شێوازە بەکار بێنین، ئێستا لە ئێواران و شەوانیش کار دەکەن بۆ ئەوەی بتوانین زۆربەی پاشماوە پزیشکییەکان چارەسەر بکەین، (بۆچی (نەشیاو) هەیە لە (٨%)ی قوتابخانەکان..؟) بەڵێ ئەمە دۆزینەوەیە، ئاو بەڕێزان لە هەموو گەڕەکەکان، لە قوتابخانەکان شیاوە بۆ خواردن یان شیاو نییە بۆ خواردن

ئێمە رێژەکان دەدەینە لایەنی پەیوەندیدار لە دائیرەی ئاو و لە پارێزگاکان بۆ ئەوەی کلۆری پێویست و پشکنینی زیاتر بکرێت و شیاو بێ بۆ خواردن، بۆیە ئەوە تەشخیص کراوە و ئاگادار دەکرێتەوە ئەم شوێنە کە ئەم ئاوە نابێ و شیاو نییە بۆ خواردنەوە، چونکە نەخۆشییەکانی سکچوونی لێ پەیدا دەبێت، رێژەی مردن بەڵێ لە کەمبوونەوەدایە، لەبەر ئەوەی رەوشی (خدج) زیاتر بووە، خزمەتگوزارییەکانی (خدج) و منداڵانی ساوا زیاتر بووە، بۆیە رێژەی مردن کەم بۆتەوە، کەمتر دەبێتەوەش، چونکە ئێستاکە ئامێری نوێ دەرچووە لە (خدج)ەکان بۆ ئەوەی منداڵی ساوا رێژەی مردنیان کەم بکرێتەوە، مافی نەخۆش باسم کرد ئەوەی بەرێز دکتۆرە شایان باسی کرد، پەیڕەو و رێنماییەکانی دەرچووە و لە وەقائیعی کوردستان بڵاو دەکرێتەوە، بە گوێرەی ئەو رێنماییانەی مافی نەخۆش لە هەموو نەخۆشخانەکان هەڵدەواسرێ، بۆ ئەوەی نەخۆش بە یاسا دەتوانێ مافی خۆی وەربگرێت، (پێداچوونەوە چییە بە لیستی فەرمانبەران) ئەوەم باس کرد ئەو پرۆژەیەی کە گوتم تەحلیلەکمان کردییە چەند کەس فەصڵ بووە، چەند کەسیش دابڕایە، لە بەرامبەردا لە شوێنیان دامەزراندنی دیکە بکرێ، سەنتەری دڵ بەڕێزان کێشەی سەنتەری دڵ کە بەڕێز دکتۆر شایان باسی کرد، سەنتەری دڵ، هەر سەنتەرێکی دڵ سیستەمێکی خۆی هەبوو، ئێمە چاکسازییەکمان لە سەنتەرەکانی دڵ کردووە و رێکارێك داندراوە، بەڵام لەبەر ئەوەی زۆر جیاوازە لە رێکاری پێشوو، پێویستی بەوە هەیە کە ئێمە ئێستاش موتابەعە دەکەین و بەڵێ ئێمەش ئەو راسپاردانەمان بە هەند وەرگرتووە، چەند کۆبوونەوەیەکمان کردووە کە گەڕاندنەوەی دەسەڵاتەکان و داهاتەکان و دانانی نرخ و تەعامول کردن لەگەڵ کۆمپانیاکان، لە دیوانی ئەنجومەنی وەزیران لە حەفتەی رابردووش کۆبوونەوەمان کرد، ئەوانە هەمووی بە رێکاری یاسایی دەچێتە بواری جێبەجێ کردن، دڵنیاتان دەکەین هیچ رێکارێکی یاسایی پشتگیری هیچ رێکارێکی نایاسایی ناکەین ئێمە، سەبارەت بە (KMCA) هەندێکییان پشکنینیان بۆ ناکرێ ئەوە رێکاری خۆی هەیە لەسەر ئەوراق دەڕۆن، کۆمەڵێك بابەت هەیە کە پشکنینی بۆ ناکرێ و لەسەر (Reference) دەڕۆن، (نرخی دەرمان و ئیمتیازی تورکی) ئێمە ناتوانین نرخی دەرمان لە کوردستان لەگەڵ تورکیا بەراورد بکەین، چونکە تورکیا بە سیستەمی بیمەی تەندروستی و بە سیستەمی دیکە دەعمی مەدعومە ئەسڵەن، دەرمانەکە دەیکڕی مەدعومە بۆیە ناکرێ بەراوردەکان لە بەینی دوو وڵات دا بکرێ، فەحسەکان لە تاقیگەکان بە هەمان شێوە وەکو باسم کرد بڵاوی دەکەینەوە و رەچاوی ئەوە دەکەین کە هەموو پشکنینەکان (item) بە (item) نرخەکانی چەند بێ و رەچاوی رەوشی ئابووری و هاووڵاتییانیش کرایە، باسم کرد کە نرخی هەقدەستی دکتۆر کە ئێمە جەخت دەکەینەوە لە نەقابە پێداچوونەوە بکات، ئەو دوو بابەتە باسم کردووە وەکو دوو بابەت هەیە، بەڵێ ئێستا لە پرۆسەنە بۆ ئەوەی دابینی بکەن (keytruda) و (perjeta)، سەرفکردنی پارەی دەرمانی شەریکەکان باسم کرد، ئاخیر شت کاك بەختیار باسی کرد موتابەعە و بەدواداچوون زیاتر دەکەین و نەقابەکان و یاساکان دەوریان چییە؟ بەڕاستی هەماهەنگیمان لەگەڵ هەموویان هەیە، بەڵام لەوانەیە هەندێك پێکدادانی یاسایی و بڕگە هەبێت کە ئەوە دەکرێت دواتر بەڕێزتان لە رووی یاساییەوە دانیشتنی زیاتری پێ بکەین، وابزانم ئاخیر بابەت، وەڵلا هەندەك مایە ئەگەر بە عەجەلە تەماشا بکەم، (بەپێی دەستووری عیراق نەخۆش بە زۆری رەوان بکرێ بۆ نەخۆشخانەی تایبەت) نابێ بە زۆری رەوان بکرێ، (سەرپێچیکارەکان چەند بوونە و کێ بوونە و خاڵی سێیەم راپۆرت لە

حکومەت کە سەبەبی گرانبوون بووە) من نازانم مەبەستەکە چۆنە لە (٢٠١٥) تا (٢٠١٨) سەبەبی گرانبوون بووە، بەڵام ئێستا ئێمە دیسان دەیڵێینەوە لە کواڵتی کۆنترۆڵ پرۆسەیەکی باشی هەرزان کردنی نرخی دەرمان هەیە، ئێمە رایدەگەیەنین کە لە (٧٠%)ی زیاتری تەواو بووە (٩٨٠٠) (item)ە، نرخەکان بە ئاراستەی کەمکردنەوەی نرخە لە بازاڕ بە موقارەنەی ئەوەی ئێستا، (تەلاعوب بە داهات) ئەوەمان باس کرد، ئاخیر شت وابزانم بەڕێز حسیبە خان بوو کە باسی سەنتەرەکانی جوانکاری کرد، جۆری مەوادەکان دەوەستێتە سەر ئالیەت و میکانیزمی کواڵتی کۆنترۆڵ، ئایا دەرمانە، بابەتی جوانکارییە، چ بابەتێکە؟ ئەوەی پشکینین دەکرێ ئەوراقی لێ داوا دەکرێت؟ ئەوە کواڵتی کۆنترۆڵ کۆنترۆڵی ئەم بابەتە دەکات، یاسا و مافی ئەرکی نەخۆش باسمان کرد، وێنە نابێ بڵاو بکرێتەوە، ئەوەی کە باس دەکات ئیجازە بە کرێ دەدەن، هیچ سەنتەرێکی جوانکاری نابێت پزیشکی جوانکاری مەوجوود نەبێت، ئەوە یاسایە و رۆژانە و ئێستاش هەڵمەتی باش دەست پێکرایە، لە ناو بازاڕ سەنتەرێك پزیشکەکە ئەسڵەن کە رێگەی پێدرایە و مۆڵەتی پێدرایە لەسەر ئیجازەکەی نووسراوە دەڵێ دەبێ عیادەکەشی لە ناو هەمان سەنتەر بێ، بۆیە نییە سەنتەرێك بە ناوی پزیشکێك بێ و لە شوێنێکی دیکە عیادەی هەبێ، ئەوە بۆ پزیشکی جوانکاری باس دەکەم بەڕێزان، زۆر سوپاستان دەکەم، هەوڵم دابێت جوابتان بدەمەوە، ئەوەی کە ئیمکان بی، بابەتی دیکە زۆرە بەڕێزان، من ئینجازاتم ئەوەندە هینایە، ئەوەندە زۆرە، بەڵام رەنگە کات نەبێت، باوەڕ بکەن ئەگەر ئێستا هەندەکی بخینمەوە خۆتان بڵێن ئەوە چۆن ئەو هەموو ئیشە کرایە؟ چۆن ئەو هەموو ئینجازە هەیە؟ بەڵام بەداخەوە کات نییە، هەوڵ دەدەم بۆتان دوایی تەوزیع بکەم.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس بەڕێز وەزیری تەندروستی، سوپاس بۆ وەڵامەکانت، سوپاس بۆ پشوو درێژی ئەندامانی پەرلەمان، بەڕێز وەزیری تەندروستی، بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئاماژە بە مادده (٦٧) بڕگەی سێیەم پاش خستنەڕووی راپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند و پرسیاری ئەندامانی بەڕێز و وەڵامەکانی بەڕێز وەزیری تەندروستی، فەرموون بە دەربڕینی رەزامەندیتان بە راسپاردنی لیژنەی تەندروستی بۆ دەوڵەمەندتر کردنی راپۆرت و راسپاردەکانیان تاوەکو دواتر وەکو پەرلەمان ئاراستەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکرێ و بەدواداچوون بە پێی رێکاری پەیڕەوی بکرێ، هەر بەڕێزێکی لەگەڵە؟ بە کۆی دەنگ بەڕێزان پەسەند کرا، بەم شێوەیە کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دەهێنین، زۆر سوپاس.

| منی نبی قهوچی | هێمن هەورامی | د. رێواز فائق حسێن |
|---|---|---|
| سکرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆکی پەرلەمانی | سەرۆکی پەرلەمانی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان - عێراق |